حافز بە کوردی

تاقگەی ئەوین

عومەر ساڵحی ساحێب (کولیل)

دیوان خواجه شمس الدّین محمّد

حافظ شیرازی

تاڤگەی ئەوین

عومەر ساڵحی ساحێب (گوێلی)

کردوویە بە کوردی

سرشناسه	: حافظ، شمس‌الدین محمّد، - ۷۹۲ق.
عنوان قراردادی	: دیوان.فارسی- کردی
عنوان و نام پدیدآور	: دیوان‌خواجه‌شمس‌الدین‌محمدحافظ‌شیرازی:تافگه‌ی‌نه‌وین/عومه‌رسالحی‌ساحێب(کۆلیل).
مشخصات نشر	: سنندج: دانشگاه کردستان، ۱۳۹۰.
مشخصات ظاهری	: ۱۰۰۵ص.: مصور (رنگی).
شابک	: ۹۷۸-۹٦٤-۲۷۹۷-٤۲-٤
وضعیت‌فهرست‌نویسی	: فیپا
یادداشت	: فارسی- کردی.
یادداشت	:عنوان دیگر: وەرگێڕاوی غەزەلیاتی خاجه حافزی‌شیرازی به زمانی کوردی.
موضوع	: شعر فارسی -- قرن ۸ ق.
موضوع	: شعر فارسی -- قرن ۸ ق. -- ترجمه شده به کردی
موضوع	: شعر کردی -- قرن ١٤ -- ترجمه شده از فارسی
شناسه افزوده	: صالحی صاحب، عمر، ۱۳۲۲ ، مترجم
شناسه افزوده	: دانشگاه کردستان
رده بندی کنگره	: PIR٥٤٢٦ /۳۸ک٤۱۳۹۰
رده بندی دیویی	: ۱فا۸/۳۲
شماره‌کتابشناسی‌ملی	: ۲۷۰۲۵۸۹

زانستگای کوردستان

به هاوکاری ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی کوردستان‌ناسی

﴿ وەرگێڕاوی دیوانی غەزەلیاتی خاجە حافزی شیرازی بە زمانی کوردی ﴾

◇ شاعیر و وەرگێڕ: عومەر سالّحی‌ساحێب (کۆلیل) ◇

◆ ویراستاری + رازاندنەوە: رەزا یادگارنوین ◆

◇ پیت‌چنی: میهرداد گوڵپەسەندی ◇

◇ رووبەرگ: خالید مەهدەویان ◇

◆ بڵاوکەرەوە: زانستگای کوردستان-سنە ◆

◇ چاپی یەکەم: ۱۳۹۱ی هەتاوی ◇

◆ ئەژمار: ۱۵۰۰ بەرگ ◆

◇ نرخ: ۱۸۰۰۰ تمەن ◇



منیش لام وایە کوردستان بەهەشتە
کە یارەبی نەبینم ڕۆژی تالی!
لە ئاوی چلچەمەی چاوی چەپەڵ دوورا!
کە خزر ئێستەش دەپرسێ هەر هەوالی
لە شاهۆ تا بە زمزیران و حەمرین
لە قەندیل و سەکۆ تا چەمچەمالی
هەوازۆ تا بە هەورامانی سەربەرز
بە زریان مۆلەتی نادا شەمالی
کە نێوی دێتە گۆڕێ تەختی جەمشید
قەلاێ بەرزی کەرەفتوو وا لەپالی
وەرن بۆ سەقز و فێری هونەر بن!
لە پەنجەی مێشکی خەلکی هەر مەحالی

قەڵەمی «حافیز»ە هەر دارەبەری شەکر و نەبات
نییەتی باخی ئەدەب نەیشەکەرێ، سەر لەمە بێ
چەشنی «کۆلیل» ئەگەر هەڵچنی ئەو میوەیە بم
نامەوێ قەت لە ژیانا، سەمەرێ، سەر لەمە بێ

پێشەکی

«بەناوی خودای بەدیهێنەری ئاسمان و زەوین وە خولقێنەری تان‌وپۆی تاڤگەی ئەوین»

بە یارمەتی یاری دڵاوا و دلۆڤان، نەمردم و بەو شتەی کە هەر لە مەڵبەندی دێهات و حوجرە پڕ لە سەفا و خۆشەویستیی دەوەر و ناوچەکانی کوردستانا، بە مەسەلی کوردی: «بێزووم پێوەدەکرد»، گەیشتم. گەلێ ئامەزرۆ و دڵبەئاواتی ئەوە بووم کە رۆژێ بتوانم و جوربزە و زاورێکی وا لە خودا بخولقێنم، تەنانەت هەرچەن بە خۆهەڵسپاردن و داخوازی لەم و لەویش بووە، لە ژێر چەپۆکە و قەیرانی بێ‌لایەنی و کەم‌تەرخەمی سەبارەت بە داب و نەریتی خۆماڵی بەتایبەت هونەری شیعر و وێژەی کوردی کە قەباڵەی بوونی باب و باپیرانمانە، خۆ رزگار کەم و بەگوێرەی وزە و دەسەڵات هەوڵ و تەقالایێ بدەم. بەختەوەرانە بە بەڵگەی ئەم واتە کە دەڵێن: «مرۆڤ لەگەڵ دڵدارەکەی حەشر دەکرێ»، لە ئاکامدا بڵێسەی گڕ و تاوی تەندووری ئەم تاسە و خۆزگە و ئاواتە عاشقانە لە کوورەی سینەمدا وەها زرینگایەوە کە ئەو جەسارەت و بوێریمە، بە کۆمەکی خودای عەشق و دڵداری، بەدەس‌هێنا و بەر لە هەموو شت فاڵێکم لە دیوانی **«لیسانولغەیب خاجە شەمسەدین موحەممەد حافز»**ی شیرازی گرتەوە کە فەرمووی:

لە تاقـــی نێـــرگزی گیـــانانە من دڵ و گیـــانم
دە زووبـە زوو، وەرە! سەیـرێکی تاق و مەنزەر کە
بە دەرکەوانــی بەهەشتـــێ بڵـــێ کە خـــاکی مــە
بە رەسمی هەدیە لە جەننەت بە عوود و عەمبەر کە
فــزوولمــایە حەکــایەت گەلێ دەکـا مەیگێـڕ!
لە دەستی خۆت نەدەی کار و مەی لە ســاغـەر کە
لە پــاش مەجلیســی نـــۆش و ئەوینــی نـــازاران
دەرون لە جەوهـــەری ،حافز، بە کانی گەوهـەر کە

بۆیێ ئەوەندەی‌تر هێـز و وزە زایینە دڵم و توانیم بە جەوهەر و کانی گەوهەری «**خاجە**» زەینی مێشک لە تاریکی و فزوولی تەمبەڵی نەجات بدەم و لە باخی هیوا خێوەتێ بەرپاکەم:

خێـــوەت لە بـــاخ هــــــەڵدە! کە ئامادە خـــزمەتن
ســەروی کراس‌سـەوز و کەمەربەستـە شەکـرە نـەی
،حافــز،! فریــوی سیــحری حەلالت گەیـــی بە رۆم
تێپەڕ لە میسـر و چیـن بو، سەمەرقەندی گرت و رەی

دەیسا با رۆح و گیانی خاجە ئاگادار بێ کە سەحەری ئەم سیحـــرە هەتـــاو بەرهەمـەی ئەوان لە ئاسۆی کـوردستـانیشەوە پرشنگی گزینگ و گرشــەی لێوان‌لێو لە برق و ورشـەی، روون و روونـاک‌تر لە هەر مەڵـبەند و شـوێنێکی دیکەیـە؛ بـەو نێونیشـانە «**کۆلیـل**»ـێکی ئەویندار‌ی کـورد و کوردستــان، سەرجـەمی دیوانە سیحراوییەکەیانی لە ماوەی ســێ ســاڵ و ئەندێکا، بە بێ ئەوە سەر لە بەژنی کەڵەگەت و مەوزوونی بشـێوێنێ وە هــەروەها بــە بـێ ئەوە تاقە خاڵــێ لەو خەت‌وخاڵانە کە جەوهەری قەڵەمیان گۆنای سافی ئــەوینی بـۆ هەتــا هەتای عەشق و دڵداری خەملاندووە بسڕێتەوە، بە شیعری کوردی و زمانی زگماکی خۆ، لە ژێر نازناوی «**تاقـگـەی ئەویـن**» وەردەگێـڕێ. ئەگـەریش بڵـێن: چـۆن و لەبـەر چـی...؟! دەڵێم: لەبەر ئەوە شیعری خاجە هەر ئەوەن خۆشە و لە سەر دڵانە، وە هــەروەها تــا رادە و پلەیێ لە بواری مەبەست و رواڵەت و کاکڵە بەبایـەخ و دەوڵــەمەندە کـە هــەموو کــەس بــە گوێرەی چێژە و سرشتێ وەکوو هونەری جوان‌پەرستی، دەتوانێ لەو بەحرە شرینە توونیەتی خۆ بشکێنێ، بە بێ ئەوە تەنانەت تنۆکێ لە زەریای گەورەیی و بلیمەتی خاجـە کەم‌ببێتەوە. بڕواشم لەسەر ئەمەیە هەر ئەم تایبەتمەندییانە بوونەتە هۆ کە تا ئێستا سەدان ساغ‌کەرەوە و توێـژەر و نووسەری زانا و بەناوبانگ بە زمانی بیانی و خۆماڵی لە «**شەرحی سوودی**»ـیەوە بگرە تا مامۆستایانی وەک: «**عەللامە قەزوینی**»، «**مەسعوود فەرزاد**»، «**رۆزنویک**»، «**هێرمـان بێنکێل**»، «**گووتـە**»، «**جـووانی ماریـا درمـە**»، «**خـەتیب‌ڕەهبـەر**»، «**ناهیـد فەرشـادمیهر**»،

«مەلای‌جەزیری»، «نالی»، «ئەحمەد خانی»، «حاجی‌قادر کۆیی»، «پیرەمێرد»، «گۆران»، «ناری»، «قانع»، «هەژار»، «مەلاغەفووری‌حافز»، «عەبباس حەقیقی» و...، لەم زەریا دەسنوێژی عەشقیان گرتووە و هەرکام بە شێوەیەک لە خزمەتی دیوانی رەندێک وەکوو حافز بارە وەردەگرن. لەمەش‌دا بێ‌گومانم کە رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەم قافلە و کاروانە گەوهەرناسانە، گەلێک کیمیاگەری لێزان و پێزانی دیکەشی پێوەدەلکێ. هەر بۆیە منیش «عومەری سالحی‌ساحێب»ـی کوڕی «مەلا موحەممەدسادق»ـی کوڕی «مەلا سالح»ـی «ساحێو»ی «سەقز»ی، وەکوو نووسەڕ و شاعیرێ بە نازناوی «کۆلیل» واتە دڵ‌پەشێوێکی ئەویندار، بە چەن درەمێکی بێ‌رەواج و کەم‌عەیار، بە پاڵ‌پێوەنانی عەشق و باوەڕ، هاتمە ریز و کۆڕی خوازیاران و کڕیارانێ وەک ئەم کاروان و قەتارە. بەو هیوایە کە هەڕەشەی شێری برۆی شۆخێکی شیرین لە گوێی دڵی کۆلیل و فەرهادمدا بزرینگێتەوە. بەلکوو منیش بتوانم بۆ هێورکردنەوەی سینگی پڕ لە کوڵ و چڵم بڵێم:

شەرمەزارم لە حوزووری مەی و مەیگێر گەلێ
بەم کەوا شۆڕەوە هەر ئەونەمە لافی غەلەتە
ماڵی وێرانە، نەبێ ئەو دڵە «کۆلیل»ـی برۆت
ماڵت ئاوا! بە برۆی ئێوە دڵی ئێمە لەتە

وە ئەگەر وەڵامەکەشم پەسندی خاتری یار نەکرا وە یا زمان لە خۆشی ئەو هەڕەشە بشکێت و وسکوت بکا، ئەمجار بە زمانی دڵ هاوار دەکەم و پێی رادەگەیەنم کە:

منی «کۆلیل» ئەمەم بیستووە دووسەد کەرەتیش
مەم بە ئەم باخە بە عەشقی دیبەنی زینەوە هات

هات و لە دلیشۆ مەتەقم لێ برا، قسەی ئەو پیرەژنە کە دەیویست بە دەس‌پێنچکێ خوری و تەشیەکەی دەستی یۆسف بکڕێ، یانەی دەروون لە گوێنی باخێکی پڕ لە گوڵی هیوا و بەیبوون بۆن‌خۆش دەکا تا سەرلەنوێ نەفەس بە ئۆکسیژنی ئەوین هەناسەی ژین هەڵبکێشێ. کاتێ بە تەوس و توانج بە داپیرەی خاوەن ئەزموون و بەساڵاچوویان وت: ـ «مەگەر نازانی کە هەموو گەورە بازرگانانی میسر دەرەقەت قیمەتی گۆشە چاوێکی یۆسف نایێن؟! چۆنت وێرا بەم شتە بێ‌نرخ و سووکانە خۆ رسوا کەی و هەموو عالەم بهێنیتە سەیری خۆ...؟!!» ئەویش خێرا بە بێ سێ و دوو، وەها وەڵامێکیان ئەداتەوە کە هەر هەموو دەمیان دەبێ بە تەڵەی تەقی و دەڵێ: ـ «من هەر ئەوەندەم بەسە کە لە داهات و مێژوودا لە کۆڕی خوازیاران و مشتەرییانی یۆسفم حەسێب کەن!».

بەڕاستی غەزەڵەکانی حافزیش یوسفی میسری دڵانە و لە هەر نرخ و قیمەتێ سەر و گەردنێ سەرترە. غەزەڵەکانی خاجە بەستە و مەقاماتی عەشق و خۆشەویستی‌یە، باخی هەمیشە بەهارێکە کە بای زریانی خەزان و هەناسەی ساردی زستانی پێ ناوێرێ. میوەی ئەم باخە وەکوو باخی بەهەشتی بەرین قەت لە تام و بەرامە و بۆی خۆش ناکەوێ و هەستی مرۆڤی هەستیار و خاوەن بەڵێن و بڕیاری لێ تێر نابێ. وتار و کەلامی حافز ویستی موراد و مەرامی دڵانە، بۆیێ لەسەر تەختی دڵان حوکمەتی بەردەوام و پایەدارە:

غەزەڵ وەک دوڕ دەهۆنیتۆ سەدا هەڵبێنە سا «حافز»!

خەڵاتی ئەم هەوایەت ملوەنی خاتوو سورەییا بێ

سوروشێ دوێنەشەو فەرموی دەبێ ئەسرینی«کۆلیل»ـت

لە نێو پۆلی پەری، بەرمووری ملوانکەی کچی شا بێ

وەکوو لەمە پێش‌تریش ئاماژەم پێ‌کرد ئەو هەموو تایبەتمەندییە جوان و بێ‌وێنەیانەی دیوانی خاجەی شیراز بوون بە هۆکار و هاندەرم و ئەو هەل و دەرفەتەیان بۆ رەخساندم تا کورد گوتەنی: «دەس لە دەس و قەوەت لە خوا»؛ ئەم کارە سەخت و لە هەمان کاتدا گرینگە بە ئاکام بگەیەنم. گەلێکیش جێگەی شانازی و بەختەوەرییە کە کارێکی وەها دژوار و بوێرانە بۆ هەوەڵجار لە لایەن «کۆلیل»ـێکی هەژارەوە لەسەر هەمان کێشی عەرووزی و وەزنی تایبەت بە هەرکام لە غەزەڵەکان وەرگێڕدراوە. لەمەشدا لەسەر ئەو باوەڕەم کە کاری ئەم وەرگێڕاندنەش وەکوو ئیشی هەر مرۆڤێ، خاڵی لە کەم‌وکووڕی و هەڵە و بۆچوونی نادروست و یەک‌نەهاتنەوە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیک و عەرووزی نییە و ئەمەش بۆ من نابێتە هۆی مەترسی و دڵەڕاوکێ. چونکوو تەواو دڵنیام ئێوەی خوێنەری ئازیز و هێژا، رێگەناسانی شیعر و وێژەی کوردی، پەنجەی ئەمەگداری و دڵسۆزی لەسەر ئەو کەچی و کووڕییانە دادەنێن و بۆمی راست و پوخت ئەکەنەوە. منیش بە دڵێکی کەلەگەت لە چەشنی بەژنی باوەڕ بەڵێن ئەدەمم ئەگەر بمێنم و مەرگ مەودام بدا... لە رەخنە و پێشنیار و رێ‌پیشاندانە دڵسۆزانەکانتان کەڵک وەربگرم و ئەو رێگایە بگرمە پێش کە بە چرای ئێوەی بەڕێز بۆم رووناک کراوەتەوە و دەڵێم:

لەبەر ئەو دەرکە نەکەوتوومە لەبەر شۆرەت و نام

بۆ پەنا هاتوم ئاخر فەلەک ئالاوە لە پام

فوو لە پۆلوی دڵی «کۆلیل» وەکوو زولفی بکەن

شەوی تاریک لەسەر رێگەمە، موحتاجی چرام

دەبێ باوەڕیشم پێبکەن کە هەر ئەوەندەم وزە و توانا هەبووە یا هەر ئەوەم لە دەس هاتووە کە خاڵی لە هەر خۆپیشاندان و ریایێ وەک دیاری شوانێ پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویس و گەورەی دەکەم.

دەڵێن کە عاشق دەرفەتی بیرلێکردنەوە و لێکۆڵینەوەی نییە، دەنا کەی لاقەکولەیێ شیاوی مەحزەری حەزرەتی سلێمانە؟! سەد بریا لەمە زیاترم لەدەس بهاتبایە...

دوێنەشەو دڵ لە دەسم چوو کە وتی «خاجە» بە سۆز
ئەی سەبا بۆنی خۆشی زولفی فلانێکم ئەوێ
دڵی «کۆلیل» دەڵێ بۆیە لەگەڵتا بە شەرم
تۆ کەژی بەرزت ئەوێ من کەژەوانێکم ئەوێ

دیارە گەیشتن بە لووتکەی کێوی سەربڵیندی ئاوات و خۆزگەی بەجێماو و گیرخواردوو لە دوندی مێژوودا کاری هەرکەسێ نییە و نابێ.

پاشان هەستم بەوەش کرد کە ئاوڕدانەوە و سەرنجدان بە چەن خاڵێکی گرینگ کە لەم وەرگێڕانەدا زەق و لەبەر چاون، پێویستە. هەر بۆیە لانیکەم دەبێ کورت و سەرپێیانەش بووە ئاماژەیەکیان پێ بکرێ:

خاڵی یەکەم

لە پاش وەرگێڕانی هەریەک لە غەزەلەکانی «خاجە»، بەیتێکیش لە وەرگێڕ بە یاریوەرگرتن لە هیممەتی «لیسانولغەیب» بە دوادێڕی شیعرەکان زیاد کراوە. چونکوو لە زۆر جێگە و شوێن کەسانێ بوون و ئێستەش هەر هەن یێخەی خۆیان بە نیشانی کەسێکی دی دەخەملێنن و لەسەر سفرەی ئەموئەو سەخاوەت ئەنوێنن!

ئەمەوێ بڵێم هێنانی ئەم تاقەبەیتانە لە پاش هەر غەزەلێک بۆ ئەوە بوو کە ئەو ئارم و مۆرە جەخت لەسەر ئەوە دانێ ئەم کارە ئەگەر چاکە یا خراو، تەنیا بەرهەمی فرمێسکی ئاڵ و رەنجی چەند ساڵەی «کۆلیل»ـێکی عاشقە و مافێکی ئەوجۆرە کەسانەی پێوە نییە. شایانی باسە کە هەر کامە لەو بەیت و دێڕانە بۆ ئەوە جوانی و شێوایی خۆ نەدۆڕێنن، دەس لە داوێنی غەزەلەکانی«حافز» هەریزا و هەریز بەرنادەن، هەر بۆیە سەرلێشێواو نین و رچە و رێبازەکەی «خاجە»یان لە هەر روانگە و بابەتێکەوە لێتێکنەچووە. بۆ وێنە حافز لە غەزەلێکدا باسی تامەزرۆیی یار و سکاڵای دەردی دووری دەکات و دەفەرمێ:

نەتبیستووە چی ناڵە و هاوار کە کردم
پێموایە بەهۆی مەرتەبە بەرزیتە، نیگارا

منیش لە پاش وەرگێڕانی سەرجەمی غەزەلەکە دەڵێم:

تۆخــوا وەرە! «کۆلیــل» لەگەڵ ئێــوە سەعـاتێ

نــادا بە خــەزێنــەی جــەم و دارایــی دارا

یان حافز لە کۆتایی غەزەلێکی‌تردا دەفەرمێ:

تـا وتـم خۆزگـە لەگەڵ «حـافز»ی دێـوانە دەبـوو

پێکەنیـن گرتـی و فەرمـووی ئەمـە دێوانەیی کێـن؟

کۆلیل»ـیش لە «حافز»ەوە فێر دەبێت و ئەم بەیتە پاش هەمان بەیت و غەزەل دێنێ:

هەر وتم خالی ڕەشـی وەک شەوی «کۆلیــل» دەچێ

وتی باڵی بکـەن ئەم تەیـرە لە شوێن دانەیی کێـن؟!

خاڵی دووهەم

تا جێگایەک ڕێگەم بووبێت هەوڵمداوە بۆ ئەم وەرگێڕانە لە هەموو زاراوەکانی کوردەواری کەڵک وەربگرم. چونکوو لە شیعری کلاسیکدا زۆرجار ڕێدەکەوێ بەهۆی کێش و ڕەدیف و قافییە و پاشبەند و ئەمجۆرە شـتانە شاعیـر نـەتوانێ وشـەی دڵخـواز و یەکگرتووانـەتر بـەکاربێنێ و پێشـم وا نییـە ئـەم کـارە بەتایبـەت لـە شـیعردا ببێتـە هـۆی دابەزانـدن و سووککردنی هونەرەکە.

بۆ وێنە گەلێ پێـمخۆشە کە لەم چەن شیعرە ئاوڕێ بدەنەوە:

حەققـم نیــیە بێــژم هـەن هـۆشێ لە ســـەرم، خۆ نیـن

یــا خـۆ نیـیە بێــژم نیـن بـۆ ئـەو نـەزەرم، خـۆ هـەس

ئەی جەرگــی هەمـوو عــالەم لەتلەت بە بـرۆی تیــژت

«کۆلیــــل» لەبەر چـــاوی بــازی بەزەییــتا چــەس؟!

***

نەفــەس نەفــەس لە ســەبا نەشنـەوم ئەگەر بۆنێ

بەرۆک چـاک دەمادەم بە غـەم بە چەشنـی گوڵـم

مــەڕۆ بە تــاوا کە تیغــی بـرۆ ســەڕیشم کـات

درێــژە بۆ سـەری فیتـراقی زین مەبەستـی کوڵـم

***

ئاوی ژین لیخن، ئەرێ خـزری موبارەکپێ لە کوێـی؟!

شاخی گوڵ خوێن قەی دەکـاتۆ بـای بەهارانـم لە کوێن

هیچکـەس نالـێ کە حەققـی وا لەســەر شــانم گوڵێ

کــوا ئەمەگدارانــی پێــزانم، بـەرارانـم لە کوێن؟

خاڵی سێهەم

رەنگە وەها کەسانێک ببن و بڵێن کە وەرگێڕاندنەکەی ئێمە لەگەڵ وشەگەلی غەزەڵەکانی «خاجە» دەقاودەق نییە و ئەمەش لە ئیشی وەرگێڕاندن و تەرجەمەدا لە خوێنەر سەردەشێوێنێ. ئەو ئازیزانە دەبێ لەمە ئاگادار بن کە هەڵگەڕاندنەوەی دەقاودەق و وشە بە وشە، بەتایبەت لە شیعردا کە تژییە لە «چواندن (تشبیه)»، «تەوس و توانج (تعریض)»، «خوازە (استعارە)»، «زیپک و کینایە» و... یاسای یەکجار زەریف و جوانکیلە، بۆیێ لە شیعر و غەزەڵی حافز و کەسانێ وەکوو ئەو، وەرگێڕاندنی راستەوخۆ کارێکی نەگونج و تەنانەت ناحەزە و رەنگە شان و شکۆی شیعرەکەش بخزێنێ. هەر بەم بۆنەوە لەم کارە خۆم پاراستووە و لە زۆر جێگەدا تەنیا مەبەست و کاکڵەی هەستی خاجەم رەچاو کردووە و هیچی کە. بێگومانیشم وتەی شارەزایان لەم بوارەدا راستە کە دەڵێن: وەرگێڕاندن بە مەبەست و هاوشان گەلێ دژوارترە لە وەرگێڕاندنی دەقاودەق و راستەوخۆ؛ بۆ وێنە حافز دەفەرمێ:

برو فسانه مخوان و فسون مدم حافظ
کز این فسانه و افسون مرا بسی یادست

واتە:

(هەجیمەجی) مەکە «حافز»اکە فوو لە موو داوە
کە من حەکایەت و فێڵی فرەم ژنەفتە لە تۆ

یان:

زاهد ظاهرپرست از حال ما آگاه نیست
در حق ما هرچه گوید جای هیچ اکراه نیست
تا چه بازی رخ نماید بیدقی خواهیم راند
عرصەی شطرنج رندان را مجال شاه نیست

واتە:

چون رووالەتبینە زاهید عاشق و شەیدا نییە
با بجاوێ گۆشتی مردوو چی دەڕێسێ وا نییە
شا، روخی سووتا بە ئاخی گەرمی سەربازی گەرووم
هەرکەسێ خۆ شارەزا بۆ کیش‌وماتی شا نییە

ئەم نموونانە و سەدان وێنەی‌تر لە «**تاڤگەی ئەوین**»دا وەکوو زێوێکی سپی و شی‌کراوە لە گوێنی لۆکەی کانیاو خۆ دەنوێنن. هەرچەن برێ شاعیر ئەمجۆرە وەرگێڕاندنانە ناو نانێن تەرجەمە و بە شیعری خۆیان لە قەڵەمی ئەدەن و ناسنامەکەی بە نازناوی خۆیانەوە دەردێنن! بەڵام کارێکی وا بە «**کۆلیل**»ـێکی بێ‌تین و هەژار ناکرێت و ناکەوێ.

خاڵی چوارەم

هەروەک خوێنەرانی هێژا ئاگادارن گەلێک دیوانی حافز شرۆڤە و چاپ، وە بڵاوکراونەتەوە کە تا رادەیەک لە رووی ئەژماری غەزەلیات، چۆنیەتی ریزبەند و چنینی غەزەلەکان و... جیاوازییان لەگەڵ یەک هەیە. «**تاڤگەی ئەوین**» لە رووی دەقی دیوانی‌حافز، ساغ‌کراوەی «**عەللامە قەزوینی**» کە بە لێکدانەوەی «**دوکتور خەلیل خەتیب رەهبەر**» لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە چاپخانەی «**سعید نو**» چاپ و بڵاوکراوەتەوە، وەرگێڕدراوە. بەپێی ئەم نوسخە جێ‌بڕوا و متمانەیە ئەژماری سەرجەمی غەزەلەکان دەبێتە ٤٩٤ غەزەل و یەک قەسیدە. کە لەم «**تاڤگەی ئەوین**»ـەش دا غەزەلە کوردییەکان راستە و راست وەکوو ئەو نوسخە چێنراون واتە سەرجەمی هەر غەزەلێ لەگەڵ ساغ‌کراوەکەی عەللامە قەزوینی وەک یەک دێنەوە.

که شەو دەخشێتە نێو باس و بەیانم
سەحەر دێ بۆ سڵاوکاری شەوانم
شەوەق دەڕژێتە ئاسۆی لێوی بیرم
بەیان هەڵدێ لە ئاسۆی شیعرەکانم

کۆلیل

عومەر ساڵحی‌ساحێب (کۆلیل)
سەقز - پاییزی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١ ز.)

ژمارە تەلەفوونی تایبەتی بۆ پێوەندی لەگەڵ شاعیر و وەرگێڕ (کۆلیل): ٤٦٦١ ٧٩٥ ٩١٨ ٩٨+

بە گـەردش بێنە سـاقی جامـەکەت! بەو نەزمە هەر بـا بێ
وتـم ئاسـانـە عەشق ئەمما بە بێ مەی رێـگـە تـەی نابـێ
بە ئـاواتی نەسیمـــی پرچـــی تاریـك و گـرێچیـــنی
گەلـێ خوێنین‌جیگەر بـون کەی سەبا بێ زولفی ئازا بـێ
ژووانی وەسڵی گیـانـانم دەبـێ چۆن بێ کە هـەر ساتـێ
لە زەنـگی کاروان دەنـگی (کەژاوەی سازکەن) را بـێ
لە مەی هەڵکێشە بەرمـاڵ ئەر غولامی پیـری مەیخانەی
لە دابـــی مەنـزڵ و رێ، چـی دەلێ رێـرەو دەبێ وابـێ
لـە ماسـی هـەڵچنـێ نـایێ بـکـا باسـی غەمـی تەیـرێ
لە شــەو تۆفـانی زەریـا و تەنوورەی حۆل، دامـابـێ
بە خـۆڕایی لـە خـۆڕایی ســەرم کێشـایە رسـوایی
نهێـنی چـۆن دەمێنـێ رازی دڵ وەختـێ کە رسوا بـێ
بـە ئـاواتـی مولاقـاتی ئەوینـت هەڵـدە لـەو دونیـا
دەرون هێـور دەبـێ «حافز»! کە ئازیزت لەسـەر شا بـێ
غـوباری غـەم بە ئاوی چـاوی ئاواتـێ بشۆ «کۆلیـل»!
کە ئاوپڕژێنـی بەر ماڵ و گوزەرگەی بەژنی لەیـلا بـێ

اَلا یــا اَیُّهــا السّــاقی اَدِرْ کَأساً وَ نـاوِلْهــا
که عشق آسان نمود اول، ولی افتاد مشکل‌ها
به بوی نافه‌ای کآخر صبا زان طره بگشاید
ز تاب جعد مشکینش چه خون افتاد در دل‌ها
مرا در منزل جانان چه امن عیش چون هر دم
جرس فریاد می‌دارد که بربندید محمل‌ها
به می سجاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید
که سالک بی‌خبر نبود ز راه و رسم منزل‌ها
شب تاریک و بیم موج و گردابی چنین هایل
کجا دانند حال ما سبکباران ساحل‌ها
همه کارم ز خودکامی به بدنامی کشید آخر
نهان کی ماند آن رازی کز او سازند محفل‌ها
حضوری گر همی‌خواهی از او غایب مشو حافظ
مَتی ما تَلْقَ مَنْ تَهْوی دَعِ الدُّنیا و اَهْمِلْها

ریــای شێــخ لەکوێنــە و مەسی شــەراب لەکــوێن
بــزا تەفــاوەتی ژێــر و منــی خــراب لەکوێــن
دڵـم لە تەکیــە کە بێـــزارە وەک حەکــاڵی ریــا
لە کوێیە مـەیکـەدە ئاخــۆ شـەرابی نـاب لەکوێــن
چەنێ قەڵەنـــدەر و شێــخی درۆ لە یـەکێ دوورن!
گــراوی پەندی مەلا زەمزەمــەی روبــاب لەکوێــن
نەیــاری کوێـــر جەمــاڵی ئەویـــن چ نابیـــنێ
گــڕی شەمـۆڵە لەگەڵ شـەوقی ئـافتـاب لەکوێــن
کلـــەی گـــلاری مــە خـــاکی بەر ئاستــانەکەتە
بچینــە کوێنــە بفـــەرموو کلی جەنـاب لەکوێــن
ئەوەندە تیژ و تون ئەی دڵ خەیاڵی کوێنەتە، کوێ؟
تەماحی سێــوی چەنەو چاڵــی پڕ عەزاب لەکوێــن
زەمـانی پێکـەوەبون چوو کە یـادی خۆشی بەخێـر
ویقــاری نـاز لەگـەڵ هەیبــەتی عیتــاب لەکوێــن
قەرار و ئۆقـــرە لە «حافــز» ئەدی مەپرســـە، مەگەر
قـەرار چـۆنە سـەبر کامــەیەو جـوواب لەکوێــن؟
دڵـی«عومـەر» وەکـو تۆقلـەی سـەر ئـاو دیقـی کرد
غەمـــی ئەوینت و هێزی دڵـــی حوبـاب لەکوێــن

صلاح کار کجا و من خراب کجا
ببین تفاوت ره کز کجاست تا به کجا
دلم ز صومعه بگرفت و خرقه‌ی سالوس
کجاست دیر مغان و شراب ناب کجا
چه نسبت است به رندی صلاح و تقوا را
سماع وعظ کجا، نغمه‌ی رباب کجا
ز روی دوست دل دشمنان چه دریابد
چراغ مرده کجا، شمع آفتاب کجا
چو کحل بینش ما خاک آستان شماست
کجا رویم بفرما از این جناب کجا
مبین به سیب زنخدان که چاه در راه است
کجا همی‌روی ای دل! بدین شتاب کجا
بشد که یاد خوشش باد روزگار وصال
خود آن کرشمه کجا رفت و آن عتاب کجا
قرار و خواب ز حافظ طمع مدار ای دوست
قرار چیست صبوری کدام و خواب کجا

که بێت و شۆخی کورسانی لەگەڵ ئەو دڵمەدا را بێ
سنە و سابلاخ و سەقز قیمەتی خالی رەشی نابێ
دە ساقی جامی باقی بێنە! فیردەوسی بەرین رەنگە
قەراخی (حەوزی بۆکان) و (سەکۆی مزگەوت‌ومیرزا) بێ
ئەمان لەم خۆش‌سەدا شۆخانە، لەم غارەتگەرانەی دڵ!
لە تورکی چاویان باوەڕ مەکەن دڵ سفرەشی مابێ
دەسی وەسفم بە بەژنی خۆرهەلاتی کوڵمی تۆ ناگا
بە سووراو و خەت و خاڵی چ حاجەت رووومەتێ وابێ
بە بێ‌مەرزی جووانی یۆسفا رۆژی هەوەڵ زانیم
دەبێ رسوای ئەوینی سەد هەزاران وەك زلێخا بێ
جنێوم پێ بدەیت و لەعنەتم کەی هەر دوعاگۆتم
وەلامی تاڵ شیرینە لەسەر لێوێ گولی دابێ
نەسیحەت بگرە گوێ گیانا! کە لاوانی بەخت هاوەڵ
وەکوو گیانی دەپارێزن قسەی پیرێ کە زانا بێ
لە حەیران‌بێژ و مەی بێژن! لە رازی چەرخی کەچ ناگەن
کە گەنجی سەربەمۆری وا دەبێ رەمزی بە بالا بێ
غەزەڵ وەك دوڕ دەهۆنیتۆ سەدا هەلبێنە سا «حافز»!
خەلاتی ئەم هەوایەت ملوەنی خاتوو سورەییا بێ
سورووشێ دوێنەشەو فەرموی دەبێ ئەسرینی «کۆلیل»ت
لە نێو پۆلی پەری، بەرمووری ملوانکەی کچی شا بێ

اگــر آن تــرک شیــرازی به‌دسـت آرد دل مــا را

به خــال هنـدوش بخشـم سمـرقنـد و بخــارا را

بده ســاقی می بــاقی که در جنــت نخـواهی یـافت

کنــار آب رکـن‌آبــاد و گلـگـشت مصــلا را

فغان کاین لولیان شوخ شیـرین‌کار شهـرآشوب

چنــان بردند صبــر از دل که ترکـان خوان یغما را

ز عشـق ناتمــام مــا جمــال یــار مستغنــی است

به آب و رنگ و خال و خط چه حاجت روی زیبا را

من از آن حسن روزافزون که یوسف داشت دانستم

که عشـق از پـرده‌ی عصمت بـرون آرد زلیخـا را

اگر دشنــام فــرمایی و گر نفـرین، دعــا گویــم

جـواب تلـخ می‌زیبـد لب لعـل شکــرخـا را

نصیحت گوش کن جانا که از جـان دوست‌تر دارند

جـوانـان سعـادتمنــد پنــد پیـــر دانــا را

حدیث از مطـرب و مـی گـو و راز دهـر کمتـر جو

که کس نگشـود و نگشـاید به حکمـت این معمــا را

غزل گفتی و در سفتی، بیـا و خـوش بخوان حافـظ

کـه بر نظـم تو افشــاند فلـک عقــد ثریـا را

سەبا کەرەم کە بڵێ بەو غەزاڵە ڕەعنایەم
بە عەشقی تۆ لە بیابانە سەر لەگەڵ مایەم
شەکەرفرۆش کە عومری درێژ بێ! بۆچی
وەرامی لوتفی نەبوو بۆ وتەی شەکەر پایەم
جەماڵ و ناز مەگەر دەرفەتی نەدا ئەی گوڵ
دڵێ بدەی بە غەمی ئەو دەروونە شەیدایەم
بە گۆشەیی نەزەرێ رامە، تەیری ئەهلی نەزەر
چبەند و تۆڕە، دەناسێ تەواری سەر سایەم
چهۆیە بێژە کە بۆ ڕەنگی ئاشنایی نین
لە بەژن و نێرگزی ئەو یارە مانگ سیمایەم
لەگەڵ ئەوین کە دەنیشیت و بادە نۆشیتە
کەرەم کە یادم! ئەگەرچی سەبایە سەرمایەم
خەتا لە روومەتی میناتە بێبەڵێنی کەمێ
لە ڕەخنە دووری دەنا، شاگوڵی لە نێو کایەم
بە شیعری «حافز»و ئاوازی زوهرە گەر عیسا
سەما بکا لە سەمادا، توانجی لێنایەم
شەمی جەماڵی لە حاسی«عومەر» کە هەڵبووبا
پەپوولەوێنە چەنێ خۆش بو خۆش بسووتایەم

صبـــا به لطف بگـــو آن غـــزال رعنـــا را
که ســـر به کـــوه و بیـــابـــان تو داده‌ای مـا را

شـــکرفـــروش که عمـــرش دراز بـــاد چـــرا
تفـقـــدی نکـنـــد طـوطی شـکـــرخـــا را

غـــرور حسنت اجـازت مگر نـداد ای گــل
که پرســـشی نکنـــی عنـدلیـــب شیـــدا را

به خلـــق و لطف توان کـــرد صیـــد اهل نظـــر
به بنـــد و دام نگیـــرنـد مـــرغ دانـــا را

ندانـــم از چه سبـــب رنـــگ آشنـــایی نیست
سهـــی‌قـــدان سیـــه‌چشـــم مـــاه سیـــما را

چـو بـا حبیـب نشیـــنی و بـاده پیمـــایی
بـــه یـــاد دار محـبـــان بـــادپیمـــا را

جز این قـــدر نتوان گفت در جمـــال تو عیب
که وضـــع مهـــر و وفـــا نیست روی زیبـــا را

در آسمـــان نه عجب گـــر به گفتـــه‌ی حافـــظ
ســـرود زهـــره به رقـــص آورد مسیـحـــا را

دڵ دەردەچێ لە دەستم، دڵـداره‌کان چـاریَ
هـەی داد رازی دەردم دەڕوا بە هـەر دیـاریَ

کەشتی شکـاوی عەشقـم، سا دەی سەبـا موراديَ!
ئەمجـارەشـم لـە ئـازیـز بەڵکوو ببیَ دیـاریَ

گـەردون دە ڕۆژە مەیلـی، فێـڵ و فریـوە کـاری
دەرفـەت دەچێ لەدەستـت لایێ کـەرۆ لە زاریَ

دوێشەو لە بەزمی بادەو گوڵ خۆش لە ناخی بولبـول
مـوژدەی ئـەدا بە مەستـان جـامی سەحەر دەباریَ

ئەی خـاوەنی سەخـاوەت شوکری بەهـاری بەژنت
جیَبێنـە! پرس‌وجۆیێ فەرمـوو لە کـۆی هەژاریَ

رزگـاری هەر دو عـالەم دوو خـاڵە مەشقـی ژینی
بۆ یـار خۆشـەویستی، ڕێچـون لەگـەڵ نەیـاریَ

ڕۆژی هـەوەڵ بە کــۆڕی چـاکانی ڕێ نەدامـێ
گـەر تـۆ قـوبوولی ناکـەی کـاری قەزا کە چاریَ

ئـەو تـام تاڵـە سۆفـی دەیـوت حـەرامـە، مەیخـۆ
شیـریـن پتـر لە زارا تـا مـاچی گوڵعـوزاریَ

ڕۆژانی تەنگـدەستـی گەنجـی مـورادە مەستـی
دەروێـش ئەکـا بە قـاروون ئەو کیمیـا بە جـاریَ

هێدی بە! نەک بسووتی وەک شەم بە سامی دڵبـەر
مەڕمەڕ لە دەستی وەک مۆم چەوسـاوە هەر بە قاریَ

جـامی جەهـان‌نوێن هـەر جامی شـەرابە بـڕوا!
تـاکـوو بزانـی دارا موحتـاجـە بۆ سـەنـاریَ

عومـری لە نـۆ دەبەخشـن شـۆخانی کـوردەواری
مەیگێـڕ! بێـژە سـۆفی ئـۆفی درۆ وەشـاریَ

«حافز» بە زۆر پۆشـای رووسـووری مەی عەباکـەی
ئەی شێخـی پـاک‌داوێـن بمبـوورە جـار و بـاریَ

«کۆلیـل»! شەو شوکور چوو، ئـاڵای خـۆر شەکاوە
تـا شێـخی شـەوپەرەستـان رسـوا بکـا لە شـاریَ

دل می‌رود ز دستم صاحبدلان خدا را
دردا که راز پنهان خواهد شد آشکارا

کشتی شکستگانیم ای باد شرطه برخیز
باشد که بازبینیم دیدار آشنا را

ده روزه مهر گردون افسانه است و افسون
نیکی به‌جای یاران فرصت شمار یارا

در حلقه‌ی گل و مل خوش خواند دوش بلبل
هاتِ الصَّبوحَ هُبُّوا یا اَیُّهَا السُّکارا

ای صاحب کرامت شکرانه‌ی سلامت
روزی تفقدی کن درویش بینوا را

آسایش دو گیتی تفسیر این دو حرف است
با دوستان مروت با دشمنان مدارا

در کوی نیک‌نامی ما را گذر ندادند
گر تو نمی‌پسندی تغییر کن قضا را

آن تلخ وش که صوفی اُم الخَبائِثش خواند
اَشْهَی لَنا وَ اَحْلی مِنْ قُبلَةِ الْعُذارا

هنگام تنگدستی در عیش کوش و مستی
کاین کیمیای هستی قارون کند گدا را

سرکش مشو که چون شمع از غیرتت بسوزد
دلبر که در کف او موم است سنگ خارا

آیینه‌ی سکندر جام می است بنگر
تا بر تو عرضه دارد احوال ملک دارا

خوبان پارسی گو بخشندگان عمرند
ساقی بده بشارت رندان پارسا را

حافظ به خود نپوشید این خرقه‌ی می‌آلود
ای شیخ پاکدامن معذور دار ما را

غزل شماره ۵

له هەوالـــەکانی گیـــانان نییە کـــەس بڵــــێ بە میـــرم
کە بە شوکری ســـەرووەریتان وەدەرم مەنێ! فەقیـــرم
لە رەقیبـــی دێـــو خەسڵەت بە خودا دەبەم شکایـــەت
مـەگـەر ئەو بە بـەرقی تیـرێ بسمـێ دژی گزیـــرم
کە مژۆڵــی رەش نیـگارا! نەزەری بە خوێنــی من بوو
لە فریوی چا نەزەرکەی! بە هەڵەت نەکەی نەچیـــرم
دڵی عالەمێ دەسووتێ کە وەدەر دەخەی شـــەمی روو
ئەمە نـــام کەڵکی بۆ تۆ چییە ئەی شەمـــی تەویـــرم
گ‌شەوێ بە ئەو هەوایـــەم کە نەسیمـــی بەربەیـــانی
بە پەیامـــی دۆس هەڵـــکا لە دڵـــی شناس و ژیـــرم
چ قیامەتێـــکە گیانـــا کە نیشـــانی عالـــەمت دا
دڵ و گیـــانمت بە قوربـــان وەنوێنـــە روو ئەمیـــرم
بە خودا قومێ بە « حـافز» سەحەرێ لە دەم کەرەم کەی
لە دوعـای دەم بەیانـم سـەمـەرێ دەبـەی بە بیـــرم
بە «عومـەر» ئەگـەر کەرەم کەی لە شەراوی لێو جارێ
لە بەیـان خەڵاتی بەژنت، شەوەقی دەروونی شیـــرم

به ملازمـان سلطـان که رسـاند این دعـا را

که به شکـر پادشــاهی ز نظر مـران گــدا را

ز رقیب دیوسیـرت به خـدای خود پناهـم

مگر آن شهـاب ثاقب مددی دهـد خــدا را

مژه‌ی سـیاهت ار کرد به خون ما اشـارت

ز فریب او بینــدیش و غلط مکــن نگــارا

دل عالمـی بسـوزی چو عـذار برفــروزی

تو از این چه سـود داری که نمی‌کنی مدارا

همه شب در این امیـدم که نسیـم صبحگاهی

به پیــام آشنــایـان بنـوازد آشنــا را

چه قیامت است جانا که به عاشقـان نمـودی

دل و جان فــدای رویت بنمــا عـذار ما را

به خدا که جرعه‌ای ده تو به حافظ سحرخیـز

که دعـای صبحــگاهی اثـری کنـد شمـا را

سـوفی! ئەشا چسافە شـەرابی پییالەمان

تا حـەز بکەی سەفایە لە لەعلی دە سالەمان

ئەسراری ژێری پەردە لەکن مەست و رەندە هەر

لەم حالە شێخی عالیقەدر بێ قەبالەمان

سیمورغ چۆن لە تۆڕی من و ئێوە بەندەبێ

نێچیر لێرە بایە هەبان ئەو خەیالەمان

ئەم ژینگە یەک دو دەورە ئەدا مەی بە مەیلی تۆ

مان و ئەمان مەحالە بنووسن لە تالەمان

فـەسلی تەمەن خەزانە مەگەر تازە گوڵچنین؟

پیرانە سەر هەبایە تەماحی گوڵالەمان

تا دەرفەتێ بە دەستە لە ژین بارە وەرگرە

ئادەم نەما کە کاتی، لە جەننەت رەجالەمان

گەورەم بەم ئاستانە گەلێ خزمەتی بە دڵ

کردوون ئەم غولامە چتان بوو حەوالەمان؟

«حافز» موریدی جامی شەرابەو شەماڵ تۆش

بۆ شێخی جام هەڵکە لە تاسەی بە نالەمان

فەرموو بە پیری مەیکەدە «کۆلیل» تا بە کەی

بێبەش لە جامی لەعل و شەرابی دە سالە، مان

صوفی بیـا که آینـه صـافی‌ست جـام را
تا بنگـری صفـای می لعـل فـام را
راز درون پـرده ز رنـدان مسـت پـرس
کاین حـال نیست زاهـد عـالی‌مقـام را
عنقـا شکـار کس نشود دام بـاز چیـن
کـآن‌جـا همیشـه بـاد به دست است دام را
در بـزم دور یک دو قـدح درکـش و بـرو
یعنـی طـمـع مـدار وصـال دوام را
ای دل شبـاب رفت و نچیـدی گلی ز عیش
پیـرانه سر مکـن هنـری ننـگ و نـام را
در عیش نقـد کوش که چون آبخور نماند
آدم بهـشت روضـه‌ی دارالسـلام را
مـا را بر آستـان تو بس حـق خـدمت است
ای خـواجه بازبیـن به ترحـم غـلام را
حافـظ مرید جـام می است ای صبـا برو
وز بنـده بنـدگی برسـان شیـخ جـام را

هـــــەستە ساقی پڕ کە خاڵی جامەکەم!
بـا لە سـەر دەرچـــــێ غەمی ئەییامەکەم
بیدە دەستـــــــم پڕ لە مەی جامێ، هەتـا
داکەنـــــم خەرقــەی درۆ، دێو جامەکەم
عالــــــەمێ تینـوو بەڕێــز و شـۆرەتـن
نـامـــــەوێ من، نـەنـگە شۆرەتـنامـەکەم
بادە بابـــــێ! تا بەکـــــەی با بێ لە سەر
قـوڕ بە سـەر نەفسـی خـراپ ئەنجـامەکەم
بـون بە پـــۆلـوو خێـلـی دڵمردوو لە تاو
سینگـــــی ناڵان و هـــــەناســەی زامـەکەم
کـــەس نەبوو مەحـرەم بە راز و خاتـرەی
ئەو دڵـــــــەی شەیـدا سەر و ناکـامەکەم
بـــــەو دڵارامـــــەی دڵئارامــم کـە وا
ســـەندی یەکجــاری لە دڵ، ئارامــەکەم
کێ دەکا ســـــــەیری چناری لێوی جۆ
تاکـو ســـەوزن بەژنـی شۆخ ئەندامـەکەم
«حافـز»ی رەندم لەگەڵ سەختی حەریف
عاقیبـەت رۆژێ ئـەوینـــــم رام ئـــەکەم
رۆژی «کۆلیـــــل»ـن هەتـاوی روومەتت
وەک شـەوی تاریکی زولفت، شامــەکەم

ساقیا! برخیز و در ده جام را
خاک بر سر کن غم ایام را
ساغر می بر کفم نه! تا ز بر
برکشم این دلق ازرق فام را
گرچه بدنامی‌ست نزد عاقلان
ما نمی‌خواهیم ننگ و نام را
باده درده چند از این باد غرور
خاک بر سر نفس نافرجام را
دود آه سینه‌ی نالان من
سوخت این افسردگان خام را
محرم راز دل شیدای خود
کس نمی‌بینم ز خاص و عام را
با دلارامی مرا خاطر خوش است
کز دلم یکباره برد آرام را
ننگرد دیگر به سرو اندر چمن
هر که دید آن سرو سیم‌اندام را
صبر کن حافظ! به سختی روز و شب
عاقبت روزی بیابی کام را

سەردەم و فەسڵی ژووانی گوڵ و باخانە، گوڵم
مەستی وەسڵی کچی شەوبۆ مەلی خۆش‌خانە گوڵم
ئەی سەبا! هەرکە گەیشتیت بە لاوانی چەمەن
سەد سڵاوم هەیە بۆ نێرگز و ڕێحانە گوڵم
هەروەها ساقی ئەگەر بادە بەدەس بێ‌و بچێ
بەو مژۆڵانە دەماڵم دەری مەیخانە گوڵم
تۆ کە کێشاتە لە سەر روو خەتی سومبوڵ، مەکە دی
نیگەران‌تر لەمە توخوا دڵی دێوانە گوڵم
پێکەنی ئەو کەسە بەم خڵتەبنۆشانە، یەقین
عاقیبەت تاڵبی پەیمانە بە ئیمانە گوڵم
مەردی مەیدانی خودا بن! کە لە نێو کەشتیی نووح
هەیە خاکێ کە مەترسی نە لە تۆفانە گوڵم
چەرخی گەردون کەرەمێکی نییە، لەم ماڵە بڕۆ
کوشتی ئەم کاسە سیا، هەرکەسی میوانە گوڵم
خاکی نمناکە دەسی ئاخر ئەگەر جێگە خەوت
چ نیازێ بە سەرای سەر لە فەلەک‌بانە گوڵم
مانگی کەنعانم! ئەوا بوویە عەزیزێ لە میسر
وەرە دەر وەختییە لەو سووچەڵە زیندانە گوڵم
«حافز»!! مەست‌و قەڵەندەر بە وەلێ وەک ئەم‌و ئەو
دامەنێ داوی ریا بەو گوڵە قورئانە گوڵم
پێکەنینت بە شەوی ئێمەیی «کۆلیل» نەیێ
هەر شەمێ ڕۆشنە تێفکرە لە گریانە گوڵم

رونق عهد شباب است دگر بستان را
می‌رسد مژده‌ی گل بلبل خوش‌الحان را
ای صبا! گر به جوانان چمن بازرسی
خدمت ما برسان سرو و گل و ریحان را
گر چنین جلوه کند مغبچه‌ی باده‌فروش
خاکروب در میخانه کنم مژگان را
ای که بر مه کشی از عنبر سارا چوگان
مضطرب حال مگردان من سرگردان را
ترسم این قوم که بر دُردکشان می‌خندند
در سر کار خرابات کنند ایمان را
یار مردان خدا باش که در کشتی نوح
هست خاکی که به آبی نخرد طوفان را
برو از خانه‌ی گردون به در و نانِ مطلب
کان سیه کاسه در آخر بکشد مهمان را
هر که را خوابگه آخر مشتی خاک است
گو چه حاجت که به افلاک کشی ایوان را
ماه کنعانی من مسند مصر آن تو شد
وقت آن است که بدرود کنی زندان را
حافظا! می خور و رندی کن و خوش باش، ولی
دام تزویر مکن چون دگران قرآن را

چوو لە مزگەوتو بەرەو مەیخانە دوێشەو پیرمان

چۆنە یارانی تەریقەت چارەو تەدبیرمان

ئێمە دەروێشان چلۆن روو کەینە خانوی قیبلە، تا

روو لە ماڵی مەی‌فرۆشن حەزرەتی دەسگیرمان

بەو خەراباتەی کە تەشریفی دەچێ، ئێمەش دەچین

چون وەها فەرموویەتی رۆژی ئەزەڵ تەقدیرمان

عەقڵ ئەگەر دەیبوو خەبەر چەن خۆشە بۆ دڵ داوی شەو

عاقلان دێوانە بون بۆ بەندی دڵ زەنجیرمان

ئایەتی لوتفی لە رووما رووماتی جوانت نووان

بۆیە غەیری لوتف و جوانی تیا نەبوو تەفسیرمان

هیچ ئاخۆ لەو دڵەی سەختت دەبێ کاری شەوێ

ئاوری ئاخ و نزوولەی، سۆزەکەی شەوگیرمان

تیری ناخی ئێمە گەردون‌پێکە «حافز»! وس‌بە سا

هۆشی خۆتت بێ! کە نەتپێکێ کەوان و تیرمان

تا سەحەر «کۆلیل» دوێشەو هەر لە فیکری زولفی بوو

رۆژی رون کاتێ وەدەرکەو کولمی کەفتە و بیرمان

دوش از مسجد سوی میخانه آمد پیر ما
چیست یاران طریقت بعد از این تدبیر ما
ما مریدان روی سوی قبله چون آریم چون
روی سوی خانه‌ی خمار دارد پیر ما
در خرابات طریقت ما به هم منزل شویم
کاین‌چنین رفته‌ست در عهد ازل تقدیر ما
عقل اگر داند که دل دربند زلفش چون خوش است
عاقلان دیوانه گردند از پی زنجیر ما
روی خوبت آیتی از لطف بر ما کشف کرد
زان زمان جز لطف و خوبی نیست در تفسیر ما
با دل سنگینت آیا هیچ درگیرد شبی
آه آتشناک و سوز سینه‌ی شبگیر ما
تیر آه ما ز گردون بگذرد، حافظ خموش
رحم کن بر جان خود پرهیز کن از تیر ما

ســـاقی بە شـــەوقی بادە هەنـــاری کە جـــامی مـــە
موتریب هـــەوا بگۆڕە جەهـــان بوو بە کامـــی مە
دیومـــــانە ئێـــمە بـــەژنی دەلالـــی لـە بـــادەدا
ئـــەی بێخـــەبـەر لە تامـــی شـــەرابی مودامـــی مە
پەرژین لە مەرگە ئەو کەسە عـــــەشقی لە دڵ ژیا
تۆمـــارە نـــاوی ئێـــمە لە سینگـــی مەرامـــی مە
تا ئەو زەمـــــانە بەژنـــی خەرامـــانە ســـەروی تەڕ
قـــەدقـــامەتی بە لـــەنجـــە نەیێ نۆ نمامـــــی مە
کاتـــێ گەییـــتە گوڵشەنی یاران، سەبا دەخیـــــل
گیانان لەوێـــیە بـــۆی بەرە عەرز و پەیامی مە
یادم بڵـــێ لەبەر چیـــیە عەمدەن دەبەی لە بیـــر
ئەوکاتـە دێ نەدەیتـــەوە هەرگیز وەڵامـــــی مە
مەستـــی لە چـــاوی جوانـــە ئەوین، وا درا بە دەس
مەستـــێ لەغـــاوی بیـــر و سەرەنجامی رامـــی مە
لام وایە من کە رۆژی جـــــەزا هەر وەکوو یەکن
نانـــی حەڵاڵی شێـــــخ و شەرابی حـــەرامی مە
«حافـــــز»! بڕێـــــژە دانە لە یاقووتی دیـــدەکەت
شایەت کە تـــەیری وەسڵی سەرێ با لە دامی مە
پیرۆزە بەحری چەرخ و هیلالی گەمی، بە جووت
نوقمن لە نێـــو سەخـــاوەتی حاجی قەوامـــی مە
گوڵشەنی رازی ئێوەیە مەحمـــوودە بۆ هەیـــاس
«کۆلیـــل»ـی رەمـــزی دیدەتە ژێر و نەفـــامی مە

ساقی به نور باده برافروز جام ما
مطرب بگو که کار جهان شد به کام ما
ما در پیاله عکس رخ یار دیده‌ایم
ای بی‌خبر ز لذت شرب مدام ما
هرگز نمیرد آن که دلش زنده شد به عشق
ثبت است بر جریده‌ی عالم دوام ما
چندان بود کرشمه و ناز سهی‌قدان
کآید به جلوه سرو صنوبرخرام ما
ای باد اگر به گلشن احباب بگذری
زنهار عرضه ده بر جانان پیام ما
گو نام ما ز یاد به عمدا چه می‌بری
خود آید آن که یاد نیاری ز نام ما
مستی به چشم شاهد دلبند ما خوش است
زان رو سپرده‌اند به مستی زمام ما
ترسم که صرفه‌ای نبرد روز بازخواست
نان حلال شیخ ز آب حرام ما
حافظ ز دیده دانه‌ی اشکی همی‌فشان
باشد که مرغ وصل کند قصد دام ما
دریای اخضر فلک و کشتی هلال
هستند غرق نعمت حاجی قوام ما

ئەی دەقـی مانگی جـووانی روومەتـی رەخشانتـــان
وەی سەفابەخشـی دەلالی چـای چناکەی جوانتـــان
بۆ زیارەت گیانـــی شیرینـــم بە سەر لێـــو هـــاتووە
بێـــتە دەر یا چێـــتە سەر؟ تا چـی بڵێ فەرمانتـــان
بـێ‌بەلا بـێ! کەس لە دەستی چاوەکانت دەرنەچوو
عـەقڵ و تەقـوای شێخـە تالانی شکۆی مەستانتـــان
وا لە خـەو هەستـا شوکور بەختی خەواڵوی چاومان
چون لە گریانن بە عـەشقی مانگـی رووی تابانتـــان
بێ لەگەڵ بای سروە چەپکێ گـوڵ لە باخی کولـمتم
بۆ بنێـــرن، با بکەم بـۆی خاکـی کـۆی بێسانتـــان
کامــەران و پڕ تەمــەن بن ساقیـــانی بـــەزمی جــەم
گەرچی هەرگیـز پڕ نەبوو جامم لە مەی‌گێڕانتـــان
دڵ پەرێشـــانی دەکـا، بێـژن بە دڵبـەر دەردەکـەی!
ئەی رەفێقـــان بـۆ خودا دەستـی مـن و دامانتـــان
کەی دەگا ئـەو کاتـە یارەببی لەگەڵ یەک یەکگرن
خاتـری جەمع و پەرێشـان زولفی وەک قەترانتـــان
هـــەڵکە داوێنت لە خاک و خوێن بە لامانا کە دێی
زۆرە لەم رێـــگا شـەلاڵی تێـــغی ئەبرۆکانتـــان
وادەکا «حافـــز» دوعـــایێ، ئێـــوەش ئامیـــنێ بە دڵ
دەک بە قسمەت بێ شەرابی لێوی شەکرئەفشانتـــان
با سـەبا بێـــژێ لەباتـــی من بە خەڵکی شـــاری یـەزد
ئەی سـەری خێڵـــی نەیـاران بێ بە گۆی یارانتـــان
دوورە دیـــدارم وەلێ هیممەت نزیکن ئێـــوە گشت
خـۆم غـولام و شیعرەکانیشـــم بە گـــوڵبارانتـــان
ئەی ستـــارەی بەخت‌رۆشـن هیممەتێ تۆ بی و خودا
وەک هـــەسارەی ماچ کەم تا خاکی بەر هەیوانتـــان
بۆیە «کۆلیل»ـت کلاوی خەڵکی ئەورۆی سەر نەچوو
تاجی شیعری نا لە سەر، چون پەرچەمی بەخشانتـــان

ای فروغ ماه حسن از روی رخشان شما
آب روی خوبی از چاه زنخدان شما

عزم دیدار تو دارد جان بر لب آمده
بازگردد یا برآید چیست فرمان شما

کس به دور نرگست طرفی نبست از عافیت
به که نفروشند مستوری به مستان شما

بخت خواب‌آلود ما بیدار خواهد شد مگر
زان‌که زد بر دیده آبی روی رخشان شما

با صبا همراه بفرست از رخت گلدسته‌ای
بو که بویی بشنویم از خاک بستان شما

عمرتان باد و مراد ای ساقیان بزم جم
گرچه جام ما نشد پر می به دوران شما

دل خرابی می‌کند دلدار را آگه کنید
زینهار ای دوستان جان من و جان شما

کی دهد دست این غرض یا رب که همدستان شوند
خاطر مجموع ما زلف پریشان شما

دور دار از خاک و خون دامن چو بر ما بگذری
کاندر این ره کشته بسیارند قربان شما

ای صبا با ساکنان شهر یزد از ما بگو
کای سر حق‌ناشناسان گوی چوگان شما

گرچه دوریم از بساط قرب همت دور نیست
بنده‌ی شاه شماییم و ثناخوان شما

ای شهنشاه بلنداختر خدا را همتی
تا ببوسم همچو اختر خاک ایوان شما

می‌کند حافظ دعایی بشنو آمینی بگو
روزی ما باد لعل شکرافشان شما!

تا سەحەر هات بەستی پەردە، سەحاب
هاوەڵان! وا گەییوە سوبحی شەراب
ئەشکی شەونم تکایە سەرگوڵی ناز
زووبە ئازیز بێنە جامی گوڵاب!
لە چەمەن دێت بۆنی عەتری بەهەشت
سا لە سەر یەک بنۆشە ساغەری ناب
تەختی سەوزی لە باخ گوڵ لێدا
ماتڵی لەعلی سوورە شێخ و شەباب
بەستیان بۆچ دەرکی مەیکەدە لێم
بیکەیۆ ئەی کلێل و رەمزی جەواب
لێوەکانت هەیانە حەققی نمەک
لەسەر ئەو دڵمە، وەک دەروونی کەباب
لە بەهاری وەها سەرم سڕە هەی!
چۆنە مەیخانە قوفڵە؟ خانەخراب!
بە حەزی ساقی ئەو بەژن پەرییەم
وەکو «حافز» بنۆشە بادە جەناب
لێوی لەعلی دەقی جەماڵە «عومەر»!
چاوی نازی کەماڵی وەقر و عیتاب

می‌دمد صبـــح و کِلّــه بست سحـــاب
اَلصَّبـــوح اَلصَّبـــوح یا اَصحـــاب
مـی‌چـکـــد ژالــــه بـر رخ لالـــه
اَلمُــــدام اَلمُــــدام یـــا اَحبــــاب
مـی‌وزد از چمـــن نسیــــم بهشـت
هـــان بنوشیـــد دم به دم مـی نـــاب
تخت زمـــرد زده است گل به چمـــن
راح چـــون لعــل آتشین دریـــاب
در میـــخـــانه بستــــــه‌انـــد دگـــر
إفتَـــتِحْ یـــا مُفَتِّــــحَ الأَبـــواب
لب و دنـــدانت را حقـــوق نمـک
هســت بر جـــان و سینـه‌های کبـاب
این چنـین موسمـــی عجـب باشــد
که ببنـــدنـد میکـــده به شتـــاب
بـر رخ ســـاقـی پــــری پیـکـــر
همچـو حافــظ بنـوش بـاده‌ی نـاب

پێم وت ئەی شاهی جووانی خێرە دەرمانی غەریب
پێی وتم ئاوارەیی دڵ چاری نایێ بۆ تەبیب
تا وتم جارێ مەڕۆ فەرموی دەبووری چۆن دەبێ
من گوڵێ تاقانە ئێوەش پۆلی شەیدا عەندەلیب
نازەنینێ کەوڵی نەرمینی سمۆرەی دۆشەکە
کەی گرۆی باڵنجی بەردە و دڕك و داڵی وا غەریب
وەی کە خاڵی رەش لە رۆمی روو چەنێ خۆش خەوتووە
ئەی لە زەنجیرەی حەبەشتان ئاشنا دیلن عەجیب
عەکسی سووری مەی لە نێو مانگی روخت پەیدا، وەکوو
ئەرخەوان سەحنی سپی نەسرینی کریا بێنەسیب
وەك سەفی مێروو قەتارەی خەتتو خاڵت سەیرە سەیر
خەتتی میشکین بۆ بەهاری رووت ئەگەرچی زیبە زیب
پێم وت ئەی شێوی غەریبان شەو رەشی کاکۆڵەکەت
لادە خۆ! با نەتگرێ ناڵەی غەریبی شەو رەقیب
شارەزایان مات و حەیرانن وتی «حافز!» ئەدی
چۆن غەریبێ تێدەگا ئەفسوونی چاوی دڵفەریب
پێم وت ئاخر لازمە رێزی ئەدیبێ وەك «عومەر»
پێی وتم کەی باوی ماوە حورمەتی خێڵی ئەدیب

گفتم ای سلطان خوبان رحم کن بر این غریب
گفت در دنبال دل ره گم کند مسکین غریب
گفتمش مگذر زمانی گفت معذورم بدار
خانه پروردی چه تاب آرد غم چندین غریب
خفته بر سنجاب شاهی نازنینی را چه غم
گر ز خار و خاره سازد بستر و بالین غریب
ای که در زنجیر زلفت جای چندین آشناست
خوش فتاد آن خال مشکین بر رخ رنگین غریب
می‌نماید عکس می در رنگ روی مهوشت
همچو برگ ارغوان بر صفحه‌ی نسرین غریب
بس غریب افتاده است آن مور خط گرد رخت
گرچه نبود در نگارستان خط مشکین غریب
گفتم ای شام غریبان طره‌ی شبرنگ تو
در سحرگاهان حذر کن چون بنالد این غریب
گفت حافظ آشنایان در مقام حیرتند
دور نبود گر نشیند خسته و مسکین غریب

ئەی بووکە پەری کێــــتە لە ســــەر لابەری تارا؟
وەی تەیری چـــەمەن کامە غولامی چەمەن ئارا؟

خەو چوو لە دییەم شەو بە خەیاڵێکی جیگەرسۆز
ئاخۆ لەگەڵت کێ دەنووێ سەرگوڵی سارا؟!

ناپرســـی لە حاڵـــی منـــی دەروێش، دەترسم
بــڕوایە نـــەکەی چاك و خراپێــــکە لە ئارا؟

ئەو چاوە خــــوماریتە دڵـــی عــــاشقی لێدا
مەعلـــوومە کە مەی مەستە لە دوو چاوی خومارا

ئەو تیــــرە خەتا چوو کە کریشمەت لە دڵی گرت
هەمـــدیس بزانـــم نەزەرت چۆنـــە لە کارا

نەتبیستــووە چی ناڵـــە و هـــاوار کە کـردم
پێـــموایە بەهـــۆی مەرتەبە بەرزیـــتە، نیگارا

ئەم چـــۆڵە تراویلـــکەیە کانـــــی نییە، ئامان
داوێـــکی بیـــاوانە لە دەس حــــــۆلی نەیارا

چوو سەردەمی گەنجی بە هەڵەت ئەی دڵی غافڵ
چی دی غـــــەڵەتت ئێستە بە پیـــری هەیە یارا

ئەم کـــۆشکی ســـەفابەخشـــە هەتا مەنزڵی تۆیە
یــاڕەبی نەبێ هەڵمـــەتی چەرخی لە کـــەنارا

«حافـــز» نە غولامێکە لە دەس خــاوەنی هەڵبێت
ئاشتـــم کەوە مردم لە چلـــەی دووری و قارا

تۆخـــوا وەرە! «کۆلیـــل» لەگەڵ ئێـــوە سەعاتێ
نادا بە خـــــەزێنەی جـــــەم و دارایی دارا

ای شـــاهد قــدسی که کشــد بنــد نقـــابت
و ای مــرغ بهشــتی که دهــد دانـــه و آبـت

خوابــم بشد از دیده در این فکـر جگـرسـوز
کآغـوش که شد منـزل آســایش و خـوابت

درویش نمی‌پـرسی و ترســـم که نبـاشــد
اندیشـــه‌ی آمــــرزش و پـــروای ثـوابـــت

راه دل عشــاق زد آن چشـــم خمـــاری
پیـداست از این شیوه که مست است شرابت

تیری که زدی بر دلـم از غمـــزه خطا رفت
تـا باز چه اندیشــــه کنــد رای صــوابــت

هــر نـــاله و فـــریاد که کـــردم نشنــیدی
پیـــداست نگـــارا که بلنـد است جنـــابت

دور است ســـر آب از این بـادیه هـشـــدار
تـا غــول بیـــابان نفریبـــد به ســرابـت

تا در ره پیـــــری به چه آییـــن روی ای دل
بـاری به غلــط صــرف شد ایام شبـــابت

ای قصـــر دل‌افـروز که منـــزلگه انســـی
یــا رب مکنـــاد آفت ایـــام خـــرابـت

حافظ نه غلامی‌ست که از خواجـــه گریـزد
صلـحی کـــن و بـازآ که خـرابـم ز عتـابت

خـــەمێ کە شۆخە برۆکەی لە کەچ کەوانی خست
بە قـەستی ســەر دڵی بێهێـــز و پڕ لە ژانی خست
خـــەبەر نەبوو لە دو عالـــەم، کە خۆشەویستی بوو
زەمانە نەخشی ئـەمـــانی لە پێش ئـــەوانی خست
بە نـــازی دیـــدە کە بـــۆ خۆنووانـدنی فـــەرموو
هـــەزار و یەک شـــەڕی هێنا لە نێو جەهانی خست
مەسی شـەراب و عـەرەق کەردە، رەنگـە چوویە چەمەن
گوڵاوی رووت کــــەوا رەنگی ئــەرخەوانی خست
زەماوەنی چـــــەمەنم دوێـــنەشەو بە مـــەستی دی
کە غونچە سەد لە دەمی تـۆم بە دڵ گـــومانی خست
وەنەوشـــە کاکـــوڵی لوولـی هـــەتا گـــرێچن کرد
ســـەبا بە رازی کەزێـــکەت بە ملشکـــانی خست
هـــەتا وتـم وەکو رووتن سەمـــەن شـــەرم گرتـی
لە دەم بە دەستـــــی ســـەبا بۆیە خاکتـــانی خست
چ موتـریب و چ شــــــەرابم نـــەدی لەبــەر پـاریز
هـــــەوای ساقییـــە ئێـــمەی بە هـەردوانی خست
دەبـــێ بە ئاوی مـــەی ئـــەم خەرقە کۆنە پاکۆ کەم
بەشـــم ئــەزەڵ ئەمە بوو تا ئـەبەد لە شـــانی خست
یـــەقیـــن بە مـــەستیـــیە «حـافز» نەسیبـی تا مـــاوە
کە پیری مـــەیکەدە ئـــاوا لە کۆی موغـــانی خست
جـــەهان بە مەیلمـــە ئێستا کە چەرخ و سووڕی زەمان
منـــی بە داوی ئەمـــانی سەرۆکـی جەهـــانی خست
فەلەک لە دەورمی جامـــــــێ نەدا کە بێـــغـەش بێ
هەموو لە ساغـەری «کۆلیـــل» (شەوکـەران)ـی خست

خمی که ابروی شوخ تو در کمان انداخت
به قصد جان من زار ناتوان انداخت
نبود نقش دو عالم که رنگ الفت بود
زمانه طرح محبت نه این زمان انداخت
به یک کرشمه که نرگس به خودفروشی کرد
فریب چشم تو صد فتنه در جهان انداخت
شراب خورده و خوی کرده می‌روی به چمن
که آب روی تو آتش در ارغوان انداخت
به بزمگاه چمن دوش مست بگذشتم
چو از دهان توام غنچه در گمان انداخت
بنفشه طره‌ی مفتول خود گره می‌زد
صبا حکایت زلف تو در میان انداخت
ز شرم آن که به روی تو نسبتش کردم
سمن به دست صبا خاک در دهان انداخت
من از ورع می و مطرب ندیدمی زین پیش
هوای مغبچگانم در این و آن انداخت
کنون به آب می لعل خرقه می‌شویم
نصیبه‌ی ازل از خود نمی‌توان انداخت
مگر گشایش حافظ در این خرابی بود
که بخشش ازلش در می مغان انداخت
جهان به کام من اکنون شود که دور زمان
مرا به بندگی خواجه‌ی جهان انداخت

غـــــەمی ناسۆری دڵم سینە و سامانەمــــی سووت
ئاگـــــری ئەو غەمە ئەم ماڵــە چکۆلانــــەمی سووت
لەش بە تـاوی غەمـی دووری لە عەزیـزان بووە ئـاو
ئاوری روومەتـی گیان، گیان و دڵ و یانەمــی سووت
ســـــۆزی دڵ ئاگری ئەسرینمــی بەردا بووە شــــەم
شـەوی پێشوو وەکو باڵ و پەڕی پەروانەمی ســووت
ئاشنا چـــۆن بەزەیـــــی نایە بە حاڵـــــی منی زار
ئەو لە خـۆ چوونمــە وەختـێ دڵی بێگـانەمی سووت
چۆمی مەیخانە بە خــورِ هات و جبەی زوهدی رفان
ئـاوی خومخانە بە گورِ ئەو سەرە فــەرزانەمی سووت
من کە تــۆبەم نەشکان ئــەو دڵی میــنامی شکاند
هەر وەکوو لالە دڵی بێ مـەی و مــەیخانەمی سووت
مەگـرە دی پەڵپ و بیانوو، وەرە وا خـەڵکی دییـەم
چەشنـی قەقنەس لە بەرا، خەرقە بە شوکرانەمی سووت
«حافـز»!! راز و حەکایەت مەکە، مـەی خـۆوە دەمـێ
باسی پێشوو شەم و شەو، شەوکەتی ئەفسانەمی سووت
من بەقوربـانی گوڵـی رووتــم و «کـۆلیل»ـی بەڵێن
گەرچـی پــــەیمانی کەچت بـادە و پەیمانەمی سووت

سینه از آتش دل در غم جانانه بسوخت

آتشی بود در این خانه که کاشانه بسوخت

تنم از واسطه‌ی دوری دلبر بگداخت

جانم از آتش مهر رخ جانانه بسوخت

سوز دل بین که ز بس آتش اشکم دل شمع

دوش بر من ز سر مهر چو پروانه بسوخت

آشنایی نه غریب است که دلسوز من است

چون من از خویش برفتم دل بیگانه بسوخت

خرقه‌ی زهد مرا آب خرابات ببرد

خانه‌ی عقل مرا آتش میخانه بسوخت

چون پیاله دلم از توبه که کردم بشکست

همچو لاله جگرم بی می و خمخانه بسوخت

ماجرا کم کن و بازآ که مرا مردم چشم

خرقه از سر به درآورد و به شکرانه بسوخت

ترک افسانه بگو حافظ و می نوش دمی

که نخفتیم شب و شمع به افسانه بسوخت

ساقــی ئەم جەژنتــە پیــرۆز وەلێ بیخەوە بیــر
ئەو هــەموو وادە کە دابووت بە ئێمەی کز و پیــر

وڕ و واقـــم کە لە ڕۆژانـــی جودایيت بە دڵ
لەو حەریفانە دڵت کەندوە وەك بەختی فەقیــر

بە کچـــی ڕەز بکە شاباش سڵاوێـــك و بڵـێ
بە دوعای ئێمەی ئەمێستا نە لە نێو کووپەی ئەسیــر

هاتنی ئێـــوە بە ئـــەم کۆڕە زەماوەندی دڵــە
هەر کە تۆی شاد نەوێ، غەم لە دڵی بێ بە ئەمیــر!

خواشوکور دوورە لە تالآنی خـەزان باخی گوڵت
سەروی تــەڕپۆشە قەدت، یاسەمەنت لەعلی مونیـر

وەرە مەیگێــڕ! شوکور دەولـەتی زکماکی ئەتۆ
چــاوی دووپۆیـی و ئاژاوەگەر ئەسمێت بە تیــر

«حافـز»! ئەو کەشتیـیە نووحەت مەدەد و یـار نەبێ
لە بنت هــەڵدەکەنێ قــودرەتی تۆفــانی کەبیــر

کەرەم ئەو جامـە کە فـەرمووت، نـووانی کەرەمێ
گوڵ و گوڵزارە لەبەر چاوی«عومەر»دەشتی کەویر

ساقیا آمدن عید مبارک بادت

وان مواعید که کردی مرواد از یادت

در شگفتم که در این مدت ایام فراق

برگرفتی ز حریفان دل و دل می‌دادت

برسان بندگی دختر رز گو به درآی

که دم و همت ما کرد ز بند آزادت

شادی مجلسیان در قدم و مقدم توست

جای غم باد مر آن دل که نخواهد شادت

شکر ایزد که ز تاراج خزان رخنه نیافت

بوستان سمن و سرو و گل و شمشادت

چشم بد دور کز آن تفرقه‌ات بازآورد

طالع نامور و دولت مادرزادت

حافظ از دست مده دولت این کشتی نوح

ور نه طوفان حوادث ببرد بنیادت

ئەی سەبا کۆشکی پشوودان و خەوی یار لە کوێن
مـــەنزڵی مانگی من ئاشق کوژی عەییار لە کوێن
شەوە تاریکە بەرەو خـــاکی وڵاتم ســـەفەریم
ئاگری تووری سنین و گـــڕی دیـــدار لە کوێن
هەر کەســێ هاتە جەهان ڕۆڵی خراپێـکێ نـووان
لە خـــــەرابات بڵێ پێم کەسی وەشیار لە کوێن
عاقیبەت خێرە ئەوەی رەمـــزی ئیشارەت بـــەڵەدە
شـارەزای ئێوە ئەرێ مەحرەمی ئەسرار لە کوێـــن
یەک یەکی موو لە لەشم رەمزی ئەوینێکی گـەشە
ئێمە لە کوێینو توانجی گـــەلی بێکار لە کوێـــن
زولفی چیـن چینی دەزانێـت فەقەت، لێـی پرسـن
ئەو دڵـــی وێڵمە فــەرموو کە گرفتـــار لە کوێن
پرچی زەنجیری لە کوێن عەقڵی سەرم شێتی پەتین
دڵ بە گۆشەی چەمی چوو تاقی برۆی یار لە کوێن
مـەی و مـەیگێڕ و دەف و ساز هەموو سازە بەڵام
جێـــــژنی بـــێ یار گەوارا نییە دڵدار لە کـوێـــن
بـــا زەمەن گەر بە چەمەن هاتـەوە دڵگیـر نەبـــی
نێو نیشانێ بدە «حـــافز»! گوڵی بـــێخار لە کوێن
کوشتمی بـا ڕەشی زریـان وەکـو «کۆلیـل»، ئەرێ
هەڕەشەی گەرمی شـــەماڵ و دەمی هاوار لە کوێن

ای نسیم سحر آرامگه یار کجاست
منزل آن مه عاشق‌کش عیار کجاست

شب تار است و ره وادی ایمن در پیش
آتش طور کجا موعد دیدار کجاست

هر که آمد به جهان نقش خرابی دارد
در خرابات بگویید که هشیار کجاست

آن کس است اهل بشارت که اشارت داند
نکته‌ها هست بسی محرم اسرار کجاست

هر سر موی مرا با تو هزاران کار است
ما کجاییم و ملامت‌گر بیکار کجاست

باز پرسید ز گیسوی شکن در شکنش
کاین دل غمزده سرگشته گرفتار کجاست

عقل دیوانه شد آن سلسله‌ی مشکین کو
دل ز ما گوشه‌گرفت ابروی دلدار کجاست

ساقی و مطرب و می جمله مهیاست ولی
عیشِ بی یار مهیا نشود، یار کجاست

حافظ از باد خزان در چمن دهر مرنج
فکر معقول بفرما گل بی خار کجاست

گـــەردن ئازادییـە، جـــەژنی دڵە، ڕۆیـی ڕەمـــەزان
مـــەی لە خومخانە بە کـوڵ هاتووە بـۆم تێکە ئەمان!
لار و لەنجەی گوڵـــی سەرچۆپی و گۆرانی و ساز
ڕەونـــەقی زوهـدفـــرۆشـــانی گرانـجانی شـــکان
مەکە لـــۆمەی ئەوە جارجارە دەنۆشێت شَـــەراب
بێخەبەر بون لە سـەری خاو، مەگەر جورم و خەتان؟!
بادەنۆشـــێ لە دڵـــی مەکر و ریــا ڕەنـــگی نەبێ
بێ گـــومان چاترە لەو شێخە کە ڕەنگڕێژی ریان
نە هـــــەواداری ریـائین و نە یارانـــــی دەغــــەڵ
خـــوا کە زانا بە هـــــەموو رازە دەزانـــــێ لە دڵان
بە قسەی خواش دەکەین و بە کەسیش زوڵم نەکەیم
هـــەرچی بەو خـــەڵکە ڕەوا نیـــن بە ئێمەش نەڕەوان
چ دەقەومـــێ لە گەڵـــم چەن قەدەحێ بـــادە وەخۆی
خوێنمژی باخی ڕەزین ئێمە نە خوێنخۆری کەسان
بـادەنۆشینــــــی ئەمـــن هێـــزی خەتایێـــکی نییە
ئەگـەریش عەیبـە دەڵێین پاك لە هەر عەیب خودان
تف لە نێـــو چـــاوی ریـــاکار و درۆزن «کۆلیـــل»!
گورگن ئەم خێـــڵە لەنێو پێستـــی مـەڕا دێنە کەوان

روزه یک سو شد و عید آمد و دل‌ها برخاست
می ز خمخانه به جوش آمد و می باید خواست
نوبه‌ی زهدفروشان گران‌جان بگذشت
وقت رندی و طرب کردن رندان پیداست
چه ملامت بود آن را که چنین باده خورد
این چه عیب است بدین بی‌خردی وین چه خطاست
باده‌نوشی که در او روی و ریایی نبود
بهتر از زهدفروشی که در او روی و ریاست
ما نه رندان ریاییم و حریفان نفاق
آن که او عالم سر است بدین حال گواست
فرض ایزد بگذاریم و به کس بد نکنیم
وان‌چه گویند روا نیست نگوییم رواست
چه شود گر من و تو چند قدح باده خوریم
باده از خون رزان است نه از خون شماست
این چه عیب است کز آن عیب خلل خواهد بود
ور بود نیز چه شد مردم بی‌عیب کجاست

گـــوڵ دڵ و دینی رفـان و بە مەلامەت هەستـا
وتی کێ بوو لە گەڵت سـاغ و سەلامەت هەستـا
هــەرکە دانیشتووە لەم کۆشکە دەمێ لێو بە کەنین
دەســی ئاخـر بە گریـن و بە نەدامـەت هەستـا
لافی سەر لێـوتی شـەم بوو لە سـەرا بۆیە شـەوان
بۆ گـەلی عاشقی لێـــوت بە غەرامەت هەستـا
ســروە خێــرا لە کەناری گوڵ و ســەروی چەمەنا
بە ئەوینی گوڵی روخســارت و قامــەت هەستـا
مەس دەچووی و بە تەماشات لەنێو کۆڕی مەلەك
بوو بە غەوغا لە سەرت رۆژی قیـامەت هەستـا
سەروی تەڕپۆش شکا نـازی ســەری خستە بەرا
ســەروم ئەو کاتە خەرامان قەد و قامەت هەستـا
فـڕدە ئەو خەرقەیە «حافز»! لە دەسی ڕاکە، کە لەو
بنـــکە فێلاوییــە ئاگـــر لە کـەرامــەت هەستـا
بە دەمارێـــکەوە واعیز لە هـــەوا و فیزی دەوت
بۆیە «کۆلیـــل»ـی قەڵەندەر بە شەهامەت هەستـا

دل و دینم شد و دلبر به ملامت برخاست
گفت با ما منشین کز تو سلامت برخاست

که شنیدی که در این بزم دمی خوش بنشست
که نه در آخر صحبت به ندامت برخاست

شمع اگر زان لب خندان به زبان لافی زد
پیش عشاق تو شب‌ها به غرامت برخاست

در چمن باد بهاری ز کنار گل و سرو
به هواداری آن عارض و قامت برخاست

مست بگذشتی و از خلوتیان ملکوت
به تماشای تو آشوب قیامت برخاست

پیش رفتار تو پا برنگرفت از خجلت
سرو سرکش که به ناز از قد و قامت برخاست

حافظ این خرقه بینداز مگر جان ببری
کآتش از خرقه‌ی سالوس و کرامت برخاست

لە ئەهلـــی دڵ قســە وەربگرە قەت مەڵێ کە خەتان
خــــەتا لە تۆیە کە مێـــشکی قسەت نەبێ، نە ئەوان
بە دوو جەهــانی نەبوو سەر نەزەر وە یا هـــــەوەسێ
عەجەب دەمەق بووە دڵ! ئەم نەوایە چن لە ســەران؟
لە نێــو دڵی شـــــەکەتم کـــــێ موقیمە؟ نازانم
کە سرتە نایە لە مـــن ئـــەو لەوێـوە دەمبەهــەران
دڵم لە سیـــــنە وەدەر هات، موتریب! ئاهـــــەنگێ
لە ناڵە ســەر خەوە! ئاخــــر هەر ئەو هــەوامە هەوان
هەتاوی کوڵمەکەتی گەر جەهان لەسەر نەدەکەوت
گـــــەرم نەبـوو نـەزەری دڵ بە ڕێبــەنانی جەهان
نەنـوسـتـووم لە پەژارەی خـەیـــاڵی شـەو لە ســەرا
خـــوماری هەر شەوەتـــم، هەر شەرابـــخانە دەوان
وەهــا شەڵاڵە لە خوێنـــی دڵم، مزەوتـی گەڕەک
بشـــــۆن ئەگەر بە شـــەرابم، گەلێ ڕەوان و ڕەوان
گـــوڵم! لە دەیری موغــان بۆیە خۆشەویســە گڵم
هــەمیشــە چون دەگرێ دڵ بە ســۆزی سینــەکەمان
لە کامــە نـــــەزم و چ‌دەزگایەکـی دەژەن موتریب
کە چوو تەمەنم و کەچی دڵ هەر ئەو هــەوایە نــەوان
دەروونـــی دوێنـەشـــەوم پڕ لە نەزمـی دەنگت بوو
ســـەرایی سینـەیی «حافــز» لە مێـژە نوقمـی سـەدان
شریتـی گیانمـــە «کۆلیـــــل»! ســـــازی ئـاوازت
وجـاخی ڕۆشنـە ئاهەنـگی گیـــانی روو لە بەیـــان

چو بشنوی سخن اهل دل مگو که خطاست
سخن‌شناس نه‌ای جان من خطا اینجاست

سرم به دنیی و عقبی فرو نمی‌آید
تبارک الله از این فتنه‌ها که در سر ماست

در اندرون من خسته‌دل ندانم کیست
که من خموشم و او در فغان و در غوغاست

دلم ز پرده برون شد کجایی ای مطرب
بنال هان که از این پرده کار ما به نواست

مرا به کار جهان هرگز التفات نبود
رخ تو در نظر من چنین خوشش آراست

نخفته‌ام ز خیالی که می‌پزد دل من
خمار صدشبه دارم شرابخانه کجاست

چنین که صومعه آلوده شد ز خون دلم
گرم به باده بشویید حق به دست شماست

از آن به دیر مغانم عزیز می‌دارند
که آتشی که نمیرد همیشه در دل ماست

چه ساز بود که در پرده می‌زد آن مطرب
که رفت عمر و هنوزم دماغ پر ز هواست

ندای عشق تو دیشب در اندرون دادند
فضای سینه‌ی حافظ هنوز پر ز صداست

خەیـالّی روومەتی تەنیـا هەوالّـی نێو دلّـی مـەن
شەمیـمی پەرچـەمی تێـکەلّ بە ئاوەزی گلّی مـەن
جەمـالّی ئێـــوە دەلیـــلی نزاکـەتی عەشقـــە
نەفـامە ئەو کەسـە بەرگر لە عەشق و مێملّـی مـەن
لە چـالّی سەر چەنـەتا هاتـە گوێ سـەدآیێ خۆش
هـەزار یۆسفـی میسـری قەتیســی بابلّـی مـەن
ئەگەر بە زولفـی درێـژت نەگـا دەسـی دلّمـان
خەتا لە بەختی پەرێش و لە دەس دەسی کولّی مەن
بە دەرکەوانی حەرەمخـانە خاسـەکەت فەرمـوو
کە ئەو فلانـە، ئەوینـداری خـاکی مەنـزلّی مـەن
بلێ بەلّـــێ بە روالّــەت لە خـزمەتـم دوورن
وەلێ هەمیشـە لەبـەر چـاوی خاتـر و دلّی مـەن
ئەگەر دەسـی دلّی «حافز» لە دەرکی دا، وەیـکەن!
لە مێـژە چونـکە بە ئـاواتی روومەتی گولّی مـەن
وە یا لە چالّی چەنەم گیـرە گیـانی«کۆلیـل»ـێ
نەجـاتی هەر بە تەنـافی درێـژی سومبـولّی مـەن

خیـــال روی تو در هــر طــریق همــره مـاست
نسیـــم مــوی تــو پیــوند جـــان آگــه مـاست
به رغـــم مدعیـانی کــه منــع عشــق کننـد
جمـــال چهــره‌ی تـو حجت موجـه مـاسـت
ببیــن که سیب زنخـــدان تو چــه می‌گـویـد
هـــزار یوسـف مصـری فتـاده در چَـهِ ماست
اگــر بـه زلـف دراز تــو دســـت مـا نـرســـد
گنـــاه بخـت پریشـــان و دست کوتـه ماست
به حاجب در خلـوت‌ســـرای خـــاص بگـــو
فـــلان ز گوشـه‌نشینـــان خـاک درگه ماست
به صـــورت از نظــر ما اگـرچه محـجوب است
همیشـــه در نظــر خــاطـــر مــرفـــه ماست
اگــر بـه ســـالی حافـظ دری زنــد بگشـــای
که ســال‌هاست که مشتاق روی چون مه ماست

لە منــێ مـەس مەکە داوا نـە دیـــانەت نـە بەڵێـــن
چون قـــەدەح نۆشی هـــەوەڵ ڕۆژم و پەیمـــانەشکێن
زوو هەڵمگرتووە دەسنوێـــژ لە چـــاوانەیـی عەشـق
تا بکەم نوێـــژ لەســەر تەرمـی جەهان، جـەم خەڵەتێن
بێـنە مەی! تاکـو بڵێـــم رازی قــەزا، ڕەمّـزی قـــەدەر
هەم بڵێـــم مەست بە بۆی کێـم و دڵم مەیلی بە کێـن
کەمــەری کێـو نیـــیەتی تاقـــەتی بـــاری کەمـەرم
عـاشقـی مەستـم و دڵ هێـــز و وزەی لوتفتـی پێـن
نییە وەک چاوی مەست، پێـی نەگەیێ چـاوی چەپـەڵ!
خۆش‌نشینێک لە ژێـر تـاقـی فەلەک غەمزەنووێـن
گیان بە قوربـــانی دەمـی بێ کە لە نێــو باخـی دییـەم
ئەوە، بۆ عالەمــی خونچــەی چەمــەنی ژینگە، هەوێـن
«حافز» ئەوڕۆکە سولەیمـــانە لە کۆی عەشقـــی سەبات
واتە ئەو دەوڵـــەتی وەسڵەی چووە، هەر بــای لە جێـن
هەرکــە «کۆلیـــــل»ـی ئەوینت بـووە ئایینـــی نەمــا
کێ کەمـەن‌کێشـــی شـــەوی زولفتــە ئایینـی لەوێـن

مطلب طاعت و پیمان و صلاح از من مست

که به پیمانه کشی شهره شدم روز اَلَست

من همان دم که وضو ساختم از چشمه‌ی عشق

چار تکبیر زدم یکسره بر هرچه که هست

می بده تا دهمت آگهی از سر قضا

که به روی که شدم عاشق و از بوی که مست

کمر کوه کم است از کمر مور اینجا

ناامید از در رحمت مشو ای باده‌پرست

بجز آن نرگس مستانه که چشمش مرساد

زیر این طارم فیروزه کسی خوش ننشست

جان فدای دهنش باد که در باغ نظر

چمن‌آرای جهان خوش‌تر از این غنچه نبست

حافظ از دولت عشق تو سلیمانی شد

یعنی از وصل تواش نیست بجز باد به دست

کەنینی سوورە گوڵە و (هەی بەنازی) بولبولی مەست
(شـــرین بەهـــارە) دەبیسم لە شێخی بادەپەرەست
غورووری تۆبـە کە وەك مەڕمەڕی رەقـی دەنووان
ئەشـــا کە جامـــی بلوورین چلـۆنـی داوە شکەست
دە تێـــکە مـــەی! کە لە دیـــوانی بێ‌نیـازی خـــودا
چ دەرکـــەوان و چ شـــا یا چ وەشیـــار و چ مـەست
لە ئەم غەریبەســـەرا دوو دەرەت، زەروورەتە کـۆچ
کەوایـە ماڵـــی ژیانـــت چ سەربڵێـــند و چ پـەست
بەهەشت و هەشتی کەسێ بێ‌خەبات و هەوڵ نـــەدی
بەڵێ بە ئەمری بەلا بەستـــراوە عەهـــدی ئەلـەست
غەمیـــن مەنیشـــە بە بـوون و نەبـون، کە عاقیـــبەتی
بە کۆی کەمـــاڵ گەیشتـــن بـەرەو زەواڵـە مەبـەست
وەزیـری ئاسـەف و ئەسپـــی سەبـــا زمانی مـەلات
بە کەڵکی خاجە نەهاتن کە بەختـــی دابو لە دەست
مەنـــازە بـاڵ و پەڕت! چەشنی تیـــری سـەر بە هـەوا
دەنـا دەمت دەچـەقێ عاقیبەت لە خاکـــی کەنەست
لە دەستـــی نایە قەڵەم ئەو سپاســـە قـــەت «حافـــز»!
کە دەفتـــەری غەزەڵت چۆن لەنێوە دەست بە دەست
کە بولبـــولی خڵـــەتان بۆ سەبـــا گولاڵـــە، ئـەدی
«عومەر» لە گەڵ گوڵی حاشا قەرار و قەوڵی نەبەست

شکفته شد گل حمرا و گشت بلبل مست
صلای سرخوشی ای صوفیان باده‌پرست
اساس توبه که در محکمی چو سنگ نمود
ببین که جام زجاجی چه طرفه‌اش بشکست
بیار باده که در بارگاه استغنا
چه پاسبان و چه سلطان چه هوشیار و چه مست
از این رباط دودر چون ضرورت است رحیل
رواق و طاق معیشت چه سربلند و چه پست
مقام عیش میسر نمی‌شود بی‌رنج
بلی به حکم بلا بسته‌اند عهد الست
به هست و نیست مرنجان ضمیر و خوش می‌باش
که نیستی‌ست سرانجام هر کمال که هست
شکوه آصفی و اسب باد و منطق طیر
به باد رفت و از او خواجه هیچ طرف نبست
به بال و پر مرو از ره که تیر پرتابی
هوا گرفت زمانی ولی به خاک نشست
زبان کلک تو حافظ چه شکر آن گوید
که گفته سخنت می‌برند دست به دست

بە بزەی لێو قژی پەخشان عەرەقی روو سەری مەس
بە یەخەی باز و بە گۆرانی و جامێک لە دەس
بە کریشمەی فەن و فێڵ و بە شەڕ و شۆڕی دو چاو
نیوەشەو هاتە سەرینم مەس و زانا بە مەبەس
سەری هێنایە بنا گوێم و بە دەنگێکی بەسۆز
وتی ئەی عاشقی مێژینە شەوی خەو بەسە بەس!
عاشقێ جامە شەرابێکی وەها شەوگری بێت
بە ئەوین کافرە، رسوا کە نەبێ و بادەپەرەس
خەبەرێکی نییە زاهید لە خەلاتی ئەزەلی
تانە لەو خڵتەبنۆشانە ئەدا وا بە هەوەس
هەرچی ئەو رشتییە پەیمانە، بە دڵ نۆشیمان
ئاوی کەوسەر بووە یا خۆ لە شەرابی مەس و خەس
بە بزەی لەعلی مەی و زولفی گرێچینی نیگار
تۆبە بشکێنی وەکوو «حافز»ی بێچارە فرەس
کەس دڵێکی نییە لەم زێدە کە لای ئێوە نەبێ
دڵی لا تۆیە «عومەر» تۆ بی و خوا نەیدەیە کەس!

زلف آشفته و خوی کرده و خندان لب و مست
پیرهن چاک و غزل‌خوان و صراحی در دست
نرگسش عربده جوی و لبش افسوس کنان
نیم‌شب دوش به بالین من آمد بنشست
سر فرا گوش من آورد به آواز حزین
گفت ای عاشق دیرینه‌ی من خوابت هست؟
عاشقی را که چنین باده‌ی شبگیر دهند
کافر عشق بود گر نشود باده پرست
برو ای زاهد و بر دردکشان خرده مگیر
که ندادند جز این تحفه به ما روز الست
آن چه او ریخت به پیمانه ما نوشیدیم
اگر از خمر بهشت است وگر باده‌ی مست
خنده‌ی جام می و زلف گره گیر نگار
ای بسا توبه که چون توبه‌ی حافظ بشکست

بۆ دەیـــری موغـــان هاتـــۆ ساقـــی بە شـــەرابێ خـــەس
ئەو مەس بە دەس و جامـی، من مەس بە دو چـاوی مەس
دەرکـــەوتـووە مـانـگـــی نۆ وەك نـالـّــی پەلـی ئەسپی
لا بـــەژنـی بڵیـــندی ئـەو هـــەر سـەوڵ و سنــەوبەر پـەس
حەققـم نیـــیە بێـــژم هـەن هـۆشێ لە ســـەرم، خۆ نیـــن
یـــا خـۆ نیـــیە بێـــژم نیـــن بـۆ ئـەو نـــەزەرم، خـۆ هـەس
هـــــاواری هـــەواداران هەستـــا کـە ئـەویــــن دانیشت
مـۆمـی دڵـەکــــەم ســووتا هەستـا کە گـوڵی ئەتڵــــەس
خۆشبـــۆیە ئەگـەر عەمبـــەر ئالا لـە قـــــژی دڵبـــــەر
وەك وسمـــە کەمــان کێشی فێـــر بوو لە بـرۆی پەیـوەس
بێـــــرۆ کە هـەتـا بێتـــۆ «حافـز» تـەمـــەنی، هــەرچـەن
تیــرێ لە کــەمـــان دەرچـــوو نایێـتەوە بۆ هەرکـــــەس
ئەی جەرگـــی هەموو عــالەم لەتلەت بە بـرۆی تیــژت
«کۆلیـــــل» لەبەر چـــاوی بـازی بەزەییـــتا چـەس؟!

در دیـر مغـــان آمــد یـــارم قدحــی در دست
مســت از مـی و میـخواران از نرگس مستش مست
در نـعــل ســمــنــد او شکــل مــه نــو پیـــدا
وز قــد بلنـــد او بــالـــای صنــوبــر پســـت
آخر به چه گویم هست از خود خبرم چون نیست
وز بهر چه گویم نیست با وی نظـرم چـون هسـت
شمـع دل دمســـازم بنشـست چــو او برخـاست
و افغـان ز نظـربازان بـرخـاست چو او بنشست
گــر غالیـه خـوش‌بو شـد در گیسـوی او پیچید
ور وسمـه کمانکـش گشت در ابـروی او پیـوست
بـــازآی کـه بـــازآیـد عمـــر شـده‌ی حـافـظ
هر چنـــد کـه نایـد بـاز تیـری که بشد از شست

قەسـەم بە گیانی جەنابت! بە عەهـد و حورمەتی کۆن
کە هاوەڵی سەحـەرم هەر دوعـا بە دەوڵەتی تـۆن
سرشکی من کە لە تۆفـانی نووحی بـردەوە مـەرج
لە سینـە نەیبـووە یـارا ئەوینی ئێـوە، وەشـۆن
دڵـم بسێنـە ئەگەرچـی شکـاوە، بەمجـۆرەش
دەژی هەزار و گەلێ دڵ، کە ساغ و هەمدەمی خۆن
زمـاندرێـژیـی مێـروو بە ئاسـەفی مـە، رەوان
کە چۆنە خاتـەمی دڵبـەر کراوە بێ‌سـەر و شۆن
لە لوتفی بێ‌حـەدی دڵبـەر نەکەی تەمـاح ئەی دڵ!
کە مـافی تۆ نیـیە، عاشـق بە لافی یـار دەڕۆن
بە سوبحی دووهەم و راسـی، دەمت هەتـاوی لە دون
وەها کە سوبحی بەرین، رووڕەشـی هەواڵـی درۆن
بە عەشقـی ئێـوە لە دەشت و دەرم کەچـی هێمـا
شلـت نەکـردووە بەنـدی جەفا لـە دڵ، کە بە تـۆن
مەڕەنجـە «حافز»! ئەوەی دڵ دەبـا وەفـا نیـیە لای
لە باخـی مەگـرە ئەگـەر تیا نەبوو گوڵێکی بە بـۆن
لە دۆسـی بیسـتووە «کۆلیـل» با بە تۆشـی بڵێـم
زەواڵـی دەوڵـەتە کـاتێ غـەمی هـەژار نەخـۆن

به جـان خواجه و حـق قدیم و عهـد درست
که مونـس دم صبحـم دعـای دولـت توست

سرشـک من که ز طـوفـان نوح دسـت برد
ز لوح سینــه‌ی نیـارست نقش مهـر تو شست

بکـــن معاملــه‌ای ویـن دل شـکستـــه بخـــر
که با شکسـتگی ارزد به صـــد هـــزار درست

زبان مـور به آصـف دراز گـشت و رواســت
که خـواجه خـاتم جم یاوه کرد و بـازنجست

دلا طمـع مبـــر از لطـف بی‌نهـایت دوسـت
چو لاف عشق زدی سـر بباز چابک و چست

به صـدق کوش که خورشیـد زایـد از نفست
کـه از دروغ سیـــه‌روی گشت صبـح نخست

شدم ز دست تو شیدای کوه و دشت و هنـوز
نمی‌کنـــی به ترحـــم نطـاق سلسلـه سست

مرنـــج حافـــظ و از دلبـــران حفـــاظ مجـوی
گنـــاه بـــاغ چه باشـــد چو این گیـــاه نرست

مەستـــم بە خـەیاڵــت چ نیـــازێ بە شـەراوە
ئەی خوم سەری خۆ هەڵگرە خومخانە روخاوە
سـەد جـامی بەهەشتـــم بدەنێ تاڵــە بە بێ تۆ
ساقیـشم ئەگـەر عـازەوە هەر عـەینی عەزاوە
هـاوار کە چوو دڵبەر و بۆ وێنـەگری هۆش
کێشـانی خەت و خـاڵی، حوبابی سـەری ئاوە
ئەی دیـدە لە خەو هەستـە! بە سێڵاوی دەمادەم
هـا! وەختـە بخنکی، خەوی ئەم شوێنـە خراوە
دڵبـەر بە عەیان دێت و لە تۆ چێـرە دەپۆشـێ
چـون زێڕی ئەوینـی دڵی تۆی، قەڵبە بە لاوە
لەو رۆژەوە گوڵ ئارەقی سەر کوڵمی ئەتۆی دی
بـەو ئـاگـرە ســووتـاوە کە وا نوقمـی گوڵاوە
تا وەرزی گوڵ و پاکیـیە دوورۆ نـەکـەوینـــۆ
لـەم کـانی و سـەر ئـاوە، کە دونیاکە سـەراوە
«حافز»! چییە بەم عاشقـی و بەزمە کە کەوتووی
ئەم گەنجـە لەبۆ گەنجــە، نە پیـرێکی چەماوە
من ماڵــی دڵــم پڕیە لە ناڵـەی نەی و شمشـاڵ
تۆ بەس کە نەسێحەت! کە سـەرم قوفڵی دراوە
سەرمەس کە لە دەر هات دڵی ئێمە وەدەر هات
بەم حاڵەوە «کۆلیـل»ـی بەجێ‌هێشت و گەڕاوە

ما را ز خیال تو چه پروای شراب است
خم گو سر خود گیر که خمخانه خراب است

گر خمر بهشت است بریزید که بی‌دوست
هر شربت عذبم که دهی عین عذاب است

افسوس که شد دلبر و در دیده‌ی گریان
تحریر خیال خط او نقش بر آب است

بیدار شو ای دیده که ایمن نتوان بود
زین سیل دمادم که در این منزل خواب است

معشوق عیان می‌گذرد بر تو ولیکن
اغیار همی‌بیند از آن بسته نقاب است

گل بر رخ رنگین تو تا لطف عرق دید
در آتش شوق از غم دل غرق گلاب است

سبز است در و دشت بیا تا نگذاریم
دست از سر آبی که جهان جمله سراب است

در کنج دماغم مطلب جای نصیحت
کاین گوشه پر از زمزمه‌ی چنگ و رباب است

حافظ چه شد ار عاشق و رند است و نظرباز
بس طور عجب لازم ایام شباب است

زۆرن ئەسیری زولفی بە داوی چلێ لە مووی
بەستوویە ڕێ لە چارە، لە دوو لا، لە پشت و ڕووی
تا گیان بە بۆی نەسیمی بدەن عاشقان، گرێی
کردۆ لە زولفی، ژەندی لە دڵ دەرکی هاتوچووی
شەیدام ئەمێستە بۆیە گوڵم عەینی هەیڤی نۆ
ئەبرۆی نوواند و جیلوەگەری کرد و بەستی رووی
حەورەنگ و جۆری رشتووە مەیگێڕ، مەی لە جام
عەینی بەهارە یانی ئەوەی وا لە نێو کەدووی
مینای مەی خودایە! بە جورمی چ غەمزەیێ
نالەی شەراب گیرە لە لوولەی کپی گەرووی
موتریب چلۆن نەوایەکی لێدا کە وا سەما
شێوا لە ئەهلی خەڵوە نەما بەزم و هایوهووی
«حافز»! کەسێ کە وەسڵی تەمەننایە بێئەوین
لەشپیسی کۆی سەفایە لە ئیحرامی ئارەزووی
دەسنوێژی عەشقی هەرکە نەگرتون بە خوێنیسوور
وەک لاوی کوردەواری، لە جۆی جەرگی پارەبووی

زلفت هزار دل به یکی تار مو ببست
راه هزار چاره گر از چار سو ببست
تا عاشقان به بوی نسیمش دهند جان
بگشود نافه‌ای و در آرزو ببست
شیدا از آن شدم که نگارم چو ماه نو
ابرو نمود و جلوه‌گری کرد و رو ببست
ساقی به چند رنگ می اندر پیاله ریخت
این نقش‌ها نگر که چه خوش در کدو ببست
یا رب چه غمزه کرد صراحی که خون خم
با نعره‌های قلقلش اندر گلو ببست
مطرب چه پرده ساخت که در پرده‌ی سماع
بر اهل وجد و حال در های‌وهو ببست
حافظ هر آن که عشق نورزید و وصل خواست
احرام طوف کعبه‌ی دل بی وضو ببست

ئەو شەوەی پێوەندە ئەهلی دڵ دەڵێن هەر ئەمشەوە
خوایە کام ئەستێرە ئەوشۆ خۆش بڵێسە و پڕتەوە؟
تا نەگا نامەحرەمێ دەستی بە زولفی، هەر دڵێ
زیکری یارەب یارەبە و سەرشۆڕی تاڵی مووی ئەوە
دڵ هیلاکی چاوی چەنەی ئێوەن عەزیزم! هەر وەکوو
سەد هەزاران گەردنی گیانت لە تەوقی غەوغەوە
مانگی چەرخ ئایینەداری شاسواری ئێمەیە
تاجی شیرینی هەتاوم خاکی بەرپێی خوسرەوە
ئارەقی هەنیەی تەماشا کەن! کە خۆری گەرمەتاو
چۆن هەموو رۆژێ لە عەشقی ئاوی کوڵمی بێ‌خەوە
تەرکی لێوی یار و جامی مەی بە من قەت ناکرێ
زاهیدا! بمبوورە من پیری موغانم رێڕەوە
بۆ سولەیمان زین سەبا هەردەم دەکەن، ئێژم بە خۆم
نەچییە ئەم مەیدانە تۆ مێروووسوواری داکەوە!
کێ لە ژێر چاوی هەزاران تیری بۆ دڵ خستە رێ
هەر بزەی ژێر لێوی ئەو دەرمانە، وەک دەردم بەوە
ئاوی ژینی لێ‌دەچۆڕێ «حافز»! نووکی قەڵەم
چاوی دژ دەربێ! خەتی تاریکی وەک زولفی شەوە
تێکەڵن پەخشانی زولف و شیعری «کۆلیل»ـت، دەڵێی
لەنجەیی کۆتر، رەمۆکی مامز و خاڵی کەوە

آن شب قدری که گویند اهل خلوت امشب است
یا رب این تاثیر دولت در کدامین کوکب است
تا به گیسوی تو دست ناسزایان کم رسد
هر دلی از حلقه‌ای در ذکر یارب یارب است
کشته‌ی چاه زنخدان توام کز هر طرف
صد هزارش گردن جان زیر طوق غبغب است
شهسوار من که مه آیینه‌دار روی اوست
تاج خورشید بلندش خاک نعل مرکب است
عکس خوی بر عارضش بین کآفتاب گرم‌رو
در هوای آن عرق تا هست هر روزش تب است
من نخواهم کرد ترک لعل یار و جام می
زاهدان معذور داریدم که اینم مذهب است
اندر آن ساعت که بر پشت صبا بندند زین
با سلیمان چون برانم من که مورم مرکب است
آن که ناوک بر دل من زیرچشمی می‌زند
قوت جان حافظش در خنده‌ی زیر لب است
آب حیوانش ز منقار بلاغت می‌چکد
زاغ کلک من به‌نام ایزد چه عالی‌مشرب است

خودا هەر ئەو دەمە نەخشی برۆتی دا لە قەڵەم
کریشمە کانتی فەرموو بە شەوکەرانی ستەم
کراسی نێرگزی مەستی، فەلەك لە بەر تۆیە و
من و چناری چەمەن، خاکساری سەروی ئیرەم
شنەی سەحەر کە بە عەشقت سەرێکیدا لە چەمەن
گرێ برا لە دەمی غونچە وەك لە دڵ گرێ غەم
زەمانە کردمی رازی کە شێتی زولفت بم
وەلێ چ سوود وەلێ! رێگەتی نەدا شەوی شەم
دڵی هەزار گرێ چن نەکەی! وەکوو زولفت
لە سینەما، کە بەڵێنی گرێ گوشاتە، رەقەم
نەسیمی سروە، وتم سەر لە نۆ ژیانی منە
ئەشا چ سەیرە ئومێدی دڵی هەژار و هەڵەم
بە پێکەنین وتی «حافز»! کە پاتی نەبەستووە کەس
لە دەستی تۆ کە وتم، تەرکی ئەم دیارە دەکەم
حەکایەتی منی «کۆلیل»و جورمی چەرخی دییەت
لە کوفری زولفی عەرەب نایە چەشنی لێوی عەجەم

خــدا چو صورت ابروی دلگشای تو بست
گشـاد کار من اندر کرشمــه‌هـای تو بست

مــرا و ســرو چمــن را به خـاک راه نشاند
زمانـه تـا قصــب نرگس قبــای تـو بسـت

ز کــار مـا و دل غنچــه صــد گره بگشود
نسیـم گل چو دل اندر پی هـوای تو بست

مـرا به بنــد تو دوران چــرخ راضی کـرد
ولی چه‌سود که سررشته در رضای تو بست

چو نافــه بر دل مسکیـن من گـــره مفکـن
که عهـد با سـر زلف گره‌گشــای تو بست

تو خود وصــال دگر بودی ای نسیم وصال
خطا نگر که دل امیــد در وفــای تو بست

ز دست جور تو گفتم ز شهر خواهــم رفت
به خنده گفت که حافظ برو که پای تو بست

خەڵوەتنشین ئەرێ بە تەماشا نیازی چین
مەجنون لە کۆشی لەیلی بە سارا نیازی چین

تۆ ئەو نیازە هەر بە خودا بووتە! چی دەبێ
بێت و دەمێ بپرسی لە دڵما نیازی چین

تۆ بیو خوداکەت ئەی مەلەکەی جوانی ئاگرم
تێچوو، ژەمێ بپرسە نەدارا نیازی چین

خاوەن نیازە سینە وەلێ لاڵە زارمان
لای ئەو کەسەی کەریمە بەداوا نیازی چین

خوێنم حەلاڵی دەستەکەتن، گەر نیازی پێن
گیانێ کەماڵی خۆتە بە یەغما نیازی چین

جامی جەهاننووێنە دڵی ڕۆشنی ئەوین
هەڵکردنی شەمۆڵە بە ڕۆژا نیازی چین

دی باری منەتی مەلەوانم نەما لە کۆڵ
گەوهەر کە دەستی داوە بە زەریا نیازی چین

ئەی دژمنی سەر و گەلەکەم گوم بە زوو لە لام!
دۆسان لە دەور و پشتن بە ئەعدا نیازی چین

گیانبەخشە لەعلی ئێوە، دەزانێ بەراتی دڵ
هەر ماچی لێوی ئاڵە، تەقازا نیازی چین

«حافز» وتەی تەواوە، هونەر خۆری دەردەخا
دژمن کە دژ بە خۆیە بە داوا نیازی چین

شیعر و هونەر لە دەوری«عومەر»حەددی وا لە سەر
ئێژن بە دەمهەراش و بە کوێغا نیازی چین

خلوت گزیــــده را بـه تماشـــا چـه حاجت‌است

چون کوی دوست هست به صحرا چه حاجت‌است

جانــا بـه حاجتـــی کـه تـو را هست بـا خـــدا

کآخـــر دمی بپـرس کـــه مـا را چه حاجت‌است

ای پادشــــاه حســن خـــدا را بسوختیـــم

آخـــر ســال کن که گـــدا را چه حاجت‌است

اربــــاب حاجتــــیم و زبـان ســـال نیست

در حضـــرت کریـــم تمنـــا چه حاجت‌است

محتـــاج قصـــه نیست گرت قصـــد خون مـاست

چون رخت از آن توست به یغمـا چه حاجت‌است

جـــام جهـــان نمـــاست ضمیـــر منیـــر دوست

اظهـــــار احتیـــاج خود آن‌جا چه حاجت‌است

آن شـــد کـه بـار منـــت مـــلاح بردمـــی

گوهـــر چو دست داد به دریـــا چه حاجت‌است

ای مـــدعی بـــرو کـه مـــرا بـا تـو کـــار نیست

احبـــاب حاضـــرند به اعـــدا چه حاجت‌است

ای عـــاشق گـدا چو لب روح بخـــش یـــار

می‌دانـــدت وظیفـــه تقاضـــا چه حاجت‌است

حافـــظ تو ختم کن که هنـــر خود عیـــان شود

بـا مـدعـــی نـــزاع و محـاکـا چه حاجت‌است

سەرای مەردمی چاوم کە باڵەخانەی تۆن
کەرەم کە دابەزە تێدا کە یانە یانەی تۆن
لە عارفان بە دنەی خاڵ وخەت رفانت دڵ
گەلێ مەلی دڵە دیلە و لە داوی دانەی تۆن
دڵت بە بووکی گوڵ ئەی بولبولی سەحەر شا بێ
کەژ و چەمەن شەڵەقاوی حەزی تەرانەی تۆن
غەمی دەروونی مە بسپێرە لێوی لوقمانت
کە لەعل و گەوهەری شایی لەنێو خەزانەی تۆن
بە لەش ئەرێ لە سنووری حوزوورتان دوورم
وەلێ گەڵاڵەیی گیان خاکی ئاستانەی تۆن
بە گەنجی دڵمی نەبوو رێگە دڵبەرێ هەرگیز
کە ئەو خەزێنەیە هەر شەقڵی جاویدانەی تۆن
لە خێڵی سیحرە مەگەر شاسواری چالاکم
کە ئەسپی چەرخی فەلەك رەخشی رۆستەمانەی تۆن
نە هەر ئەمن، فەلەکی فێڵەواز هەڵدەخزێ
بە ئەو بەهانە و مەکرەی لە نێو هەوانەی تۆن
نەوای مەجلیس ئەمێستا فەلەك دەخاتە سەما
کە شیعری«حافز»ە گوڵبانگی ئەم شەوانەی تۆن
زەمانی ئێوە لە «کۆلیل»ی هەر نەبوو باسێ
هەواڵی ئێمە وەلێ سەرخەتی زەمانەی تۆن

رواق منظر چشم من آشیانه‌ی توست
کرم نما و فرودآ که خانه خانه‌ی توست
به‌لطف خال و خط از عارفان ربودی دل
لطیفه‌های عجب زیر دام و دانه‌ی توست
دلت به وصل گل ای بلبل صبا خوش باد
که در چمن همه گلبانگ عاشقانه‌ی توست
علاج ضعف دل ما به لب حوالت کن
که این مفرح یاقوت در خزانه‌ی توست
به تن مقصرم از دولت ملازمتت
ولی خلاصه‌ی جان خاک آستانه‌ی توست
من آن نیم که دهم نقد دل به هر شوخی
در خزانه به مهر تو و نشانه‌ی توست
تو خود چه لعبتی ای شهسوار شیرین کار
که توسنی چو فلک رام تازیانه‌ی توست
چه جای من که بلغزد سپهر شعبده‌باز
از این حیل که در انبانه‌ی بهانه‌ی توست
سرود مجلست اکنون فلک به رقص آرد
که شعر حافظ شیرین‌سخن ترانه‌ی توست

به فیکری خۆوه به، واعیز! بەسی کە وەعزی درۆ
منـــم دڵـــم بووه رســوا! ئەتۆ له شینیی و رۆ؟
له سەردەمـی کە خودا گوم له چاوی دامەرزان
نهێـن گرێیــه کە، دەستی عەقـڵ دەبات له گۆ
به ئارەزوم نه گەیێنێ کە لێـوی وەک شمّشـاڵ
نەسێحەتی ئەم و ئەو هـەر هـەوایه دێت و دەڕۆ
هەژاری حەزرەتی تۆ بێ نیازی هەشت بەهەشت
له هەر دو عالـەمە ئـازا ئەسیـری عەشقی ئەتۆ
خـراوی کردم ئه گەرچی ئەوینـی سەر به هەوا
هەر ئەو خراپیـیه بوو، بۆ هەمیشـه مانمـــه هۆ
مەناڵــه سینه له بێـداد و زڵمــی یـــار، کە ئەو
نەسیبتی ئەمـــه فەرموو له کــۆنه یاکو له نۆ
(هەجیمەجی) مه کە «حافز»!کە فوو له موو داوه
ئەمن حەکایەت و فێــڵی فـرەم ژنەفتـــه له تۆ
گەلێکی دی مەلی عاشق وتی وەکوو «کۆلیـل»
گەدای ئەوینـم و دەرباز، دیـم کە بوو بـه هەڵۆ

برو به کار خود ای واعظ این چه فریـادست

مـرا فتـــاد دل از ره تـــو را چـه افتــادست

میــان او کـه خــدا آفریــده است از هیـــچ

دقیقـه‌ای‌ست که هیـچ آفــریــده نگشادست

به کـــام تا نرســـاند مرا لبش چون نـــای

نصیحــت همــه عـــالم به گوش من بادست

گـدای کوی تو از هشت خلـد مستغنـی‌ست

اسیــر عشق تو از هــر دو عـــالم آزادست

اگرچـه مستـی عشقـــم خــراب کـرد ولـی

اســاس هستی مـن زان خــراب آبــادست

دلا منـــال ز بیـــداد و جــور یــار، که یــار

تو را نصیب همین کرد و این از آن دادست

برو فســانه مخوان و فســون مــدم حافــظ

کـز این فســانه و افســون مــرا بسـی یادست

تاکو شـــانەی سەری زولفت دەمی سروەی سەحەرە
دڵی شێـــواوی ئەمـــن دەوڵەتـــی دەرد و کەســـەرە
چاوی جادووگەری تۆ دەس‌خەتی سیحرێکی رەشە
وەی لە ئەم دەست و خەتەی چەندە خومار و خەتەرە
چییە ئەو نوختە رەشـــەی وا لە خەمی زوڵفەکەتا
وەکو نوختـەی حەرەمی جیمـە لە ماڵـی چەمەرە
زولفی قەتـرانی و پەخشانی لەسەر کوڵمی دەڵێـی
چەتـــری تاووسە لە نێـو باخـی بەهەشتی هونەرە
دڵەکـەم، مۆنیسی گیـانم! بە ئەوینـی گوڵی رووت
خاکی بەر پێی شنـــەباییکە کە کۆی تۆی گوزەرە
هەر ئەوەن قورسە مەقـــامم کە لەگەڵ ئێـــوە دەبـم
رۆحی خـاوەن پەڕ و باڵـم لە فـــڕین بێخەبەرە
سێبەری سەروی تەڕت وەک دەمـی عیسا لە ســەرم
سێـبەری گیـــانە لە بەر ئێسکی پتووکـــاوی سەرە
دوێنە حاجی حەرەم و مەحرەمی کابە و حەجی بووم
چوومە مەیخـــانە ئەمێستـــا کە حەجی تۆم لە بەرە
«حافز»ی بێ سەرو شوێن قەوڵی بە غەم داوە قەدیـم
ئێتتیحادی دڵ و غـــەم قەوڵـــی قەدیمـــی لە سەرە
ئێمە «کۆلیـل»ـی غەمین و لەگەڵ ئێمەش غەمە شـاد
عەهـد و پەیمانی من و غەم وەکو عەدڵ و «عومەر»ە

تا سر زلف تو در دست نسیم افتادست

دل سودازده از غصه دونیم افتادست

چشم جادوی تو خود عین سواد سحرست

لیکن این هست که این نسخه سقیم افتادست

در خم زلف تو آن خال سیه دانی چیست

نقطه‌ی دوده که در حلقه‌ی جیم افتادست

زلف مشکین تو در گلشن فردوس عذار

چیست طاووس که در باغ نعیم افتادست

دل من در هوس روی تو ای مونس جان

خاک راهی‌ست که در دست نسیم افتادست

همچو گرد این تن خاکی نتواند برخاست

از سر کوی تو زان رو که عظیم افتادست

سایه‌ی قد تو بر قالبم ای عیسی دم

عکس روحی‌ست که بر عظم رمیم افتادست

آن‌که جز کعبه مقامش نبُد از یاد لبت

بر درِ میکده دیدم که مقیم افتادست

حافظ گمشده را با غمت ای یار عزیز

اتحادی‌ست که در عهد قدیم افتادست

شـەراب تێـکەوە سـاقی تەمـەن بەرەو بـادە
ئەسـاسی کۆشکـی ئەمـەل بوومەلـەرزە بونیـادە
غولامی سەروی رەوانم کە سـەوز و سـەربەرزە
کەنیـزی رەنـگ نـەبـوو وا هەمیشـە ئـازادە
بلێیم لە مەیکەدە دوێشەو سەری خراپ و مەست
لە غەیبـی موژدە چ بۆ هـات؟ وا ئەوەن شادە
ئەیا هەلـۆ سپی، ئەی بەرزەفـڕ، لە سیـدرە نشین!
شیـاوی تۆ نییە لانەت نشێـوی بێـدادە
لە ژووری عەرشەوە بانگت دەکەن ئەرێ گیانت
لە ئەم فـریوگەیە گوێ بیستی کـامە فەریادە
لە ئێمـە بژنەوە پەنـدێک و بیکـە سەرمەشقت
کـە ئـەم کەلامـە لە شێـخی تەرێقـەتم یادە
ببیسـە لێـم غەمـی دنیـا مەخۆ! وتی پیـرێ
کە عەشقـی لێـوی ئەوم رێنووێن و ئوستـادە
بە قسمـەتی ببـە رازی جەمـی کە چیـنی برۆ
مەگـەر کە شـەش‌دەری نەردی زەمانە ئازادە؟!
بەلێـن و قەولێ بە دونیـا نەبوو مەگەر حاشـا
کە ئەم قـوڕۆلە وەویلـەی هـەزار دامـادە
لە پێکـەنینی گولا چون وەفـا نیشـانی نەبوو
بنالـە بولبـولی شەیـدا کە وەختی هەی دادە
بە نەزمی «حافـز» ئەسـووتێ نەزان و نـازانێ
پەسـەنـدی خاتـر و قەنـدی غـەزەڵ خودادادە
هەتا لە گۆیە دەمـی فیتـنە ئێمـە «کۆلیـل»ـین
هەمیشـە شیوەنی شیـرین و مـەرگی فەرهـادە

بیـــا که قصـــر امل سخـت سست بنیـــادست
بیـــار بـــاده کـه بنیـــاد عمـــــر بربـــادست
غـــلام همت آنـــم که زیر چـــرخ کبـــود
ز هـــرچه رنـــگ تعلـــق پذیـــرد آزادست
چه گویمت که به میخانه دوش مست و خراب
ســـروش عالم غیبـــم چه مژده‌هـــا دادست
که ای بلنـدنظـــر شاهبـــــاز ســـدره‌نشیـــن
نشیمـــن تو نه ایـن کنـــج محنت‌آبـــادست
تو را ز کنگـــره‌ی عرش می‌زننـــد صفیـــر
ندانمـت کـه در ایـن دامگـــه چه افتـــادست
نصیحتی کنمـت یـاد گیـــر و در عمـــل آر
کـه ایـــن حدیـث ز پیـــر طریقتـــم یـادست
غـــم جهـــان مخور و پنـــد من مبـــر از یـــاد
کـه این لطیفـه‌ی عشقـــم ز رهـــروی یادست
رضـــا به داده بـــده وز جبیـــن گره بگشـــای
کـه بـر مـن و تـو در اختیـــار نگشـــادست
مجـو درستـــی عهـد از جهـــان سست نهـــاد
که ایـن عجـــوزه عـــروس هـــزار دامـــادست
نشـــان عهـد و وفـــا نیست در تبسـم گـل
بنـــال بلبـــل بیـــدل کـه جـــای فریـادست
حسـد چه می‌بـــری ای سست نظـــم بر حافـظ
قبـــول خاطـــر و لطـــف سخـن خدادادست

بێ ڕۆژی دەمت ژووری دڵــم نووری نەمــاوە

غەیری شــەوی شیـوەن تەمەنم سووری نەماوە

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووی چاو شینــی ئەوەن کرد

پەرژین بــێ لە تۆ! غەیری شەتی سووری نەماوە

خاڵی لە خەت‌وخاڵی ڕوخت چــاو بووە، بۆیێ

هــاوارییــە ئەم ماڵە پەڵـەی نــووری نەمــاوە

وەسڵت لە سەرم دووری دەخستۆ ئەجەل ئەمما

فەسڵت ئەمەلــی مەرگمــە ڕێی دووری نەماوە

نێــزیکە ڕەقیبــم کە خەبــەر بــا بە ئەم و ئەو

ئۆخـەی کە ئەویــن عاشقـی ڕەنجووری نەماوە

دەرمـانی غـەمی تۆ کـە ببــێ سەبــرە، بەڵامــێ

بێچــارە دڵ ئەم کارە لە مەقــدووری نەماوە

ئەو ڕشتـە لە هیجــرت کە دییەم هۆنییەتۆ بۆت

سەدحەیف جیگەر گەوهەری بەرمووری نەماوە

شین ژەندی دەمی «حافز»و دەردی بە کەنیـن دا

غەمبارن و هۆکــاری بزەو شــــووری نەمــاوە

ئەو پەرچەمی پڕچینیە پەرژین لە «عومــەر» بوو

بۆچــی گەلی چیـن ڕەغبەتـی فەغفوری نەماوە

بی مهر رخت روز مرا نور نماندست

وز عمر مرا جز شب دیجور نماندست

هنگام وداع تو ز بس گریه که کردم

دور از رخ تو چشم مرا نور نماندست

می‌رفت خیال تو ز چشم من و می گفت

هیهات از این گوشه که معمور نماندست

وصل تو اجل را ز سرم دور همی‌داشت

از دولت هجر تو کنون دور نماندست

نزدیک شد آن دم که رقیب تو بگوید

دور از رخت این خسته‌ی رنجور نماندست

صبر است مرا چاره‌ی هجران تو لیکن

چون صبر توان کرد که مقدور نماندست

در هجر تو گر چشم مرا آب روان است

گو خون جگر ریز که معذور نماندست

حافظ ز غم از گریه نپرداخت به خنده

ماتم‌زده را داعیه‌ی سور نماندست

باخـــی دڵـــم چ کـــاری بە ســـەوڵ و سنـــەوبەرە
شمشـــاڵی ســەر لە هەر دو، یەقیـــن بەژنی دڵبـــەرە
ئەی لاوی شۆخ بێـــژە لەســـەر کامـــە دینـــی وا
وەك شیـری داكـی خۆتــە رەوا خوێنی یەكسەرە
ساقـی دە تێکە بادە! کە خـــۆی داوە غـــەم لە دەق
شـــابـــاشـــی ئەو نیگـــارە شـــەرابـی موعـــەتتـــەرە
چۆن ســـەر لە ئاستـــانی مورادی موغـــان نـەدەم
بەختـــم کـە لـەو ســـەرایـە، موریـــدم کە بـەو دەرە
باســـی ئەویـن یەكێـــکە ســـەرم گێـــژە هەر لەمە
هەرکــەس کە لێـــی دوواوە، تــەڕە و تــازە نۆبـەرە
دوێ قەوڵی وەسڵــی دا بە سەرێ مەست و پڕ لە مەی
ئەمـــرۆ هەتـــا بڵـــێ چیی‌و چی کـەی لە بن ســـەرە
شیـــراز و ئـاوی روکـن و نەسیمـــی ســـەحـەردەمـــی
خاڵـــی لە عەیب و خاڵـــی چەنەی هەرچـی کیشوەرە
ئـــاوی خـــدر لە چـــاڵە رەشێکـــایە کـەس نەدیـــو
کـــانیـــاوی بـــەرز و روونـــی مــە، (الله اكبـــر)ە
دەروێشـــی و قەناعـــەتە سولّتـــانی ئێمـــە، ئـــەی
پاشـــای نـــەزان! بزانـــە کـە رۆژی موقـــەددەرە
«حافـــز» لە کـــامە باخـــە قەڵـــەم‌خەتتی وا بەری
شیـــرین وەکـــوو نەبـــات و خەڵاتـــی جەمـــاوەرە
لـــەو رۆژەوۆ قـەڵـــەم بـــە بـــرۆی ئێـــوە دادرا
«کۆلیـــل»ـی کـــۆی برۆتـــە شـــرین بـــار و پڕ بەرە

باغ مرا چه حاجت سرو و صنوبر است
شمشاد خانه‌پرور ما از که کمتر است

ای نازنین پسر تو چه مذهب گرفته‌ای
کت خون ما حلال‌تر از شیر مادر است

چون نقش غم ز دور ببینی شراب خواه
تشخیص کرده‌ایم و مداوا مقرر است

از آستان پیر مغان سر چرا کشیم
دولت در آن سرا و گشایش در آن در است

یک قصه بیش نیست غم عشق وین عجب
کز هر زبان که می‌شنوم نامکرر است

دی وعده داد وصلم و در سر شراب داشت
امروز تا چه گوید و بازش چه در سر است

شیراز و آب رکنی و این باد خوش نسیم
عیبش مکن که خال رخ هفت کشور است

فرق است از آب خضر که ظلمات جای اوست
تا آب ما که منبعش الله اکبر است

ما آبروی فقر و قناعت نمی‌بریم
با پادشه بگوی که روزی مقدر است

حافظ چه طرفه شاخ نباتی‌ست کلک تو
کش میوه دلپذیرتر از شهد و شکر است

سەد شوکری خودا بۆ دەری مەیخانەیی بازم
مەحموودمە ئەو شوێنە و خۆشم کە ئەیازم
وەک من دەکولێ کووپەیی مەی مەستی شەرابە
لەو بادەیە وا خالیسە نەک دورد و مەجازم
لەو دلبەرە هەر مەستیی و گەردەن کەشییە و ناز
بێچارە و حەیران ئەمنیش کانی نیازم
ئەو رازە لە لای ئێمەیە شەقلی نەشکا، چون
بۆ دلبەری ئەو نەقلە دەکەم، مەحرەمی رازم
مەتنی سەری زولفت کە دەبێ شەرحی لەسەر کەم
ئەم باسە درێژە و منی تور کورتە جەوازم
ئەم باسە قسەی قەیس و شەوی پەرچەمی لەیلان
ژێر پای هەیاسە و روخی مەحموودی فەرازم
وەک بازی شکاری کە نەچیری نەزەرە و بەس
بۆ سەیری بزەی لێوتە وا دوو دییە بازم
ئەو کابەیە کۆی تۆیە کەسێ بێتە تووافی
رووگەی دلی، ئەبرۆتە وەکوو من لە نمازم
ئەی کۆڕی ئەوین سۆزی دلی «حافز»ی سووتاو
بۆ مۆمی بلێن هاوەلی دلسۆز و گودازم
ئەو پەرچەمە پەرژینی خەت و خاڵە وە یا داو
یا سومبولە؟ یەلدا شەوی «کۆلیل»نەوازم

ألمِنــــةُ لله کـــــه در میکـــــده بـــــاز است
زآن‌رو کـــه مـــرا بـــر در او روی نیـــــاز است

خـــم‌ها همه در جــوش و خــروشنــــد ز مستــی
وان مـی که در آن‌جاست حقیقت نه مجـاز است

از وی همـــه مستـــی و غـــــرور است و تکبـــر
وز مـــا همــه بیچـــارگی و عجـــز و نیـاز است

رازی کـه بـــر غیـــــر نگفتــــیم و نگوییــــم
بـا دوست بگوییـــــم که او محـــــرم راز است

شـــرح شکن زلف خـــم انـدر خــم جــانـــان
کوتـه نتـــوان کـرد کـه ایـن قصـــه دراز است

بـــار دل مجنـــــون و خــــم طـــره‌ی لیـــلی
رخســـاره‌ی محمـــود و کف پـــای ایـاز است

بردوختـــــه‌ام دیـــده چـو بـــاز از همـه عالــــم
تـا دیـــده‌ی من بر رخ زیبــــای تـو باز است

در کعبـــه‌ی کوی تو هـــــر آن کس که بیایـــــد
از قبـــلـه‌ی ابـروی تـو در عیـــن نمـــــاز است

ای مجلســـیان ســـوز دل حافـــظ مسکیـــــن
از شمــــع بپرسیـــد که در ســـوز و گـــداز است

شەراب ئەگەرچی دەکا ناز و سروە گوڵڕێزە
مەنۆشە مەی بە دەف و نەی کە شەو لە پارێزە
رەفێق و جامت ئەگەر دەسکەوێ بنۆشە بەهۆش
کە رۆژگار گەلێ هەوچیی‌و شەڕەنگێزە
وەشارە بادە لە بن باخەڵی لە پینەپڕت
کە چەشنی چاوی سوراحی زەمانە خوێن‌خێزە
بە ئاوی دیدە وەشۆرین شەرابی خەرقەکەمان
کە وەرزی وەرع و زەمانی قوماری پارێزە
لە چەرخی کەچ مەکە داوا ژەمێ ژیانی خۆش
کە خڵتە سافی، خومی ژەهری پڕ لە ئامێزە
فەلەک لە ئەو سەرە بێژنگە کاری بێژینە
کە دانی ئەو سەری خاقان و تاجی پەروێزە
هەرات و فاریسی گرتوونە شیعری تۆ «حافز»!
ئەمێستە نۆبەتی بەغداد و خاکی تەورێزە
تەفاوەتی هونەر و ماڵ، مان و چوونە «عومەر»!
دەنا لە خاجە بپرسن کە ئەو شەکەرڕێزە

اگرچه باده فرح‌بخش و باد گل‌بیز است

به بانگ چنگ مخور می که محتسب تیز است

صراحی‌ای و حریفی گرت به چنگ افتد

به عقل نوش که ایام فتنه‌انگیز است

در آستین مرقع پیاله پنهان کن

که همچو چشم صراحی زمانه خون‌ریز است

به آب دیده بشوییم خرقه‌ها از می

که موسم ورع و روزگار پرهیز است

مجوی عیش خوش از دور باژگون سپهر

که صاف این سر خم جمله دردی‌آمیز است

سپهر برشده پرویز نیست خون‌افشان

که ریزه‌اش سر کسری و تاج پرویز است

عراق و فارس گرفتی به شعر خوش حافظ

بیا که نوبت بغداد و وقت تبریز است

بە ئەوین دڵ نواندنم بە دڵن
رازی خۆ هەڵڕژاندنم بە دڵن
ئارەزووی خاوی من تەماشا کەن
ئاشقی و سەر خەواندنم بە دڵن
راس و پاکی شەوی قەدر ئەگەرم
تۆ نەچی ئەو چوواندنم بە دڵن
هەی لە مرواریێ وەها ناسک
تا سەحەر دوڕ سماندنم بە دڵن
ئەی سەبا ئەوشەوم مەدەد فەرموو
کە بەیانی دوواندنم بە دڵن
لە هەواتا بە لەعلی فرمێسک
گوڵی نەخشین رووواندنم بە دڵن
وەکو «حافز» لە داخی شیعری شڕۆڵ
هەڵبەسی دڵ تەزاندنم بە دڵن
نییە «کۆلیل»ی ئێوە دەربەسی سەر
غەزەڵی سەر هەژاندنم بە دڵن

حــــال دل با تو گفتـــنم هــوس است

خبـــــر دل شنفتنــــم هــوس اســـت

طمـــع خــام بیـــن که قصـــه‌ی فــاش

از رقیــــبـــان نهفتــــنم هــوس است

شــب قـــدری چنـین عزیز و شریف

بــا تــو تــا روز خفتــــنم هــوس است

وه کــه دردانــــه‌ای چنیـــن نــازک

در شــب تـــار سفتـــنم هــــوس است

ای صبـــــا امشبـــم مدد فرمـــــای

که سحـــــر گه شکفتــــنم هوس است

از بـــرای شـــرف بـه نـوک مـــژه

خــــاک راه تـــو رفتنـــم هوس است

همچــو حافــظ به رغـــم مدعیـــان

شعــر رندانــــــه گفتنــم هــوس است

خۆشە سەحنی مێرگولان و کۆڕی مەیخارانە خۆش
کاتی گوڵ یاڕەب بە خێریێ! مەجلیسی یارانە خۆش

گیان لە بۆنی بای سەحەر ناخ و دەماخی پڕ لە گوڵ
وەک دەروون و خاتیرەی پاکی هەوادارانە خۆش

بێ ئەوەی گوڵ رووبەنی لادا لە روو تەشریفی چوو
نالە سەرکەن بولبولان! نالێنی دلدارانە خۆش

ئافەرین بۆ دەنگی خۆش و سۆزەکەت ئەی مورغی شەو!
چونکە دلبەر شەو بە نالە و سۆزی بێدارانە خۆش

شێوەیی خۆشیم لە دونیادا نەکردون بۆیە هەر
شێوە چالاکانەکەی بێ خەوشی عەیارانە خۆش

خۆم لە زاری سوێسنەی ئازاد و بێزارم ژنەفت
لەم سەرا کۆنەش کە حالی سووکوسوڵبارانە خۆش

«حافز»! رێی خۆشدلی جوامێری و ئازادییە
وا نەزانی کات و داهاتی جەهاندارانە خۆش

کۆڵی قورسی پێنەبوو چون سەروی تەڕ، «کۆلیل»وار
سووک و ئازادە و بە سەربەرزی لە جۆبارانە خۆش

صحن بستان ذوق بخش و صحبت یاران خوش‌است
وقت گل خوش باد کز وی وقت میخواران خوش‌است
از صبا هر دم مشام جان ما خوش می‌شود
آری آری طیب انفاس هواداران خوش‌است
ناگشوده گل نقاب آهنگ رحلت ساز کرد
ناله کن بلبل که گلبانگ دل‌افکاران خوش‌است
مرغ خوشخوان را بشارت باد کاندر راه عشق
دوست را با ناله‌ی شب‌های بیداران خوش‌است
نیست در بازار عالم خوشدلی ور زان که هست
شیوه‌ی رندی و خوش باشی عیاران خوش‌است
از زبان سوسن آزاده‌ام آمد به گوش
کاندر این دیر کهن کار سبکباران خوش‌است
حافظا ترک جهان گفتن طریق خوش‌دلی‌ست
تا نپنداری که احوال جهانداران خوش‌است

ئەمێستە مەی کە لە نێو جامی لالەدا سافە
بە سەد هەوا مەلی دەنگ‌خۆش نوقمی ئەوسافە
بڕۆ بە دەشت و چەمەن دەس بە دەفتەری ئەشعار
چ کاتی خوێندنی تەفسیری شێخی کەششافە
مەلا لە جامیعە فتوایەکی بە مەستی دا
کە مەی حەرامە نە بەو ڕادە ماڵی ئەوقافە
بە دەستی تۆ نییە خڵت و خولاسە نۆشینت
کە لوتفی ساقییە مەی، لێڵەکەیشی هەر سافە
لە خەڵکی ئەو دەمە دووری بکەن وەکوو سیمورغ
کە ناوی خەڵوەنشینان لە قاف بۆ قافە
قیاسی مێشکی حەریف و وتەی ڕەقیب و من
وەکوو کراسی حەریر و پلاسی مووبافە
دە وس بە «حافز»! و ئەم گەوهەرانە داشارە!
کە هەرچی قەڵبە لە نێو شاری ئێمە سەڕڕافە
مەگەر سەری فەلەکی زوو شکابێ «کۆلیل»
کە ئێستە وشری ئەوێ لێم و تاڵبی مافە

کنون که بر کف گل جام باده صاف است
به صد هزار زبان بلبلش در اوصاف است
بخواه دفتر اشعار و راه صحرا گیر
چه وقت مدرسه و بحث کشف کشاف است
فقیه مدرسه دی مست بود و فتوی داد
که می حرام ولی به ز مال اوقاف است
به درد و صاف تو را حکم نیست خوش درکش
که هرچه ساقی ما کرد عین الطاف است
ببر ز خلق و چو عنقا قیاس کار بگیر
که صیت گوشه‌نشینان ز قاف تا قاف است
حدیث مدعیان و خیال همکاران
همان حکایت زر دوز و بوریاباف است
خموش حافظ و این نکته‌های چون زر سرخ
نگاه‌دار که قلاب شهر صراف است

لە ئەم زەمـــانە هەڤـــالێ کە پـــاك و بێ‌دەغـــەڵە
شەرابـــی نـــاب و سـوراحی زەرافـــەتی غـــەزەڵە
کە تەنــگە رێگـوزەری عافیـــیەت، بە سەڵتـــە بڕۆ
بنۆشـــە مەی کە تەمـــەن خۆشەویست و بێ‌بەدەڵـە
نە هـەر منـــم بە تەنـێ مەلـــوولی بێ‌عەمـــەلی
مـەلا مەلالـــەتی گشتـــی لە عیلمـــی بێ‌عەمـــەلە
بە چـــاوی دەرکەوە بـــڕوانە رێ عوبووری زەمان
لە فیتـــنە نوقمـــە جەهـــان بێ‌وەفـــایە پڕهەچـەڵە
حەکـایەتت بەسـە کاکـۆڵێ یـــار بگـرە مەڵـێ
کە تاڵعـــی سپـی و رەش بە زوهـــرە یـــا زوحـەڵە
بە وەســـڵ و دیتنـــی بەژنت فـــرەم ئومێـــد هەبوو
وەلـێ لە رێـــی تەمەنـا رێگـری ئەمـــەل ئەجـەڵە
ئەبـــەد مەحـاڵە ئەدی «حافـــز»ت لە خـەو هەستێ
ئەوەنـــدە مەستـــی شـەرابی خەسـی دەسی ئەزەڵە
شەرابی وایە «عومەر»! هەرکەسێ ئەزەڵ دەسکەوت
لە چـاوی حورمەتـــی ســـاقی هەتا ئەبـــەد هەوەڵە

در این زمانه رفیقی که خالـــی از خلل است
صراحی می نـاب و سفینه‌ی غـــزل است
جریده رو که گذرگاه عــافیت تنگ است
پیــاله گیر که عمــر عزیـــز بی‌بـــدل است
نه من ز بی عملــی در جهــان ملولــم و بس
ملالـت علمـــا هــم ز علــم بی عمــل است
به چشــم عقــل در این رهگـــذار پرآشــوب
جهــان و کار جهان بی‌ثبات و بی‌محل است
بگیــر طره‌ی مه چهــره‌ای و قصــه مخــوان
که سعد و نحس ز تاثیــر زهره و زحل است
دلم امیــد فـــراوان به وصــل روی تو داشت
ولی اجـــل به ره عمـــر رهـــزن امل است
به هیـــچ دور نخواهنـــد یافت هشیـــارش
چنـــین که حافظ ما مست بـاده‌ی ازل است

یــــارم لەگەڵ و مــەی بە کـەف و جـام بە کامــە
کـاتێـــکی وەهـــا قەیســـەر و دارام غـولامـــە
فەرمـوو کە چرامان نیـیە لازم شـەوی ئەوشـۆ
چون مانگـــی تـەواوی گـوڵـی رووی ئێـوە چرامە
ساقیـم لەگـەڵا بێ مـەی و مەیـــخانە حەڵاڵــە
بێ روومـەتی ئەو ســـەروی خەرامـانە حـەرامە
گوێ پڕیە لە ناڵەی نەی و شل‌شل بە نەوای چەنگ
دڵ لێـــوەیە بۆ لێـــو و لەوێ هـــاوخولی جـامە
پێویستـی گوڵاوی نیـیە ئەم کـۆڕە گوڵـی من!
پرچی رەش و خۆشبێنی ئەتۆ سومبـولی شـامە
هەرگیـــز لە مەزەی قەند و شەکـەر هیچ مەفەرموو
فەرهـــادی ئەمن شەربـەتی شیـــرینی مـەرامە
تـا گەنجـی غەمت ساکنـــی وێرانەیـی دڵمـــە
هەر مەیـــکەدە شوێنـــی منی بێ‌شـوێن و مەقامە
رسـواییـیە هـۆی شۆرەتـی من ئێـــوە دەڵێن چی
ســەرشۆڕییــە بۆ ئێمـــە ئەوەی شۆرەت و نـامە
مەی‌نۆشـــم و ئـــاوارە نەزەربـــازم و بێ‌قەیـد
لەم شـــارە وەکوو ئێمـــە مەگەر کێ نیـیە، کامە؟!
بۆ موحتەسیبـم عەیب مەڵێن خۆیشـی وەکوو من
مەستی مەی و سەرگێژی هەڵاڵەی گوڵی جامە
وا جەژنی بەهارە و رەمەزان «خاجە» لەگەڵ یـار
دانیشـــە و مـەی تێکـــە هەتا غـەم دڵی زامـە
جامـێ بدە «کۆلیـل» و یەکێ جـــام بە دڵبـەر
بۆی ڕاگرە خۆی دەستی لەبەر نـــاز جەمامـە!

گـل در بر و می در کف و معشوق به کام است
سلطـان جهـانم به چنـین روز غـلام است

گو شمـع میـاریـد در این جمـع که امشب
در مجلس ما مـاه رخ دوسـت تمـام است

در مذهب مـا بـاده حـلال است ولیـکن
بی روی تو ای سـرو گل‌انـدام حـرام است

گوشـم همه بر قول نی و نغمـه‌ی چنگ است
چشمم همـه بر لعـل لب و گردش جـام است

در مجلـس مـا عطـر میـامیـز که مـا را
هر لحظه ز گیسوی تو خوش بوی مشـام است

از چـاشنی قنـد مگـو هیـچ و ز شـکّر
زان رو که مـرا از لب شیـرین تـو کـام است

تا گنـج غمـت در دل ویـرانه مقیـم است
همـواره مـرا کـوی خـرابـات مقـام است

از ننگ چه گـویی که مـرا نـام ز ننـگ است
وز نـام چه پـرسی که مـرا ننـگ ز نـام است

میـخواره و سر گشتـه و رندیـم و نظـرباز
وان کس که چو ما نیست در این شهر کدام است

با محتسبـم عیـب مگـوییـد که او نیـز
پیوستـه چو ما در طلب عیـش مـدام است

حافـظ منشیـن بی مـی و معشـوق زمـانی
کایـام گـل و یاسمـن و عیـد صیـام است

بە ئەرکی مەیکـــەدە هـەر رێـڕەوێ کە رێزانە
هـەوالّی دەرکـــی تری گـــەر ببــێ لەجێمــانە
شیــاوی ئەفســەری ئازادەگی کەسێـــکە فەقەت
بە دڵ بکـــا هـەوەســی ئـەم کڵاوە شـــایـانە
بە نووری جـــام لە ئەســراری خانەقـــایە بەڵەد
گەر ئاشقـــانە کـەســێ پێ بنێـــتە مەیخـــانە
ئەوەی لە حەوخەتی جـاما دو عالەمی تەی کرد
هەوالّی جامی جەهـــانبین لە خـــاکی رێ زانـە
بە دین و مەزهـەبی رەنـــدان گوناحە عاقڵ بوون
لەوێـــوە بـوم بە غولاّمـی گـــورۆپی دێـــوانە
دڵــم لە نێرگزی ســـاقی ئەمانی گیانی نەگرت
کە رەســـــم و عـــادەتی ئـەم دڵڕەشـــانە تالاّنە
سەحــەر لە داخی هەسـارەی زوحەل وەها گریا
دییــەم، کە عاشقـی ئەو شینــە مانگ و کەیوانە
حەکــایەتی مەی و «حافــز» چلۆن دەبێ پەنهان
کە جێ لە شەوگەڕ ئەزانــێ ئەمیــری فــەرزانە
بڵێنـــد مەرتەبـە شـایێ کە نۆ ئاسمـــانی فەلەک
وەکوو کەوانی بـرۆی تـاقــی بارەگـــەی دانە
لە دەردی دڵ نییە سووتانی وەک شەمی«کۆلیل»
مەرارەت و گڕی عـاشق لە دەستــی دەرمـــانە

به کوی میکده هر سالکی که ره دانست
دری دگر زدن اندیشه‌ی تبه دانست
زمانه افسر رندی نداد جز به کسی
که سرفرازی عالم در این کله دانست
بر آستانه‌ی میخانه هر که یافت رهی
ز فیض جام می اسرار خانقه دانست
هر آن که راز دو عالم ز خط ساغر خواند
رموز جام جم از نقش خاک ره دانست
ورای طاعت دیوانگان ز ما مطلب
که شیخ مذهب ما عاقلی گنه دانست
دلم ز نرگس ساقی امان نخواست به جان
چرا که شیوه‌ی آن ترک دل سیه دانست
ز جور کوکب طالع سحرگهان چشمم
چنان گریست که ناهید دید و مه دانست
حدیث حافظ و ساغر که می‌زند پنهان
چه جای محتسب و شحنه پادشه دانست
بلندمرتبه شاهی که نه رواق سپهر
نمونه‌ای ز خم طاق بارگه دانست

بە بــزەی جــام فـەقــێ رازی نیهــانی زانــی
رەمــزی ئەو لەعلــە دڵی سووك و گرانی زانــی
قیمـــەتی دەفتـەری گوڵ بولبول ئەزانێت چەنێ
کەی هەمـوو کۆلکـەمەلایـێ لە بەیـانی زانــی
دوو جەهانـــم بە دڵی پڕ لە کەســەر داوە نیشان
عەشـقـی پـێ بـاقی و باقـیتری فــانی زانــی
نیمــە ترسـێ لە کوڕانی کەڵەك و خێڵــی درۆ
چونکــە دارۆغــە بە تــاوانی ئـەوانــی زانــی
بە ســەلاحی نەدی ئەم کاتــە کە هێـور بم ئەوین
ئـەو دەنـــا دڵنیـگـەرانی، نیگــەرانی زانــی
بە نەزەر خاك دەگیرێ بە دوڕ و گەوهەری پاك
هەرکە قــەدری بەر و بۆی بادی یەمـانی زانــی
دەفتەری سەر خەتوخاڵی لە خەت و خاڵی ئەوین
ئایەتــی وایــە فەقــەت گیـانی مـەعـانی زانــی
تێکە مەی ســاقی و گوڵوێنــە نە نازێ بە بەهــار
ئەو کەســەی سەخڵـەت و تالانی خەزانی زانــی
«حافز» ئەو رەشتـــەیی مرواریيە هونراوەیــە گشت
بەرهــەمی تەربیـیەتی ئاســەفی ســانی زانــی
«عومــەر» ئەو ملوەنە سوورەی کە بە شین هۆنییەتۆ
لە کەچـــی بەختـــی و تـــاوانی فــلانی زانــی

صوفی از پرتو می راز نهانی دانست
گوهر هر کس از این لعل توانی دانست
قدر مجموعه‌ی گل مرغ سحر داند و بس
که نه هر کو ورقی خواند معانی دانست
عرضه کردم دو جهان بر دل کارافتاده
بجز از عشق تو باقی همه فانی دانست
آن شد اکنون که ز ابنای عوام اندیشم
محتسب نیز در این عیش نهانی دانست
دلبر آسایش ما مصلحت وقت ندید
ور نه از جانب ما دل‌نگرانی دانست
سنگ و گل را کند از یمن نظر لعل و عقیق
هر که قدر نفس باد یمانی دانست
ای که از دفتر عقل آیت عشق آموزی
ترسم این نکته به تحقیق ندانی دانست
می بیاور که ننازد به گل باغ جهان
هر که غارتگری باد خزانی دانست
حافظ این گوهر منظوم که از طبع انگیخت
ز اثر تربیت آصف ثانی دانست

چەمەن و باخی بەرین خەلوەتی دەرویشانە
دەولەتی شان و شکۆ خزمەتی دەرویشانە
گەنجی خەلوەت کە دەلین قوفلی تەلەسمی لە سەرە
ئاوەلا بۆ نەزەری رەحمەتی دەرویشانە
کۆشکی فیردەوس کە شێتی ئەوە ریزوانی بەهەشت
دیمەنێکی چەمەن و جەننەتی دەرویشانە
کیمیایێ کە دەگۆڕێ دلی قەلبم بە تەلا
بێ گومانم نەزەر و حورمەتی دەرویشانە
ئەو شکۆ تاجی لە کۆی خزمەتی داناوە هەتاو
هەر شکۆی سەلتەنەت و شەوکەتی دەرویشانە
دەولەتێ دەستی قەلاچۆی فەلەکی پێ نەگەیێ
لێمی وەربگرە بە دڵ دەولەتی دەرویشانە
حاکمێ رووگەیە بۆ کۆڕی هەزارانی جەهان
خۆی غولامێک لە کۆی حەزرەتی دەرویشانە
شاریاران کە دەپارێنەوە بۆ گەنجی موراد
ئایەنەی گەنج نوێن روومەتی دەرویشانە
مۆلەتی سەند لە دونیا شەڕی زۆردار، وەلێ
تا فەلەک وا لە خولا مۆلەتی دەرویشانە
ناز مەفرۆشە ئەمیر ئەو سەر و سامانتە چون
کۆ، لە سایەی کەرەم و هیممەتی دەرویشانە
گەنجی قارون کە زەوی ئێستەشی هەر قووت ئەدات
ئەگەرت خوێندوە هۆی خیرەتی دەرویشانە
«حافز» ئەر ئاوی ژیانی ئەزەلت ئارەزووە
چەشمەکەی خاکی دەری خەلوەتی دەرویشانە
خۆم غولامی کەرەمی ئاسەفی ئەم سەردەمە بم
خۆی سولەیمانە وەلێ عادەتی دەرویشانە
ئەو (زرێبار)ی (مەریوان)ـە دوعاکردە «عومەر»!
فەیلەقووسێ نییەتی قودرەتی دەرویشانە

روضـــه‌ی خلـد بریـن خلـوت درویشـــان است
مـایـه‌ی محتشـــمی خدمـــت درویشـــان است
گنـــج عـــزلت که طلسمـــات عجـــایب دارد
فتـــح آن در نظـــــر رحمـــت درویشـــان است
قصـر فــــردوس که رضـــوانش به دربـانی رفت
منظـــری از چمـــن نزهـــت درویشـــان است
آن چـه زر می‌شـــود از پرتـــو آن قلب سیـــاه
کیمیـــایی‌ست که در صحبـــت درویشـــان است
آن که پیشـــش بنهـد تـاج تکبـــر خورشیـــد
کبریـــایی‌ست که در حشمـــت درویشـــان است
دولتـــی را که نباشـــد غـــم از آسیـب زوال
بـــی‌تکلـــف بشنـــو دولـــت درویشـــان است
خســروان قبـلـه‌ی حاجـــات جهـــاننـــد ولی
سبـــبش بنـــدگی حضـــرت درویشـــان است
روی مقصـود که شـاهان بـه دعـــا می‌طلبنـــد
مظهـــرش آینـــه‌ی طلـــعت درویشـــان است
از کـــران تـا بـه کـــران لشکر ظلـــم است ولی
از ازل تـــا بـه ابـــد فـــرصت درویشـــان است
ای توانگـــر مفـــروش این همـــه نخوت که تو را
ســـر و زر در کنـــف همـــت درویشـــان است
گنـج قـــارون که فـــرو می‌شـود از قهـــر هنـــوز
خوانده باشی که هـــم از غیـــرت درویشـــان است
مـــن غـــلام نظـــر آصف عهـــدم کـــو را
صـورت خواجـگـی و سیـــرت درویشـــان است
حـــافـــظ ار آب حیـــات ازلـــی می‌خـــواهـــی
منبعـــش خـــاک در خلـــوت درویشـــان است

دڵـــم کە گیـــرە لە زولفت خەتـــای خۆیەتی هەر
بە عیشوە بیکـــوژە خوێنـــی لە پـــای خۆیەتی هەر
ئەگەر لە دەستت ئەخێـــزێ مـــورادی ئەو دڵمـــە
درێغـی لێ‌مەکـە، چـاوی لە شـای خۆیەتی هەر
بە گیانت ئەی بتی باوەڕ قەسەم! کە دڵ وەکێ شەم
شـــەوانە عـــاشقی سـۆز و فەنـــای خۆیەتی هەر
وتـــم مەچۆ مەلی عاشـــق بەرەو چەمەن چونکـــوو
گوڵاڵە دەم بە کەنیـــنی ســـەوای خـــۆیەتی هەر
بە موشکی چین‌و تەتەر گوڵ نەبوو نیـــازی قەت
کە خەوشی عەتری لە دوگمەی کەوای خۆیەتی هەر
نەچێتە بەر دەری قـــاروونی پـــارە پیس، هـــەژار
کە پڕ لە گەنجی قەنـاعەت ســـەرای خۆیەتی هەر
ئەگەرچی مەرجی ئەوین گیانی «حـافز»ی سووتان
وەلێ لە دڵ شەمی عەهـد و وەفـــای خۆیەتی هەر
مەحـــاڵە بێـــتەوە هێـــلانەکەی دڵـــی «کۆلیـــل»
ئەسیـری زوڵمەتی زولف و هـەوای خۆیەتی هەر

به دام زلف تو دل مبتلای خویشتن است
بکش به غمزه که اینش سزای خویشتن است
گرت ز دست برآید مراد خاطر ما
به دست باش که خیری به جای خویشتن است
به جانت ای بت شیرین‌دهن که همچون شمع
شبان تیره مرادم فنای خویشتن است
چو رای عشق زدی با تو گفتم ای بلبل
مکن که آن گل خندان برای خویشتن است
به مشک چین و چگل نیست بوی گل محتاج
که نافه‌هاش ز بند قبای خویشتن است
مرو به خانه‌ی ارباب بی‌مروت دهر
که گنج عافیتت در سرای خویشتن است
بسوخت حافظ و در شرط عشق‌بازی او
هنوز بر سر عهد و وفای خویشتن است

لەعلی تینووی بە خوێن لێوی تەڕی یاری منە
قیمەتی قامەتی هەر گیانە، ئەمەش کاری منە
شەرمی لەو چاوە رەشەی بێت و لە ئەڵماسی مژۆڵ
هەرکە رەخنەی لە ئەوینی من و دڵداری منە
سارەوان! لێرە نەکەی کۆچ کە بازاڕی دڵە
ئێرە شارێگەیە، کۆی دڵبەری نازاری منە
خۆم و بەختم لە خەزانێ کە وەفا قات و قڕە
عەشقی ئەو قەشمەری رەشماڵە لە تیماری منە
پەخشی بۆنی قژی پەخشانی شنەی عەتری دەمی
کەمترین بەرهەمی کۆی دڵبەری عەتتاری منە
باخەوان! زڵمە وەکوو با وەدەرم نێی لە دەرت
رەنگی ئەو باخە لە چۆمی چەمی خوێنباری منە
ماچی لێوی شەکەری یارە دەوای دڵ بە قسەی
چاوی مەستی، کە حەکیمی دڵی بیماری منە
دەرسی لوتفی غەزەڵ و سیحری بە «حافز» وتووە
لەعلی ئەو دڵبەرە شیرینبەر و گوفتاری منە
شیعری «کۆلیل» لەگەڵ زولفی رەشت چوو بە شکار
بۆیە داوی شەوی تۆ پاوەنی ئەشعاری منە

لعل سیراب به خون تشنه لب یار من است
وز پی دیدن او دادن جان کار من است

شرم از آن چشم سیه بادش و مژگان دراز
هر که دل‌بردن او دید و در انکار من است

ساروان رخت به دروازه مبر کان سر کو
شاهراهی‌ست که منزلگه دلدار من است

بنده‌ی طالع خویشم که در این قحط وفا
عشق آن لولی سرمست خریدار من است

طبله‌ی عطر گل و زلف عبیرافشانش
فیض یک شمه ز بوی خوش عطار من است

باغبان همچو نسیمم ز در خویش مران
کآب گلزار تو از اشک چو گلنار من است

شربت قند و گلاب از لب یارم فرمود
نرگس او که طبیب دل بیمار من است

آن که در طرز غزل نکته به حافظ آموخت
یار شیرین‌سخن نادره گفتار من است

عەشقــی رووی ئێـوە گـەلێ ســاڵە کە ئاییـنی منـە

نۆشـــی ئەم نێشـە دنـەی شــادی و هـۆی ژینی منــە

چـــاوی گیانبینــم ئەوێ بۆ دییـــەنی رووەمـەتی تۆ

چـون جەماڵــت فـرە سـەرتر لە جەهـــانبینی منـە

دڵبـــەری من بە کە تۆ فـەڕی سورەییـای لە ژوور

زینـــەتی کوڵمـی زەوی، لۆستـــری پەروینــی منــە

وەزنی شیعــر و غەزەڵـــم قـامەتی مەوزوونی ئەتۆن

ئافـــەرینی دڵ و گیـــان بۆیە لەســـەر دیـنی منـە

خوایـــە سامـــانی هەژاری لە سـەرم کەم مەکـەوە!

چونکە بۆ باخــی شـــەرەف هەر ئەوە پەرژینی منــە

ئەی ئەوەی حاکمی شارت بە دڵن تـــون مەبە لێـم!

ئـەرکی سوڵتـانی ئەویـن چون دڵی شەرمینی منــە

خوایـــە! ئەم رووگەیە جێـــژوانی دڵی کێــیە کە وا

دڕکـــەزێ کەی سەرەڕێگەی، گوڵی نەسرینی منــە

لە شکۆی خوسرەوی پەروێـز لە کن «خاجە» مەڵێـن

لێـــوی ئەو تـەڕ بە شکـۆی ساغـەری شیـرینی منــە

بەکـرە شۆفـــارم ئەگەرچـــی لە کەمیـــندایە بەڵام

کـوردەواری مەمی «کۆلیـــل»و وەتـــەن زینی منــە

روزگاری‌ست که سودای بتان دین من است
غم این کار نشاط دل غمگین من است
دیدن روی تو را دیده‌ی جان‌بین باید
وین کجا مرتبه‌ی چشم جهان‌بین من است
یار من باش که زیب فلک و زینت دهر
از مه روی تو و اشک چو پروین من است
تا مرا عشق تو تعلیم سخن گفتن کرد
خلق را ورد زبان مدحت و تحسین من است
دولت فقر خدایا به من ارزانی دار
کاین کرامت سبب حشمت و تمکین من است
واعظ شحنه‌شناس این عظمت گو مفروش
زان که منزلگه سلطان دل مسکین من است
یا رب این کعبه‌ی مقصود تماشاگه کیست
که مغیلان طریقش گل و نسرین من است
حافظ از حشمت پرویز دگر قصه مخوان
که لبش جرعه‌کش خسآرو شیرین من است

له سـووچی مەیکەدە خۆشم کە خـانەقای منــە
دورووودی پیـری موغـان تا سەحەر دوعـای منــە
سوحـانە نیمـە کە دەنگی روباب و چەنگ چ نین
هەتاکـو سۆزی سکـالا شـەوەق نەوای منــە
شوکور نە حاکمی شارم نە خوازەلۆک وچنۆک
کـە خاکسـاری جەنابت حوکمـڕەوای منــە
مەبەس لە مزگت و مەیخانەچوونی من هـەر تۆی
خەیـالی کـەم نیـیە هەرگیز خـودا گەوای منــە
مەگەر بە تێـغی ئەجـەل پارە بێ تەنـافی تەمەن
دەنـا لە دەرکـی ئەتۆ بون هەتـا هەتـای منــە
گەلـێ لە رۆژ سـەرم سـەرترن، لە رۆژێکـــۆ
ئەم ئاستـانە فەلـەك پـایەتان سـەرای منــە
خەتا ئەگەرچـی لە خـاکی سرشتــە «حافـز»! تۆ
بلێ بە رەسمـی ئەدەب هەر خـەتـا خەتـای منــە
بە رەمزی نێـرگزی چاوت قەسـەم سەری «کۆلیل»
لە رازی ئێــوە وەکـوو عەشقـی بێدەوای منــە

منم که گوشه‌ی میخانه خانقاه من است
دعای پیر مغان ورد صبحگاه من است
گرم ترانه‌ی چنگ صبوح نیست چه باک
نوای من به سحر آه عذرخواه من است
ز پادشاه و گدا فارغم بحمدالله
گدای خاک در دوست پادشاه من است
غرض ز مسجد و میخانه‌ام وصال شماست
جز این خیال ندارم خدا گواه من است
مگر به تیغ اجل خیمه برکنم ور نی
رمیدن از در دولت نه رسم و راه من است
از آن زمان که بر این آستان نهادم روی
فراز مسند خورشید تکیه‌گاه من است
گناه اگرچه نبود اختیار ما حافظ
تو در طریق ادب باش و گو گناه من است

مژۆڵی مەردمی چـــاوم گولـۆپی گولـگوونە
گلاری مەردمـــی دیـکەش لە گوێنی کاروونـە
بە یادی نێـــرگزی مەست و هەنـاری لێـوانت
لە جامی غەم چ دەنۆشم گ‌زووخی گـەردوونـە
ئەگـەر هەڵێـت لە ئاسـۆ دەمێ هەتـاوی رووت
یەقیـن کە بەختـی ئەمن وەک هوما، هومـایوونە
حەکـــایەتی دەمـی شیـرین بە لێـوی فـەرهادە
لە چیـــنی پەرچەمی لەیـلا قـەراری مەجنوونە
مەگەر بە قـامەتی دڵجــۆ گوناحـە دڵجۆیی؟!
قسـەم لە گـەڵ کە! بەیـانت کـەلامی مەوزوونە
بە چـەرخی بادە بلاوێنـە گیـان ژەمێ سـاقی
کە دڵ مەلوولـــی جەفاکانی چـەرخی بێچوونە
لە ئەو دەمـــانەوە رۆیـــی کە رۆڵـەی ئازیـــزم
لە کۆشی دیـدە خورۆشی بەهاری جەیحـوونە
دڵـی غەمینـــم ئەبێ شـــاد چۆن ببێ کـاتێ
بلووری گیـــانی پەرۆشـم پەراش و هـەپروونە
لەمەی خەبەر نییە«حافز» کە کەڵکەڵەی ئێوەی
وەک ئەو گەدایە تەماحی بە گەنجی قـاروونـە
ئەمـن لە وەرزی بەهـارم شنـەفتـوون «کۆلیل»!
کە شین لە گۆڕی عەزیـزان، چنوور و بەیبـوونە

ز گریه مردم چشمم نشسته در خون است
ببین که در طلبت حال مردمان چون است
به یاد لعل تو و چشم مست میگونت
ز جام غم می لعلی که می‌خورم خون است
ز مشرق سر کو آفتاب طلعت تو
اگر طلوع کند طالعم همایون است
حکایت لب شیرین کلام فرهاد است
شکنج طره‌ی لیلی مقام مجنون است
دلم بجو که قدت همچو سرو دلجوی است
سخن بگو که کلامت لطیف و موزون است
ز دور باده به جان راحتی رسان ساقی
که رنج خاطرم از جور دور گردون است
از آن دمی که ز چشمم برفت رود عزیز
کنار دامن من همچو رود جیحون است
چگونه شاد شود اندرون غمگینم
به اختیار که از اختیار بیرون است
ز بیخودی طلب یار می‌کند حافظ
چو مفلسی که طلبکار گنج قارون است

لە کارستانی زولفی کێ ئەمینە؟
که تۆڕی کوفره، هەر وەک داوی دینە
جووانی یار بێ‌مەرز و سونووره
قسەی نازی مەکەن! سیحری موبینە
بە تیری تیژی ئەبرۆی چون کەوانی
کەمینی گرتوون لەو (گۆمە شین)ـە
هەزاران ئافەرین بۆ چاوی مەستت!
لە ئاشق کوشتنا سیحرئافەرینە
چ سیحراوین یاڕەب! چەرخی چاوی
کە چەرخی هەشتی وەک حەوتەم زەوینە
بەرەو کوێ دەردەچی فیتنەی شەڕاشۆ!
چەپ و راست کیراموڵ کاتیبینە
نەبی غافڵ لە مەکری زولفی «حافز»!
رفانی دڵ، لە دوی تاڵانی دینە
دەڵێی حەوخوانی «کۆلیل»ـن، دەم و لێو
گلار و کوڵم و گەردن، زولف و سینە

خـــم زلف تو دام کفـــر و دیـن است

ز کارستـــان او یـک شمـــه ایـن است

جمـــالت معجـــز حســـن است لیکن

حدیث غمـــزه‌ات سحـــر مبین است

ز چشـــم شـوخ تو جـــان کی توان برد

کـه دایـم با کمـــان اندر کمیـــن است

بر آن چشـــم سیـــه صـــد آفـرین بـاد

که در عـاشـق کشی سحرآفرین است

عجب علمـــی‌ست علـم هیـأت عشق

که چـــرخ هشتمـــش هفتم زمیـن است

تو پنـداری که بدگـو رفت و جـــان برد

حســابش با کــــرام الکـاتبین است

مشــو حافــظ ز کیـــد زلفـش ایمـن

که دل برد و کنـــون در بنـد دین است

ماڵی دڵ مەنزڵی مەحەبەتی یار
مەردمی دیدە جامی روومەتی یار
لە دو عالەم سەرم لە کەس نەخەوان
چوومە ژێر باری قورسی مننەتی یار
فیکری هەرکەس بە وەزنی هیممەتی خۆی
تۆ لە تووبایە، من لە قامەتی یار
من کە ناپاکم و چەواشە، بەڵام
گەل هەموو شایەتی قەداسەتی یار
هاوەڵێ خەڵوەتی سەبایە چلۆن
من دەبم بۆ نەدیمی حورمەتی یار
خەڵکی چاوم بە بێ جەماڵی نەبێ!
هەر ئەوێمانە چونکە خەڵوەتی یار
چەمەنئارا کە بوو لە باخ گوڵێ
خەتتی پێداوە لێوی حەزرەتی یار
دەمی مەجنون تەواوە، نۆبەتی مەن
هەرکەسێ سەردەمێ لە خزمەتی یار
گەنجی شاییم و تەخت و تاجی ئەوین
وەک دڵ و گڵ، لە لوتف و هیممەتی یار
دڵ و من با فەدا بین، چ دەبێ؟
سەر لە هەرچی فەقەت سلامەتی یار
بە رووالەت هەژارە «خاجە» دەنا
سینگی پڕپڕ لە گەنج و سەروەتی یار
شەوی «کۆلیل»ە رون بە ئەشکی بلوور
بە خەیاڵ و ئومێدی روئیەتی یار

دل سراپرده‌ی محبت اوست
دیده آیینه‌دار طلعت اوست
من که سر درنیاورم به دو کون
گردنم زیر بار منت اوست
تو و طوبی و ما و قامت یار
فکر هر کس به قدر همت اوست
گر من آلوده‌دامنم چه عجب
همه عالم گواه عصمت اوست
من که باشم در آن حرم که صبا
پرده‌دار حریم حرمت اوست
بی‌خیالش مباد منظر چشم
زان‌که این گوشه جای خلوت اوست
هر گل نو که شد چمن‌آرای
ز اثر رنگ و بوی صحبت اوست
دور مجنون گذشت و نوبت ماست
هر کسی پنج روز نوبت اوست
ملکت عاشقی و گنج طرب
هرچه دارم ز یمن همت اوست
من و دل گر فدا شدیم چه باک
غرض اندر میان سلامت اوست
فقر ظاهر مبین که حافظ را
سینه گنجینه‌ی محبت اوست

یاری رەشتـــاڵە کە رشتـــەی دڵی عـالەم بە ئـەوە
چاوی مەست و شەکەری لێو شەوی پەرچەم بە ئەوە
خوسرەوی تەختی دڵــم ئەو کەسە شیرینـە دەمـی
نەک لە ئەم عەسـڕی سولەیمـانە کە خاتـەم بە ئەوە
زێوەری جـوانی و کانــی هونەرە و دامـەنی پـاک
دەمــی پڕپڕ لە دوعــا، هیمـمەتی سـەرجـەم، بە ئەوە
رەمزی ئەو خاڵە لە سەر روومەتی گەنمیـنی دەڵێـی
رازی ئـەو دانـە کـە گـرتی دڵــی ئــادەم، بە ئەوە
دڵبـەرم سەیر و سـەفەر کەوتە سەری ئێـوەن و خـوا
ئەم برینانمـە چیـن چاری؟ کە مەڵهـــەم بە ئەوە
گێـــژە لەم رازە ســـەرم کوشتـــەیی زارێـکە دڵـم
نوێنـــەری ژینــە هەناسەی کـوڕی مریـەم بە ئەوە
حورمەتی لازمـە «حافــز»، بە هــەوای تـۆوە دەژێ
سینـە بێ کینـەیە هـەم گیـــانی موکەڕڕەم بە ئەوە
نمـەکی لێـوی ئەوی کـردووە «کۆلیـــل»و دەڵـێ
گیـانی تینـوو بە من و کەوسـەر و زەمـزەم بە ئەوە

آن سیـــه چرده که شیـــرینی عـــالم با اوست

چشـــم میگـــون لب خنـــدان دل خـــرم با اوست

گرچـــه شیـــرین دهنـــان پادشهـــانند ولـی

او سلیمـــان زمـــان است کـه خـــاتـــم با اوست

روی خوب است و کمـــال هنـــر و دامن پـــاک

لاجـــرم همـــت پاکـــان دو عالـــم با اوســت

خـــال مشکیـــن که بدان عـارض گنـدمگون است

ســـر آن دانـــه که شـــد رهـــزن آدم بـــا اوست

دلبـــرم عـــزم سفـــر کـــرد خـــدا را یـــاران

چه کنـــم با دل مجـــروح که مـــرهم با اوســت

با که این نکتـــه توان گفـــت که آن سنگیـــن دل

کشـــت مـــا را و دم عیســـی مریـــم بـــا اوست

حافـــظ از معتقـــدان است گـــرامی دارش

زان کـــه بخشـــایش بس روح مکـــرم بـــا اوست

سـەری ئەوینـی من و خاکی دەرکی حەزرەتی دۆس
ئـەوەی کە دێتــە بـەرم نیعمــەتەو سەخـاوەتی دۆس
لە جــامی مانـگ و هەتـــاوم بە دڵ گـــەلێ روانـی
نەکەوتە بەر نەزەری دڵ، نەزیـری روومـــەتی دۆس
کە غــەم لە گوێنی پەڕی خونچە جەم لە دڵ تۆتۆن
لـە شــەرحی سینـە چ بێـژێ سـەبا بە دەوڵەتی دۆس
ســەری ســەران و بەڵێـنی جەهــان، بلـوورن و بەرد
چ دەرحـەقی منـی مـەی‌نۆش یـا چ شـەوکەتی دۆس
بڵاوە عەتری سەبــا، خۆش نەسیمــی خـــاکە مەگـەر
شـەواری سومبـولی کردۆتە شـانە حــەزرەتی دۆس
قەڵــەم وڕینــە دەکـــا ئــەو زمـــان بـــڕاوە هەمــوو
زمان کـە بێ‌مەتـەق و لاڵ مـــا لە تەڵعـــەتی دۆس
بە پێشکەشی گوڵی کوڵمت گوڵۆک و بەرگی چەمەن
چنـار و سـەرو و سنـــەوبەر کەنیــزی قـامەتی دۆس
کە وێنـــەتم لە دڵا دی وتـــم دەگــــەم بە مـــوراد
نیشـانی شاییـە بـێ‌شـک بـە سینــە روئیـــەتی دۆس
نە هەر ئەمێستـەیە «حافــز» لە نێـــو گــڕی عەشقت
ئەزەڵ گوڵاڵە بە داخـــۆ دەزێ لە جەنــنـــەتی دۆس
هەتــا ئەبــەد دڵـی «کۆلیــــل»ـی ئێمـە ســـووتاوە
کە لالە داغـی ئەزەڵ بوو بە دەستـــی قـــۆرەتی دۆس

سـر ارادت مـا و آستـــان حضـرت دوست

کـه هـــرچه بـر سـر مـا می‌رود ارادت اوست

نظیــر دوست ندیـــدم اگـرچه از مـه و مهـــر

نهــادم آینــه‌هـــا در مقـــابـل رخ دوســـت

صبـــا ز حـــال دل تنـــگ ما چـه شــرح دهد

که چون شکنج ورق‌هـــای غنچـه تو بر توست

نـه من سبـــو کش این دیـــر رنـدسوزم و بـس

بسا سرا که در این کارخـــانه سنگ و سبوست

مگـــر تـو شـــــانه زدی زلـف عنبـرافشـــان را

که بـاد غالـیه‌سا گشت و خـاک عنـــبربوست

نثـــار روی تو هر برگ گل که در چمـن است

فـــدای قـد تـو هر ســـرو بن که بر لب جوست

زبـــان ناطقــــه در وصـــف شـوق نـالان است

چه جـــای کلک بریـده زبـان بیهـــده گوست

رخ تو در دلـــم آمـد مـــراد خواهــــم یافـت

چرا کـه حـال نکـو در قفـــای فـــال نکوست

نه این زمـان دل حـــافظ در آتـش هـوس است

کـه داغـــدار ازل همچــــو لاله‌ی خـــودروست

چـــاوم لە لوتفی دۆســە لەســەر ئەو خەتـا نـەڕۆن
تـاوانی من بچـووکە، کـەرەم گەورە عەفـوی تۆن
بەخشیـنی ئێمـە سـەهلە دەزانـم جەنـــابی یـــار
هەرچـەن پەری سرشتــە، بەلآمـێ فریشتـــە هۆن
بەو شێـوە گەرمـەشینمـە، کەس کەس ئەمـا نەڵێت
ئەم جۆگـە پڕ لە لەعلــە ئەرێ چیـن و کامە جۆن؟
ون بـــوو دەمی شـەکەریەتی نەدیـار و بێنیشـــان
یەک موو فەقەت کەمەریەتی ئەمما چ موو چلۆن؟!
نەخشـی خەیاڵـی چۆنە نەشـــۆراوەتۆ لـە ســـەر
دوو دیـدە خۆ هەمیشــە لە گریــان و شستـوشۆن
بێ گفتــوگۆ بە زولفـــی ئەکێشێ دەرون، مەگـەر
زولفی درێژ و دڵکـەشی ئەو گوێ لە گفتـوگۆن؟
عومرێکـە بۆنی پەرچـەمی ئێـــوەم ژنەفتـــووە
هێشتـــا لە مێشکمـــا وەکـو ئەوڕۆ بە رەنگ و بـۆن
«حافـــز»! گـــرانە بۆ مـە پەرێشـــانـدڵـی، بەڵام
چـون بۆ عەبیـری زولفـی پەرێشـــانە غـەم مەخۆن
«کۆلیـــل» تـا غولآمـە لە ئەرکـــی جەنـابی دۆس
سولتـــانی کۆی سەبایــە سولەیمـــانی پڕشکـۆن

دارم امید عاطفتی از جانب دوست
کردم جنایتی و امیدم به عفو اوست
دانم که بگذرد ز سر جرم من که او
گرچه پریوش است ولیکن فرشته خوست
چندان گریستم که هر کس که برگذشت
در اشک ما چو دید روان گفت کاین چه جوست
هیچ است آن دهان و نبینم از او نشان
موی است آن میان و ندانم که آن‌چه موست
دارم عجب ز نقش خیالش که چون نرفت
از دیده‌ام که دم به دمش کار شست‌وشوست
بی گفت‌وگوی زلف تو دل را همی کشد
با زلف دلکش تو که را روی گفت‌وگوست
عمری‌ست تا ز زلف تو بویی شنیده‌ام
زان بوی در مشام دل من هنوز بوست
حافظ بد است حال پریشان تو ولی
بر بوی زلف یار پریشانیت نکوست

ئەو پەیکــە خۆش هەواڵە کە هاتۆ لە شـاری یار
هێنـــای چـاوەزار و خـەتی موشکبـاری یـار
خۆشی دەوت لە وەسفی کەماڵ و جەماڵی دۆس
خۆشی لە دەم حەکـایەتی شـان و ویقـاری یار
پێـم دا دڵـم لە مـوژدە وەلێ شـەرمـەزاری بووم
بێخـەوش نەمبـوو نەغدێ پتـر بۆ نیسـاری یـار
شوکری خـودا کە هیممـەتی ئیقباڵی چارەساز
پێـوانی مەیلی دڵمـــە هەمـوو کـار و بـاری یار
مانگ و فەلـەك کە بێدەسـەڵاتن لە دەوری خۆ
هـەروا لە دەوری دۆس و قـــەرار و مەداری یار
تۆفـانی توندی فیتــنە دو عـــالەم بنێـتە یەك
ئێمـە و شـەمی دو دیدە لە ڕێی لوتفی یـاری یار
بێـــنا کلـێ بە جەوهـەری بیـــنایی ئەی سەبـا
تێکـــەڵ بە خـاکی پـاکی دەر و ڕێگوزاری یار
سـەر خاکسـاری ڕێگەنیـازی سەراکـــەتین
تا چـاوی کێ بە خەو چێ لە کۆش و کەناری یار
دژمـن لە عەیبـی «حافـز» ئەڵێ هەرچی بـا بڵێ
خوایـا سـوپاسی ئێـوە کە نیـم شەرمەزاری یار
«کۆلیـل»ـی ئەی ڕەقیبە قەڵەم خوێن و جەوهەری
دڵگەرمی لوتفـی دۆسە شنـەی (سەرچنـار)ی یار

آن پیک نامور که رسید از دیار دوست
آورد حرز جان ز خط مشکبار دوست

خوش می‌دهد نشان جلال و جمال یار
خوش می کند حکایت عز و وقار دوست

دل دادمش به مژده و خجلت همی‌برم
زین نقد قلب خویش که کردم نثار دوست

شکر خدا که از مدد بخت کارساز
بر حسب آرزوست همه کار و بار دوست

سیر سپهر و دور قمر را چه اختیار
در گردش‌اند بر حسب اختیار دوست

گر باد فتنه هر دو جهان را به هم زند
ما و چراغ چشم و ره انتظار دوست

کحل الجواهری به من آر ای نسیم صبح
زان خاک نیکبخت که شد رهگذار دوست

ماییم و آستانه‌ی عشق و سر نیاز
تا خوابِ خوش که را برد اندر کنار دوست

دشمن به قصد حافظ اگر دم زند چه باک
منت خدای را که نیم شرمسار دوست

سەبا دەخیلە بڕۆ بۆ وڵاتی دڵبەری دۆس
لە زولفی سومبولی تەڕ بێنە! بێنی عەنبەری دۆس
بە گیانی ئەو! کە لە مزگێنیا ئەدەم گیانم
لە تۆم ئەگەر خەبەرێ بێت و زولفی چەمبەری دۆس
وەگەر نەبوو بە نەسیبت حوزووری خەڵوەتی یار
بهێنە بۆ دییە تۆزێ لە خاکی بەر دەری دۆس
منی هەژار و خەیاڵی گەیین بە ئەو، هەیهۆ!
مەگەر بە خەونی ببینم جەماڵی مەحشەری دۆس
دڵی سنەوبەری من چەشنی دارە بێ لەرزی
لە تاوی قامەتی بەرزی وەکوو سنەوبەری دۆس
ئەگەرچی دۆس بە هیچێک ناکڕێ ئێمە
بە هەر دو عالەمی نادەین موویەکی سەری دۆس
لە بەندی غەم دڵی ئازا مەگەر ببێ، چ دەبێ
هەژارە «حافز»ی عاشق، غوڵام و نۆکەری دۆس
بەری وەری تەمەن ئاخۆ دڵی حەزی «کۆلیل»
دەبێ بە قسمەتی بۆنێ لە باخی نۆبەری دۆس؟!

صبا اگر گذری افتدت به کشور دوست
بیار نفحه‌ای از گیسوی معنبر دوست
به جان او که به شکرانه‌ی جان برافشانم
اگر به سوی من آری پیامی از بر دوست
و گر چنان که در آن حضرتت نباشد بار
برای دیده بیاور غباری از در دوست
من گدا و تمنای وصل او هیهات
مگر به خواب ببینم خیال منظر دوست
دل صنوبریم همچو بید لرزان است
ز حسرت قد و بالای چون صنوبر دوست
اگرچه دوست به چیزی نمی‌خرد ما را
به عالمی نفروشیم مویی از سر دوست
چه باشد ار شود از بند غم دلش آزاد
چو هست حافظ مسکین غلام و چاکر دوست

ئافــەرین پەیکـی بەشـارەت بۆم بلێ پەیغـامی دۆس
تا بکـــەم گیانم بەلاگـــەردانی هۆش و فـامـی دۆس
شێت و شەیـدا هەر وەکوو بولبـول لە نێو بەند و قەفەس
شین ئەکەم بۆ لێوی شەکر و چاوی وەک بادامی دۆس
دانـەیی خـــالّی فـــریوی دام و نەمـــزانی لـەوێ
چیم بە سـەردا دێ بە دانـەی خالّ و زولفی دامی دۆس
چەشنی من سـەرمەستـە تا رۆژی قیـامەت هەرکـەسێ
نۆشی گیانی کردبێ یەک قوم لە دەست و جامی دۆس
با لەمـە زیـاتر نەکەم باسی بلێسـەی عەشقـی خـۆم
نەشلّــەقێـنێ تا وتـــارم خـــاترەی ئـارامـی دۆس
هەر ئەوەم چاتر برێژم چـەم بە سـورمەی گەردی رێـی
حیکمـەتی لوقمانی وا پێ خاکی ژێر پێ و قامـی دۆس
ئەوپەڕی ئـاواتـی من هـەرچـەن ئەون ئەو نایەوێـــم
وا بە ناکامی دەنێمــــۆ ســـەر لە بەر ئاکـــامی دۆس
ســا بســاچێـــنە و بسـووتێ «حافــز»!! بەو زامـــەوە
چونکە بێ‌دەرمانە دەرد و سـۆزی تۆتۆی زامـی دۆس
شەوکەتی بەژنت دەمی «کۆلیل»ـی بەست و دڵ شوکر
سەر لەنۆ هەڵبوو لە شەوقی روومەتی جەم جامی دۆس

مرحبــــا ای پیک مشتـــاقـان بــده پیغـــام دوست

تـا کنـم جـان از سـر رغبت فـــدای نـام دوست

والـــه و شیـــداست دایـــم همچـو بلبــل در قفس

طـوطی طبعـم ز عشــق شکـــر و بـــادام دوست

زلـــف او دام اسـت و خـــالش دانـه‌ی آن دام و مـن

بـر امیـــد دانـــه‌ای افتـــاده‌ام در دام دوســـت

ســر ز مستـــی برنگیـــرد تا به صبـح روز حشـــر

هر که چون من در ازل یک جرعه خورد از جام دوست

بس نگویـــم شمـــه‌ای از شـرح شوق خـود از آنک

دردســر باشـد نمـودن بیـش از ایـن ابـــرام دوست

گـر دهـد دستـم کشـم در دیـده همچـون توتیـــا

خـــاک راهـی کـان مشـرف گردد از اقـــدام دوست

میـل من سـوی وصـــال و قصـــد او سـوی فـــراق

ترک کـــام خود گرفتـــم تـا برآیـد کـــام دوست

حافـــظ اندر درد او می‌ســوز و بی‌درمـــان بســـاز

زان کـــه درمـــانی نـــدارد درد بـــی‌آرام دوست

رووتـــی کەسێ نەدیت و هــەزارت رەقیبـــە هەر
دەم خونچە نـازە چۆنە ئەوەنـدەی ئەدیبـــە هەر
کەوتووم ئەگەر لە خـاکی بەری پێت سـەیر نین
وەك من لە ئەم دیـارە هــەزاران غەریبـــە هەر
ئەم عەشقـــە خانەقـــا و خەرابـــاتی بۆ نیێـــیە
لە کوێ جەمـــاڵی دڵبـــەرە عاشق، رەقیـبە هەر
لە کوێ کە دەیرە، ئەڵبەتە هەر بـاسی راهیب و
ناقووس و دەنگی زەنـگی و خـاج و سەلیبە هەر
کێ عەشقی یاری پێیە لەگەڵ رەحمی یار ئەبێ
ئـەی وای دەرد قـــاتە دەنـا ئەو تەبیـــبە هەر
هـــاوار و دادی «حافـز»ی عاشـق چەواشـە نین
باسی ئەویـن و شـەرحی غەریب و عەجیبـە هەر
فەرهـــاد ئەگەر حەکـایەتی شیـرین بڵێ بەڵێ
«کۆلیـــل» ئەگـــەر رەوایـەتی کا دڵفـریبە هەر

روی تو کس ندید و هزارت رقیب هست
در غنچه‌ای هنوز و صدت عندلیب هست
گر آمدم به کوی تو چندان غریب نیست
چون من در آن دیار هزاران غریب هست
در عشق خانقاه و خرابات فرق نیست
هر جا که هست پرتو روی حبیب هست
آن‌جا که کار صومعه را جلوه می‌دهند
ناقوس دیر راهب و نام صلیب هست
عاشق که شد که یار به حالش نظر نکرد
ای خواجه درد نیست وگرنه طبیب هست
فریاد حافظ این همه آخر به هرزه نیست
هم قصه‌ای غریب و حدیثی عجیب هست

هونەر لە مەحزەری تۆدا بەیانی بێهونەرین
زمان براوە وەلێ دەم بەهاری شیعری دەرین
فریشتە روومەتی پۆشی، جنۆکە نازفرۆش
ور و دەمەق بووە چاوم کە دێوە چۆنە پەرین؟!
بە نووری ئەحمەد و ناری ئەبوولەهەب ڕانیم
درووو شەرارەتی بۆ گوڵ رووا، لە چەرخی بەرین
مەپرسە هۆ چییە لەم چەرخە سپڵە لاوێنە
گەنێک خاوەنی گەنجە و گەلێ لە پیلەوەرین
منێ کە ئەرکی موغان و تەلاری کووپەمە جێ
کڕینی تەکیە بە جۆیێ نیشانی بێخەبەرین
کچێ ترێ کە لە پەردەی زوجاجی و عینەبین
مەگەر لە نووری گلاری منن لە لەعل گەرین؟!
تەواوی هۆش و نەزەر بوو سەرم گەورە! دەمێ
کە ئێستە بێدەم و مەستم سەلاح بێنەزەرین
شەراب تێکە کە وەک «حافز»م گەلێ هیوا
بە پشتیوانی گرین و کەرامەتی سەحەرین
شکا شەهێنی هونەر باڵی هەڵفڕینی «عومەر»!
ئەوەی کە بڵحە ئەمێستا تەواری بێهونەرین

اگـرچه عـرض هنـــر پیش یـــار بی‌ادبـی‌ست
زبـان خموش ولیکـن دهـان پر از عربـــی‌ست
پـری نهفـته رخ و دیـو در کرشمـــه‌ی حسـن
بسوخت دیده ز حیرت که این چه بوالعجبی‌ست
در این چمـن گـل بی‌خـــار کس نچیـد آری
چــراغ مصطفـوی بـا شـرار بـولهبـی‌ست
سبب مپـــرس که چـرخ از چه سفـله‌پـرور شد
که کـــام‌بخشـی او را بهـــانه بی‌سببـی‌ست
به نیـم جو نخـرم طـاق خانقـــاه و ربـــاط
مـرا که مصطبه ایـوان و پـای خـم طنبی‌ست
جمـــال دختـــر رز نور چشـم ماست مگـــر
کـه در نقـــاب زجـاجی و پـرده‌ی عنبـی‌ست
هـــزار عقـــل و ادب داشتـم مـن ای خواجه
کنـون که مست خـــرابم صـــلاح بی‌ادبـی‌ست
بیـــار می که چـو حافـظ هــزارم استظـــهار
بـه گریـه‌ی سحـری و نیـــاز نیـم شبـی‌ست

خۆشـــتر لە جەژن و بەژنی ئەویـن و بەهــار چیـن
مەیگێــڕ بۆ نەهــات و درەنگی لە کــار چیـــن؟
کـاتی خۆشت لە دەس مەدە دەستی کـە داوە دەم
ئاخـۆ کەس ئاگــەدارە دەبــەی رۆژگـار چیـــن
عومـری مە یەک هەنـاســەیە هاتوو نەهــاتە دەر
غەمـــخۆری گیـانی خۆ بە! فرانک و دولار چین
ئاوی ژیــان و باخــی بەهەشتی بەریـن، مـەگــەر
غەیری شـەراب و لێوی شەت وکۆی نیگار چین
دەرۆیش و مەست هەر دو کە سەرخۆشی دڵبەرن
دڵ بەینــە نـازی کێ؟ ســەری ژیرا ئیختییار چین
وەختێ فەلەک نەزانـە لە ژێر پەردە چیـن و چۆن
یـا شێـــخ وس بە! مووچەخـۆری پەردەدار چین
تاوانمــــان بە زۆرە ئەگەر وەک رەقیـب ئەڵـێ
با پێــم بڵێ مەبەستــی لە بەخشیـــنی یــار چین
زاهید لە ئاوی کەوسەر و «حافـز» شەراوی ویست
لەو نێــوە ویستـی ســاقی هەتا چۆنە چــار چین
«کۆلیــل» مەستی ژار و چزی زولفـــی گەزۆکی
ئـەو نێـــشە نۆشـــە بۆ مــە شــەرابی هەنــار چین

خوش‌تر ز عیش و صحبت و باغ و بهار چیست

ساقی کجاست گو سبب انتظار چیست

هر وقت خوش که دست دهد مغتنم شمار

کس را وقوف نیست که انجام کار چیست

پیوند عمر بسته به مویی‌ست هوش دار

غمخوار خویش باش غم روزگار چیست

معنی آب زندگی و روضه‌ی ارم

جز طرف جویبار و می خوشگوار چیست

مستور و مست هر دو چو از یک قبیله‌اند

ما دل به عشوه که دهیم اختیار چیست

راز درون پرده چه داند فلک خموش

ای مدعی نزاع تو با پرده‌دار چیست

سهو و خطای بنده گرش اعتبار نیست

معنی عفو و رحمت آمرزگار چیست

زاهد شراب کوثر و حافظ پیاله خواست

تا در میانه خواسته‌ی کردگار چیست

بنـاڵە بولبـول ئەگەر وەك منت سەری یـارین
که هـەر دو عاشـقی زارین و ئیشـمـان زارین
لـە ئـەو زەوینـە سـەبـا بۆنی پـەرچـەمی بێنێت
زەمانی وسکـوتی مامـز لـە میسـکی تاتـارین
شـەراو بێـنە هەتـا ئەو کراسـە کنجە وەشـۆین
کە مەستی لافی غورووورین و مەنگی وەشیـارین
خەیاڵـی پەرچـەمی خاوت نە ئیشی هەر خـاوێ
کە چوونە ژێر قەفی زەنجیر، کـاری عەییـارین
بریقـەیێکی نهێـنی کە عەشقـی داگـرسـاند
نە لەعلی لێـوە، نە پیـرۆزە خـاڵی مـروارین
جەمـاڵـی یار نە کولّم و کەزێن و چـاو و برۆ
هـەزار نوکتـە هەوێنـی کەمـاڵی نـازارین
قەڵـەندەرانی دڵاوا لەتێـکی جـۆ نـادەن
بە تەخت و ئەفسەری شایێ کە حۆلی سەردارین
بە ئاستـانی جەمـاڵت گـەلێ گـرانە گەییـن
فـڕین بەرەو فەلـەکی گـەورەیی بە دژوارین
سەحـەر بە نازی گـلاری خـومارتم خـەو ئەدی
چـەنێ موبارەکە خەونـێ کە بووکی بێـدارین
دڵـی بە ناڵـە مەڕەنجێنە بەس کە سا «حـافز»!
نەجـاتی تا سەری هەرکەس، بە لوتفی دڵدارین
بەڵـێ ئەوەندە هونەرمـەن هـەژار و «کۆلیـل»ـە
مەگـەر بە خەونـی ببینێ لە کـۆشی ڕزگارین

بنال بلبل اگر با منت سر یاری‌ست
که ما دو عاشق زاریم و کار ما زاری‌ست
در آن زمین که نسیمی وزد ز طره‌ی دوست
چه جای دم زدن نافه‌های تاتاری‌ست
بیار باده که رنگین کنیم جامه‌ی زرق
که مست جام غروریم و نام هشیاری‌ست
خیال زلف تو پختن نه کار هر خامی‌ست
که زیر سلسله رفتن طریق عیاری‌ست
لطیفه‌ای‌ست نهانی که عشق از او خیزد
که نام آن نه لب لعل و خط زنگاری‌ست
جمال شخص نه چشم است و زلف و عارض و خال
هزار نکته در این کار و بار دلداری‌ست
قلندران حقیقت به نیم جو نخرند
قبای اطلس آن‌کس که از هنر عاری‌ست
بر آستان تو مشکل توان رسید آری
عروج بر فلک سروری به دشواری‌ست
سحر کرشمه‌ی چشمت به خواب می‌دیدم
زهی مراتب خوابی که به ز بیداری‌ست
دلش به ناله میازار و ختم کن حافظ
که رستگاری جاوید در کم آزاری‌ست

خوایە ئەو شەوقی دەروونەم شەمی ئاسانەیی کێن
ئەو کزەی گیانە بپرسن گوڵی گیانانەیی کێن
ئێستە کاول کەری ژین و دڵ و دینم گوڵی ناز
شەو لە گەڵ کێ دەنووێ شاگوڵی گوڵخانەیی کێن
لەعلی لێوی کە لە لێوی منی لێواو کەوێ!
جامی پێوانەیی کامە و شەمی پەروانەیی کێن
هاوەڵی دەوڵەتی ئەو روومەتە رەخشانە بلێن
ئێوەن و خوا کە بە دەسنووس و بە پەروانەیی کێن
هەر کە ئەفسوونێ ئەکا بۆی و نەبوو کەس خەبەری
ئەو دڵی ناسکی، گوێڕایەڵی ئەفسانەیی کێن
یاڕەب ئەو زوهرە لەقا مانگی من ئەو شاپەرییە
لەعلی بێوێنە و مرواریی شاهانەیی کێن
تا وتم خۆزگە لە گەڵ «حافز»ی دێوانە دەبوو
پێکەنین گرتی و فەرمووی ئەمە دێوانەیی کێن؟
هەر وتم خاڵی رەشی وەک شەوی «کۆلیل» دەچێ
وتی باڵی بکەن ئەم تەیرە لە دووی دانەیی کێن؟!

یا رب این شمع دل‌افروز ز کاشانه‌ی کیست
جان ما سوخت بپرسید که جانانه‌ی کیست
حالیا خانه برانداز دل و دین من است
تا در آغوش که می‌خسبد و هم‌خانه‌ی کیست
باده‌ی لعل لبش کز لب من دور مباد
راح روح که و پیمان‌ده پیمانه‌ی کیست
دولت صحبت آن شمع سعادت پرتو
بازپرسید خدا را که به پروانه‌ی کیست
می‌دهد هر کسش افسونی و معلوم نشد
که دل نازک او مایل افسانه‌ی کیست
یا رب آن شاهوش ماه رخ زهره جبین
در یکتای که و گوهر یکدانه‌ی کیست
گفتم آه از دل دیوانه‌ی حافظ بی تو
زیر لب خنده‌زنان گفت که دیوانه‌ی کیست

حەوتەیێکی چووە مانگی من و یەکسالی پڕە
دڵ لە هیجرانی دەناڵێ وەکو شمشالی زڕە

جامی کوڵمی کە گلێنەی رەشی دوو دیدەمی دا
بەگومانم شەوی رەشخاڵە لە قەدپالی گڕە

گەرچی منداڵن و بۆی شیری ئەچۆڕێت لە دەم
دڵ لە پەیکانی موژۆڵی خەتەر و زالی، پڕە

کەرەمی حاتەمی ئەم شارە بە نێو بانگە، بەڵام
بۆ غەریبان لە هەموو لایە دەڵێی سالی قڕە

جەوهەری فەردی دەمی ئێوە دەلیلێکە دەڵێ
مونکیری جەوهەری وا مێشکی لە زووخالی سڕە

مۆژدەیان داوە دەچێ بۆ سەفەر و لێرەوە دێ
ئۆغری خێرە! بە سەرفی دڵی عەوداڵ و وڕە

قورسە هەڵگرتنی کێوی غەمی دووری بە کەسێ
مل وەکوو تاڵە دەزوو، دڵ وەکو بێژنگی شڕە

مل کەچی بەختی رەشی خۆم و شکۆی قاری ئەوم
هەر کە«کۆلیل»ـە لە کۆی جەوری خەتوخالی خڕە

ماهم این هفته برون رفت و به چشمم سالی‌ست
حال هجران تو چه دانی که چه مشکل حالی‌ست

مردم دیده ز لطف رخ او در رخ او
عکس خود دید گمان برد که مشکین خالی‌ست

می‌چکد شیر هنوز از لب همچون شکرش
گرچه در شیوه گری هر مژه‌اش قتالی‌ست

ای که انگشت نمایی به کرم در همه شهر
وه که در کار غریبان عجبت اهمالی‌ست

بعد از اینم نبود شابه در جوهر فرد
که دهان تو در این نکته خوش استدلالی‌ست

مژده دادند که بر ما گذری خواهی کرد
نیت خیر مگردان که مبارک فالی‌ست

کوه اندوه فراقت به چه حالت بکشد
حافظ خسته که از ناله تنش چون نالی‌ست

کێ بێ کە لە پێچ و خەمی دوو زولفی ڕەشا نین
ئەو حەڵقە لە دەور و بەری کێ داوی بەڵا نین
چاوت کە فریوی دڵی هەر گۆشەنشینە
شوێن کەوتنی تاوانی من و شێخ و مەلا نین
جامێکە خودایی بە یەقین ڕوومەتی ڕوونت
ئەلحەق وەکو جامی غەزەلم خڵتی تیا نین
نێرگز وەکو چاوت دەیەوێ ساحیر و مەس بێ
دیدە و سەری بەو هۆیەوە ژێر و بە حەیا نین
تۆخوا ئەدی ئەو زولفە مەقرتێنە بە میقرازا!
ناڵێنی دڵم شەو نییە چنگاوشی با نین
تاریکە دەروونم وەرە بنوێنە شەمی ڕووت!
بێ ئێوە کە لەم کۆڕی حەریفانە سەفا نین
سەربەرزییە تیماری غەریبان لە کن ئێمە
ئەم ڕەسمە لە نێو ئێوە مەگەر گیانە ڕەوا نین
پێم وت کە دەچوو دوێنە عەسر جوانە وەفا کە
فەرموی کە هەڵەت کرد ئەمە خۆ عەسری وەفا نین
سەد پیری موغان ڕێبەری دڵ بێ وەکو تۆ وام
خاڵی نییە هەرچی سەرە بێ‌سیرڕی خودا نین
بۆ سەرزەنشی خەنجەری چاوت دڵە نیشان
ڕۆستەم سپەری بۆ خەتەری تیری قەزا نین
میحرابە لە بۆ زاهید و سۆفی خەمی ئەبرۆت
کێ بێ کە لە گۆشەی خەمی تۆ دەس بە دوعا نین
ئەی پەنجە بە خوێنی دڵی «حافز» گوڵی ئەتڵەس
شەرمت لە خودا، غیرەتی قورئان، چییە لا نین
«کۆلیل»ـی دەس و تێغتە سەر تا بە قەدەم دڵ
شمشێری ئەتۆ لایەقی هەر بێ‌سەر و پا نین

کس نیست که افتاده‌ی آن زلف دوتا نیست
در رهگذر کیست که دامی ز بلا نیست
چون چشم تو دل می‌برد از گوشه‌نشینان
همراه تو بودن گنه از جانب ما نیست
روی تو مگر آینه‌ی لطف الهی‌ست
حقا که چنین است و در این روی و ریا نیست
نرگس طلبد شیوه‌ی چشم تو زهی چشم
مسکین خبرش از سر و در دیده حیا نیست
از بهر خدا زلف مپیرای که ما را
شب نیست که صد عربده با باد صبا نیست
بازآی که بی روی تو ای شمع دل‌افروز
در بزم حریفان اثر نور و صفا نیست
تیمار غریبان اثر ذکر جمیل است
جانا مگر این قاعده در شهر شما نیست
دی می‌شد و گفتم صنما عهد به جای آر
گفتا غلطی خواجه در این عهد وفا نیست
گر پیر مغان مرشد من شد چه تفاوت
در هیچ سری نیست که سری ز خدا نیست
عاشق چه کند گر نکشد بار ملامت
با هیچ دلاور سپر تیر قضا نیست
در صومعه‌ی زاهد و در خلوت صوفی
جز گوشه‌ی ابروی تو محراب دعا نیست
ای چنگ فروبرده به خون دل حافظ
فکرت مگر از غیرت قرآن و خدا نیست

هەر بە رووی ئێـوە نەبێ خەڵکی دییـەم وازر نیـن

غەیـری تۆی تیـا نییـە دڵ چونکە لە تۆ چـاتر نیـن

وا لە ئیحـرامی تەوافـولقەدەمت سەیـلی سـرشـك

هەرچەن ئاوێتـە بە خوێنـی جگـەرە و تاهیـر نیـن

گـیان هەتـا عـەرش بە باڵـێ بفـڕێ باڵێ دەکـەم

ئەو مەلی وەحشییـە گەر بـۆ قەفـەست حـازر نیـن

عاشـقی رووتم و قەلبی لە مسم پێشکەشی رووت

کیسـە خـاڵی بە نیسـاری زەڕ و زێـو قـادر نین

بەژنی سەروت دەسی ئاخـر بەدەس ئێنێت کەسێ

کـە وچـانی نیـیە لـە شـوێنت و خـۆڕاگر نین

دەم نەدەم چاکـە لە ئەنفاسی دەم و لێوی مەسێـح

کە لە گیانـدانەوە وەك لەعلی ئەتـۆ ماهیـر نین

من لە کوورەی گڕی عەشقت قڕوقەپ شاکر هەم

کامـە ناکەس وتـی بـەو داغـەوە دڵ شـاکر نین

هەر هەوەڵ زولفـی پەرێشـانی ئەتـۆم دیت، وتـم

کـە پەرێشـانیی ئـەم خێڵـە قەتـی ئـاخـر نین

کامە دڵ وەك دڵی «حافـز» نیـیە کۆلیـلی ئەتـۆ

کێ سـەری خاتـری ئێـوەی لە دڵا خاتـر نین

نووری روخساری گەشت روو گەیی«کۆلیل»ـەو بەس

سـوژدەبەر لەو گڕە گەر گـاورە، کێ گاور نین؟!

مـردم دیـده‌ی مـا جـز به رخت ناظـر نیسـت
دل سـر گشتـه‌ی مـا غیـر تـو را ذاکـر نیست

اشکـم احـرام طـواف حـرمـت می‌بنــدد
گـرچه از خـون دل ریش دمـی طاهر نیست

بستــه دام و قفـس بـاد چـو مـرغ وحشـی
طایــر سـدره اگر در طلبـت طایــر نیست

عاشق مفلس اگـر قلـب دلـش کـرد نثـار
مکنش عیب کـه بـر نقـد روان قـادر نیست

عاقبـت دست بـدان سـرو بلنــدش برسـد
هر کـه را در طلبـت همت او قـاصـر نیست

از روان بخشـی عیسـی نزنـم دم هــر گـز
زان که در روح‌فـزایی چـو لبت ماهـر نیست

من کـه در آتـش سـودای تـو آهـی نزنـم
کـی تـوان گفـت که بر داغ دلـم صابر نیست

روز اول کـه سـر زلـف تو دیـدم گفتـم
که پریشـانی این سلسـله را آخــر نیست

ســر پیـوند تو تنــها نه دل حافـظ راســت
کیسـت آن کش سر پیوند تو در خاطـر نیست

چون رووالەت‌بینە زاهید عاشق و شەیدا نییە
با بجاویٚ گۆشتی مردوو چی دەڕێسیٚ وا نییە
خێرە بۆ ئەهلی تەریقەت هەر شتێکی بێتە پێش
ئەم شەقامە هەرکەسیٚ بگریٚ لە ڕیٚ گومڕا نییە
شا، روخی سووتا بە ئاخی ناخی سەربازی گەرووم
خۆ هەموو کەیس شارەزا بۆ کیش‌وماتی شا نییە
پێم بڵێن ئەم میچە بەرزەی پڕ گوڵ و ساکارە چین
چۆنە وا بەم رازە لەم دونیا کەسیٚ زانا نییە
خوایە هەر تۆ بیٚ‌نیاز و قادری، وەسفی چییە
بۆ برینی سەختی ئەم خەڵکەت دەوایێ وا نییە
خاوەنی دیوانمان مێشکی حیسابی پیٚ نییە
مۆرەکەی ئارمی فریوە، دڵ بە مۆری خوا نییە
هەرکە دیٚ رەببی بەخێریٚ! چی دەویٚ بێژن بڵێت
پەردەدار و نازی دەرگاوان لە ئەم دەرگا نییە
کیٚ لە دەرکی‌ئەرکی مەیخانانە، یەک‌ڕەنگە و حەریف
مەیفرۆشیٚ وەزنی سووکی خۆفرۆشی لا نییە
قامەتی ئێمەن درێژ و قۆل و بێفڕمن، دەنا
قەت خەلاتی ئێوە بۆ بەژنی کەسیٚ کۆتا نییە
خۆم غولامی پیری مەیخانەم کە لوتفی دائیمە
لوتفی شێخ و زاهید ئاخر گا هەیە و گاگا نییە
هیممەت و تەبعی بڵێندم پێیە ژوورم بۆ چییە
بادە نۆشیٚ عاشقم «حافز»! زەڕم سەودا نییە
پێت بڵیٚ نێو بانگی «کۆلیل»ـت لەبەر چی دەرچووە
چونکە عوودی عەشقی ئەو شەو سووتنی بێجا نییە

زاهد ظاهرپرست از حال ما آگاه نیست
در حق ما هرچه گوید جای هیچ اکراه نیست

در طریقت هر چه پیش سالک آید خیر اوست
در صراط مستقیم ای دل کسی گمراه نیست

تا چه بازی رخ نماید بیدقی خواهیم راند
عرصه‌ی شطرنج رندان را مجال شاه نیست

چیست این سقف بلند ساده‌ی بسیار نقش
زین معما هیچ دانا در جهان آگاه نیست

این چه استغناست یا رب وین چه قادر حکمت است
کاین همه زخم نهان هست و مجال آه نیست

صاحب دیوان ما گویی نمی‌داند حساب
کاندر این طغرا نشان حسبة لله نیست

هرکه خواهد گو بیا و هرچه خواهد گو بگو
کبر و ناز و حاجب و دربان بدین درگاه نیست

بر در میخانه رفتن کار یک‌رنگان بود
خودفروشان را به کوی می فروشان راه نیست

هرچه هست از قامت ناساز بی‌اندام ماست
ور نه تشریف تو بر بالای کس کوتاه نیست

بنده‌ی پیر خراباتم که لطفش دایم است
ور نه لطف شیخ و زاهد گاه هست و گاه نیست

حافظ ار بر صدر ننشیند ز عالی‌مشربی‌ست
عاشق دردی‌کش اندر بند مال و جاه نیست

دەشتـــی ئەویـــن بەرینـــە لە بەندی کناره نیـن
ئەم دەشتـــە غەیری گۆڕی گەلی دڵپەژارە نین
پیـرۆزه هەر دەقێقه که دەسپێری دڵ بە عەشق
ئەم کـاره خێـره، زوو بە! دەمی ئیستخاره نیـن
سـاقی شەراب تێکە، بە لۆمەی عەقـڵ نەگەی!
چـون لەم وڵاتی سەرمـە عەقـڵ هیچ کـاره نین
بەو چاوه مەسته بێژه کە خوێنڕێژی ئێمە کێن
ئازیزا جورمی هەرکەس، لە نەحسی هەساره نین
هەر حەققی چـاوی پاکە، ببینێ هیـــلالی تۆ
هــەر چـــاو، چـاوی دیتـنی ئەو ماهواره نین
شێوەی ژیانی رەندی لەبەر بگـره چونکە ئەم
سامــانە سەربەمـۆره بە رەنـــدان غـەواره نین
نەیبوو گرین و شیـوەنی «حافــز» لە تۆ ئەسەر
کەمتر دڵەت لە نەسڵ و بەرەی بەردەهـاره نین
«کۆلیــل»! کێ بە سیـــنە شل و نەرمە، دڵڕەقە
شیـرینە هەرکە چەشنی روتەب، وایە، چاره نین

راهی‌ست راه عشق که هیچش کناره نیست
آن‌جا جز آن‌که جان بسپارند چاره نیست
هر گه که دل به عشق دهی خوش دمی بود
در کار خیر حاجت هیچ استخاره نیست
ما را ز منع عقل مترسان و می بیار
کان شحنه در ولایت ما هیچ کاره نیست
از چشم خود بپرس که ما را که می کشد
جانا گناه طالع و جرم ستاره نیست
او را به چشم پاک توان دید چون هلال
هر دیده جای جلوه‌ی آن ماه‌پاره نیست
فرصت شمر طریقه‌ی رندی که این نشان
چون راه گنج بر همه کس آشکاره نیست
نگرفت در تو گریه‌ی حافظ به هیچ رو
حیران آن دلم که کم از سنگ خاره نیست

عەشقی رووی ئێــوە لـە مـالّی نەزەرێ نیــن کە نیــن
خاکــی رێگــەت کلی چــاوی بەشـەرێ نین کە نین
خەڵکی دڵ سـەیری شـەمی روومـەتی رەخشانت ئەکا
رازی پەنهــانی کەزێــکەت لە سـەرێ نیـن کە نیـن
ئەشکی من سـووره بە هـۆی فیتنەگـەری زار و خەجڵ
سـەر بەرەو ژێـری عەمەڵ، خوێنجگـەرێ نین کە نین
نەک لـە داوێنــی بنیشێ، بە نەسیمــۆ گــەردێ
پڕ لـە سێــلاّوی دیـەم رێــگوزەرێ نین کە نین
تـا لـە هـەر جێــگە لە زولفی رەشــی تۆ بـاس نەبێ
وتووێــژی من و شــەوبا، سەحـەرێ نیـن کە نین
من لـەبەر بەختــی رەشی خۆمـە دەسووتێـم دەنـا
لوتفـی تۆ دەرهــەقی هەر دەربـەدەرێ، نیـن کە نین
لە مەترسـی دەمـی شیــرینتە ئەی کەوسـەری ژیـن
نوقمــی ئـاوی شـەرم ئەورۆ، شەکـەرێ نین کە نین
شەقڵــی نەشـکاوە قسـە و باسـی دڵـم گەرچی لە لای
کـۆڕی رەندان و حەریفـــان، خەبــەرێ نین کە نین
لەو بیــاوانە ئەویـن راوییــە، کەرویشکــە پڵینــگ
وەی لە ئــەم رێگــە کە جێگەی خەتـەرێ نین کە نین
چاو منەتبــاری کلـەی خاکــی دەری تـۆیە کـە وا
تـاســەخۆری دیــەکەم خـاکی دەرێ نیـن کە نین
هەر ئەوەی ماوە لەشــم بێنیــیە گوێزێکــەوە سووک
چونکە جێــژوانی غەم و هەر کەســەرێ نین کە نین
گەرچی «حافـز» لە دەست خوێن لە دڵێ، خۆم و خودام
هەر لە سەر تــا قەدەمت هەر هــونەرێ نیــن کە نیـن
سەروی «کۆلیــل»ی و ئازادییــە بــارە و سەمــەرت
عــاشقـی بەرهــەمی تــۆ دەربــەدەرێ نیــن کە نیـن

روشـن از پرتـو رویت نظـری نیست کـه نیست
منت خـاک درت بر بصـری نیست کـه نیست

نـاظـر روی تـو صـاحب نظـراننـد آری
سر گیسـوی تو در هیـچ سری نیست که نیست

اشک غمـاز من ار سـرخ برآمـد چه عجب
خجل از کرده‌ی خود پرده‌دری نیست که نیست

تـا بـه دامـن ننشینـد ز نسیمـش گـردی
سیـل خیز از نظـرم رهگذری نیست که نیست

تا دم از شـام سـر زلف تو هر جـا نزننـد
با صبـا گفت و شنیـدم سحری نیست که نیست

مـن از این طـالع شـوریده بـرنجـم ور نـی
بهـره‌مند از سر کـویت دگری نیست که نیست

از حیـای لـب شیـرین تـو ای چشمـه‌ی نـوش
غـرق آب و عرق اکنون شکری نیست که نیست

مصلحـت نیسـت کـه از پـرده بـرون افتـد راز
ور نه در مجلس رنـدان خبـری نیست که نیست

شیـر در بـادیه‌ی عشـق تـو روبـاه شـود
آه از این راه که در وی خطـری نیست که نیست

آب چشمـم که بر او منـت خـاک درتوست
زیر صـد منت او خـاک دری نیست که نیست

از وجـودم قـدری نـام و نشان هست که هست
ور نه از ضعـف در آن‌جـا اثری نیست که نیست

غیـر از این نکتـه که حافظ ز تو ناخشنـود است
در سـراپای وجـودت هنـری نیـست که نیست

بەرهەمی بوون و خولی تۆپی زەمان ئەونە نییە
زوو بە مەی بێنە! کە بڕیاری جەهان ئەونە نییە
گیان و دڵ بۆیە درا پێشکەشی گیانان بکرێ
چونکە خاڵی لەمە، روتبەی دڵ و گیان ئەونە نییە
سێبەری سیدرە و توو با، لە سەرت بێ بە منەت
ژێری ئەو سایە مەچۆ سەروی رەوان! ئەونە نییە
ناز و نیعمەت چییە گەر خوێنی دڵ و گیانی دەوێ
دڵ نەبێ نرخی گوڵ و باخی جەنان، ئەونە نییە
کورتە چون ژینت و مەودا نییە دڵ شا بە دەمێ!
ئەسپی غەم زین مەکە! مەیدانی ژیان ئەونە نییە
ساقیا فرسەتە تۆفانی ئەجەل وا لە کەمین
تێکە مەی! دەرفەتی لێو تا بە زمان ئەونە نییە
خیرەتی حەق لە ریا تووڕەیە زاهید بە سەرت
خانەقا بەینی هەتا دەیری موغان ئەونە نییە
روومەتی زەرد و تەلایی هونەری دەردی دڵە
بە رواڵەت ئەسەری شەرح و بەیان ئەونە نییە
ناوی چاکەی چووە «حافز» بە هەموو لایە بەڵام
رەندە ئەو، دەربەسی قازانج و زیان ئەونە نییە
خۆشە رسوایی «کۆلیل» بە هۆی عەشقی نیگار
شۆرەتی شیعر و غەزەڵ، نام و نیشان، ئەونە نییە

حاصـــل کارگــه کون و مکـــان ایـن همــه نیست
بـاده پیش آر که اسبـاب جهــان این همـه نیست

از دل و جان شرف صحبت جانـان غـرض است
غرض این است وگـرنه دل و جـان این همه نیست

منـت ســـدره و طـــوبی ز پی ســـایه مکـش
که چو خوش بنگری ای سرو روان این همه نیست

دولـت آن است که بی خــون دل آید به کنـــار
ور نـه با سعـی و عمـل باغ جنـان این همـه نیست

پنـــج روزی کـه در ایـن مرحلــه مهلــت داری
خـــوش بیاســـای زمانی که زمان این همــه نیست

بـر لـب بحـــر فنـــا منتظـریـم ای ســـاقی
فرصتـی دان که ز لب تا به دهـــان این همه نیست

زاهــد ایمــن مشــو از بـــازی غیـــرت زنهـــار
که ره از صومعـــه تا دیـــر مغـان این همــه نیست

دردمنـــــدی مــن ســوختـــه زار و نـــــزار
ظاهـــراً حاجـت تقـریر و بیـــان این همه نیست

نـــام حافــظ رقــم نیــک پذیـــرفت ولـــی
پیش رنـــدان رقم ســـود و زیـــان این همـه نیست

خـەوی ئەو نێـر گزە قەتـرانتـە بێشـت نیـیە خـۆ
پێچی ئەو پەرچەمـە پەخشـانتـە بێشت نییە خۆ

دەتکـا شیـر لە ئەو لێـوە، وتوومـانە کـە ئـەم
شـەکری دەورانـی نمەکدانتـە، بێشت نیـیە خۆ

پڕ تەمـەن بیـت! دەزانم کـە لـە نێـو قەوسـی بـرۆ
تیـری ئەو نەشتـەری موژگـانتە بێشت نیـیە خۆ

تێکـلاوی بە غەمـی دووری و قەیـرانی فیـراق
ئەی دڵ! ئەم شیـوەن و گریـانتـە بێشت نیـیە خۆ

دوێنەشەو سروە لە کۆی یارەوە گوڵزاری هەژانـد
ئەی گوڵ! ئەو یێخـە دڕینـانتـە بێشت نییە خۆ

دڵ دەشـارێتەوە گەرچی غەمی عەشقـی لەم و لەو
«حافـز» ئەم رێـژنەیی چـاوانتـە بێشت نیـیە خۆ

دیدە تاریکـە لە دین هەر وەکـو «کۆلیـل» ئەڵێت
تیشکـی ئەو روومـەتە رەخشـانتە بێشت نییە خۆ

خواب آن نرگس فتان تو بی چیزی نیست
تاب آن زلف پریشان تو بی چیزی نیست
از لبت شیر روان بود که من می گفتم
این شکر گرد نمکدان تو بی چیزی نیست
جان درازی تو بادا که یقین می‌دانم
در کمان ناوک مژگان تو بی چیزی نیست
مبتلایی به غم محنت و اندوه فراق
ای دل این ناله و افغان تو بی چیزی نیست
دوش باد از سر کویش به گلستان بگذشت
ای گل این چاک گریبان تو بی چیزی نیست
درد عشق ار چه دل از خلق نهان می‌دارد
حافظ این دیده‌ی گریان تو بی چیزی نیست

سەرای ئێوە نەبێ بۆ سەرم سەرایێ نین
لە عالەما مەگەرم دەرکی تۆ پەنایێ نین
کە دژ، بە تێغەوە هەڵمەت ئەدا، سپەر نادەم
کە تێغی ئێمە مەگەر ناڵە ناڵ و وایێ نین
چلۆن لە مەیکەدە روو وەربگێڕم ئاخرْ بۆ؟
کە چاترم لە جەهان هیچ داب و رایێ نین
زەمانە ئاگر ئەدا گەر لە خەرمەنی ژینم
گرینگ بۆ ئەوە، بۆ من پڕووشە کایێ نین
غولامی نێرگزی پڕ سیحری ئەو بەژن سەوزەم
هەر ئەونە مەستە کە هیچی بە کەس نیگایێ نین
بە مەیلی خۆ بکە بەو مەرجە کەس نەڕەنجێنی
بە شەرعی ئێمە کە سەر لەم گونا گونایێ نین
رەمۆک وا مەبە ئەی حاکمی ولاتی جەماڵ!
کە نەبوە رێگەنشینێ کە بۆ رجایێ نین
بە هەر تەرەف کە دەبینم لە رێگەما داوە
لە پێچی زولفی رەشی چاترم پەنایێ نین
ئەوینی دڵ مەدە «حافز»! بە هەر خەت و خاڵێ
کە کاری دلبەری ئاخر بە هەر سیایێ نین
لە سیحری چاوی دەمەق ما، سەری گەلێ زانا
«عومەر» بە ساحیری وا سەر بدا خەتایێ نین

جز آستان توأم در جهان پناهی نیست

سر مرا بجز این در حواله گاهی نیست

عدو چو تیغ کشد من سپر بیندازم

که تیغ ما بجز از ناله‌ای و آهی نیست

چرا ز کوی خرابات روی برتابم

کزین به هم به جهان هیچ رسم و راهی نیست

زمانه گر بزند آتشم به خرمن عمر

بگو بسوز که بر من به برگ کاهی نیست

غلام نرگس جمّاش آن سهی سروم

که از شراب غرورش به کس نگاهی نیست

مباش در پی آزار و هرچه خواهی کن

که در شریعت ما غیر از این گناهی نیست

عنان کشیده رو ای پادشاه کشور حسن

که نیست بر سر راهی که دادخواهی نیست

چنین که از همه سو دام راه می‌بینم

به از حِمایت زلفش مرا پناهی نیست

خزینه‌ی دل حافظ به زلف و خال مده

که کارهای چنین حد هر سیاهی نیست

بولبولێ بەرگی گولێکی ئاڵ و کاڵی بوو لە زار
دەم لەگەڵ یارا لە نێو دەم بوو کەچی گریان و زار
پێم وت ئاخر خۆ بە کامی دڵ گەیشتی، ناڵە چین؟
پێی وتم بۆ حەزرەتی یارە و گڕوی شەوقی دیار
گەر بە من رازی نەبوو تەشریفی چوو چارم چییە
ئەو کە سوڵتانی بەهارە و عارە خۆی بێنێتە خوار
کەی نیاز و نازی من کەی؟ هاوترازی روی گوڵە
خۆش بەحاڵی ئەو کەسەی دڵگیرە لا هەستی نیگار
سا وەرن! با خۆ بەقوربانی هونەرمەندێ بکەین
سووڕی پەڕگارێکی، ئەم نەخش و نیگارەی خستە کار
رێڕەوی پیری ئەوین ترسی لە رسوایی نییە
شێخی سەنعان خەرقە دەفرۆشێ بە جامی چاوی یار
کاتی ئەو دەروێشە شیرین کاتە شیرین بێ! کە پاك
وەك مەلەك هەر یار یاری بوو لە نێو خێڵی نەیار
ئاوی چاوی «حافز»ی عاشق لە کۆشکی دڵبەرا
عەینی ئەو چۆمەی لە ژێر باخی بەهەشتا دێتە خوار
عادەتی بەختم وەها بوو قەت لەگەڵما را نەیێ
چۆن دەگا «کۆلیل»ـی پێخاوس بە ئێوەی شاسوار؟

بلبلی برگ گلی خوش‌رنگ در منقار داشت
وندر آن برگ و نوا خوش ناله‌های زار داشت
گفتمش در عین وصل این ناله و فریاد چیست
گفت ما را جلوه‌ی معشوق در این کار داشت
یار اگر ننشست با ما نیست جای اعتراض
پادشاهی کامران بود از گدایی عار داشت
در نمی‌گیرد نیاز و ناز ما با حسن دوست
خرم آن کز نازنینان بخت برخوردار داشت
خیز تا بر کلک آن نقاش جان افشان کنیم
کاین همه نقش عجب در گردش پرگار داشت
گر مرید راه عشقی فکر بدنامی مکن
شیخ صنعان خرقه رهن خانه‌ی خمار داشت
وقت آن شیرین قلندر خوش که در اطوار سیر
ذکر تسبیح ملک در حلقه‌ی زنار داشت
چشم حافظ زیر بام قصر آن حوری سرشت
شیوه‌ی جِنّات تَجری تَحتِها الأنهار داشت

ئادیتــە یــار قــەستی مەگــەر هــەر ستــەم نەبوو
عەهدی شکــان و بۆ غەمی ئێمەیشی غـەم نەبوو
لێی مەگرە خوایە گەرچی سـەری کۆتـری دڵی
هەڵکەند و حورمەتێـکی بە تەیری حەرەم نەبوو
بەختی نەیاری خۆمە جەفــاکارە وەرنە یــار
حاشــای قەت لە داب و نەرێتـی کەرەم نەبــوو
بەم حاڵەشۆ ئەوەی کە نەبێ مەست و پەستی ئەو
هەر جێگە چوو لە چاوی کەسێ موحتەرەم نەبوو
مەیگێــڕ بــادە بێـنە بە دارۆغـــە بێـژە بــا
بەرگر نەبێ! کە جــامی‌جەمـی وایە جــەم نەبوو
سۆفــی کە ڕێی نەبـردە حەریمـــی جەنــابی تۆ
چی چۆڵــی ئەو هەژارە بڕی هەر حەرەم نەبوو
بڕفێنــە گۆی بەیــان و غـەزەڵ! «حافز»ا ڕەقیـب
نەک هــەر هونـەر نەدارە خــەبەردار هەم نەبوو
ســاقی شەراب تێــکە! نە بۆ موددەعی، کە ئـەو
«کۆلیل»و شێـتی پێچی خەمی زولفی شەم نەبوو

دیـدی که یـار جز سر جور و ستم نداشت

بشکست عهد و ز غـم ما هیچ غــم نداشت

یا رب مگیـرش ارچـه دل چـون کبوتـــرم

افکنـــد و کشت و عزت صیـد حرم نداشت

بـر مـن جفــا ز بخت من آمـد و گـرنه یـار

حاشـا که رسم لطـف و طـریق کرم نداشت

با این همه هر آن که نه خواری کشید از او

هر جـا که رفت هیچ کسش محترم نداشت

ســـاقی بیـــار بـاده و بـا محتسـب بگــو

انکـــار ما مکـن که چنین جام جم نداشت

هــر راهـــرو که ره به حــریـم درش نبـــرد

مسکـین برید وادی و ره در حـــرم نداشت

حافــظ ببر تو گـوی فصــاحت که مدعـــی

هیچــش هنر نبــود و خبــر نیز هم نداشت

شنەی نەسیمی بەهەشتی کە دێ لە دەشتی بەهــار
من و هەتـاوی مەی و چـاوی پڕ لـە نازی نیگـار
هــەژار چـۆنی نەبێ مــافی سەڵتـەنەت ئەورۆ
لە ژووری خێوەتی هەورەو لە ژێری فەرشی بەهار
بە باخی جەننـەتی نادەم بەهەشتـی نەغدیٚ ژیـان
چەمـەن حەکایەتی مانگـی گوڵانی سـەوزە لە زار
دڵ ئـاوەدان کە بە مـەی! چون جەهانی کـاول‌بـوو
گەرەکیە خاکـی سـەر و پێ بکـا بە خشتی تەلار
لـە دژ وەفـا مەکـــە داوا! کـە ڕۆشنــــی نـادا
شەمـی کـەنێسـە، بە مزگـــەوتی دڵ لە شـــەوار
مەلامەتی منی مـەس، کەی ڕەوا بە تۆمـــەتی تۆن
بە کـێ درا خەبـەری سەرنویشت و دەسخەتی یار؟
بچۆ لەگـەڵ لەشـی بێ گیـانی «خاجە» تا قەبـــران
کە ئەهلی جەننـەتە هەرچەن گونـاحی زۆرە هەژار
خەتـای بێ‌حـەدی «کۆلیـــل» ناگەیێ بە عەتـای
دەلالـی ئێمە، کە چەشنی بەهـارە بۆ گوڵ و خـــار

کنــون که می‌دمـد از بوستان نسیـم بهشت
من و شراب فرح بخش و یار حـور سرشت
گــدا چــرا نـزنـد لاف سلطنــت امـروز
که خیمه سایه‌ی ابر است و بزمگه لب کشت
چمــن حکــایت اردیبهــشت می گـــوید
نه عاقـل است که نسیـه خرید و نقـد بهشت
به می عمارت دل کن که این جهان خراب
بر آن سر است که از خاک ما بسازد خشت
وفــا مجوی ز دشمـن که پرتـوی ندهـــد
چو شمـع صومعه افروزی از چـراغ کنشت
مکــن به نامـه سیــاهی ملامــت من مســت
که آگه است که تقدیر بر سرش چه نوشت
قــدم دریـغ مــدار از جنـــازه‌ی حافــظ
که گرچه غرق گناه است می‌رود به بهشت

پاکبازی ئەگە سۆفی! زەمی رەندان چەپەڵە
تۆ بەهەشتی بە! جەحانم بەشی گەند و دەغەڵە
ئێوە چا بن من ئەگەر سوک و چرووک و گەنەڵم
دەغەڵ و خەرمانی فەلا بەرهەمی تووی هەوەڵە
هەرکەسێ عاشقی یارە لە هەموو شوێنێ و مەقام
چ لە مزگەوت و کلیسا، چ بزان و چ هەڵە
سەری دڵ سوژدەبەری خشتی دەری مەیکەدەیە
تێنەگا بێت و رەقیب ئەم وتە، مێشکی پفەڵە
لە سەرم دەرمەکە هیوا بە شنەی لوتفی قەدیم
تۆ کە بێ‌زەینی مەڵێ کێ پەرییە و کێ چەقەڵە
نە خەتاباری هەوەڵ منم و نە ئەو تۆڵەگرە
لەم لەدەسدان و بە دەسکەوتنە، بابم ئەوەڵە
«حافز»!! رۆژی مەرگ جامە شەرابێ خەیە دەس
لە خەراباتەوە دەتباتە بەهەشت ئەو عەمەڵە
با بڵێم کامە بەهەشتی دڵی «کۆلیل»ی منە
بەژن و چاوی کەژەڵ و عەتر و بەهار و غەزەڵە

عیب رنـــدان مکـــن ای زاهـــد پاکیـــزه ســـرشت
که گنـــاه دگـــران بـــر تـــو نخواهنـــد نوشـت
من اگـــر نیکـــم و گـــر بد، تو برو خـــود را بـــاش
هـــر کسی آن درود عـــاقبت کـــار که کشت
همـــه کس طـــالب یـــارند چه هشیـــار و چـه مست
همـه جا خانـه‌ی عشق است چه مسجـــد چه کنشت
ســـر تسلیـــم مـــن و خشـــت در میکـــده‌هـــا
مدعـی گر نکنـد فهـم سخـن گـو ســر و خشـت
نـاامیـــدم مکـــن از ســـابقـــه‌ی لطـف ازل
تو پس پرده چه دانی که که خوب است و که زشت
نـه مـن از پرده‌ی تقـــوا بـــه در افتـــادم و بـس
پـــدرم نیـــز بهشـــت ابـــد از دســت بـــهشت
حـافظـــا روز اجـــل گـــر بـه کـــف آری جـــامی
یکســـر از کـــوی خـــرابـــات برنـــدت به بهشـــت

بولبولێ سوورە گوڵێکی لە سەحەر وا دەدووان
ناز مەفرۆشە! بە ئەم باخە دەڵێن باخی ژووان
پێکەنی گوڵ وتی هەروایە کە فەرمووت، بەڵام
کامە عاشق بە قسەی تاڵی وەها یاری دووان؟!
تا لە مل کیژی مژۆڵت نەکەی ئەسرێنی شەوەق
دەس لە مل کیژی رەز و ماچی بزەی لەعلی کووان؟
تا قیامەت نەچەشێ بۆنی هەناسەی گوڵی ناز!
هەرکە خۆڵی دەری مەیخانە نەلێسێ بە زووان
چوومە نێو باخی ئیرەم دوێنەشەوێ دیم کە لەوێ
سومبول و زولفی لەگەڵ سروە یەکێکن نە دووان
پێم‌وت ئەی پەیکی جەم و تەختی! سولەیمان لە کوێن؟
سەد مغابن وتی ئەم چەرخە ئەوانیشی چووان
ئەم قسەو باستە ساقی بەسە، بۆم تێکە شەراب!
واعیز ئەورۆ لە وتارا گڕی عەشقی دەنووان
نوقمی ئەسرینییە سەبر و خیرەدی «حافز»ی زار
بەحری سووری بووە دژمن گوڵی ئەسراری رووان
خۆش لەگەڵ مێگەلی عەشقی دڵی ناشادییە شێخ
بۆیە «کۆلیل» بە دڵ بۆ غەمی تۆ بوو بە شووان

صبحدم مرغ چمن با گل نوخاسته گفت
ناز کم کن که در این باغ بسی چون تو شکفت

گل بخندید که از راست نرنجیم ولی
هیچ عاشق سخن سخت به معشوق نگفت

گر طمع داری از آن جام مرصع می لعل
ای بسا دُر که به نوک مژه‌ات باید سُفت

تا ابد بوی محبت به مشامش نرسد
هر که خاک در میخانه به رخساره نرفت

در گلستان ارم دوش چو از لطف هوا
زلف سنبل به نسیم سحری می‌آشفت

گفتم ای مسند جم جام جهان بینت کو
گفت افسوس که آن دولت بیدار بخفت

سخن عشق نه آن است که آید به زبان
ساقیا می ده و کوتاه کن این گفت و شنفت

اشک حافظ خرد و صبر به دریا انداخت
چه کند سوز غم عشق نیارست نهفت

ئەو شۆخی پەری روومەتە چی بوو کە وەها چوو
ئاخۆ کە خەتای ئێمە بو یا ئەو بە خەتا چوو؟
بیلبیلەیی دوو دیدە هەتا چوو لە نەزەرما
بۆم نایە بڵێم چاوی سەرم چی بەسەرا چوو
دوێشەو بە دڵی شەم نەچو بەو سۆزی دەروونەی
ئەو دووکەڵ و سووتانە بە ناخی جیگەرا چوو
پەرژین لە روخی ئێوە، لە رۆخی چەمی(سیروان)
لێلاوی سرشکم وەکو تۆفانی فەنا چوو
کەوتوومەتە جێ تا غەمی دووریتە لە گیانم
مردم لەبەر ئەم دەردە، لە دەس چارە دەوا چوو
تا سەر وتی دۆعا بکە دڵ بێتەوە گاهەس
عومرێکە کە عومرم سەروکاری بە دوعا چوو
رووگەی دڵی حاجی چووە، ئیحرامی چ پۆشین
بۆ مەروە هەڕاکردنی چیمانە؟! سەفا چوو
دوکتور کە دەسی نا لە دڵم دوێ وتی سەد حەیف
ئەم دەردە دڵەی ئێوە لە قانوونی شفا چوو
«حافز» بە تەما ما، قەدەمێ هەڵگرە بۆ لای
ها وەختە خەبەر بێ کە بەرەو ماڵی بەقا چوو
چون عاقیبەتی مردنە «کۆلیل»! هەموو کەس
خۆزگەم بە کەسێ سەر بە غەمی عەهد و وەفا چوو

آن ترک پری چهره که دوش از بر ما رفت
آیـا چه خطـا دید کـه از راه خطـا رفت
تـا رفت مرا از نظـر آن چشم جهـان‌بیـن
کس واقف ما نیست که از دیده چه‌ها رفت
بـر شمـع نرفـت از گـذر آتـش دل دوش
آن دود که از سوز جگـر بر سـر مـا رفت
دور از رخ تـو دم بـه دم از گوشه‌ی چشمم
سیـلاب سـرشک آمـد و طوفـان بلا رفت
از پـای فتـادیم چو آمـد غـم هجـران
در درد بمـردیـم چو از دست دوا رفت
دل گفت وصـالش به دعـا باز تـوان یافت
عمـری‌ست که عمرم همه در کار دعا رفت
احـرام چه بندیـم چو آن قبـله نه اینجـاست
در سعـی چه کوشیم چو از مروه صفا رفت
دی گفت طبیب از سر حسـرت چو مرا دید
هیهـات که رنج تو ز قـانون شفـا رفت
ای دوسـت به پرسیـدن حافـظ قدمـی نـه
زان پیـش که گوینـد که از دار فنـا رفت

گەر لە دەستی خاڵی میشکینت خەتایێ بوون، بوون
یا لە جەوری زولفی پڕچینت جەفایێ بوون، بوون
عەشق ئەگەر خەرمانی هەستیشم بسووتێنێ چ بوو
جەوری سوڵتانی دەرون گەر بۆ گەدایێ بوون، بوون
من وەفاداری ئەوینی بێ غەل و خەوشی ئەتۆم
جامەکەت بێنا جەفاکانت سەفایێ بوون، بوون
کێوی سەبرن دڵ لە ژێر باری گرانی ئێوەدا
گەر مەلوولت کردبێ یا هەر گونایێ بوون، بوون
یا ئەگەر لەرزی غەمی نازت هەڵی چۆقاندوم
یا لە نێوانی «مەم» و «زین»دا هەرایێ بوون، بوون
ناحەزان هەرچەندە بەینێ بەینی شێوانین بەلام
گەر لە کۆڕی ئێمە یاران ناڕەوایێ بوون، بوون
عەیبی «حافز» با نەڵێ واعیز لە مزگەوتێ کە چوو
دڵ نەچیری راوی ئەو زووتر کە رایێ بوون، بوون
گۆچی شێری خیرەت و عەشقم وەکوو «کۆلیل» ئەڵێم:
مەشقی ترس و قین لە گوێما سووکە بایێ بوون، بوون

گر ز دست زلف مشکینت خطایی رفت رفت
ور ز هندوی شما بر ما جفایی رفت رفت
برق عشق ار خرمن پشمینه‌پوشی سوخت سوخت
جور شاه کامران گر بر گدایی رفت رفت
در طریقت رنجش خاطر نباشد می بیار
هر کدورت را که بینی چون صفایی رفت رفت
عشق‌بازی را تحمل باید ای دل پای دار
گر ملالی بود بود و گر خطایی رفت رفت
گر دلی از غمزه‌ی دلدار باری برد برد
ور میان جان و جانان ماجرایی رفت رفت
از سخن‌چینان ملالت‌ها پدید آمد ولی
گر میان همنشینان ناسزایی رفت رفت
عیب حافظ گو مکن واعظ که رفت از خانقاه
پای آزادی چه بندی گر به جایی رفت رفت

ساقی شەراب تێکە! کە مانگی (سیام) چوو
جامم دەیێ کە دەرفەتی خێڵی عەوام چوو
چون کات خۆشەویسە وەرن تۆڵە کەینەوە
عومرێ کە بێ کەنین و بزەی لێوی جام چوو
بەو شێوە سەرخۆشم کە نەزانم بە کۆی خەیاڵ
کێ هات نێوەڕۆژ و دەمە و شام کام چوو
بەڵکوو بگا بە دەستی دڵم، جامی هەستی تۆ
شەو تا سەحەر لە مەیکەدە تیری رجام چوو
دڵ مردبوو دوبارە ژیانی لەبەر کرا
تا بۆی نەسیمی بادە بە گیانی مەشام چوو
زاهید بەهۆی ریا بو سلامەت نەچوو بە رێ
زانا لەبەر نیازی بە (دارالسلام) چوو
نەغدی دڵم نەدا بە شەرابی حەلاڵی یار
رووکەش بو زێڕی ئێمە کەوا بۆ حەرام چوو
تا کەی بە سۆزی تۆبە بسووتم لە گوێنی عوود
مەی بێنە! چون تەمەن بە خەیالاتی خام چوو
سا بەس بکەن نەسیحەتی «حافز» کە چۆڵە رێ
لەو گومبووەی شەرابی مورادی بە کام چوو
سۆفی وتی «عومەر»! وەرە بۆ خانەقا، وتم
بۆ چوونی تۆ نەچووم و حەزی خانەقام چوو

ساقی بیار باده که ماه صیام رفت
در ده قدح که موسم ناموس و نام رفت
وقت عزیز رفت بیا تا قضا کنیم
عمری که بی حضور صراحی و جام رفت
مستم کن آن‌چنان که ندانم ز بیخودی
در عرصه‌ی خیال که آمد کدام رفت
بر بوی آن که جرعه‌ی جامت به ما رسد
در مصطبه دعای تو هر صبح و شام رفت
دل را که مرده بود حیاتی به جان رسید
تا بویی از نسیم می‌اش در مشام رفت
زاهد غرور داشت سلامت نبرد راه
رند از ره نیاز به دارالسلام رفت
نقد دلی که بود مرا صرف باده شد
قلب سیاه بود از آن در حرام رفت
در تاب توبه چند توان سوخت همچو عود
می ده که عمر در سر سودای خام رفت
دیگر مکن نصیحت حافظ که ره نیافت
گمگشته‌ای که باده‌ی نابش به کام رفت

نەمچەشی حەیف شەرابێ لە گوڵی زاری و چوو
نەبو دڵ پڕ لە دیاری شەمی روخساری و چوو
لەگەڵ ئێمەی وەکو بێژی فرە دژوارە ژیان
تۆزی پایم نەشکان، بەستی بنە و باری و چوو
فاتیحە و زیکری یەمانیم بە ئیخلاسەوە خوێند
بەڵکو تەشریفی نەچێ هیچ نەبوو چاری و چوو
فێڵی لێ کردم ئەوەی پێمی دەوت لێرەوە دێ
دیتە چۆن کەوتمە نێو داوی فریوکاری و چوو؟!
ئەو لە نێو باخی جەمالا دەگەڕا و ئێمە لە دوی
نەیچنی کەس گوڵە ماچێک لە گوڵزاری و چوو
چەشنی «حافز» گ شەوێ شیوەن و زاریمە کە حەیف
نەگەیشتم بە وەداعی، منی زاماری و چوو
سەر وتی سەبرە دەوا بۆ دڵی «کۆلیل»، کەچی
دڵ وتی سەر نییە حاڵی لە ئەوینداری و چوو

شربتی از لب لعلش نچشیدیم و برفت
روی مه پیکر او سیر ندیدیم و برفت
گویی از صحبت ما نیک به تنگ آمده بود
بار بربست و به گردش نرسیدیم و برفت
بس که ما فاتحه و حرز یمانی خواندیم
وز پی‌اش سوره‌ی اخلاص دمیدیم و برفت
عشوه دادند که بر ما گذری خواهی کرد
دیدی آخر که چنین عشوه خریدیم و برفت
شد چمان در چمن حسن و لطافت لیکن
در گلستان وصالش نچمیدیم و برفت
همچو حافظ همه شب ناله و زاری کردیم
کای دریغا به وداعش نرسیدیم و برفت

مەیگێــڕ مــوژدە بێ کە ئـەوین کوڵمی خستـە دەر
شەوقی شـەمی لە خەڵـوەتی یــارانــە شوعلـــەوەر
ئەو مۆمـە سەرکـــراوە گـڕێ خۆش‌تری نـــوواند
ئـەم پیـــرە هـــانە رەنگی شـــەواری درا بەسەر
نـــازی وەهـــا بە موفتی نیشـــان‌دا لە خشتـــە چوو
لوتفـی بە دۆس ئەوەن بو کە دژ ترســی کەوتە بەر
هەیهـەی لە ئەو عیبــارەتە سیحـراوییـــەی دەمت!
یەک پستـە چۆن کـراوە بە کـانی قـەن و شەکـەر
باری غەمێ کە خـاتری ئێمــەی شەکـەت ئەکرد
عیســـادەمێ گەیشت و غـەمی دەرپــەڕانە دەر
ئەو قـامەتەی کە نازی لە سـەر مانگ و خۆر ئەکرد
تــا دیتــی بەژنـی ئێـوە سـەری شـەرمی خستە بەر
ئـەم عەشقـە چەرخی حەوگـومەزی پڕ لە ناڵە کرد
ساویلکـە کـورت بینـە کە گــرتوویە موختــەسەر
سیحـری بەیـــان لە کێوە بە «حافز» درا کە بەخت
وەک چـاوەزار شیـعری ئەوی گـرتە بەرگی زەڕ
چـــاوی سەحـەر کە روونە وەکوو بەختی دڵبەران
مۆمی شکـۆی بەیـانی غەزەڵبێژی وەک «عومەر»

ساقی بیا که یار ز رخ پرده برگرفت
کار چراغ خلوتیان باز درگرفت
آن شمع سرگرفته دگر چهره برفروخت
وین پیر سالخورده جوانی ز سر گرفت
آن عشوه داد عشق که مفتی ز ره برفت
وان لطف کرد دوست که دشمن حذر گرفت
زنهار از آن عبارت شیرین دل‌فریب
گویی که پسته‌ی تو سخن در شکر گرفت
بار غمی که خاطر ما خسته کرده بود
عیسی دمی خدا بفرستاد و برگرفت
هر سروقد که بر مه و خور حسن می‌فروخت
چون تو درآمدی پی کاری دگر گرفت
زین قصه هفت گنبد افلاک پرصداست
کوته نظر ببین که سخن مختصر گرفت
حافظ تو این سخن ز که آموختی که بخت
تعویذ کرد شعر تو را و به زر گرفت

پەیمانی کولّم و لێوی شرینت جەهانی گرت
وەک یەکیەتی ولاّتی لە دەس دژمنانی گرت
شەم ویستی رازی خەلّوەنشینان بلّێ بەلاّم
شوکری خودا زمانی قسەی لالّمانی گرت
ئەو ئاگرەی نهێنە لە ئەم سینە، خۆر فەقیەت
یەک ژیلەمۆ پزیسکە کە حەو ئاسمانی گرت
تا خونچە ویستی لافی دەمت لێبدا، سەبا
خوستی بڕی کە خستی بە مستێ دووانی گرت
پەرگاری دلّ لە دەور و خولی خۆ، لە غەم کەنار
دەوران بە جەغزی خست و بە نوختەی میانی گرت
ئەو رۆژە شەوقی بادە دلّی سووت و خەرمەنم
وا گرشەیێ لە کولّمی گەروی جامەکانی گرت
هەر ئەومە چاکە بێخە تەکان بچمە مەیکەدە
چون گەرد و خاکی فیتنە سەراپا زەمانی گرت
مەی خۆ! کە هەرکە ژین و سەرەنجامی کاری دی
سووکێ لە غەم دەرات و لە کووپەی گرانی گرت
بەرگی گولاّن بە خوێنی شەقایەق شەلاّل و سوور
هەرکەس کە ژیرە، جامی وەکوو ئەرخەوانی گرت
ئاوی ژیانە «خاجە»! دەچۆڕێ لە شیعری تۆ
گیانی حەسوودە عەیبی لە چەشمەی رەوانی گرت
«کۆلیل» بەرقی نەزمی سەحەر گرتە چ باخێ؟
بێشک بە عەشقی ئێوە لە باخی بەیانی گرت

حسنت به اتفاق ملاحت جهان گرفت
آری به اتفاق جهان می‌توان گرفت
افشای راز خلوتیان خواست کرد شمع
شکر خدا که سر دلش در زبان گرفت
زین آتش نهفته که در سینه‌ی من است
خورشید شعله‌ای‌ست که در آسمان گرفت
می‌خواست گل که دم زند از رنگ و بوی دوست
از غیرت صبا نفسش در دهان گرفت
آسوده بر کنار چو پرگار می‌شدم
دوران چو نقطه‌ی عاقبتم در میان گرفت
آن روز شوق ساغر می خرمنم بسوخت
کآتش ز عکس عارض ساقی در آن گرفت
خواهم شدن به کوی مغان آستین فشان
زین فتنه‌ها که دامن آخر زمان گرفت
می خور که هر که آخر کار جهان بدید
از غم سبک برآمد و رطل گران گرفت
بر برگ گل به خون شقایق نوشته‌اند
کان کس که پخته شد می چون ارغوان گرفت
حافظ چو آب لطف ز نظم تو می‌چکد
حاسد چگونه نکته تواند بر آن گرفت

قسەی خۆشێکە کە ئێژن لە پیری کەنعانە
«فەراقی یار ئەوە ناکا کە بێژم ئاوانە»
مەلا لە خۆفی قیامەت کە باس ئەکا مەبەسی
دەروونی عاشق و شەوگاری سەختی هیجرانە
سوئالی دلبەری کۆچەر لە کێ بکەم دیسان
لە شەرحی چونکە سەبا چەشنی من پەرێشانە
لە دەستی ئەو گولە بێڕەحمە وەی! کە عەهدی شکان
فوغان کە تەرکی رەفێقانی بۆ چەن ئاسانە
گەلێ دەکەم لەمە بەولا سپاسی جەوری رەقیب
دلم کە عادەتی دەردە و لە تەرکی دەرمانە
شەرابی کۆنە مەگەر لابەرێ غەمی کۆنم
کە تۆوی خۆشدلی جووتێر ئەڵێ لە پەیمانە
گرێ لە با مەدە! با کامەران و بەختەوەری
کە ئەم کەلامە قسەی با لەگەڵ سولەیمانە
بە مۆڵەتێ کە فەلەک دایەتی لە خشتە مەچۆ
مەگەر کەسێ وتی ئەم زاڵە دەس لە وەستانە
مەتەق لە خزمەتی دلبەر دەبێ نەکەی عاشق!
کە بەختی تۆ بە دڵ وگیان لە گفتی گیانانە
لە کوێنە؟ کێ وتی «حافز» لە سۆزی ئێوە نەما
ئەمن وتوومە؟ نە! هەرکەس وتوویە بوختانە
ئەگەر شەوێ شەمی «کۆلیل» گوڵ بکا بێشک
زەلانی فیتنە شەوێکی وەها لە جەولانە

شنیده‌ام سخنی خوش که پیر کنعان گفت
فراق یار نه آن می‌کند که بتوان گفت
حدیث هول قیامت که گفت واعظ شهر
کنایتی‌ست که از روزگار هجران گفت
نشان یار سفرکرده از که پرسم باز
که هرچه گفت برید صبا پریشان گفت
فغان که آن مه نامهربان مهرگسل
به ترک صحبت یاران خود چه آسان گفت
من و مقام رضا بعد از این و شکر رقیب
که دل به درد تو خو کرد و ترک درمان گفت
غم کهن به می سالخورده دفع کنید
که تخم خوشدلی این است پیر دهقان گفت
گره به باد مزن گرچه بر مراد رود
که این سخن به مثل باد با سلیمان گفت
به مهلتی که سپهرت دهد ز راه مرو
تو را که گفت که این زال ترک دستان گفت
مزن ز چون و چرا دم که بنده‌ی مقبل
قبول کرد به جان هر سخن که جانان گفت
که گفت حافظ از اندیشه‌ی تو آمد باز
من این نگفته‌ام آن کس که گفت بهتان گفت

یارەب لە سەفەر بێتەوە دلبەر بە سەلامەت!
فریام کەوێ کوشتمی زیندانی مەلامەت
خاکی سەرەڕێی عەشقی سەفەرکەردە کە بێنن
دوو بیلبیلەم ئامادەیە بۆ کۆشکی ئیقامەت
هاوار لە هەر شەش تەرەفۆ رێ دەبەسنێ لێم
خاڵی رەش و روو، بەژن و خەت و زولف و شەمامەت
تا ماوە حەیاتم کەرەمێ چاکە ئەگینا
بۆ چیمە کە مردم شەتی ئەسرینی نەدامەت
تەفسیری ئەوین مردنە بۆ یار نە دەمدان
وەک یەک نییە فرمێسکی غەم و ئەشکی هەلامەت
عاشق نییەتی نالە لە شمشێری عەزیزان
بەم عێلە دەبێ کوشتە بدا حەققی غەرامەت
ئەو دەلقی ریا فڕ دە! کە ساقی خەمی ئەبرۆی
سەندی لە مەلا تاقەتی میحراب و ئیمامەت
حاشا کە بناڵم لە دەس ئەو جەور و جەفاتە
بێدادی هەموو لوتفە گوڵی خۆش قەد و قامەت
کورتی مەکە «حافز» غەزەلی زولفی درێژی
ئەو رشتەیە پەیوەندە هەتا رۆژی قیامەت
«کۆلیل» کە رسوا سەری زولفت بووە چی بوو
رسوائییە بۆ عاشقی بێخەوش عەلامەت

یا رب سببی ساز که یارم به سلامت
باز آید و برهاندم از بند ملامت

خاک ره آن یار سفر کرده بیارید
تا چشم جهان‌بین کنمش جای اقامت

فریاد که از شش جهتم راه ببستند
آن خال و خط و زلف و رخ و عارض و قامت

امروز که در دست توأم مرحمتی کن
فردا که شوم خاک چه سود اشک ندامت

ای آن که به تقریر و بیان دم زنی از عشق
ما با تو نداریم سخن خیر و سلامت

درویش مکن ناله ز شمشیر احبا
کاین طایفه از کشته ستانند غرامت

در خرقه زن آتش که خم ابروی ساقی
بر می‌شکند گوشه‌ی محراب امامت

حاشا که من از جور و جفای تو بنالم
بیداد لطیفان همه لطف است و کرامت

کوته نکند بحث سر زلف تو حافظ
پیوسته شد این سلسله تا روز قیامت

ئەی سروە بۆ دەلالی سەباتان بەڕێ دەکەم
بڕوانە چۆن بە باخی سەفاتان بەڕێ دەکەم
نابێ مەلێ وەک ئێوە لە ژێر باڵی غەم سەری
دڵخۆش بە بۆ لیانی وەفاتان بەڕێ دەکەم
دوور و نزیکی بۆ نییە ڕێگەی ئەوین، ئەمن
دەتبینم ئاشکار و دوعاتان بەڕێ دەکەم
هەر سوبح و شەو سپایێ موناجات و چاوەزار
هاوڕێ لەگەڵ شەماڵ و سەباتان بەڕێ دەکەم
وێرانی تا نەکردووە هێزی غەمت وجوود
ئازیزا! دڵ بە لوتفی پەناتان بەڕێ دەکەم
ئەی ئەو کەسەی لە دیدە ون و حازری لە دڵ
پڕ گوڵ هەزار دەشتی سەناتان بەڕێ دەکەم
سەیرانگەی خودایییە بڕوا بەهاری رووت
جامی خودانووێنی خوداتان بەڕێ دەکەم
موتریب هەتا لە سۆزی دڵم بۆت بڵێ هەوا
شیعر و غەزەڵ بە ساز و نەواتان بەڕێ دەکەم
مەیگێڕ بێنە بادە لە غەیبم خەبەر درا
دەردی ئەوین بکێشە! دەواتان بەڕێ دەکەم
«حافز» نەوای کۆڕی مە، یادی بەخێری تۆن
زووتر وەرن کە ئەسپ و کەواتان بەڕێ دەکەم
«کۆلیل»! حەققی خۆتە خەڵاتی حوزووری یار
بۆ پێشوازی ئێوە هوماتان بەڕێ دەکەم

ای هدهد صبا به سبا می‌فرستمت
بنگر که از کجا به کجا می‌فرستمت
حیف است طایری چو تو در خاکدان غم
زین‌جا به آشیان وفا می‌فرستمت
در راه عشق مرحله‌ی قرب و بعد نیست
می‌بینمت عیان و دعا می‌فرستمت
هر صبح و شام قافله‌ای از دعای خیر
در صحبت شمال و صبا می‌فرستمت
تا لشکر غمت نکند ملک دل خراب
جان عزیز خود به نوا می‌فرستمت
ای غایب از نظر که شدی همنشین دل
می‌گویمت دعا و ثنا می‌فرستمت
در روی خود تفرج صنع خدای کن
کآیینه‌ی خدای نما می‌فرستمت
تا مطربان ز شوق منت آگهی دهند
قول و غزل به ساز و نوا می‌فرستمت
ساقی بیا که هاتف غیبم به مژده گفت
با درد صبر کن که دوا می‌فرستمت
حافظ سرود مجلس ما ذکر خیر توست
بشتاب هان که اسب و قبا می‌فرستمت

ئەی گـوم لە خەڵکی دیدە خـودا ئاگـەداری تۆم
سووتـاوە گیـانم ئەرچی، بە دڵ بێقـــەراری تـۆم
داوێنـــی یـــار شەرتە لە دەس بـەر نـەدەم هەریــز
داوێــن سپـی هەتاکـوو بە گـۆڕی گڵێــن دەڕۆم
دەستی دوعــا دەکــەم لە ملـت تا سـەحەر ئەگەر
بنوێنـــی رووگـە واتـە خەمـی تـاقـی دوو بــرۆم
هــارووتی بابلیــش ئەگــەرم یــاوەری بکـــات
دەتخەم بەدەس بەسیحر و بەسۆزی (غەریو مەڕۆ)م
دڵ چـــاوەڕێیە گیـــانی بکـــا پێشکـەشت، وەرە
ئـەی بێوەفـــا تەبیبی دەرون! هەر بریـن بەسـۆم
ئاودێری باخی بەژنتـە سـەد جۆگە ئەشکی چـاو
سا تـۆش گیـانە! تۆوی حەزێکت بـەڕێ کە بۆم
سـەد ئافـەرین لە خەنجـەری نازت کە خوێنمـــی
رشت و دەرون حەساوە لە دەس عەشقی بێمهۆم
دەگــریم هەتا لە گوێنـــی سرشـکم لە سینـەتان
گوڵزاری خۆشــەویستی بچێــنم بە کەیفـی خۆم
روخســـەت کەرەم کە دیـدە! هەتا دڵ پەسـا پەسـا
داکـا لە لەعلی سووری وەکـوو چۆمـی تانجەرۆم
«حافـز»! شـــەراب و عەشق و جووانی تـەواو بوو
تێفکرە چۆن دەسووتی ئەمێستەش بە چەشنی مۆم
«کۆلیل»و تەرکی تورکی گـلارت مەحاڵە، چون
(کەرکووک)ـی ئارەزوومی غەمت کوفرە بۆ نەخۆم

ای غـایب از نظـر به خـدا می‌سپـارمت
جـانم بسـوختی و به دل دوست دارمـت
تا دامـن کفن نکشـم زیـر پـای خـاک
بـاور مکـن که دسـت ز دامـن بدارمـت
محـراب ابرویـت بنمـا تا سحـرگهـی
دسـت دعـا برآرم و در گـردن آرمـت
گـر بایـدم شـدن سوی هـاروت بابلی
صـد گـونه جـادویی بکنـم تا بیارمت
خواهم که پیش میرمت ای بی‌وفـا طبیب
بیمـار بـازپـرس کـه در انتظـارمـت
صـد جوی آب بستـه‌ام از دیـده بر کنار
بر بـوی تخـم مهـر که در دل بکـارمت
خونم بریخت و از غم عشقم خـلاص داد
منت‌پذیــر غمـزه‌ی خنجـر گـذارمت
می‌گـریم و مـرادم از این سیـل اشکبـار
تخـم محبـت است که در دل بکـارمت
بارم ده از کرم سوی خود تـا به سـوز دل
در پـای دم به دم گهـر از دیـده بـارمت
حافظ شراب‌و شاهد و رندی نه وضع توست
فی‌الجملـه می‌کنـی و فـرو می‌گذارمت

میـرە کەم چەن خـۆش ئەچـی حـەیـرانی بـاڵاتم بە دڵ

خۆم بە سەر گــەردی خەرامــانی، ســەراپــاتــم بە دڵ

دوێنە فەرمووتــانە کەی دەمــری لە بەر پێمـــا؟ دەمێ

تـۆ تەقــازا کــەی، ئەمـن مــردوی تەقــازاتم بە دڵ

عــاشقێکی نیـــوە مەست و دوورە دەستـــم ساقیـــا!

من کە کوشتـەی لارولەنجـەی سـەروی ئـازاتم بە دڵ

گـەر دەپرسـی چۆنە عومـرێکە نەخۆشی؟ چـاوەکـەم

چونکـە تامـەزرۆ بە سـەیـری چـاوی شەهلاتم بە دڵ

لەعلـی لێـوت دەرد و دەرمــانم وەکوو فەرمووتە پێـــم

دەردی تـۆ ئــاواتی مـن، شێـــتی مـوداواتـــم بـە دڵ

چـەن بە نـاز و راز ئەڕۆی ئەی چاوی پیست لێ بە دوور

دڵ بە خۆزگــەو سەر بە عەشقی خـاکی ژێر پاتم بە دڵ

خەڵـوەتی وەسڵـت ئەگەرچـی قسمــەتی «حــافز» نەبوو

ئەی ســەراپا دڵــڕفێن هـەر شێـت و شەیــداتـم بە دڵ

عەینی «کۆلیل»ـم وەکوو شەونم لە حاسی خۆری رووت

چــاو لە هاڵاوی بەتیـــن و تونـدی گەرمـــاتم بە دڵ

میـــر من خوش می‌روی کـاندر سر و پا میـرمت

خوش خـــرامان شو که پیش قـد رعـــنا میــرمت

گفته بودی کی بمیـری پیش من تعجیـل چیست

خوش تقــاضا می‌کنـی پیـــش تقاضــا میــرمت

عاشق و مخمور و مهجـورم بت سـاقی کجاست

گـو که بخـــرامد که پیش ســـرو بالا میــرمت

آن کـه عمــری شد که تا بیمـــارم از ســودای او

گو نگـــاهی کن که پیــش چشم شهـلا میــرمت

گفتــه لعــل لبـم هـــم درد بخشـــد هـــم دوا

گـــاه پیــش درد و گـــه پیــش مداوا میـــرمت

خوش خرامان می‌روی چشـم بد از روی تو دور

دارم انـــدر سر خیـــال آن کـــه در پـــا میــرمت

گرچه جـای حافظ اندر خلوت وصــل تو نیست

ای همـــه جای تو خـوش پیش همه جا میــرمت

چ گەورە مەرحەمەتێ بوو لە جەوهەری قەڵەمت
که حەققی خزمەتی ئێمەی نووانە کۆی کەرەمت
لە سەردەمی قەڵەمت خۆش رەقەم کراوە سڵاو
بە مۆری چەرخی بەرین بێ! هەتا هەتا رەقەمت
مەحاڵە یاد لە ئەم بێ‌دڵەت خەتا بۆوبێت
عەقڵ دەڵێ نییە عەیبێ لە خاترەی قەڵەمت
لە دەرکی حورمەتی خۆتم وەدەر مەنێ! کاتێ
غولامە دەولەتی تا سەر لە ئەرکی موحتەرەمت
بەڵێن ئەدەم بە سەری پەرچەمت گوڵم وەرە لام
که تا سەرم نەبڕی هەڵنەسم لە ژێر قەدەمت
لە دەردی ئێمە دڵت تێدەگا بەلامە دەمێ
که لالە شینە لە گۆڕی شەهیدەکانی غەمت
قومێ خەلات که تەنیا بە گیانی تینوومان
که ئاوی ژینە تنۆکێ لە لوتفی جامی جەمت
که گیانی دڵشەکەتی «حافز»ت ژیاوە وتم
سەبا بژیت بە خۆشی که وەك مەسیحە دەمت
شەماڵ و سروە لە «کۆلیل» زیزن ئازیزم
وتوویە چون وەکو موشکی تەتارە زولفی خەمت

چه لطف بود که ناگاه رشحه‌ی قلمت
حقوق خدمت ما عرضه کرد بر کرمت
به نوک خامه رقم کرده‌ای سلام مرا
که کارخانه‌ی دوران مباد بی رقمت
نگویم از من بیدل به سهو کردی یاد
که در حساب خرد نیست سهو بر قلمت
مرا ذلیل مگردان به شکر این نعمت
که داشت دولت سرمد عزیز و محترمت
بیا که با سر زلفت قرار خواهم کرد
که گر سرم برود برندارم از قدمت
ز حال ما دلت آگه شود مگر وقتی
که لاله بردمد از خاک کشتگان غمت
روان تشنه‌ی ما را به جرعه‌ای دریاب
چو می‌دهند زلال خضر ز جام جمت
همیشه وقت تو ای عیسی صبا خوش باد
که جان حافظ دل‌خسته زنده شد به دمت

لەو یـــارە دڵنـــەوایەم هەم شوکـر و هــەم شکـایەت
ڕێبــواری ڕێی ئەوین کێـن لێم بژنـەوێ حیکایەت
عاسمانی وشکك و بێ خێــر یاڕەب نەبێ لەسەر کەس
بۆ دڵ بۆ هەرچــی کــردم نەیبوو کەمێ عینـــایەت
بۆ لێــوی وشــکی ڕەنـدان ئاوێـکـی کەس نەهێـنا
هــەر شـــەم وەلی دەناسی چوو چۆڵ بوو ولایەت
هەی‌هەی لە پێـچ و داوی زولفی کەمەنـدی ئەی دڵ
بۆ عــاشقــان سـەلیـن بێ‌جـورم و بێ‌جینـــایەت
فەرمـانی خۆتە چـاوت غەممـــاز و خوێن‌ڕژێنـــە
کەنگێ دەشێت ئازیـز خوێن‌ڕێـــژ بۆ حیمـــایەت
چـــاوی مەبەستی بەستــم تاریکـــەشەو لە ڕێ مـام
هەڵبێ لە گۆشەیێکـۆ! ئەی شەو شــەمی هیدایەت
ڕۆییــم بە هەر تەرەفــدا ترســی دڵـم پتـر بــوو
ئـــاخ ئەم کەویــرە ئاخــر پایـــانی بۆ مە نایــەت
ئەی خۆری خێڵی شۆخــان کوڵ هەڵدەخا دەروونم
روخســـەت ئەدەی سەعـاتێ فێنکۆ ببـم لە سایەت؟
بێ‌تاقـــەتی لە پێشـــا عـــاشـــق خەتـــەر لە پێشـــە
بەســراوە ڕێگـــە عەقڵــێ لــەم ڕێگـــەدا نیهـایەت
ناچـــم لە دەرکی ئەرکـت با دەرکمــت نەفــەرموو
حاشـــا لە شــەکری دژمـن ژەهــری ئەتۆم کیفایەت
عــاشق دەگەی بە دلبــەر بێت و بە چەشنی «خافـز»
قـورئــان لە بەر بخوێنـی هــەر چـاردە ڕەوایــەت
بێ‌جـــایە (گوڵشەنی ڕاز) شەرحی بەزاری «کۆلیـل»
ئەممـا بە لوتفی لێــوی (تەفسیـری خاڵ)ـی شایەت

زان یـــار دلنـــوازم شکـــری‌ست با شکـــایت
گر نکتـــه‌دان عشقـــی بشنـــو تو این حکـــایت
بی‌مزد بـود و منـت هـر خـدمتی که کـردم
یا رب مبـــاد کس را مخـــدوم بی‌عنـــایت
رنـــدان تشنـــه لب را آبـــی نمی‌دهـــد کس
گـویی ولی شنـاســـان رفتنـــد از ایـن ولایت
در زلـف چون کمنـــدش ای دل مپیچ کـآنجا
ســـرها بریـــده بینـــی بی‌جـــرم و بی‌جنـــایت
چشمت به غمزه ما را خون خورد و می‌پسندی
جانــــا روا نبـــاشد خـون‌ریـز را حمـــایت
در این شب سیـــاهم گـم گشت راه مقصـود
از گـــوشـه‌ای برون آی ای کوکب هـــدایت
از هــر طرف که رفتـم جز وحشتـم نیفـزود
زنهـــار از ایـن بیـــابـــان ویـن راه بی‌نهـــایت
ای آفتـــاب خوبـــان می‌جـوشـــد اندرونـم
یک ساعتـم بگنجـــان در ســایه‌ی عنـــایت
این راه را نهـــایت صــورت کجـــا توان بست
کش صـــد هـــزار منـزل بیش است در بدایت
هـــر چنـــد بردی آبـــم روی از درت نتـــابم
جور از حبیـــب خوش‌تر کـز مـدعـی رعـــایت
عشقت رسد به فریـــاد ار خود بسان حافظ
قـــرآن ز بـــر بخـــوانی در چارده روایـت

دەمێکە مەست و سەرخۆشی نەسیمی پێچی گێسووتم
شەل و شێتی پەلاماری فریوی چاوی جادووتم
خودا! سەبرم نەما، بێژی دڵی تاقم شەوێ بێژێ
شەمی چاوم شوکور هەڵبوو لە پاتاقی برۆی جووتم
دەزانی خەڵکی دوو چاوم لەبەرچی خۆشەوێ هێندە
بە دڵ ئاخر ئەوینداری شەواری خاڵی هیندووتم
ئەگەر مەیلی ببێ دونیا بکا رۆشن بزەی لێوت
دەسی گیانم دەڵێ: من لابەری رووبەندی سەر رووتم
قەلاچۆی عالەمیشت گەر لە سەردا بێ منیش ئەڵبەت
وەکوو جاران خەفەتباری پەرێشان کردنی مووتم
لەگەڵ بای سروە بێ‌حاسڵ بە دووتا دووبەدوو وێڵین
سەبا بۆ زولف و من بۆ چاوی مەست و نیوە خەوتووتم
چ هیممەت بەرزە«حافز» خۆش کە فەرمووی من لە دوو دونیا
بەشم ناوێ فەقەت موشتاقی خاکی دەرکی خانووتم
لە چاڵی بابلی چانەت بە سەربەرزی دەژی «کۆلیل»
بە سەرشۆڕی ئەگەرچی هەر وەکوو هارووت و مارووتم

مدامم مست می‌دارد نسیم جعد گیسویت
خرابم می‌کند هر دم فریب چشم جادویت
پس از چندین شکیبایی شبی یا رب توان دیدن
که شمع دیده افروزیم در محراب ابرویت
سواد لوح بینش را عزیز از بهر آن دارم
که جان را نسخه‌ای باشد ز لوح خال هندویت
تو گر خواهی که جاویدان جهان یک سر بیارایی
صبا را گو که بردارد زمانی برقع از رویت
و گر رسم فنا خواهی که از عالم براندازی
برافشان تا فرو ریزد هزاران جان ز هر مویت
من و باد صبا مسکین دو سرگردان بی‌حاصل
من از افسون چشمت مست و او از بوی گیسویت
زهی همت که حافظ راست از دنیی و از عقبی
نیاید هیچ در چشمش بجز خاک سر کویت

باخی وەسڵم وشکە، بـــاران کۆمەکێ!

کوشتمـی ئەم دەردە یـــاران کۆمەکێ

دین و دڵمی برد و گیـــانی لێـم ئەوێ

وەی لە نـــازی گوڵعوزاران کۆمەکێ

ڕۆح و دڵ هەر قیمـــەتی ماچێـــکە لای

دلڕفێنـان، چەشنـی جـاران، کۆمەکێ

خوێنـمانی خێڵـی کافـــر دڵ ڕژانـد

ئـەی موسوڵمانـــان! بـەراران کۆمەکێ

هەر وەکوو «حافز» پەرێشان ڕۆژ و شـەو

ئـاورم تێچـــوو گـــلاران! کۆمەکێ

مـات و «کۆلیـــل»و کـزم ئازیـــزەکەم!

ئـەی شکـۆی بەزمی هـەواران کۆمەکێ

درد ما را نیست درمان الغیاث
هجر ما را نیست پایان الغیاث
دین و دل بردند و قصد جان کنند
الغیاث از جور خوبان الغیاث
در بهای بوسه‌ای جانی طلب
می کنند این دل‌ستانان الغیاث
خون ما خوردند این کافردلان
ای مسلمانان چه درمان الغیاث
همچو حافظ روز و شب بی‌خویشتن
گشته‌ام سوزان و گریان الغیاث

کە تۆ لە سەرسەری شۆخانی عالەمی وەک تاج
دەشێ ئەوانە بە جەم، جەم بکەن خەراج و باج
بە چاوی شۆخ‌هەژانت شەڕی خەتا و حەبەش
بە چینی زولفتی ماچین و هیند داوە خەراج
کتێبی روومەت‌و روخساری، وەک هەتاوێ بەیان
قژی رەشی شەوی یەلّدا دەکات شێت و وڕاج
دەمی شرینتە مایەی رەواجی ئاوی حەیات
گوناحی لێوتە نەیما نەباتی میسر رەواج
لە ئەم نەخۆشیە بێ‌شک قەتم شەفا نابێ
ئەگەر نەبێ دڵی شێتم بە لێوی ئێوە عەلاج
بە کامە هۆ دەشکێنی بە دڵڕەقی دڵمان
کە شیشە چا نیە بشکێ، بڕایە چون بە مەزاج
بە لێو جەنابی خزر، دەم بە چەشنی ئاوی ژیان
بەژن سەرو، کەمەرت موو، سینە هەر وەکو عاج
ئەوینی دڵبەری وەک تۆ کە کەوتە دڵ «حافز»
وتی بە خاکی دەرت خۆزگە دڵ ببایە هەڕاج
دەمێکە ماتڵی لوتفی بەهارە «کۆلیل»ـت
گوڵێ کەرەم کە! بە داخی دڵی خەزانی کەلاج

تویی که بر سر خوبــان کشوری چون تـاج

ســزد اگر همــه‌ی دلبـــران دهندت بــاج

دو چشـم شوخ تو برهم زده خطـــا و حبـش

به چین زلف تو ماچیـن و هند داده خـــراج

بیاض روی تو روشن چو عـــارض رخ روز

سواد زلف سیـــاه تـو هست ظلمـت داج

دهـــان شهـــد تـو داده رواج آب خضـــر

لب چـو قنـــد تو برد از نبـات مصـــر رواج

از این مرض به حقیـقت شفـا نخواهم یافت

که از تو درد دل ای جان نمی‌رسد به علاج

چـــرا همی‌شکنی جـــان من ز سنگـــدلی

دل ضعیـف که باشـد به نازکی چو زجـاج

لب تو خضـر و دهـان تو آب حیـوان است

قد تو سـرو و میـان موی و بر به هیـأت عاج

فتـاد در دل حافـظ هـوای چـون تو شهـی

کمینـه ذره خـــاک در تو بـــودی کـــاج

به دینی ئێــوه ئەگەر خوێنی عاشقــانه مەبــاح
به مەزهەبی گەلی رەنـدان مەباحــی تۆیه سەلاح
شـەواری زولفـی رەشت بوو شـەوی بەدیهێنـا
هەتاوی رووملەتی جوانت شکانی شەقڵی سەباح
دڵێ له تیــری کەوانی رەشــی نەماوه به ساغ
له بەندی زولفی کەمەندی سـەرانی دژ به گوناح
چەمێ له سووچی گلارم ئەچێ که هەر مەلـەوان
بـه دیتـنـی لـه هەلاتـن، به دڵ دەکــات تەماح
حەیــات و هێــزی مه ئـاوی ژیانی لێوی ئەتۆن
دوعـا به لێـوی ئەوین بۆیه بۆت ئەبێــته سیلاح
له لەعلـی لێوتـم ئاخـر به لاڵه ماچــێ سەنـد
دڵــم به ناڵــه گەیی عاقیـبەت به مــافی مەباح
خەڵاتی گیــانتـه دوعــا به گیــانی تامــەزرۆم
به بێبڕانــەوه شــەو تا دەگــەم به بەژنـی سەباح
تەڵەب له من مەکه «حافز»! سەڵاح و تۆبه له مەی
له شێـت و عاشقی رەندی کەسێ نەدیوه سەڵاح
وتووته جەژنه به «کۆلیــل» ئەدەم خەڵاتـی مــاچ
بەڵێ وتـوومه بەڕاسی، وەلێ به قەستــی مەزاح!

اگر به مذهب تو خون عاشق است مباح
صلاح ما همه آن است کان تو راست صلاح
سواد زلف سیاه تو جاعل الظلمات
بیاض روی چو ماه تو فالق الاصباح
ز چین زلف کمندت کسی نیافت خلاص
از آن کمانچه‌ی ابرو و تیر چشم نجاح
ز دیده‌ام شده یک چشمه در کنار روان
که آشنا نکند در میان آن ملاح
لب چو آب حیات تو هست قوت جان
وجود خاکی ما را از اوست ذکر رواح
بداد لعل لبت بوسه‌ای به صد زاری
گرفت کام دلم ز او به صد هزار الحاح
دعای جان تو ورد زبان مشتاقان
همیشه تا که بود متصل مسا و صباح
صلاح و توبه و تقوی ز ما مجو حافظ
ز رند و عاشق و مجنون کسی نیافت صلاح

دەروونـم پڕ لـه عـەشـقی رووی دڵبـەر
پـەرێشـانه به چەشنـی مـووی دڵبـەر

مەگەر زولفی رەشی، ئیـزنی نەبوو کـەس
بکـا ماچێـکی رووگـەی رووی دڵبەر

ئەمن خۆزگەم دەبوو بەختێکی رەش وەك
خـەت و کاکـۆڵ و دوو هێنـدووی دڵبەر

بە بـەژنـی سـەروی ئـازادا نەبڕیـا
شکـۆی بەژن و قـەدی هەڵچـووی دڵبەر

دە سـاقی تێکـە بۆم جـامێ! بە یـادی
دو چـاوی ساحیـر و جـادووی دڵبـەر

فەلـەك بەژنی چەمـانم چون کـەوانێ
بە غـەم پەیـوەس چمان ئەبرووی دڵبـەر

نەرێتـی میسکی تـاتـاری خەجـڵ مـا
لـە لا دوو زولفـی عەمبـەرخـووی دڵبەر

دڵی هەرکـەس ئەدا چـڵ بۆ ئـەوینێ
دڵـی مـن چـڵ ئـەدا بۆ کـووی دڵبەر

غـولامی هیممـەتی بـەرزی کەسێـکم
وەکـوو «حافز» لەجێ کەوتـووی دڵبـەر

لە مەیـدانی وەفـا «کۆلیـل»ـەکـەی تـۆ
سـەر و دڵ گـۆیـە بۆ گێسـووی دڵبـەر

دل من در هوای روی فرخ
بود آشفته همچون موی فرخ
بجز هندوی زلفش هیچ کس نیست
که برخوردار شد از روی فرخ
سیاهی نیک‌بخت است آن که دایم
بود همراز و هم‌زانوی فرخ
شود چون بید لرزان سرو آزاد
اگر بیند قد دلجوی فرخ
بده ساقی شراب ارغوانی
به یاد نرگس جادوی فرخ
دوتا شد قامتم همچون کمانی
ز غم پیوسته چون ابروی فرخ
نسیم مشک تاتاری خجل کرد
شمیم زلف عنبربوی فرخ
اگر میل دل هر کس به جایی‌ست
بود میل دل من سوی فرخ
غلام همت آنم که باشد
چو حافظ بنده و هندوی فرخ

یادی بەخێـــر دوێنـــە وتی پیـــری مەیفرۆش
مەی تێکە غەم بە با دە لە بادەی سەفا کە نۆش!
پێـم وت شەرابی ئێـوە بە بـــا ئابـڕوو ئەدات
فەرموی بەقەولّی من کە، لە لۆمەت نەبێ پەرۆش
قازانج و مایە چەشنی زەرەر گشت ئەچێ لەدەس
بۆ مامەڵەی وەهـا نییە غەمگیـن سەری بە هۆش
لەو جێ کە تەختی جەم بە فەنا چوو ئەگەر کەسێ
دونیـــا بکا بە مـــایە، بە بـا، کـا دەکـا فرۆش
«حافــز»! ئەگەر لە پەندی حەکیمان مەلوولی، با
کۆتا کـەم ئەم وتـارە، کە من مردم ئێـوە خۆش
«کۆلیـــل» ئەگەر لە لوتفـی وتـەی خاجە ناگەیی
وەک نیشتووی بنیشە خەمیندۆش و غەم لە کۆش

دی پیــر می فــروش که ذکرش به خیر باد
گفتــا شــراب نوش و غــم دل ببـر ز یـــاد
گفتــم به باد می‌دهــدم بــاده نــام و ننــگ
گفتـــا قبــول کن سخـــن و هر چــه باد باد
سود و زیان و مایه چو خواهد شدن ز دست
از بهــر این معاملــه غمگیــن مبــاش و شــاد
بادت به دست باشــد اگــر دل نهی به هیــچ
در معرضـــی که تخت سلیمــان رود به بــاد
حافــظ گرت ز پند حکیمــان ملالت است
کوته کنیــم قصـــه که عمــرت دراز بـــاد

شەراب و بەزمی دزی مەرگی رەندی سەرشادە
دەچینە کۆڕی حەریفانی مەست و ئازادە
گرێ لە دڵ کەوە، فکری فەلەك لە سەر لاوە!
کە لەم گرێ سەری زاناگ قوفڵە، خۆ لادە!
لە ئاڵوگۆڕی چەرخ سڕ مەمێنە چونکە زەمان
لە مەکر و فێڵ هەزاران هەزاری بێدادە
قەدەح بە رەسمی ئەدەب بگرە! چون لە خاکی سەری
جەنابی بەهمەن و جەمشید و سەردەمی مادە
خەبەر نەهاتەوە کاووس و کەی بەرەو کوێ چوون
وە یا چلۆنە کە جەم تەخت و بەختی بەربادە
لە حەسرەتی دەمی شیرین دەبینم ئێستاکەش
گوڵاڵەسوورە شەلاڵی هەناوی فەرهادە
یەقین گوڵاڵە زەمانی بە بێبەڵێن زانی
کە کەف لە بوونەوە تا چون، بە جامە ئامادە
وەرن هەتاکو زەمانێ مەس و هەوایی بین
مەگەر وەها بحەسینۆ لە ئەم هەوا وادە
بزەی دەمی (جەخەتوون) و هەواری (هەورامان)
سەفەر خەوێنی خوجەند و فوراتی بەغدادە
مەنۆشە مەی وەکو «حافز» مەگەر بە ناڵەی چەنگ
کە تێکەڵاو بە هەورێشمی، بەسەی شادە
دەڵێن وتوویە بە «کۆلیل» وێڵ و بێکارەن
بڵێن بە شێتییە سەرگەرم و کاری ئازادە

شــراب و عیش نهــان چیست کـار بی‌بنیـاد
زدیم بر صــف رنــدان و هرچه بـادا بــاد
گــره ز دل بگشــا و از سپهــر یــاد مکن
که فکر هیــچ مهنــدس چنــین گره نگشاد
ز انقــلاب زمــانه عجب مــدار که چــرخ
از این فســانه هــزاران هــزار دارد یــاد
قــدح به شــرط ادب گیــر زان که ترکیبش
ز کــاسه‌ی سر جمشیــد و بهمن است و قباد
که آگه است که کاووس و کی کجا رفتنــد
که واقف است که چون رفت تخت جم بر باد
ز حســرت لب شیــرین هنــوز مــی‌بینــم
کــه لالــه می‌دمــد از خــون دیده‌ی فرهــاد
مگــر که لاله بدانست بی‌وفــایی دهــر
که تا بــزاد و بشــد جــام می ز کف ننهـاد
بیــا بیــا که زمــانی ز می خــراب شویــم
مگــر رسیم به گنجــی در این خــراب آبـاد
نمی‌دهنــد اجــازت مرا به سیــر و سفــر
نسیــم بــاد مصــلا و آب رکــن‌آبــاد
قدح مگیــر چو حافــظ مگر به ناله‌ی چنگ
که بستــه‌اند بر ابریشــم طــرب دل شــاد

دوێشـــەو سەبا، هەواڵــی سەفـەر کەردە هــات بات
بردی شەمــــاڵ دڵــم و بــەڕێ هەرچی هـات هات
کــارم هەر ئـــاخی ناخــە بە ڕۆژا، شـــەوانەشـــم
چەخمــاخە دڵ ئــەدات و لە بــەرقی هەوات وات
دڵ وا ئەسیـــری زولفـــە، ئەوینــی بە زێدی خــۆ
یانـی ولاتی سینـــە، لە بــەر کۆی لەقـــات قـــات
خوا، ڕۆحی پەندبێـــژی مـــە شـــا کا بە دڵبـەری!
بۆ لێـوی ئەو جووانــە، کە نوقڵ و نەبـــات بـات
دڵ جەرگی خوێنە چونکە گوڵی دی لە مێرگولان
دوگمــەی بەرۆکــی بــازە بەرەو سروە کات کات
بێ‌هێـــزە لەش لە دەس چووە، دیســـان لە نۆ ژیـان
ئازیـــــزا! بەو هــەژارە مەگــەر هـەر سەبــات بـات
«حافــز»! بەهـۆی سـرشت و خدەی پاکی کامەران
چون سینــە ســافی عەشقی، دڵی خۆرهەلات لات
«کۆلیـــل» ئەو غولامە کە دیـوانی وەسفـــی تـۆن
هـــاوار چۆن لە دەستـی ئەوینت شکــات کـات

دوش آگهی ز یـار سفـــر کرده داد بـــاد
من نیــز دل به بــاد دهـم هــرچه بــاد باد
کـــارم بـدان رسید که همــراز خود کنـم
هـر شــام برق لامـع و هـر بامـــداد بـــاد
در چیـــن طــره‌ی تو دل بی‌حفـــاظ مـن
هرگـــز نگفت مسکـــن مالــوف یــاد بــاد
امــروز قـــدر پنــد عزیـــزان شنـــاختـم
یـــا رب روان نـاصـــح مـــا از تو شـــاد باد
خون شد دلم به یـاد تو هـر گه که در چمن
بنــد قبــای غنچــه گــل می‌گشــاد بــاد
از دســـت رفتـــه بود وجــود ضعیــف من
صبحـــم به بوی وصـل تو جــان بازداد بـاد
حافــظ نهـــاد نیک تـو کـــامت برآورد
جـــان‌ها فــدای مــردم نیکونهـــاد بـاد

کاتی دڵـــداری و ئەوین یـــادی بەخێـــرا!
ماچ و مووچ و بەی گوشین یـادی بەخێـرا!
کـوشتمـــی ژاری غـەمـی دووری لـە یـــار
خورِخورِی مـەی هاونشیـــن یـادی بەخێر
چووم ئەگــەرچی مـن لە بیـــری هـاوەڵان
پڕ لە سینگی مـــن لـەوان، یـــادی بەخێر
بۆ نەجــاتی دڵ لە بەنـدی غـەم ئەڵێـــم
یەکیـەتی کـۆڕی بەریـــن، یـادی بەخێـر
چۆمـی چـــاوانم دەچێ بۆ (ئەرخـەوان)
(باخی بەردێ) ژوانـی ژیـن، یادی بەخێـر
رازی «حـافــز» باسـی ئیتـــر ناکـــرێ
کــوا رەفێــقی رازیـــن؟ یـــادی بەخێـر
بەکرە دژ «کۆلیل»ـی وەک مـەم خستە داو
بێـــخـــەبەر مـــاوم لە زیـــن، یادی بەخێـر

روز وصـــل دوستـــداران یـاد بـــاد

یـــاد باد آن روزگـــاران یـــاد باد

کامـم از تلخی غـم چون زهـر گشت

بانـگ نـوش شـادخـواران یـاد باد

گرچـــه یـــاران فـــارغ‌اند از یـاد من

از مـــن ایشـان را هــــزاران یـاد باد

مبتـلا گشتـــم در ایـــن بنـــد و بـلا

کوشـــش آن حـق گـــزاران یـاد باد

گر چه صد رود است در چشمم مـدام

زنـــده‌رود بـــاغ کـــاران یـــاد بـــاد

راز حافـــظ بعد از این نـــاگفته مـــاند

ای دریغـــــا رازداران یـــاد بـــاد

جەماڵت ڕۆژی هەر دیـد و نـەزەر بێت
جووانی کوڵمـەکانت روو لە سـەر بێت
موبارەك شـاپەڕی شـاهێـنی زولفت
لە سەر نوختەی دڵی شێتم چەمەر بێت
کەسێ رۆحی لـە بەندی زولفی تۆ نیـن
شەلاڵی خوێنی حەوجۆشی جیگەر بێت
دڵێ بۆ عەشقـی کوڵمت هەڵنـەچۆقێ
لە خوێنی جەرگی خۆ نوقمی خەتەر بێت
جووانـا! چونکـە تیـرئەندازە نـازت
دڵـی زامـاری من بۆ ئەو سپـەر بێت
کە لێوی کانی شەکرت مـاچ ئەبەخشێ
دەمی گیـانم بە لەعلت پڕ شـەکەر بێت
لە من هەر سـاعەتێ عەشقێـکی تـازە
کە تۆ هەر چرکە حوسنت بەر لە بەر بێت
پەپـوولەی خۆری رووتە گیـانی «حافز»
گەلـێ موشتـاقی لوتفێـکم، ئەگـەر بێت
لە پێی پامووروەکەی ملتـا شـەو و رۆژ
دڵـی «کۆلیـل»و وێڵم سـەر لە بەر بێت

جمـــالت آفتـــاب هر نظـــر بـــاد

ز خـــوبی روی خـوبت خوب‌تر بـــاد

همـــای زلف شاهیـــن شهپـــرت را

دل شاهـــان عـــالم زیـــر پر بـــاد

کســـی کو بستـــه‌ی زلفت نبـــاشد

چو زلفت درهـــم و زیـــر و زبـــر بـــاد

دلی کـو عـــاشق رویت نبـــاشـــد

همیشـه غرقـــه در خـــون جگـــر بـــاد

بتـــا چون غمـــزه‌ات ناوک فشـــاند

دل مجـــروح من پیشش سپـــر بـــاد

چو لعـــل شکرینت بوســـه بخشـــد

مـــذاق جـــان من زو پرشکـــر بـــاد

مرا از توست هـــر دم تـــازه عشقـــی

تو را هر ســـاعتی حسنـــی دگر بـــاد

به جـــان مشتـــاق روی توست حافظ

تو را در حـــال مشتـــاقان نظـــر بـــاد

سۆفی ئەر جام بنۆشێ ژەم و دەم، نۆشی بێ!
گەر نەناسێ حەدی خۆ، بادە فەرامۆشی بێ
هەرکەسێ لەو مەیە سەرتر لە قومێ نۆش نەکات
دەستی ئاواتی لە مل، دڵبەری سەرخۆشی بێ!
پیری مەیخانە وتی خەتتی خەتای نەبوە قەڵەم
بارەکەڵڵا لە وتەی چاك و خەتاپۆشی بێ
شاهی توران کە قسەی فیتنە ئەبیسێت بە دڵ
ئێشی تۆی جەرگی سیاوەش لە دڵی خۆشی بێ
گوڵ لەبەر شان و شکۆ و نازی لەگەڵما نەدووا
گیان بەقوربانی شکۆفەی دەمی خامۆشی بێ
چاوم ئاوێنەگری خاڵ و خەتی سەوزی و لێو
ژەم و دەم ماچ ڕفێنی دەم و لیمۆشی بێ
دیدەیی خەڵكنەواز و مەس و شەرمینی ئەگەر
خوێنی ئێمەی بە قەدەح ناوە لەسەر، نۆشی بێ
شۆرەتی دەرچووە «حافز» بە غوڵامت، چ دەبێ
دوو خەمی زولفی ڕەشی ئێوە لە دوو گۆشی بێ
لایەقی پێشکەشی ئەو کەی سەری «کۆلیل»ـە، مەگەر
هەر بە خۆراکی دو ڕەشماری لەسەر دۆشی بێ

صوفی ار بـاده به انـدازه خورد نوشش باد

ور نه اندیشـه‌ی این کـار فراموشـش بـاد

آن که یک جرعه می از دست توانـد دادن

دسـت با شاهد مقصـود در آغوشـش بـاد

پیـــر ما گفت خطـا بر قلـم صنـع نرفت

آفـرین بر نظـر پـاک خطـاپوشش بـــاد

شـــاه ترکـــان سخن مدعیـان می‌شنـود

شـرمی از مظلمـه‌ی خون سیـاووشش باد

گـرچه از کبر سخن با من درویـش نگفت

جـان فـدای شکـرین پسته‌ی خاموشش باد

چشمـم از آینـه‌داران خط و خالش گشت

لبـم از بوسـه ربـایـان بر و دوشـش بـاد

نرگس مسـت نـوازش کـن مـردم دارش

خون عـاشق به قدح گر بخـورد نوشش باد

به غـلامی تو مشهـور جهـان شد حافـظ

حلقـه‌ی بنـدگی زلف تو در گوشـش بـاد

لەشـــت بە نـــازی حەکیمـــان منەت بـڕار نەبێت
وجوودی ناسکـت ئـاڵـۆز و دەردەدار نەبێـت
هەمـوو سـڵامەتی دونیـا سـەری سـڵامەتی تۆن
بـە ژاری هیچ گەزۆکـێ دڵت پـەژار نەبێـت
ڕەواجی زاهیـر و باتـن لە کـۆی سڵامەتی تۆن
کە ڕەببـی باتـن و زاهیر غەمـت بە بـار نەبێت
خـەزان دەمێ کە خەزێنـەی چەمەن دەکا غارەت
بە تووشی قـامەتی سـەروی تـەڕ و چنـار نەبێت
جەمـاڵی ئێوە لە هەر جێ خەریکی جیلوەگەرین
مـەجـاڵی لۆمـەگەری خۆنووێـن و لار نەبێـت
وەک ئەسپـەنەر لە سەر ئاگر ببێـتە دووکەڵ و مژا
کەسێ بە دیتـنی کولـمت شوکـرگوزار نەبێت
شفـا تەڵەب کە! لە شەکری کەلامی «خاجـە» هەتـا
نیـازی دڵ بە عەلاجـی گوڵی بەهـــار نەبێـت
شـەرابی وەک غەزەڵی سافی تۆم نەدی «کۆلیـل»!
مەگـەر وتـاری دو لێـوی شەکـەرتەبـار نەبێت

تنت به نـــاز طبیبـــان نیـــازمنـــد مبـــاد

وجـــود نازکـــت آزرده‌ی گـــزند مبـــاد

ســـلامت همـــه آفـــاق در سلامت توست

به هیچ عارضـــه شخص تو دردمنـــد مبـــاد

جمـال صورت و معنی ز امن صحت توست

کـه ظـــاهرت دژم و باطنـت نژنـــد مبـــاد

در این چمن چو درآید خـزان به یغمـــایی

رهـــش به ســـرو سهـــی قـامت بلنـد مباد

در آن بســاط که حســن تو جلـوه آغـــازد

مجـال طعنـــه‌ی بدبیـــن و بـدپسند مبـــاد

هر آن که روی چو مـاهت به چشم بد بینـد

بر آتـش تو بجـــز جـــان او سپنـد مبـاد

شفـــا ز گفتـــه‌ی شکرفشـان حافـظ جوی

که حاجتـت به عـلاج گـلاب و قنـد مباد

بەژنت تەڕ و ئەبرۆت هەسون بێت!
ڕوومەت گوڵی ژاڵە سووری ڕون بێت!
سەر پڕ لە وتاری عەشقی شیرین
کۆکەن لە بناری بێستون بێت
ئەو سەروە کە سەوز ئەبێ لە گوڵزار
بۆ خزمەتی بەژنەکەت نگون بێت
چاوێ کە نەبێ خوماری چاوت
وەک گەوهەری من شەلاڵی خون بێت
چاوت لە بوواری دڵڕفێنی
پڕپڕ لە فریو، فەن و فسون بێت
هەر سینە هەمیشە کەیلی عەشقت
لێوانە لە ناڵە! بێسکون بێت
قەدقامەتی تۆ قیامی تا کرد
چی قامەتە خەم بە شکڵی نون بێت
کێ دڵ لە خەمی کەزێتە ئازاد
لەم کۆڕی ئەوینە تەفر و تون بێت
لێوت کە لە سەریە گیانی «حافز»
یارەب بە حەرامی لێوی دون بێت
فێداری بزەت لە مێژە «کۆلیل»
بەو دەردەوە تا دەچێ زەبون بێت

حسن تو همیشه در فزون باد
رویت همه‌ساله لاله‌گون باد
اندر سر ما خیال عشقت
هر روز که باد در فزون باد
هر سرو که در چمن درآید
در خدمت قامتت نگون باد
چشمی که نه فتنه‌ی تو باشد
چون گوهر اشک غرق خون باد
چشم تو ز بهر دل‌ربایی
در کردن سحر ذوفنون باد
هر جا که دلی‌ست در غم تو
بی‌صبر و قرار و بی‌سکون باد
قد همه دلبران عالم
پیش الف قدت چو نون باد
هر دل که ز عشق توست خالی
از حلقه‌ی وصل تو برون باد
لعل تو که هست جان حافظ
دور از لب مردمان دون باد

شاریارا سەری گەردون خەمی گۆچانت بێ!
هەر هەموو تۆپی زەمین جێگەیی جەولانت بێ
پرچی خاتوونی زەفەر پەرچەمی پیرۆزت بێ
چاوی سەرکەوتنی تا سەر حەزی جێژوانت بێ
نووسەری وەسفی شکۆتان عوتارد شەو و ڕۆژ
کۆمەڵی ژیر، قەڵەمهەڵگری دیوانت بێ
سەروی باڵا شکسی داوە بە تووبای بەهەشت
باخی فیردەوس بە داخی گوڵی لێوانت بێ
عالەمی خەڵک نەتەنیا وەکو ئینسان و جەماد
عالەمی ئەمر وەکوو گیان لە فەرمانت بێ
قژی شۆڕت ملی «کۆلیل» بخنکێنێت و
سەر و سامان و دڵ و گیانی بەقوربانت بێ

خسروا گوی فلک در خم چوگان تو باد
ساحت کون و مکان عرصه‌ی میدان تو باد

زلف خاتـون ظفر شیفته‌ی پرچم توست
دیده‌ی فتـح ابد عاشـق جولان تـو بـاد

ای که انشاء عطارد صفت شوکت توست
عقل کـل چاکـر طغـرا کش دیوان تو باد

طیره‌ی جلوه‌ی طوبی قد چون سرو تو شد
غیـرت خلد بریـن سـاحت بستـان تو باد

نه به تنهـا حیـوانات و نباتـات و جمـاد
هرچـه در عالم امر است به فرمـان تو بـاد

زۆرێکە گوڵم عەتر و گوڵاوێکی نەداپێم
بۆ ئاگری دڵ گۆزەڵە ئاوێکی نەداپێم
سەد جارە دڵی بێ‌سەر و پێم چوو بە دووایا
هەر ماتڵی جواوێکم و جواوێکی نەداپێم
مامز رەوشێ، کەو خەت و خاڵێکی نەهاتوون
بێ چاو و سەرم هەی سەر و چاوێکی نەداپێم
زانی کە مەلی دڵ لە بەدەن کۆچەرە بۆچی
لەو زولفە رەش و خاویە داوێکی نەداپێم
هەرچەندە کە ساقی خەبەری لێمە خومارم
لەو لێوە شەکەر بارە شەراوێکی نەداپێم
ئەونەی کە دەمم دا، لە پلەی شۆرەت و ناوم
نەیبوو نەزەرێ شۆرەت و ناوێکی نەدا پێم
«حافز» کە غوڵامێکە ئەدەب وایە نەپرسێ
وەسفی چییە ئازیز کڵاوێکی نەداپێم
«کۆلیل»م و بێ‌زەین لە رازی دەمی زانای
بەمحاڵەوە رەمزی سەرە واوێکی نەداپێم

دیـــری است که دلـــدار پیـــامی نفرستـــاد

ننوشــت ســلامی و کــلامی نفــرستـــاد

صـــد نـامه فرستــادم و آن شــاه ســـواران

پیکــــی ندوانیـــد و ســـلامی نفرستـــاد

ســوی من وحشیصفت عقـــل‌رمیـــده

آهـو روشـــی کبــک خــرامــی نفرستاد

دانست که خواهـد شـدنم مرغ دل از دست

و از آن خــط چــون سلسله دامی نفرستـاد

فریـــاد کـه آن ســـاقی شکّرلب سرمست

دانســت کـه مخمــورم و جـــامی نفرستـاد

چنـــدان که زدم لاف کـرامـات و مقـامـات

هیچـــم خبـر از هیـــچ مقـــامی نفرستــــاد

حافـظ به ادب باش که واخـواست نبـــاشد

گـر شـاه پیـــامی بـه غـــلامی نفرستــــاد

بەم پیرییە عەشقی دەمی لاویم بە سەر کەوت
ئەو رازە حەشارم لە دڵا دابو بە دەرکەوت
سەیرانی مەلی سینە هەواگیری نەزەر بوو
ئەو دڵمە تەماشا لە چ داوێکی خەتەر کەوت
هاوار لە ئاسکی خوتەن و چاوی رەشی ئەو
وەك موشکی بەری نێوکی چ خوێنم لە جگەر کەوت
بۆی خاکی دەر و رێگوزەری تۆیە لە سەرما
هەر عەتر و عەبیرێ کە بە دەستم لە سەحەر کەوت
تا تێغی جەهانگیری ئەکێشێت مژۆڵت
هەر گۆی سەری دڵزیندووە بەو نێزەوە سەرکەوت
دەرکەوتووە بۆ ئێمە، مەکۆی تۆڵەیە گەردون
لەم کۆڕە تلتنۆشە ئەوەی کەوتووە هەر کەوت
نابێتە لەعل مووری شەوەی بەخت بە رۆحیش
چی دێ لە سرشتێ کە بە قسمەت شەوی بەرکەوت
«حافز» کە بە چاوساغیی زولفت بەسەری بوو
ئەفسووس ئەمێستا کە لە دەس کێش و نەزەر کەوت
سەد وادەیی دیداری لە گیرفانی درۆ خست
هەستاوە درۆ بەختی و ئیقباڵی «عومەر» کەوت

پیرانه سرم عشق جوانی به سر افتاد
وان راز که در دل بنهفتم به در افتاد
از راه نظر مرغ دلم گشت هواگیر
ای دیده نگه کن که به دام که درافتاد
دردا که از آن آهوی مشکین سیه چشم
چون نافه بسی خون دلم در جگر افتاد
از رهگذر خاک سر کوی شما بود
هر نافه که در دست نسیم سحر افتاد
مژگان تو تا تیغ جهان‌گیر برآورد
بس کشته‌ی دل‌زنده که بر یک‌دگر افتاد
بس تجربه کردیم در این دیر مکافات
با دُردکشان هر که درافتاد برافتاد
گر جان بدهد سنگ سیه لعل نگردد
با طینت اصلی چه کند بدگهر افتاد
حافظ که سر زلف بتان دست‌کشش بود
بس طرفه حریفی‌ست کش اکنون به‌سر افتاد

نووری روخساری ئەتۆ تا بە دلّی جام کەوت
لە بزەی مەی سەری ئاشق بە حەزی خام کەوت
لوتفی هەنیەت نەزەرێکی لە دلّی ئایەنە دا
بۆیە چی نەخشە لە جامی جەمی ئەوهام کەوت
مەی کە ئەو عالەمە نەخشین و نیگارەی دەنواند
شەوقی سحر روومەتی مەیگێڕە لە نێو جام کەوت
شێری عەشقت مەتەقی تاقمی خاسانی بڕی
چۆنە رازی غەمی لێوت بە دەمی عام کەوت
من لە مزگەوتەوە بۆ خۆم بە خەرابات نەچووم
ماف و رێکەوتی ئەزەلّ بوو، کە سەرەنجام کەوت
چم لە دەس دێ وەکو پەڕگار نەکەم باوەخولێ
گێژە چون هەرکە لە گێژ و خولی ئەییام کەوت
دلّ دەسی دا کەمەنی زولفی لە چالّی زەقەنا
وەی کە لەو چالّە وەدەرهات و لە نێو دام کەوت
گوزەرا ئەو دەمە سۆفی! لە گەلّت بێمە مزەوت
دەس لە مل ساقی و کارم بە بزەی جام کەوت
زەبری شمشێری برۆ بەزم و زەماوەندە لە لام
چونکە رووسوورە کەسێ خوێنی و پڕزام کەوت
هەردەمێ تازە دەوایێکی لەبۆ دەرد نوواند
شا! گەدایێ کەرەمی شاهی چەن ئارام کەوت
بادە نۆشانن و چاوگێڕ هەموو شێخ و مەلا
«حافز»ی دلّ کەسەرم لەم جەمە بەدنام کەوت
دەمی خۆش بێ کە لە بەدناویی «کۆلیل» دەلّێ
چونکە ئەم شۆرەتی بەدناوییە فریام کەوت

عکس روی تو چو در آینه‌ی جام افتاد
عارف از خنده‌ی می در طمع خام افتاد
حسن روی تو به یک جلوه که در آینه کرد
این همه نقش در آیینه‌ی اوهام افتاد
این همه عکس می و نقش نگارین که نمود
یک فروغ رخ ساقی‌ست که در جام افتاد
غیرت عشق زبان همه خاصان ببرید
کز کجا سر غمش در دهن عام افتاد
من ز مسجد به خرابات نه خود افتادم
اینم از عهد ازل حاصل فرجام افتاد
چه کند کز پی دوران نرود چون پرگار
هر که در دایره‌ی گردش ایام افتاد
در خم زلف تو آویخت دل از چاه زنخ
آه کز چاه برون آمد و در دام افتاد
آن شد ای خواجه که در صومعه بازم بینی
کار ما با رخ ساقی و لب جام افتاد
زیر شمشیر غمش رقص‌کنان باید رفت
کآن که شد کشته‌ی او نیک سرانجام افتاد
هر دمش با من دل‌سوخته لطفی دگر است
این گدا بین که چه شایسته‌ی انعام افتاد
صوفیان جمله حریف‌اند و نظرباز ولی
زین میان حافظ دل‌سوخته بدنام افتاد

کێ بە دڵبەر گوڵی روو سومبول و نەسرین ئەدات
تـامڵـێکیش بە گیـان و دڵـی غەمگیـن ئەدات
دەس‌درێژی لە چ کـەس زولفی درێژت بووە فێـر
لـەو ئەپارێمـەوە، بێ‌شک بە ئـەوم شیـن ئەگات
من دەســم ئەو دەمە بــەرداوە لە فەرهـادی دڵـم
دیم کە باسی غەمی خـۆ بۆ دەمی شیـرین دەکات
گەنج و زێڕم کە نەبێ سـووچی قەنـاعەت بەڵـەدم
چەرخـە! بەم چیـنە هەژاری بە گەلێ چیـن ئەدات
شۆخـە ئەم شـاژنی دونیـا بە رووالـەت، وە بەڵام
شوو بە هــەرکەس کە بکا گیـانی لە کابین ئەبات
دامـەنی سـەروی قەراخی چەمـەن ئەگرم لەمە پاش
غەم لە خۆ بۆ جەڵەکەم؟ خۆر کە لە حەوسین هەڵات
دڵـی «حافـز» لە جەفـاکانی فەلەک خوێنی پەتیـن
کێ مەگەر خاجە عەلاجـی دڵی خوێنـین ئەکات
رەنگی گوڵناریيە ئەشکم بە ئەوینـی گوڵی رووت
خوێنی «کۆلیل»ـە پەراوێـزە لە گوڵچیـن کەوات

آن که رخسار تو را رنگ گل و نسرین داد
صبر و آرام تواند به من مسکین داد
وان که گیسوی تو را رسم تطاول آموخت
هم تواند کرمش داد من غمگین داد
من همان روز ز فرهاد طمع ببریدم
که عنان دل شیدا به لب شیرین داد
گنج زر گر نبود کنج قناعت باقی‌ست
آن که آن داد به شاهان به گدایان این داد
خوش عروسی‌ست جهان از ره صورت لیکن
هر که پیوست بدو عمر خودش کاوین داد
بعد از این دست من و دامن سرو و لب جوی
خاصه اکنون که صبا مژده‌ی فروردین داد
در کف غصه‌ی دوران دل حافظ خون شد
از فراق رخت ای خواجه قوام‌الدین داد

وەنەوشە دوێ بە گوڵی خۆش وت و نیشانیدا

کە پێچی زولفمی بەم شێوە هەر فلانی دا

دڵم خەزێنەیی رازی نهێن بو دەستی قەزا

لە ئێمە ژەندی و رەمزی بە چاوەکانی دا

شکاوە باڵم و هاتوومە ئاستانێ تۆ

بە مۆمیاتمی دوکتور کە نێونیشانی دا

بە لەش سلامەت و دڵشاد بێت و خاتری خۆش!

کەسێ کە هێز و تەوانێکی بێتەوانی دا

بە فیکری خۆ بە بڕۆ واعیز ئەی هەواری ریا

شەراب و دلبەری شیرین لە کێ زیانی دا؟!

بە لا منا گوزەری کرد و خۆش وتی بە رەقیب

کە چەندە «حافز»ی بێچارە سەخت گیانی دا

حەیا لە مەزهەبی کوردا حەیاتە، بۆیە «عومەر»

حەیای ئەگەرچی رەقیبی نەبوو ئەمانی دا

بنفشه دوش به گل گفت و خوش نشانی داد
که تاب من به جهان طره‌ی فلانی داد
دلم خزانه‌ی اسرار بود و دست قضا
درش ببست و کلیدش به دلستانی داد
شکسته‌وار به درگاهت آمدم که طبیب
به مومیایی لطف توام نشانی داد
تنش درست و دلش شاد باد و خاطر خوش
که دست دادش و یاری ناتوانی داد
برو معالجه‌ی خود کن ای نصیحت‌گو
شراب و شاهد شیرین که را زیانی داد
گذشت بر من مسکین و با رقیبان گفت
دریغ حافظ مسکین من چه جانی داد

ئەگـەر بە دڵ نـەزەرێکـت بـە جێ گـوزەرمـانە
هومـای بەختـەوەری سێبـەری لە سـەرمـانە
لە خۆشیـیا لە سـەرم دیق ئەکـا حوبـابی کڵاو
لە سـاغەر ئەو دەمـە وێنـەت لە بـەر نەزەرمـانە
شـەوێ کە مانگی ئەمـەل نوور ئەدا بە گەڵ، بێژی
بـدا لـە ئەو دڵـە تـاریـك و پڕ کەسـەرمـانە؟
بـە ئاستـانی شکـۆتـانی با نـەبـوو بـارێ
مەجـال کـەی بە سـڵاوێکـی دەربـەدەرمـانە
فیـدای لێـوی دەمێ بوو دڵـم، خەیـاڵم ئەکرد
کە یەك تنـۆك لە لەعلـی بەشـی هونەرمـانە
خەیاڵـی زولفـی وتی گیـان کە لەعلی لێو ناکات
گەلێ نەچیـری خەمـی زولفـی شەوخەتـەرمـانە
کە دڵ گـرانی مـەڕۆ لێـرە لێـدە فاڵـێ خـۆش
چون ئێرە دەرکـی مـوراد و هـەواری هەرمـانە
دەمێ حەکـایەتی خـاکی دەرت دەکـا «حـافز»
نەسیمـی باخـی مەعـانی لە مێشـکی سەرمـانە
کە مانگی روومەتی خەرمانی نوورە، «کۆلیل»یش
بە خـۆی و شیـعری لە دەوری دەبێـتە خەرمـانە

همـــای اوج سعـــادت به دام مــا افتـد
اگـر تو را گــذری بر مقـــام مــا افتـد
حبـاب وار برانـــدازم از نشـاط کــلاه
اگـر ز روی تو عکسی به جام ما افتـد
شبی که ماه مراد از افــق شــود طـالع
بود کــه پرتــو نــوری به بــام ما افتــد
به بارگـــاه تو چــون باد را نبـــاشد بــار
کــی اتفـاق مجــال ســلام مــا افتـد
چو جـــان فـدای لبش شد خیال می‌بستم
که قطـره‌ای ز زلالــش به کـام مــا افتـد
خیال زلف تو گفتا که جان وسیله مساز
کز این شکــار فــراوان به دام مــا افتـد
به ناامیـــدی از این در مــرو بــزن فــالی
بود که قرعــه‌ی دولـت به نـام مــا افتـد
ز خاک کوی تو هر گه که دم زند حافظ
نسیـم گلشـن جـان در مشـام مــا افتـد

نمـامی خۆشـەویستی باخـی دڵـداری بە بـارێـنێ
درەختـی دژمنـی ببـڕن قـەتـارەی هێلکـەمـارێنێ
لە خـاکی دەرکی مەیخـانان ئەدەب بنوێنـە بۆ ڕەندان
بە مەستی سەرکەشی کردن لەسەر دەرکەی! خومارێنێ
شـەوی دیـداری دلبەر خۆش هەلێکە بآلە دەس نەڕوا!
کـە گـەردون هەڵدەسووڕیت و گەلێ لەیل و نەهارێنێ
کەژاوەی کیژە لەیـلا خـاوەنی تەختی شکـۆ یـاڕەب
چ بوو بەو ڕێگـەدا بڕوا! کە مەجنـون خوێن ئەبـارێنێ
بەهـاری ژینـە عەشق ئەی دڵ! ئەگینا لەم چەمـەنزارە
گەلێ گوڵ هـات و بـا بردی، هەزار ئێستاش ئەزارێنێ
دە سـا تۆ بی‌و خـودا دڵ چون قەراری وا لەگەڵ زولفت
لە لێـوی شیـرنت مـاچێ کـەرەم فەرمـووا قـەرارێنێ
خـودا! لەم باخی دونیـا تـا بە مـردن «حـافز»ی پیـرت
لە جێـژوانی لچـی جۆ دەم لەسـەر لێوی نیگـارێ نێ
سەری هەرچەن سپی چەشنی سەحەر «کۆلیل» بوو ئەمما
گەلێ هیـوایە ئەو ڕۆژەی شـەوی تـاری بتـارێنێ

درخت دوستی بنشان که کام دل به بار آرد
نهال دشمنی برکن که رنج بی‌شمار آرد
چو مهمان خراباتی به عزت باش با رندان
که درد سر کشی جانا گرت مستی خمار آرد
شب صحبت غنیمت دان که بعد از روزگار ما
بسی گردش کند گردون بسی لیل و نهار آرد
عماری دار لیلی را که مهد ماه در حکم است
خدا را در دل اندازش که بر مجنون گذار آرد
بهار عمر خواه ای دل وگرنه این چمن هر سال
چو نسرین صد گل آرد بار و چون بلبل هزار آرد
خدا را چون دل ریشم قراری بست با زلفت
بفرما لعل نوشین را که زودش با قرار آرد
در این باغ از خدا خواهد دگر پیرانه سر حافظ
نشیند بر لب جویی و سروی در کنار آرد

کەسێ کە نووری جەماڵی ئەوینی بوو لە نەزەر
یەقین دو چاوی ئەبینێ کەماڵی بەژنی هونەر
وەکوو قەڵەمخەتی ئەو گرتنم رەوان و رەوان
سەرم لە رێیەتی هەر بیبڕێ بە تێغی مەگەر
کەسێکە لایەقی وەسڵت، کە چەشنی شەم هەرچی
سەری بە تێغ بکرێ گڕی لە سەرترە هەر
بە ماچی پاتی کەسێ دەم گەیی، کە وەک دریا
لە ئاستانتی نابێ، هەتا هەتایەتی سەر
لە زوهدی وشک مەلوولم دەبێنە ساقی مەی!
کە لوتفی بادە مەگەر تەڕ بکا دەماغی پەکەر
شەراب کەڵکی ئەگەر هەر نەبێ ئەوەی هەیە بۆت
کە لانیکەم لە دنەی سەر دەمێک نیتە خەبەر
کەسێ کە یەک قەدەمی لا نەدا لە رێگە، ئەوا
بە قەستی مەیکەدە بەستی تەدارەکاتی سەفەر
بە گۆڕی پاک دەچێ «خاجە» دڵشکاو وەکوو
گوڵاڵە، داغ کراوی گراوی سۆزی جیگەر
مەبەس لە دیدە فەقەت دیتنی جەماڵی تۆن
دەنا بە کەڵکی چ دێ چاوی گیرەنۆکی «عومەر»

کسی که حسن و خط دوست در نظر دارد

محقق است که او حاصل بصر دارد

چو خامه در ره فرمان او سر طاعت

نهاده‌ایم مگر او به تیغ بردارد

کسی به وصل تو چون شمع یافت پروانه

که زیر تیغ تو هر دم سری دگر دارد

به پای‌بوس تو دست کسی رسید که او

چو آستانه بدین در همیشه سر دارد

ز زهد خشک ملولم کجاست باده‌ی ناب

که بوی باده مدامم دماغ تر دارد

ز باده هیچت اگر نیست این نه بس که تو را

دمی ز وسوسه‌ی عقل بی‌خبر دارد

کسی که از ره تقوا قدم برون ننهاد

به عزم میکده اکنون ره سفر دارد

دل شکسته‌ی حافظ به خاک خواهد برد

چو لاله داغ هوایی که بر جگر دارد

دڵی من بە رووتە مایل نە چەمەن نە باخی وەردم
وەکو سەوڵ هەر بە پێوەم وەکو لالە داغی دەردم
لە خەمی برۆی کەسێکا سەری ئێمە قەت نەخەوتوون
لە گورووپی گۆشەگیران لە جەهان تەریک و فەردم
لە وەنەوشە بۆیە زیزم دەمی دا لە زوڵفی رەشتان
ئەمە میسکی نافی مامز ئەوە رووسیاهی مەردم
وەرە بۆ چەمەن تەماشا کە گوڵاڵە شایە، لالەش
بە وەزیری شا دەمێنێ لە کەفی شەرابی سەردم
شەوی تارە سرِ سرِ و چۆڵ دە چلۆن دەگەم، مەگەر تۆ
شەمی روو لە رێگە هەڵکەی شەکەتی برِینی هەردم
من و شەم هەتا سەحەر دێ بە خەیاڵی تۆوە دەگرین
خەبەرت نەبوو کە سووتام بە حەواوە ئێستە گەردم؟!
وەکو هەوری مانگی نیسان لە چەمەن بە کوڵ دەکەم شین
قەلەرِەش لە ماڵی بولبول دەقرِێ لە وەردی زەردم
دڵی پرِ لە دەردی «حافز» بە هەوای ئەوین ئەدا چڵ
نە لە خاترم تەماشا نە لە باخم و نە هەردم
بە زەغەن بڵێ بپرسێ لە تەباری کوردە «کۆلیل»
لە چلاَنی چنگ ئەکەم گیر کە هەڵۆ لە شاخ و زەردم

دل مـا به دور رویـت ز چمـن فـراغ دارد
که چو سرو پایبند است و چو لاله داغ دارد

سـر ما فـرو نیاید به کمـان ابـروی کس
که درون گوشه گیـران ز جهان فـراغ دارد

ز بنفـشه تـاب دارم که ز زلف او زنـد دم
تو سیـاه کم‌بهـا بیـن که چه در دمـاغ دارد

به چمـن خرام و بنگر بر تخت گـل که لاله
به ندیـم شـاه ماند که به کف ایـاغ دارد

شب ظلـمت و بیـابان به کجـا توان رسیدن
مگر آن که شمع رویت به رهم چـراغ دارد

من و شمع صبحگاهی سزد ار به هم بگرییم
که بسوختیـم و از مـا بت مـا فـراغ دارد

سزدم چو ابر بهمـن که بر این چمن بگریم
طـرب آشیـان بلبـل بنگـر که زاغ دارد

سر درس عشـق دارد دل دردمنـد حافـظ
که نه خاطـر تماشـا نه هـوای بـاغ دارد

جامت کە بە دەستە کام خۆشە
جەمشیدی کە شەوقی جام خۆشە
ئەو ئاوە ژیانی دا بە (بەلیا)
چا بۆی بگەڕی لە جام خۆشە
دەسپێرمە دەستی بادە ژینم
ئەو لەعلە بێ نیزام خۆشە
ئێمەو مەی و سۆفی و حەکالێ
تا یار دلّی بە کام خۆشە؟
ئەو دەورە کە جام لێوی تۆیە
هەر لەو دەمە نۆش و کام خۆشە
نێرگز کە ئەدا قەرز بە مەستان
قەرزاری دییەت لە لام خۆشە
یادی دەم و زولفی تۆ لە دڵدا
زیکری منە، سوبح و شام خۆشە
بۆ جەزبی برینی دەردمەندان
لێوت نمەکین و زام خۆشە
لەو چاڵی زەنەختە گیانی «حافز»
وەک ئێمە، گەلی غولام خۆشە
ئۆخەی کە ئەسیری تۆیە «کۆلیل»
لەم داوە گوڵم دەوام خۆشە

آن کس کـــه بـــه دست جـــام دارد
سلـطـــانی جـــم مـــدام دارد
آبـــی که خضـــر حیـات از او یـــافت
در میکـــده جـــو کـــه جـــام دارد
ســـررشتـــه‌ی جـــان به جـــام بگذار
کـــایـــن رشتـــه از او نظـــام دارد
مـــا و مـــی و زاهـــدان و تقـــوا
تـــا یـــار ســـر کـــدام دارد
بیـــرون ز لـــب تـــو ساقیـــا نیست
در دور کســـی کـــه کـــام دارد
نـــرگس همـــه شیـــوه‌های مستـــی
از چشـــم خـــوشـــت بـــه وام دارد
ذکـــر رخ و زلـــف تـــو دلـــم را
وردی‌ست کـــه صبـــح و شـــام دارد
بـــر سینـــه‌ی ریـــش دردمنـــدان
لعلـــت نـــمکـــی تـــمـــام دارد
در چـــاه ذقـــن چـــو حافـــظ ای جـــان
حســـن تـــو دو صـــد غـــلام دارد

دڵێ کە عەرشی خودایە و لە نەسڵی جامی جەمە
لە کلکەوانەڕفێنی مەگەر هەراس و غەمە
شیاوی گەوهەری دڵ نین گەدای خۆش‌خەت و خاڵ
کە بووکی گەنجی ئەوین شاکچێکی خونچە دەمە
کە هەرچی بەژنە لە جەوری خەزانی سەرّ دەخەوان
غولامی قامەتی سەروم هەمیشە دژ بە خەمە
گەیی دەمێ وەکو نێرگز لە خۆشیا هەرکەس
بکاتە خەرجی قەدەح ماڵ، ئەگەرچی چەن درەمە
لە مەی دریغ مەفەرموو بە چەشنی گوڵ زەڕ و زێو
دەنا بە عەقڵی مە سەر سەد لە تەختەکانی کەمە
لە پشتی پەردە کەس ئاگا نەبوو مەتەق مەکە سا!
تەنانە مەحرەمی دڵ بێخەبەر لە نێو حەرەمە
دڵی قەڵەندەر و بێکارم ئێستە سەد کاری
بە بۆنی زولفت و با، تا بەیانی خۆش قەدەمە
موورادی دڵ مەکە داوا! قەپاتە دڵداریێ
کە بێژم ئەهلی دڵ و هەوری رەحمەت و کەرەمە
چ خێری ئەو جبە تێدایە بۆ مە یا «حافز»؟
سەمەد کە دلبەری ئێمە و نیگاری ئەو سەنەمە
«عومەر» لەبەر ئەوە کوردێکە پێچەوانە مەلا
لە کۆی مەرارەتی گەردوونی دون لفی ئەلەمە

دلی که غیب‌نمای است و جام جم دارد
ز خاتمی که دمی گم شود چه غم دارد

به خط و خال گدایان مده خزینه‌ی دل
به دست شاه وشی ده که محترم دارد

نه هر درخت تحمل کند جفای خزان
غلام همت سروم که این قدم دارد

رسید موسم آن کز طرب چو نرگس مست
نهد به پای قدح هر که شش درم دارد

زر از بهای می اکنون چو گل دریغ مدار
که عقل کل به صدت عیب متهم دارد

ز سر غیب کس آگاه نیست قصه مخوان
کدام محرم دل ره در این حرم دارد

دلم که لاف تجرد زدی کنون صد شغل
به بوی زلف تو با باد صبحدم دارد

مراد دل ز که پرسم که نیست دلداری
که جلوه‌ی نظر و شیوه‌ی کرم دارد

ز جیب خرقه‌ی حافظ چه طرف بتوان بست
که ما صمد طلبیدیم و او صنم دارد

دەلالـم شـــاگوڵی نــازە و لە سونبـوڵ ســایەبانی هـەس
بەهـــاری کوڵمـی خەتتێـکی لە رەنگی ئەرخـــەوانی هەس
خەت و خاڵێ لە سەر روخساری وەک خۆری رووا، یارەب
دەوامـی یەک جەهــانی بێ! کە ئەو جوانـی جەهـانی هەس
کە عەشقـم هــاتە رێ، دەمــوت بە ئاواتی دڵـم گەشتـم
کەچی نەمـزانی ئەم بەحـرە شـەپۆلی خوێـن‌فشـانی هەس
لە دەستــی چـاوەکـانت وادەزانـم گیـان بەدەر نـابەم
لە هەر گۆشـــەی کەمینــێ سەد کەمین، تیـر و کەمانی هەس
لە زولفـــی خاتــری ئێمـــەی تەکــان و دایــە دەم بــا دا
سـەبـا سیخـــۆڕە نەک بێــژێ، قەنـارەی عاشقـــانی هەس
بە ســـەر خاکـــا دڵۆپێ مەی برێـــژە گـوێ بە دڵ بگـــرە
لە جەمشیـــد و قوبـــاد و کـــەی هــەزاران داستـــانی هەس
بـزەی گــوڵ داوە، بولبـول! چــاوی فێڵـت لێ‌دەقرتێـنێ
ئەمـــانی گوڵ نەبـوو بۆ کـەس کە حوسنی بێ‌ئەمـــانی هەس
لە دڵبەر تۆ بــێ‌و خـــوا پیــــری مەیخــانەم بپـــرسن بــۆچ
لەگەڵ خەڵکــی دەنۆشێت و لەگـەڵ من سەرگرانی هەس؟!
ئەگەر شـۆڕم بە لا زینـا دەکـەی، فەرمـــوو شکـــارم کـەن!
ژیـــانی ئێمـــــە چونکـــوو لـەم بیــــاوانە زیـــانی هەس
نمامـــی قـــامەتی ســـەروت لەســـەر چـــاوم بنێـژن، تـا
بـــزانی گیـــانە! ئــەم چـاوانــە ئاوێـــکی رەوانـــی هەس
لە ترسـی هیجـــرەتم دەربێنــە! یا خۆ هەر ئــەرۆی ئۆغـــر
خـــودا ئەو چـــاوە هەڵکۆڵــێ بەرەو تۆ تیـــرەژانی هەس!
لە بەختـــی خۆتە «حافـــز»! ئەو عەیـــاری شـار شێـــوێنە
بە تـــاڵی دەتکوژێت و چی لە شـەکر و قەن دوکـــانی هەس
هەتا «کۆلیـــــل»ـەکەت ماوە بە تــاڵت کــام شیـــرینە
لە جـــامی چاوەکـــانت مەیلـــی ژاری شەوکـــەرانی هەس

بتی دارم که گرد گل ز سنبل سایه‌بان دارد
بهار عارضش خطی به خون ارغوان دارد
غبار خط بپوشانید خورشید رخش یا رب
بقای جاودانش ده که حسن جاودان دارد
چو عاشق می‌شدم گفتم که بردم گوهر مقصود
ندانستم که این دریا چه موج خون فشان دارد
ز چشمت جان نشاید برد کز هر سو که می‌بینم
کمین از گوشه‌ای کرده‌ست و تیر اندر کمان دارد
چو دام طره افشاند ز گرد خاطر عشاق
به غماز صبا گوید که راز ما نهان دارد
بیفشان جرعه‌ای بر خاک و حال اهل دل بشنو
که از جمشید و کیخسرو فراوان داستان دارد
چو در رویت بخندد گل مشو در دامش ای بلبل
که بر گل اعتمادی نیست گر حسن جهان دارد
خدا را داد من بستان از او ای شحنه مجلس
که می با دیگری خورده‌ست و با من سر گران دارد
به فتراک ار همی‌بندی خدا را زود صیدم کن
که آفت‌هاست در تأخیر و طالب را زیان دارد
ز سرو قد دلجویت مکن محروم چشمم را
بدین سرچشمه‌اش بنشان که خوش آبی روان دارد
ز خوف هجرم ایمن کن اگر امید آن داری
که از چشم بداندیشان خدایت در امان دارد
چه عذر بخت خود گویم که آن عیار شهرآشوب
به تلخی کشت حافظ را و شکر در دهان دارد

کەسێ خاتـر جەم و خۆشبەختە، یـاری نازەنینی بێ
کــلاوی لارە هەرکــەس نۆ نمـامێ دڵنشینـی بـێ
گەلێ سەرتر لە عەقڵ و هۆشە دەرکی عەشق و دڵداری
کەسێ ئەو ئاستـانەی مـاچ ئەکا، رۆحی ئەوێنی بێ
دەمی شیـرین و تەنگت کلکـەوانەی شـا سلێمـانە
ئەشێ ئاقیـقی لێـوت، نەخش و مۆری سەر نگینی بێ
دو لێوی لەعل و یاقووتە و خەت و خاڵی گوڵی یاسە
دەوا بـێ لەعلـی یاقـووتی تەبیـبم یاسەمیـنی بێ!
بە چـاوی سووکییـۆ حاجی! لە حـاڵی ئێمـە مەڕوانە
دەبێ مووسا هـەزارێ چەشنی قـارون رێنشینی بێ!
لە سەر ئەو خاکە وشکەی ماوە فرسەت خاوەنی سامان
بە فیکـری رۆژی تەنیـایی لە ژێر خاکــی نمینی بێ
بەلاگـەردانی گیـان و لەش، لە لێـوی بێنـەوا شینـە
بەلا لاوێنــە کێ لەو جــاڕە عـاری گوڵچنیـنی بێ
سەبا! رەمزێ لە رازی دڵ، بڵێ بەو شا کە سەد خوسرەو
وەکـوو فەرهــاد قوربـانی بزەی لێـوی شرینی بێ!
ئەگەر بێژێ رەجاڵ و عاشقـێ وەک «حافـز»م نـاوێ
بڵێـن پێـی گا دەبێ سولـتـان، گەدایێ یاری ژینی بێ
لە سـەر تا پـێ دەزانی بۆ گڕ و ئەسرینـە «کۆلیـل»ـت
بەلێــنی زوو بە دلبــەر داوە مۆمـی ئاورینــی بێ

هر آن کو خاطر مجموع و یار نازنین دارد
سعادت همدم او گشت و دولت همنشین دارد
حریم عشق را درگه بسی بالاتر از عقل است
کسی آن آستان بوسد که جان در آستین دارد
دهان تنگ شیرینش مگر ملک سلیمان است
که نقش خاتم لعلش جهان زیر نگین دارد
لب لعل و خط مشکین چو آنش هست و اینش هست
بنازم دلبر خود را که حسنش آن و این دارد
به خواری منگر ای منعم ضعیفان و نحیفان را
که صدر مجلس عشرت گدای رهنشین دارد
چو بر روی زمین باشی توانایی غنیمت دان
که دوران ناتوانی‌ها بسی زیر زمین دارد
بلاگردان جان و تن دعای مستمندان است
که بیند خیر از آن خرمن که ننگ از خوشه‌چین دارد
صبا از عشق من رمزی بگو با آن شه خوبان
که صد جمشید و کیخسرو غلام کمترین دارد
و گر گوید نمی‌خواهم چو حافظ عاشق مفلس
بگوییدش که سلطانی گدایی همنشین دارد

خودا کەسێ لە هەموو نارەوا دەپارێزێ
به دڵ کە حورمەتی خەڵکی خودا دەپارێزێ

پەیامی یار بفەرموو فەقەت بە حەزرەتی یار
کە ئاشنا هونەری ئاشنا دەپارێزێ

دڵا! کەسێ بە ئەدەب پێ بنێ، کە هەڵلەغزا
فریشتە پای بە دەستی دوعا دەپارێزێ

ئەوین لە دڵ گرە تا تۆش ئەوین لە دڵ بگرێ
دڵێ کە خاڵیيە لەم خاڵە با دەپارێزێ

سەبا! لە سەر خەمی زولفی، بە تەیری دڵ فەرموو
کە لەو مەدارەیە گیانی سەفا دەپارێزێ

کە پێم وتی بە کەرەم راگری ئەوین بە! وتت
ئەوینی ئێمە فەقەت لوتفی خوا دەپارێزێ

دڵ و گڵ و سەر و ماڵم، هەموو بە قوربانی
کەسێ کە حورمەتی میهر و وەفا دەپارێزێ

غوباری رێگەعوبووری لە کوێیە چون «حافز»
بە یادمانی، نەسیمی سەبا دەپارێزێ

بەهاری لالە بە «کۆلیل» ئەڵێ چەمی چاوت
گلاری نێرگزی مەستم چ چا دەپارێزێ

هـــر آن کـه جـانب اهــل خـدا نگه دارد

خـــداش در همه حـــال از بـلا نـگه دارد

حدیث دوست نگویم مگر به حضرت دوست

کـــه آشنـــا سخـــن آشنـــا نگـــه دارد

دلا معــاش چنــان کن که گر بلغـــزد پـای

فرشتـــه‌ات به دو دسـت دعـــا نگـــه دارد

گرت هـواست که معشوق نگسلـد پیمـــان

نگـــاه دار ســـر رشتـــه تـــا نگـــه دارد

صبـــا بر آن ســـر زلف ار دل مـــرا بیـــنی

ز روی لطــف بگویـــش که جـا نگـــه دارد

چو گفتمش که دلـم را نگـــاه دار چه گفـت

ز دست بنـــده چه خیـــزد خـــدا نگـــه دارد

ســـر و زر و دل و جـــانم فـــدای آن یاری

که حق صحبـت مهـــر و وفـــا نگـــه دارد

غبـــار راه راهگـــذارت کجـاست تا حافـظ

به یادگـــــار نسیـــم صبـــا نگـــه دارد

خـــاوەنی ســـازی ئــەویـن بــەخ چ نەوایێـــکی هــەیە
هــەر هــەوایێـــکی بە جـــێ و ڕێگــە بە جـایێـکی هەیە
خـوایە خــالّی مەکــە! نالّــەی دلّی شــەیدام لـە گـوێ
ئـەم هـــەوا چـون لە دلّـــی ئێمـــە هەوایێـــکی هــەیە
خلّتـــەنۆشی کـە دەکـــا پیـــر و زەڕ و زۆری نیــیە
خـۆش خەتـــا پۆش و کەرەمـــدار، خودایێـــکی هــەیە
چونکە مێـشی دلّی من عاشقـــی شەکـــری دەمی تـۆن
خـــاوەنی بـــالّی شکـــۆ، فــەڕی هومایێـــکی هەیە
کـــابە کەچ نابـــێ ئەگـــەر بێـــت و بپـــرسێـت بە دلّ
شـــاریارێ کــە لە بــەر دەرکـــی گەدایێـــکی هــەیە
ئەشکی خوێنینـــمی دوکتـــور لە مەحــەك داوە، دەلّـــێ
دەردی عــەشقـــم خــەتـــەرە و تـاقـە دەوایێـــکی هەیە
فێـــری کوشتـاری کریشمــەت مەبـە لەم مەکتـەبە چون
چـــاکە خێـــرێك و خـــراپیـــش سزایێـــکی هەیە
ئەرمـــەنی کیـــژە جـــووانێ چ زەریفـــی قســـــە کـرد
بـە سەفـــای ئەو کەســـە مـەی خـۆوە! سەفایێـــکی هەیە
خوســـرەوا! «حافـــز»ە مل کـــەچ لە پەنـا خــاکی دەرت
دەم بـە دۆعـــا لـە دەمـــت چـــاوی دوعایێـــکی هەیە
دەست و پەنجەی بە خەنەی خوێنی «عومەر» کردووە سوور
لێـــوی شـــایەتمە، کە خۆی دەس بە حەنایێـــکی هەیە

مطرب عشق عجب ساز و نوایی دارد
نقش هر نغمه که زد راه به جایی دارد
عالم از ناله‌ی عشاق مبادا خالی
که خوش آهنگ و فرح‌بخش هوایی دارد
پیر دُردی‌کش ما گرچه ندارد زر و زور
خوش عطابخش و خطاپوش خدایی دارد
محترم دار دلم کاین مگس قندپرست
تا هواخواه تو شد فرّ همایی دارد
از عدالت نبود دور گرش پرسد حال
پادشاهی که به همسایه گدایی دارد
اشک خونین بنمودم به طبیبان گفتند
درد عشق است و جگرسوز دوایی دارد
ستم از غمزه میاموز که در مذهب عشق
هر عمل اجری و هر کرده جزایی دارد
نغز گفت آن بت ترسابچه‌ی باده‌پرست
شادی روی کسی خور که صفایی دارد
خسروا حافظ درگاه‌نشین فاتحه خواند
وز زبان تو تمنای دعایی دارد

کێ نەسیمی قژی بۆ گوڵ، گڕ و تاوێکی هەیە
سەر لە نۆ بۆ مەلی دڵ دانە و داوێکی هەیە
دەمکوژێت و لە سەرم توند ئەچێ چەشنی سەبا
چارە چین؟! عومری منەو جۆرە شیتاوێکی هەیە
زولفی تاریکی لە سەر مانگی وەکوو خۆرێ، ئەڵێی
هەوری پەخشانە، لە ژێر پەردە هەتاوێکی هەیە
چاوم ئەسرینی لە هەر گۆشەوە رێکەوتووە چون
سەروی بەژنت هەوەسی زەمزەم و ئاوێکی هەیە
نازی چاوت بە خەتا گەرچی لە خوێنم دەگەڕێ
مۆڵەتێکی بدەرێ! فیکر و حەساوێکی هەیە
ئاوی ژین گەر ئەوەتا، لێوی شرینت هەیەتی
بێ گومانم کە خزر خەونی سەراوێکی هەیە
چاوی مەستت دەیەوێ قیمە بکا جەرگ و دڵم
هەرکە مەیلی بە مەیە سیخ و کەواوێکی هەیە
گیانی عەشقم نییەتی دەرفەتی پرسین لە رووت
خۆزگە بەو شەخسە لە تۆ سووکە جوواوێکی هەیە
چۆن دەکا چاوی مەسی بۆ دڵی «حافز» نەزەرێ
ئەو کە هەر لایە دەچێ شێت و خراوێکی هەیە
مەس و رسوا بە دو دیدەت بووە «کۆلیل»، چما
نێرگزی ئێوە خەس و خۆڵ شەراوێکی هەیە

آن‌که از سنبل او غالیه تابی دارد

باز با دلشدگان ناز و عتابی دارد

از سر کشته‌ی خود می‌گذری همچون باد

چه توان کرد که عمر است و شتابی دارد

ماه خورشید نمایش ز پس پرده‌ی زلف

آفتابی‌ست که در پیش سحابی دارد

چشم من کرد به هر گوشه روان سیل سرشک

تا سهی سرو تو را تازه‌تر آبی دارد

غمزه‌ی شوخ تو خونم به خطا می‌ریزد

فرصتش باد که خوش فکر صوابی دارد

آب حیوان اگر این است که دارد لب دوست

روشن است این که خضر بهره سرابی دارد

چشم مخمور تو دارد ز دلم قصد جگر

ترک مست است مگر میل کبابی دارد

جان بیمار مرا نیست ز تو روی سؤال

ای خوش آن خسته که از دوست جوابی دارد

کی کند سوی دل خسته‌ی حافظ نظری

چشم مستش که به هر گوشه خرابی دارد

شێـــتی ئەو دڵبەرە بێ! ئــاوی ژیانێـــکی هـــەیە
کەی هـەموو مووکەمەرێ خەتتو نیشانێکی هـەیە
روومـەت و بەژنی پەری دڵ گـرە، ئەمما گوڵی من
خوێن شـرینێــکەٚ بـزەی نـەرم و نیـانێــکی هـەیە
تۆقیـــانی چەمـی چـــاوم بە دڵــی لێـوی ئەتــۆن
خـورِ و خـاوێن عەجـەب ئـاوی رەوانێکی هـەیە!
مانگی کەنعـانـی و خۆر گۆیە لە گۆچانی کەزێت
کێ لە مەیـــدانی روخت شەوکەت و شانێکی هەیە
دڵنشیـــن بوو غەزەڵــم، تـا پەســەنی ئێـــوە کـرا
باسـی عەشقــی دڵــە، بۆ هــەرکە مەکانێکی هەیە
سەنعــەتی قەوسی بـرۆتی ئەگـە بەهـــرام ئـــەدی
نەیـدەوێـــرا کە بڵـێ تیـــر و کەوانێـــکی هـەیە
ئاشنای رازی ئەوین چون بە حەقیقــەت نیـیە کەس
هەر ســەرێ جۆرە بەر و نەوعــە گومانێــکی هەیە
لافی دین لێـــمەدە لای ئێمـــەیی مەیخـــانەنشیـــن
هەر کـەلامێ وەکـو هەر نوکتـــە مەکانێــکی هەیە
تەیـری زیرەك نییە هێـلانە لە گوڵـــزار بکـــات
هـەر بەهـــارێ کـە دەزانێـــت، خەزانێــکی هـەیە
پێــی بڵـێ نوکتـــە بە «حافـــز» نەفرۆشێـت رەقیـب
قەڵـەمـی وەك سەحـەرە و سیحـری بەیانێکی هەیە
پێـی بڵێـن بەرد لە شووشەی دڵـی «کۆلیـل» نەدات
لـەتلـەتی دەوڵــەتی ئـەو کـاری دەبانێــکی هەیە

شـــاهـد آن نیست که مـویی و میـــانی دارد
بنـــــدهٔی طلعـــت آن بـــاش کـــه آنـــی دارد
شیـوهٔی حور و پری گرچه لطیـف است ولی
خوبـی آن است و لطـــافت کـه فـلانی دارد
چشمــــهٔی چشــم مرا ای گل خنـدان دریاب
کـه بـه امیـــــد تـو خــوش آب روانــی دارد
گوی خوبی که برد از تو که خورشید آنــجا
نـه ســـواری‌ست کـه در دست عنـــانی دارد
دل نشـــان شد سخنـم تا تو قبولـش کـردی
آری آری سخــــن عشـــــق نشـــــانی دارد
خـــــم ابـروی تو در صنعت تیـــرانداری
بـرده از دست هــــر آن‌کس که کمـــانی دارد
در ره عشـــق نشد کس به یقیـن محـــرم راز
هــــر کسـی بر حسب فکـــر گمـــــانی دارد
با خـــــرابات نشینــــان ز کــــرامات مـــلاف
هر سخــــن وقتی و هر نکتـــــه مکـــــانی دارد
مرغ زیـــرک نزند در چمنـش پرده ســــرای
هـر بهـــاری کـه بـه دنبـــاله خــــزانی دارد
مدعی گــــو لغــز و نکته به حافـظ مفـــروش
کلـــک مـــا نیـــز زبانـــی و بیــــــانی دارد

بێ مانــگی کولـمی ئــازیز زیـزم بە دڵ لە گیــانێ
وەختــێ کە دلبــەرم نین بێسـووچە هەر ژیــانێ
نەمــدی لە کەس نیشــانێ لەو دلــڕفێنە، ئەلبـەت
یــا من بە بێــخەبەر لەو، یــا لــەو نەبـوو نیشــانێ
ئاوەنگی چــاوی عاشـق سەد بەحــری ئاگرینـــە
ئــەی وەی کە ئـەم موعەمما، هەلـنـایە بۆ بەیــانێ
سەرکـــاروان لە دەسمـــان نابێ بچــێ پشـــوودان
ئەم ڕێگــە تەی نەکریــا بۆ تــاك و کــاروانێ
چەنگی چەمــاوە بانگـــی هەلـــداوە بۆ زەمـــاوەن
دڵ بگــرە بۆ پەنــی پیــرا وا چاکــە بۆ جــووانێ
دارۆغــە رەنــدە ئەی دڵ! چـاتر کە چەشنــی ئەو بی
بـا مـەستــە کـەس لە شــانی نادا وەهــا گومــانێ
سامـــان و گەنجــی دارای ئەم چەرخـە دا بە بــا دا
بچپێـــنە گوێی دەروونــا، ئەم رەسمــە کـۆنە دانێ!
هەرچـــەن حەریف شــەم بێ، رازی دلـت مەفەرموو
ئــەو شۆخـــە سەربــڕاوەش مۆری زمــانی نــانێ
ئا لـــەو جەهـانە هەر وەك «حافــز» نەبوو غولامێ
چــون لەو جەهـــانە شــایێ وەك تۆ نەبــوو زەمانێ
هەرکەس بە ئەمری چاوی شاهێنی چەشنی «کۆلیـل»
سینگی نەکا بە نیشـــان، مـــافی ئەوینـــی کوانــێ؟!

جـان بی جمـال جانـــان میـل جهـان نـدارد
هرکـــس که این نـدارد حقـــا کـه آن نـدارد
با هیــچ کس نشـــانی زان دلســتـــان ندیـــدم
یـــا من خبــــر نـــدارم یـــا او نشــــان نـــدارد
هر شبنـــمی در این ره صــد بحر آتشین است
دردا که ایـن معمـــا شــــرح و بیـــان نـــدارد
سرمنــــزل فـــراغت نتـــوان ز دست دادن
ای ســـاروان فـــروکش کـاین ره کران ندارد
چنگ خمیده قـــامت می‌خواندت به عشرت
بشنـــو که پنـــد پیــــران هیچت زیـــان ندارد
ای دل طریـــق رنـــدی از محتسب بیـــاموز
مست است و در حق او کس این گمان ندارد
احوال گنج قـــارون کـــایام داد بر بـــاد
در گوش دل فـــروخوان تا زر نهـــان ندارد
گر خود رقیب شمع است اسـرار از او بپوشان
کـــان شـــوخ ســـربریده بنـــد زبـان ندارد
کس در جهـــان ندارد یک بنده همچو حافظ
زیرا که چون تو شـــاهی کس در جهان ندارد

پەرتەوی کولمت بە میهر و ماهـ نەبوو هەر
گولّ لە حەنای ئێوە پەڕی کاهـ نەبوو هەر
تاقی برۆکەت تەلار و کۆشکی وجوودم
قەسری جووانێکی وایە، شاهـ نەبوو هەر
لادە لە ئۆفی دلّی مە جامی جەمالّت!
رووبەنی ئاوێنە چەشنی ئاهـ نەبوو هەر
نێرگزی سەر چلّ هەلّیبڕی لە کنت چاو
شەرم و ئەدەب چوو، حەیا پەناهـ نەبوو هەر
دیتم و دیتم دلّی چاوت رەشە بێ حەد
خاتری دۆستی لە دلّ نیگاهـ نەبوو هەر
جامی گرانی پڕەنگ تێکە بنۆشم
خۆشیی شێخت لە خانەقاهـ نەبوو هەر
وس بە لە نالّین! دەروونی ناسکە دلّبەر
تێکەلّی هاواری دادخاهـ نەبوو هەر
قوم بووە لە خوێنی دیدە سینگ و بەرۆکم
چونکە بە دیوانی ئێوە راهـ نەبوو هەر
من بە تەنێ نیم لە بەندی زولفی درێژت
بەو شەوە کێ داخ و دلّ سیاهـ نەبوو هەر
مەگرە لە «حافز» دەبەم کە سوژدە لەبەر پێت
عاشقی تۆ تێکەلّی گوناهـ نەبوو هەر
کەی غەمی «کۆلیل» فەوج و لەشکەری هێنا؟
بێجگە لە ئەسرین قەتی سپاهـ نەبوو هەر

روشنی طلعت تو ماه ندارد
پیش تو گل رونق گیاه ندارد
گوشه‌ی ابروی توست منزل جانم
خوش‌تر از این گوشه پادشاه ندارد
تا چه کند با رخ تو دود دل من
آینه دانی که تاب آه ندارد
شوخی نرگس نگر که پیش تو بشکفت
چشم دریده ادب نگاه ندارد
دیدم و آن چشم دل سیه که تو داری
جانب هیچ آشنا نگاه ندارد
رطل گرانم ده ای مرید خرابات
شادی شیخی که خانقاه ندارد
خون خور و خامش نشین که آن دل نازک
طاقت فریاد دادخواه ندارد
گو برو و آستین به خون جگر شوی
هر که در این آستانه راه ندارد
نی من تنها کشم تطاول زلفت
کیست که او داغ آن سیاه ندارد
حافظ اگر سجده‌ی تو کرد مکن عیب
کافر عشق ای صنم گناه ندارد

قــاته لــەم شــاره نیگــاریّ دلّــی زامــار بــەریّ
کۆمــەکی بەخت مەگــەر، ئێمــە لە نێو شار بەریّ
کوا حەریفیّ مەس و جوامێــر، لە خزمەت کەرەمی
عـــاشقیّ نێــوی حــەزی دلّبــەر و دلّـــدار بەریّ
باخـــەوان! وادەنووێنــیّ لـە خــەزان بێـــخەبەری
وەی لە ئەو رۆژە زەلان عومــری گولّت زار بەریّ
رێـــگری دز خـــەبەره و وا لە کەمینــی تەمـــەنا
بیّ گومـــان ماتلّـــە ژینــی من و سەرکـــار بەریّ
ئەو هەمـــوو بوو کە دەقــمدا لە خەیـــالّا بە غـەزەلّ
دلّــی ئەهلــی نـەزەریّ بەلّکـو بە دیــدار بەریّ
دلّ بە چــل ســالّی وەکۆ کردووە زانیــن و هونــەر
چــاوی مەستــانە دەترســم لە ســەرم بــار بەریّ
نــازی بـۆڕەی لەقـەزی گوێرەکە، بیّساز و نەوان
سامــری کێـن وەکـو مووســا کەرەمــی یــار بەریّ
جــامــی بێگـــەردی شەرابت دەڕفێــنیّ تەمی غـەم
مەی نەبیّ، مەینەتــی دلّ دیّ ســەر و ســەردار بەریّ
سەنگەری چـــاو و برۆی یــاره کەمیـــنی دلّەکەم
هەرکــەسیّ رەنــدە دەبیّ رێگـــە بە ئەسـرار بەریّ
«حافـــز»! یــار بە نــازۆ وتــی ئـەر گیــانم ئەویّ
غەیــر خالّی کـــە لە دلّ! بێلّـــە کە ژیــوار بەریّ
عاشقــی لێــوەیە «کۆلیــل»و ئەلّیّ لێــوی ئـەوین
کەوسەری ژینە، چ بوو رۆح دوســەد جــار بەریّ

نیست در شهـــر نگـــاری که دل مـــا ببـــرد
بختـــم ار یـــــار شود رختـــم از این‌جـا ببرد

کو حریفی کش سرمست که پیش کرمش
عـــاشق سوختـــه‌دل نـــام تمنـــا ببـــرد

باغبـانـــا ز خـــزان بی‌خبـــرت می‌بیـــنم
آه از آن روز که بـــادت گل رعنـــا ببـــرد

رهـــزن دهر نخفتـــه‌ست مشو ایمـــن از او
اگر امـــروز نبـــرده‌ست که فـــردا ببـــرد

در خیـــال این همه لعبت به هوس می‌بـــازم
بو که صاحب نظـــری نـــام تماشـــا ببـــرد

علم و فضلی که به چل سال دلم جمع آورد
ترســـم آن نرگس مستـــانه به یغمـــا ببرد

بانگ گاوی چه صـــدا بازدهـد عشوه مخر
سامـری کیست که دست از ید بیضـا ببـرد

جـــام مینـــایی مـی ســـدّ ره تنگـــدلی‌ست
منـــه از دست که سیـــل غمـــت از جا ببـــرد

راه عشق ارچه کمینـــگاه کمانـــداران است
هـــر که دانستـــه رود صرفـــه ز اعـــدا ببـــرد

حافظ ار جـان طلبـد غمـــزه‌ی مستانه‌ی یار
خانـــه از غیـــر بپـــرداز و بهـــل تـــا ببـــرد

شەراب ئەگەر غەم و حەسرەت لە فیکری ئێمە نەبات
هەراس و جەوری فەلەك پڕ لە بێخی ریشە ئەدات
ئەگەر شەراب نەخا لەنگەری شعوور و هۆش
بە کامە کەشتی ئەدەی دڵ، لە گێژی تۆف نەجات
نەبوو کەسێ کەڕەتێ چەرخی کەچ بدا کێشێ
کەچی هەموو کەسی ئەو زاڵمانە کردووە مات
ژیان عوبووری بە تاریکسانی جەهلە، مەگەر
خزر بکا مەدەدێ، غەم دەنا حەیام دەبات
بەرەو چەمەن دڵی بێ‌هێز مەیل ئەکا بەڵکوو
سەبا نەخۆشە ئەگەرچی، دەمێ بکات خەڵات
ئەمن تەبیبی دڵم بێنە مەی! کە مەڵهەمی وا
خەتا لەسەر بەرە وەك شەم، شەوار رۆشن ئەکات
بسووت «حافز»و دڵبەر لە حاڵی بێخەبەرە
لەبەر خودا مەگەری با، خەبەر بە دڵبەری بات
شەراب ئەمێستە خەفەتبارە خۆشی، وەك «کۆلیل»
کەسەر لە دوو سەری دۆمینە مەی دەکات قەبات

اگر نه بـــاده غـــم دل ز یـــاد مـــا ببـــرد

نهیـــب حـــادثـــه بنیـــاد مـــا ز جـــا ببـــرد

اگر نه عقـــل به مستـــی فـــرو کشد لنـــگر

چگـــونه کشتـــی از این ورطـــه‌ی بلا ببـــرد

فغـــان که با همه کس غایبـــانه باخت فلـک

که کـس نبـود که دستـی از این دغـا ببـــرد

گـــذار بر ظلمـــات است خضـــر راهی کو

مبـــاد کـــآتش محـــرومی آب مـــا ببـــرد

دل ضعیفـم از آن می‌کشـد به طـــرف چمن

که جـــان ز مرگ به بیمـــاری صبـــا ببـــرد

طبیب عشق منـــم بـــاده ده کـــه این معجـون

فـــراغت آرد و اندیشـــه‌ی خطـــا ببـــرد

بسوخت حافظ و کس حال او به یار نگفت

مگـــر نسیـــم پیـــامی خـــدای را ببـــرد

سەحـــەر بولبــول شکــاتی لا سـەبا کـرد
دەزانـی عەشقـی گوڵ چەنـدی سزا کرد؟
بە رەنگـی رووـمـەتی دڵ پـڕ لـە خوێنـم
لە نێـو گوڵـزاری هـەر دڕکی عەتـا کرد
غوڵامـی هیممـەتی بـەرزی کەسێـکم
دەسـی خێـری لە مـل کیـژی وەفـا کرد
لە دەستـی نـاکەسـان بۆچـی بنـاڵم
کەسـم، سینـەی بە ناڵیـن ئاشنـا کـرد
لە ئازیـــزم تەمـەننـــا هـەر وەفـــا بـوو
لە سوڵتـــان ئەو تەمەننـایەم خەتــا کرد
نەسیمــی بــەر بەیـــانی هـەر نەنـاڵێ
کــە دەردی شــەونشینـــانی دەوا کـــرد
لە گوڵ رووبـەنـد و سومبــوڵ پرچــی لادا
یەخەی غونچەی لە دوگمەی شین رەها کرد
لە بولبــول دەنگـی واوەیـــلا و شینــە
گــوڵ ئەی هـــاوار لەنجەی بۆ سەبـا کرد
بە کــۆڕی مەیفــرۆشان بێـژە سـاقی!
کە «حافـز» پشتی لەو زوهــد و ریـا کرد
لەگەڵمـا ســەروەرانی شـار تـەنیـا
بە پەیمــانی وەفـــا، هـەر بولـوەفـا کرد
لەگــەڵ «کۆلیـــل» چـۆن بێژم تەنانەت
دڵــی خـۆشی هــەواری لـێ جـودا کرد

سحر بلبل حکایت با صبا کرد
که عشق روی گل با ما چه‌ها کرد
از آن رنگ رخم خون در دل افتاد
و از آن گلشن به خارم مبتلا کرد
غلام همت آن نازنینم
که کار خیر بی روی و ریا کرد
من از بیگانگان دیگر ننالم
که با من هر چه کرد آن آشنا کرد
گر از سلطان طمع کردم خطا بود
ور از دلبر وفا جستم جفا کرد
خوشش باد آن نسیم صبحگاهی
که درد شب‌نشینان را دوا کرد
نقاب گل کشید و زلف سنبل
گره‌بند قبای غنچه وا کرد
به هر سو بلبل عاشق در افغان
تنعم از میان باد صبا کرد
بشارت بر به کوی می‌فروشان
که حافظ توبه از زهد ریا کرد
وفا از خواجگان شهر با من
کمال دولت و دین بوالوفا کرد

وەرن فەلـــەک رەمـــەزانی قوتـــار و غـــارەت کرد
که مانگی یەکشەوە جـامی جەمی لە چـارەت کرد
کەسێ لە رۆژوو ئەبا خێـــر و حەجج و عومرە رەوان
بە دڵ کە خـاکی دەری مەیکـەدەی زیـارەت کرد
کە سووچی مەیکــەدە بوو بۆ هەتا هەتا شوێنـــم
دروودی حەق لەوە بێ مەیکـەدەی عەمارەت کرد
بە چی ئەدەن قەدەحێ مـەی؟! بە گەوهەری ژیـری
هەڵێ کە خێـر ئەوە بردی ئەمـەی تیجـارەت کرد
بەڵێ لە نێـو خەمی ئەبـرۆ سـەوابی نوێــژە گەلێ
لە بۆ کەسێ کە بە خوێنی گەشی تەهـارەت کرد
ئەمـــان لە چـاوی فریوت کە شێخـی شـار ئەوڕۆ
بـە سووکییـۆ نـەزەری بۆ زەدەی ئیشـــارەت کرد
کە کوڵمی یـــار دەبینـم، سپـاسی چـاوم ئەکـەم
سەرنجـی چـاوتی چونکـوو بە دڵ نـەزارەت کرد
کەلامـی عەشـق لـە «حـــافز» ببیســە نەک واعیـــز
ئەگەرچـی سەنعەتی زۆری بە دەم جەســارەت کرد
پەیامی عەشق لە «کۆلیـــل»ـی دڵ کەســـەر بۆ یـــار
سەبـا! لەبەر چ بـو نەت‌برد، مەگەر شـەوارەت کرد؟!

بیا که ترک فلک خوان روزه غارت کرد
هـلال عیـد به دور قــدح اشارت کرد
ثواب روزه و حـج قبـول آن کس برد
که خـاک میکده‌ی عشق را زیارت کرد
مقـام اصلـی ما گوشه‌ی خرابات است
خداش خیر دهاد آنـکه این عمارت کرد
بهای باده‌ی چون لعل چیست جوهر عقل
بیا که سود کسی برد کـاین تجارت کرد
نمـاز در خـم آن ابـروان محـرابی
کسی کند که به خون جگر طهارت کرد
فغان که نرگس جمّـاش شیخ شهر امروز
نظـر به دُرد کشـان از سر حقـارت کرد
به روی یـار نظر کن ز دیـده منت دار
که کـار دیده نظـر از سر بصـارت کرد
حدیث عشق ز حافـظ شنـو نه از واعـظ
اگرچـه صنعت بسیـار در عبـارت کرد

سەحـەر بە مەی شتی دەسنوێژ، عارفێ دڵ رون
بەیانی زوو کە بە مەیخانە بۆ زیارەت چون
هیلالی یەکشەوە دەستووری دەوری جامی دا
هەتا بلووری هەتاوی زەڕین لە کەل گوم بون
قوبوولە نوێژی بە ئاوات و پڕ لە سۆزێ کەسێ
لە خوێنی جەرگی کە دەسنوێژی حورمەتی گرتون
هەوەڵ بە خوێنی کچی رەز مەلا عەباکەی شت
بە دڵ، لە پاش ئەمە نوێژی ئەو شەوەی فەرمون
دڵم لە پەرچەمی، داوی شەڕی کڕی بۆ خۆی
لە ئەم تیجارەتە ئاخۆ بەهایەکی بردون؟
ئیمامی جومعە گەر ئەحواڵی «حافز»ی پرسی
بڵێن بە بادە کە وسڵی جەماعەتی کردون
شەهادەتی کوڕە کوردێکی، بۆ دەمی شیرین
«عومەر» لە لێوی کەژێ چەشنی بێستون بیستون

به آب روشـــن می عـــارفی طهـــارت کرد
عَلَی‌الصَّبـــاح که میخـــانه را زیـــارت کرد
همیـــن که ساغـــر زرین خور نهـــان گردید
هـــلال عیـــد به دور قـــدح اشـــارت کرد
خوشـــا نمـــاز و نیـــاز کسی که از ســـر درد
به آب دیـــده و خون جگـــر طهارت کرد
امـــام خواجه که بودش ســـر نمـــاز دراز
به خون دختـــر رز خرقـــه را قصـــارت کرد
دلم ز حلقـه‌ی زلفش به جـان خرید آشوب
چه سـود دید ندانـم که این تجـارت کرد
اگر امـــام جمـــاعت طلب کنـــد امـــروز
خبر دهیـــد که حافـــظ به می طهـــارت کرد

سۆفی بە ئۆف و داوی ریا مەکری ساز کرد
لەم چەرخە فێڵەوازە حوقەی لێوی باز کرد
هێلکەی لە ژێر کڵاوی فەلەک زوو لە سەر شکان
فێڵ و فریوی هەرکە لەگەڵ ئەهلی راز کرد
مەیگێڕ زووکە دلبەری واڵای سۆفیان
هەمدیس دەس بە جیلوە، بە عیشوە و بە ناز کرد
موتریب لە کوێن کە سازی مەقامی عەراقی وت
کۆکی لە پڕ بە نەزم و نەواکەی حیجاز کرد
ئەی دڵ دەخیلە زوو بە کە خۆ خەینە ماڵی یار
چونکوو خەتای زۆری بە سوڵتان ئەیاز کرد
خەوشت نەبێ! کە هەرکە نەبوو پاکبازی عەشق
دەرکی قەلای ژووری لەسەر خۆ فەراز کرد
سۆزی کە رۆژی حەشرە هەموو شت دەبێت روون
سەرشۆڕە کێ حەقیقەتی خەرجی مەجاز کرد
کۆتر بە لار و لەنجە مەڕۆ نوێژ ئەکا رەوی
بەم کارە سۆفیانەیە پۆلێکی ساز کرد
«حافز!» قەڵەندەران بە غەزەڵ سەرزەنش نەکەی
خوا تۆی ئەزەڵ لە شیعری ریا بێنیاز کرد
«کۆلیل» وس! مەتەق مەکە بولبولقڕانە باخ
پڕپڕ لە لاشخۆرە گەمەی قەل بە باز کرد

صوفی نهاد دام و سر حقه باز کرد
بنیاد مکر با فلک حقه باز کرد
بازی چرخ بشکندش بیضه در کلاه
زیرا که عرض شعبده با اهل راز کرد
ساقی بیا که شاهد رعنای صوفیان
دیگر به جلوه آمد و آغاز ناز کرد
این مطرب از کجاست که ساز عراق ساخت
و آهنگ بازگشت به راه حجاز کرد
ای دل بیا که ما به پناه خدا رویم
زان چه آستین کوته و دست دراز کرد
صنعت مکن که هر که محبت نه راست باخت
عشقش به روی دل در معنی فراز کرد
فردا که پیشگاه حقیقت شود پدید
شرمنده ره روی که عمل بر مجاز کرد
ای کبک خوش خرام کجا می‌روی بایست
غره مشو که گربه‌ی زاهد نماز کرد
حافظ مکن ملامت رندان که در ازل
ما را خدا ز زهد ریا بی‌نیاز کرد

دڵی بولبول بووە خوێن، تا گوڵی سووری گوڵی کرد
رەشەبا هات، گوڵی برد و پەرێشان‌دڵی کرد
دڵی تووتی کە ئۆمێدی شەکەری بوو لە خەیاڵ
خەتی ئاواتی لە پڕ مۆری مەرگ باتڵی کرد
نووری چاوانم و ئەو جەرگی دڵەم یادی بەخێر
چەندە زوو چوو لە دەسم، وای کە چەن موشکڵی کرد
کاروان! باری ئەمن کەوتووە تۆخوا مەدەدێ
دڵ لەگەڵ ئێوە بە خاتر کەرەمێ تامڵی کرد
خاکی رووم و نمی چاوم دەسی کەم مەگرە! کە حەوت
کۆشکی شایی فەلەکی شین، لە گڵی من گوڵی کرد
داد و هاوار لە چاوی چەپەڵی مانگی چەرخ!
مانگی من کەوتە مەحاق و لە گڵا مەنزڵی کرد
ئەونە «حافز»! لە روخی شات نەدا، کات نەما
دەسەڵاتم نەبو من، بەزمی فەلەک ماتڵی کرد
بۆیە سووتاوە شەقایەق دڵی، «کۆلیل»ی لە باخ
بۆ سەبا چون لە سەحەر داغی دڵی بولبولی کرد

بلبلی خون دلی خورد و گلی حاصل کرد
باد غیرت به صدش خار پریشان دل کرد
طوطیی را به خیال شکری دل‌خوش بود
ناگهش سیل فنا نقش امل باطل کرد
قُرَّةالعَین من آن میوه‌ی دل یادش باد
که چه آسان بشد و کار مرا مشکل کرد
ساروان بار من افتاد خدا را مددی
که امید کرمم همره این محمل کرد
روی خاکی و نم چشم مرا خوار مدار
چرخ فیروزه طربخانه از این کهگل کرد
آه و فریاد که از چشم حسود مه چرخ
در لحد ماه کمان ابروی من منزل کرد
نزدی شاه رخ و فوت شد امکان حافظ
چه کنم بازی ایام مرا غافل کرد

وەکـوو سەبـــا هەوەسی مێـــرغوزارم ئـــاواتە
لـە پـەرچـــەمی نـەفـەســێ موشکبـارم ئـاواتە
دەمێـکە بێ مـەی و دڵبـەر هەدەر دەچێ تەمـەنم
بەتاڵـــەتم بەســـە لـەو ڕۆوە، کـــارم ئـــاواتە
هەر ئابـــڕوویە بە دەس هـــات، دیـــنە یا زانیـــن
هەمـــوو نیســـار بە چـــاوی نیگـــارم ئـــاواتە
بە چەشنی خـۆری سبـەینـانە رون، هەتـا مـــاوم
مەبـەس لە سەرفی تەمـەن عەشقی یـارم ئاواتە
بە یادی چـاوی خومـارت لە خۆ کە دێمە دەرێ
دەوامـــی مەحکــەمی قـــەوڵ و قـــەرارم ئـاواتە
سـەبا لە کوێیە کە ئەو گیانە خوێنیەم وەکو گوڵ
فـــەدای سومبـــوڵ و بۆنی بەهـــارم ئـــاواتە
سـەفـــای دڵ بە دەغـــەڵ کاری و ریـــا رۆیـــی
تەریقـــی «حافـــز»ی رەنـــد و عەیـــارم ئاواتە
لە داخـی زاهیدی ملهـووڕ و شاعیـری دڵ سـاغ
دەروونـــی چەشنـــی «عومـــەر» کۆڵـەوارم ئاواتە

چو بـــاد عزم ســـر کوی یـــار خواهـــم کرد
نفس به بوی خوشـش مشکبـــار خواهـم کرد
به هـــرزه بی مـی و معشـــوق عمـر می گذرد
بطـــالتم بس از امـــروز کـــار خواهـــم کرد
هر آبـــروی که اندوختـــم ز دانـش و دیـــن
نثـــار خـــاك ره آن نگـــار خواهـــم کـــرد
چو شمع صبحـــدمم شـد ز مهـــر او روشـــن
که عمـــر در ســـر این کار و بـــار خواهم کرد
به یاد چشم تو خود را خـــراب خواهم ساخت
بنـــای عهـــد قدیـم استـــوار خواهـــم کـــرد
صبا کجاست که این جان خون گرفته چو گل
فـــدای نکهت گیســـوی یـــار خواهـــم کرد
نفـــاق و زرق نبخشـــد صفـــای دل حافـــظ
طـــریق رندی و عشـق اختیـــار خواهـم کرد

دەستــی وەسڵــی من و ئەو زولفە دوتــا چۆن دەکرێ
وەی کـە بـاوەڕ بە وەفــاتـان و ســەبا چۆن دەکـرێ
ئەرکی سەر شــانە لە پێـناوی دڵا هـەوڵ و خەبـات
هەر ئەوەنــدەی هەیە تێکــدانی قــەزا چۆن دەکرێ؟!
چـاکی داوێنـی بە سەد خوێنی جیگەر گەوتە دەسـم
بە فـەن و فێـڵی بەغێڵێـك رەهـا چـۆن دەکـرێ
رووومــەتی ئەو بە مەســەل حەیفە بڵێــن مانگــی پڕە
کە قیــاسی لەگەڵ ئەو بێ‌ســەر و پـا چۆن دەکرێ
چـاوی خـاوێنە شیـاوی نەزەری رووومـەتی یـار
کە لـە ئاوێنـە نـەزەر، بێ لـە سەفـا چۆن دەکرێ
موشکـڵی عەشـق و ئەوین دوورە لە عیلمـی من و تۆ
کەشفـی ئـەم رازە بە قـەولی عولــەما چۆن دەکـرێ
داخــم ئەو داخــە کە دڵــداری جەهــانیت، وەلێ
شـەڕی ئەم عەشقە لەگەڵ خەڵکی خـودا چـۆن دەکرێ
ئەو دڵــەی نــاسك و ئەو تەبعـە لەتیفـەت وتی پێم
نوتقـی پەروانە لەکـن کولـمـی چـرا چۆن دەکـرێ
هـەر لە میحـراوی بـرۆ تا دڵـی «حافــز» دەچـەمێ
تــاعەتی غەیـری ئەتۆ لــەو خەمــەدا چۆن دەکرێ
قــامەتت رووگــەیی «کۆلیــل»ـە بە ئاشیـرەتی چاو
قیبلــەدۆزینــەوە بێ قیبلــەنومـا چـۆن دەکـرێ

دست در حلقه‌ی آن زلف دوتا نتوان کرد

تکیه بر عهد تو و باد صبا نتوان کرد

آن چه سعی است من اندر طلبت بنمایم

این قدر هست که تغییر قضا نتوان کرد

دامن دوست به صد خون دل افتاد به دست

به فسوسی که کند خصم رها نتوان کرد

عارضش را به مثل ماه فلک نتوان گفت

نسبت دوست به هر بی سر و پا نتوان کرد

سرو بالای من آن گه که درآید به سماع

چه محل جامه‌ی جان را که قبا نتوان کرد

نظر پاک تواند رخ جانان دیدن

که در آیینه‌ی نظر جز به صفا نتوان کرد

مشکل عشق نه در حوصله‌ی دانش ماست

حل این نکته بدین فکر خطا نتوان کرد

غیرتم کشت که محبوب جهانی لیکن

روز و شب عربده با خلق خدا نتوان کرد

من چه گویم که تو را نازکی طبع لطیف

تا به حدی‌ست که آهسته دعا نتوان کرد

بجز ابروی تو محراب دل حافظ نیست

طاعت غیر تو در مذهب ما نتوان کرد

رفـــانی دڵم و دی نەمـــدی کە چەی کرد
پەری ئاخــۆ بە کێ کەنگێ دەبەی کــرد؟
شـــەوی دووری لە مەرگــم نیشتـە پارێـز
بە هۆی لوتفــی خەیـاڵی بوو، کە نەی کرد
لە دڵ چۆن چون گوڵاڵەم خوێـن نەچۆڕێ
کە چـاوی چەن لە گەڵمانا گــزەی کرد
بـە کێ بێـــژم بە هـــاودەستی بریـنـــان
تەبیـــبم قەستـی گیـــانی پڕ لـە وەی کرد
وەکـــوو مۆمی کە گـــڕ بەر دا لە گیـــانم
سوراحـــی شیـــوەن و ناڵیـــنی نـەی کرد
ئەگـەر کــارێ لە دەستـت دێ سەبا دەی
کە دەردی ئـــارەزوم ئـــارامی پـەی کرد
لە کـــۆڕی عـاشقـــان ناشــێ بڵێ کەس
کە یـــاری ئێمە چی فـەرموون و چەی کرد
بە گیــــانی «حافـــز»ی دژمـن نەکـردوون
ئەوەی تیـــــر و کــەوانی تۆ ئـەوەی کرد
لە رۆژێکــــۆ «عومـــەر» مەستـــی قـەزا بوو
قـەدەر دوو چـــاوتـــانی پـڕ لـە مەی کرد

دل از مـن برد و روی از من نهـان کرد
خـدا را با که این بـازی تـوان کرد
شب تنهـاییم در قصـد جـان بود
خیالـش لطف‌هـای بیکـران کـرد
چـرا چون لاله خونیـن دل نبـاشـم
کـه بـا مـا نرگس او سـر گـران کرد
که را گویـم که با این درد جـان‌سـوز
طبیـبم قصـد جـان نـاتـوان کـرد
بدان سان سوخت چون شمعم که بر من
صـراحی گریه و بربـط فغـان کـرد
صبـا گر چـاره داری وقت وقت است
که درد اشتیـاقم قصـد جـان کـرد
میـان مهـربانـان کی تـوان گفت
که یـار ما چنیـن گفت و چنـان کرد
عـدو با جـان حافـظ آن نکـردی
که تیـر چشم آن ابـروکمـان کرد

سەفەری یادی بەخێر ئەو لە کەسی یاد نەکرد
بە هەواڵێ دڵێ غەمباری کەمێ شاد نەکرد
ئەو جووان بەختە کە مۆری کەرەمی نەخشە لە دڵ
بۆ غوڵامێکی کەنەفتی لە غەم ئازاد نەکرد؟
ئەم کەوا کاغەزیەم شەرتە بە خوێناو ڕەشۆم
ڕێنوێنیمی فەلەک چونکو بە کۆی داد نەکرد
بێستوون شیوەنمی بیستووە وا هەر دەگری
چ‌بوو شیرین کەمەکێ ڕەحمی بە فەرهاد نەکرد
سێبەرت تا لە چەمەن گرتەوە بولبول لەوە پاش
قەتی هێلانە لە نێو پەرچەمی شمشاد نەکرد
حەققی خۆی بوو کە سەبا ڕەوتی ڕەوانێکی نەما
چونکە چالاکتری لەو سەفەرەت، باد نەکرد
نەخشی ئاواتی نەکێشێ قەڵەمی شینی فەلەک!
هەرکە ئیقراری بە ئەم جوانیە، بێداد نەکرد
موتریبا! پەردە لە سەر نەزمی عەراقی بکە کۆک
چونکە لەم ڕێگەوە چوو یار و کەسی یاد نەکرد
شیعری «حافز» لە مەقاماتی عەراقی غەزەڵێ
ئەم هەوا کەوتە دڵی کێ گڕی ئیجاد نەکرد؟!
عەشقی پیری شەوی ڕسوائیە «کۆلیل»! بەڵام
کەس وەکوو لێوی ئەوین، جوانمی ئیرشاد نەکرد

یاد بـاد آن که ز ما وقـت سفـر یـاد نکـرد
به وداعـــی دل غـــم‌دیده‌ی ما شـــاد نکرد

آن جوان بخت که می‌زد رقم خیر و قبول
بنـــده‌ی پیـــر ندانـــم ز چه آزاد نکـرد

کاغـــذین جامه به خوناب بشویم که فلــک
رهنمـــونیـــم بـــه پـــای علـم داد نکـرد

دل به امیـــد صـــدایی که مگر در تو رسـد
نالـــه‌ها کـرد در این کـوه که فرهـاد نکرد

ســـایه تا بازگرفتـــی ز چمـــن مـرغ سحـــر
آشیـــان در شکـن طره‌ی شمـــشاد نکـــرد

شـــاید ار پیک صبـــا از تو بیـــاموزد کـار
زآن که چالاک‌تر از این حرکت بـاد نکرد

کلک مشـــاطه صنعـــش نکشد نقش مـراد
هر کـــه اقـــرار بدین حسن خـــداداد نکرد

مطـــربا پرده بگـــردان و بـــزن راه عـــراق
که بدین راه بشـــد یـــار و ز مـــا یـاد نکرد

غزلیـــات عـــراقی‌ست ســـرود حافـــظ
که شنیـــد این ره دل‌ســـوز که فریاد نکرد

ماڵیـــم روو لە ڕێگـەی و لێمـی گـوزەر نەبوو
سـەد تیشکی بوو گـلار و یەکێکی نـەزەر نەبوو
لافــاوی چــاوی ئێمــە دڵی شستوشـۆ نەدا
بــاران لە بەردی مەڕمـەڕی هەرگیز ئەسەر نەبوو
یاڕەب لە تیــری ئاخی بپــارێزە شـۆخی شــار
هەرچـەن لە ناخـی گۆشـەگرانی حـەزەر نەبوو
شـەوناڵەکەم لە چـاوی مەل و مۆری خەو رفـان
ئەو شــۆخە دڵــڕفێنە، لە خـەونی خــەوەر نەبوو
ویستــم کە چەشنـی مۆمی بســووتم لە ڕێگـەیا
ئەو هەر نەهــات و رەوتی نەسیمی سەحەر نەبوو
ئەو دڵ لە بەردە کێیە ئەوەن مێــشکـی پووچەڵە
بۆ تێغـی قــاری عەشقی ئەتۆ ســەر لە بەر نەبوو
ئەو بێزمانە «خاجە»! واتە قەڵــەم، عەشقـی تۆی
بۆ کەس نەوت هەتـاکـو لچ و لێـو و سـەر نەبوو
دیوانی عەشقــی خاجــە بە دڵ شێـتی کـردووم
میوانی بەژنـی بـۆیە کەسێ وەک «عومەر» نەبوو

رو بر رهش نهادم و بر من گذر نکرد
صد لطف چشم داشتم و یک نظر نکرد
سیل سرشک ما ز دلش کین به درنبرد
در سنگ خاره قطره باران اثر نکرد
یا رب تو آن جوان دلاور نگاه دار
کز تیر آه گوشه‌نشینان حذر نکرد
ماهیّ و مرغ دوش ز افغان من نخفت
وان شوخ دیده بین که سر از خواب برنکرد
می‌خواستم که میرمش اندر قدم چو شمع
او خود گذر به ما چو نسیم سحر نکرد
جانا کدام سنگ‌دل بی‌کفایتی‌ست
کو پیش زخم تیغ تو جان را سپر نکرد
کلک زبان بریده‌ی حافظ در انجمن
با کس نگفت راز تو تا ترک سر نکرد

چۆن یار چوون و عاشقی زاری خەبەر نەکرد
یادی لە دۆسی شاری و یاری سەفەر نەکرد؟
یا بەختی من مەرامی ئەوانی نەگرتە بەر
یا ئەو بە کۆی مەرامی منی هەر گوزەر نەکرد
پێم وابو گەرمەشینی ئەوین نەرم ئەکّا دلی
نالەم گەیی بە عەرش و لە نالّی ئەسەر نەکرد
سووکی مەکەن لە حەقّقی مەلی بێقەراری دڵ
چون عەشقی داوی زولفی لە سەر قەت بەدەر نەکرد
گولزاری رووت هەر کە دەبینێ بە دڵ دەکات
ماچی دییەم، کە چاوی لە تۆ بێنەزەر نەکرد
وەستام تا بە چەشنی شەمێ دامرم لە رێی
ئەو خۆی عوبووری چەشنی هەناسەی سەحەر نەکرد
«کۆلیل» وەک پەپوولە پەڕ و باڵی سووتیا
چونکە لە مۆمی رووتی بە عومری خەتەر نەکرد

دلبر برفت و دل‌شدگان را خبر نکرد

یاد حریف شهر و رفیق سفر نکرد

یا بخت من طریق مروت فروگذاشت

یا او به شاهراه طریقت گذر نکرد

گفتم مگر به گریه دلش مهربان کنم

چون سخت بود در دل سنگش اثر نکرد

شوخی مکن که مرغ دل بی‌قرار من

سودای دام عاشقی از سر به درنکرد

هر کس که دید روی تو بوسید چشم من

کاری که کرد دیده‌ی من بی‌نظر نکرد

من ایستاده تا کنمش جان فدا چو شمع

او خود گذر به ما چو نسیم سحر نکرد

دیتـە ئەی دڵ کە هەمیسان غەمی دلبەر چ دەکا
بەو سەفەر چوونیە لەم سینگە بە نەشتەر چ دەکا

لە دەس ئەو چاوە سیحرباز و شەڕەنگێزییە وەی
هەی کە ئەو مەستە لە وەشیاری هونەروەر چ دەکا

شەوەقی سووری سرشکم هونەریّ قاری ئەون
بەختی بەدبەخت تەماشا کە لە گەوهەر چ دەکا

کە لە کۆی لەیلەوە دەربێت بروسکەی سەحەرێ
وەی لە دەغڵی دڵی مەجنوونی دەرەو دەر چ دەکا

ساقیا ساغری مەی بێنەوە! نەققاشی ئەزەڵ
کێ دەزانێ کە لەگەڵ چەرخی مودەووەر چ دەکا

کێ لە جەغز و خولی پەرگاری ئەوی داوە خەبەر
لەو هەموو نەخشە پڕەنگەی فەلەکی، سەر چ دەکا

فکری عەشق، ئاوری غەم، «حافز»ی گڕ داوە ئەشا!
یاری مێژینە لەگەڵ عاشقی بێوەر چ دەکا

بۆنی عەشقی دڵی سووتاوی «عومەر» عالەمی گرت
لە نەسیمی گوڵی غەم، عوود و سنەوبەر چ دەکا

دیدی ای دل که غم عشق دگربار چه کرد
چون بشد دلبر و با یار وفادار چه کرد

آه از آن نرگس جادو که چه بازی انگیخت
آه از آن مست که با مردم هشیار چه کرد

اشک من رنگ شفق یافت ز بی‌مهری یار
طالع بی‌شفقت بین که در این کار چه کرد

برقی از منزل لیلی بدرخشید سحر
وه که با خرمن مجنون دل‌افگار چه کرد

ساقیا جام می‌ام ده که نگارنده‌ی غیب
نیست معلوم که در پرده‌ی اسرار چه کرد

آن که پرنقش زد این دایره‌ی مینایی
کس ندانست که در گردش پرگار چه کرد

فکر عشق آتش غم در دل حافظ زد و سوخت
یار دیرینه ببینید که با یار چه کرد

ئەی حەریفـــان کچـی ڕەز تۆبــە لە پەنهــانی ئەکـات
بـە هـــــەواداریـی دارۆغـــە دوڕئەفشـــانی ئەکـات
ئارەقـی پـــاك لە ڕوو کەن! کە لە خومخـانە دەرات
با نەڵێـــن ئەو کچە بەم کــۆڕە گرانجـانی ئەکـات
موژدە ئـەی دڵ! کە هەوا بێـــژی ئەوین هەمدیســان
سێــوی لێــوی شەکــەری چــاری پەرێشانی ئەکات
نەك بە حەو ئـاو، بە ســەد ئـاگرە هەر سوور بە مەی
ئەو عەبــا قــرمــزە یــاشێــخ لە ســەر شــانی ئەکات
پێکــەنی خونچــەیی وەسڵــم بە شنەی پەرچەمی یار
وەسفی گوڵ بولبولی دەنگ‌خۆش بە گۆرانی ئەکات
خاکســاری مەدە «حافز»! لە دەس، ئاخـر کە بەغێــڵ
ئابــڕوو، دینـی، دڵــی، هەر بەشـی شەیتــانی ئەکات
بۆیە «کۆلیــل»ـی گوڵی کێــوی و سەر ئەشکــەوتـم
پاسـەوانی لە شکـۆی دەشت و دەری جوانی ئەکات

دوستـــان دختـــر رز توبـــه ز مستـــوری کـــرد
شـــد ســـوی محتسب و کـــار به دستـــوری کرد
آمـــد از پـــرده به مجلس عرقـــش پـــاک کنید
تـــا نگوینـــد حریفـــان کـــه چـــرا دوری کـــرد
مژدگـــانی بده ای دل که دگـــر مطرب عشـــق
راه مستـــانه زد و چـــاره‌ی مخمـــوری کـــرد
نـــه بـــه هفـــت آب کـــه رنگـش به صـــد آتش نرود
آن چه بـــا خـــرقه‌ی زاهـــد مـــی انگـــوری کرد
غنچـــه‌ی گلـــبن وصلـــم ز نسیمـــش بشکفت
مـــرغ خوشـــخوان طـــرب از برگ گل ســوری کرد
حافـــظ افتـــادگی از دست مـــده زان که حسـود
عـــرض و مـــال و دل و دین در سر مغـــروری کرد

تەمـــەنێ، دڵ هەوەسـی جـــانی جەم ئارای دەکرد
خـۆی ئـەوەی بوو لە بیـانی کـە تەقـــازای دەکـرد
گەوهـەری دڵ کە لە کـــان و سـەدەفی بـون بەدەرە
بـۆ لە گـومبووی لچـی زەریـا تەڵەبی وای دەکـرد؟!
دوێشـەو ئـەم رازمـــە بۆ مورشیـــدی مەیخـانە دەوت
بێ گـومان بـوم کە دڵـی ئەو گـوڵێ مەعنـای دەکرد
دیـم لە زاری گوڵــی زەردەو لە دەسی جـامی شەراب
خۆش لە ئەو ئایـەنە سـەد جـۆرە تەماشـــای دەکـرد
وتـم ئەم جـامی جەهـانبینـتە کـەی بوو بە خـەڵات
وتـی ئـــەو رۆژە خـودا خێـوەتی بـاڵای دەکـرد
عاشقــێ خوا لەگەڵــی بوو لە هەمـوو کات و ئـەویش
چـاوی بینــینی نەبـوو! پـڕ بـــە دەم ئەڵڵای دەکرد
ئەو هەمـــوو فێڵە کە کـــردی بە دڵ و گیـــانی وەکوو
ســامری بوو کە لەگـــەڵ حەزرەتی مووســـای دەکرد
وتی ئەو دۆســـە، کە بـەو بوو ســـەری سێـــدارە بلێند
هەر گونـــاحی ئەوە بوو کەشفــی کـــەر و گـای دەکرد
نەفەسـی حـــەزرەتی جبریـــل بگـــا گـــەر بە کەســێ
ئەو کەسـەش لێــوی وەکوو لێـوی مەسیحـای دەکرد
زولفــی زنجیـــری بوتـــان بـۆ چیـیە پرسیـــم، وتـی
چونکـــە «حافـــز» لە دڵــی شێـتی سکـــاڵای دەکرد
دڵ کە نەیبـــەسیـــەوە «کۆلیـــل»! بە داوێکـــی وەهـــا
چـۆن بە ئـەو چـــاوە جووانبینـتە بـــڕوای دەکـــرد

سال‌ها دل طلب جام جم از ما می‌کرد
وآن‌چه خود داشت ز بیگانه تمنا می‌کرد
گوهری کز صدف کون و مکان بیرون است
طلب از گمشدگان لب دریا می‌کرد
مشکل خویش بر پیر مغان بردم دوش
کو به تأیید نظر حل معما می‌کرد
دیدمش خرم و خندان قدح باده به دست
وندر آن آینه صد گونه تماشا می‌کرد
گفتم این جام جهان‌بین به تو کی داد حکیم
گفت آن روز که این گنبد مینا می‌کرد
بی‌دلی در همه احوال خدا با او بود
او نمی‌دیدش و از دور خدا را می‌کرد
این همه شعبده‌ی خویش که می‌کرد اینجا
سامری پیش عصا و ید بیضا می‌کرد
گفت آن یار کز او گشت سر دار بلند
جرمش این بود که اسرار هویدا می‌کرد
فیض روح‌القدس ار باز مدد فرماید
دیگران هم بکنند آن‌چه مسیحا می‌کرد
گفتمش سلسله‌ی زلف بتان از پی چیست
گفت حافظ گله‌ای از دل شیدا می‌کرد

به رەمزی جـامی جەم ئەو کـاتە روونە چـاوی نەزەر
به خـاکی مەیکـەدە هـەر رشتـبێتی دیـدەیی سـەر
مەژێ بە بێ‌مەی و موتریب لە ژێـر کـەوانی فەلەک!
کە بەم دووانـە غەمـی دڵ دەنێـیە چەرخـی چەمەر
گـوڵی مـوراد دەمـێ لا ئـەدا لـە روو، تـارا
لـە خـزمەتێ قـژی هـەر وەک سەبا بە! تا بە سەحەر
لە دەرکـی مەیکـەدە ئەکسیـری بـێ‌نەزیـرە سووال
بکـەی بە زێـڕ بە ئەم‌کـارە خـاکی ڕێگـە مەگەر
بە کـۆی ئەوین ئەگـەرت قودرەتی سـەفەر مابێ
حەساوی بەرهـەمی نایـێ بە هـۆش و مێشکـی بەشەر
کەسـێ لـە مـاڵی تـەبیـعەت نەچێـتە دەر ئـاخۆ
چلـۆن بە بـاڵی تەرێقـەت گـوزەر دەکا لە خەتەر؟!
لـە پـەردەدا نیـیە هەرچـەن جەمـاڵی یـار، بەلام
غوبـاری دیـدە بشـۆری دەبـێ بە خوێنـی جیگـەر
تەڵـەب کە ڕەونەقی دیـدار و جەژنی سـەربەرزی
فەقـەت لە سـەر جـەز و خەرمانی لوتفی ئەهلی نەزەر
وەلێ دەبێ مەبـەست یـار بێت و بـادە، دەنـا
تەمـاحی دیکـە بە گشـتی هەمـانە بـایە لە سەر
دڵێ کە روونـە بە نـووری ئەویـن، دەکـا وەکو شەم
بە پێکەنین سـەری پێشکەش، بە عەشق و شەوقی هونەر
گـەر ئـەم نەسێـحەتە پیـرانە بـژنەوێ «حافـز»
شەقـامی مەیکـەدە ژێـرانە سـەر، دەکاتە گوزەر
گـەر ئـەم تـەبیـعەتە وێـرانە دڵ نەکـا وێـران
مەرامـی پیـری موغـانی مـورادە تەبعـی «عومەر»

به سـرّ جـام جم آن گه نظـر توانـی کرد
که خـاک میکـده کُحل بصر توانی کرد

مبـاش بی مـی و مطرب که زیر طاق سپهر
بدین تـرانه غـم از دل به در تـوانی کرد

گل مـراد تو آن گـه نقـاب بگشـاید
که خدمتش چو نسیـم سحـر توانی کرد

گـدایی در میخـانه طـرفه‌ی اکسیری‌ست
گر این عمـل بکنی خـاک زر تـوانی کرد

به عـزم مرحلـه‌ی عشق پیش نـه قـدمی
که سـودها کنی ار این سفـر توانی کرد

تو کـز سـرای طبیعت نمـی‌روی بیـرون
کجـا به کوی طریقـت گـذر توانـی کرد

جمـال یـار ندارد نقـاب و پـرده ولـی
غبـار ره بنشـان تـا نظـر توانـی کـرد

بیـا که چـاره‌ی ذوق حضور و نظـم امور
به فیـض بخشی اهـل نظـر تـوانی کرد

ولی تو تا لب معشـوق و جـام مـی خواهی
طمـع مدار که کـار دگر تـوانی کـرد

دلا ز نـور هـدایت گـر آگهـی یـابی
چو شمـع خنـده‌زنـان ترک سر توانی کرد

گر این نصیحت شـاهانه بشنـوی حـافظ
به شاهـراه حقیـقت گـذر تـوانی کرد

چ مەستییێکە بە سەرمانی لەعلی مەی هێنا
بلێن چ کارەیە ساقی شەرابی چەی هێنا
بە جامی بادەوە سا زوو بە! روو لە سەحرا کە!
کە ناخی بولبولی خۆش‌خوێن خرۆشی نەی هێنا
بلێ بە خونچە سکالا لە زاری بەستە نەکا
سەحەر نەسیمی سەبا دار و دەستەکەی هێنا
گەیشتنی گوڵ و نەسرین بە خێر و خۆشی بێ!
وەنەوشە شاد بە دڵ، وەک سەمەن گەشەی هێنا
سەبا بە خۆش‌خەبەری وەک پەپووسلێمانە
لە بەژنی گوڵشەنی باخی سەبا شنەی هێنا
بە نازی ساقییە دەرمانی گیانی لاوازم
هەڵێنە چاو کە دوکتور بەزەی بزەی هێنا
غولامی پیری موغانم، لە من مەڕەنجە جەناب!
کە قەولی بادە لە تۆ بوو، وەلێ ئەوەیهێنا
فیدای سەروەری شۆخان و چاوی تەنگی بم
کە زۆری چەن لە هەژارێک بۆ جبەی هێنا
فەلەک غولامیی «حافز» بە دڵ دەکا ئێستا
پەناهی چونکە بە خاکی جەنابی کەی هێنا
وتم دییەم گلی تێچووگە، سورمەیێ «کۆلیل»!
وتی لە خاکی (سنە)ی بۆ مە گوڵ‌کلەی هێنا

چه مستی‌ست ندانم که رو به ما آورد
که بود ساقی و این باده از کجا آورد
تو نیز باده به چنگ آر و راه صحرا گیر
که مرغ نغمه‌سرا ساز خوش‌نوا آورد
دلا چو غنچه شکایت ز کار بسته مکن
که باد صبح نسیم گره‌گشا آورد
رسیدن گل و نسرین به خیر و خوبی باد
بنفشه شاد و کش آمد سمن صفا آورد
صبا به خوش خبری هدهد سلیمان است
که مژده‌ی طرب از گلشن سبا آورد
علاج ضعف دل ما کرشمه‌ی ساقی‌ست
برآر سر که طبیب آمد و دوا آورد
مرید پیر مغانم ز من مرنج ای شیخ
چرا که وعده تو کردی و او به‌جا آورد
به تنگ‌چشمی آن ترک لشکری نازم
که حمله بر من درویش یک قبا آورد
فلک غلامی حافظ کنون به طوع کند
که التجا به در دولت شما آورد

سەبا کاتی سەحەر لەو زولفە عەتر و عەمبەری هێنا
لە خۆشی وا نەسیمێ، دڵ بە جێگەی پێ سەری هێنا

لە نێو باخی دییەم شکڵی سنەوبەر هەڵکەنم چاکە
نمامی بەژنی چون دایم لە دەرد و غەم، بەری هێنا

کە مانگی روومەتی دەرکەو لە ئاسۆی کۆشک ئەوەن رۆشن
لە شەرما رۆژی رون گریا بەرۆکی ئەحمەری هێنا

لە تالان و بڕوی چاوی دڵی خوێنینم جێهێشت
وەلێ بەو خوێنەشۆ، عەشقی جەسوورم، جەوهەری هێنا

بە واتەی موتریب و ساقی لە رێ دەرچووم و عاشق بووم
بە دەگمەن چونکە لەم رێگا، سەبا بۆی دڵبەری هێنا

لە روی لوتف و کەرەم بوو، هەر خەڵاتێ گوڵ وتی هانێ
ئەگەر ژاری هەلاهەل یا گوڵاوی قەمسەری هێنا

بڕستی لێ بڕیم ئەرچی برۆی، سەد گەردنی ئازا
کە سەد نازی شەفابەخشی لە حەوزی کەوسەری هێنا

وڕم دوێنشەو لە مەی نۆشینی «حافز» ماق ما، ئەمما
وتم مەیکەن کە وەک سۆفی شەراوی ئەتهەری هێنا

بەهەشت و دارە تووباکەی لە باوەڕتا نەبوو «کۆلیل»!
هەتا ئەو رۆژە ساقی کوڵم و بەژنی عەرعەری هێنا

صبا وقت سحر بویی ز زلف یار می‌آورد
دل شوریده‌ی ما را به بو در کار می‌آورد
من آن شکل صنوبر را ز باغ دیده برکندم
که هر گل کز غمش بشکفت محنت بار می‌آورد
فروغ ماه می‌دیدم ز بام قصر او روشن
که رو از شرم آن خورشید در دیوار می‌آورد
ز بیم غارت عشقش دل پرخون رها کردم
ولی می‌ریخت خون و ره بدان هنجار می‌آورد
به قول مطرب و ساقی برون رفتم گه و بی گه
کز آن راه گران قاصد خبر دشوار می‌آورد
سراسر بخشش جانان طریق لطف و احسان بود
اگر تسبیح می‌فرمود اگر زنار می‌آورد
عفاالله چین ابرویش اگرچه ناتوانم کرد
به عشوه هم پیامی بر سر بیمار می‌آورد
عجب می‌داشتم دیشب ز حافظ جام و پیمانه
ولی منعش نمی‌کردم که صوفی‌وار می‌آورد

نەسیمی سروە، سەحەر، عەتر و عەمبەری هێنا
زەلان شکا کە سەبا فەوج و لەشکەری هێنا

کراسی پارە دەبەخشم بە نەیژەنی مەی‌نۆش
لە مژدەی ئەو خەبەری خۆشە سوح دەری هێنا

دەگیانە زوو وەرە! بۆ ئەم غولامە بوو رێزوان
کە بەم جەهانە کچ و بەژنی عەرعەری هێنا

دلا! دەگەیتەوە شیراز بەخت ئەگەر یارە
لە دووری یار گەڕم! بەختی یاوەری هێنا

بە دەستی بێنە دلم چون گەلێ تەقیلەی شڕ
دو سەد وەک ئەفسەری شایی فەڕی سەری هێنا

لە جەغزی نالەمە مانگی تەواو و خەرمانەی
بڕۆی بە چەشنی هیلالی کە خەنجەری هێنا

گەییوە پەرچەمی «حافز» بە ژووری عەرشی فەلەک
هەواری چونکە بە دەرباری سەروەری هێنا

بە تاجی هەر نییە «کۆلیل»! گوڵ نیازێکی
کە فەڕی سومبولی سەد تاجی گەوهەری هێنا

نسیـــم بـاد صبـا دوشـم آگهـی آورد
که روز محنت و غـم رو به کوتهی آورد
به مطـربان صبوحی دهیـم جامه‌ی چاک
بدیـن نویـد که بـاد سحرگهی آورد
بیا بیـا که تو حـــور بهشت را رضـوان
در این جهــان ز بـــرای دل رهـی آورد
همی‌رویــم به شیــراز با عنـایت بخت
زهی رفیــق که بختــم به همرهی آورد
به جبــر خاطر ما کوش کـاین کلاه نمد
بســا شکست که با افســر شهـــی آورد
چه نالـه‌ها که رسید از دلـم به خـرمن ماه
چو یــاد عارض آن مــاه خرگهی آورد
رســاند رایت منصـور بر فلک حــافظ
که التجــا به جنـــاب شهنشهـــی آورد

دڵبەر کە قەدەح بە دەست بگرێ
کێ شۆخە غەمی شکەست بگرێ
کێ دیدەتی دیوە کردی هاوار
دارۆغە لە کوێیە مەست بگرێ؟
ماسی دڵەکەم لە بەحری چاوت
تا یار قولاوی هەست بگرێ
کەوتوومەتە خاکی پێی بە زاری
ئاخۆ دەکرێ کە دەست بگرێ؟
خورپەم دڵە، هەرکە چەشنی «حافز»
جامێ لە دەسی ئەلەست بگرێ
«کۆلیل»ـە ئەوەی لە گوێنی من بێ
دژمن مەتەقی بە شەست بگرێ

یارم چو قدح به دست گیرد
بازار بتان شکست گیرد
هر کس که بدید چشم او گفت
کو محتسبی که مست گیرد
در بحر فتاده‌ام چو ماهی
تا یار مرا به شست گیرد
در پاش فتاده‌ام به زاری
آیا بود آن که دست گیرد
خرم دل آن که همچو حافظ
جامی ز می الست گیرد

دڵم بێ خۆشەویسی روومەتی جوان و پەری، ناوێ
بە هەر جۆرێ ئەدەم وەعزی ئەڵێ پێم، نەشتەری ناوێ

لەمەولا تۆ بیو دینت! لە ساز و مەی بڵێ واعیز
کە خۆش‌تر لەم خەیاڵەی سەر بێ، گیانم سەری ناوێ

فیدای روخساری ئاڵت ساقیا! بۆم بێنە جامێ تاڵ
کە دڵ غەیری بزەی مەیگێڕ و بادەی ئەحمەری ناوێ

لە ژێر ئەو خەرقە وەک دەفتەر دوعا، جامی مەی ئەنوێنم
گری فێڵ و ریا سەیرە حەریفی دەفتەری ناوێ

دەبێ ئەم خەرقە پیناویمە رۆژێکی بسووتێنم
کە پیری مەی‌فرۆشانی، بە جامێ موشتەری ناوێ

گەشەی کۆڕی حەریفان هەر بە جامی مەی دەبێ حاسڵ
کە غەیری نەخشی یەک‌ڕەنگی، لە لەعل و گەوهەری ناوێ

نەسیحەت بێژی رەندان، چۆن دەگۆڕێ چارەنووسی ژین
بە دڵ‌تەنگی دەبینم، دا بزانن ساغەری ناوێ؟!

دەڵێی دەس هەڵگرم لەو شۆخە لێو ئاڵە و گوڵەندامەم!!
بڕۆ لاچۆ قسەی پووچەڵ، گوڵی بۆ عەمبەری ناوێ

گرین و پێکەنینم تێکەڵاون، وەک شەمی مەجلیس
زمانم گەرمە وەک ئاور وەلێ کەس ئاوری ناوێ

لە زولفی داویبازت ئافەرین خۆش تەیری دڵمی گرت
کە بۆ راوی هەڵۆ هەرکەس لە زولفت چاتری ناوێ

قسەی سامانی مەحبووب و نیازی عاشقین ئەی دڵ!
غەزەڵ سیحرێ دەزێ وەختێ غەزاڵت هۆنەری ناوێ؟!

من ئەو روخسارە، وەک جامی سکەندەر، دەس دەخەم رۆژێ
ئەوینیشم دڵی نەگرێ، دڵی من یاوەری ناوێ

هەزاری دەرکی تۆم ئەی دەوڵەمەن تۆ بی و خوا رەحمێ!
بەڵەد نیم ئاستانی کەس، دڵم عەقڵی سەری ناوێ

شیاوی «خاجە»ئازیزم، بە شێوەی شیعری شیرینێ
خەڵاتی زێڕی سەر تا پایە، مەرجی داوەری ناوێ

دڵ و گیان و شوعوور و شیعر و لەش گشتی بە قوربانی
دەم و لێو، چاو و ئەبرۆ، بەژنی، هەرچەن «هۆمەر»ی ناوێ

دلم جز مهر مه‌رویان طریقی بر نمی‌گیرد
ز هر در می‌دهم پندش ولیکن در نمی‌گیرد
خدا را ای نصیحتگو حدیث ساغر و می گو
که نقشی در خیال ما از این خوش‌تر نمی‌گیرد
بیا ای ساقی گلرخ بیاور باده‌ی رنگین
که فکری در درون ما از این بهتر نمی‌گیرد
صراحی می‌کشم پنهان و مردم دفتر انگارند
عجب گر آتش این زرق در دفتر نمی‌گیرد
من این دلق مرقع را بخواهم سوختن روزی
که پیر می فروشانش به جامی بر نمی‌گیرد
از آن رو هست یاران را صفاها با می لعلش
که غیر از راستی نقشی در آن جوهر نمی‌گیرد
سر و چشمی چنین دلکش تو گویی چشم از او بردوز
برو کاین وعظ بی‌معنی مرا در سر نمی‌گیرد
نصیحتگوی رندان را که با حکم قضا جنگ است
دلش بس تنگ می‌بینم مگر ساغر نمی‌گیرد
میان گریه می‌خندم که چون شمع اندر این مجلس
زبان آتشینم هست لیکن در نمی‌گیرد
چه خوش صید دلم کردی بنازم چشم مستت را
که کس مرغان وحشی را از این خوش‌تر نمی‌گیرد
سخن در احتیاج ما و استغنای معشوق است
چه سود افسونگری ای دل که در دلبر نمی‌گیرد
من آن آیینه را روزی به دست آرم سکندروآر
اگر می‌گیرد این آتش زمانی ور نمی‌گیرد
خدا را رحمی ای منعم که درویش سر کویت
دری دیگر نمی‌داند رهی دیگر نمی‌گیرد
بدین شعر تر شیرین ز شاهنشه عجب دارم
که سر تا پای حافظ را چرا در زر نمی‌گیرد

ساقی ئەم جۆرە بکا ناز لە هەر جامێکا
جێگەی ئەهلی دڵە مەیخانە لە هەر شامێکا

تا لە ژێر داوی خەمی دانەیی غەم داشارێ
گیرە تەیری ئەمەلم باڵی لە مل دامێکا

خۆزگە بەو مەستە! نەزانێ لە گڕی عەشقی دڵی
مێزەری یا سەری پێشکەش بە گوڵەندامێکا؟!

زاهیدی گێژ کە نەفرینی مەی و جامی ئەکرد
ژێر ئەبێ گەر نەزەرێ خۆش لە دڵی جامێکا

ڕۆژ کاتی هونەرە و کار، نە نۆشینی شەراب
ڕەش نەکەی جامی دەروونت لە گەروی کامێکا

کاتی نۆشینی شەرابی سەحەرئاکارە، دەمێ
خەوتبێ خۆر کە لە ژێر خێوەتی ڕەش فامێکا

قەت لەگەڵ موحتەسیبی شار نەنۆشیت، دەخیل!
پیاڵە بشکێنە و مەی نۆش لە هەر تامێکا

تاجی زێڕینی هەتاوت لە سەرن «خاجە» ئەگەر
فاڵ دەر بێ لەگەڵ ئەو مانگە لە فەرجامێکا

شانسی «کۆلیل» نەبوو فاڵی هەموو پووچە، وەلێ
دڵی هەروا لە خەیاڵاتی دڵارامێکا

ســـاقی ار باده از این دست به جـام انــدازد
عــارفان را همـــه در شـــرب مـدام انــدازد
ور چنیـــن زیر خـــم زلف نهـد دانه‌ی خال
ای بســا مــرغ خــرد را کــه به دام انــدازد
ای خوشـا دولت آن مست که در پای حریف
ســر و دستـــار ندانــد که کـدام انــدازد
زاهـــد خـــام که انکـار می و جـــام کنـد
پختـــه گردد چو نظـر بر مـی خـــام انــدازد
روز در کسب هنـر کوش که می خوردن روز
دل چـــون آینـــه در زنگ ظـــلام انــدازد
آن زمان وقت می صبح فـروغ است که شب
گـــرد خرگـــاه افـــق پــرده‌ی شـــام انــدازد
بـــاده با محتسب شهـــر ننـــوشی زنهـــار
بخـورد بـــاده‌ات و سنـگ به جـــام انــدازد
حافظـــا سر ز کله گوشـــه‌ی خورشیـد برآر
بختـت ار قـــرعه بـــدان مـاه تمـام انــدازد

لەگەڵ غەم هاوەڵی وەختێ، هەموو دونیا دەمێ ناکا
بە جامێ کەمتری بفرۆشە! ئەم عابا، ژەمێ ناکا
لە کۆڕی مەیفرۆشانی بە جامێکی پڕی نابەن
جبەی دین ئافەرینی بێ! تەنانەت وەرهەمێ ناکا
بە لۆمەی پاسەوانانت چلۆن جێبێڵم ئەو دەرگا
چ قەوماوە لە دەرکی دڵبەرا، سەر شێلەمێ ناکا
جووانی تاجی سوڵتانی کە باسی سەر لەوا مۆرە
کڵاوی فەخرە ئەمما سەر کە چوو ئەو درهەمێ ناکا
غەمی زەریا لە سەر شانی دڵم چوو بۆ شەپۆلی گەنج
هەڵەم بوو، چونکە لەم تۆفانە گەوهەر ماتەمێ ناکا
لە خێڵی عاشقان داپۆشە روخسارت کە دڵخۆشی
جەهانگیری، غەمی قەتڵ و قەلاچۆی عالەمێ ناکا
قەناعەت چاکە «حافز»! مننەتی دونیا مەنێ کۆڵت
کە گەنج و موڵکی قاروونی، لە ژێر بارا، خەمێ ناکا
وەکوو «کۆلیل» ئەساچێنم، بە دونیا خۆ لە تۆ ناکەم
لە کوردستانی ئێمە چەرخی گەردون پەرچەمێ ناکا

دمی با غـم به سر بردن جهـان یک سر نمی‌ارزد
به مـی بفـروش دلـق ما کز این بهتـر نمـی‌ارزد
به کوی مـی فـروشانش به جامی بر نمی گیرند
زهی سجـاده‌ی تقـوا که یک سـاغر نمـی‌ارزد
رقیـبم سـرزنش‌ها کرد کز این به آب رخ برتاب
چه افتـاد این سـر ما را که خـاک در نمی‌ارزد
شکوه تاج سلطانی که بیم جـان در او درج است
کـلاهی دلـکش است اما به تـرک سر نمی‌ارزد
چه آسـان می‌نمود اول غـم دریا به بوی سـود
غلط کردم که این طوفان به صد گوهر نمی‌ارزد
تو را آن به که روی خود ز مشتـاقان بپـوشـانی
که شـادی جهـان گیـری غـم لشکر نمی‌ارزد
چو حافظ در قناعت کوش و از دنیی دون بگذر
که یک جو منت دو نان دو صد من زر نمی‌ارزد

رۆژی ئەووەڵ کە جەماڵت لە گوڵستان دەمی دا
ئاگری تاسە لەوێرا لە دڵی عالەمی دا
چونکە عاشق بە جەماڵت نەبو شەیتانی بەغێل
بوو بە ئاگر، بە حەسوودی لە گڵی ئادەمی دا
هۆش فەرموویەتی لەو شۆڵە چرایێ بکە رون
خیرەتی عەشق درەوشایەوە، سەر پەرچەمی دا
بێ ئەمەگ ویستی کە هەڵداتەوە، پەردەی حەرەمی
دەستی غەیبی لە دەم و سەر دڵی نامەحرەمی دا
قسمەتی خەڵک لە ژین شادی و سەرکەوتی ئەمەل
تیری ئاواتی دڵی ئێمە لە خاڵی غەمی دا
دڵ و گیانم هەوەسی چاڵی چەنەی کەوتە سەری
ترسی چاهی غەمی بوو دەستی لە زولفی خەمی دا
«حافز» ئەورۆژە ئەوین‌نامەیی تۆی دا لە رەقەم
کە لە شایی دڵی خۆ، رەش قەڵەمی ماتەمی دا
منی «کۆلیل» شکاتی غەمی خۆ ناکەم بۆی
هەر ئەڵێم زۆری خەفەت بەو دڵە بێچارەمی دا

در ازل پـرتـو حسنـت ز تجلـی دم زد
عشق پیـدا شـد و آتش به همـه عالم زد
جلوه‌ای کرد رخت دید ملک عشق نداشت
عیـن آتش شـد از این غیـرت و بر آدم زد
عقـل می‌خواست کز آن شعله چراغ افروزد
برق غیـرت بدرخشیـد و جهـان برهم زد
مدعی خـواست که آیـد به تماشـاگه راز
دست غیـب آمد و بر سیـنه‌ی نامحـرم زد
دیگـران قرعه‌ی قسمت همه بر عیـش زدنـد
دل غـم‌دیده‌ی مـا بود کـه هـم بر غـم زد
جـان علوی هـوس چاه زنخـدان تو داشت
دست در حلقه‌ی آن زلف خم اندر خـم زد
حافظ آن روز طـرب‌نامه‌ی عشق تو نوشت
کـه قلـم بـر سـر اسبـاب دل خـرم زد

که خـۆری پەرچـەمی هەڵـدا، لە دوندی کۆهساران دا
بە کـۆڕی عاشقـان دڵبـەر ئومێـدی چەشنی جـاران دا
سەحـەر تا تێـگەیی خـۆر بێوەفـایە و خۆ دەشارێـتو
بە پرقـەی پێکـەنین تـانەی لە عەهـدی کامـکاران دا
لە کۆڕی دوێنـەشەو دڵبەر بە قەستی هەڵپـەڕین هەستا
گرێـی کـردۆ لە ئەبـرۆ، دایە کـۆڵی گیـانی یـاران دا
لە تەقوا دەستم ئەو ساتەی بە خوێنی جەرگ و دڵ شۆرێ
کە چـاوی مەستـی، میـوانی بە خێـڵی هۆشیـاران دا
لە کـام ئاسـن‌دڵێ بەو شێـوە فێری دڵڕەقـی بوویـی
کە هـەر ئێـوارە دەس‌بـردت لە خێـڵی دەردەداران دا
خەیـاڵی قیـر و قـاچی کەوتە سەر بێـچارە دڵ، یاڕەب
دەسـی لوتفـی بە سەر بێـنا، لە جەرگـەی شاسواران دا
دڵ و گیـانم بە گوڵزاری بەهـاری ڕوومـەتت ئەسپـارد
کـەچـی فـەرمـانی تـاڵانی هـەوەڵ بۆ دڵسپـاران دا
بە ئەو پەشمیـنە عابـا چۆن لە تـۆڕی خەم، کەمـەنداری
کە زولفـی داوی دانـاوە لە ڕێـی خەنجـەرگوزاران دا
هەموو کـامی دڵم، چـاوی لە دەستی حاتـەمی تەی بوو
کـە «حـافـز» فاڵـتی لێـدا لە کـۆڕی بەختـیاران دا
شەهی خـاوەن شکـۆ (منصور)ی دوو دونیا، دلێر و ژیـر
کە ئیحسـانی بزەی، بەرقـی لە سـەر هەوری بەهـاران دا
لە ڕۆژێکۆ کە جامی مـەی بە لەعلی لێـوی عـاشق بـوو
فەلەک هەر ساغـەری شـایی بە کۆڕی مـەی‌گوسـاران دا
درەوشـایۆ بە تـاوی شێـری، سـەرکەوتـن لـەوی ڕۆژۆ
کە چـاوی پۆلـی ئەستێـرەی، بە تەنیـا شۆڵـەبـاران دا
دەوامـی دەوڵـەتی لە خوا دەکەم داوا، شوکور گەردون
سکـەی عەشقـی ئەوی کێشا لە سەر سینـگی هەژاران دا
بە ئەو هیـوایە «کۆلیـل»ـی شنـەی سـروەی بەهـاریتم
دڵـی کـوردم بـلاوێنێ لە سـەحنـی ڕۆژگـاران دا

سحـــر چون خســرو خـــاور علـم بـر کوهســـاران زد
بـه‌دسـت مـــرحمـت یـــارم در امیــدواران زد
چو پیش صبح روشن شد که حـال مهـر گــردون چیست
بـر آمـــد خنــده‌ی خوش بر غـــرور کامگـــاران زد
نگـــارم دوش در مجلس به عـــزم رقـص چون برخـاست
گـــره بگشــود از ابــرو و بــر دل‌هـــای یـــاران زد
مــن از رنگ صــلاح آن دم به خـون دل بشــستم دست
کـه چشــم بـــاده‌پیمـــایش صــلا بر هوشیـــاران زد
کـــدام آهــن‌دلــش آمـــوخت ایــن آییــن عیـــاری
کــز اول چـــون بـــرون آمـــد ره شـــب‌زنـــده‌داران زد
خیـــال شهـــسواری پخـت و شــد ناگــه دل مسکیــن
خـــداونـــدا نگـــه‌دارش کــه بـــر قلب ســـواران زد
در آب و رنگ رخسارش چه جان دادیم و خون خوردیم
چـو نقشش دست داد اول رقـــم بـر جـان‌سپـــاران زد
منـــش با خرقـــه‌ی پشمیـــن کجـــا انـــدر کمنـــد آرم
زره مـــویی کـه مژگـــانش ره خنجـــر گـــزاران زد
شهنـــشاه مظفـــر فــر شجـــاع ملـــک و دیــن منصـور
کـه جـــود بی‌دریغـــش خنـــده بـر ابـر بهـــاران زد
از آن ســاعت کـه جـام می به دســت او مشـرف شــد
زمـــانه ساغـــر شـــادی به یـــاد میـــگســـاران زد
ز شمـــشیر ســـرافشـــانش ظفـــر آن روز بـدرخشیــد
کـه چـون خورشیـد انجـم‌سوز تنهـا بر هـــزاران زد
دوام عمـــر و ملـــک او بخـــواه از لطـــف حـــق ای دل
کـه چـــرخ ایـن سکـــه‌ی دولت به دور روزگـــاران زد
نظـــر بـــر قرعـــه‌ی توفیـــق و یمـــن دولت شـــاه است
بـــده کـــام دل حافـــظ کـه فـــال بختـیاران زد

کۆکی کە ساز جۆریٚ دەم بیٚ لە گەڵ غەمانا
شیعریٚ بڵیٚ شەرابی شەم بیٚ لە تۆی دڵانا
گەر سەر لە دەرکی ماڵی دڵبەر لە خاک ماڵی
نێوبانگی سەربڵێندیت دەڕوا بە ئاسمانا
پشتی چەماوی ئێمەت پیٚ سووک بوو، بەڵام ئەو
خۆش پێکە چاوی دژمن، تیری لە ژیٚ کەوانا
رازی ئەوین چوزانیٚ سۆفی لە خانەقادا
ئەم رەمزە وا لە جامی پیری موغانی زانا
دەروێشی بێنەوام و سامانی شام ناویٚ
ئێمەین و خەرقە کۆنیٚ، خۆش سووت و شڕ، لە شانا
دڵدار هەر دو دونیای داناوە هەر بە چاویٚ
عاشق دەبیٚ لەپێشا گیان با، لە ریٚی گیانا
سامان و کۆشکی وەسڵت دەرکیٚ مەگەر بکاتۆ
هەر بەو خەیاڵە ئاخر خاکم لە ئاستانا
گەنجی، ئەوین و رەندی، ئاواتی هەر دڵێکە
گەر ئەم سیانە کۆ بن، کۆکی لە کۆی بەیانا
سەد کاروانی لێدا زولفت وەکوو دڵی من
غارەتگەرم کە تۆ بی ناچم لە کاروانا
«حافز» بە عەشقی قورئان مەکر و ریا وەلا نیٚ!
شایەت خەڵاتی شایی دەس با لە دوو جەهانا
ناسازە سازی نەغمە و ژێتاری ئاهی «کۆلیل»
ئەینا چلۆن دەبیٚ ئەو، نەڕوا بە گژ زەمانا

راهی بزن که آهی بر ساز آن توان زد
شعری بخوان که با او رطل گران توان زد

بر آستان جانان گر سر توان نهادن
گلبانگ سربلندی بر آسمان توان زد

قد خمیده‌ی ما سهلت نماید اما
بر چشم دشمنان تیر از این کمان توان زد

در خانقه نگنجد اسرار عشق‌بازی
جام می مغانه هم با مغان توان زد

درویش را نباشد برگ سرای سلطان
ماییم و کهنه دلقی کآتش در آن توان زد

اهل نظر دو عالم در یک نظر ببازند
عشق است و داو اول بر نقد جان توان زد

گر دولت وصالت خواهد دری گشودن
سرها بدین تخیل بر آستان توان زد

عشق و شباب و رندی مجموعه‌ی مراد است
چون جمع شد معانی گوی بیان توان زد

شد رهزن سلامت زلف تو وین عجب نیست
گر راهزن تو باشی صد کاروان توان زد

حافظ به حق قرآن کز شید و زرق بازآی
باشد که گوی عیشی در این جهان توان زد

ئەگەر هەواڵی ئەپرسم شەرم دوچار دەکات
وەگەر لە حاڵی نەپرسم ژیان بە ژار دەکات
وە یا لە رێگوزەری یەک نەفەس بە رەسمی وەفا
ببم بە خاک، لە خاکی گوزەر فەرار دەکات
بکا تەماح کە لێوم لە نیوە ماچێکی
لە دورجی لێوی هەزاران خوسن خەسار دەکات
من ئەو فریوە دەبینم لە چاوی ئێوە دەڵێم
دەبا حەیا لە مەلا، شێخ شێت و هار دەکات
کە چاڵ و چۆڵی کەویری ئەوین گڵداوی بەڵان
لە کوێیە شێردڵێ وا بەڵاشکار دەکات
تەمەن درێژ و بەتاقەت مەگەر بزانێ چەرخ
کە سەیرتر لەمە شۆخی لەگەڵ هەژار دەکات
سەری رەزا بخەوێ چاکە بۆ قەزا «حافز»!
شکستی حەتمییە کێ شەڕ بە رۆژگار دەکات
تەفاوەتی منی «کۆلیل»و یار وا لەمەدا
کە من لە باسی ئەوم ئەو قسەی نەیار دەکات

اگــر روم ز پــی‌اش فتــنه‌هــا بــرانگیــزد
ور از طــلب بنشیــنم بــه کیــنه بــرخیــزد
و گر به رهگــذری یک دم از وفــاداری
چو گــرد در پــی‌اش افتــم چو بـاد بگریزد
و گر کنم طلب نیــم بوســه صد افســوس
ز حقــه دهنش چــون شکر فــرو ریــزد
من آن فــریب که در نرگس تو می‌بیــنم
بس آب روی کـه با خــاک ره برآمیزد
فــراز و شیب بیــابان عشــق دام بــلاست
کجــاست شیــردلــی کــز بلا نپرهیــزد
تو عمر خواه و صبوری که چــرخ شعبده‌باز
هـــزار بــازی از این طرفــه‌تر برانگیــزد
بر آستــانه‌ی تسلیــم ســر بنــه حــافــظ
کـه گــر ستیــزه کنی روزگــار بستیــزد

به خولّق و بـەژن و وەفا کەس به یاری من نەگەیی
پـلاری تـانە به لوتفی وتـاری مـن نـەگـەیی
گەلێ به رەمـزی جووانـی خـەریکـی جیلوەگەرین
کـەسـێ بـە رازی کریشمـەی نیگـاری من نەگەیی
قەسـەم بـە دۆسیـی جـارانمـان! کەسـێ بـە وەفـا
بـە یـاری یەکـدڵ و حورمەت گوزاری من نەگـەیی
قەڵەم بە بێ‌حـەدی کێشاوە نەخشـی دڵـگر و شۆخ
بـەڵام هیـچ یەکێـکی بـە یـاری مـن نەگـەیی
لە زێـڕی خـالس و بێ‌خەوشـی زۆرە کـان، وەلێ
یەکـێ بە زێـڕ و سکـەی پڕعەیـاری مـن نەگـەیی
هـەزار حەیـف! تەمـەن کـاروانی وا تـون چـوو
کە گـەردی رێ بـە سنـووری دیـاری من نەگـەیی
مەڕەنجە ئەی دڵـی من بێ‌گومان کە مەکری حەسوود
دەسـی بـە خێـوەتی هیـوا قـەراری من نەگـەیی
وەهـا بژێ کە ئەگـەر بوویە خـاکی رێ ئەی دڵ!
بڵێـم بە خـاتری دڵبـەر غوبـاری من نەگـەیی
بسـووت «حافز» و داخـم ئـەوەن حەکـایەتی ئـەو
بـە یـاری کـامـڕەوا شـاریـاری مـن نـەگـەیی
خەزانی چەرخـە خەزێنـەی خەمـی دڵـی «کۆلیـل»
خـودا خـودامە، کە هەرگیـز بەهـاری من نەگەیی

به حسن و خلق و وفا کس به یار ما نرسد
تو را در این سخن انکار کار ما نرسد
اگرچه حسن فروشان به جلوه آمده‌اند
کسی به حسن و ملاحت به یار ما نرسد
به حق صحبت دیرین که هیچ محرم راز
به یار یک جهت حق گزار ما نرسد
هزار نقش برآید ز کلک صنع و یکی
به دلپذیری نقش نگار ما نرسد
هزار نقد به بازار کائنات آرند
یکی به سکه‌ی صاحب عیار ما نرسد
دریغ قافله‌ی عمر کآنچنان رفتند
که گردشان به هوای دیار ما نرسد
دلا ز رنج حسودان مرنج و واثق باش
که بد به خاطر امیدوار ما نرسد
چنان بزی که اگر خاک ره شوی کس را
غبار خاطری از رهگذار ما نرسد
بسوخت حافظ و ترسم که شرح قصه‌ی او
به سمع پادشه کامگار ما نرسد

کێ لەگەڵ نۆ خەتی سەوزت سەری سەودای بێ
پێ لە ئەو دایەرە پێوەندە، هەتا پای بێ
شەرتە وەک لالە لە گۆڕێ کە سەرم هانییە دەر
ئەو دەمەش داغی ئەوینت لە دڵم جای بێ
ئاخر ئەی گەوهەری تاقانە لەبەر چی گۆمی لێم
دیدە تا کەی لە غەمت دەوڵەتی زەریای بێ
کانیاوێکە بنی خێڵی موژۆڵم وەکو زێو
خۆش تەماشائییە، کێ مەیلی تەماشای بێ
گوڵی سوورم! لە حیجابا وەدەرێ چەشنی شەراب
کیژی دیدار بە دەگمەن هەلی ئاوای بێ
کەم نەبێ سێبەری زولفت لە سەرم! چونکە دڵی
تاسە بەو سایە مەگەر، گیانی تەسەللای بێ
چاوی نازت نییەتی مەیل بە «حافز» کە دەڵێن
مەست و مەغروورە کەسێ نێرگزی شەهلای بێ
دڵ بە قوربانی دەر و دەشتی سەقز، خاک و هەوای
گیان نیساری کوڕی مەجنون کچی لەیلای بێ

هر که را با خط سبــزت سر ســودا باشــد
پــای از این دایــره بیــرون ننهــد تـا باشـد

من چو از خــاک لحد لالـه صفت برخیـزم
داغ ســـودای تــوام ســرّ سویــدا باشـــد

تو خود ای گوهر یکـــدانه کجــایی آخـــر
کز غمــت دیــده‌ی مـردم همـه دریـا باشد

از بـن هــر مـــژه‌ام آب روان اســت بیـــا
اگــرت میــل لب جـــوی و تمـــاشا باشد

چون گل و می دمی از پرده برون آی و درآ
که دگـربـــاره مـلاقـــات نه پیـــدا باشـــد

ظلّ ممـــدود خــم زلف تــوام بر ســر باد
کـــاندر این ســـایه قـــرار دل شیــدا باشد

چشمت از نـــاز به حافــظ نکند میـــل آری
ســر گـــرانی صفـت نرگــس رعنـــا باشد

من و نەفرینــی شـەراب! ئەم وتەش ئینکار نەکەم؟!
ئەونە عەقڵ و خیـرەدم نین کە قسـەی لار نەکەم؟!
نەمـدەزانی چیـیە مەیخـانە هەتـا ئێستـە دەنـا
نە لە چاکیمـە بە مـەی، خەرقـە کە گوڵنار نەکەم
زاهیــد و نـازی نوێژ و من و سەرمـەستیّ شەراب
بەو گونـاحەم بکـوژن، شەرتـە کە هـاوار نەکەم
چونکە سۆفی سەری رەنـدی نییە، ریشـی بەدڵــە
خەڵعـەتی یـارە ئەوین، کوفرە کە ئیقــرار نەکەم
من بە یـاری دەف و نەی رێگەیی تەقـوام دەبەست
ئێستە سەر بێنمە رێ و گوێ لە قسـەی یـار نەکەم؟!
پیـری مەیخانە لە گێـژی وەدەرێنـــام دە چـــۆن
سەر بە پۆیلـەی مەدەدی پیـری ئەوینــدار نەکەم
شەو نەخەوتـم لە غەمی ئەم قســە، دۆسێ کە وتـی
«حافز» ئەر مەستە چلۆن مەدحی مەسی شـار نەکەم
مەیکەدەی چاوی ئەگەر رێگە بە «کۆلیــل» نەدات
چۆن لە مەیخــانە بە جامێ غەمـی دڵ چـار نەکەم

من و انکـــار شــراب این چه حکایت باشد

غالبــا اینقـــدرم عقــل و کفــایت بـاشـد

تـا بـه غـــایت ره میخـــانه نمی‌دانستـــم

ور نـه مستـــوری مـا تـا بـه چـه غایت باشد

زاهـد و عجب و نمـاز و من و مستـی و نیـاز

تـا تـو را خـود ز میـان با که عنـایت باشـد

زاهـــد ار راه به رنـدی نبـرد معــذور است

عشق کـــاری‌ست که موقوف هدایت باشد

من که شب‌ها ره تقوا زده‌ام با دف و چنگ

این زمـــان سـر به ره آرم چه حکـایت باشد

بنـده‌ی پیـــر مغــانم که ز جهلـم برهــاند

پیـــر ما هر چه کنـــد عین عنـــایت باشـد

دوش از این غصه نخفتم که رفیقی می گفت

حافــظ ار مست بود جـــای شکـــایت باشد

زێـڕی سـۆفـی لـە مسـی زەردی وڵاتـی سـتـەمن
بابـەتی سـووتنـە ئەو خەرقـە لە سـەر شـانی ئەمن
زاهیـدی ئێمـە کە ویردی سەحـەری مەستـی دەکا
لە شـەوی سەیـر کە! چۆن مەستی شـەرابی حەرەمن
بێـتـە پێشـێ مەحەکی تەجـرەبە وا خۆشـە هەتـا
دەرکەوێ رووی رەشی هەرکەس کە عەیارێکی کەمن
تۆبـە، نەخشێك لە سـەر ئـاوە کە مەیگێـڕ ئەمە بێ
وەی چەنێ چێرە بە عەشقی چەمەنی خوێن لە چەمن؟!
خۆپەرس نابەڵـەدی رێگـەیی دڵـدارە، ئـەرێ!
عاشقـی کـاری جەفـا کێش و جگەرداغی شەمـن
مەی بخـۆ نەك غەمی دونیـا کە دڵـی ژێـر گەڵێ
حەیفـە ئاڵـۆز و پەرێشـان بە پەلامـاری غەمـن
جـامی «حافز» لە دەسـی ساقیـیە گەر بـادە فـرۆش!
نرخـی ئەم لوتفـە مەگـەر خەرقـە و بەرمـاڵە کەمن
رێـڕەوی عەشقـم و «کۆلیـل»ـە دڵـم ماتڵی تۆم
کـوردەواری لە بەڵێـندا کە دەڵێـن زیـن و مەمـن

نقـــد صوفی نه همــه صافی بی‌غش باشد
ای بســـا خرقــه که مستــوجب آتش باشــد
صوفــی ما که ز ورد سحـــری مست شدی
شامگـاهش نگــران باش که سرخوش باشد
خوش بود گر محک تجـربه آید به میـــان
تـا سیــه روی شود هر کــه در او غش باشد
خط ساقی گر از این گونه زند نقش بر آب
ای بســا رخ که به خونـــابه منقــش باشـــد
نـــاز پــرورد تنعـــم نبـــرد راه بـه دوست
عاشقــی شیـــوه‌ی رنـــدان بــلاکش باشد
غم دنیـــیّ دنــی چنــد خوری بـــاده بخور
حیــف باشــد دل دانـــا که مشــوش باشد
دلق و سجـــاده‌ی حافــظ ببرد باده فروش
گر شـــرابش ز کف ســاقی مهـوش باشـــد

سەفـــایە خەڵوەت ئەگـەر لەیل مەیلی بۆ من بێ
نـە مـن بســووتـم و ئـەو بـۆ رەقیب رۆشـن بێ
چلـۆن بە مۆری سلێمـــان سـەری سەوا، شـاکەم
کە جـــار و بـــارە لە دەستی جنـــۆکەدا ون بێ
رەوا مـەبیـــنە خـودایـــا! لە باخـــی دڵبـــەردا
ئەمـن تـەریك و نەیـــارم خەریکی بـەی‌ڕن بێ
بڵێ کە سێـــبەری بـالّی هومــا نەخـا هەرگیـز!
لە ئـــەو دیـــارە، پـەری ژێردەسـی رمـووزن بـێ
بەیـــانی عەشـق چ لازم پزوسکـــی ئاگـــری دڵ
عەیـــانە خۆ لە وتـــارم کە چـــاوی دیتـــن بێ
قەتـم ئەوینـــی دیـــارت لە ســـەر بە دەر نـــاچێ
غەریبـــم و بە وەتـــەن دڵ قـــەرارە هێمـــن بێ
لە گوێنی سۆسەن ئەگەر چەن زمان بە«حافز» بێ
بە ســـانی خونچـــە لە حاست دەمی گرێ‌چن بێ!
گوزەر بە چەشنی سەباشی نەبوو بە «کۆلیـل»ـی
بە ئەمری چەرخە کە دۆست لەگەڵ بە دژمـن بێ

خوش است خلوت اگر یار یـار من باشد

نه مـن بسوزم و او شمـع انجمـن باشـد

من آن نگیـن سلیمـان به هیـچ نستـانم

کـه گاهـگاه بـر او دست اهـرمن بـاشد

روا مـدار خـدایا که در حریـم وصال

رقیـب محـرم و حرمـان نصیب من باشـد

همـای گو مفکـن سـایه‌ی شـرف هرگز

در آن دیـار که طوطی کم از زغن باشد

بیـان شوق چه حاجت که سـوز آتش دل

توان شناخت ز سـوزی که در سخن باشد

هـوای کـوی تو از سـر نمـی‌رود آری

غـریب را دل سرگشتـه با وطـن باشـد

به سـان سوسن اگر ده زبـان شود حافـظ

چو غنچـه پیش تواش مُهـر بر دهن باشد

چۆن شیعری تەڕی بۆ بێ، زەوقێ کە حەزین ماوە
وتمان لە غەم خاڵێ، دەشتێکی بەرین ماوە
لەو لێوە وەکوو لەعلەی گەر مۆری ئەمانم بێ
ئینسان و پەریزادم وەک با لە نگین ماوە
غەمگین مەبە ئەی دڵ! بۆ تانە و تەشەریّ ناکەس
گاهەس کە سەڵاحی ژین بەو قینە مەتین ماوە
نەخشم بە حەرامی بێ! سوورەتگەری چین کاتێ
دەرکی قەڵەمێ ناکا، وەک سیحری موبین ماوە
من خوێنی دڵم بەرکەوت، ئەو جامی شەرابی سوور
قسمەت ئەمەیە و هەروان، تا تۆپی زەمین ماوە
دەستووری هەوەڵ وابوو پەوکێ لە گوڵاو و گوڵ
ئەم دڵبەری بازاڕی، ئەو خەڵوەنشین ماوە
ئامانە نەڵێن «حافز» ڕەندی لە سەری لاچوو
ئەم سەروەتە مێژینەی تا ڕۆژی پەسین ماوە
دەم تاڵە «عومەر» چەشنی فەرهاد هەتا ڕۆژێ
خوسرەو لە قەنی شیرین مێشی لە کەمین ماوە

کی شعر تر انگیزد خاطر که حزین باشد
یک نکته از این معنی گفتیم و همین باشد

از لعل تو گر یابم انگشتری زنهار
صد ملک سلیمانم در زیر نگین باشد

غمناک نباید بود از طعن حسود ای دل
شاید که چو وابینی خیر تو در این باشد

هر کو نکند فهمی زین کلک خیال‌انگیز
نقشش به حرام ار خود صورتگر چین باشد

جام می و خون دل هر یک به کسی دادند
در دایره‌ی قسمت اوضاع چنین باشد

در کار گلاب و گل حکم ازلی این بود
کاین شاهد بازاری وان پرده‌نشین باشد

آن نیست که حافظ را رندی بشد از خاطر
کاین سابقه‌ی پیشین تا روز پسین باشد

بە خێری گوڵ کە خۆشتر کاتی وا نین
وەلێ بێ جامی ساقی خۆش‌سەفا نین

بزانی ڕێزی شادی! تا بزانی
لە سینگی هەر سەدەف گەوهەر چرا نین

شەرابی ناب و لەنجەی ساقی ئەوڕۆن
مەگەڕ یەک حەفتە گوڵ خاوەن کەوا نین

کە ئەوڕۆ جامی زێڕین پڕ لە لەعلی
مەفەرموو بێ‌زەڕ و لەعل و نەوا نین

دەسا یا شێخ پڕ لەو کووپە جامێ
لە سەر نێ! لەززەتی کەوسەر، کەوا نین

ئەگەر هاودەرسی ئێمەی خەت مەنووسە
کە مەشقی عەشقی نێو دەفتەر، ڕەوا نین

دڵت بۆ دڵبەرێ دانێ! کە حوسنی
لە بازنەی زێڕ و تیف‌تیفەو دەوا نین

لە بادەی عەشقی پاکم پێبە یارەب!
کە ئاوێتەی خەوی مەستی و بەلا نین

بە گیان و دڵ غولامی کۆی ئەوینم
ئەگەرچی یادی ئێمەی ئەو لە لا نین

بە تاجی عالەم‌ئاراکەی! کە خۆریش
شیاوی ئەفسەرێ، وەک تاجی شا نین

لە نەزمی «حافز»ت ڕەخنەی کەسێ گرت
بە بەحری گەوهەری شیعر ئاشنا نین

لە «کۆلیل»ێ نەپرسی با نەڵێن پێت
کەسێ هاوشانی شێتێکی وەها نین

خوش آمد گل و زآن خوش‌تر نباشد
که در دستت بجز ساغر نباشد

زمان خوشدلی دریاب و دُر یاب
که دایم در صدف گوهر نباشد

غنیمت دان و می خور در گلستان
که گل تا هفته‌ی دیگر نباشد

ایا پر لعل کرده جام زرین
ببخشا بر کسی کش زر نباشد

بیا ای شیخ و از خمخانه‌ی ما
شرابی خور که در کوثر نباشد

بشوی اوراق اگر همدرس مایی
که علم عشق در دفتر نباشد

ز من بنیوش و دل در شاهدی بند
که حسنش بسته‌ی زیور نباشد

شرابی بی‌خمارم بخش یا رب
که با وی هیچ دردسر نباشد

من از جان بنده‌ی سلطان اویسم
اگرچه یادش از چاکر نباشد

به تاج عالم آرایش که خورشید
چنین زیبنده‌ی افسر نباشد

کسی گیرد خطا بر نظم حافظ
که هیچش لطف در گوهر نباشد

بێ تۆ گوڵ و لالەزار خۆش نین
بێ ساقی و مەی بەهار خۆش نین
گۆشەی چەمەن و گوزەر لە گوڵزار
بێ کوڵم و دییەی خومار خۆش نین
گۆڤەند و زەماوەندی گوڵ و گیا
بێ دەنگی خۆشی هەزار خۆش نین
شەککەر دەمی نازەنین لەگەڵ بێ
بێ باخی بەی و هەنار خۆش نین
هەر وێنە بە دەستی عەقڵە رەسمی
وەک نەخشی روخی نیگار خۆش نین
کەم قیمەتە گیانی قەڵبی «حافز»
ئەو مەفرەقە بۆ نیسار خۆش نین
«کۆلیل»م و کۆڵەواری دووری
دڵ بێ دییەنی دیار خۆش نین

گــل بــی رخ یــار خوش نباشــد

بــی بــاده بهــار خوش نباشــد

طــرف چمــن و طــواف بستــان

بــی لالــه عــذار خوش نباشــد

رقصیــدن ســرو و حــالت گــل

بــی صــوت هــزار خوش نباشــد

بــا یــار شکــرلب گــل‌انــدام

بــی بــوس و کنــار خوش نباشــد

هــر نقــش که دست عقــل بنــدد

جــز نقــش نگــار خوش نباشــد

جــان نقــد محقــر است حافــظ

از بهــر نثــار خوش نباشــد

سروە ئۆخەی بە نەسیمی قژی دڵدارەوە دێ
عالەمی کۆنە، تەڕ و تازە بە گوڵزارەوە دێ
ئەرخەوان ساغرە یاقوتییەکەی دا بە سەمەن
گوڵە خەشخاشە و نێرگز بە جوقەی لارەوە دێ
دەس‌درێژی غەمی هیجران لە سەری چوو بولبول
وا بەرەو خێوەتی گوڵ، زار، بە (هەی نار)ەوە دێ
گەر لە مزگەوتەوە بۆ مەیکەدە چوم، چونکە دەچوو
کاتم و واعیزەکەش باسی لە پێرارەوە دێ
ئەی‌دڵ ئەر جێژنی ئەمێستا بە سبەینێ بکەوێ
زامنی مانەوە کێن؟ کامە بە هاوارەوە دێ؟!
مانگی شابان هەڵی نۆشینە، کە وا تاوی شەراب
دادەچێ تا رەمەزان جێژنی لە پێوارەوە دێ!
سوحبەتی فرسەتە گوڵ تا لە دەر و دەشتە عەزیزا!
بکە بۆنێکی دەنا باد بە خومپارەوە دێ
موتریبا کۆڕەکەمان دۆسی و ئەشعار و نەوان
کەم بڵێ چی چووە سوح، چی کە بە ئێوارەوە دێ
کەوتە رێ «حافز» ئەوا چوو ، قەدەمێ هەڵنە وەلای!
زوو وتی خۆی بە جەهان، تاقە بە هۆی یارەوە دێ
مەرگی «کۆلیل» بە سێدارە، ئەگەر مەیلی ئەتۆن
لە حەزی مەرگی وەها، رەقسی بە سەر دارەوە دێ

نفس باد صبا مشک فشان خواهد شد

عالم پیر دگرباره جوان خواهد شد

ارغوان جام عقیقی به سمن خواهد داد

چشم نرگس به شقایق نگران خواهد شد

این تطاول که کشید از غم هجران بلبل

تا سراپرده‌ی گل نعره‌زنان خواهد شد

گر ز مسجد به خرابات شدم خرده مگیر

مجلس وعظ دراز است و زمان خواهد شد

ای دل ار عشرت امروز به فردا فکنی

مایه‌ی نقد بقا را که ضمان خواهد شد

ماه شعبان منه از دست قدح کاین خورشید

از نظر تا شب عید رمضان خواهد شد

گل عزیز است غنیمت شمریدش صحبت

که به باغ آمد از این راه و از آن خواهد شد

مطربا مجلس انس است غزل خوان و سرود

چند گویی که چنین رفت و چنان خواهد شد

حافظ از بهر تو آمد سوی اقلیم وجود

قدمی نه به وداعش که روان خواهد شد

ئەوینـــی نێـــر گزی چـاوی جووانـــانم لە ســەر نـاچێ
دەســـووری ئاسمـــان وابوو، لە سەر ئەم عەشقە دەرناچێ
حەریف ئازاری زۆری کردم و ڕێی سولّحی لێ بەستم
شو کور ناڵەی سەحەرخێـزم بەرەو گەردون هەدەرناچێ
بە من ڕۆژی ئەزەڵ، ڕەنـدی نەبێ هیچی نەبەخشی پێـم
ئەوەی ئەو ڕۆژە دابــەش بوو لە خەرمـانی قەدەر، ناچێ
لە ئاوازی دەف و نەی پاســەوان! تۆخوا نەکەی لۆمــەم
کە دەنگی ســاز و قــانوونی شــەرع بەو لۆمە سەر ناچێ
مەجــاڵی من ئـەوەن بوو هەر نهێــنی عــاشقی تۆ بـم
کنــار و مــاچ و ئامێـزت، بە نێو جەغز و چەمــەر ناچێ
شـەرابی ناب و خەڵـوەت، دڵبـەر و ساقی جەمن پێکـۆ
ئەگەر نەفعــێ نەبــەی ئــەورۆ، هەتـا مردن زەرەر ناچێ
برینـــی سینەیی «حافـــز» بە ئەسرینـت مەشـۆ ئەی چــاو
کە خوێنـی تیـری دڵداری، بە ئەشکی بێ‌هونـەر ناچێ
دڵـم تەنیـا بە بەختی ڕەش لە بەر دیـدەی ڕەشـی خۆشە
ئەگەرچی چــاوی قەترانی لە شەوگاری «عومـەر» ناچێ

مرا مهر سیه چشمان ز سر بیرون نخواهد شد
قضای آسمان است این و دیگرگون نخواهد شد
رقیب آزارها فرمود و جای آشتی نگذاشت
مگر آه سحرخیزان سوی گردون نخواهد شد
مرا روز ازل کاری بجز رندی نفرمودند
هر آن قسمت که آنجا رفت از آن افزون نخواهد شد
خدا را محتسب ما را به فریاد دف و نی بخش
که ساز شرع از این افسانه بی‌قانون نخواهد شد
مجال من همین باشد که پنهان عشق او ورزم
کنار و بوس و آغوشش چه گویم چون نخواهد شد
شراب لعل و جای امن و یار مهربان ساقی
دلا کی به شود کارت اگر اکنون نخواهد شد
مشوی ای دیده نقش غم ز لوح سینه‌ی حافظ
که زخم تیغ دلدار است و رنگ خون نخواهد شد

رۆژی هیجـران و شەوی غەم لە شکۆی یـار هەڵات
فـاڵی بەختـم لە گـەڵ ئەستێـرەیی دڵـدار هەڵات
ئەو هەموو فیـزە خەزان کردی بە زریـان و هـەوای
بـە شەمـاڵێکی بەهـاری گەڵـی زۆردار هەڵات
خوایە شوکرت بە دنەی پێچ و شەدەی لارێ گوڵووک
نەگبـەتی تۆف و پلـوورەی یەخـی پاسـار هەڵات
رۆژی هیـوا کە لە مـزگەوتـی حەرەم دەم بە دوعـان
پێـی بلێ روومـەتی دەرخـا، شـەوی شۆفار هەڵات
ئـەو پەرێشـانی و شـەوگارە درێـژەی غـەمـی دڵ
مەدەدی پەرچەمـی گوڵ هـات و هەموو زار، هەڵات
نیمـە ئێستـەش لە خـراوی فەلـەک، ئـەم بـڕوایە
کە پـەژارەی دڵ و تـرس و غـەمـی دیدار هەڵات
کەرەمی ساقیـیە، یـارەب قەدەحـی پڕ لە شـەراب!
کـە مەترسـی لە خومـاری سـەری لاسـار هەڵات
کەس دڵی «حافـز»ی هەرچـەن لە دڵا رێگـە نـەدا
شوکری خوا لەشکری غـەم بێ‌حـەد و ئەژمار هەڵات
مـن و سـاقی لە چەمـەن بولبول و گوڵ دەس لە ملیـن
زەوقی «کۆلیـل» وەکوو خـۆری بـزەی یـار هەڵات

روز هجران و شب فرقت یار آخر شد
زدم این فال و گذشت اختر و کار آخر شد

آن همه ناز و تنعم که خزان می‌فرمود
عاقبت در قدم باد بهار آخر شد

شکر ایزد که به اقبال کله گوشه‌ی گل
نخوت باد دی و شوکت خار آخر شد

صبح امید که بد معتکف پرده‌ی غیب
گو برون آی که کار شب تار آخر شد

آن پریشانی شب‌های دراز و غم دل
همه در سایه‌ی گیسوی نگار آخر شد

باورم نیست ز بدعهدی ایام هنوز
قصه‌ی غصه که در دولت یار آخر شد

ساقیا لطف نمودی قدحت پر می باد
که به تدبیر تو تشویش خمار آخر شد

در شمار ار چه نیاورد کسی حافظ را
شکر کان محنت بی‌حد و شمار آخر شد

هەسارەیێ گوڵی کێشا، بە مانگسی مەجلیس بوو
که بۆ دەروونی رەمۆکم بە یار و مۆنس بوو
لە مەکتەبێ قەڵەمی یار مەشقی خەتتی نەکرد
بە عیلمی عیشوە سەر ئوستادی هەر مودەڕڕس بوو
بە سانی سروە دڵی عاشقی نەخۆش فیدای
نەسیمی روومەتی نەسرین و چاوی نەرگس بوو
لە ژووری تەختمی دانــاوە دڵبەرم بڕوا
هەژاری شاری ئەمیرم بە میری مەجلس بوو
حەزی لە ئاوی ژیان و شەرابی خوسرەو بوو
کەسێ کە جورعە خۆری دەستی بولفەوارس بوو
ئەمێستە ماڵی زەماوەندی سینگم ئاوایە
کە تاقی جووتە برۆکانتم موهەندس بوو
لە لێوی لێو بە خاتر خودا وەشۆرە شەراب
کە خاترم بە خەیاڵاتی ناڕەوا سس بوو
کریشمەکەت چ شەرابێکی دا بە گەل هەیڕۆ
نەما کە هۆش بە زانین و فام بێ‌حیس بوو
غەزەڵ بە چەشنی دوڕم پڕبەهایە چون لوتفی
پەسەندی ئێوەیە کڕیاری، وەرنە هەر مس بوو
لە چوونی مەیکەدە یاران دەخیلە دووری کەن
چون ئەم تەریقیە «حافز» بڕین و موفلس بوو
شەرابی چاوی گەڕانۆ گوڵی کریشمەگران
وتی حەرامە مەلا! مەی، «عومەر» ئەدی وس بوو

ستـــاره‌ای بدرخشیـــد و مـــاه مجلس شد
دل رمیـــده‌ی مـــا را رفیـق و مـونس شـد
نگـار من که به مکتب نرفت و خـط ننوشت
به غمـــزه مسئلـه‌آمـوز صـد مـدرس شد
به بـوی او دل بیمـار عاشقـــان چـو صبـــا
فـــدای عـارض نسـرین و چشم نرگس شد
به صـــدر مصطبه‌ام می‌نشـــاند اکنون دوست
گـــدای شهـر نگـــه کن که میـر مجلس شد
خیـــال آب خضـــر بست و جـــام اسکنـدر
به جــرعه نوشــی سلطـــان ابوالفوارس شد
طرب‌ســـرای محبت کنـــون شود معمــور
که طـــاق ابــروی یـــار منـــش مهندس شد
لب از ترشـــح می پـــاک کن بـرای خـــدا
که خاطـــرم به هـــزاران گنـه موسـوس شد
کرشمـــه‌ی تو شـــرابی به عاشقـــان پیمـود
که علـــم بی‌خبـــر افتاد و عقـل بی‌حس شد
چو زر عزیــز وجــود است نظـــم من آری
قبـــول دولتـــیان کیمیـــای ایـن مس شد
ز راه میکـــده یـــاران عنـــان بگردانیـــد
چرا که حافـظ از ایـن راه رفت و مفلس شد

تووواوە گیان کە بگا دڵ، بە کۆی مەرامی و هیچ
بە ئەم هەوایەوە سووتا خەیاڵی خامی و هیچ
وتی بە فێڵ، شەوێ دەبمە میری مەجلیسی تۆ
لە شەوقی وادەکەیا بوومە یەک غولامی و هیچ
بە خڵتەنۆش و قەڵەندەر زڕاوە نێوم چوون
پەیامی دابو قەڵەندەر دەگا بە کامی و هیچ
ڕەوایە باڵەتەپێ کردنی مەلی ئەمەلم
کە خاڵی دانە دەبینێ لە جەغزی دامی و هیچ
بە ئەو هەوایە بە مەستی لە لێوی ماچ بدا
دەمێکە خوێن لە دڵم من، بەچەشنی جامی و هیچ
لە کۆی ئەوین مەنە قەت بێ‌دەلیلی ڕێ قەدەمێ!
کە من گەلێ غەمی ئەو چۆڵەڕێ، کوتامی و هیچ
چەنێ گەڕام خودایا! لە ڕەمزی گەنجی ئەوین
بە غەم لە خۆ بەدەراتم لە هەر نەفامی و هیچ
درێغ و حەیف! بە ئاواتی دەوڵەتی دییەنی
قەدێ نەما نەچەمێتۆ بە ئیحترامی و هیچ
هەزار جۆرە بە «حافز» دەمی تەویر و ڕجان
بە ئەو ئومێدە ببێ ئەو دەلالە رامی و هیچ
وەنەوشە بۆ چییە مل کەچ لە لێوی جۆ، «کۆلیل»!
شکایەتی بەڕەزا دێ بکا لە مامی و هیچ

گداخت جان که شود کار دل تمام و نشد
بسوختیم در این آرزوی خام و نشد

به لابه گفت شبی میر مجلس تو شوم
شدم به رغبت خویشش کمین غلام و نشد

پیام داد که خواهم نشست با رندان
بشد به رندی و دردی کشیم نام و نشد

رواست در بر اگر می‌طپد کبوتر دل
که دید در ره خود تاب و پیچ دام و نشد

بدان هوس که به مستی ببوسم آن لب لعل
چه خون که در دلم افتاد همچو جام و نشد

به کوی عشق منه بی‌دلیل راه قدم
که من به خویش نمودم صد اهتمام و نشد

فغان که در طلب گنج نامه‌ی مقصود
شدم خراب جهانی ز غم تمام و نشد

دریغ و درد که در جستجوی گنج حضور
بسی شدم به گدایی بر کرام و نشد

هزار حیله برانگیخت حافظ از سر فکر
در آن هوس که شود آن نگار رام و نشد

گەل دەسـی چـاکەی بڕاوە، خێـڵی یـارانم لە کوێن
خۆشەویستی کەی بەسەرچوو عەشقی جارانم لە کوێن
ئاوی ژیـن لیخن، ئەرێ خـزری موبارەک پێ لە کوێی
شاخی گوڵ خوێن قەی دەکاتۆ بـای بەهارانم لە کوێن
هیچ کـەس نالـێ کە حەققی وا لەسـەرشـانم گوڵێ
کـوا ئەمـەگدارانـی پێـزانم، بەرارانـم لە کوێن
گەوهـەرێ چەن سـاڵە دەرنـایێ لە کـانی حـاتەمێ
ڕۆژی رون، سـروەی بەیـان، ڕێژانی بـارانم لە کوێن
شـاری یـاران و وڵاتـی عاشقـان بوو زێـدەکەم
عـاشقی کەنگـێ وەلا چـوو شـاریـارانم لە کوێن
گۆی جوامێـرێ لە بەینـا، هەڵسوکەوتێـکی نەمـا
کەس بە مەیـدان نایە ئاخـۆ شـاسووارانـم لە کوێن
سـەد هەزاران خونچە پشکووت و مەلێ ئۆفـی نەکرد
چێ لە بولبـول بێـژی قەومـابێ، دڵارانـم لە کوێن
عوودی زوهـرەش دەنگـی نـایە، هەستی ساقی ساز نین
مەستی بـادەی خەستـی دەستی چاو خومارانم لە کوێن
کەس لە رازی حـەق نەبوو زانـا دە «حافـز» بەس بڵـێ
کـێ دەزانـێ دەوری پێشـوی ڕۆژگـارانم لە کوێن
مەیکە با «کۆلیـل»ـی ئەم شـارەش لە بەر خۆیـۆ بڵـێ
لاوی کـوردی دەسفـرۆش‌و وێڵـی شارانم لە کوێن

یاری اندر کس نمی‌بینیم یاران را چه شد
دوستی کی آخر آمد دوستداران را چه شد
آب حیوان تیره‌گون شد خضر فرخ‌پی کجاست
خون چکید از شاخ گل باد بهاران را چه شد
کس نمی‌گوید که یاری داشت حق دوستی
حق‌شناسان را چه حال افتاد یاران را چه شد
لعلی از کان مروت برنیامد سال‌هاست
تابش خورشید و سعی باد و باران را چه شد
شهر یاران بود و خاک مهربانان این دیار
مهربانی کی سر آمد شهریاران را چه شد
گوی توفیق و کرامت در میان افکنده‌اند
کس به میدان در نمی‌آید سواران را چه شد
صدهزاران گل شکفت و بانگ مرغی برنخاست
عندلیبان را چه پیش آمد هزاران را چه شد
زهره سازی خوش نمی‌سازد مگر عودش بسوخت
کس ندارد ذوق مستی میگساران را چه شد
حافظ اسرار الهی کس نمی‌داند خموش
از که می‌پرسی که دور روزگاران را چه شد

ئەوشــەوە سۆفی بەجێی خەڵــوە لە مەیخــانە بوو
وەک منــی پەیمــانشکێــن عاشقی پەیمــانە بوو
دوێکـە رژانـی بەهـۆی جەهلـەوە زاهیـد شەراب
یەک قومــی ئەوڕۆ لە مــەی نۆشـی و فـەرزانە بوو
خۆش بە خەوی هاتبــوو دڵبــەری دەورانی پێش
ریش سپی، سـەر لە نـۆ، عــاشـق و دێــوانە بوو
توولـە نمـامێــکـی دی ڕێگــری دیـن و دەرون
وێــڵ لە دووی ئاشنــا و خێــڵ، بـە بێگــانە بوو
ئاگری سەر کوڵمی گوڵ بەربووە بولبوڵ وەکوو
روومــەتی رەخشــانی شـــەم ئافــەتی پەروانە بوو
زایە نەبـوو خـــوا شوکور، شیـوەنی رۆژ و شەوم
بـەرهــەمی بــارانی چاو گەوهــەری تاقــانە بوو
خوێنـدی کە ساقی بە چاو، ئایەتی سیحر و فسوون
کـۆڕی تەلیـلە و دوعـای، ئێمـــە بە ئەفسـانە بوو
«حافـز» ئەمێـستا لە نێو کۆشکی شکۆی دڵبـەرە
دڵ پــەڕ و بــاڵی نەمــا، گیــانی بە گیــانـانە بوو
دەوڵەتە چاوی تەڕی ئەو کەسە «کۆلیــل»ـی تۆن
بـارە لەسەر شـانـی لەش، ئـەو دڵـە تــۆی لا نەبوو

زاهــد خلوت‌نشیـــن دوش به میخـــانه شـــد
از ســر پیمـــان بـــرفت بـا ســـر پیمـــانه شــد
صوفی مجلس که دی جام و قدح می‌شکست
بــاز به یک جــرعه مـی عاقـل و فــرزانه شد
شاهــد عهــد شباب آمــده بـودش به خواب
بــاز به پیــرانه ســر عاشــق و دیــوانه شــد
مغــبچه‌ای می گذشـــت راهــزن دیـن و دل
در پــی آن آشنــا از همــه بیگـــانه شــد
آتـش رخســار گــل خــرمن بلبـل بسوخت
چهــره‌ی خنـــدان شمـع آفت پروانــه شد
گریــه‌ی شــام و سحـر شکر که ضایع نگشت
قطـــره‌ی بـــاران مـــا گـوهر یکـــدانه شد
نرگس ســـاقی بخـــواند آیــت افســونگری
حلقـــه‌ی اوراد مـا مجلـس افســانه شــد
منــزل حافظ کنــون بارگــه پـادشـــاست
دل بر دلـــدار رفـت جـان بر جانـــانه شد

دوێشـــەو وەزیــری زانــا پەیکــی بەشــارەتی هــات
ئەورۆ کە شــا بە شــایی، ئەبــرۆی ئیشــارەتی هــات
جەستەم بە ئاوی سووری، چاوم بە خشت و گڵ کەن
وێرانــە ماڵــی گیــانم کــاتی عەمــارەتی هــات
ئەو گفتمــانە بوویــان، یــاران لە جــەوڕی زولفــی
یەک نوکتە بوو لە شــەرحی مەتنی شــەرارەتی هات
رووسووری بادە عابا! داپۆشـــە عەیبــم ئامــان
بێعەیب یــارەکەم چــون عەزمــی زیــارەتی هات
ئەورۆ پلــەی جەمــاڵی هەر دڵبــەرێ دەبێ رون
چون مانگی مەجلیس‌ئــارا، نۆبەی سەدارەتی هات
مێــرووولەیێ بچــووکی، هیممــەت گەیــاندە تەختی
یــارێ، فەلەک لە بەختــی بەرزی حەقــارەتی هات
ئەی دڵ بە تیــری چــاوی ئیمــان و دیـن دەپێـکێ
هۆشت ببــێ کــەوانی، جــادوو بە غــارەتی هات
تــاوان زۆرە «حافــز»! بەخشیــن لە شــا تەڵەب کــە
جوامێــرە بۆ کەســانێ وەک تــۆ جەسارەتی هــات
کاتی بەهـــاری دڵ هــات، ئالآی رۆژ سەرکەوت
فەرهــادی تەبعی «کۆلیــل» شیــرین عیبارەتی هات

دوش از جناب آصف پیک بشارت آمد

کز حضرت سلیمان عشرت اشارت آمد

خاک وجود ما را از آب دیده گل کن

ویران‌سرای دل را گاه عمارت آمد

این شرح بی‌نهایت کز زلف یار گفتند

حرفی‌ست از هزاران کاندر عبارت آمد

عیبم بپوش زنهار ای خرقه‌ی می‌آلود

کان پاک پاکدامن بهر زیارت آمد

امروز جای هر کس پیدا شود ز خوبان

کان ماه مجلس‌افروز اندر صدارت آمد

بر تخت جم که تاجش معراج آسمان است

همت نگر که موری با آن حقارت آمد

از چشم شوخش ای دل ایمان خود نگه‌دار

کان جادوی کمانکش بر عزم غارت آمد

آلوده‌ای تو حافظ فیضی ز شاه درخواه

کان عنصر سماحت بهر طهارت آمد

دریاست مجلس او دریاب وقت و دُر یاب

هان ای زیان رسیده وقت تجارت آمد

عەشقت سـەرومـالّی هەلّـوەدایـی
وەسلّت خـەوی کـالّـی هەلّـوەدایـی
زۆریّ بـە خەیـالّـی وەسلّی غـەرقن
چـی دەچنـەوە، حـالّی هەلّـوەدایـی
بنـویّنـە دلّـیّ! کـە نەیکـوتـابیّ
سـەرکولّمـی بە خـالّی هەلّـوەدایـی
نەمـبوو خەبـەریّ لە خـۆم و وەسلّـم
جـەم بوو کە خەیـالّـی هەلّـوەدایـی
گویّمـان کە بە هەر تەرەف دەبوو بـاز
ئـاواز و هـەوالّـی هەلّـوەدایـی
شکیـا بە جـەلالـی سـەربلّیندی
کیّ گەییـە کەمـالّـی هەلّـوەدایـی
گیـان و لەشـی «حافز»ت لە عەشقـا
وەك تـازە نەهـالّـی هەلّـوەدایـی
سـەر تا قـەدەمی وجـوودی «کۆلیـل»
زامـار و شـەلّـالّـی هەلّـوەدایـی

عشـــق تـو نهــــال حیـــرت آمــــد

وصـــل تو کمــــال حیـــرت آمـــد

بس غرقـــه‌ی حـــال وصـــل کاخـــر

هـــم بر سر حـــال حیـــرت آمـــد

یـــک دل بنمـــــا کـــــه در ره او

بر چهـــره نه خـــال حیـــرت آمـــد

نه وصـــــل بمـــــاند و نـــه واصـــل

آنجـــا که خیـــال حیـــرت آمـــد

از هـــر طرفـــی که گـــوش کـــردم

آواز ســـــؤال حیـــــرت آمـــد

شـــد منهـــزم از کمـــال عـــزت

آن را کـــه جـــلال حیـــرت آمـــد

ســـر تا قـــدم وجـــود حافـــظ

در عشـــق نهـــال حیـــرت آمـــد

خەمی ئەبرۆی لە رکاتی هەوەلا کەوتەوە بیر
چوومە حالێ کە هەژاندم دلی مێحراوی هەژیر
لە من ئیتر تەڵەبی سەبری دڵ و هۆش مەکەن
گشتی رامالییە تۆفانی سەری مەستی کەویر
رۆژی هەڵهاتووە بادە و لە چەمەن مەستە هەزار
سەردەمی عاشقییەو بەرهەمی جەولانی تەویر
بۆی ئەوین‌داری ئەبیسم لە خولی تۆپی زەمین
کە سەبا هاتەوە شاد و گوڵی شادی بووە میر
لە دەس ئیقباڵ شکایەت مەکە ئەی بووکی ئەدەب
پەردەئارا بە! کە زاوای هونەر بوو بە دەبیر
دڵڕفێنانی گوڵ و گیا بە گوێی ئاڵەوە هات
دڵبەری من بە جەمالی ئەزەلی زولفی عەبیر
دارەبەر پشتی لە ژێر باری گرانا بووە خەم
سەوڵ ئازادە لە غەم، خۆزگە بە ئازادە و ژیر!
تێ‌چریکێنە لە «حافز» غەزەلێ خۆش چاوەش!
تا بلێم کاتی جووانی هەوەڵم هاتەوە بیر
وەک سەرم، گوڵ بە دەمی باوە دەرەقسێ «کۆلیل»!
ئەمە یانی نییە گوێ‌ڕایەڵی تۆ، بولبولی پیر

در نمـــازم خـــم ابـــروی تو بـا یـــاد آمد
حـالتی رفت که محـــراب به فریـــاد آمد
از من اکنـون طمـع صبر و دل و هوش مدار
کآن تحمـــل که تو دیـدی همه بر باد آمد
بـاده صـافی شد و مرغـان چمن مست شدند
موســـم عاشـــقی و کـــار بـه بنیـــاد آمـد
بوی بهبـــود ز اوضـــاع جهـــان می‌شنـوم
شـــادی آورد گل و بـاد صبا شـاد آمد
ای عـــروس هنـــر از بخت شکـــایت منـــما
حجلـــه‌ی حسن بیـــارای کـــه دامـــاد آمـد
دلفـــریبـــان نبـــاتی همــــه زیـور بستـــند
دلبـــر مـــاست که بـا حسـن خـــداداد آمد
زیـر بارنـــد درختـــان کـه تعلـــق دارند
ای خوشـــا ســـرو که از بـار غـــم آزاد آمد
مطـــرب از گفته‌ی حافظ غزلی نغز بخوان
تـــا بگویم که ز عهـــد طربـــم یـــاد آمد

مۆژدە ئـەی دڵ! نەفـەسی پـاکی سەبـا هاتەوە باز
مەلی خۆش‌خوێـن و خەبـەر، وا لە سەبا هاتەوە باز
دەنگە داوودییـەکەت گوڵ بدە! بولبول لە سەحەر
کە سولەیمـانە گوڵ و گۆڤـەنە، شـا هـاتەوە باز
عــارفێ نیـن بە زمـانی گوڵـی سۆسـەن بـدوێ
تـا بڵـێ چۆنە کە چـوو، بۆ بە ڕەزا هـاتەوە باز
کەرەم و لوتفی خوداوەنـد لەگەڵمـانە کـە ئـەو
مانگی دوو حەوتـە لەگـەڵ عەهد و وەفا هاتەوە باز
لالە بۆی خۆشی لە مەی بیستبـو، زوو سەر لە بەیان
بـە دڵـێ داغــەوە بۆ لوتفی دەوا هــاتەوە باز
چـــاوەڕێی قافڵــە هەر مــاوە هەتا ئـەو دەمە دڵ
وتی ئۆخـەی کە جەرەس دەم بە هــەرا هاتەوە باز
گەرچی «حافز» دڵـی شکیـابو کە پەیمانی شکانـد
دەشتـی دەستـی کەرەمی پڕ لە سەفـا هـاتەوە باز
مەستی چـاوی بەڵەك و بەژنی نیگارێکم ئەڵێـی
شیعـری «کۆلیـل»ـە دەمی، پڕ لە نـەوا هاتەوە باز

مـژده ای دل کـه دگـر بـاد صبـا بـازآمـد

هـدهـد خوش‌خبـر از طرف سبـا بازآمد

بـرکش ای مـرغ سحـر نغمـه‌ی داوودی باز

کـه سلیمـان گـل از بـاد هـوا بـازآمد

عـارفی کـو که کنـد فهـم زبـان سوسن

تا بپـرسد که چـرا رفت و چـرا بـازآمد

مردمـی کرد و کـرم لطف خـداداد به من

کـآن بت مـاه‌رخ از راه وفـا بـازآمـد

لالـه بوی مـی نوشیـن بشنـید از دم صبح

داغ دل بـود به امیـد دوا بـازآمد

چشـم مـن در ره ایـن قافلـه‌ی راه بمـاند

تـا بـه گـوش دلـم آواز درا بـازآمـد

گرچه حافـظ در رنجش زد و پیمـان بشکست

لطـف او بیـن که به لطـف از در ما بازآمد

سەبـا بە خــزمەتی پیـری لەعل‌فـرۆش گەیـی
که وەرزی گۆوەنی خۆشی، بەهاری نۆش گەیی
زەمان وەکوو دەمی عیسا دەمە و زەمیـن خۆش‌بۆ
بـڕا بە بەر چەمەنا گوڵ، بە مـەل خورۆش گەیی
تەنووری لالە بە فـوویێکی سروە وا گڕی سەند
که غەرقی ئارەقـە خونچەو سەمەن بەجۆش گەیی
لە من ببیسـی ئەبێ خـۆش بپـێوی ئەم دونیـا
که ئەم قسـەم لە سرۆشێ، سەحەر بە هۆش گەیی
لە بیـری تەفرەقە دەربێ بە خـاتری جــەم‌بوون
جنـۆکە دەرکـە لە دڵ! وا فریشتـە خۆش گەیی
لە دەم مـەلی سوحی، ئاخـۆ چ بیستبوو سۆسـەن
که دەهـزمـانی گـرێ دا، مەگەر سرۆش گەیی؟!
حەرامـە سوحبـەتی زاهیــد لە مەجلیسی یـاران
دەبێ پییـاڵە وەشــارن کە خەرقـەپۆش گەیی
لە خــانەقاوە دەچـێ «خــاجە» بۆ خـەرابـاتێ
کە شێـخی مەستی ریا هەر لەوێ بە هۆش گەیی
نەدەی نەیـار بە مەیخانە رێ! وەکـوو «کۆلیــل»
کە ئەو بەهەشتـە بە یـارانی دڵپـەرۆش گەیی

صبا به تهنیت پیر می فروش آمد
که موسم طرب و عیش و ناز و نوش آمد
هوا مسیح نفس گشت و باد نافه گشای
درخت سبز شد و مرغ در خروش آمد
تنور لاله چنان برفروخت باد بهار
که غنچه غرق عرق گشت و گل به جوش آمد
به گوش هوش نیوش از من و به عشرت کوش
که این سخن سحر از هاتفم به گوش آمد
ز فکر تفرقه بازآی تا شوی مجموع
به حکم آن که چو شد اهرمن سروش آمد
ز مرغ صبح ندانم که سوسن آزاد
چه گوش کرد که با ده زبان خموش آمد
چه جای صحبت نامحرم است مجلس انس
سر پیاله بپوشان که خرقه‌پوش آمد
ز خانقاه به میخانه می‌رود حافظ
مگر ز مستی زهد ریا به هوش آمد

بەختــی یـــارم لە سەحـەر دەم بە بـزەی ژینەوە هات
وتی خەو بەسیـــەتی! خوسرەو کە بە شیرینـەوە هات
قەدەحێ خەست وەخۆ، مەست تەماشا کە! کە چۆن
دلّبـــەری شـــۆخ بـە ئارایش و تەمکیـــنەوە هات
موژدە ئەی خەلّوەنشیــن! عاشقی بۆی خۆشی بەهـار
مامــزی دەشتــی خوتـەن مایـە، لە ماچینـــەوە هات
ئـــابـــڕوویان بە گرین کـــەوتەتە دەس ســـووتەدلاّن
مـــەدەدی نـــالّە بە دەم عاشـــقی بێتینــــەوە هات
کۆتـــری دلّ بـــووە شـەیـــدا بە کـــەوان ئەبـرۆیێ
لـەوە ترســـی نیـــیە راوچـی کە بە شاهیــنەوە هات
بێـــنە مـەی ساقی غەمی یـار و نەیـــارێک مەخۆ
خـوا شوکـــور دژ ئەوە چـوو، دۆس بە ئاییـــنەوە هات
بێوەفـــایی لە فەلـــەک دیوە، کە شیـــن گێڕی بەهار
زوو بـە دەم یاســـەمەن و نێـــرگز و نەسرینـــەوە هات
تا لە بولبـــول غەزەلّی «حافـز»ی شەو سروە شنەوت
بە هەناســـەی گولّی نێـــو باخـی سەحەربینەوە هات
وەکـو بیستووتە لە «کۆلیـل»ـی ئەوین سـەد کەڕەتیش
مـــەم بە ئەم باخـــە بە بۆنـــەی دییەنی زینـــەوە هات

سحـــرم دولت بیـــدار به بالیـــن آمـد

گفت برخیـــز که آن خســرو شیرین آمد

قدحی درکش و سرخوش به تماشا بخـرام

تـا ببـینی کـه نگـارت به چه آییـــن آمد

مژدگـــانی بده ای خلـــوتی نافـــه‌گشای

که ز صحـــرای ختـــن آهــوی مشکین آمد

گـــریه آبـی بـه رخ سوختگـان بـازآورد

نـــاله فـــریادرس عـــاشق مسکیـن آمد

مرغ دل بـــاز هـــوادار کمـان ابروئی‌ست

ای کبـــوتر نگـــران بـــاش که شاهین آمد

ساقیا می بده و غم مخور از دشمن و دوست

که به کـــام دل مـا آن بشـــد و ایـــن آمد

رســـم بدعهـــدی ایـام چو دیـد ابر بهار

گریـه‌اش بر سمـن و سنبـل و نســرین آمد

چون صبـا گفتـــه‌ی حافـظ بشنید از بلبل

عنبـــرافشـــان به تمـــاشای ریـاحیـن آمد

نە هەرکە روومەتی رەخشانە دلبەری زانی
نە هەرچی جامە، لە جامی سکەندەری زانی
نە هەر کلاوکەچێ، توند و خاوەنی سامان
نەریتی دلبەری ئادابی رێبەری زانی
وەکوو گەدا بە کرێ بەندەگی نەکەی! کە ئەوین
بە گیان و دڵ رەوشی بەندەپەروەری زانی
غولامی هیممەتی ئەو رەندە ژیر و ئازایەم
هەزارە گەرچی، وەلێ کیمیاگەری زانی
هونەر وەفایە بە عەهد و گرانە ئەزموونی
کە بێهونەر لە خەویشا ستەمگەری زانی
دەسی وەشان لە دڵی شێت و نەمدەزانی من
کە ئادەمی نەوەیێ، سەنعەتی پەری زانی
هەزار جارە تەسکتر لە مووت ئەم نوکتە
نە هەرکەسێ سەری تاشی، قەڵەندەری زانی
گلێنەیی نەزەرم وا لە جەغزی خاڵەکەتا
کە نرخی گەوهەری یەکتامی گەوهەری زانی
بە کولم و قامەتی هەرکەس دەلال و سالارە
دەبێ بە حاکمی عالەم، کە دلبەری زانی
لە شیعری دڵگری «حافز» بلیمەتێ حالێن
کە تەبعی ناسک و ئاخەوتنی دەری زانی
غەزەڵڕەوانم و عاشق بە قافیەی کوردێ
کە سەر لە شیعری «عومەر» وەزنی سەروەری زانی

نه هر که چهره برافروخت دلبری داند
نه هر که آینه سازد سکندری داند

نه هر که طرف کله کج نهاد و تند نشست
کلاهداری و آیین سروری داند

تو بندگی چو گدایان به شرط مزد مکن
که دوست خود روش بنده‌پروری داند

غلام همت آن رند عافیت سوزم
که در گداصفتی کیمیاگری داند

وفا و عهد نکو باشد ار بیاموزی
وگرنه هر که تو بینی ستمگری داند

بباختم دل دیوانه و ندانستم
که آدمی بچه‌ای شیوه‌ی پری داند

هزار نکته‌ی باریک‌تر ز مو اینجاست
نه هر که سر بتراشد قلندری داند

مدار نقطه‌ی بینش ز خال توست مرا
که قدر گوهر یکدانه جوهری داند

به قد و چهره هر آن کس که شاه خوبان شد
جهان بگیرد اگر دادگستری داند

ز شعر دلکش حافظ کسی بود آگاه
که لطف طبع و سخن گفتن دری داند

رازداری دڵــە کێ پــاک بە کــۆی یــار دەچێ
هەرکــە ئەم کــارە نەزانــێ لە دەسی کــار دەچێ

مەکە مەنعــی دڵ ئەگــەرچی لە حیجــابێ وەدەرات
خوایە شوکرت! کە لە پەردەی شک و ئینکار دەچێ

ریشی سۆفــی کە لە مەیــخانە بـو خۆی هـاتەوە باز
هەر جبــەیێ‌من لە گرێــوی مــەی و خەممار دەچێ

شێخــە ئێستــا دزی شــار و نیــیە نــاوێکی کەچی
شــەرحی سووکی منی بێــچارە بە هەر شار دەچێ

هــەر شەرابێ لە بلــوورین کــەفی تۆمــان دەگرت
ئێستــە خوێنــی دڵــە لەم چــاوە گوهــەروار دەچێ

مەگەر ئەو دڵمە نەبێ عەشقــی ئەتـۆی نەخشە لە تۆ
دڵــی زاهیــد بە ســەعاتێک لە ســەد یــار دەچێ

گوڵــی نێــرگز کە وەکوو چاوی ئەتۆی پێ نەکرا
دیــدە بیمــــار چلۆن هــاتووە، بیمــار دەچێ

لە نەوای ئەشق و ئەویـن خۆش‌تری گیانم نەشنەوت
سۆزی سازێ کە بە گوێی ئەم گومەزەی یار دەچێ

ئەو عەبا کۆنە کە ســەد عەیبــی دەپۆشیــم ئەویش
چوو بە رەهنــی مــەی و ساقی، وەکو زیننار دەچێ

مـات و حەیران لە جەماڵت بووە سوورەتگەری چین
ئێستــەش ئەم بــاسە بە ژووری دەر و دیــوار دەچێ

واولــی «خاجە»! نەبوو دڵ، بە نیگای زوڵفــی کە چوو
هەر وەهــا خۆشــە، کەسێ شێــتە گرفتــار دەچێ

شــــەوی ئــاواتی «عومەر» زولفی پەرێشــانیە چون
رۆژی روونــاکی بە ژێر پەرچــەمی شەوگــار دەچێ

هر که شد محرم دل در حرم یار بماند
وآن که این کار ندانست در انکار بماند

اگر از پرده برون شد دل من عیب مکن
شکر ایزد که نه در پرده‌ی پندار بماند

صوفیان واستدند از گرو می همه رخت
دلق ما بود که در خانه‌ی خمار بماند

محتسب شیخ شد و فسق خود از یاد ببرد
قصه‌ی ماست که در هر سر بازار بماند

هر می لعل کز آن دست بلورین ستدیم
آب حسرت شد و در چشم گهربار بماند

جز دل من کز ازل تا به ابد عاشق رفت
جاودان کس نشنیدیم که در کار بماند

گشت بیمار که چون چشم تو گردد نرگس
شیوه‌ی تو نشدش حاصل و بیمار بماند

از صدای سخن عشق ندیدم خوش‌تر
یادگاری که در این گنبد دوار بماند

داشتم دلقی و صد عیب مرا می‌پوشید
خرقه‌ی رهن می و مطرب شد و زنار بماند

بر جمال تو چنان صورت چین حیران شد
که حدیثش همه‌جا در در و دیوار بماند

به تماشاگه زلفش دل حافظ روزی
شد که بازآید و جاوید گرفتار بماند

له ئێـوه موژده، که شەوگاری غـەم دەچێ بۆ خۆی
وەهـا نەمـاوه دەم و واشـه هـەم دەچێ بۆ خۆی

ئەگـەرچی یـار لە من چـاوی حورمـەتی تۆرا
مەگەر رەقیـبی ئەمن موحتـەرەم دەچێ بۆ خۆی؟!

کـه پـەردەدار قـەلاچۆ دەکا بە شێـرێ، هـەمـوو
تەنـانه خەڵـکی حەرەم هەم بە جەم، دەچێ بۆ خۆی

نەگونجه شوکـر و سکـاڵا لەدەستی چاك و خراو
که بەرگی دەفتـەری ژین بێڕەقـەم دەچێ بۆ خۆی

نـەوای مەجلیسی جەمشیـد ئەمەی دەوت مەیگێڕ!
که بێـنه جـامی بلـوورین! که جـەم دەچێ بۆ خۆی

چ دەرفەتێـکه ویسـاڵی پەپـووله بۆ شـەم شـەو!
که ئەم زەمـاوەنه هـەم، سوبحـدەم، دەچێ بۆ خۆی

دڵـی هـەژار بە جێ بێـنه، دەوڵەمەن! وەك خـۆت
که بانگـی پـاره، تەڵا، هـەم درەم، دەچـێ بـۆ خۆی

له سـەردەری فەلـەکی شیـن لە زێڕە خەتتێ سوور
که غەیـری بەخششی دەستی کەرەم، دەچێ بۆ خۆی

بە لوتفی حـەزرەتـی ئـازیـز «حـافـز»!! بێشک
نەرێتـی زڵـم و نیشـانی ستـەم، دەچێ بۆ خۆی

بە لەعلی لێـوی بپـێون شەکەر! وەکـوو «کۆلیـل»
که ژەهـری تـاڵی شـەرابی ئەلەم، دەچێ بۆ خۆی

رسید مژده که ایام غم نخواهد ماند

چنان نماند چنین نیز هم نخواهد ماند

من ار چه در نظر یار خاکسار شدم

رقیب نیز چنین محترم نخواهد ماند

چو پرده‌دار به شمشیر می‌زند همه را

کسی مقیم حریم حرم نخواهد ماند

چه جای شکر و شکایت ز نقش نیک و بد است

چو بر صحیفه‌ی هستی رقم نخواهد ماند

سرود مجلس جمشید گفته‌اند این بود

که جام باده بیاور که جم نخواهد ماند

غنیمتی شمر ای شمع وصل پروانه

که این معامله تا صبحدم نخواهد ماند

توانگرا دل درویش خود به دست آور

که مخزن زر و گنج درم نخواهد ماند

بدین رواق زبرجد نوشته‌اند به زر

که جز نکویی اهل کرم نخواهد ماند

ز مهربانی جانان طمع مبر حافظ

که نقش جور و نشان ستم نخواهد ماند

ئەی لێوەکەت بە خەندە پەنی دا بە شەکر و قەن
تۆخوا دڵم بەرێ کە! بزەت هەڵکە لە چیمەن
توویا بە بەژنی کورتە، سەری بۆ نەوی دەکا
لەم باسە سا گوزەر کە! نەبێ با بە چۆن و چەن
پێت خۆشە چاو نەبێتە چەمی خوێنی پڕ خۆرۆش
مەسپێرە دڵ بە لێوی دەلالانی گوڵبەدەن
گەر نازە یا ریایە، بە هەرچێکی نێو ئەبەی
نیمانە باوەڕ ئێمە بە شێخانی خۆ پەسەن
ئاگەی لە حاڵمان نییە هەرکەس نەبوو دڵی
نالانی، چەشنی ئێمە گرفتاری تۆی کەمەن
دڵ پڕ لە ئەشتیایە کە هەڵبێ هەتاوی رووت
وەک ئەسپەنەر بسووتێ هەتا گیانی ئەنجومەن
لەو جێگە دڵبەری مە دەمی شەکری گوڵ دەکا
ئەی پستە بێمەتەق بە! کە لچ شۆڕی، دەبیە پەن
«حافز»! کە تورکی عیشوە بە تۆ تەرکی ناکرێ
بێژم کە جێت لە کوێیە؟ لە خارەزمە یا خوجەن
«کۆلیل» مەستی موشکی غەزاڵی خەتایەتی
بۆیێ لە داوی زولفیە خۆشتر لە کۆی خوتەن

ای پسته‌ی تو خنده زده بر حدیث قند
مشتاقم از برای خدا یک شکر بخند
طوبی ز قامت تو نیارد که دم زند
زین قصه بگذرم که سخن می‌شود بلند
خواهی که برنخیزدت از دیده رود خون
دل در وفای صحبت رود کسان مبند
گر جلوه می‌نمایی و گر طعنه می‌زنی
ما نیستیم معتقد شیخ خودپسند
ز آشفتگی حال من آگاه کی شود
آن را که دل نگشت گرفتار این کمند
بازار شوق گرم شد آن سروقد کجاست
تا جان خود بر آتش رویش کنم سپند
جایی که یار ما به شکرخنده دم زند
ای پسته کیستی تو خدا را به خود مخند
حافظ چو ترک غمزه‌ی ترکان نمی‌کنی
دانی کجاست جای تو خوارزم یا خجند

وەرە دەستی من و داوێنــەکەت ئەی ســەروی بوڵەند
کە قــەد و قــامەتی واڵات رەگ و ریشــەمی کەنـد
نــامــەوێ موتریب و مەی رووبــەنەکەت لادە کەمــێ
ئـاگــری رووت هەڵمــخاتەوە با چــەشنی سپــەند
جــامی بەربووکــی بەخــت روومــەتی تاکێك نیــیە
مەگەر ئەو کوڵمە بە تۆزی سمی ئەسپت، گوڵی سەند
نەکــوژی مامــزە تـاتـاریــەکەم راوچــی ئەمــان!
بکــە لەو چــاوە رەشــەی شــەرم و مەیـاڵێنە کەمەند
کــردم ئیقــراری غەمت هەرچــی دەبێ بێــڵە ببێ
نیــیە ســەبری پتــرم تامڵــی دڵ تا کــەی و چــەند
خاکــەسارێکی وەکــوو من کە لە جێ کەوتووە چۆن
ســەرکەوێ مـاچی لە دیـواری شکۆی کۆشکی بوڵەند
«حافــز»! دڵ لە دەسی زولفی رەشــی مەگــرەوە بــاز
چونکــــە دێــوانە وەهــا چــاکە بمێنــێت لـە بــەند
ئەو قەد و قـامەت و ســەر وێنــە «عومەر»! دڵتی رفاند
کــاری دۆنــارییە یا ســەروی چەمــانی هەمــەوەند

بعـــد از این دست من و دامـن آن سرو بلند
که به بـالای چمـان از بـن و بیخـم بر کنـد
حـاجت مطرب و مـی نیست تو برقع بگشـا
که به رقـص آوردم آتش رویـت چو سپند
هیـــچ رویی نشـود آینـه‌ی حجلـه‌ی بخت
مگـــر آن روی که مالنــد در آن سم سمند
گفتم اســرار غمت هر چـه بود گو می‌باش
صبر از این بیش ندارم چه کنم تا کی و چند
مکش آن آهــوی مشکیــن مــرا ای صیــاد
شرم از آن چشم سیــه دار و مبندش به کمند
من خــاکی که از این در نتــوانم برخـاست
از کجـا بوســه زنم بر لب آن قصــر بلنــد
باز مستــان دل از آن گیسوی مشکین حافظ
زان کــه دیوانـه همــان به که بود اندر بنـد

تەمەنێ چـوون و هەواڵی خەتی گوڵفـامی نەبوو
مەحرەمێـکی نەبو ئەو دڵـمـە کە پەیغـامی نەبوو
پێشکـاوم لە گەیشتـن بە دیـاری گـوڵی رووی
ماتڵـی یەک قەدەمێ بوم، کە بـەرەو لامـی نەبوو
مەی رژا جام و لە روو رووبەنی فرداوە گوڵوک
فرسەتی بەزمە، فەلەک هات و سبەی جامی نەبوو
قەنـی تێکـەڵ بە گـوڵ ئـەم زامــە لە دڵ لا نـابـا
مـاچی جوێنـاوییە دەرمـان، کە کزەی فامی نەبوو
زاهیـــد ئـــارام لـە کۆڵانـی رەقیـبان گوزەرا
سوحبـــەتی رەنـــد و قەڵەندەر دەمی ئارامی نەبوو
عەیبـی بادەت کە هەموو وت هونـەری کـامە بلێ
دەمی حاشـــا و فریـــوت کە مـەزە و تـامی نەبوو
ئەم هـــەژارانی دەری مەیکـەدە یـارانی خـودان
دۆسی ئەو چاو لە دەسی خێڵی (کالأنعام)ـی نەبوو
پیری مەیخانە بە مەیۆشی چ خۆش وت کە مەڵێ
حـاڵی دڵ بەو کەسە هەرگیز دڵی ناکـامی نەبوو
ئارەزوی خۆری دەمت «حافـز»ی سووتان و کەچی
رۆژی کـامت گوڵەتـاوێکـی لە ناکـامی نەبوو
نەزمی «کۆلیـل» وەکوو قـامەتی مەوزوونە، بەڵام
شیعـــری کەچبیـن هونەری بەژنی دڵارامـی نەبوو

حسب حالی ننوشتی و شد ایامی چند
محرمی کو که فرستم به تو پیغامی چند

ما بدان مقصد عالی نتوانیم رسید
هم مگر پیش نهد لطف شما گامی چند

چون می از خم به سبو رفت و گل افکند نقاب
فرصت عیش نگه‌دار و بزن جامی چند

قند آمیخته با گل نه علاج دل ماست
بوسه‌ای چند برآمیز به دشنامی چند

زاهد از کوچه‌ی رندان به سلامت بگذر
تا خرابت نکند صحبت بدنامی چند

عیب می جمله چو گفتی هنرش نیز بگو
نفی حکمت مکن از بهر دل عامی چند

ای گدایان خرابات خدا یار شماست
چشم انعام مدارید ز انعامی چند

پیر میخانه چه خوش گفت به دُردی کش خویش
که مگو حال دل سوخته با خامی چند

حافظ از شوق رخ مهر فروغ تو بسوخت
کامگارا نظری کن سوی ناکامی چند

سەحەری دوێنەشەوێ دۆس لە غەم دامی نەجات
شەوی تاریک و دەمی وشکی من و ئاوی حەیات
خۆمی لێ سەندەوە دڵ، نووری ئەوین مەوجی ئەدا
کە جەماڵی سیفەتی، عەشقی حەقم بوو بە خەڵات
چ بەیانێکی موبارەک، چ شەوێکی بە شکۆ
ئەو شەوی قەدر و خەڵاتەم، وەک ئەڵێن جێژنی بەرات
لەمە بەولا دڵ و من جامی جەهانبینی موراد
چون لە ئەو جامەوە دیتوومە جەماڵێک لە زات
من ئەگەر دەستی مەبەستم لە ملە و خۆشە دڵم
کەرەمی فەرمووە دڵبەر بە هەژارێک زەکات
بە من ئەو ڕۆژە درا، دەوڵەت و سامانی وەها
کە قڕی خستە سپای زۆر و ستەم سەبر و سوبات
ئەو هەمموو شەربەتە شیرینە دەچۆڕێ لە قەڵەم
بەرهەمی شاخە نەباتێکە، لە شاکاری خەبات
هیممەتی «حافز» و دۆعای سەحەری چاکان بوو
کە لە زیندانی غەم و سووڕی فەلەک، دامی نەجات
بولبول و قومری و «کۆلیل» و گوڵ و عەشقی دەرون
بە دەنووک و غەزەڵ و بەژن و نەوا، دێنە سەنات

دوش وقت سحـــر از غصـــه نجـــاتم دادند

وانـــدر آن ظلـــمت شب آب حيـــاتم دادند

بيـــخود از شعـــشعه‌ی پرتـــو ذاتـــم كـــردند

بـــاده از جـــام تجلـــی صفـــاتم دادنـــد

چه مبارک سحری بود و چه فرخنده شبی

آن شـــب قـــدر که این تـــازه براتـــم دادند

بعد از این روی من و آینه‌ی وصف جمـــال

که در آن‌جا خبـــر از جلـــوه‌ی ذاتـــم دادند

من اگر کامروا گشتم و خوش‌دل چه عجب

مستحـــق بـــودم و این‌هـــا به زکـــاتم دادند

هـــاتف آن روز به من مژده‌ی این دولت داد

که بـــدان جـــور و جفـــا صبـــر و ثباتم دادند

این همـــه شهد و شکـــر کز سخنـــم می‌ریـــزد

اجـــر صبـــری‌ست کز آن شـــاخ نبـــاتم دادند

همت حافـــظ و انفـــاس سحرخیـــزان بود

که ز بنـــــد غـــــم ایـــام نجـــاتم دادنـــد

دیم بە خەو فەوجی مەلەك، مەوج لە مەیخانە درا
گڵی ئادەم بە گوڵی بادە لە پەیمانە درا

عالەمی غەیب لە نێو خەڵوەتی پاکا لەگەڵ ئەم
ڕێنشینەت، بە کەرەم شەربەتی جانانە درا

ئاسمانیش لە ژێر باری ئەمانەت چۆوە دەر
وەی کە ئەم بارە بە کۆڵی منی دێوانە درا

شەڕی حەفتاد و دو مەزهەب بە نەزانینەوە هات
زاری حەق لاڵە هەموو هەر دەمی ئەفسانە درا

لە بەر ئەو ئاشتییەی کردی لەگەڵ ئێمە ئەوین
مەی بە سۆفی لە سەماعا وەکو شوکرانە درا

ئاگر ئەو ئاگرە نین پێدەکەنێ شەم بە گڕی
ئاگر ئەو پۆلە شەرارەن کە لە پەروانە درا

کەس خەیاڵی وەکو «حافز» لە جەمالا نەنواند
لەوەتا زولفی قسەی دڵ بە قەڵەم شانە درا

مەبە «کۆلیل» وەکوو تاقمی دەم پڕ لە ئەوین
ئیشی وا یەعنی لە دڵ تۆمەتی بلحانە درا

دوش دیــدم که ملایــک در میخانه زدند
گــل آدم بســرشتــند و به پیمــانه زدند
ساکنــان حــرم ستــر و عفــاف ملکــوت
با مــن راه‌نشیــن بــاده‌ی مستــانه زدند
آسمــان بــار امــانت نتــوانست کشیــد
قرعــه‌ی کــار به نــام من دیــوانه زدند
جنــگ هفتــاد و دو ملت همــه را عذر بنه
چون ندیــدند حقیــقت ره افســانه زدند
شکــر ایزد که میــان من و او صلــح افتاد
صوفیــان رقص‌کنان ساغر شکرانه زدند
آتش آن نیست که از شعله‌ی او خندد شمع
آتش آن است که در خــرمــن پروانه زدند
کس چو حافظ نگشاد از رخ اندیشه نقاب
تا ســر زلف سخــن را به قلــم شانــه زدند

زێڕناسێـکم ئەوێ، دڵ مەحـەکی وەزن و عەیـار
تـا بە مزگـەوت نەچـن قـەڵبفرۆشـانی نەیـار
مەسڵەحەت وایە هەموو دەس لە هەموو کار بشۆن
بێـنە ژێر حوکمی فەلەکنازی خەمی کاکوڵی یار
پڕچی سـاقی حەرەمی دەستی حەریفـانە ئەگەر
فەلەک ئەو عەهــدە بهێڵێـت لە سەر زولفی قەرار
هێـزی تەقـوا مەنووێنـن بـە دەلالان کـە لـەوان
شـاسوارێک دەپێچێـتەوە سـەد شـۆڕەسووار
خـوایە ئەم شۆخسووارانە چ خوێنڕێـژ و مەسن
کە بە پەیکـانی برۆ دێنـە کەمیـنی دڵـی شـار
هەڵپەڕین، شیعری تەڕ و ناڵەیی نەی، خۆشە بەڵام
لەوە خۆشـتر کە بنێـی دەست لە نێو دەستی نیگار
«حافز»! ئەو خەڵکە نەوەی چەرخن و بێبەین و بەقا
ئەگـەرت مومکینـە وا چـاترە زوو بچیـە کەنـار
گیـانی «کۆلیـل» بە قوربـانی دییەی ئەو کەسـە بێ
کە هەژاندی دڵی چەرخی فەلەک و هەوری بەهار

نقـــدها را بـــود آیـــا که عیـــاری گیـــرند

تا همـــه صومعـــه‌داران پی کـــاری گیـــرند

مصلحت دید من آن است که یاران همه کـار

بگـــذارند و خـــم طـــره‌ی یـــاری گیـــرند

خوش گرفتـــند حریفـــان سر زلـف سـاقی

گر فلکشان بگـــذارد که قـــراری گیـــرند

قـــوت بازوی پرهیـــز به خوبـــان مفـــروش

که در این خیـــل حصـــاری به سـواری گیرند

یـــا رب این بچه‌ی ترکان چه دلیرند به خون

که به تیـــر مـژه هر لحظـه شکـاری گیـــرند

رقـــص بر شعـــر تـــر و نالـــه‌ی نی خوش باشـد

خاصـه رقصی که در آن دست نگاری گیـرند

حافـــظ ابنـــای زمـــان را غـــم مسکینـان نیست

زین میـــان گر بتـــوان بـــه که کنـاری گیرند

پیـــری موغـان بە چـــاکە ئەگـەر مـەی عەتـا دەکـا
رەحمـــی خــــوداش زۆرە دەمێـــنی بەڵا دەکــا
ســـاقی بە عەدڵی بـادە گـــەدا مەس کە! چونکە ئەو
دەمپیســـە دڵ حەســـوودە، بە مەجلیـس جەفـــا دەکـا
ئەڵبـــەت کـە لـــەم غەمـــانە دەگـا کـاتی ئەمـــانێ
ســـۆفی بەڵێـــنی داوە ئەمـــانەت ئـــەدا دەکــــا
گەر گەنجـــە یا نە رەنجـــە قەنـاعەت کە، ئەی حەکیـم!
چون دەستـی ئەو لە نێـــوە دەنـــا کێ وەهــا دەکـا
بەو کـــارگـــایە عیـــلم و هونـــەر رێگـــە نابەڵـــەد
لاوازە فـــامی، هـــەرکە فـــزوولی لـەوا دەکــا
موتـــریب ســـەدا هەڵێـــنە! کـە بـێ وادە کـــەس نەمرد
ئاهـــەنگی ئەم هەواتـــە دەرون پڕسەفـــا دەکــــا
ئێمـەی کە دەردی عەشق و بروسکەی خومـار کوشت
یـا وەسڵـی دۆســە چـــارە وە یا مـەی دەوا دەکــــا
«حافز» بە عەشقی سووت و بە مەی هۆشی چوو لە سەر
لە کوێن مەسیحـــی لێـــوی؟! کە ســـەر لە نۆ چـا دەکا
زۆری شـەهیـــد داوە بــە بـــارامی دوو بـــرۆی
ئەشکـی «عومـــەر»، کە ئەورۆ، ورەی خوێنبەهـا دەکا

گر می فـــروش حـاجت رنـدان روا کنـد

ایـزد گنــه ببخشــد و دفــع بــلا کنــد

ســـاقی به جــام عــدل بده بـاده تـا گـدا

غیــرت نیــاورد که جهـــان پر بـــلا کنــد

حقـــا کز این غمـــان برســد مـژده‌ی امـان

گــر سالکــی به عهــد امـــانت وفـا کنــد

گر رنـج پیش آیــد و گر راحت ای حکیم

نسبت مکـن به غیـــر که این‌هـا خـدا کنــد

در کارخــانه‌ای که ره عقـــل و فضـل نیست

فهـــم ضعیـف رای فضــولی چـرا کنــد

مطـرب بســاز پرده که کس بی‌اجــل نمـرد

وآن‌کـو نه ایـن ترانــه ســراید خطـا کنــد

مـــا را که درد عشــق و بــلای خمــار کشت

یا وصـــل دوست یــا مـی صـافی دوا کنــد

جان رفت در سر می و حافظ به عشق سوخت

عیسیِ دمی کجاست که احیای مـا کنــد

دەرون بنـاڵـە! کـە هـەر ناڵـە کـارەبـایە لـە دڵ
پـلاری نێوەشـەوێ دەفعـی سـەد بەڵایە لە دڵ
مـەلامـەتی دمـی دڵبـەر بە عـاشقـانە رەوا
کریشمـەیێ قـەرەبوی سـەد کەڕەت جەفایە لە دڵ
لە خـاکێ تـا فەلەکول ئەتڵەسی حیجـاب نیـیە
کەسـێ کە خـادەمی جـامی جەهـان‌نومایە لە دڵ
دەمی مەسیحـە ئـەوین و دەسی موبـارەکی ئەو
وەلـێ کـە دەرد نەبـوو کـەی دەوا شفـایە لە دڵ
نیـازی دڵ بدە دەستی خـودا بە خـاتری عەشـق
کە رەحـم ئەگەر چووە قـاتی، خودایە مایە لە دڵ
مەلـوولی بەختـی خـەواڵـووم خـوایـە بێـداریێ!
لـە بـەربـەیـانی تەمەنـنـا بکـا دوعـایە لە دڵ
تـوواوە «حـافـز»و بۆنێـکی زولفـی یـاری نەبیست
دەڵێـن کە دەوڵەتی وەسڵـی سەبا، سەبایە لە دڵ
بە سۆزی گیـانی شـەرم شـەرمەزارە «کۆلیـل»ـی
کە کوڵمی ناسکی، رووشـاوی سەد هەوایە لە دڵ

دلا بســـوز که ســـوز تو کـــارهـــا بکنـــد

نیـــاز نیـــم شبـــی دفـــع صـــد بـــلا بکنـد

عتـــاب یـــار پری‌چهـــره عاشقـــانه بکش

که یک کرشمـــــه تلافـــی صـــد جفـــا بکند

ز ملـــک تـــا ملکـــوتش حجـــاب بردارند

هـــر آن کـــه خدمت جـــام جهـــان‌نما بکند

طبیب عشق مسیحـــادم است و مشفـــق لیک

چـــو درد در تـــو نبیـــند که را دوا بکنـــد

تو با خدای خود انـــداز کار و دل خوش دار

که رحـــم اگر نکنـــد مدعـــی خـــدا بکند

ز بخت خفتـــه ملـــولم بـــود که بیـــداری

به وقت فـــاتحـــه‌ی صبـــح یک دعـــا بکند

بســـوخت حافظ و بویی به زلف یـــار نبرد

مگـــر دلالـــت ایـــن دولتـــش صبـــا بکنـــد

لە من رەقیب لەبەر دڵ، نەزەر بە عەیب ئەدا
زمانی تانە لە ئەسراری دەستی غەیب ئەدا
کەماڵی لوتفی دلاری ببینە! نە جورمی گوناح
کە هەرکە عاشقی خۆ بێ، هونەر بە عەیب ئەدا
نەسیمی عەتری بەهەشتی، دەمێ دەچێ نەفەسی
کە خاکی دەرکی خەرابات سەر لە جەیب ئەدا
وەها بە نازەوە ساقی کەلێنی دین دەبەسێ
پلاری لۆمە لە میناى، هەر (سوهەیب) ئەدا
کلێلی گەنجی سەعادەت بە لێوی ئەهلی دڵە
هەزارە ئەو کەسە لەم شووشە بەردی رەیب ئەدا
شووانی عاشقە مووسا، یەقین دەگا بە موراد
کە حەوت ساڵە بە دڵ رەنج بۆ شوعەیب ئەدا
لە دیدە خوێن دەتکێنێ حەکایەتی «حافز»
دەمێ کە شەرحی شەباب و جەنابی شەیب ئەدا
دەبێ لە گۆچ کراوی ئەوین نەپرسی «عومەر»!
وتاری موعجیزە بۆ؟! بۆ بەنی کولەیب ئەدا

مرا به رندی و عشق آن فضول عیب کند

که اعتـراض بر اسـرار علـم غیب کنـد

کمـال سـرّ محبت ببیـن نه نقـص گنـاه

که هـر که بی‌هنـر افتـد نظر به عیب کند

ز عطـر حـور بهشـت آن نفس برآیـد بوی

که خـاک میکـده‌ی ما عبـیر جیب کند

چنـان زنـد ره اسـلام غمـزه‌ی سـاقی

کـه اجتـناب ز صهبـا مگـر صهیب کند

کلیـد گنج سعـادت قبول اهل دل است

مبـاد آن که در این نکتـه شک و ریب کند

شبـان وادی ایمـن گهـی رسـد بـه مـراد

که چند سـال به جـان خدمت شعیب کند

ز دیـده خون بچکـاند فسـانه‌ی حـافظ

چو یـاد وقت زمـان شبـاب و شیب کند

لە سەرم بالّی هوما گەشت و گوزارێکی هەیە
بۆیە دلّبەر لەگەلّم قەولّ و قەرارێکی هەیە
چاو ئەگەرچی لە دەسی داوە دوڕ و گەوهەری خۆ
کە لە دلّ خوێن دەمژێ، عەزمی نیسارێکی هەیە
دوێشەوم بوو لە دلّ ئەم خۆزگە، کە بدوێ لەگەلّم
یەک سورۆشێک وتی لوتفی بەهارێکی هەیە
هەرکە زاتی نییە دەم با لە قسەو باسی دلّم
سا مەگەر سروە کە ئەو چەرخ و مەدارێکی هەیە
نەزەری دیدەمە، شاهێنی شکاری دلّی یار
مەسەلێ باوە کە هەر باز شکارێکی هەیە
کەمە ئەو رەندە کە بۆ یار لە خۆ بێتە دەرێ
عاشق ئەورۆکە عەجەب فیز و دەمارێکی هەیە
کوا جووامێرێ بە جامێ لە زەماوەندی سەخای
غەمڕەوێن بێ لە دلّی هەرکە خومارێکی هەیە
لە سەبا نایە شنەی وەسلّی ئەتۆ یا خەبەری
لانیکەم مەرگی رەقیبم، کە شەرارێکی هەیە
«حافز»! ئەورۆکە ئەگەر دوور لە دەرگی نەکەوی
دێ زەمانێ لە کنارت کە گوزارێکی هەیە
بۆ منی گردەنشینێک کە «کۆلیل»ی ئەتۆم
هەر ئەوەم چاکە بلّێن گۆشەکنارێکی هەیە

طایر دولت اگر باز گذاری بکند
یار بازآید و با وصل قراری بکند
دیده را دستگه در و گهر گر چه نماند
بخورد خونی و تدبیر نثاری بکند
دوش گفتم بکند لعل لبش چاره‌ی من
هاتف غیب ندا داد که آری بکند
کس نیارد بر او دم زند از قصه‌ی ما
مگرش باد صبا گوش گذاری بکند
داده‌ام باز نظر را به تذروی پرواز
بازخواند مگرش نقش و شکاری بکند
شهر خالی‌ست ز عشاق بود کز طرفی
مردی از خویش برون آید و کاری بکند
کو کریمی که ز بزم طربش غمزده‌ای
جرعه‌ای درکشد و دفع خماری بکند
یا وفا یا خبر وصل تو یا مرگ رقیب
بود آیا که فلک زین دو سه کاری بکند
حافظا گر نروی از در او هم روزی
گذری بر سرت از گوشه کناری بکند

قەڵـــەمی ئێـــوە زەمـــانێ کە لە من یـــاد ئەکات
دڵی ئەم کۆیلـە لە بەندی خەفەت ئـازاد ئەکات
قاسیـدی ئێـوە کە لا بێ لە بەڵا! کوفـرە مەگـەر
شـاد کـا دڵ بە سـڵاوێ کە هەموو شـاد ئەکات
سینگی وێرانمـە ئەو گەنجە کە تۆ بۆی ئەگەڕی
خـــاوەنی هـۆش لە وێــرانەوە ئـابـاد ئەکات
خوسـرەوێ لایەقی شیـرینە کە شەرمێ لە وەفای
زامی رووسووری سەری سەروەری فەرهاد ئەکات
نوێژی سەد ســاڵە سـەوابی نیـیە بۆ شام وەکوو
یەک سەعاتێک لە عومری کە بە گەڵ داد ئەکات
نـــازی تازەی رەگی بونیـــادمی هێـنـاوە لە بێـخ
تـا بزانـــم بە کریشمـــەیشی چ بونیـــاد ئەکات
گەوهـــەری پاکی ئەتۆ دوورە لە تاریفـــی قەڵەم
پاخـــەسوو چی لە جەماڵێـــکی خوداداد ئەکات
رێـــم نەبـردوون لە شیــراز بە ئـــازیــز خۆشـا
«حافز» ئەو رۆژە هەوای دڵبــەری بەغداد ئەکات
داد و بێـــداد چ کەڵکی هەیە «کۆلیل»! کە دۆس
وەکـو دژمن لە دەرون خەنجەری بێـــداد ئەکات

کلک مشکین تو روزی که ز ما یاد کند
ببرد اجر دو صد بنده که آزاد کند
قاصد منزل سلمی که سلامت بادش
چه شود گر به سلامی دل ما شاد کند
امتحان کن که بسی گنج مرادت بدهند
گر خرابی چو مرا لطف تو آباد کند
یا رب اندر دل آن خسرو شیرین انداز
که به رحمت گذری بر سر فرهاد کند
شاه را به بود از طاعت صدساله و زهد
قدر یک ساعته عمری که در او داد کند
حالیا عشوه‌ی ناز تو ز بنیادم برد
تا دگرباره حکیمانه چه بنیاد کند
گوهر پاک تو از مدحت ما مستغنی‌ست
فکر مشاطه چه با حسن خداداد کند
ره نبردیم به مقصود خود اندر شیراز
خرم آن روز که حافظ ره بغداد کند

ئاخۆ کەسێکی وا دەبێ لوتفی هەواداری بکات
نەک وەک منی پەیمانشکێن، فرمێسکی دڵ جاری بکات
ئەووەڵ بە ناڵەی ناخ و نەی دڵ پڕ بکا پەیغامەکەی
ئەمجا بە جامێ پڕ لە مەی ساقی وەفاداری بکات
دڵبەر کە گیانم سوو لە ڕێی، کامی ئەوێن ژەنراوە لێی
هێشتا ئومێدم ماوە پێی ڕۆژێ کە دڵداری بکات
پێم وت لە کاکوڵ یەک گرێ بۆچی بە من وا ناکرێ
فەرموی کە خۆم فەرموومە پێ بەم شێوە تەڕڕاڕی بکات
سەرمەست و ڕەند و نوکتەگۆ، بێژن بە شێخی دەم گوڕۆ
گوێ کەڕ لە عەشق و هەست و بۆ، تا تەرکی وەشیاری بکات
بۆ من هەژاری بێنیشان چۆن یاری وەک ئێوەی جووان؟
سوڵتان چلۆن عیشوەی عەیان بۆ ڕەندی بازاڕی بکات
ئاسانە بۆم جەور و ستەم لەو زولفە خەملاوەت بە خەم
زیندانی پرچی تۆی چ غەم، هەرکەس کە عەییاری بکات
غەم لەشکەری هێنا سەرم، سووتاندی بەژن و پەیکەرم
دڵبەر مەگەر وەک دوکتەرم دەرمان و تیماری بکات
«حافز»! لە مەکری چاوی ئەو خۆ لادە، هاتوو داوی ئەو
یانی کە پرچی خاوی ئەو ناجۆری مۆجاری بکات
«کۆلیل»ی بەژنی دڵبەرم شاگردی زەخمی خەنجەرم
هاومالّی بەحری ئەحمەرم گەر گەوهەرم یاری بکات

آن کیست کز روی کرم با ما وفاداری کند
بر جای بدکاری چو من یک‌دم نکوکاری کند
اول به بانگ نای و نی آرد به دل پیغام وی
وآن‌گه به یک پیمانه می با من وفاداری کند
دلبر که جان فرسود از او کام دلم نگشود از او
نومید نتوان بود از او باشد که دلداری کند
گفتم گره نگشوده‌ام زان طره تا من بوده‌ام
گفتا منش فرموده‌ام تا با تو طراری کند
پشمینه‌پوش تندخو از عشق نشنیده‌است بو
از مستی‌اش رمزی بگو تا ترک هشیاری کند
چون من گدای بی‌نشان مشکل بود یاری چنان
سلطان کجا عیش نهان با رند بازاری کند
زان طره‌ی پرپیچ و خم سهل است اگر بینم ستم
از بند و زنجیرش چه غم هرکس که عیاری کند
شد لشکر غم بی‌عدد از بخت می‌خواهم مدد
تا فخر دین عبدالصمد باشد که غمخواری کند
با چشم پرنیرنگ او حافظ مکن آهنگ او
کآن طره‌ی شبرنگ او بسیار طراری کند

سەروی تەڕی ئێمە چلۆن مەیلی چەمەن وەلا دەنێ
دەس لە ملی گوڵێ نییە و یادی سەمەن وەلا دەنێ
دوێنێ گلەم لە پرچی بوو مەکری دەمی شەکری ڕژان
ئەو رەشە کەچقەرارە خۆی رەسمی رەسەن وەلا دەنێ
تا دڵی وێڵ گێڵی من رۆییە چینی زوڵفی ئەو
ئەو سەفەرەی درێژە وا عەزمی وەتەن وەلا دەنێ
گوێی بە گڕی دڵی منی قاشی برۆی نەداوە قەت
دەس بە کەوانە چاوی و پرچی کەمەن وەلا دەنێ
گێژە سەرم لە سروە چۆن بۆنی دەمت دەبا، کەچی
ڕێ گوزەرت لە چاندنی، میسکی خوتەن وەلا دەنێ
زولفی وەنەوشی وا بە دەم باوە دڵی نەرمی منیش
بێت و بە یادی ئەو نەبێ، عەشقی تەمەن وەلا دەنێ
دڵ بە دیاری روومەتی رۆیی و گیانمی نەبرد
گیان لە هەواری خزمەتی، خزمەتی تەن وەلا دەنێ
کێیە هەموو لەشی نەکا چەشنی بلووری مەی بە دەم
ساقی ئەگەر خڵتە بە دەس سینە لە بەن وەلا دەنێ
سووکی مەبینە ئاوی روم! بێ کەرەمی سرشکی من
هەورە تریشقە بێ گومان دوڕڕی عەدەن وەلا دەنێ
«حافز»ی پەند نەشنەوا خوێنی بە نازی تۆ ڕژا
مەرگی شیاوە هەرکەسێ پیری سوخەن وەلا دەنێ
زولفی ئەگەر قوبوولی کا گۆیە «عومەر» سەری وەکوو
مێشی ژیانی بۆ قەنی چاڵی زەقەن وەلا دەنێ

سرو چمان من چرا میل چمن نمی‌کند
همدم گل نمی‌شود یاد سمن نمی‌کند

دی گله‌ای ز طره‌اش کردم و از سر فسوس
گفت که این سیاه کج گوش به من نمی‌کند

تا دل هرزه‌گرد من رفت به چین زلف او
زان سفر دراز خود عزم وطن نمی‌کند

پیش کمان ابرویش لابه همی‌کنم ولی
گوش کشیده‌است از آن گوش به من نمی‌کند

با همه عطف دامنت آیدم از صبا عجب
کز گذر تو خاک را مشک ختن نمی‌کند

چون ز نسیم می‌شود زلف بنفشه پرشکن
وه که دلم چه یاد از آن عهدشکن نمی‌کند

دل به امید روی او همدم جان نمی‌شود
جان به هوای کوی او خدمت تن نمی‌کند

ساقی سیم ساق من گر همه درد می‌دهد
کیست که تن چو جام می جمله دهن نمی‌کند

دستخوش جفا مکن آب رخم که فیض ابر
بی مدد سرشک من دُرّ عدن نمی‌کند

کشته‌ی غمزه‌ی تو شد حافظ ناشنیده پند
تیغ سزاست هر که را درد سخن نمی‌کند

لە ئەوینی من و تۆ بێ‌هونەران واق و وڕن
گەوهەری من ئەمە بوو ئێوە بە چەندی دەبڕن؟
مەرکەزی جەغزی وجوودن گەلی وەشیار بەڵام
عەشق ئەزانێ کە لە ئەو دایەرەدا شێت و شڕن
روومەتی یار نەتەنیا لە دییەم مانگەشەوە
مانگ و خۆریش بە ئەو ئایەنە هەر گەرم و گوڕن
عەهدی ئێمە و شەکەری لێوی بوتان عەقدی خودان
ئێمە مۆغین و ئەمانەش لە دڵی تار گڕن
بێ مەی و موتریب و بێ فلس و هەوادار و خەمین
خەڵکە! ئەو خەرقە بە جامێکی پڕم لێ بکڕن
چۆن دەگا شەمشە بە خۆرێ کە لە نێو جامی ئەوا
سەد وەکوو یۆسفی میسری لەگەڕی مشت و مڕن
لافی عەشق و گلەکردن لە ئەوین مافی درۆن
عاشقانێکی وەها موستەحەقی قات و قڕن
هەر مەگەر مەکتەبی چاوی رەشی تۆم فێر بکات
ئەگینا مەستی و تەقوا بە سەری ئێمە خڕن
کە بە ئارامگەی ئەرواح بەرێ، با نەفەست
بۆ نیسارت سەری هەستی بە دەسی خۆ دەبڕن
چ بو زاهید لە قسەی «حافز»ی وەشیار نەگات
دێو هەر زیزە لەوەی سینگی لە قورئان پڕن
ئاگەیان ئەر لە دڵی ئێمە ببێ دیدە مەسان
لە گرەو گرتنی بەر ماڵی فلان سەرد و سڕن
دڵی «کۆلیل» ئەگەر سەوزە بە یادی گوڵی رووت
لەشی لاوازی رەش و شینە وەکوو کێوی (خڕ)ن

در نظـــربازی مـــا بی‌خبـــران حیـــرانند
من چنیـــنم که نمـودم دگر ایشـان داننـد
عاقـــلان نقطـــه‌ی پرگـــار وجودنـد ولی
عشـــق داند که در این دایـره سرگردانند
جلـــوه‌گاه رخ او دیـــده‌ی من تنها نیست
مـــاه و خورشیـــد همیـن آینـه می‌گردانند
عهـــد ما با لب شیـــرین‌دهنـــان بست خدا
مـــا همـــه بنـــده و این قـــوم خـداونـــدانند
مفلســـانیم و هـــوای می و مطـــرب داریم
آه اگـــر خـــرقه‌ی پشمین به گرو نستانند
وصـل خورشیـد به شب‌پرّه‌ی اعمی نرسد
که در آن آینـــه صاحب‌نظـــران حیـــرانند
لاف عشق و گله از یار زهـــی لاف دروغ
عشقـــبازان چنـــین مستحـــق هجـــرانند
مگـــرم چشـــم سیـــاه تو بیـــاموزد کار
ور نه مستـوری و مستـی همـه‌کس نتوانند
گر به نزهتگـــه ارواح بـــرد بـــوی تو بـــاد
عقـــل و جـان گوهر هستی به نثار افشانند
زاهـــد ار رندی حافـــظ نکند فهم چه شد
دیـو بگریزد از آن قـوم که قـرآن خوانند
گر شـوند آگه از اندیشـــه‌ی ما مغبچگـان
بعـد از این خرقه‌ی صوفی به گرو نستانند

که یــاران دادەنیشن، تــۆزی غەمبــاری دەتــۆرێنــن
پەری ڕوویــان بە چیــنی هەنیــه سەبری دڵ دەشۆرێنن
بە فتــراقی جەفـــا هەر دڵ کە هەڵـــواسن بەری نادەن
لە سومبــول تــا گرێیـــێ باز ئەکــەن سەد دڵ دەخنکێنن
ئەگـــەر ســـاتێ لەگەڵمـــا نیشتبێتن دەس بە جێ هەستان
نمــامی ئــارەزوو هــەردەم لە دەشتی سیــنه دەڕوێنــن
بە گەوهەر نادەن ئەشکی گۆشەگیران، ئەر ببێ دەرکێ
بەڕاسی گەر سەحەرخێــزان بناسن روومــەت ئەنوێنن
لە چـــاوم لەعلی روممـــانی دەبــارێ، پێکــەنن وەختێ
کــه دەڕوانــن لـه چێــرەم رازی دڵــداری ئەدرکێــنن
ئەوانەی مەڵهــەمی زامی ئەویــن ئاسان و سووک ئەگرن
لە چـــاڵی پووچــەڵی پێچــی خەیـاڵا سەر دەگەوزێنن
وەکوو مەنسووری ســەردارن کەسانێ وا لە سەر دارن
لە پێــی دار و تەنــافی ئێــوە «حافز» بێســەر و شوێنن
رەقیـــبانم بە ئاســـانەت نیـــاز ئێـــنن، کە نــاز ئێـــنن
لــە تێکـــۆشـــانی ئــــاوا، بۆ دەوا گێــژن، دەڕاوێنــن
«عومەر» کاتێ تەنــافی پەرچەمی ئێوەی لە گــەردن بێ
وەکوو قومـری لە خۆشی سومبوڵستــانت هەر ئەخۆێنن

سمن‌بویان غبار غم چو بنشینند بنشانند
پری‌رویان قرار از دل چو بستیزند بستانند

به فتراک جفا دل‌ها چو بربندند بربندند
ز زلف عنبرین جان‌ها چو بگشایند بفشانند

به عمری یک نفس با ما چو بنشینند برخیزند
نهال شوق در خاطر چو برخیزند بنشانند

سرشک گوشه‌گیران را چو دریابند دُر یابند
رخ مهر از سحرخیزان نگردانند اگر دانند

ز چشمم لعل رمانی چو می‌خندند می‌بارند
ز رویم راز پنهانی چو می‌بینند می‌خوانند

دوای درد عاشق را کسی کو سهل پندارد
ز فکر آنان که در تدبیر درمانند در مانند

چو منصور از مراد آنان که بردارند بر دارند
بدین درگاه حافظ را چو می‌خوانند می‌رانند

در این حضرت چو مشتاقان نیاز آرند ناز آرند
که با این درد اگر دربند درمانند درمانند

غولامی نێرگزی مەستت لە تاجدارانن
خراوی ساغەری لێوت لە هۆشیارانن

لە تۆ سەبا، لە من ئەشکی گلار جاسووسە
دەنا کە دلبەر و عاشق لە رازدارانن

لە لابەلای دو زولفت نەزەر کە! کاتی گوزەر
کە چەن لە راس و چەپت چاوی تەزیەبارانن!

بڕۆ بە چەشنی سەبا! بۆ وەنەوشەزار و بزا
کە دەس‌درێژیی زولفت تەنافی یارانن

بەهەشت بۆ مەیە زاهید نە تۆ، دەزانی بۆچ؟
شیاوی عەفوی خواوەن گوناح‌کارانن

نە هەر ئەمن غەزەلی کولمی تۆ دەلێم و بەس
بوێژی باخی گولت قومری و هەزارانن

دەسی ئەمن مەگەر ئەی خزری خۆش‌قەدەم بگری
کە من پیادەم و یاران هەموو سووارانن

بچن لە مەیکەدە روومەت بە ئەرخەوانی کەن
مەڕۆنە تەکیە کە جێگەی ریا تەبارانن

رەها نەبێ دلی «حافز» لە داوی زولفانت!
کە دیلی داوی ئەتۆ بازی رۆژگارانن

بە لەش «عومەر» وەکو زولفی، خەمین و لوولاوە
بە دڵ مەلوولی قەف و لوولی جووتە مارانن

غلام نرگس مست تو تاجدارانند
خراب باده‌ی لعل تو هوشیارانند
تو را صبا و مرا آب دیده شد غماز
وگرنه عاشق و معشوق رازدارانند
ز زیر زلف دوتا چون گذر کنی بنگر
که از یمین و یسارت چه سوگوارانند
گذار کن چو صبا بر بنفشه‌زار و ببین
که از تطاول زلفت چه بی‌قرارانند
نصیب ماست بهشت ای خداشناس برو
که مستحق کرامت گناهکارانند
نه من بر آن گل عارض غزل‌سرایم و بس
که عندلیب تو از هر طرف هزارانند
تو دستگیر شو ای خضر پی خجسته که من
پیاده می‌روم و همرهان سوارانند
بیا به میکده و چهره ارغوانی کن
مرو به صومعه کآنجا سیاه کارانند
خلاص حافظ از آن زلف تابدار مباد
که بستگان کمند تو رستگارانند

ئاخۆ کەسێ لە گوڵ بە نەزەر کیمیا دەکات
لوتفێ بە دڵ لە گۆشەیی چاوێ عەتا دەکات؟
دەردی دەروون وەشارە کە دوکتور بە کەشمە زۆر
خوا چارەسازی کارە، گ دەردێ دەوا دەکات
دلبەر نیقاو پۆشە لە چاوی مە نادیار
هەرکەس بڵێ چ رەنگە حەکایەت لە با دەکات
دوارۆژی خێری هەرکە بە پارێز و هۆش نین
ئەو کارە چاکە، لوتفی ئەوین بۆتی چا دەکات
دڵ شارەزا بە! چونکە لە کاتی هەراجی عەشق
ئەهلی نەزەر مامەڵە لە لای ئاشنا دەکات
ئەورۆ لە ژێری پەردەوە زاهید خەریکە، بەس
هەر پەردە هەڵدراوە هەموو کەس رەها دەکات
پۆلاش بەم هەواڵە بکا ناڵە سەیر نین
عاشق شکایەتی دڵی خۆ خۆش ئەدا دەکات
مەی خۆ! کە سەد گونا بە نهێنی لە تاعەتی
سۆفی، گەلێ رەواترە وەختێ ریا دەکات
بۆنی کراسی یوسفی دڵ دێ وەلێ گەلێ
ترسم لە نابرایە تەماحی کەوا دەکات
مەیخانە جێ مەێڵە لەوێ چونکە ئەهلی دڵ
بۆ تۆ تەمەن بە عەشقەوە، سەرفی دوعا دەکات
دوورم لە چاوی پیسی بەغێلان، بە سەرکە! چون
حاتەم کەرەم بە خاتری لوتفی خودا دەکات
«حافز»! هەمیشە رۆژی وەسڵ دەرفەتی نییە
سوڵتان کە کەم نەزەر بە هەژار و گەدا دەکات
دڵخۆشی عەفوی ئێوەیە «کۆلیل» بێ گومان
هەرکەس لە نەسلی ئادەمە بێشک خەتا دەکات

آنان که خاک را به نظر کیمیا کنند
آیا بود که گوشه‌ی چشمی به ما کنند
دردم نهفته به ز طبیبان مدعی
باشد که از خزانه‌ی غیبم دوا کنند
معشوق چون نقاب ز رخ در نمی‌کشد
هر کس حکایتی به تصور چرا کنند
چون حسن عاقبت نه به رندی و زاهدی‌ست
آن به که کار خود به عنایت رها کنند
بی‌معرفت مباش که در من یزید عشق
اهل نظر معامله با آشنا کنند
حالی درون پرده بسی فتنه می‌رود
تا آن زمان که پرده برافتد چه‌ها کنند
گر سنگ از این حدیث بنالد عجب مدار
صاحب‌دلان حکایت دل خوش ادا کنند
می خور که صد گناه ز اغیار در حجاب
بهتر ز طاعتی که به روی و ریا کنند
پیراهنی که آید از او بوی یوسفم
ترسم برادران غیورش قبا کنند
بگذر به کوی میکده تا زمره‌ی حضور
اوقات خود ز بهر تو صرف دعا کنند
پنهان ز حاسدان به خودم خوان که منعمان
خیر نهان برای رضای خدا کنند
حافظ دوام وصل میسر نمی‌شود
شاهان کم التفات به حال گدا کنند

گەر وەها هەر دڵبەری کەن قەشمەران
دین ئەدا بۆ لاتەری شێخی زەمان

شاگوڵی بەژنت لە هەر جێ دەرکەوێ
شانشینی چاوی مەستی شۆخەکان

ئەی بە باڵا وەک سنەوبەر، خۆش بژێ!
بەر لەوەی تیرت جەمۆ کەن بۆ کەوان

عاشقێ حوکمی بە سەر خۆیا نییە
من غوڵامم ئەمری ئێوەم پێ رەوان

وەک دڵۆپێکم لەبەر چاوا نییە
هاتنی تۆفانی نووحی نەوحەخان

بێتە هەڵپەرکێ کە یارم خەڵکی عەرش
تا قیامەت کەف بە تۆقلەی چەپڵەدان

خەڵکی چاوانم شەلاڵی خوێنە خوێن
کەی، لەکوێ؟دژمن دەسی وا داوەشان

خۆش دەساچێنن لەگەڵ غەم ئەهلی دڵ
ئاوری دووری کە بۆ گاور دەوان

«حافز»!! هەڵکێشە ئاخی نیوەشەو
جامەکەت با ساف بێ چەشنی بەیان

نالە نالی دڵ لە مالی خالی شین
بۆ «عومەر» تا رۆژی مەحشەر کارەبان

شاهدان گر دلبری زین‌سان کنند
زاهدان را رخنه در ایمان کنند

هر کجا آن شاخ نرگس بشکفد
گل‌رخانش دیده نرگس‌دان کنند

ای جوان سروقد گویی ببر
پیش از آن کز قامتت چوگان کنند

عاشقان را بر سر خود حکم نیست
هرچه فرمان تو باشد آن کنند

پیش چشمم کمتر است از قطره‌ای
این حکایت‌ها که از طوفان کنند

یار ما چون گیرد آغاز سماع
قدسیان بر عرش دست افشان کنند

مردم چشمم به خون آغشته شد
در کجا این ظلم بر انسان کنند

خوش برآ با غصه‌ای دل کاهل راز
عیش خوش در بوته‌ی هجران کنند

سر مکش حافظ ز آه نیم شب
تا چو صبحت آینه رخشان کنند

پێـم وت کەیم دو لێـو و دەمت شـادمـان ئەکەن
فەرمـوی کە کـاری واتە، لەگەڵدا بە گیان ئەکـەن
پێـم وت خەراجـی میسرە دەڵێ لێـوەکـەت، بزەم
فەرمـوی کە بەم قـەرارە دو لێوم زیـان ئەکەن
پێـم وت کە کێ بە سیفـری دەمت رێ دەبـا، وتی
ئەم نوختـە نەخت و باسـی گەلی نوختـەزان ئەکەن
پێـم وت کە بتپەرس مەبـە، را بێ لەگـەڵ خـودا!
فەرمـوی لە کۆی ئەوین بە ئـەم و ئەو ژیان ئەکەن
پێـم وت کە عەشقـی مەیکـەدە غـەم لا دەبـا لە دڵ
فەرموی خۆش ئەو کەسـانە دەرون کامەران ئەکەن
پێـم وت شـەراب و خەرقە بە مـەزهەب حـەرامە خۆ
فەرموی عەمـەڵ بە مەکتـەبی پیـری موغان ئەکەن
پێـم وت لە سێـوی لێـوەکەتی پیـر، دەسکـەوێ
فەرمـوی بە مـاچ، هـانی وەکوو تۆ جـووان ئەکەن
پێـم وت چ کات خاجـە وەوی مـاچ ئەکا، وتـی
ئەو کاتـە مانگ و موشتـەری پێکـۆ قسـان ئەکەن
پێـم وت لە نـاخی «حافـز»ە ویـردی دەوامـی ئەو
فەرموی مەلەك لە عەرشەوە وەك تۆ بەیـان ئەکەن
پێـم وت «عومـەر» کەویـرە، دەرون وشکـە بۆ دەمت
فەرموی بەهـاری ئێمـە، حەز لە مێـر گوڵان ئەکەن

گفتم کـی ام دهـان و لبت کامـران کنند

گفتا به چشـم هرچه تو گویی چنان کنـند

گفتم خـراج مصـر طلـب می‌کنـد لبـت

گفتـا در این معاملـه کمتـر زیـان کنـند

گفتم به نقطـه‌ی دهنت خـود که بـرد راه

گفت این حکایتی‌ست که با نکته‌دان کنـند

گفتم صنـم پرست مشو بـا صمـد نشیـن

گفتـا به کوی عشـق هم این و هم آن کنند

گفتم هـوای میکـده غـم می‌بـرد ز دل

گفتا خوش آن کسان که دلی شادمان کنند

گفتم شراب و خرقـه نه آییـن مذهب است

گفت این عمـل به مذهـب پیـر مغان کنند

گفتم ز لعـل نوش لبـان پیـر را چه سـود

گفتـا به بوسـه‌ی شکـرینش جـوان کنـند

گفتم که خواجه کی به سـر حجلـه می‌رود

گفت آن زمان که مشتری و مه قـران کنند

گفتم دعـای دولـت او ورد حافـظ اسـت

گفت این دعـا ملایک هفـت آسمـان کنند

واعیـــزان بۆچـی بە ڕۆژا چەشنـی تیشـکی مینـــبەرن
شـەو کە دادێ نـازکێشی چاوی مەست و قەشمـەرن
کەس وەڵامێـکی نەدامـۆ چی وتم بۆچـی کە شێـخ
تۆبەکـاری زۆرە، خـۆی کەمتـر لە بیـری مەحشەرن
ڕەنگــە باوەڕیـــان نەبێ هەرگیــــز بە ڕۆژی داوەری
ئەم دەغـــەڵکارانە بۆیــێ چـــەت لـە دەغڵـــی داوەرن
خـــوایە بەم نۆکیســە کــەردارانە ســەرداری نــەدەی!
چونکـە سەرمـەست و خـراوی چەن کەرێکـی نۆکەرن
ئەی هەژاری خانەقـــا! مەیخـــانە رووگــەی ئارەزوون
چون لەوێ ئــاوێ ئەدەن، خۆش‌تر لە ئاوی کەوسەرن
حوسنی بێ‌پـایـانی ئـەو هەرچــەن دەکـا تالانــی دڵ
غەیبـیانێ وەک پــەری زینـدوو بە لێـوی دڵبـــەرن
ئەی مەلەک! سوژدەی ئەوین لازم لە دەرکی مەیکەدەن
چـون گڵـی ئـادەم هەویـری عەشقـی بادەی ئەحمەرن
دەم بەیـــان بەزم و هەرایێ خۆش لە عەرشۆ هاتە گوێم
قودسیـان ئەشعـاری «حافـــز»یان لە سینگـا دەفتـــەرن
بۆیــە «کۆلیـــل» و خەمیـنی تـۆی خـواوەن کـردووم
کــوردەواری با نەڵێـن ڕۆمـی ئەویـن بێ‌قەیســەرن

واعظان کاین جلوه در محراب و منبر می‌کنند
چون به خلوت می‌روند آن کار دیگر می‌کنند

مشکلی دارم ز دانشمند مجلس بازپرس
توبه‌فرمایان چرا خود توبه کمتر می‌کنند

گوییا باور نمی‌دارند روز داوری
کاین همه قلب و دغل در کار داور می‌کنند

یا رب این نودولتان را با خر خودشان نشان
کاین همه ناز از غلام ترک و استر می‌کنند

ای گدای خانقه برجه که در دیر مغان
می‌دهند آبی که دل‌ها را توانگر می‌کنند

حسن بی‌پایان او چندان که عاشق می‌کشد
زمره‌ی دیگر به عشق از غیب سر بر می‌کنند

بر در میخانه عشق ای ملک تسبیح گوی
کاندر آن‌جا طینت آدم مخمر می‌کنند

صبحدم از عرش می‌آمد خروشی عقل گفت
قدسیان گویی که شعر حافظ از بر می‌کنند

ئەم دەنگی چەنگ و سازە دەزانی تەویر ئەکەن
نەدیار ئەڵێن کە بادە وەخۆ، مەس ئەسیر ئەکەن
رێگا بە عەشق دەگرن و تالان ئەکەن دەروون
لاوان بە عەیب سەرکوت و پیران زەویر ئەکەن
قەڵبە و پەتک گ رێسی تەشی دەستیانِ و چی
ئێستەش بە مێشکی پووچەڵی خۆ هەر حەریر ئەکەن
ئێژن نە دەم نە گوێ بە، لە رەمزی ئەوینی دڵ
حەوخوانە رازی ئێمە، لە یەک خوانی گیر ئەکەن
ژەنراوە دەرکی دیدار لە کۆڕی نەسەق گران
تا ئەو لەوێوە بۆ مە چ جۆرێ تەویر ئەکەن
بێکار کاتی پیری موغان هەر هەدەر ئەدەن
ئەم سۆفیانە سەیرە کە شۆخی بە پیر ئەکەن!
سەد دڵ بە یەک نەزەر بە غولامی دەبێ وەلێ
شاهێنی ئەو گرانی لە حاسی نەچیر ئەکەن
خێڵێ خەریکی هەوڵە، هیلاکی گەیین بە یار
عێلێ لە چارەنووسی ئەزەل فیکر و بیر ئەکەن
باوەڕ نەکەی دەخیلە بە عەهد و بەڵێنی چەرخ!
ئەم کارخانە تاکو هەتا بێ، تەغیر ئەکەن
مەی خۆوە شێخ و «حافز»و دارۆغە چونکە بۆ
مەکر و ریا و داوە قسەی ماس و شیر ئەکەن
«کۆلیل» ئەشا! کە چەرخی فەلەک چۆنە دەورەکەی
بۆ گێل چەندە سافە چ لێڵی بە ژیر ئەکەن

دانـــی که چنگ و عــود چه تقریر می کنند
پنهـــان خوریـــد بـــاده که تعــزیر می کنند
نامــوس عشــق و رونــق عشـــاق می‌برنـــد
عیـب جـــوان و سرزنـــش پیـــر می کنـــند
جز قلب تیـــره هیچ نشـــد حاصـــل و هنوز
باطـــل در این خیـــال که اکسیـــر می کنـــند
گوینـــد رمـــز عشق مگوییـــد و مشنـــوید
مشکـــل حکایتی‌ست که تقـــریر می کنـــند
مـــا از بـــرون در شـــده مغـــرور صد فـــریب
تـــا خـــود درون پـــرده چه تدبیـــر می کنـــند
تشـــویش وقت پیـــر مغـــان می‌دهنـــد بـــاز
این سالکـــان نگـــر که چه بـــا پیـــر می کنـــند
صد ملک دل به نیـــم نظـــر می‌توان خریـــد
خوبـــان در این معـــاملـــه تقصیر می کنـــند
قومی به جـد و جهـد نهـــادند وصل دوست
قـــومـــی دگـــر حوالـــه به تقـــدیر می کنـــند
فی‌الجملـــه اعتمـــاد مکن بر ثبـــات دهـــر
کـــاین کارخانه‌ای‌ست که تغییر می کنـــند
می خور که شیخ و حافظ و مفتی و محتسب
چون نیـــک بنگری همـــه تزویـــر می کنـــند

شەراوی خالیس و ساقی دو بەندی خۆش هەدەفن
که هەر بلیمەتی دونیا لە داویان کەنەفن
ئەگەرچی عاشقی مەست و لە ڕێگە لاری منم
هەزار شوکری خودا شارەراسەکەی لە سەفن
جەفا لە ڕێڕەوی دەروێشی ئێوەدا نییە قەت
دە تێکە جامی شەرابت! کە شێخ بێتەرەفن
بە سووک مەگرە هەژاری ئەوین کە سوڵتانی
بە بێ کڵاو و کەمەربەند و خوسرەوی شەرەفن
لە خۆ بە زێوەر و زەڕ دەرمەچۆ ئەجەل کە بگا
هەزار گەوهەر و دوڕ قیمەتی لەتێ خەزەفن
ڕەوا مەبینە جەفا چون هەموو کەس‌وکارت
دەچن، کە سەڵتەنەتی دڵبەری، بەدەر لە کەفن
غوڵامی هیممەتی ئەو خڵتەنۆشە یەکڕەنگەم
کە لا، لە دڵڕەش و شینپۆشەکانی بێسەدەفن
مەچۆ بە مەیکەدە زاهید! مەگەر بە مەرجی ئەدەب
کە ڕێڕەوانی ئەوێ مەحرەمانی (لا تَخَف)ـن
گەلێ گرینگە ئەوین «حافز»! دە سا مەدەدێ
کە عاشقان دەبەسن ڕێ لە هەرکە ناخەلەفن
«عومەر»! هەتا فەلەکی شین دەبێ ئەمانە دەبن
بە زاری ڕەش لە گەل و گوڵ، لە عەشقی دڵ ئەگەفن

شراب بی‌غش و ساقی خوش دو دام رهند
که زیرکان جهان از کمندشان نرهند

من ار چه عاشقم و رند و مست و نامه سیاه
هزار شکر که یاران شهر بی گنهند

جفا نه پیشه‌ی درویشی‌ست و راهروی
بیار باده که این سالکان نه مرد رهند

مبین حقیر گدایان عشق را کاین قوم
شهان بی کمر و خسروان بی کُلهند

به هوش باش که هنگام باد استغنا
هزار خرمن طاعت به نیم جو ننهند

مکن که کوکبه‌ی دلبری شکسته شود
چو بندگان بگریزند و چاکران بجهند

غلام همت دُردی کشان یکرنگم
نه آن گروه که ازرق لباس و دل سیهند

قدم منه به خرابات جز به شرط ادب
که سالکان درش محرمان پادشهند

جناب عشق بلند است همتی حافظ
که عاشقان ره بی‌همتان به خود ندهند

کـاتی ئاخۆ کەیە مەیخـانە، سەبـا! بـاز کەنۆ
بە لـەز ئەو کۆڵـە گرێیـەم، لە دڵا بـاز کەنۆ؟
ئەگـەر ئەم بەسـتـنە بۆ زاهیـدی خۆبینە، دەبێ
دڵی هیـوا بە بەزە و لوتفـی خـودا بـاز کەنۆ
بە شقی سینگی گەلی مەستانی سەحەر، زۆر نییە
قوفڵـی ئەو دەرکە بە ئیعجازی دوعا بـاز کەنۆ
تاسـەنامەی رەشی مەسـتـانە بنووسن لە شـەراب
بـادەنۆشـان لە گرێ، زولف هەتـا بـاز کەنۆ
پەلکەیی چەنگ بە هۆی مەرگی کچی رەز ببڕن
تا حەریفـان شەتی خوێنین بە چەمـا بـاز کەنۆ
ژەندیـان دەرکی خەرابـات هەڵێنەگری خـودا!
کە دوکانی کەرەسـەی فێـڵ و ریا بـاز کەنۆ
«حافز»! ئەم خەرقەیە پۆشاتە سبەی دەردەکـەوێ
کـە چ خاجێـکە بە تۆ، بێتو عـەبا بـاز کەنۆ
«عومـەر»! ئەوڕۆکە درۆ، مەکر و ریا، پڕبـرەوە
زوو بە زووا! چووکە دوکانێکی وەها بـاز کەنۆ

بود آیـــا که در میکـــده‌ها بگشاینـــد
گـــره از کـــار فروبستـــه‌ی ما بگشایند

اگر از بهـر دل زاهـــد خودبین بستـــند
دل قـــوی دار که از بهر خـدا بگشایند

به صفـــای دل رندان صبـوحی‌زدگـان
بس در بسته به مفتـــاح دعـا بگشـــایند

نامـــه‌ی تعـــزیت دختـــر رز بنویسیـد
تا همـــه مغبچگـــان زلف دوتا بگشایند

گیسوی چنگ ببـرید به مرگ می ناب
تا حریفـان همه خون از مژه‌ها بگشـایند

در میخـــانه ببستـــند خـــدایـــا مپسنـد
که در خـــانه‌ی تزویـــر و ریا بگشاینـد

حافظ این خرقه که داری تو ببینی فردا
که چه زنّـــار ز زیرش به دَغـــا بگشایند

تەمەن و دەفتەری ژینم لە خەتی مەیدا بوو
پیری مەیخانە وەها مەشقمی بۆ دا دابوو
مەدەدی پیری خەراباتە بە کۆڕی مەستان
ناشرینی عەمەڵی ئێمە کە بەو شیوا بوو
دەفتەری فەزڵ و هونەر، پاکی بە مەی پاگۆ کەن!
چونکە ئەو چەرخە دژی عالەمی دڵزانا بوو
نمەکی لێو ئەگە جوان‌بینی لە شۆخان بخە دەس!
ئەمە پەندی کەسی زانا، لە ژیان ئاگا بوو
دڵ دەسووڕا وەکو پەرگار بە دەوری خۆیا
وە لە ئەو جەغزەیە سەرگەشتە لە سەر تا پا بوو
بە غەمی یارەوە نەیچی لە هەوایێکی ئەژەند
کە هەموو ژیر و بزان خوێن لە دییەی چۆڕابوو
هەر وەکوو گوڵ دەگەشامۆ لە قەراخ و دەمی جۆ
سێبەری سەروی تەڕی تا لە سەرم بالا بوو
پیری رووسوور ئەگەرم ئیزنی دەبوو شەرحم ئەدا
دڵی شین‌پۆش چەنێ پیس لە شەو ئالا بوو
بە سکەی رووکەشی «حافز» نییە رازی، ئازیز
چون سەبارەت بە مسی زێڕنوێن بینا بوو
کەی وتم لایەقی تۆ نەختی دڵی «کۆلیل»ـە
من دەڵێم لاقەکولەم بۆ دییەنت هێنابوو

سـال‌ها دفتـر مـا در گـرو صهبـا بـود
رونـق میکـده از درس و دعـای مـا بـود

نیکـی پیـر مغـان بیـن که چو ما بـدمستان
هـرچه کـردیم به چشـم کرمش زیبـا بـود

دفتـر دانـش مـا جمـله بشوییـد بـه مـی
که فلـک دیـدم و در قصـد دل دانـا بـود

از بتـان آن طـلب ار حسـن‌شناسی ای دل
کـاین کسی گفت که در علـم نظر بیـنا بـود

دل چو پرگـار به هـر سو دورانی می‌کرد
وانـدر آن دایـره سرگشتـه‌ی پابرجا بـود

مطـرب از درد محبت عملـی می‌پرداخت
که حکیمـان جهـان را مـژه خون‌پالا بـود

می‌شکفتم ز طرب زان که چو گل بر لب جوی
بر سـرم سـایه‌ی آن سـرو سهـی‌بالا بـود

پیـر گلـرنگ من انـدر حق ازرق پوشـان
رخصت خبث نـداد ار نـه حکـایت‌ها بـود

قلب انـدوده‌ی حافـظ بر او خـرج نشد
کـاین معـامل به همـه‌ی عیب نهان بیـنا بـود

خۆزگە بەو ڕۆژە نهێنی بە منت بوو نەزەرێ
بوو لە هەنیەم لە ئەوینی خەت و خاڵت ئەسەرێ
خۆزگە بەو ڕۆژە بە چاوی هەڕەشەی تا دەمیکوشت
لێوی عیسا لە دەمی ژینی دەدامێ شەکەرێ
خۆزگە بەو ڕۆژە لە گۆوەندی گوڵ و بۆلبولی دڵ
هەر خودا بوون و من و دڵبەر و بادە و سەحەرێ
خۆش زەمانێ گوڵی کێشابو شەمی روومەتی تۆ
بۆ پەپوولەی دڵی بێباکم و مەشقی هونەرێ
خۆزگە بەو ڕۆژە لە کۆڕی ئەدەب و بووکی حەیا
جێ لە ساغەر نەبو مەستانە کەنینێ لە سەرێ
خۆش زەمانێ لە قەدەح پێدەکەنی کیژی شەراب
بوو لە بەینی من و لێوت بەر و بۆی چەن گوهەرێ
خۆزگە بەو ڕۆژە کە عەزمی سەفەرت بوو لە سەرا
مانگی نۆ دەبووە وزەنگی بە حەزی هەمسەفەرێ
خۆزگە بەو ڕۆژە کە سەرخۆشی دەری مەیکەدە بووم
چم کەم ئەورۆ لە مزەوتن، نەبو لەو جێ خەبەرێ
خۆزگە بەو ڕۆژە کە «حافز» بە سەلیقەی دڵی تۆ
گەوهەری شیعری لە چاوانە دەهێنایە دەرێ
خۆزگە دووبارە لە پای (کوچکە موراد)ا «عومەر»ت
بە خەویش ئەر بووە دەیبوو لە جەماڵت نەزەرێ

یـــاد باد آن‌کـــه نهـــانت نظـــری با مـــا بود
رقـــم مهـــر تو بر چهـــره‌ی مـا پیـــدا بود
یـــاد باد آن‌که چو چشمت به عتابم می‌کشت
معجـــز عیسـویـت در لب شکـرخـا بـود
یـــاد باد آن‌که صبـوحی زده در مجلس انس
جـــز مـن و یـار نبـودیم و خـــدا با ما بود
یـــاد باد آن‌که رخت شمع طرب می‌افروخت
ویـن دل سوختـــه پروانـــه‌ی نـــاپروا بـود
یـــاد باد آن‌که در آن بزمگـــه خلـق و ادب
آن‌کـــه او خنـــده‌ی مستـــانه زدی صهبا بود
یـــاد باد آن که چو یاقوت قـدح خنده زدی
در میـــان من و لعـل تـو حکـــایت‌ها بـود
یـــاد باد آن‌که نگـــارم چو کمـــر بـربستی
در رکـــابش مـه نـو پیـک جهـــان‌پیمـا بود
یـــاد باد آن‌که خرابـات‌نشیـن بودم و مست
وآن‌چه در مسجـدم امروز کم است آن‌جا بود
یـــاد باد آن‌که به اصـلاح شمـا می‌شد راست
نظـم هـر گوهـر ناسفتـــه که حافـظ را بود

تا لە بەینــی دڵ و مەیخـــانە و مـەی مــاوە ژووان
ســەری تەعزیمی من و خاکی دەری پیـری موغـان
حەڵقە لە گوێی هەوەڵین ڕۆژی ئەوم، ئێستەش ئەڵێم
لە ســەر ئەو باوەڕە تـا ڕۆژی حەشـر دێمـە مەیـان
کە بە گڵکۆی ئەمنت بوو گـوزەرێ رووکــە لە دڵ!
چونکە کـابەی گەلـی رەنـدانە لە سەر تۆپی جەهـان
وس بە ئەی زاهیدی زل کوێر و نەسەق زل! چ دەڵێی
لەشی بێــدڵ خەبــەری چۆنە لە بێنـام و نیشـــان
جوانی عاشق کوژم ئەورۆ کە روخی مەستی نووانــد
تـا بزانیـن لە چـاوی چ کەسێ خوێنــە رەوان
چاوم ئەو کــاتە بە عەشقت کە لە گـۆڕایە ســەری
تـا دەمی ڕۆژی قیـــامەت بە تەمــایە و نیگــەران
بەختی «حافــز» کە بە ئەم شێــوە بکا کۆمــەکی دڵ
زولفـی دلبــەر دەشێــتۆ بە هەنـاسەی دیگــەران
مەکتەبی زولفی رەشی تۆی بە دڵــە، بۆیە «عومــەر»
عاشقــێ کەوتــە لە بــەر پێـــتە هەتـا ڕۆژی نەمــان

تا ز میخانه و می نام و نشان خواهد بود
سر ما خاک ره پیر مغان خواهد بود
حلقه‌ی پیر مغان از ازلم در گوش است
بر همانیم که بودیم و همان خواهد بود
بر سر تربت ما چون گذری همت خواه
که زیارتگه رندان جهان خواهد بود
برو ای زاهد خودبین که ز چشم من و تو
راز این پرده نهان است و نهان خواهد بود
ترک عاشق کش من مست برون رفت امروز
تا دگر خون که از دیده روان خواهد بود
چشمم آن دم که ز شوق تو نهد سر به لحد
تا دم صبح قیامت نگران خواهد بود
بخت حافظ گر از این گونه مدد خواهد کرد
زلف معشوقه به دست دگران خواهد بود

مەیلی جارانت بە یاران سەر لە ئەوڕۆ سەرتروو
شۆرەتی لوتفت لەگەڵمانا گەلێ مەحشەرتروو
باسی دڵداری لە کۆڕی عاشقان یادی بەخێر
خۆزگە بەو کاتەی کە لێوت پڕ قەن و شەککەرتروو
بەر لەوەی ئەم میچە سەوز و شینە راکێشن لە ژوور
چاوی من تاقی برۆی گیانانی خۆش مەنزەرتروو
هەر هەوەڵ ڕۆژی ئەزەڵ تا دواشەوی ژینگەی ئەبەد
خۆشەویستیی یار و پەیمان و بەڵێن سەروەرتروو
سێبەری دڵبەر کە چەتری کەوتە سەر عاشق چ بوو
ئەو لە دیوانی غەزەڵدا چون لە ئەم هۆنەرتروو
گەرچی تالانی دڵ و دینی دەکردم چاوی یار
باز من وەسفی خەدەی جوانی ئەوم پێ سەرتروو
نوکتەیێکی پێ وتم شێتێ لە بەر ئەرکی شەها
چوومە سەر هەر سفرەیێ دیم خوانی خوایی بەرتروو
گەرچی تەزوێحت چراوۆ زاهیدا بمبوورە! چون
دەستی مەیگێرم لە دەس بوو، ئەو لە تۆ قەشمەرتروو
گەر شەوی قەدرم سەحەر، نۆشیوە مەی مەنعم مەکەن!
یاری مەستم حازر و جامێکی مەی حازرتروو
شیعری «حافز» ئەودەمەی ئادەم بەهەشتی پێ درا
بۆ گوڵ و نەسرین لە سروەی بەربەیان یاوەرتروو
(ئەشعەری) شەرحی ئوسووڵی مەتنی بالاتی نەکرد
گەنجول ئەشعاری «عومەر» لەو بەژنەدا ئەشعەرتروو

پیش از اینت بیش از این اندیشه‌ی عشاق بود
مهرورزی تو با ما شهره‌ی آفاق بود

یاد باد آن صحبت شب‌ها که با نوشین‌لبان
بحث سرّ عشق و ذکر حلقه‌ی عشاق بود

پیش از این کاین سقف سبز و طاق مینا بر کشند
منظر چشم مرا ابروی جانان طاق بود

از دم صبح ازل تا آخر شام ابد
دوستی و مهر بر یک عهد و یک میثاق بود

سایه‌ی معشوق اگر افتاد بر عاشق چه شد
ما به او محتاج بودیم او به ما مشتاق بود

حسن مه‌رویان مجلس گرچه دل می‌برد و دین
بحث ما در لطف طبع و خوبی اخلاق بود

بر در شاهم گدایی نکته‌ای در کار کرد
گفت بر هر خوان که بنشستم خدا رزاق بود

رشته‌ی تسبیح اگر بگسست معذورم بدار
دستم اندر دامن ساقی سیمین ساق بود

در شب قدر ار صبوحی کرده‌ام عیبم مکن
سرخوش آمد یار و جامی بر کنار طاق بود

شعر حافظ در زمان آدم اندر باغ خلد
دفتر نسرین و گل را زینت اوراق بود

خۆزگــە بەو ڕۆژە لە کۆی ئێــوە دڵــم حاسڵــی بوو
چــاو بە سورمە و کلی ژێر پــاتەوە نووری دڵــی بوو
بێ‌ریا، پاك، بەهۆی هەمدەمی وەك سۆسەن و گوڵ
لە دڵـت چــی بـو، لەسـەر زاری ئەمـن مەنـزڵی بوو
کە قسـەی عەقڵـی دەگێـڕایەوە دڵ بۆ ئـەم و ئـەو
کۆمەکی عەشقی لەبەر بوو ئەگە خۆی موشکڵی بوو
دەس‌درێــژی فەلـەك و تۆڕ و کەڵـەك پڕ لە دڵم
وەی لە ئەو حەسـرەتە بۆ کۆڕ و گـەلی عاقڵی بوو
دڵ بەڵێنــی بە ژیــان دابــو کە بێ‌دۆس نـەژێت
چی‌دەکــرێ کە خەبــاتی مـن و دڵ مێملــی بوو
دوێنــەشەو چوومە خەرابات بەهـۆی چاوت و دیم
کووپە مـەی پا لە گـڵ و خوێنـی دڵی مۆکڵـی بوو
فــرە داچـوم کە بزانـم چیـیە هـۆی ئێشی فیــراق
ســەری زانــا بە نەزانیــن نـەزەرێ کاملــی بوو
کلکــەوانەی دەســی پیــرۆزەیی پیـرۆزی ئـەوین
خۆش درەوشـایەوە ئەممــا تەمـــەنی شــاگوڵی بوو
دیتــە قەسپـەی کەوی دەنگ‌خۆش و خەرامان چلۆن
«خاجـە»! پەنجـەی دڕی شـاهێنی بـەڵا ماتڵـی بوو؟!
بەختــی «کۆلیــل» دەبێ دەس لە ملــی مەیلــی نەبێ
ئەو کە بەژنێ کەڵەگەت ئەم قەد و دەستێ کوڵی بوو

یـــاد باد آن‌که سـر کـوی تـوام منزل بود
دیــده را روشنی از خــاک درت حاصل بود
راست چون سوسن و گل از اثر صحبت پاک
بر زبـــان بود مــرا آن‌چه تـو را در دل بـود
دل چو از پیـر خـرد نقل معـانی می‌کرد
عشق می‌گفت به شرح آن‌چه بر او مشکل بود
آه از آن جور و تطاول که در این دامگه است
آه از آن سوز و نیـازی که در آن محفل بود
در دلـم بود که بـی‌دوست نباشـم هرگـز
چه تـوان کرد که سعـی من و دل باطـل بود
دوش بر یـــاد حریفـان به خرابـات شدم
خـم مـی دیدم خون در دل و پا در گل بود
بس بگشتـم که بپرسـم سبب درد فـراق
مفتـی عقـل در این مسئلـه لایعقـل بود
راستـی خاتـم فیـروزه‌ی بواسحـاقی
خوش درخشیـد ولی دولت مستعجـل بود
دیـدی آن قهـقهـه‌ی کبک خرامـان حافظ
که ز سرپنجـه‌ی شاهین قضـا غافـل بود

دڵ بلووقی سەفـــەری عەشقـــی لە پێـــدا چەمـەرە
جەوری تۆشی کە لە سـەر بێ لە وزەی ئەو بەدەرە
نە جەفـــاشێـوەیە لێـوت نە شیـــاوی دەمی تـۆن
ئەو شتـــانەی کە لە رێبـــازی وەفـــادا خەتـــەرە
سپی ئەو چـــاوە کە گریانی ئەوین کوێـری نەکا
شەوەزەنگ ئەو دڵە خاڵی لە شەمی عەشقی سەرە!
سێـــبەری زولفی رەشـی دەوڵەت و سامانە لە سەر
قـــەل و قـــالاو لە شـــابالی هومـــا بێخەبـــەرە
مەکە لۆمـــەم! لەوە هـــاتوومەتە کۆی پیری موغان
خانـــەقا، شێخ دەڵـــێ پڕ لە سـەری بێسـەمەرە
دڵی پـــاکت کە نەبێ کـــابە و بوتـــخانە یەکـن
بەرەکـــەت نیـــن لە دڵێکـــا چەپەڵ و کەچنـەزەرە
«حافز»! ئەوڕۆکە لەسەر تەختی، لە ئەرکی حـەرەما
تاجـی عیلم و ئەدەبت چون وەکو شاهان لە سـەرە
هونـەر ئێستـاکە لە کـۆی بێهونـەران وا لە گرێو
بۆیە «کۆلیـل»ـی هونەرمـــەندی سەقـز بێهونـەرە

خستگان را چو طلب باشـد و قوت نبـود
گر تو بیـــداد کنی شــرط مروت نبــود
ما جفـــا از تو ندیدیم و تو خود نپسندی
آن‌چه در مذهب اربـــاب طریقت نبــود
خیره آن دیده که آبش نبرد گریه‌ی عشق
تیــره آن دل که در او شمع محبت نبــود
دولت از مرغ همـــایون طلب و سایه‌ی او
زان‌که با زاغ و زغـن شهـپر دولت نبــود
گر مدد خواستم از پیـر مغان عیب مکن
شیخ ما گفت که در صومعه همت نبــود
چون طهارت نبود کعبه و بتخانه یکی‌ست
نبود خیـر در آن خـانه که عصمت نبــود
حافظا علم و ادب ورز که در مجلس شاه
هر که را نیست ادب لایـق صحبت نبــود

کوشتنی گیانی شەکەت قسمەتی شەوتیـری نەبوو
دڵی بێمیهری دەنـا رەحمـی بە نێچیـری نەبوو
چۆن لە زەنجیـرەیی زولفت منی شـەیدا وەدەرێم
کە وەكو ئەو پەرچەمە شێتێ غوڵ و زەنجیری نەبوو
خوایە ئەو گەوهەری ئاوێنەیی روخسـارییە چین
کە لەوا هـەوری هەناســەم دەمی تەئسیـری نەبوو
مەکە مەنعـم کە لە مزگـەوتەوە بۆ مەیکەدە چووم!
چون شنـاسا بە دەمـی ئێـوە، ئەوێ پیـری نەبوو
نازەنیـن‌تر لە چەمـەن گوڵ وەکـو بەژنت نەڕووا
نمـــەکین‌تر وەکـو تۆ، ژینگە لە تەسویری نەبوو
تا هەمیسان وەکـو سروەت سەحەرێ بێمە حوزوور
دوێنەشـــەو سیـنە مەگەر ناڵەیی شەوگیری نەبوو
سۆزت ئەی ئـاوری هیجـران! لە دڵـم ئەونـە جەمە
غەیری سووتانی وەکوو شەم سەری تەدبیری نەبوو
ئایـــەتێ بوو غەمـی تۆ، بۆ دڵی «حافز» لە غەزەب
ئەوکەسـەی دیتمـی ئەڵبەتتە کە تەفسیـری نەبوو
دڵی ئاوارەیی «کۆلیـل» ئەوەن خوێنـــی رژانـد
دەستی لوقمـانی غـەزەڵ قودرەتی تەعمیری نەبوو

قتـل این خستـه به شمـشیر تو تقـدیر نبـود
ور نه هیـچ از دل بی‌رحـم تو تقصیـر نبـود
من دیـوانه چو زلف تـو رهـا می کـردم
هیـچ لایـق‌ترم از حلقـه‌ی زنجیـر نبـود
یـا رب این آینـه‌ی حسن چه جوهـر دارد
کـه در او آه مـرا قـوت تأثیـر نبـود
سـر ز حسـرت به در میکـده‌ها برگردم
چون شناسای تو در صومعه یک پیـر نبـود
نازنیـن‌تر ز قـدت در چمـن نـاز نرست
خوش‌تر از نقـش تو در عـالم تصویـر نبـود
تا مگر همچـو صبـا بـاز به کوی تو رسم
حاصـلم دوش بجـز نالـه‌ی شبگیـر نبـود
آن کشیدم ز تو ای آتش هجـران که چو شمع
جز فنـای خـودم از دست تو تدبیـر نبـود
آیتـی بـود عـذاب انده حافـظ بی تـو
که بر هیـچ کسـش حـاجت تفسیـر نبـود

باسی کۆڕی شەوی پێشوو بە خەمی مووتەوە بوو
تا دڵی شەو قسە لەرزانە بە گێسووتەوە بوو
شەتی خوێنینی مژۆڵت لە دڵم کرد و کەچی
دڵ لە نێو ماڵی کەوان، تاقی برۆی جووتەوە بوو
سروە خوا کۆمەکی خێری! کە لە کۆی دۆسەوە هات
غەیری ئەو هەرکەسی تر قوفڵی بە یاقووتەوە بوو
خەبەرێکی نەبو دونیا لە شەڕ و شۆڕی ئەوین
شەڕی عالەم بە کریشمەی گوڵی جادووتەوە بوو
دڵی ئاوارە بەدەر بوو لە گەڕی بەند و کەمەن
داوی ڕێگەی بە گرێی پەرچەمی هێندووتەوە بوو
هاتە دەر دڵ لە قەفەس، دوگمە ترازا لە کەوات
ئاخر ئەو گیانی بە کۆی سینگی سپی و رووتەوە بوو
وەرە سەر توربەتی «حافز» بە بەڵێنێکی کە دات
چونکە تا مەرگی بە ئاواتی گوڵی رووتەوە بوو
خەو بە چاوی دڵی «کۆلیل» نەچوو قەت لە ژیان
ڕۆژ و شەو هۆشی بە دوو چاوی خەواڵووتەوە بوو

دوش در حلقه‌ی ما قصه‌ی گیسوی تو بود

تا دل شب سخن از سلسله‌ی موی تو بود

دل که از ناوک مژگان تو در خون می گشت

باز مشتاق کمانخانه‌ی ابروی تو بود

هم عفاالله صبا کز تو پیامی می‌داد

ور نه در کس نرسیدیم که از کوی تو بود

عالم از شور و شر عشق خبر هیچ نداشت

فتنه‌انگیز جهان غمزه‌ی جادوی تو بود

من سرگشته هم از اهل سلامت بودم

دام راهم شکن طرّه‌ی هندوی تو بود

بگشا بند قبا تا بگشاید دل من

که گشادی که مرا بود ز پهلوی تو بود

به وفای تو که بر تربت حافظ بگذر

کز جهان می‌شد و در آرزوی روی تو بود

دوێنەشـــەو زیز دەهـــات و رقی هەستـا بوو ئەویـن
خوایــە لە کوێی‌تری گڕ دابـو دڵێ زار و غەمیـن!
رەمزی ئاشـــق کوژی و رەسمی شڵێــژاندنی شـــار
پڕ بە بەژنی ئـەوی دوورانـدبو خەییـاتی بەریـن
گوڵی دابوو بە شـەمی روومەتی، پێی وابوو هەمـوو
ئێمـە ئەسپـەننەری سەر ئاگـری روخســاری ئەوین
هەرچـەن ئەیوت بە روواڵـەت کە بە زارت دەکوژم
نـەزەرێکـــی لە دڵـــۆ بـوو بە دڵـــی پڕ لە بریـــن
رێی بە دین گرتبوو زولفی شەوی ئەو دڵڕەقـە وەک
هەڵێـــگرسانبو سکڵ و گـڕی سـەر کولمی بەتیـن
دڵ گەلێ خوێنی دەسێـنابو، دییـەم پـــاکی رژاند!
خوایــە کێ کـردی و کێ بردی لە سەر تۆپی زەمین!
یـــار مەفــــرۆشە بە دینـــار کە قــازانجی نەکـرد
یۆسفـی ئەو کەسـە گـۆڕاوە بە قۆشـەی حەڵـەبین
خــۆش بە «حافز» وتی ئەم خەرقــە برۆ گڕ بـدە زووا!
ئەم دەغــەڵناسییە چۆن فێـر بووە یارەب گوڵی ژین
زێـــڕی ناخــالیسی ئەم خێـــڵە بەغێـــڵەش بە منـن
بۆیە «کۆلیـــل»ـم و جێمــاو لە عێـلی مـەم و زیـن

دوش می‌آمـــد و رخســـاره برافروختـــه بود

تا کجـــا بـــاز دل غمـــزده‌ای سوخته بود

رسم عـــاشق کشی و شیـــوه‌ی شهرآشـــوبی

جامـــه‌ای بود که بر قـــامت او دوختـــه بود

جـــان عشـــاق سپـــند رخ خود می‌دانست

و آتش چهـــره بـــدین کار برافـــروخته بود

گرچـــه می گفت که زارت بکشم می‌دیـــدم

که نهـــانش نظـــری با من دل‌سوختـــه بود

کفـــر زلفش ره دین می‌زد و آن سنگیـــن‌دل

در پـــی‌اش مشعلـــی از چهره برافروختـــه بود

دل بسی خون به کف آورد ولی دیده بریخت

الله الله که تلـــف کـــرد و که اندوختـــه بود

یـــار مفروش به دنیـــا که بسی سود نکرد

آن که یوسف به زر ناســـره بفروختـــه بود

گفت و خوش گفت برو خرقه بسوزان حافظ

یـــا رب این قلب‌شناسی ز کـــه آموختـه بود

یەک دو جـــامێکم بەیـــانی دوێنــە بۆ ڕێ کەوتبـــوو
وەک شـــەرابی لێـــوی ساقیـم پڕ بە دڵ پێ کەوتبـــوو
دڵبـــەری گەنجـی بە مەستی ئارەزوم بوو وەرگەڕێ
چون تەڵاقـی سێبـــەسێ بوو تـازە هەر سێ کەوتبوو
هـــەر مەقـــامێکم لە عەشقـــا پشکنیـــبێ عاقیـــبەت
دیـــم لە دەرکی هەر دڵێـــکا یەک مـەراقێ کەوتبوو
ڕێـــڕەوی عەشقـــم، پەیاپەی بێـــنە ساقی جامەکەت!
هەرکە عاشـــق بوو بە دەم، لەم ڕێگە بێ پێ کەوتبوو
خۆش خەوێکم دیوە شەو، مزگێنیێ ئەی خەوبژێـر!
دیـم کە ڕۆژی ڕون لەگەڵـمـا هـاودراوسێ کەوتبوو
هەرچی هەوڵـمـدا لە دەستی چـاوی بچمە گۆشەیێ
تاقـــەتی سەبـــرم لە ســـەر تـــاقی برۆی جێ کەوتبوو
خـــاوەنی شان و شکۆی دین، گەر نەبوو با شاهـی من
کـــاری ئاییـــن و وڵات ئاخـــۆ بـــەرەو کوێ کەوتبوو
ئەو دەمـــەی «حافز» کە شیعـــری وا پەرێشانی دەوت
بـــاڵی ئەفکـــاری بە داوی ئـــارەزوو تێـــکەوتبوو
هۆشی کاڵ و کرچی من «کۆلیل»ـی پرچی کاڵی بوو
چونکە دڵ زووتر بە جەعزی زولفی کاڵـــێ کەوتبوو

یک دو جــامم دی سحــر گه اتفــاق افتــاده بود

وز لب ســاقی شــرابم در مــذاق افتــاده بود

از ســر مستــی دگر با شــاهد عهــد شبــاب

رجعتی می‌خواستــم لیکــن طــلاق افتــاده بود

در مقــامات طریقت هر کجــا کردیــم سیــر

عــافیت را با نظــربازی فــراق افتــاده بود

ساقیــا جــام دمــادم ده که در سیــر طــریق

هر که عاشــق وش نیــامد در نفــاق افتــاده بود

ای معبــر مژده‌ای فرمــا که دوشــم آفتــاب

در شکــرخواب صبــوحی هم وثــاق افتــاده بود

نقش می‌بستم که گیــرم گوشه‌ای زان چشم مست

طــاقت و صبــر از خم ابروش طــاق افتــاده بود

گر نکردی نصــرت دین شــاه یحیی از کــرم

کــار ملک و دین ز نظــم و اتّســاق افتــاده بود

حافــظ آن ساعت که این نظم پریشــان می‌نوشت

طــایر فکــرش به دام اشتــیاق افتــاده بود

ئێستـــەش ئەو دڵمە شـــەمی عەشقی نەهـــانێکە کەبوو
سینە سەنـدووقـی حـەز و میهـری جـووانێکە کە بوو
عـــــاشقی ئێـــوە لە پـاکــــانی ئەمـــانەتـــداره
چـــاو بە فـرمێسک و دەرون پـڕ لە غەمانێـکە کە بوو
هەر ســـەبا شـــایەتە بۆ ئێمە کە شـــەو تآ بە سەحـــەر
عەتـری زولفت نەفــەس و هـاودەمی گیانێکە کە بوو
لەعل و گەوهەر نییە کڕیاری، دەنا خۆر وەکـو خۆی
لە گـەروی بـەردی رەقـا گەوهـەره کانێـکە کە بوو
دیتـنـــی لازمـە کـوژراوی کریشمـــەت، وەره چـــون
دڵــــی بێـــچاره هەمـــان دڵنیـــگەرانێکە کە بوو
رەنگی خوێنی گەشـــی ئێمـــەی دەسڕی یار، بەڵام
وەکـو جـــاران لە گـوڵـــی لێـــوی، نیشانێکە کە بوو
وتم ئیـــتر نیـــیە چـــاوی رەشـی رێگـــر بە کەســـێ
ساڵـــــەها رۆیـــی و ئەو دەس بە کەوانێـــکە کە بوو
«حافـــز»!! بێـــژه کە فرمێســـکی رەوانـت لـە چییـــە
تـــا بزانـــــن کە هـەر ئـــەو ئـــاوی رەوانێکە کە بوو
دڵـــی بێـــژنگ وەکـــوو سیـــنەیی «کۆلیـــــل» نەبێ
تیــــری برژانگـی هەر ئەو نووکـە سەنـــانێکە کە بوو

گوهر مخزن اسرار همان است که بود
حقه‌ی مهر بدان مهر و نشان است که بود

عاشقان زمره‌ی ارباب امانت باشند
لاجرم چشم گهربار همان است که بود

از صبا پرس که ما را همه شب تا دم صبح
بوی زلف تو همان مونس جان است که بود

طالب لعل و گهر نیست وگرنه خورشید
همچنان در عمل معدن و کان است که بود

کشته‌ی غمزه‌ی خود را به زیارت دریاب
زآن‌که بیچاره همان دل‌نگران است که بود

رنگ خون دل ما را که نهان می‌داری
همچنان در لب لعل تو عیان است که بود

زلف هندوی تو گفتم که دگر ره نزند
سال‌ها رفت و بدان سیرت و سان است که بود

حافظا بازنما قصه‌ی خونابه‌ی چشم
که بر این چشمه همان آب روان است که بود

دیتم خەوێکی خۆش کە لە دەستم پیالە بوو
یەعنی کە کاری ئێمە بە چاوت حەوالە بوو
چل سالە رەنج و دەردی ئەچێژین و عاقیبەت
دەرمانی دڵ بە شووشە شەرابی دە سالە بوو
نامەی مورادی سینە لە بەختم کە بوو رجا
زانیم لە کاکوڵی رەش و زولفی قەبالە بوو
کاتی سەحەر خوماری خەفەت وەختە بمکوژێ
شەنسم لەگەڵ بو ئەو دەمە مەی پڕ پیالە بوو
هەرکەس نمامی عەشق و ئەوینی نەبوو لە دڵ
وەک بارەشی خەزان و جەنابی هەڵاڵە بوو
بۆیێ لە ئەرکی مەیکەدە هەر خوێن ئەخۆم مودام
سفرەی قەدەر بڵاوە قەزام ئەم نەوالە بوو
کازێوە دەم بو چوومە چەمەن، ئەو دەمانە وا
مورغی سەحەر بە تاسەوە سەرگەرمی نالە بوو
دەیوت چ تەبعی دڵگرە «حافز» لە وەسفی شا
هەر تەک خەتێکی ئەم غەزەلەی سەد ریسالە بوو
ئەو یارە شاسووارە کە شێری فەلەک لە لای
رۆژی نەبەرد و هەڵمەتی بەرخێ منالە بوو
شیعری «عومەر» لەگەڵ سەحەری روومەتی، یەکێ
مانگی پڕ و ئەوی کە، لە دەوری بە هالە بوو

دیدم به خواب خوش که به دستم پیاله بود
تعبیــر رفت و کــار به دولـت حوالـه بود
چهل ســال رنج و غصه کشیــدیم و عاقبت
تدبیــر مـا به دست شــراب دوســاله بود
آن نــافه‌ی مـراد که می‌خواستــم ز بخت
در چیــن زلف آن بت مشکیــن کـلاله بود
از دست برده بود خمـــار غمــم سحــر
دولت مســاعد آمد و مــی در پیــاله بود
بر آستـــان میکــده خون می‌خــورم مدام
روزی مــا ز خــوان قــدر این نوالــه بود
هر کو نکــاشت مهــر و ز خوبی گلی نچید
در رهگـــذار بـــاد نگهبــان لالـه بود
بر طــرف گلشنــم گذر افتــاد وقت صبح
آن دم کــه کــار مرغ سحــر آه و ناله بود
دیدیــم شعــر دلکش حافظ به مدح شاه
یک بیت از این قصیده به از صد رسـاله بود
آن شـــاه تندحمـله که خورشید شیرگیــر
پیشش به روز معــرکه کمتــر غــزاله بود

لە ئەرکی مەیکەدە یارەب سەحەر چ مەشغەڵە بوو
نیگار و ساقی و شەمدان و شەم لە مامەڵە بوو
کەلامی گیانە ئەوینم، نە حەرف و باس بە زار
فەقەت بە ئۆفیِ دەف و نەی نیاز و کەڵکەڵە بوو
بەیانی کۆڕی جنون سەر لە دەرسی مەدرەسەیە
نە قیل و قاڵی فەقێن و نە مەشقی تەشقەڵە بوو
دڵم بە غەمزەیی ساقی کەمێ کراوە بەڵام
لە بەختی ناحەزە فیکری گڵەم لە سەر جەڵە بوو
هەزار و یەک سەری وەک سامری لە مێگەلی تۆن
شووانی ساحری چاوت گەلێکی سیسەڵە بوو
وتم حەواڵە کە ماچێ لە لێوی گوڵ بە دەمت
کەنی وتی لە گەڵت کەی وەهامە مامەڵە بوو
شوکور هەسارەیی بەختم هەڵاتبوو شەوی پێش
لە بەینی مانگی پڕ و رووومەتت موقابەڵە بوو
دەمی نیگار کە دەرمانی دەردی «حافز»ە دادا!
لە کاتی لوتف و سەخاوەت، چ تەنگ حەوسەڵە بوو
بە مانگی یەکشەوە «کۆلیل» ئەگەر بڵێ چ خەمی!
دەڵێ بە حوکمی برۆی ئەو نمامە سەوزەڵە بوو

به کوی میکـــده یـا رب سحر چه مشغلـه بود
که جوش شـاهد و سـاقی و شمع و مشعله بود
حدیث عشق که از حرف و صوت مستغنی‌ست
به نـاله‌ی دف و نی در خـــروش و ولولـــه بود
مبـــاحثی که در آن مجلس جنـــون می‌رفت
ورای مدرســـه و قـــال و قیـــل مسئـله بود
دل از کرشمـــه‌ی ســـاقی به شکـر بود ولـی
ز نـامســـاعدی بختـش اندکـــی گلـــه بود
قیـــاس کردم و آن چشـــم جادوانه‌ی مست
هـــزار ســـاحر چون ســـامریش در گلـه بود
بگفتمش به لبـــم بوســـه‌ای حوالـــت کن
به خنـــده گفت کـی‌ات با من این معـامله بود
ز اختـــرم نظـــری سعـــد در ره است که دوش
میـــان مـــاه و رخ یـــار من مقـــابله بود
دهـــان یـار که درمـــان درد حافـــظ داشت
فغـــان که وقت مروت چه تنگ حوصلـه بود

ئەو یـــارە کە مەنـــزڵ بە ئـــەوم، مـــاڵە پـــەری بوو
بێ‌خـــەوش ســـەراپـــا لە هەمـــوو عەیب بـەری بوو
دڵ مـــایەوە لەم شـــارە کە بـــۆی بەژنـــی بنۆشـێ
بێـــچارە دڵـــی ئێمـــە کە یـــاری سەفـــەری بوو
نەک هـــەر لە دڵی من فەلـــەک ئەو پـــەردەیە لادا
ئەم چەرخـــە لە بەر پـــەردەدڕی و فیتـنە گەری بوو
مەحبـــووبی مـن ئـەو دڵبـــەرە زانـــایە کە بـەژنی
ســـەروی تەڕ و ڕۆشـن ســەر و حوسنی نەزەری بوو
ئیقبـــاڵی شـــەڕم بوو، کە لە دەس مانگی دەرێنـــام
دەورانـــە! کـە وا دەوڵـــەتی بەختـــم قەمـــەری بوو
هەی‌هەی لە دڵی دەرکە گـەدا! شـا کە لە موڵکی
حوسنـــا کەمـەری زێـڕ و زەڕین تاجی، سەری بوو
ڕۆژانی خۆش ئەو کـــاتە، لە گەڵ ئێوە بەســـەر چوو
باقـــی تەمـــەنم پووچ، هەمـــوو بێ‌خەبـــەری بوو
خۆش بوو لە کەناری گوڵ و نەسرین و خـوڕەی ئاو
هـــاوار کە ئـەو گەنجـە ڕەوانـــەم سپـــەری بوو
بولبـــول وەرە مەخوێنـــــە ئەدی، بمـــرە لە داخـــا!
گوڵ زولفـی پەرێشـانی بە ســـروەی سەحەری بوو
هەر گەنجـــی مورادێکـــی خـــودا بەخشییە «حافز»
ویردی سەحـــەر و زیکـری شـــەوانەی، ئەسەری بوو
ئەو شـــانە کە ئـەو پەرچـــەم و ئەگریجـــەیە دادا
شیعـر و قەڵـەمی کـــوردی و عەشقی «عومەر»ی بوو

آن یـــار کز او خـــانه‌ی ما جـای پـری بود
سر تـــا قدمش چون پـری از عیب بـری بود
دل گفت فـــروکش کنم این شهـر به بویش
بیچـــاره نـدانست که یـــارش سفـری بود
تنهـــا نـه ز راز دل مـــن پـــرده برافتـــاد
تـــا بود فلک شیــــوه‌ی او پـــرده‌دری بود
منظـــور خردمنـــــد من آن مـــاه که او را
با حســـن ادب شیـــوه‌ی صـاحب‌نظری بود
از چنگ مـن‌اش اختـــر بدمهـــر به در برد
آری چـه کنـــم دولت دور قمـــری بود
عـذری بنـه ای دل که تو درویشـــی و او را
در مملکـــت حســن ســر تاجـــوری بود
اوقات خوش آن بود که با دوست به سر رفت
بـــاقی همه بی‌حاصـلی و بی‌خبـــری بود
خوش بود لب آب و گـل و سبـزه و نسرین
افســوس که آن گنـج روان رهگـذری بود
خود را بکش ای بلبل از این رشک که گل را
با بـــاد صبـــا وقت سحـر جلوه‌گـــری بود
هر گنج سعـــادت که خـــدا داد به حافـظ
از یمـن دعـــای شب و ورد سحـــری بود

موسوڵمانـــان دڵێـــکم بوو زەمـــانێ
کە دەمگوت بێنە سەر دەیگوت کە هانێ
بە گێــژاوی غەمــێ هەر گـا دەکەوتم
لە بیـــر و رای ئـــەوم دابــوو ئەمـانێ
دڵێ هـــاودەرد و کـــات و دەمشنـاسێ
ستـــوونی پشتـی هەر پیـــر و جـــووانێ
لە دەستـم چوو لە کۆی گیـــانان خودایا
چ دڵـــگر بوو وەهـــا شوێـــن و مەکانێ!
هونــەروەر عەیبی مەحـروومی لەسـەریە
مرۆڤــێ وەک منی مەحـــرووم کوانێ
وەرن گیـــانی پەرێشـــانێ دەوا کـــەن!
کە مەڵهـــەم بوو بزەی فیکـرت زەمـانێ
ئەویــن فێـری قســەی شیـــرینی کردم
کە فەرهـــادم لە کـــۆڕی عاشقـــانێ
مەڵێن ئیـــتر کە «حافـــز» نوکتـــە سەنجە
کە جەهلـــی تێکـــەڵاوی بوو عەیـــانێ
کە «کۆلیـل»ـێ نەکا تەفسیری (وەللەیل)
چلـــۆن شێتـــێکی وەک مەجنون دەزانێ

مسلمانان مرا وقتی دلی بود
که با وی گفتمی گر مشکلی بود

به گردابی چو می‌افتادم از غم
به تدبیرش امید ساحلی بود

دلی همدرد و یاری مصلحت بین
که استظهار هر اهل دلی بود

ز من ضایع شد اندر کوی جانان
چه دامن گیر یا رب منزلی بود

هنر بی‌عیب حرمان نیست لیکن
ز من محروم‌تر کی سائلی بود

بر این جان پریشان رحمت آرید
که وقتی کاردانی کاملی بود

مرا تا عشق تعلیم سخن کرد
حدیثم نکته‌ی هر محفلی بود

مگو دیگر که حافظ نکته‌دان است
که ما دیدیم و محکم جاهلی بود

هەر کەسێ رۆژی ئەزەڵ بەختی سولەیمانی هەیە
تا ئەبەد جامی جەم و زولفی پەرێشانی هەیە
من هەر ئەو لەحزەی تەمامو تەرکی مەیتۆشی بکەم
لێم یەقین بوو کاری وا باری پەشیمانی هەیە
چاکە وا وەک سوێسنەش بەرماڵی سەوزم کردە کۆڵ
کێ بە خەرقەی مەی شەلاڵی شانم ئیمانی هەیە
بێ جەماڵی جامی مەی خەڵوەتنشینی سەختە بۆم
کامە گۆشەی ئەهلی دڵ بێ مۆمی نوورانی هەیە؟!
با نەبێ گەوهەر نیشان جامت، شەراب ئەر خالسە
بۆ قەڵەندەر مەی جەماڵی لەعلی روممانی هەیە
من کە دەروێشم، بە چاوی سوکییۆ مەروانە بۆم
چون گەدای ئەم زێدی ئێمە حوکمی سوڵتانی هەیە
گەر بە هیوای ئابڕووی ئەی دڵ لەگەڵ فیزن مەچۆ!
هەرکە خۆهەڵکێشە پێناسەی بە ملپانی هەیە
مەجلیسی شیعر و بەهار و عەشق و رەندین چاوەکەم
مەی لە دەس دلبەر نەگرتن سەر گرانجانی هەیە
خۆشەویسێ دوێ وتی «حافز» نهێنی مەی دەخۆن
گیانەکەم هەر کاری عەیبێ رەمزی پەنهانی هەیە
مەستی بادەی کیژی کەرکووکیم و «کۆلیل»ـی بزەی
بووکی کوردستان هەزاران نەخشی بۆ مانی هەیە

در ازل هــــر کــو به فیـــض دولـــت ارزانی بود
تـا ابـــد جـــام مرادش همـــدم جـــانی بود
من همـان ساعت که از مـی خواستم شد توبه‌کـار
گفتــم این شـــاخ ار دهـد بـاری پشیمـانی بود
خود گرفتـم کافکنم سجاده چون سوسن به دوش
همچو گـل بر خــرقه‌ی رنگ می مسلمــانی بود
بی‌چـــراغ جــام در خلوت نمی‌یـارم نشست
زآن‌کـه کنج اهـــل دل بایـــد که نـورانی بود
همت عـــالی طلب جـــام مرصع گو مبـــاش
رنـــد را آب عنـب یاقـــوت رمــــانی بود
گرچــــه بی‌سامــــان نمـاید کار ما سهلش مبین
کانـــدر این کشور گدایی رشک سلطـــانی بود
نیک‌نــامی خواهی ای دل با بــدان صحبت مدار
خودپسنـدی جـــان من برهـــان نـــادانی بود
مجلس انس و بهـــار و بحث شعـــر اندر میـــان
نستـــدن جـــام می از جانـــان گران‌جانی بود
دی عزیـزی گفت حافـظ می‌خورد پنهان شراب
ای عـــزیز من نه عیب آن بـــه که پنهـــانی بود

کە ئێستــــە گوڵ لە نەبــون هــاتە مێــر گوڵانی وجوود
وەنەوشــە خۆش سەری بۆ دانەوی بە عەزمی سوجوود
بنۆشــە جامــی سوحــانەت! بە ناڵــەیی دەف و نــەی
وەلێســە غەوغــەوی ســاقی! بە سۆزی سینــەیی عوود
زەمــانی خۆش نییە گوڵ، بێ شەراب و یــار و روباب
ژیــانی وەک من و تۆ کورتــە چون لە باخــی وجود
لە شـــەوقی رووـمـــەتی گــوڵ وێنــەی ئاسمانە زەوی
بە بەختــی رۆشـــن و رەوتــی هەســـارەیی مەسعوود
لە دەستی دڵبــەری نــاســـکلەش و مەسیـــحنەفــەس
بنۆشــە مــەی! مەکــە بــاس و حەکــایەتێ لە سەموود
بە فەسڵــی سۆسەن و گوڵ، خەڵوەتی ئەوینــە چەمــەن
وەلــێ کە مـــردنی بولبـــول لە رێگـــەدایە چ سوود
کە گــوڵسوواری سەبــا بوو سەحـــەر سولەیمــانسا
لە ناخـــــی بولبـــــولە پەرداخــــە نەغمـــەیی داوود
لە بــاخ تازە وەکـــەن رەسمــی دینــی ســـەردەشتی
گوڵاڵـــە ئێستــە کە کردوویــەتۆ ئاگـــری نەمرووود
تەڵەب کە جــامی شــەرابی سەحــەر! بە یــادی وەزیر
عەزیــزی موڵکی سولەیمان ستوونی دین (مەحموود)
شیــاوی مەجلیسی «حافــز» بە حورمــەتی هونــەری
شــەراب و ســاقی و یــارە و هەوای خــۆش و سروود
بە ئاگری شـــەوی یەڵـــدا دڵی «عومـــەر» بکــە داخ
دەنــا لە زڵمــی شــەوی زولفــەکەت دەبێتە شوهوود

کنون که در چمن آمد گل از عدم به وجود
بنفشه در قدم او نهاد سر به سجود

بنوش جام صبوحی به ناله‌ی دف و چنگ
ببوس غبغب ساقی به نغمه‌ی نی و عود

به دور گل منشین بی شراب و شاهد و چنگ
که همچو روز بقا هفته‌ای بود معدود

شد از خروج ریاحین چو آسمان روشن
زمین به اختر میمون و طالع مسعود

ز دست شاهد نازک عذار عیسی دم
شراب نوش و رها کن حدیث عاد و ثمود

جهان چو خلد برین شد به دور سوسن و گل
ولی چه سود که در وی نه ممکن است خلود

چو گل سوار شود بر هوا سلیمان وار
سحر که مرغ درآید به نغمه‌ی داوود

به باغ تازه کن آیین دین زردشتی
کنون که لاله برافروخت آتش نمرود

بخواه جام صبوحی به یاد آصف عهد
وزیر ملک سلیمان عماد دین محمود

بود که مجلس حافظ به یمن تربیتش
هر آن‌چه می‌طلبد جمله باشدش موجود

خوێنـــی دڵـــم چەنێکـــە بە روودا رەوا دەچـێ
چـەن ساڵـــە ئەم پلوسکـــی گـــلارانە وا دەچێ؟!
گەنجـــێ لە گیانمـــایە ئەوینـــێکە سـەر بە مـۆر
بێت و بچـــێ لە سیـــنە خەزێنـەی سەفـــا دەچێ
خۆر بۆیە چـــاکی کردووە یێـــخەی کراسی خۆ
یـــارم دەڵێن بە عیشـــوە بە ئاسـۆی کـەوا دەچـێ
سەر خاکی بەر دو پێتە، مەنێ دەستی رەد لە رووی!
سـەربەرزە سەر، دەمـێ کە لە ژێـر خاکی پا دەچێ
لافـــاوە ئـــاوی دیـــدە لە رێ لادە، وا مەچـۆ!
دڵ هــەر چەنت لە بـــەردە، بە سێـلاوی وا دەچێ
نێـــوانی ئەشک و ئێمـــە شـــەو و رۆژە مـــاجـــەرا
بۆچی کە بـەر لە سیـــنە بە جـۆی دلبـــەرا دەچێ
«حافـــز» دەچێـــتە مەیکـــەدە دایـم بە عەشقـی دڵ
دەروێش چـۆن بە تەکیـــە بە سیدق و وەفا دەچێ
«کۆلیـــل» دڵگـرانە کە سـۆفی دەمـــەو بەیـــان
مەیخـانە چۆڵ ئەکـات و بەرەو خانـــەقا دەچێ

از دیـــده خون دل همـــه بر روی مـــا رود
بر روی مـــا ز دیـــده چه گویم چه‌هـا رود
مـــا در درون سینـــه هـــوایی نهفتـــه‌ایم
بر بـــاد اگر رود دل مـــا زان هـــوا رود
خورشید خاوری کند از رشک جامه چاک
گر مـــاه مهـــرپرور من در قبـــا رود
بر خـــاک راه یـــار نهادیم روی خویش
بر روی مـــا رواســـت اگـــر آشنـــا رود
سیـــل است آب دیده و هر کس که بگذرد
گر خود دلش ز سنگ بود هـــم ز جـــا رود
ما را به آب دیـــده شب و روز ماجـــراست
زان رهگـــذر که بر ســـر کویش چـــرا رود
حافـــظ به کوی میکـــده دایم به صدق دل
چون صوفیـــان صومعـــه‌دار از صفـــا رود

که دەس لە سومبولی دڵبەر ئەدەم بە قار، دەچێ
که لوتف و بەخششی داوا دەکەم لە شار، دەچێ
خەمی برۆ بە درۆ تا دەنێتە بەردەسی دڵ
هیلالی یەکشەوە ئاسا، نیقابدار دەچێ
بە شەو شەرابم ئەداتێ که مەست و بێخەو بم
بە رۆژ ئەگەر گلەمەن بم، بە خەونی پار دەچێ
چ پڕ لە فیتنەیە رێگەی ئەوینی دڵ، یاران!
ملی شکاوە لە ئەم رێ کەسێ بە غار دەچێ
غوباری مەیکەدە نادەم بە کۆشکی سەڵتەنەتی
هەزاری ئەم دەرە تا عەرشی کردگار دەچێ
که جەوهەری رەشی زولفت تەواوە، نامە سپین
بەیانە، هەستە! که وا رەنگی زولفی تار دەچێ
هەوا دەچێتە سەری تۆقلە، وا لە جامی شەراب
کلاوداری و حوکمی لەبەر دەمار دەچێ
وجوود پەردەیە «حافز»! فەنا بە، لادە لە خۆ!
خۆشا کەسێ که بە بێلەش بەرەو نیگار دەچێ
«عومەر» لە بولبولی پرسی تەبیعەتی گوڵ چین؟
وتی بەداخەوە عەینەن وەکوو بەهار دەچێ

چو دست بر سر زلفش زنم به تاب رود

ور آشتی طلبم با سر عتاب رود

چو ماه نو ره بیچارگان نظاره

زند به گوشه‌ی ابرو و در نقاب رود

شب شراب خرابم کند به بیداری

وگر به روز شکایت کنم به خواب رود

طریق عشق پرآشوب و فتنه است ای دل

بیفتد آن‌که در این راه با شتاب رود

گدایی در جانان به سلطنت مفروش

کسی ز سایه‌ی این در به آفتاب رود

سوادنامه‌ی موی سیاه چون طی شد

بیاض کم نشود گر صد انتخاب رود

حباب را چوفتد باد نخوت اندر سر

کلاه‌داریش اندر سر شراب رود

حجاب راه تویی حافظ از میان برخیز

خوشا کسی که در این راه بی‌حجاب رود

کێ لە کۆی ئێوە دەتۆرێت، پەرێشانە دڵی
خەجڵ و بێ سەر و سامان و پەشیمانە دڵی
کاروانێ نەفەسی گەرمی ئەوینی لەگەڵە
هەڵسوکەوتی بە شکۆ، پڕ سەر و سامانە دڵی
نووری ئیمانە موریدێ دەگەیێنێ بە موراد
کێ بە مەنزڵ نەگەیێ ئەڵبەتە وێرانە دڵی
بگرە کامێ لە شەراب و دەمی ئازیز، دەمێ
ژینی دۆڕاندووە بێکار، گرانجانە دڵی
ئەی دەلیلی دڵی گومبوو، مەدەدێ تۆ بی و خوا!
شارەزا، یاوەر و دڵسۆزی غەریبانە دڵی
حوکمی پاکی و چەپەڵی رۆژی سەرەنجامە فەقەت
لە دەمی ئاخری خۆ هەرکە لە رامانە دڵی
«حافز»! بادە لە چاوانەیی حیکمەت بکە نۆش
هەرکە لەو کانییە دەخواتەوە زۆرزانە دڵی
هەوری یادت لە سەری سینە هەڵیداوە، کە خۆش
چاوی «کۆلیل» خەریکی پەڵەبارانە دڵی

از ســـر کوی تو هر کــو به مــلالت بـــرود

نرود کـــارش و آخــر به خجـالت بـــرود

کـــاروانی که بـود بدرقـــه‌اش حفظ خـدا

بـه تجمـــل بنشینـــــد بـه جــــلالت بـرود

ســـالک از نور هدایت ببــرد راه به دوست

که به جـــایی نرســـد گر به ضلالت بـــرود

کـــام خود آخر عمر از مـی و معشوق بگیر

حیف اوقـــات که یک سر به بطالت بـــرود

ای دلیـــل دل گمـــگشته خــــدا را مـددی

که غـــــریب ار نبـــــرد ره به دلالت بـــرود

حکم مستوری و مستی همه بر خـــاتم تست

کس ندانست که آخــر به چه حالت بـــرود

حافظ از چشمه‌ی حکمت به کف آور جامی

بو که از لــوح دلت نقش جهـــالت بـــرود

سیـــنە نەخشیـــنە بە یـادت، سەر و سامانم ئەتۆی
بەش بە حاڵی دڵی خۆ سەروی خەرامانم ئەتۆی
لە دڵی وێڵمی یــادت فەلەك و جــەوری نەبرد
بە خەیــاڵی دەمی تۆ مــاوم و هۆی مـانم ئەتۆی
لە ئەزەڵ بەستــەیی زولفت بووە دڵ تا ئەبەدیش
مل کەچی عەهــدم و نەشکاو لە پەیمـانم ئەتۆی
لە دڵی ئێمــە ئەوەی بــاری غەمی سەختە دەچێ
هەر غەمی ئەووەڵ و ئاخر وەکو جارانـم ئەتۆی
عەشقی ئێــوەم لە دڵ و گیان بووە جێگیــر وەها
کە سەریشـم بە بڕین چێ، لە دڵ و گیـانم ئەتۆی
گەر دڵـم وێڵـە لە دووی ئێوە نەخۆشیـــنی هەیە
چییە چـارەم کە ئەزەڵ چارە و دەرمـــانم ئەتۆی
پێت ئەگەر خۆشە وەکوو «خاجە» دڵئاوارە نەبی
حەز لە شۆخێ مەکە! خاترجەمی دەورانم ئەتۆی
لەوەتا بوومــەتە «کۆلیــل»ـی ئەوین تـۆم لە دڵی
ئـەرزی بێ ئـاوی بەهــارم، پەڵە بـــارانم ئەتۆی

هرگـــزم نقش تو از لوح دل و جـــان نـــرود
هرگـــز از یـــاد من آن ســـرو خرامان نـــرود
از دمـــــاغ مـن سرگشتـــه خیـــــال دهنت
به جفـــــای فلک و غصـــه‌ی دوران نـــرود
در ازل بست دلـــــم بـا ســـر زلفت پیـــوند
تا ابـــد ســـر نکشـد و از سر پیمـــان نـــرود
هرچه جز بار غمت بر دل مسکیـن من است
بـــرود از دل مـــن وز دل مـــن آن نـــرود
آن‌چنان مهر توام در دل و جان جای گرفت
که اگر ســـر بـــرود از دل و از جان نـــرود
گـــر رود از پی خوبـان دل من معذور است
درد دارد چـــه کنـــد کز پی درمـــان نـــرود
هرکه خواهد که چو حافظ نشود سرگردان
دل به خوبـــان ندهـــد و از پی ایشـــان نـــرود

خۆشــا دڵێ کە بە عومــری لە ســەر نــەزەر ناچێ
بــە هــەر ســەرایە کە بیبــەن بە بێ‌خــەبــەر ناچێ
بە شــەکری لێــوی ئەوم چــاترن تەمــاح نەکەم
وەلێ مەحــاڵە، چ مێشــێ بەرەو شەکــەر ناچێ؟!
رەشی مەشــۆوە لە چــاوی غەمین بە ئەســرینم
نیشــانی خاڵتــی هەرگیــز نــەزەر لە دەر ناچێ
بە چەشنی سروە درێغی نەسیمی خۆش مەکە لێم!
ژیان کە بێ ســەری زولفت لە ســەر بە سەر ناچێ
دڵا! مەمێــنەوە هەر هەرزەگێــڵ و بێ‌خــاوەن
کە کــار و بــاری ژیــانی وەهــا لە بــەر ناچێ
بە چــاوی سووکــەوە مەڕوانە بۆ منێــکی خــراو
کە ئــاو و تــاوی شەرێعــەت بە بێ‌هونــەر ناچێ
منی گــەدا هەوەسی نۆنمــامێ وا لە ســەرم
لە گــەردنی کە دەسی بێ‌زەڕ و گوهــەر ناچێ
لە تۆ کە خەڵکی وەڵاتی سەخــاوەت و کەرەمــی
وەفــا بە قــەوڵ و قــەرارت لە سەر هــەدەر ناچێ
لە عالــەما نیــیە وەک من خــراپ و چارەڕەشێ
دە چۆن بە چەشنی قەڵەم زووخی دڵ بەسەر ناچێ
فریــوی تــاجی پەپوو هەی مەخۆ! کە بازی سپی
لە شوێنی چۆلــەکە، نێچیــری موختەسەر ناچێ
پیــاڵە پڕ کە لە پێشــا بە «حافــز»ت کــەرەمــێ
ئەگــەر بەڵێــنە کە بــاس و خەبــەر بە دەر ناچی
بە ئــاوی کەوسەر و جەنەت! بە بێ بــزەی لێوت
قەسەم بە حەسرەتی «کۆلیــل»! غەم، کەسەر، ناچێ

خوشا دلی که مدام از پی نظر نرود
به هر درش که بخوانند بی‌خبر نرود

طمع در آن لب شیرین نکردنم اولی
ولی چگونه مگس از پی شکر نرود

سواد دیده‌ی غم‌دیده‌ام به اشک مشوی
که نقش خال توام هرگز از نظر نرود

ز من چو باد صبا بوی خود دریغ مدار
چرا که بی سر زلف توام به سر نرود

دلا مباش چنین هرزه‌گرد و هرجایی
که هیچ کار ز پیشت بدین هنر نرود

مکن به چشم حقارت نگاه در من مست
که آبروی شریعت بدین قدر نرود

من گدا هوس سروقامتی دارم
که دست در کمرش جز به سیم و زر نرود

تو کز مکارم اخلاق عالمی دگری
وفای عهد من از خاطرت به در نرود

سیاه نامه‌تر از خود کسی نمی‌بینم
چگونه چون قلمم دود دل به سر نرود

به تاج هدهدم از ره مبر که باز سفید
چو باشه در پی هر صید مختصر نرود

بیار باده و اول به دست حافظ ده
به شرط آن که ز مجلس سخن به در نرود

مەیگێڕ! گوڵ بەیـــانی بەهـــار و گەشــەی دەکــا
باســـی عەلاجی سیـــنە بە سێ جــامی مەی دەکا
مەی تێکە سوورە گـوڵ لە چەمەن جوانە بێ‌سنوور
دەڵاڵـــە لەو دەلالــە نیگــاکاڵــە چــەی دەکا؟!
شەککەرشکێن لە هێـــندە هەموو تووتیـــانی، چون
شیـــراز لوتفی قەنـــدی بە بەنگـــاڵەکەی دەکــا
تێـــپەڕ لە کات و جێگــەیە شیعـــرم کە وا شەوێ
منـــدالّی ئێمـــە ڕێگـەیی سەد ساڵــە پەی دەکا
زاهیـــد فریـوی چـــاوی تەماشـا کە چۆن لە دووی
کـــاروانی مەکـر و نـازی، دەرون ناڵە قـەی دەکا
دونیـــا بە مەکر و فێـڵی لە خەشتــەت نەبا، دەخیـل!
ئەفســـوونە هەڵسوکەوتی، قەڕاڵـــە و دەبەی دەکا
وەرزی بەهـــارە ســـروە شنەی دێ لە باخـــی گوڵ
شــەونم سەبـــا لە جــامی گوڵـی لالــە هـەی دەکا
«حافــز»! لە شـــەوقی ئازیـــز بناڵێـــنە هـەر بە دڵ
ئــەم ڕێگــە زۆر دوورە، فەقـــەت ناڵـە تەی دەکا
«کۆلیـــــل»ـی ئێـوە بۆیە وەکوو نــەی لە ناڵەدان
دەرمـــانـی دەردی دووری بە ناڵیـــن و وەی دەکا

ســـاقی حدیث سرو و گل و لاله می‌رود
ویــن بحث با ثلاثــه‌ی غســـاله مــی‌رود
می ده که نوعروس چمن حد حسن یافت
کـــار این زمـان ز صنعت دلالــه می‌رود
شکرشکن شونــد همــه طوطیــان هنــد
زین قنـــد پـارسی که به بنگـــاله می‌رود
طی مکـــان ببین و زمـان در سلوک شعر
کـاین طفل یک شبه ره یک‌سـاله می‌رود
آن چشم جـــادوانه‌ی عـــابدفریب بیــن
کـش کـاروان سحـر ز دنبـــاله می‌رود
از ره مرو به عشـــوه‌ی دنیـا که این عجوز
مکـــاره می‌نشیـــند و محتـــاله می‌رود
بـاد بهـــار مـی‌وزد از گلستـــان شـــاه
وز ژالــه بـــاده در قـــدح لاله می‌رود
حافــظ ز شوق مجلس سلطان غیاث دین
غافـــل مشو که کـار تو از نالــه می‌رود

ترسـم لە ئەشکی ئاڵــە بە سیخوڕی دەرد ئەبێ
رازی بە مـۆری سیـنە عەیان چەشنی خۆر دەبێ
بەردێ دەڵێـن بە حەوسـەڵە ڕۆژێ دەبێـتە لەعل
ئەڵبـەت دەبێ بەڵامـە بە خوێنـی جیگـەر دەبێ
بۆچـی نەڕۆمە مەیکــەدە نـاڵان و حـەق‌تەڵـەب
دەرد و کەسەر بە جـامی ئەوێ چارەســەر دەبێ
تیــری دوعــا رەوانە بە هــەر لایە بێ‌وچــان
بێ‌شک یەکێ لەوانــە شـەوێ کاریگـەر دەبێ
ئەی دڵ! پەیـامی ئێمــە هەمیسـان بڵێ بە یـار
ئەمما بە سووک، ئەگینە لە خەونی خەبەر دەبێ
روو زەردی عەشقی تۆیە، عەیاری تەواوە رووم
ئەڵبەت لە یومنـی ئێـوە گڵ خاکێ بە زەڕ دەبێ
سەر سووکی فیـز و نـازی رەقیــبم، کە یارەبی!
کەرمۆرە سەر نەچێ کە لە گەوهــەر زەرەر دەبێ
پێـویستە جێ لە جوانی گەلـێ خاڵ، تا کـەسێ
شیــرین بە تەبعی خوسرەوی خـاوەن نەزەر دەبێ
وا ســەر دەنێ بە دیـانەوە کۆشکی کەنـاری تۆ
لەم ئاستــانە چی ســەرە وەک خـاکی دەر دەبێ
«حافز»! کە عەتری زولفی بەرەو تۆیە، وس بە وس
ئەوشۆ سەبا لە خەونە، نەکەی! لێت خەوەر دەبێ
زریان برووسکــەنێـرە «عومەر»! بۆ هەموو گوڵێ
کێ زولفی بۆنی خۆشــە ئەوین‌چوونی هەر دەبێ

ترسم که اشک در غم ما پرده‌در شود
وین راز سر به مهر به عالم سمر شود
گویند سنگ لعل شود در مقام صبر
آری شود ولیک به خون جگر شود
خواهم شدن به میکده گریان و دادخواه
کز دست غم خلاص من آن‌جا مگر شود
از هر کرانه تیر دعا کرده‌ام روان
باشد کز آن میانه یکی کارگر شود
ای جان حدیث ما بر دلدار بازگو
لیکن چنان مگو که صبا را خبر شود
از کیمیای مهر تو زر گشت روی من
آری به یمن لطف شما خاک زر شود
در تنگنای حیرتم از نخوت رقیب
یا رب مباد آن‌که گدا معتبر شود
بس نکته غیر حسن بباید که تا کسی
مقبول طبع مردم صاحب‌نظر شود
این سرکشی که کنگره کاخ وصل راست
سرها بر آستانه‌ی او خاک در شود
حافظ چو نافه سر زلفش به دست توست
دم درکش ار نه باد صبا را خبر شود

با لە بەر واعیـزی شـــار ئەم قسـە ئاســان نیـیە
تـا ریـاکار و زمـانچەورە موسولّمـان نیـیە

فێـری جوامێری و ڕەنـدی بە! دەنا کەی هونەرە
بۆ کەر و گـا کە نەنۆشێ مـەی و ئینسان نیـیە

گەوهەری پاکە شیاوی شەرەفی بەرزی خوزوور
هەرچی بەرد و گڵـە مـرواری و مەرجـان نیـیە

ئیسمی ئەعزەم کە هەوادارتە ئەی دڵ غەمی چی؟!
دێـو بە ئەفسـوون و فـەن و فێـڵ، سولەیمان نیـیە

عەشقە کاری من و لام وایە کە ئەم ئیشـە وەکوو
هونـەری‌تر، لە غەمـی لۆمـە و بوختـان نیـیە

شـەوی پێشوو وتی سۆزی بە مورادت دەگەیی
کۆمـەکێ خوایـە کە تا ئێستە پەشیمـان نیـیە

خوا عەتا کا بە جەمـاڵت ڕەوشی میهـر و وەفـا
سیـنە بەم شێـوە لە سامت، کە پەرێشان نیـیە

«حافـز»! زەڕڕە ئەگـەر هیمـەتی باڵای نەبێ
عاشقی مـاچی کچـی خۆری درەخشـان نیـیە

هەر قەساوی دڵـی «کۆلیل»ـە شوکور تێغی برۆی
قۆچی قوربانی وەک ئێمەی کە لە قوربـان نیـیە

گرچه بر واعـظ شهـر این سخن آسان نشود
تـا ریـا ورزد و سالـوس مسلمـان نشود

رندی آموز و کرم کن که نه چندان هنر است
حیـوانی که ننوشـد مـی و انسـان نشود

گوهـر پاک ببـاید که شـود قابـل فیض
ور نه هـر سنگ و گلی لؤلؤ و مرجـان نشود

اسم اعظم بکنـد کـار خود ای دل خوش باش
که به تلبیس و حیـل دیـو مسلمـان نشود

عشـق می‌ورزم و امیـد که این فـن شـریف
چون هنـرهای دگـر موجب حـرمان نشود

دوش می‌گفت که فـردا بدهـم کـام دلت
سببی سـاز خـدایا که پشیمـان نشود

حسن خلقـی ز خـدا می‌طلبـم خوی تو را
تـا دگر خاطـر مـا از تـو پریشـان نشود

ذره را تـا نبـود همت عـالی حافـظ
طـالبِ چشمه‌ی خورشیـد درخشان نشود

گەر لە کولّمت گولّی یەک ماچ بچنم چ دەبێ؟!
بە شـەمی ئێـوە کە بـەرپـام بوێنـم چ دەبێ؟!
سا خودایـا لە پەنا سێـبەری ئەو سـەروە ئەگـەر
منـی مانـووی دەمـێ خۆ وەحـەسێنم چ دەبێ
ئەی موبارەک ئەسـەر ئەی مۆری سولەیمان ئەگەر
گرشـە با وێژییـە سەر نەخشی نهێـنم چ دەبێ
واعیـزی ئێمـە بە دارۆغـە و شـا عاشقـە ئەی
من ئەگـەر دیـدە خومـاریێ بدوێنـم چ دەبێ
لە سـەرم هۆش پەڕیـوە گڕی مـەی گەر ئەمە بێ
بێ گومـانم کە لە سـەر دیـن و بەلێـنم چ دەبێ
گەنج و زێڕی تەمەنم سەرفی مەی و کیـژۆڵە بوو
تا لە ئەم چـم بە سـەر و لەو بـەر و بێـنم چ دەبێ
خاجە زانی کە ئەوینـدار و مەسـم هیچی نەوت
«حافـز»یشت کە نەکـا باس لە شوێنـم چ دەبێ
زاوری کەس نییە لەم شارە «عومەر»! بێژە بە شێخ
دلّی عاشـق وەکو ئەو گـەر نەشکێـنم چ دەبێ

گر من از بـاغ تو یک میوه بچینم چه شود
پیش پـایی به چـراغ تو ببیـنم چه شود
یـا رب انـدر کنف سایه‌ی آن سـرو بلنـد
گر من سوختـه یک‌دم بنشیـنم چه شود
آخـر ای خاتـم جمشید همـایون آثـار
گر فتـد عکس تو بر نقش نگیـنم چه شود
واعظ شهر چو مهـر ملک و شحنـه گزید
من اگر مهـر نگـاری بگزینـم چه شود
عقلم از خانه به در رفت و گر می این است
دیدم از پیش که در خـانه‌ی دینم چه شود
صرف شد عمر گران‌مـایه به معشوقه و مـی
تا از آنـم چه به پیـش آید از اینـم چه شود
خواجه دانست که من عاشقـم و هیچ نگفت
حافظ ار نیـز بدانـد که چنیـنم چه شود

بەختــــم لە زاری یارەکــەمی، پێ نـەبوو نیشــان
شەنســـم لە رازی بـوونی دەمــی وا لە تەفــرەدان
گیـــان و دلّم خەلاتی بە مـــاچێ لە لێــوی کرد
نەیبوو وەفــا بە قەولّ و کەچی دلّمی برد و گیان
مردم لە دەردی دووری و نەمبـوو بە ژووری رێ
یا پــەردەدارە رێگــە دەکا گــوم لە بێــکەسان!
زولفی لە دەس سەبــایە فەلەك چەنـدە سپلّە بوو
سووکێ لە کـۆی سەبــاوە شەمالّی منی خـەوان
پەرِگـــار وێنــە گەرچی لە دەورانـە دلّ وەلــێ
دەوران بە چەشنــی نوختـە نەمیـخستە نێو مەیـان
شەککەر فرۆشە حەوســـەلّە ئەمما زەمـــانە چون
کەمشـــەرت و بێبەلّێــنە، زەمــانێکی پێم نەدان
دەموت دەرِۆمە خـــەو کە ببیــــنم جەمـــالّی تۆ
«حافـــز» بە ئــاهـ و نالّــە مەگەر پێم ئەدا ئەمان؟!
بۆنی جەفـــا لە باخـــی وەفـــا دێت بۆیـــە وا
«کۆلیـــل» دلّ گـــرانە لە کـــرداری باخـــەوان

بخت از دهـــان دوست نشـــانم نمی‌دهـد

دولت خبـــر ز راز نهـــانم نمی‌دهــد

از بهر بوســـه‌ای ز لبش جـــان همی‌دهم

اینـــم همی‌ستـــاند و آنـــم نمی‌دهــد

مردم در این فـراق و در آن پرده راه نیست

یـــا هست و پـــرده‌دار نشـــانم نمی‌دهــد

زلفش کشیـــد باد صبـــا چرخ سفلـه بیـن

کـــآن‌جا مجـــال بـاد وزانـــم نمی‌دهــد

چنـــدان که بر کنـــار چو پرگار می‌شـــدم

دوران چو نقطـــه ره به میـــانم نمی‌دهــد

شکر به صبـــر دست دهـــد عـاقبت ولـی

بدعهـــدی زمـــانه زمـــانـم نمی‌دهــد

گفتم روم به خواب و ببیـــنم جمال دوست

حافـــظ ز آه و نالـــه امانـــم نمی‌دهــد

دڵـم بچـێ لە شـەرابی شـەمـامە بۆ شـایەت
کە بۆنـی تـاسـە لە زوهـدی ریـا بـە دەر نایـەت
هەمـوو جەهـانت ئەگەر بەرگـری ئەوینی دڵە
لە کەس مەترسـە هەتا یارە کۆمـەك و پایـەت
ئەوین بە لوتفـە تەمـاحی سەخـاوەتێ پێ بێ
دەکـا کـەرەم بە هەمـوو عاشقـان بە بێ غایـەت
دڵـم لە حەڵقـەیی زیکر و دوعـایە، بەو خۆزگا
شـەوێ بە حەڵقـەیی زولفی رەشی بکەوتایـەت
ئەتۆ کە بووکـی خـودابیت و بەختـی زگمـاکی
لە پێخـەسوو هەڵـە بوو بەژنتـی کە دەق دایـەت
چەمـەن کە خۆشە، هەوا دڵـگرە و سوراحی پـڕ
چ بوو ئەگـەر بە دڵـێ خـۆش ئەوین بهاتایـەت
جەمیلـە خانمـە بووکـی جەهـان بـزانی ئەبێ
کە ئەم کەژاوەنشیـنەت بە عەقـدی کەس نایـەت
بە سـەد رجـا وتم ئەی مـانگی من مەگەر کوفرە
بە مـانووێ گوڵـەماچـێ بـدەی لە سەرمایـەت
کەنـی وتی مەبـە «حافـز»! لەبـەر خـودا رازی
بکـا کـە رووەمـەتم ئالوودە مامـەڵەی زایـەت
غەمی لە دڵ چووە «کۆلیـل»ـە کەت کە فەرمووتان
بڕۆ! بە حورمـەتی جـاران دەبەخشـم ئەمڕایـەت

اگر به بـــاده‌ی مشکیـــن دلـــم کشـــد شـــاید

که بـــوی خیـــر ز زهـــد ریـــا نمی‌آیـــد

جهـــانیان همـه گر منـع من کنـــند از عشـــق

من آن کنـــم که خـــداوندگار فرمـــاید

طمـع ز فیـــض کـــرامت مبـر که خلق کریم

گنـــه ببخشـــد و بـر عاشقـــان ببخشـــاید

مقیـــم حلقـــه‌ی ذکر است دل بـــدان امیـــد

که حلقـــه‌ای ز ســـر زلف یـــار بگشـــاید

تو را که حسـن خـداداده هست و حجله‌ی بخت

چه حـــاجت است که مشـاطـه‌ات بیـــاراید

چمن خوش است و هوا دلکش است و می بی‌غش

کنـون بجـز دل خـوش هیـچ در نمی‌بـــاید

جمیـــله‌ای‌ست عـروس جهـــان ولی هشـــدار

که این مخـــدّره در عقـــد کس نمـی‌آیـــد

به لابـــه گفتمش ای مـــاه‌رخ چه باشـــد اگـــر

به یک شکـــر ز تو دل‌خستـــه‌ای بیـــاســـاید

به خنـــده گفت که حافـــظ خـــدای را مپسند

که بوســـه‌ی تـــو رخ مـــاه را بیـــالاید

پێم وت غەمی دڵم تۆی فەرموی غەمت بە سەر دێ
پێم وت کە مانگی من بی فەرموی هەتا وەدەر دێ
پێم وت لە عاشقانۆ فێری وەفا بە ئازیزا!
فەرمووی لە گوڵعوزاران کاری وەها مەگەر دێ
پێم وت بە کۆی خەیاڵم یادت کەڕێگە نادەم
فەرموی عەیاری شەوگێڵ هەر وەک هەناسە، وەر دێ
پێم وت ئەوینی زولفت گومڕا لە دینی کردم
فەرموی هەر ئەو سەرەنجام دەسگیری ڕێگە دەر دێ
پێم وت چ خۆشە بایێ سروەی سەحەر هەڵیکا
فەرموی نەسیمی خۆش‌تر لەو باخی موشکە بەر دێ
پێم وت کە شەکری لێوت ئێمەی بە ئارەزوو کوشت
فەرموی کە هەر غولامی لێوم بە! تا شەکەر دێ
پێم وت دڵی بە ڕەحمت سوڵحی دەبێ لەگەڵما
فەرموی مەڵێ بە هەرکەس! ئەم سوڵحە کاتی هەر دێ
پێم وت ئەشا زەمانی شایی چلۆن بە سەر چوو
فەرموی دە وس بە «حافز»! ئەم کاتەشت بە سەر دێ
پێم وت کە ڕۆحی شیرین وەربگرە لێم بە ماچێ
فەرموی ئەگەر وەها بێ هەر چرکە سەد«عومەر» دێ

گفتم غم تو دارم گفتا غمت سر آید
گفتم که ماه من شو گفتا اگر بر آید

گفتم ز مهرورزان رسم وفا بیاموز
گفتا ز خوبرویان این کار کمتر آید

گفتم که بر خیالت راه نظر ببندم
گفتا که شبرو است او از راه دیگر آید

گفتم که بوی زلفت گمراه عالمم کرد
گفتا اگر بدانی هم اوت رهبر آید

گفتم خوشا هوایی کز باد صبح خیزد
گفتا خنک نسیمی کز کوی دلبر آید

گفتم که نوش لعلت ما را به آرزو کشت
گفتا تو بندگی کن کو بنده‌پرور آید

گفتم دل رحیمت کی عزم صلح دارد
گفتا مگوی با کس تا وقت آن درآید

گفتم زمان عشرت دیدی که چون سرآمد
گفتا خموش حافظ کاین غصه هم سرآید

سەر لە سەریــدایە گەر لە دەستی ســەری بێ
ئەڵبــەتە کــارێ بکــا لە خوسپــە بــەری بێ
دڵ نیــیە رێگــا بــدا بە دڵبـــەر و دژمـــن
دێو نیــیە لەو خەڵـوەدا کە پـۆلی پــەری بێ
وەک شــەوی یەڵــدایە تارە مەجلیسی شاهان
هەر دڵــی رەنـــدانە خۆر بەر و سەمــەری بێ
چەنـــدە لە بەر دەرکی خـــاوەنی زەڕ و دینار
ماتڵی بەشکەم کە خێــو لە خەو خەبــەری بێ
تەرکی گەدایی نەکەی! کە گەنج بە دەس دێ
گەر مــەدەدی رێــڕەوی ئەویـن گوزەری بێ
پـاک و چەپــەڵ هەر مەتــاعی خۆ دەنوێنـن
تا کــەرەمی ئەو مەگـــەر بە کـێ نەزەری بێ
بولبـولی شەیـــدا ژیـانی کورتــە هەتا بــاخ
فەرشـی ســەوز رابخات و گوڵ لە ســەری بێ
غەفڵــەتی «حافــز» لە ئەم بچـوو کە سەرا بوو
مەیکــەدە چـــوونم دەبــێ لە بێخەبــەری بێ
دەوڵەتی «کۆلیـــل» ئەرێ! هەمــوو غەمی یارە
گەنجی وەهــا رەنگــە بەرهەمی هونــەری بێ

بر سـر آنـم که گـر ز دست بـرآید
دست به کـاری زنم که غصـه سـرآید
خلوت دل نیست جـای صحبت اضـداد
دیـو چو بیـرون رود فرشتـه درآید
صحبت حکـام ظلمت شب یلـداست
نور ز خورشیـد جـوی بو که بـرآید
بـر در اربـاب بی‌مـروت دنیـا
چنـد نشیـنی که خواجه کی به در آید
ترک گـدایی مکن که گنج بیـابی
از نظـر رهـروی که در گـذر آید
صـالح و طـالح متـاع خویش نمودند
تا که قبـول افتـد و که در نظـر آید
بلبـل عاشـق تو عمـر خواه که آخر
بـاغ شود سبـز و شـاخ گل به بر آید
غفلت حافظ در این سراچه عجب نیست
هـر که به میخـانه رفت بی‌خبـر آید

کەشکۆڵ بە کوڵی عەشقم، تا باخی من بە بەر بێ
یا بن دەکا گوڵی گیان، یا گیان لە بن بە دەر بێ

بێ هەڵتەکێنە گۆڕم! دوا مردنێ هەتاکوو
دووکەڵ لە ناخی سینگ و لۆلۆی کفن بە دەر بێ

بنوێنە روو هەتا گەل شێت و دەمەق بمێنن
ببزێوە لێو کە ناڵەی هەر پیاو و ژن بە دەر بێ

گیان گەییە لێو و حەسرەت لێوانی دڵمە، ئێژم
بێژی نەگەم بە کامی دڵم و مرن بە دەر بێ؟!

بۆ حەزرەتی دەمی یار گیانم بە تەنگ هاتوون
کەی کامی دڵ لە باخی نەدیار و ون بە دەر بێ

ئێژن لە کۆی ئەوینی رەندان دەبێ کە ناوی
خێری جەنابی «حافز» بەرز و مەزن بە دەر بێ

کەوتۆتە چای چناکەت «کۆلیل» خۆی و بەختی
بێلانە با لەوێدا گیانی ئەمن بە دەر بێ

دست از طلب ندارم تا کام من برآید
یا تن رسد به جانان یا جان ز تن برآید
بگشای تربتم را بعد از وفات و بنگر
کز آتش درونم دود از کفن برآید
بنمای رخ که خلقی واله شوند و حیران
بگشای لب که فریاد از مرد و زن برآید
جان بر لب است و حسرت در دل که از لبانش
نگرفته هیچ کامی جان از بدن برآید
از حسرت دهانش آمد به تنگ جانم
خود کام تنگدستان کی زان دهن برآید
گویند ذکر خیرش در خیل عشقبازان
هرجا که نام حافظ در انجمن برآید

هەتــا هەتــاوی شـــەرابێ لە کۆی پییــالّە بە دەر دێ

لە بــاخی روومــەتی ســاقی قەتــاری لالـە بە دەر دێ

شەمیــمی پەرچەمی سومبــول لە مێرگولاّن دەخەوێ تا

نەسیمی یاسەمــەنی زولفــی ئەو منــالّە خەبــەر دێ

شکــایەتی شــەوی دووری نە ئەو حەکـایەتە کورتـەن

کە هەر کەمــێ لە بەیـانی بە سەد ریســالّە بە سەر دێ

کە سەر بە ژێرە فەلەك سفرە گردەکەی، بە تەمــا نیـم

کە بێ‌خەفـــەت لـەتـە نانێ بکـــا حەوالّـــە بە مەردێ

بە هەولّی خۆ نییە دەسکەوتی لەعل و گەوهەری ئاوات

خەیــــالّە هەرکە بلّــێ بـــاخ بێ‌قـــەوالّە وە بەر دێ

بە چەشنی نــووح لە تۆفــانی غــەم سەبوورە ئەگـەر دلّ

بەلا دەچێــت و ژیــانی هــەزار ســالّـــە بە بــەر دێ

کە عەتری پەرچــەمی تۆ روو بکا لە مەرقــەدی «حافز»

لە خــــاکی گــۆڕی هــەزاران هــەزار ژالّە وەدەر دێ

«عومــەر» خەیالّی شەوی زولفتی لە سەر جەمە پەوکێ

زوخــاوی رەش لە دەروونی بە ئــاهـ و نالّــەوە هەر دێ

چو آفتاب می از مشرق پیاله برآید
ز باغ عارض ساقی هزار لاله برآید
نسیم در سر گل بشکند کلاله‌ی سنبل
چو از میان چمن بوی آن کلاله برآید
حکایت شب هجران نه آن حکایت حالی‌ست
که شمه‌ای ز بیانش به صد رساله برآید
ز گرد خوان نگون فلک طمع نتوان داشت
که بی ملالت صد غصه یک نواله برآید
به سعی خود نتوان برد پی به گوهر مقصود
خیال باشد کاین کار بی‌حواله برآید
گرت چو نوح نبی صبر هست در غم طوفان
بلا بگردد و کام هزارساله برآید
نسیم زلف تو چون بگذرد به تربت حافظ
ز خاک کالبدش صد هزار لاله برآید

چەنێ موبــــارەکە کـــاتێ کە یـــارەکەم بێــتۆ
به کەیفــی گیانی غەمین غەمگوســارەکەم بێــتۆ

دییەم وەک ئەسپی بەڵەک تاو ئەدەم بەرەو یادی
بـە ئـەو ئومێــــدە کە زوو شـاسووارەکەم بێــتۆ

سەرێ بە گۆی سەری زولفی نەبێ، دەڵێم یاڕەب
لە تەن جــودا ســەرە پــووچ و نەیارەکەم بێــتۆ

بە چەشنی خاک لە ســەر ڕێگــەیا کەمینم گرت
بـە ئـەو هـــەوایە لەوێـــڕا نیگـــارەکـەم بێــتۆ

دڵێ لەگەڵ ســەری دوو زولفـی تۆ قــەراری بێ
مەحـــاڵە بەو دڵـــە هەرگیز قــەرارەکەم بێــتۆ

جەفـــا لە بولبـــولی عاشـق دەچێ، لە بەفرانبــار
کە پڕ سەفـــا گوڵی باخـــی بەهـــارەکەم بێــتۆ

رجـامە «خاجە»! لە لوتفی قــەزا، دەس و نەخشی،
کە قـــامەتی وەکـو ســـەروی دڵارەکەم بێــتۆ

خومارە سەر وەکـو «کۆلیل» و دڵ دەمی بە دوعا
کە ســەوڵقامەت و نێــرگز خومـــارەکەم بێــتۆ

زهی خجسته زمانی که یار بازآید
به کام غمزدگان غمگسار بازآید

به پیش خیل خیالش کشیدم ابلق چشم
بدان امید که آن شهسوار بازآید

اگر نه در خم چوگان او رود سر من
ز سر نگویم و سر خود چه کار بازآید

مقیم بر سر راهش نشسته‌ام چون گرد
بدان هوس که بدین رهگذار بازآید

دلی که با سر زلفین او قراری داد
گمان مبر که بدان دل قرار بازآید

چه جورها که کشیدند بلبلان از دی
به بوی آن که دگر نوبهار بازآید

ز نقش بند قضا هست امید آن حافظ
که همچو سرو به دستم نگار بازآید

ئۆخەی ئەو پاك سرشتەم لە سەفەر دێتەوە باز
شەوی تاریك بە هێلانەیی سەر دێتەوە باز

هەمە هیوا بە سرشکی وەکو بارانم، ئەدی
بەرقی چاوی شڵەقاوم بە نەزەر دێتەوە باز

ئەو کەسەی تاجی سەرم بوو، گڵ و خاکی بەری پێی
لە خوداوەندمە داوا کە بە سەر دێتەوە باز

هەر بە دوویا دەگەڕێم و خەبەرێکم کە نەبوو
خۆ لە مەرگی لەشی ڕێبوار خەبەر دێتەوە باز

گەوهەری گیان کە بە پۆیلەی قەدەمی یار نەبێ
بۆ چمن ڕۆحی وەها سووك ئەگەر دێتەوە باز؟

تەپڵی شایی دەکوتم شەرتە لە سەر بانی فەلەك
تا ببینم لە سەفەر قورسی قەمەر دێتەوە باز

خەوی شیرینی سوحانە و دەمی نەی بەرگری بوو
بژنەوێ سۆزی سەحەرخێزم ئەگەر، دێتەوە باز

«حافز»! ئاواتی مە دیداری گوڵی ڕوومەتی شان
مەدەدێ تا بە سلامەت بە دەوەر دێتەوە باز

دەوڵەتی دڵ چووە پێشوازی گوڵ و خۆشە دڵی
بەو قەرارەی کە بە کۆی سینگی «عومەر» دێتەوە باز

اگـر آن طــایر قـــدسی ز درم بـــازآید

عمــر بگذشتـه به پیــرانه ســرم بـــازآید

دارم امیـــد بر این اشک چـو بـاران که دگر

بـرق دولت که بـرفت از نظـــرم بـــازآید

آن‌کـه تـــاج سر من خـاک کف پایش بود

از خـــدا می‌طلبـم تـا به ســرم بـــازآید

خواهـــم اندر عقبش رفت به یـــاران عـــزیز

شخصـم ار بـازنیـــاید خبـرم بـــازآید

گر نثـــار قـــدم یـــار گـــرامی نکنـم

گوهـــر جـــان به چه‌کـــار دگرم بـــازآید

کـوس نودولتـــی از بـــام سعـــادت بزنم

گـر ببیـــنم که مـــه نوسفـــرم بـــازآید

مانعش غلغل چنگ است و شکرخواب صبوح

ور نـــه گر بشنـــود آه سحـــرم بـــازآید

آرزومنـــــد رخ شــــاه چو ماهــم حافـظ

همتـــیّ تـــا به ســــلامت ز درم بـــازآید

ئەجـــەل گەیشت و مـــورادی دڵـــم بـە دەر نـایێ
ئەمـــان لە بەختی رەشـــم بۆ لە خەو خـەوەر نـایێ
لە خـــاکی دەرکی ئـەوانی ســەبا لە چـاوم کرد
کە ئــاوی روونی ژیــانی وەبــەر نــەزەر نـایێ
هەتـاکو ســەروی تەڕی قامــەتی لە بــەر نەگرم
نمــامی بەخـت و مـــورادی دڵـــم بە بــەر نـایێ
مەگـــەر بە هیممــەتی بەژنی بڵێـــندی دڵبەر بێ
دەنـــا کە هیچ کـەسم لوتفـــی کاریگــەر نـایێ
ئەسیـــرە دڵ لەوەتـا خۆش‌نشیـــنی زولفـــی تـۆن
لە ئـــەو غەریبـــە بەڵاکێشـــە چی خەبــەر نـایێ
بە ژێکـــەوانی دوعـــا تیـــرە راســـەکەم نەیگرت
بەڵێ نیشـــانە کە کـەچ بوو لە دڵ هونـــەر نـایێ
گەلێ حەکـــایەتی ســـەر بۆ شنـــەی سەحەر وا پێ
وەلێ لە بەختی من ئەوشۆ شوکور سەحـــەر نـایێ
بە هیچ و پووچ بە ســـەر چوو تەمـــەن کەچی هێما
بەڵا لە ســـەر خەمی زولفی رەشت بە ســـەر نـایێ
دڵی فیـــرارییە «حافز» لە ترســـی فێـــڵ و فـــەرەز
کە وا لە جەغـــزی کەزێتـــا ئەمێستـــە دەر نـایێ
بە دیقی چـــاوی نەیـــاران پەیـــامی‌دا دڵبــــەر
کە کەس بە چاڵی چەنەم پاک وەک «عومەر» نایێ

نفس برآمد و کام از تو بر نمی‌آید
فغان که بخت من از خواب در نمی‌آید

صبا به چشم من انداخت خاکی از کویش
که آب زندگیم در نظر نمی‌آید

قد بلند تو را تا به بر نمی‌گیرم
درخت کام و مرادم به بر نمی‌آید

مگر به روی دلارای یار ما ور نی
به هیچ وجه دگر کار بر نمی‌آید

مقیم زلف تو شد دل که خوش سوادی دید
و زآن غریب بلاکش خبر نمی‌آید

ز شست صدق گشادم هزار تیر دعا
ولی چه سود یکی کارگر نمی‌آید

بسم حکایت دل هست با نسیم سحر
ولی به بخت من امشب سحر نمی‌آید

در این خیال به سر شد زمان عمر و هنوز
بلای زلف سیاهت به سر نمی‌آید

ز بس که شد دل حافظ رمیده از همه کس
کنون ز حلقه‌ی زلفت به در نمی‌آید

بـرۆی کەنیشکی جــەژن دەق ئـەدا هیلالی جەهـان
هیــــلالی یەکشــەوە ئاســا بە هـۆی بـرۆتە چەمــان
چەمیـــــوە چەشنــی برۆکەت لە حەســـرەتـا پشتــم
ئەوەندە ساوت ئـەدا بۆم بە وسمــە، تیـر و کـــەوان
مەگـــەر نفووسی بە باخــی گوڵان گەیـی نەفــەست
کە گوڵ کراسی لە بـــەر دادڕی بە چەشنی بەیـــان
نەبوو خەبـــەر لە دەف و نـــەی، دەمێ گڵم تێکـەڵ
لەگــەڵ شــەراب کرابوو بە ئەمری پیــری موغـــان
بە تۆ دەڵێـــم غەمی دڵــم و مـــەرارەتـی، وەرە لام!
حـەرامـــە بیستـــنی بێ تۆ، حەڵاڵــە لاڵــە زمـــان
ئەگـــەر سەخاوەتی وەسڵت بە رۆحــە، راحــەتە بۆم
کە نرخــی نـــایە مەتـــاعی وەهـــا، تەنانە بە گیـــان
کە مانــگی روومـــەتی ئێـوەم ئەدی لە شـــامی قـژا
بە رووت رۆشن ئەبوو چەشنی رۆ، شەواری خەمـــان
بە لێـــو گەیشتووە گیـــان و مـــورادی دڵ نەگـــەیی
ئەمــــا لە سیـــنە ئومێـــد و نیـــازی ئێمـە هەمـــان
لە عەشقــی بەژنتــی «حافز» گوتوونە چەن غـــەزەڵێ
بخوێنە شیعری و وەک دوڕ لەگوێ کە نەزمی ئەوان!
نە زاوری ئەوە دەستێ بـدەم لە پەرچــەمی شـــەو
نە قــۆرەتی دڵی «کۆلیـــل»ـمن بە تـەرکی شـــەوان

جهـــان بر ابروی عیـــد از هـلال وسمـه کشید

هـــلال عیـــــد در ابـروی یـــار بایـــد دید

شکستـــه گشت چو پشت هـلال قـــامت من

کمــــان ابروی یـــارم چـو وسمــه باز کشید

مگر نسیـــم خطت صبـــح در چمـن بگذشت

که گل به بوی تو بر تن چو صبح جـامه درید

نبـــود چنگ و ربـــاب و نبـــید و عـود که بود

گل وجـــود من آغشتـــه گـلاب و نبـــید

بیـــا که بـا تو بگویـــم غـــم مـــلالت دل

چـــرا که بی تو نـــــدارم مجال گفت و شنید

بهـــای وصـــل تو گر جـــان بود خریـــدارم

که جنس خوب مبصـــر به هر چـــه دید خرید

چو مـــاه روی تو در شـــام زلف می‌دیـدم

شبـــم به روی تو روشـــن چو روز می گردید

به لب رسیـــد مرا جـــان و برنیـــامد کـــام

به ســـر رسید امیـــد و طلب به ســـر نرسیـد

ز شـــوق روی تو حافظ نوشت حـــرفی چنـــد

بخوان ز نظمش و در گوش کن چو مرواریـد

لە ئێـوە موژدە! کە نەورۆزە، ژینگە شیـن و شەبـاب
هەموو دە کەن وە کو من مووچە سەرفی جامی شەراب
بڵێـــندە دەنگی مــراوی، بلـووری جـام لە کوێن؟
لە شیـــنە بولبـول ئەڵـێ چۆنـە گـوڵ دڕانی حیجاب
کەســێ هەنـار و شەمــامەی بتــێ بە دڵ نەمـژێت
چ تـــامی سێـوی بەهەشتــی لە زارە؟ خانــە خراب
خەتــایە ئۆف لە ڕێـی دڵبــەر و مەلامــەتی یـار
بە ڕاحەتی نە گــەیی کەس مە گەر بە ڕەنج و عەزاب
هەتـا لە بـاخی بەهـاری ڕوواوە خەتتـی بەنـەوش
گوڵێ لە ڕوومــەتی مەیگێـڕ بگـرە بیکە گوڵاب!
وەهـــا کریشمــەیی ســاقی دڵـی نــزارمی بـرد
لەگــەڵ کەسـم چ نەمــا تاقــەتی سوئال و جەواب
من ئەو عەبـــایە بە ڕەنگــی گوڵاڵــە ئـاور ئەدەم
کە پیــری مەیکەدە نەیسـەن بە یەک پییاڵە شەراب
بەهـــار ڕاگـرە یاڕەب! خەریکــە وەختـــی ئەچێ
بە بێ ئەوەی بەشی «حافـز» لە مــەی بنێـتە حەساب
تەفـاوەتی چییە «کۆلیـل»! ئەرێ بەهـــار و خـــەزان
کە بێــبەشی لە سوراحی لە دەنگی چەنگ و روبـاب

رسید مژده که آمد بهار و سبزه دمید
وظیفه گر برسد مصرفش گل است و نبید

صفیر مرغ برآمد بط شراب کجاست
فغان فتاد به بلبل نقاب گل که کشید

ز میوه‌های بهشتی چه ذوق دریابد
هر آن‌که سیب زنخدان شاهدی نگزید

مکن ز غصه شکایت که در طریق طلب
به راحتی نرسید آن‌که زحمتی نکشید

ز روی ساقی مهوش گلی بچین امروز
که گرد عارض بستان خط بنفشه دمید

چنان کرشمه‌ی ساقی دلم ز دست ببرد
که با کسی دگرم نیست برگ گفت و شنید

من این مرقع رنگین چو گل بخواهم سوخت
که پیر باده‌فروشش به جرعه‌ای نخرید

بهار می گذرد دادگسترا دریاب
که رفت موسم و حافظ هنوز می نچشید

بادی نەورۆزی شنـــەی دێ پێکـــەنی هـەوری بەهـــار
حـــاتـــەمێکم لازمـــن بۆ موتریب و جـــامی هەنـــار
خۆنووێنـــن دڵبـــەران و شــەرمــەزاری کیسە خـۆم
قورســـە باری عاشقـــی بێزەڕ، وەلـــێ ئازیـــزە بــار
وشکـــەساڵی هیممـــەتە و نایـــێ فرۆشـــی ئابـــڕوو
بۆ شــەراب و گوڵ دەبـــێ ئەو خەرقـە بفرۆشم لە شار
دەم بە دۆعـــا بوو شــەوی پێشوو سەحـــەر ئامینی وت
دەوڵەتی بەختم لە خەو هەڵسێ مەگەر وەك چاوی یار
گوڵ بە کوڵمی سوور و لێوی پڕ لە زەردەی هاتە بـــاخ
بیستبـــوی بۆنی ســـەخـــاوەت دێ لە دەستی جۆیبـــار
چـــەن کراسێکم لە جنسی پـــاك‌پۆشی کـــۆنەکرد
با لە رەنـدیشا یەخـــەی چـــاکی کراســـێ بێتە خوار
ئەو هەموو نوکتەی لە لێـــوی لەعلی تۆم وت، کێ وتـــی
کێ لە زولفـــت دەس‌درێـــژی دی وەکوو ئێمەی هـــەژار
بێت و دەرمـــانی ئەوینـــداران نەکا وێنـــووسی عەشـــق
گۆشـــەگیـــران چۆن بژین ئاخـــۆ لە جەوری رۆژگـــار
من کە نازانـــم دڵـــی «حـافـــز» بە تیـــری کـــێ‌وە بـــوو
هەر ئەوەم زانی دەچـــۆڕێ خوێن لە شیعـــری تاسـەدار
چـــاوی تیـــراوێژتی کـــێ بـــوو بە دڵ، «کۆلیـــل»وار
کێ وەك ئـەو بارامـــە گـۆڕی سینگی کردم کۆڵـــەوار

ابـــر آذاری بـــر آمد بـــاد نوروزی وزیـــد

وجه مـی می‌خواهم و مطرب که می گوید رسید

شـــاهدان در جلوه و من شرمســار کیســـه‌ام

بــار عشــق و مفلسـی صعب است می‌باید کشید

قحط جود است آبروی خود نمی‌بـاید فـروخت

بـــاده و گـل از بهـــای خـــرقه می‌باید خرید

گوییـــا خواهد گشـود از دولتم کاری که دوش

من همـــی کردم دعـــا و صبح صـــادق می‌دمید

با لبـی و صـــدهزاران خنـــده آمد گـل به بـاغ

از کریمـی گوییـــا در گوشـــه‌ای بویی شنیـــد

دامنـی گر چــاک شد در عـــالم رندی چه باک

جامـــه‌ای در نیک‌نـــامی نیـز می‌بـاید دریـــد

این لطـایف کز لب لعل تو من گفتـم که گفت

وین تطـــاول کز سر زلف تو من دیـدم که دید

عدل سلطـــان گر نپرسـد حال مظلومـــان عشق

گوشه‌گیـــران را ز آســـایش طمع بایـــد برید

تیـــر عاشـــق‌کش ندانـــم بر دل حافـــظ که زد

این‌قـــدر دانم که از شعـر ترش خون می‌چکید

هەواڵــەکەم! لە حەریفــی شــەوانە یــادێ کــە
بـەراتــی خــزمــەتی ئــەو عاشقــانە یادێــکە
لە کــاتی ســەرمەسیــیا، شەو لە نــاڵەنــاڵی دڵ
بە دەنگی چەنگ و هەواری تەکــانە یــادێ کــە
گزینگی بــادە کە هەڵــدێ لە روومــەتی مەیگێڕ
لە عاشقـــان بە مەقـــامێ، شـــەوانە یــادێ کــە
کە دەس لە گــەردنی هیــوا دەکــا دڵی ئاوات
لە قـــەولی خۆت بە من لـەو دەمــانە یــادێ کــە
ئەگــەرچی مەرکــەبی ئیقبــاڵ تونـد و ســەرکێشە
لە هــاوەڵان بە کــەرەم، حاتەمـــانە یــادێ کــە
کە نیـــتە هەر غـەمی ســۆزی دڵی وەفـــاداران
لە بێوەفـــایی چەرخـــی زەمـــانە یــادێ کــە
بەلوتف و مەرحەمەت ئەی گەورەکەسی ژوورنشین!
لە عەشقــی «خاجــە» بە ئەم ئاستــانە یــادێ کــە
چ زەردە کوڵمی «عومــەر» چەندە سوورە لێوی تۆ
بەهــارەکەم بە کــەرەم لەو خــەزانە یــادێ کــە

معاشـــران ز حـــریف شبـــانه یـــاد آرید
حقـــوق بنـــدگی مخلصـانه یـــاد آرید
به وقت ســـرخوشی از آه و ناله‌ی عشـاق
به صوت و نغمه‌ی چنگ و چغانه یاد آرید
چو لطف بـاده کند جلوه در رخ ســاقی
ز عاشقـــان به سرود و ترانـه یـــاد آرید
چو در میـــان مراد آورید دست امیـــد
ز عهـــــد صحبت ما در میانه یـــاد آرید
سمنـــد دولت اگر چند سرکشیـــده رود
ز همـــرهان به ســـر تازیانه یـــاد آرید
نمی‌خوریـد زمـانی غـــم وفـــاداران
ز بی‌وفـــایی دور زمـــانه یـــاد آرید
به وجه مرحمت ای ساکنـان صدر جلال
ز روی حافـــظ و این آستـانه یـــاد آرید

وەرن کە پەرچەمی پیرۆزی شاریار گەیی
هەواڵی فەتحی هەتا چەرخی خۆرهەوار گەیی
جەماڵی بەختی نووانی زەرافەتی زەفەری
کەماڵی عەدڵی، بە هاواری هەر هەژار گەیی
فەلەک ئەمێستە خول ئەخوا بە کەیف، خۆری هەڵات
جەهان نمامی بەری پێگەیی، کە یار گەیی
زەمانە چۆڵە لە نامەرد و رێگری دڵ و دین
مەترسە! قافڵەسالار و پیاوی کار گەیی
بە دیقی چاوی براگەل عەزیزی میسرە ئەوین
لە چاڵی قووڵەوە تا عەرشی کردگار گەیی
لە کوێیە سۆفیی ناڕاس و شێوە کنجی دەغەڵ
بڵێ بسووتە! کە مەنسووری دینمەدار گەیی
سەبا بە یار بفەرموو لە سۆزی عەشقی ئەوم
بە دڵ چەنێ گڕی ناڵین و تۆفی ژار گەیی
لە شەوقی دیتنت ئەی گوڵ بە دڵ لە بەندی فیراق
هەمان گەییوە لە ئاگر کە بۆ پووار گەیی
چ کاتی خەوتنە «حافز»! کە دەرسی سوبح و دوعای
سەحەر، بە ئەرکی قوبووڵی، سەحەر وتار گەیی
کە بەختی نوستووە «کۆلیل» سوبحی رۆشنی چی
حەرامە مەیکەدە بۆ من، بە شێخی شار گەیی

بیــــا که رایــت منصــور پادشـــاه رسیــد
نویـــد فتح و بشارت به مهـــر و مـاه رسیـد
جمـــال بخت ز روی ظفـر نقـاب انداخت
کمـــال عــدل به فریـــاد دادخــواه رسیــد
سپهـــر دور خوش اکنـــون کند که ماه آمد
جهان به کام دل اکنون رسد که شاه رسیــد
ز قاطعـــان طریـــق این زمـان شوند ایمن
قوافـــل دل و دانـــش که مـــرد راه رسیــد
عزیـــز مصـــر به رغـــم برادران غیـــور
ز قعـــر چاه برآمـــد به اوج مـــاه رسیــد
کجاست صوفی دجـــال فعـــل ملحدشکل
بگو بســوز که مهـــدی دین پنـــاه رسیــد
صبا بگو که چه‌ها بر سرم در این غـــم عشق
ز آتـــش دل ســـــوزان و دود آه رسیــد
ز شـــوق روی تو شاهـــا بدین اسیر فـــراق
همـــان رسیـد کز آتش به برگ کاه رسیــد
مرو به خواب که حافـــظ به بارگـــاه قبـــول
ز ورد نیـــم شب و درس صبحگـــاه رسیــد

بۆی زولفتی دەرون لە جەنابی سەبای بیست
لەو یارە ئاشنایە قسەی ئاشنای بیست

تۆ شای جەمالّی لوتفیٚ! بە حالّی گەدای خۆت
چون گوێم گەلیٚ حەکایەتی شاهـ و گەدای بیست

خۆشبۆ دەکەم بە بادە دەماری دەماخ چون
لەم خێلّە دین‌فرۆشە هەموو بۆی ریای بیست

رێـڕەو زمانی مۆرە لە رەمز و لە رازی دۆس
ماقم، لە کوێوە بادە فرۆشیٚ نەوای بیست

خوایا! لە کوێیە مەحرەمی رازیٚ هەتا بلّێم
چم وت بە یار و چۆن و چەنم ناڕەوای بیست

گویٚ‌بیستی کەس نەبوو گە دلّی حەق‌شنەوتی من
ئەونەی لە لێوی ئێوە هەلّە و ناسزای بیست

بیٚ بەش کە بوم لە باخی گولاّلەی مەگەر چ بوو؟!
کیٚ لەو بەهاری چەرخە نەسیمی وەفای بیست

مەیگێڕ! بیٚ ببیسە ئەوین جاڕی دا بلّێند
کیٚ کردی باسی ئێمە لە زاری مە وای بیست

قایم لە ژێری خەرقە نە یەکجارە مەی دەکەین
سەد جار پیری مەیکەدە هەر ماجەرای بیست

خۆ مەی بە دەنگی نەی نە هەر ئێستاکە نۆش ئەکەین
چەرخی زەمان لە مێژە کە بانگ و سەلاّی بیست

پەندی حەکیم گەوهەر و گەنجی ژیانە هەر
خۆشبەختە ئەو مرۆڤە بە گوێچکەی رەزای بیست

«حافز»! دوعا و نزایە وەزیفەت، نە هیچی تر
نەیبیست ئەگەر بە تۆ چە! وە یا خۆ، رجای بیست

«کۆلیل» زۆری بیستووە هەر کەس هەزارە هەر
دارایە بەو دوعایە لە دەم بێنەوای بیست

بوی خوش تو هر که ز باد صبا شنید
از یار آشنا سخن آشنا شنید

ای شاه حسن چشم به حال گدا فکن
کاین گوش بس حکایت شاه و گدا شنید

خوش می‌کنم به باده‌ی مشکین مشام جان
کز دلق‌پوش صومعه بوی ریا شنید

سِرِّ خدا که عارف سالک به کس نگفت
در حیرتم که باده‌فروش از کجا شنید

یا رب کجاست محرم رازی که یک زمان
دل شرح آن دهد که چه گفت و چه‌ها شنید

اینش سزا نبود دل حق‌گزار من
کز غمگسار خود سخن ناسزا شنید

محروم اگر شدم ز سر کوی او چه شد
از گلشن زمانه که بوی وفا شنید

ساقی بیا که عشق ندا می‌کند بلند
کآن‌کس که گفت قصه‌ی ما هم ز ما شنید

ما باده زیر خرقه نه امروز می‌خوریم
صد بار پیر میکده این ماجرا شنید

ما می به بانگ چنگ نه امروز می‌کشیم
بس دور شد که گنبد چرخ این صدا شنید

پند حکیم محض صواب است و عین خیر
فرخنده آن کسی که به سمع رضا شنید

حافظ وظیفه‌ی تو دعا گفتن است و بس
دربند آن مباش که نشنید یا شنید

هەوالّــە کان! بە غـەزەلّ پرچی یـار شانە بکەین
شـەوێکە خۆش و درێـژی بە ئەم قسـانە بکەین

دلّان لە خەلّوەتی شـایی جەمن هەموو، یـاران!
بە چـاوەزار دەمێــنی رەقیـبی یـانە بکەین

روباب و چەنگ بە دەنگی بلّیند و خۆش دەلّێن
لە لێـوی خەلّکی دەرون نۆشـی عاشقانە بکەین

بە گیـانی یار! کە عەشق ئـابڕووبەر و هەلّـە نین
ئەگـەر بە لوتفی خـودا تەکیە خالیسـانە بکەین

گەلێکـە بەیـن، لە بەینی ئەویـن و عـاشقی زار
کە یـار نـاز دەکـا شیـوەنێ شــەوانە بکەین

هەوەلّ نەسێحــەتی پیــر ئەم کەلامە شیــرینەن
حەزەر لە هــاوەلّی نامــەردی ئەم زەمانە بکەین

کەسێ لە دایەرەی ئەم کۆڕەدا بە عەشق نەژێت
لە پێشی مــەرگی ئەبێ نوێـژە مردووانـە بکەین

ئەگـەر لە ئێــوە بکـا «خاجـە» بەخشـشێ داوا
بە لێـوی دلّبـەر و لوتفـی حەوالّە جوانـە بکەین

زەکاتی خالّــی بە «کۆلیـل» هەر دەگـات بەلّام
لە تــاوی پەرچــەمی نـاوێ خەیالّی دانە بکەین

معاشـــران گـــره از زلـف یـــار بـاز کنیـد
شبـی خوش است بدین قصـــه‌اش دراز کنیـد
حضور خلوت انس است و دوستـــان جمعـند
وَ إن یَکـــاد بخـوانیـــد و در فـــراز کنیـد
ربـــاب و چنـگ به بانــگ بلنـد می گوینـد
که گوش هـــوش به پیغـــام اهـــل راز کنیـد
به جـان دوست که غـــم پرده بر شمـــا ندرد
گـر اعتمـــاد بر الطـــاف کـارســـاز کنیـد
میـــان عـــاشق و معشـــوق فرق بسیـار است
چو یار نـــاز نمـــاید شمـــا نیـــاز کنیـد
نخست موعظـــه‌ی پیر صحبت این حرف است
که از مصـــاحب ناجنـــس احتـــراز کنیـد
هر آن کسی که در این حلقه نیست زنده به عشق
بر او نمـــرده به فتـــوای مـن نمـــاز کنیـد
و گر طلب کنـــد انعـــامی از شمـــا حافـظ
حوالتـــش به لـب یـــار دلنـــواز کنیـد

ئەلۆ ئەی تووتی ئەی ئاوێنەی ئەسرار!
نەبێ خاڵیت قەن هەرگیز لە مینقار
دەمت گەرم و سەرت سەوز و دەمت خۆش
نووانت چونکە خاڵی سەوزەڵەی شار
قسەی بێ پەردە فەرمووو بۆ حەریفان
گرێ تۆخوا نەمێنێ با لەسەر زار
گوڵاوی جامەکەت بڕژێنە لێمان
کە خەوتوو بەختی ئێمە و ئێوە بێدار
چ ئاهەنگێکی لێدا کاکی نەیچی
کە نوقمی هەڵپەڕینن مەست و وەشیار
چ دەرمانێکی ساقی کردە نێو مەی
کە کەس نەیما لەسەر دەسماڵ و بڕیار
بە ئەسکەندەر نەبڕیا قەترە ئاوێ
بە زۆر و زێڕ نابێ خۆ هەموو کار
لە حاڵی دەردەداران بێن ببیسن!
کە هەر ئۆفێ کتێبێکی لە تۆمار
خواوەننا! دڵ و دینم بە دەس تۆ
لە تاڵان و بڕۆی چاو و بڕۆی یار
بە بێ غەم رازی سەرمەستی مەفەرموو
کوتەی دڵ چۆن دەبیسێ نەخشی دیوار
لە سایەی قەندی لێوی یارە «حافز»
لە هەر جێ شەککەری شیعری لەسەر زار
خودایی رەحمی بوو بۆ چینی بێدەس
خودایا حیفزی فەرمووو سا لە ئازار!
دڵی «کۆلیل» یارەببی دەوا کەی!
بە دەستی چاوی مەستی شۆخی نازار

الا ای طوطـــی گویـــای اســـرار
مبـــادا خـــالیت شـــکر ز منقـــار
ســـرت سبز و دلت خوش باد جـاوید
که خوش نقشی نمودی از خط یـــار
سخـن سربستـــه گفتـــی با حریفـــان
خـــدا را زین معمـــا پرده بـــردار
به روی مـــا زن از ساغـــر گـــلابی
که خواب‌آلوده‌ایـــم ای بخت بیـــدار
چه ره بـود این که زد در پرده مطرب
که می‌رقصنـــد با هم مست و هشیـــار
از آن افیـون که سـاقی در می‌افکنـد
حریفـــان را نه ســـر ماند نه دستـــار
سکنـــــدر را نمی‌بخشنـــــد آبـــی
به زور و زر میســـر نیست این کـــار
بیـــا و حـــال اهـــل درد بشنـــو
به لفـــظ انـــدک و معنـــی بسیار
بت چینـی عـدوی دین و دل‌هـاست
خـــداوندا دل و دینـــم نگـــه‌دار
به مستـــوران مگـــو اســـرار مستـــی
حدیث جـــان مگو بـــا نقش دیـوار
به یمـــن دولت منصـــور شـــاهی
علـــم شد حافـــظ اندر نظـــم اشعـــار
خداونـــدی به‌جـــای بنـــدگان کرد
خداونـــدا ز آفـــاتش نگـــه‌دار

مەی بێنە ساقی! وەرزی گوڵان چوو بە ئینتیزار
مانگی نووێ وەبینە لە روخساری شاریار
دونیا بە کەس نەماوە بە مەستی، بپرسە کەی
بەخشی بە کەی کڵاو و بە جەم جام، رۆژگار؟!
هەر تاقە گیان ماوە کەنیشکی ترێ لە کوێن
تاکوو ئەوەش بە ساقی و نازی بکەم نیسار
ئۆخەی لە لوتفی دڵبەر و هەیهەی چ حاتەمێ
یارەب کە چاوی پیسی زەمانی نەبێ دوچار!
ئەشعاری من وەخوێنە شەرابی لەگەڵ وەخۆ!
جامی لەعل لە ئێوە لە من دوڕڕی شاهوار
پارشێو ئەگەر نەبێ چییە یاقووتی سوح کە هەن
بەربانگ، مەی رەواترە بۆ عاشقی هەژار
لەو جێ کە پەردەپۆشە جەماڵی سەخاوەتت
تاوانی دڵ ببەخشە کە نەغدێکە بێعەیار
بێشک لە رۆژی ئاخیرەتا بێتەفاوەتە
دەڵقی قەڵەندەری مەس و تەزوێحی شێخی شار
«حافز»! بە چەشنی گوڵ رەمەزانیش چوو لە دەس
ناچاری تێکە بادە بە سەر هات رۆژگار
«کۆلیل» هەر لە مەیکەدە بێبەش نەبوون و بەس
بەو پیرییەش هەمیشە گەڕی پێدەکا نەیار

عیـــد است و آخــر گل و یـــاران در انتظـار
ســاقی به روی شـاه ببین مـاه و می بیـــار

دل برگرفتــه بــودم از ایـــام گــل ولـــی
کــاری بکــرد همـت پاکـــان روزه‌دار

دل در جهـــان مبـــند و به مستـی ســال کن
از فیــض جـام و قصـه‌ی جمشیـد کامگـار

جز نقـــد جان به دست نـــدارم شـراب کو
کـــان نیـز بر کرشمــــه‌ی ســـاقی کنم نثار

خوش دولتـی‌ست خرم و خوش خسروی کریم
یـــا رب ز چشـــم زخـم زمانش نگـــاه‌دار

مـی خور به شعـــر بنـده که زیبی دگر دهـد
جـــام مرصــع تو بدیـــن در شـاهـــوار

گر فوت شد سحــور چه نقصان صبـوح هست
از مـــی کنـــند روزه‌گشـــا طالبـــان یـــار

زآن‌جـــا که پـــرده‌پوشی عفـو کریـــم توست
بر قلب مـــا ببخش که نقـــدی‌ست کم‌عیـــار

ترســــم که روز حشـــر عنـــان بر عنـــان رود
تسبـیح شیـــخ و خرقـــه‌ی رنـد شراب‌خوار

حافـــظ چو رفـت روزه و گـــل نیــــز می‌رود
ناچـــار بـــاده نوش که از دست رفت کـــار

سەبـــا بە کەوشەنی گیانـــان سەفـــەر درێغ نەکەیت
لـەوێ بە عاشقـــی لێـــوەی خەبـــەر درێـــغ نەکەیت
بە مەیلی بەخت کە پشکووتی ئەی گوڵی بۆن خۆش
نەفەس لە بولبـــولی زاری سەحـــەر درێـــغ نەکەیت
شـەڵاڵی تیـری هیـــلالی چەمـــاوی یەکشـــەوەتم
ئەمێـــستە مــــانگی تـــەواوی، نەزەر درێـــغ نەکەیت
جەهـــان و هەرچی لەوا بێ دەمێـــکی موختـــەسـەرە
دەمت لە ئەهلـــی دەرون، موختەسەر درێـــغ نەکەیت
کە ئێستـــە کـــانی نەبـــات و گـەزۆیە لێـــوەکەتـــان
کەرەم کە قەنـــد و لە تووتی شەکەر درێـــغ نەکەیت
بەیـــانی شیعـــرم ئەکا شـــەرحی گەورەیی کەرەمت
بەراتـــی شیعـــــر و خەڵاتـــی هونـــەر درێـــغ نەکەیت
کە نـــاوی خێـــرت ئەشـێ داگـرێ وڵاتی کـــەلام
لە کیـــژی جوانی قسـەم لوتفی زەڕ درێـــغ نەکەیت
غوبـــاری غەم لە دڵ ئـــەڕوات و چـــا دەبی «حافـــز»!
تکـــایە ئـــاوی دییـــەت بۆ گـوزەر درێـــغ نەکەیت
«عومــــەر» شکـــایەتی هێـــناوە بۆ جەنـــابی دییـــەت
قـــەزاوەتی بە هەقـــت، تۆ عومــــەر! درێـــغ نەکەیت

صبا ز منزل جانان گذر دریغ مدار
وز او به عاشق بیدل خبر دریغ مدار

به شکر آن که شکفتی به کام بخت ای گل
نسیم وصل ز مرغ سحر دریغ مدار

حریف عشق تو بودم چو ماه نو بودی
کنون که ماه تمامی نظر دریغ مدار

جهان و هرچه در او هست سهل و مختصر است
ز اهل معرفت این مختصر دریغ مدار

کنون که چشمه‌ی قند است لعل نوشینت
سخن بگوی و ز طوطی شکر دریغ مدار

مکارم تو به آفاق می‌برد شاعر
از او وظیفه و زاد سفر دریغ مدار

چو ذکر خیر طلب می کنی سخن این است
که در بهای سخن سیم و زر دریغ مدار

غبار غم برود حال خوش شود حافظ
تو آب دیده از این رهگذر دریغ مدار

ئەی سەبا! بۆنی شنەی زولفی چەمانێکم ئەوێ
زامداری غەمییم مەرهەمی گیانێکم ئەوێ
لە دڵی بێ‌بەر و بارم بدە دەرمانە بەرێ
لە غوباری دەری ئازیز نیشانێکم ئەوێ
من و ئەو دڵمە لە سووچێکی تەماشا لە شەڕین
وا لە بارامی دییەی تیر و کەوانێکم ئەوێ
لە بیاوانی غەما پیر و پەرێشانە دڵم
لەعلی شایی لە دەسی تازە جووانێکم ئەوێ
یەک دو دەورێ بە نەزانان بدە ساقی کە ئەگەر
وەری‌نەگرێ لە دەست جامی نەزانێکم ئەوێ
یا ئەمێستا وەرە شا بین و بنۆشین شەراب
یا لە دیوانی ئەجەل مۆڵەتی مانێکم ئەوێ
دوێنەشەو دڵ لە دەسم چوو کە وتی «خاجە» بە سۆز
ئەی سەبا بۆنی خۆشی زولفی فلانێکم ئەوێ
دڵی «کۆلیل» دەڵێ بۆیە لەگەڵتا بە شەرم
تۆ کەژی بەرزت ئەوێ من کەژەوانێکم ئەوێ

ای صبا نکهتی از کوی فلانی به من آر
زار و بیمار غمم راحت جانی به من آر

قلب بی‌حاصل ما را بزن اکسیر مراد
یعنی از خاک در دوست نشانی به من آر

در کمین‌گاه نظر با دل خویشم جنگ است
ز ابرو و غمزه‌ی او تیر و کمانی به من آر

در غریبی و فراق و غم دل پیر شدم
ساغر می ز کف تازه جوانی به من آر

منکران را هم از این می دو سه ساغر بچشان
وگر ایشان نستانند روانی به من آر

ساقیا عشرت امروز به فردا مفکن
یا ز دیوان قضا خط امانی به من آر

دلم از دست بشد دوش چو حافظ می‌گفت
کای صبا نکهتی از کوی فلانی به من آر

ئەی سەبــا! بۆنی خۆشی خـاکی سەکۆی یـارم ئەویَ
لاوە غــەم لـەو دڵـــە مزگێنیــی دڵــدارم ئـەویَ
گوڵەباســیَ لە دەمــی یاســی نەفــەس بێــنی بڵــیَ
خۆش خەبەر دەستوخەتێکی گوڵی ئەســرارم ئەویَ
هەڵمــژیَ تا لە نەسیمــی کەرەمت گیــانی حــەزم
سووکــە عەتــریَ لە عەبیــری گوڵی گوڵزارم ئەویَ
بیَ ئــەوەی تــۆزی گەلــی فیتنــە بنیــشێت لە دڵ
تۆ وەفـــاکەت! کە غوبـــارێک لە ڕێــی یــارم ئەویَ
تۆزی کــۆی ڕێــگوزەری گــوڵ بە گــلاراوی دڕوو
بۆ قــەراری گلی دوو نێــرگزی خوێنبــارم ئەویَ
گیــان لە سەر لەپ نییەتی گێــژی و ساوێلکە سەری
بۆیــە دایــم خەبــەری دڵبــەری وەشیــارم ئەویَ
تۆ کە ئــازادی و شــادی لە چەمــەن ئەی مەلی گـەل!
بۆ هەڵــۆی بەنــدی قەفــەس ناڵــە و هــاوارم ئەویَ
تــاڵ چون کەکــرە دەمی گیــانە بە هیجرانی ئەوین
شەربـــەتی نــازی لە ســەر لێــوی شەکەربـارم ئەویَ
ڕۆژگــارێکە کە دڵ بـــەژنی مــورادێکــی نــەدی
ساقیــا جــامی مــەی ئاوێنــەیی روخســارم ئەویَ
ئەو جبــەی «حافز»ە ڕەنگین کە! بە مەی خۆشی خراو
بێـــنە بــازاڕ کە رسـوا ســەری نێــو شــارم ئەویَ
قــەل و قـــالاو لە نێــو بــاخ و چەمەن دەرکە هەمــوو
تاقـــە «کۆلیــل»ــی ســەقز، پیــری وەفــادارم ئەویَ

ای صبا نکهتی از خاک ره یار بیار
ببر اندوه دل و مژده‌ی دلدار بیار
نکته‌ای روح فزا از دهن دوست بگو
نامه‌ای خوش خبر از عالم اسرار بیار
تا معطر کنم از لطف نسیم تو مشام
شمه‌ای از نفحات نفس یار بیار
به وفای تو که خاک ره آن یار عزیز
بی غباری که پدید آید از اغیار بیار
گردی از رهگذر دوست به کوری رقیب
بهر آسایش این دیده‌ی خونبار بیار
خامی و ساده‌دلی شیوه‌ی جانبازان نیست
خبری از بر آن دلبر عیار بیار
شکر آن را که تو در عشرتی ای مرغ چمن
به اسیران قفس مژده‌ی گلزار بیار
کام جان تلخ شد از صبر که کردم بی دوست
عشوه‌ای زان لب شیرین شکربار بیار
روزگاری‌ست که دل چهره‌ی مقصود ندید
ساقیا آن قدح آینه کردار بیار
دلق حافظ به چه ارزد به می‌اش رنگین کن
وان گهش مست و خراب از سر بازار بیار

چێــرە بنوێنــە کە خۆمــم لـە دڵ و یــاد بـەرێ
خەرمــەنی عاشقــی سووتــاو بلا بــاد بـەرێ!
دڵ و گیــانم کە بە تۆفــانی بەڵا داوە چ بــوو
سەیلی غـەم بێت و رەگ و ریشە لە بونیاد بـەرێ
عەمبـەری خالیسی زولفی ئەوی کەس هەڵنەمژی
با دڵی خــاو قسـەی پرچی لە سەر یـاد بـەرێ
سیــنە فەرموو گڕی نێو کوانووەکەی فارس ببات
چـاو فەرموو کە شکۆی دەجلەیی بەغداد بـەرێ
پیـری مەیخانە فەقـەت دەوڵـەتی دادی بگـەڕێ
چ دەبێ نێـوی من ئەم چەرخە بە بێـداد بـەرێ
بێ خەبـاتێ بە خــەراباتی ئەوین قــەت نەگـەیی
هەر کە فێــرخوازە دەبێ جەور لە ئوستـاد بـەرێ
دەمی مــردن نەفــەسێ بێــتە ســەرینم لـەوەلا
تا بە ئەڵحەد لەشی خاڵی لە غـەم ئـازاد بـەرێ
دوێشەو ئەیوت کە بە خەنجێری دو ئەبرۆت ئەکوژم
ئەم هــەوا خوا لە سـەر و خاتــری جەللاد بـەرێ
«حافــز» ئازیــز دڵی ناسکــە، لەم دەرکـە کەســێ
بێ‌مەتــەق دانەکــەوێ، ناڵــە و فەریــاد بـەرێ
دڵی «کۆلیــل»ـە دڵم، خوایە هەڵی نەگری ئەدی
کـە قوشــێ شیــوەنی شیــرین بە فەرهــاد بـەرێ

روی بنمـای و وجود خـودم از یـاد ببـر
خرمــن سوختگان را همـه گو بـاد ببـر

ما چو دادیــم دل و دیــده به طـوفان بلا
گو بیــا سیل غـم و خــانه ز بنیـاد ببـر

زلف چون عنبر خـامش که ببوید هیهات
ای دل خـام طمع این سخن از یـاد ببـر

سینه گو شعلـه‌ی آتشکده‌ی فارس بکش
دیده گو آب رخ دجلـــه‌ی بغـداد ببـر

دولت پیـر مغـان باد که باقی سهل است
دیگری گو بـرو و نــام من از یـاد ببـر

سعی نابــرده در این راه به جــایی نرسی
مزد اگر می‌طـلبی طــاعت استـاد ببـر

روز مرگــم نفســی وعده‌ی دیــدار بده
وان گهــم تا به لحد فــارغ و آزاد ببـر

دوش می گفت به مژگــان درازت بکشم
یا رب از خاطــرش اندیشه‌ی بیــداد ببـر

حافظ اندیشه کن از نــازکی خـــاطر یـار
برو از درگهش این نالــه و فریـاد ببـر

شـــەوی دیـــداره دووری دەردی بـــاره
هەتـــا سوبحی سەحـــەر دڵ مەستی یـاره
لە ڕێگەی عەشق ئەبێ ئەی دڵ نەدەی کۆڵ!
کە مەرجی عاشقـــی ڕەنجــە و پـــەژاره
بە بـــەرد و دەردی دووریشـــــم بکـووژی
لە ڕەنـــدی تۆبــە ناکـــەم نـــا، قـــەراره
هەڵـــێ ئەی مـــانگی ڕۆشن تۆ بی و خـــوا!
شـــەوی دووری گەلـــێ بێنوور و تـــاره
دڵـــم ڕۆیشت و نەمـــــدی قـــامەتی یـــار
ئەمـــان لـەم زڵمـــە وەی لەم ڕۆژگـــاره!
وەفـــا شـــــەرتی جەفـــا کێشانە «حافز»!
کە تاجـــر کـــاری قـــازانج و خەســـاره
بە «کۆلیـــــل»یشی پیـــری دەیـــر فـــەرموو
کە زستــــان تا نەبێ کەنـــگێ بەهـــــاره

شب وصل است و طی‌شد نامه‌ی هجر

سَـــلامٌ فیــهِ حَتّی مَطْلَــعَ الفَجــر

دلا در عــاشقی ثــابت قـــدم باش

که در این ره نبــاشد کار بی اجــر

من از رنــدی نخواهـــم کرد توبـه

و لو آذیتـــنی بِالهَجــر وَ الحَجــر

برآی ای صبـــح روشن‌دل خـــدا را

که بس تاریک می‌بیـنم شب هجـــر

دلـــم رفت و ندیـــدم روی دلـــدار

فغـان از این تطاول آه از این زجـــر

وفـــا خواهی جفـــاکش باش حافظ

فَـإنَّ الرِّبـح وَ الخُســران فِی التَّجـــر

عومر ئەگـەر بێت و بە مەیخـانە بگەم جـارەکی دی
کاری رەنـدانە نەبێ شـەرتە نەکەم کـارەکی دی

چـاو بە گریانەوە بریـا وەکو جـاران دەچـووم
ئـاوپژێنی بـەری مەیخـانە بکەم جـارەکی دی

ئاشنـایێ نیـیە لەم خێڵـە خودایـا کـەرەمێ!
تـا بـەرم گەوهـەری تاقـانە بە کڕیـارەکی دی

یار ئەگـەر چوون و خەمی هـاودەمی مێژینی نەبوو
من کە حاشا گوڵی غـەم بەم لە یەخەی یـارەکی دی

چەرخی شیـنم لەگەڵا بێت لە نێـو جەغزی دەخـەم
هەر وەکوو نوختە خەت و خاڵی بە پەرگـارەکی دی

خـاترم مەیلی بە شـەڕ نین ئەگەری بـاس نەکەن
نازی چـاوی، خەمی دوو رێگر و شەوگـارەکی دی

دیتـە چۆن عەشقـی نهێنی مـە بە گـۆرانی ئەڵێـن
گەل بە ناڵەی دەف و نەی، عوود و هەموو تـارەکی دی

هەر دەمـم نـاڵە و دەردێ، کە فەلـەک هەر ساتێ
دەهـەژێنێ دڵـی زامـار بە ئـازارەکی دی

نیـیە «حافز» بە تەنـێ کەوتە گـەروی داوی ئەویـن
لـەم بیـاوانە مەگـەر دەرچـووە دڵـدارەکی دی؟!

هەرکە «کۆلیـل»ـی هونەر بێت و ئەویـنداری گەلی
سـەری رۆیی وەکـو مەنسوور لە سـەر دارەکی دی

گر بود عمـــر به میخـــانه رسم بـــار دگر
بجـــز از خدمت رنـــدان نکنـــم کار دگر
خـــرم آن روز که با دیـــده‌ی گریـــان بروم
تا زنـــم آب در میکــــده یک بـــار دگر
معـــرفت نیست در این قـــوم خدا را سببی
تا بـــرم گوهـــر خود را به خریـــدار دگر
یار اگر رفت و حق صحبت دیرین نشناخت
حـــاشَ لله که روم مـــن ز پـی یـــار دگر
گر مســـاعد شودم دایـــره‌ی چـــرخ کبود
هـــم به دست آورمش بـــاز به پرگار دگر
عافیـــت می‌طلبـــد خاطـــرم ار بگـــذارند
غمـــزه‌ی شوخش و آن طرّه‌ی طَـرّار دگر
راز سربستـــه‌ی ما بین که به دستان گفتـــند
هر زمـــان با دف و نی بر ســـر بـــازار دگر
هر دم از درد بنـــالم که فلک هـــر ساعت
کنـــدم قصـــد دل ریـــش بـه آزار دگر
بـــاز گویم نه در این واقعه حافـــظ تنهاست
غرقـــه گشتـــند در این بادیـــه بسیـــار دگر

ئەی رون بە نووری کولّمەکەتن لالەزاری ژین
بێرۆ! کە وەک خەزانــە بە بێ تۆ بەهــاری ژین

بــارانی ئەشکی دیــدە بە خورِ دا بکــا رەوان
وەک بەرق چونکە چوو لە غەمت رۆژگاری ژین

ئەم چەن سەعـاتە مۆلّەتـی دیـدار دەس ئـەدات
کاری مە جێبــەجێ کە! کە نەدیــارە کـاری ژین

تا کەی خــەوی شرین و شــەرابی سەحەر نووێن
وەشیــار بن دەخیلـــە کە چوو ئیختیـاری ژین

دوێ دەگوزەران و یەک نەزەری بۆ مە پێنەبوو
بێــچارە دڵ کە یـــاری نەبوو رێگوزاری ژین

ترسی لە بەحــری سوور و شـــەپۆلی فەنا نیــیە
هەرکەس دەکات زاری بە نوختەی مەداری ژین

هەر گۆشـــەیێ کەمینگەیی رووداوەیێــکە نـــۆ
پەوکێ وەهــا بە تاوە هەراســان سوواری ژین

من بێتەمـــەن دەژێم و بە ســەیری مەزانە تۆش
دووری لە یــار مەرگــە، نە رۆژ و شـەواری ژین

«حافز»! غەزەڵ بڵێ کە لە سەحنی هەموو جەهان
نەخشی قەڵـــەم دیارە لە کۆی یادگـــاری ژین

«کۆلیل»! ئەگەر بەرِێزە قەڵەم نەخش و بەرهەمی
پێم بێـــژە بۆ لە بەنـــدە هونەرمەندی شاری ژین

ای خــــرم از فـــــروغ رخت لالــه‌زار عمـــر
بـــــازآ که ریخت بی گل رویت بهـــار عمـــر
از دیـــده گر سرشک چو باران چکــد رواست
کـــاندر غمت چو بـــرق بشــد روزگار عمـــر
این یک دو دم که مهلت دیـــدار ممکـن است
دریـــاب کار مـــا که نه پیـــداست کار عمـــر
تا کی مـی صبـــوح و شکـــرخواب بـــامـــداد
هشیـــار گرد هـــان که گذشت اختـــیار عمـــر
دی در گـــــذار بود و نظـــر ســـوی مـــا نکرد
بیـــچاره دل که هیـــچ ندیـــــد از گذار عمـــر
اندیشـــــه از محیـــط فنـــــا نیست هـــــر که را
بر نقطـــه‌ی دهـــــان تو باشــــد مـدار عمـــر
در هر طرف که ز خیـل حوادث کمین گهی‌ست
زان رو عنـــــان گسسته دوانـــد ســـوار عمـــر
بی عمـــر زنــــده‌ام من و این بس عجب مـــدار
روز فــــراق را که نهـــــد در شمـــار عمـــر
حافـــظ سخن بگـــوی که بر صفحـــه‌ی جهان
این نقـــش مانـــد از قلمـــت یادگـــار عمـــر

دیسان لە دوندی سەروی چەمەن بولبولی سەبوور
خوێندی: (خودا لە چاوی چەپەڵ گوڵ بکا عوبوور)
ئەی گوڵ کە شۆخی باخی، لە شوکرانەدا بەخێر
بولبول کە شێتی تۆیە لە سەر لاوە بۆی غورروور
ناکەم لە دەستی غەیبەتی باڵات قەت شکات
دووری نەبێ هەتا نییە قەدری دەمی حوزوور
هەرکەس بە وەسڵی دڵبەر و گۆڤەندی خۆیە شاد
ئێمەش غەمی نیگارە لە سەرمانە هۆی سورروور
سۆفی ئەگەر بە حۆری و کۆشکی بەهەشتە خۆش
مەیخانە قەسری ئێمەیە، ئازیزمانە حوور
مەی خۆ! بە دەنگی چەنگ و مەخۆ غەم ئەگەر کەسێ
فەرمووی خراوە بادە بڵێ: (یا هووەلغەفوور)
«حافز»! شکاتی چیتە لە خوسپەی فیراقی یار
شایی لە شوێنە شیوەن و بە شوێن شەوایە نوور
مەیگێڕ بێنە بادە! کە «کۆلیل» بێتە حاڵ
خۆش هەڵدەکا لە نەزمی خۆشی(هەی لەدوور لەدوور...)

دیگر ز شــاخ ســرو سهــی بلبــل صبــور
گلــبانگ زد که چشـم بد از روی گل به دور
ای گل به شکــر آن که تویی پادشــاه حسـن
با بلبــلان بیــدل شیــدا مکـن غــرور
از دست غیــبت تـو شکـــایت نمی کنـــم
تـا نیست غیبــتی نبــود لــذت حضــور
گر دیگــران به عیش و طرب خرمنــد و شــاد
مـــا را غـــم نگـــار بود مایــه‌ی ســرور
زاهـــد اگر به حور و قصــور است امیـــدوار
ما را شرابــخانه‌ی قصــور است و یــار حور
می خور به بانگ چنگ و مخور غصه، ور کسی
گویــد تو را که بـــاده مخــور گو هُوَ الْغَفُـور
حافظ شکــایت از غـــم هجــران چه می کنی
در هجـر وصــل بـاشد و در ظلمـت است نور

مـــانگی تابـــانت لە نۆ هەڵـــدێ لە کەنعـــان غەم نەخۆی
کۆخی شین رۆشن دەبێ چون کـاخی کەیوان غەم نەخۆی
ئەی دڵـی غەمگیـــن گومـــانی بـەد بە خۆ رێگا نــەدەی
گەرچی بێسامـــانە سـەر، دێتــۆ بە سامـــان غەم نەخۆی
عومر ئەگەر وەرزی بەهـــاری بێ، لەسـر تەختی چەمەن
پەرچەمی گوڵ مـاچ ئەکەی بولبول! هەمیسان، غەم نەخۆی
دەوری گەردون گەر دو رۆژێ چەرخی وەک چاوت نەبوو
هەردەمێ جۆرێ دەسوورێ چـەرخی دەوران غەم نەخۆی
هەی لە دەس هیـــوا نەدەی چون نادیـــارە دەستی غەیب
چۆن لە پشتی پەردەی ئـاڵوگـۆڕە پەنهـــان، غەم نەخۆی
گوڕمـــی لافـــاوی فەنـــا دونیـــا لە بێخـــا هەڵکـەنێ
گەمیەوان تا نووحـە ئەی دڵ! قەت لە تۆفـــان غەم نەخۆی
چون بەرەو کـــابەی ئەوین چـــۆڵ و بیـــاوان تەی دەکەی
نەشتـــەرن هەرچـــەن لە رێتـــا دڕکەزێکان غەم نەخۆی
گەرچی رێگـــا پڕ لە خۆفــە و ماڵـــی دڵبـــەر دوورەدەس
هیچ رێگـــایێک نیـــن نەشکێـــتە پایـــان غەم نەخۆی
حـالّی ئێمـە و دەردی دووری یـــار و سەرســـەختی رەقیب
هەر هەموو روونـــاکە بۆ گـــەردوونی گەردان غەم نەخۆی
تا بە دەروێشـــی لە داوی زولفـــی شـــەو «حافز»! هـەوات
زیکری دڵـــداری دەلالـــە و دەرسی قورئـــان غەم نەخۆی
ئەی گوڵـی «کۆلیـــل» ئەگـــەرچی هاتە وێزەت بای خەزان
دێتە گـــوێ هـــاواری گەرمـــی بای بەهـــاران غەم نەخۆی

یوسف گمـــگشته بـــازآید به کنعـــان غم مخور

کلبـــه‌ی احـــزان شود روزی گلستـــان غم مخور

ای دل غمـــدیده حـــالت بـــه شـــود دل بـــد مکن

وین ســـر شوریـــده بـــازآید به ســـامان غم مخور

گر بهـــار عمـــر باشـــد بـــاز بر تخـــت چمـــن

چتر گل در سر کشی ای مرغ خوشخوان غم مخور

دور گـــردون گـــر دو روزی بر مـــراد ما نرفت

دایمـــاً یکســـان نبـــاشد حـــال دوران غم مخور

هـــان مشو نومیـــد چون واقف نه‌ای از سِـــرّ غیب

باشـــد انـــدر پرده بازی‌هـــای پنهـــان غم مخور

ای دل ار سیـــل فنـــا بنـــیاد هستـــی بر کنـــد

چون تو را نوح است کشتی‌بان ز طوفان غم مخور

در بیـــابان گر به شـــوق کعبه خواهـــی زد قـــدم

ســـرزنش‌ها گر کنـــد خـــار مغیـــلان غم مخور

گرچه منزل بس خطرناک است و مقصد بس بعیـــد

هیـــچ راهی نیست کـــان را نیست پایان غم مخور

حـــال مـــا در فـــرقت جانـــان و ابـــرام رقیـــب

جمـــله می‌دانـــد خـــدای حـــال گردان غم مخور

حافظـــا در کنج فقـــر و خلـــوت شب‌هـــای تـــار

تـــا بـــود وردت دعـــا و درس قـــرآن غم مخور

نەسیحەتێکت ئەکەم بیستنی رەوایە، خەتان
شەمی نەسیحەتی دڵسۆز هەڵنەکەی لە دڵان
جەهانی پیر کەمینی کە ناوە بۆ تەمەنت
لە باخی وەسڵی جووانان گوڵێ بەبۆ کە جووان!
سوئالی هەر دو جەهانم لە عاشقێ پرسی
وتی بزانە کە بێ‌عەشقە هیچ هەر دو جەهان
مەگەر بە دۆسی ئەمەگدار و سازی سازی بڵێم
سەدای زیل و بەم و ناڵەناڵی دڵ لە شەوان
لەسەر ئەوەم کە نەخۆمۆ مەی و گوناح نەکەم
سرشت ئەگەر بە تەویرم بکات و بێتە کەوان
کە دابەشی ئەزەلی بێ‌حوزووری ئێمە کرا
ئەگەر کەمێ بە مەرامت نەبوو، خەتا لەوەدان
کە هەر لە دڵ جەمە خێڵی خەیاڵی خاڵی رەشی
لە موشک و مەی وەکو گوڵ پڕ کە جام ساقی ئەمان!
پیاڵە پڕ کە لە یاقووتی تەڕ دە سا مەیگێڕ!
خەلاتی ئاسەفە، دیقی حەسوودە، بەزمی زەمان
لە نازی ساقیە مەیخانە جێگەمانە دەنا
هەزار جارە پیاڵەم بە قەستی تۆبە شکان
دەلالی چاردە ساڵ و دو ساڵە مەی لەگەڵێن
نیگاری چووک وەکوو گەورە بۆ مە هاتە ژووان
هەواڵی ئێمە بە قەیسی شەتەکدراو بەرن
کە چی دەکا دڵی مەجنوونمان لە بەندی گران
کە تیری نێرگزی ساقی لە سەر کەوانی برۆن
نەکەی لە مەیکەدە «حافز»! لە تۆبە شەرح و بەیان
شەهیدی تیر و کەوانی کریشمەکەت مەیگێڕ!
بە بیری عاشقی «کۆلیل» خۆشەویسی خودان

نصیحتـی کنمت بشنـو و بهـانه مگیـر

هـر آن‌چه ناصـح مشفـق بگویدت بپذیر

ز وصـل روی جوانـان تمتعـی بـردار

که در کمینـگه عمر است مکر عالم پیـر

نعیـم هر دو جهان پیش عاشقـان بجوی

که این متاع قلیـل است و آن عطـای کثیر

معاشـری خوش و رودی بساز می‌خواهم

که درد خویش بگویـم به نالـه‌ی بم و زیر

بر آن سـرم که ننوشـم مـی و گنـه نکنم

اگر موافـق تدبیـر من شـود تقـدیر

چو قسمت ازلـی بی‌حضـور مـا کردنـد

گر اندکی نه به وفق رضاست خرده مگیر

چو لاله در قدحم ریـز ساقیا می و مشک

که نقش خـال نگـارم نمی‌رود ز ضمیـر

بیـار ساغـر در خوشـاب ای سـاقی

حسود گو کـرم آصفـی ببـین و بمیـر

به عزم توبـه نهـادم قدح ز کف صد بار

ولی کرشمـه‌ی سـاقی نمی‌کند تقصیر

مـی دوسـاله و محبـوب چـارده ساله

همیـن بس است مرا صحبت صغیر و کبیر

دل رمیـده‌ی مـا را کـه پیش می گیـرد

خبـر دهیـد به مجنـون خستـه از زنجیـر

حدیث توبـه در این بزمـگه مگـو حافظ

که ساقیـان کمـان ابرویت زننـد به تیـر

چێــــرە بنوێنـــە و فەرمـــوو کە دڵ و گیـــانم ئەوێ
من پەپـــوولەی شەمی رووتم حەزی سووتـــانم ئەوێ

وەرە لەو خاکمـــە هەڵسێـــنە کە کـــوژراوی ئەتـۆم
وەشکـە لێـوم، مەدەدی زەمـزەمی جـــارانم ئەوێ

بێـــژە دەروێش! ئەگــەرت سیــم و زەڕێ نین لە تۆ
رەنگی زەردی غـــەم و زێوی شـەتی چـــاوانم ئەوێ

ســـاز و چـــەنگت هەیە گەر عـــوود نەبوو بێژە بە من
مەنگەڵی لەش، گڕی حەز، عوودی دڵ و گیانم ئەوێ

یا لە ســـەر کێشە جـــەی فێـــڵ لە ســووچێکەوە یــا
هەڵپـــەڕە و فــڕ دە عەبـــا رەقسی موریـــدانم ئەوێ

دڵ دەڵـــێ داکــــەنە ئەو خەرقـــە پڵاسیـــنە لە بـــەر
شل کە! ســەر کیسە، مـــەی و باوەشی گیانـــانم ئەوێ

بەخت ئەگەر یـــارە بڵێ خەڵکی جەهـــان لەشکر بن
هەر دو عالـــەم دژە گەر دۆسە ئەوین، وانـــم ئەوێ

مەیلی ئـەم کۆچە لە ســـەر لاوە لە ســـەر جـــام بنێ!
لە چەمـەن من کە شنـــەی سەروی خەرامـــانم ئەوێ

خۆزگە دیبـــات بە هۆی ئاگـــر و ئاوی دڵ و چـــاو
زێـــڕە رەنگم، زڕە لێـــو، کۆشی بە گریـــانم ئەوێ

وەعزی شیــوەن بەســـە واعیز کە دەبیـــنی «حافـز»
شـــادیئـــارایە بڕۆ شیعـــری تەڕ و جوانـــم ئەوێ

قـــڕەقـڕ بەسیـەتی قـــالاو! لە گوڵـــزاری ئەویـــن
دەنگـــی «کۆلیـــل»ـی گەل و بولبـولی نالانـــم ئەوێ

روی بنما و مرا گو که ز جان دل برگیر
پیش شمع آتش پروانه به جان گو درگیر
در لب تشنه‌ی ما بین و مدار آب دریغ
بر سر کشته‌ی خویش آی و ز خاکش برگیر
ترک درویش مگیر ار نبود سیم و زرش
در غمت سیم شمار اشک و رخش را زر گیر
چنگ بنواز و بساز ار نبود عود چه باک
آتشم عشق و دلم عود و تنم مجمر گیر
در سماع آی و ز سر خرقه برانداز و برقص
ور نه با گوشه رو و خرقه‌ی ما در سر گیر
صوف برکش ز سر و باده‌ی صافی درکش
سیم درباز و به زر سیم‌بری در بر گیر
دوست گو یار شو و هر دو جهان دشمن باش
بخت گو پشت مکن روی زمین لشکر گیر
میل رفتن مکن ای دوست دمی با ما باش
بر لب جوی طرب جوی و به کف ساغر گیر
رفته گیر از برم و زآتش و آب دل و چشم
گونه‌ام زرد و لبم خشک و کنارم تر گیر
حافظ آراسته کن بزم و بگو واعظ را
که ببین مجلسم و ترک سر منبر گیر

له حــەق سپــاس! کە دیتــم دەلال و دلّبــەر باز
دلّت بە پــاکی و راســی لەگــەلّ دلّــم هەمــڕاز
نەبوو لە فیکــری بەلاّ ڕێــڕەوی تەرێقــەت قەت
چ عاشقــێ هەیــەتی غەم لە لێــژی و هــەوراز؟!
ڕەقیــب حەیفــــە بزانــێ غەمیــــنە دلّ بــۆ تــۆ
کە نیــنە سینەیی یــــارانی کیــنە مەحــرەمی راز
جەمــــالّی ئێــوە ئەگەرچی لە عەشقی ئێمە سـەرە
وەلێ لە ڕێگــــەی ئەوینــت مەحــــالّە لادەم باز
لە ســـۆزی دلّ چ دەچێــــژم! مەگەر سوئــالی وا
بکــەی لە چـــاو کە سیخـۆڕی خۆتن و غەمماز
دەسی قــەزا عەجەب ئــاژاوەیێکی هەلّگــرسان
کە رەشتی نێــرگزی مەستی لە کــۆی کلاّتی نــاز
بە ئەو سەفــایە کە ڕۆشــن بە یــارە مەجلیسمــان
جەفـــــایەکیشی ئەگەر بوو بســووتە شەمشێـــواز
مەبەس کریشمــــەتە جوانـــن دەنا نیــازی نین
جەمالّ و شەوکەتی مەحموودی من بە مەدحی ئەیاز
مەلّێ کە زوهــرە هونەرمــــەند و پەنجە نەخشیــنە
لە ســـەردەمێ کە غــەزەلّخوێنە «حافـز»ی شیراز
هەلّــــۆ قیاسی لەگــەلّ چۆکە چووکــەیێ ناکەن
نە عەشقی پابەنی «هۆمـــەر» نە بەژنی سەروی تەناز

هـــزار شکر که دیـــدم به کـــام خویشت باز
ز روی صـــدق و صفـــا گشته با دلم دمســاز
رونـــد گان طـــریقت ره بـــــلا سپـــرند
رفیـــق عشق چه غـــم دارد از نشیب و فـــراز
غـــم حبیب نهـــان به ز گفت‌وگوی رقیب
که نیست سیـــنه‌ی اربـاب کیـــنه محـــرم راز
اگرچـه حســـن تو از عشـــق غیـــر مستغنی‌ست
من آن نیـــم که از این عشـــق‌بازی آیـم بـــاز
چـه گویمت که ز ســـوز درون چه می‌بیـــنم
ز اشک پـــرس حکـــایت که من نیـــم غمـــاز
چه فتـــنه بود که مشـــاطه‌ی قضـــا انگیخت
که کرد نرگس مستـــش سیـــه به سرمه‌ی ناز
بدین سپـــاس که مجلس منور است به دوست
گرت چو شمـــع جفـــایی رسد بسوز و بســاز
غرض کرشمه حسن است ور نه حاجت نیست
جمـــال دولت محمـــود را به زلـف ایـــاز
غـــزل‌ســـرایی ناهیـــد صـــرفه‌ای نبـــرد
در آن مقـــام که حافـــظ بـــرآورد آواز

منــم کە بوو بە دیـاری بەهــار چــاوم بــاز؟!
سپـاس چۆن بکــەم ئەی چارەسازی بەندە نـەواز
لە روو مەشــۆوە غـوبــار، ئەی نیــازداری بەلاّ!
مورادی عەشقە چون ئەکسیری گەردی ئەرکی نیاز
لە کەند و لەندی ئەویـن وەرمەگێــڕە روو ئەی دڵ!
کە رەنـدی ڕێگــە نەترســا لە لێـژی و هــەوراز
کەسێ کە عاشقـە دەسنوێژ ئەگەر بە خوێن نەگرێ
بە نوێــژی وایـە نەدا قـەت ئیمــامی ئێمـە جــەواز
لە ئـەم فریــوســەرا هــەر گــرەو بـە دڵ دانــێ!
مەگەر پیـالّە نەبێ مەگرە جامی دەستـی مەجــاز
لە ئەهلــی دڵ بە لـەتــێ مــاچ بکـڕە دۆعــایێ
لە مەکــری دژمنـی گیــان و لەشت دەبێ بە پــوواز
ڕەواجی دا لە حـیجاز و عـەراق، عەشــق و ئەویــن
مەقــامی خۆشی غەزەلّیــاتی «حــافز»ی شیــراز
لە سای پەرچــەم و عەشقــی هەتــاویا «کۆلیــل»!
قەلّــەم بە نووســەری دیــوانی خۆشمـی ســەرباز!

منم که دیده به دیدار دوست کردم باز
چه شکر گویمت ای کارساز بنده‌نواز

نیازمند بلا گو رخ از غبار مشوی
که کیمیای مراد است خاک کوی نیاز

ز مشکلات طریقت عنان متاب ای دل
که مرد راه نیندیشد از نشیب و فراز

طهارت ار نه به خون جگر کند عاشق
به قول مفتی عشقش درست نیست نماز

در این مقام مجازی بجز پیاله مگیر
در این سراچه‌ی بازیچه غیر عشق مباز

به نیم بوسه دعایی بخر ز اهل دلی
که کید دشمنت از جان و جسم دارد باز

فکند زمزمه‌ی عشق در حجاز و عراق
نوای بانگ غزل‌های حافظ از شیراز

ئەی نۆنمامی جوانی خەرامان دەڕۆیە رێ
یەک نازی ئێوە بۆ مە هەزاران نیاز ئەزێ

پیرۆزە شێوە جوانەکەتان چون دەسی ئەزەڵ
بۆ بەژنی تۆی بڕیوە کەوا نازی وا بەجێ

وەک عوود بێژە هەرکە نەسووتێ دەبێ دڵی
ئاواتی بۆنی سومبولی ئێمەی لە تۆ نەبێ

سۆزی دڵی پەپوولە بە شۆڵەی شەمە و کەچی
بێ مۆمی رووتە گیانی ئەمن ئاوری تێدەچێ

دوێشەو نەبووی سۆفی لە مەی بوو بە تۆبەکار
مەیخانە تا کراوە شکا تۆبەکەی شەوێ

وەک زێڕ ئەگەر بشم بەنە نێو زاری گاز باز
کەنگێ عەیاری من بە دنەی تانە کەم، دەوێ

دڵ تێبگا ئەگەر لە تەوافی حەریمی تۆ
سەر مەیلی کۆی حیجازی لە شەوقی سەفات ئەبێ

دەسنوێژ ئەدی بە خوێنی گەشی چاو چۆن بشۆم
نوێژێ لە تاقی پاکی برۆتا نەبێ، دەچێ

وەک مەی بە کۆشی کووپە هەمیسان گەڕاوە شاد
دوێشەو کە بیستی «خاجە» لە ساقی حەکایەتێ

کوێستانی (کێلەشین)و (سەهۆڵان) وەکوو «عومەر»
سەربەرزی چاوەڕێتە کە بالات دەرکەوێ

ای سـرو ناز حسن که خوش می‌روی به نـاز
عشـاق را به نـاز تو هر لحظـه صد نیـاز
فرخنـده بـاد طلـعت خوبت کـه در ازل
ببریـده‌اند بر قـد سـروت قبـای نـاز
آن را کـه بـوی عنـبر زلف تـو آرزوست
چون عـود گو بر آتش سـودا به سـوز و سـاز
پروانـه را ز شمـع بـود سـوز دل ولـی
بی شمـع عـارض تو دلـم را بود گـداز
صوفـی که بی تو توبـه ز می کرده بود دوش
بشکست عهـد چون در میخـانه دید بـاز
از طعنـه‌ی رقیـب نگـردد عیـار مـن
چـون زر اگـر برنـد مرا در دهـان گـاز
دل کز طـواف کعبـه کویت وقـوف یافت
از شـوق آن حریـم نـدارد سـر حجـاز
هر دم به خون دیـده چه حاجت وضو چو نیست
بی طـاق ابـروی تـو نمـاز مـرا جـواز
چون بـاده باز بر سر خـم رفت کف‌زنـان
حافـظ که دوش از لب سـاقی شنـید راز

هیـلاکە دڵ وەرە تا هێـزی بێتـە سـەر دیسـان
لە بەر نەما نەفـەسێ بەشـکە بێتـە بەر دیسـان
وەرن کە دەرکـی دییـەم ژەنـدوون بە جـۆرێ وا
کە باز بۆ کـەسی ناکـەم لە تۆ مەگـەر دیسـان
غەمێ کە گـرتی وەکوو لەشکری حەبەش دڵمـان
بە هێزی روومەتی رۆمت دەچێتـە دەر دیسـان
لە جامی دڵ چ تەماشـا دەکـەم هەموو هـەر دێ
خەیـاڵی شەوقی جەماڵت بە بەر نـەزەر دیسـان
سـرشـکی دیدە بژێـرم لە دووت رۆژ و دەڵێـم
شـەواری ئاوس ئەبێ چی بـزێ سەحەر دیسـان
وەرن کە بولبـولی خۆش‌دەنگی خـاتری «حـافز»
بە ئـاوەزی گـوڵی رووتـانە پڕهونـەر دیسـان
مەقامی ناڵـەمی «کۆلیـل»! کەس بە دڵ نەشنـەفت
تـەواوی پەنگـە لە گوێمـا بە بێ‌سەمـەر دیسـان

درآ که در دل خسته توان درآید باز
بیا که در تن مرده روان درآید باز

بیا که فرقت تو چشم من چنان در بست
که فتح باب وصالت مگر گشاید باز

غمی که چون سپه زنگ ملک دل بگرفت
ز خیل شادی روم رخت زداید باز

به پیش آینه‌ی دل هر آن‌چه می‌دارم
بجز خیال جمالت نمی‌نماید باز

بدان مثل که شب آبستن است روز از تو
ستاره می‌شمرم تا که شب چه زاید باز

بیا که بلبل مطبوع خاطر حافظ
به بوی گلبن وصل تو می‌سراید باز

کـێ بڵـێ دەردی عـــاشقـان دیســـان
وشــری خـوم کەی ئەدا زەمـان دیســـان

شــەرمــەزاری گــڵاری مــەی‌نۆشــــە
نێـــرگزی مەست ئەگەر رووان دیســـان

نیـــیە پێــزان بە رازی بـون هــەرکــەس
چەشنـــی لوقمـــانی کووپەکـان دیســـان

هەرکــە وەك لالــە کاسەگێــــڕی کرد
نوقمـــی خوێنـــاوە تا نەمـــان دیســـان

دڵ بە لێـــوی نەگرتـــوون جامـــێ
بۆیە وەك خونچە بەستەمـــان دیســـان

چەنگ ئاهـــــەنگی زۆری لێــم گـۆڕا
تاڵـــی ببــــڕن! نـەدا زمـــان دیســـان

ئەجـــەلی «حــافز» ئــەر نەیێ سەهلــــە
حەو کەڕەت دەوری خوم گەڕان دیسان

(شەمســـە) باوانـــەکەم! دڵـی «کۆلیـل»
دەشتـــی (ناوەشـــتی) دا نیشـــان دیســـان

حـــال خونیـــن‌دلان که گوید بـــاز
و از فلک خون خم که جویـــد بـــاز

شـــرمش از چشم مـــی پرستـــان باد
نرگـــس مســـت اگـــر برویـــد بـــاز

جـــز فـــلاطون خـــم‌نشین شراب
ســـرّ حکمت به ما که گویـــد بـــاز

هـــر که چون لاله کاســـه‌گردان شد
زین جفـــا رخ به خون بشویـــد بـــاز

نگشـــاید دلـــم چو غنچـــه اگر
ســـــاغری از لبـــش نبویـــد بـــاز

بس که در پرده چنگ گفت سخن
ببُـــــرش مـــوی تـــا نمویـــد بـــاز

گـــرد بیت‌الحـــرام خـــم حافـــظ
گر نمیـــــرد به ســـــر بپویـــد بـــاز

دڵـم دەڵێ وەرە گیـانم لە گـۆمی مەی رۆنـێ
لە رۆحی پیر و جووان خۆش خورۆشی نەی رۆنـێ
دەڵێـن کە چـاکە لە زەریـاشی خەی دە گاتۆ پێت
چ چـاکە سـاقی ئەگەر من لە بەحری مەی رۆنـێ
لە دابی مەیکەدە کـەچ بوو دڵـم خەتـایەتی ئەو
دوبـارە تۆ بە شـەقـامی کـەرەم رێگەکـەی رۆنـێ
دە بێـنە لەو مـەیە گـوڵوێنـە! عەمبـەرین جـامێ
لە گیـانی عەتـری گوڵاوا تەنـووری وەی رۆنـێ
خـراوی بـادەیە هەرچەن سـەری خراپ و گێژ
بە لوتفـی خـۆت لە کۆشـی بـزەی بـەزەی رۆنـێ
بە نیـوەشەو دەتـەوێ رۆژی رون، کەنیشکـی رەز
بە بێ حیجـاب، لە جـامێکی جـەم نـەوەی رۆنـێ
مەیێـڵە رۆژی وەفـاتم بە خـاك بسپێـرن
لە نێـو خومێکی شەرابـا لە مەیکـەدەی رۆنـێ
لە سینگی زڵمی فەلەك «خاجە»! تیری بەرقی شەراب
شەهـابی رەجمـی شەیـاتین و دێوزمـەی رۆنـێ
لە پیـری مەیکـەدە «کۆلیـل» رێنووێنی ویست
وتـی لە باخـی سنـەوبەر هـەنـار و بـەی رۆنـێ

بیـــا و کشتی مـا در شط شــراب انــداز
خروش و ولوله در جان شیخ و شاب انــداز

مــرا به کشتــی بــاده درافکــن ای ســاقی
که گفتــه‌اند نکــویی کن و در آب انــداز

ز کوی میکـــده برگشتـــه‌ام ز راه خطــا
مــرا دگـر ز کــرم بـا ره صـواب انــداز

بیـــار زان می گلرنگ مشک بـو جــامی
شــرار رشک و حسـد در دل گلاب انــداز

اگرچـه مست و خـــرابم تو نیز لطفی کن
نظر بر این دل سرگشتــه‌ی خــراب انــداز

به نیـــم شب اگرت آفتـــاب می‌بایـــد
ز روی دختـــر گلچهـــر رز نقــاب انــداز

مهـل که روز وفــاتم به خـــاک بسپــارند
مــرا به میکــده بر در خـم شـراب انــداز

ز جـور چرخ چو حافظ به جـان رسید دلت
به ســوی دیو محــن ناوک شهـاب انــداز

وەرە لەو ئـــاوی فەرەحبەخشە لە نێو جـامی بلوور
بێـنە تا دیـدە پڕی نەبوە لە خـاکی سڕ و سـوور
جێ سەرەنجـام کە سـارایەکی بێدەنگ و هەران
ئێستە بخرۆشـە و هەیوانی فەلەك پڕ کە لە شـوور
چـاوی ناپـــاك لە گیــانانی نـەزەر چۆنـە رەوا
رووم‌ـــەتی یـــار تەمــاشا کە بە ئاوێنەیی نـوور
سێـبەرێ، تۆ بی و ئەو بەژنتــە! ئەی سەروی بەناز
بکـە بۆ خـاکی لە سەرم و لە سـەرت لاوە غورروور
ژاری ماری ســـەری زولفت نیـیە دەرمـانی مەگەر
ماچی تلیاکی خەت و خالّت و دەم، باخی چنـوور
حوکمی ئەم کێلّگـە دەزانی کە دەوامێـکی نیـیە
گڕی تێــوەردە بە سۆزی جیگەر و جامی بلــوور
بە وتەی ئەهلــی دلّ ئەی گەوهـەری تاقانە و پـاك
خۆ بە ئەسرین دەشۆمـۆ بەلـەوەی بێمـە حـوزور
خوایــە ئەو سۆفیـیە خۆبیـــنە کە بەدبیـنە فەقــەت
دووکەڵی ئاخی دلّێکی خەیە سەر جامی شوعوور
یێخە «حافــز»! وەکو گولّ دادڕە بۆ عەتر و عەبیـر
عەرعەری قـامەتی چالاکی کە دەرکەوت لە دوور
گیانی «کۆلیل» کە هی خۆتە چلۆن پێشکەشی کەم
سەرە گۆی زولفتـە، چاوم تەمـە، دلّ تاوی تەنـوور

خیـز و در کاسـه‌ی زر آب طربناک انــداز

پیش‌تر زآن‌که شود کاسه‌ی سر خاک‌انــداز

عاقبت منـــزل ما وادی خاموشـــان است

حالیــا غلغلـــه در گـنـبد افـــلاک انــداز

چشـــم آلوده نظر از رخ جانـــان دور است

بر رخ او نظـــر از آینـــه‌ی پـاک انــداز

به سـر سبـز تو ای سـرو که گر خاک شوم

نـــاز از سر بنه و ســایه بر این خاک انــداز

دل مـــا را که ز مـــار ســر زلف تو بخست

از لب خود به شفـــاخانه‌ی تریاک انــداز

ملک این مزرعـــه دانی که ثبـــاتی ندهـد

آتشی از جگر جـــام در امـــلاک انــداز

غسل در اشک زدم کـــاهل طریقت گویند

پاک شو اول و پس دیده بر آن پاک انــداز

یا رب آن زاهد خودبین که بجز عیب ندید

دود آهیـــش در آیینـــه‌ی ادراک انــداز

چون گل از نکهت او جـامه قبا کن حافظ

وین قبـا در ره آن قـــامت چالاک انــداز

دڵ وەکوو جـــاران لە مـــاچی لێوی ناکامێــکە هــەر
هەر بە عەشقــی لەعلی تۆ دەستی لە مل جامێــکە هــەر

هەر هەوەڵ ڕۆژم لە دەس دا، دین لە سەر زولفی ڕەشت
تـا بـزانــن دڵ لە دوی ســـەرفی سەرەنجامێــکە هــەر

ساقیـــا بۆم تێکــە جـامێ ئــاگرین چونکـــوو لە نێـــو
عاشقـــانی پوختــی هێما ســـەر گڵـی خامێــکە هــەر

لەو خەتـا کردم چوواندم زولفی وەک موشکی خوتـەن
چەشنی خەنجەر موو لەهەر شوێن و سەرئەندامێکە هـەر

خـۆر لە ڕۆژێکۆ لە خەڵـــوەم‌دا گزینـگی رووتـی دی
هەر وەکوو سێــبەر لە دەورت عــاشقی جامێــکە هــەر

لێـــوی گیانـــــان نێـــومی ڕۆژێ کـوتـوپڕ بـردووە
ئەهلی دڵ ئێستەش مەسی بۆی گیان، لە کۆی نامێکە هەر

لەعلی مەیگێڕت ئەزەل جامێــکی خەستی دا بە هەست
تا ئەبــەد سەرخۆش و مەستی جامی گوڵفامێــکە هــەر

بێـــخەبەر ئێــژێ هەتا گیـــانت نەدەی ئاســـوودە نیت
بێخەبەر! گیـانی (گوڵئەنــدام)ـم بە (بـارام)ـێکە هــەر

شەرحــی شیــرینی دەمی تۆی داوە «حافز» گیـــانەکەم
ئاوی ژین پەوکێ لەتۆی خامەی شەکەر کامێکە هــەر

باسـی شـەوگاری درێــژی زولفـی تـۆم کردون کە وا
چەشنی «کۆلیل»ـت گولۆڵەی زوڵمەتی شامێکە هــەر

برنیــــامد از تمنـــــای لبت کـــــامم هنــوز

بر امیــــد جــام لعلت دردی آشــامم هنــوز

روز اول رفــت دینــــم در ســـر زلفیــن تو

تا چه خواهد شد در این سودا سرانجامم هنـوز

ساقیـا یک جرعه‌ای زان آب آتشگـون که من

در میـــان پختگـــان عشق او خـــامم هنــوز

از خـــطا گفتم شبـــی زلف تو را مشک ختــن

می‌زند هـــر لحظه تیغی مو بر انـــدامم هنــوز

پرتــو روی تو تـــا در خلــوتم دیـد آفتـاب

می‌رود چون سایه هر دم بر در و بـامم هنــوز

نـــام من رفتـه‌ست روزی بر لب جانان به سهو

اهل دل را بوی جـــان می‌آید از نـــامم هنــوز

در ازل داده‌ست مـــا را ســـاقی لعـل لبت

جرعه‌ی جامی که من مدهوش آن جامم هنوز

ای که گفتی جـان بده تا باشـــدت آرام جان

جــان به غـم‌هایش سپردم نیست آرامم هنــوز

در قـــلم آورد حافـــظ قصـه‌ی لعـل لبش

آب حیـــوان می‌رود هــر دم ز اقـــلامم هنــوز

دڵــــم خــــراوی پەری شێــوەییــکە شۆرەنگێــز
بەڵێـــنی لا نیــیە خوێن ڕێــژە فێـڵەباز و بەهێز
قــەزای دامەنی چـــاك و دڕاوی گوڵ لە چەمــەن
لە ســەد هەزار جبــەی مەکر و مێــزەرەی پارێـز
دەبــەم بە خــاك لەگەڵ خۆ خەیــاڵــی خــاڵانت
هەتــا دەرێ گــوڵی عەمبــەر لە گۆڕی خــاڵئامێز
فریشــتە چون نیــیە ساقی! لە عەشقی دڵ حـــاڵی
لە خـــاکی ئــادەمی ئــاوێ بڕێــژە کەوســەربێــز
لە کفنــەکەم بخـــە جــامێ هەتـــا لە مەحشــەردا
بە مــەی بچێ لە دڵــم ترسی ڕۆژی ڕەستــاخێز
هــەژار و غەمـــزەدە هــاتوومە دەرکی ڕەحمــەتی تۆ
بە غەیـــری دۆسیــی ئێـــوەم نەبوو کە دەستــاوێز
وەرن لە مەیکــەدە دوێشەو سورووشی غەیب ئەیوت
لە بــەش مەتــۆرە کە دەستی قــەزا بە پیتــە و پێـز
لە بەینـــی عاشـــق و مەعشـــووق پەردە «حــافز»! نین
حیجــابی خۆ کە وەلا دەی سەحــەر دەکــا ئاخێـز
لە خۆ دەراتنــە مەرجــی ئەوین «عومــــەر»! واتــە
قوڵێنـــگی کۆکــەنە شیــرین، نە ئەفســەری پەروێز

دلم رمیـــده‌ی لولی‌وشـــی‌ست شـــورانگیز

دروغ وعـــده و قتـــال وضـع و رنگ‌آمیـــز

فـــدای پیـــرهن چـــاک مـــاه‌رویان بـــاد

هـــزار جـــامه‌ی تقـــوا و خرقـــه‌ی پرهیـــز

خیـــال خال تو با خود به خـــاک خواهم برد

که تا ز خـــال تو خـــاکم شود عبـــیرآمیـــز

فرشتـــه‌ی عشق نداند که چیست ای ســـاقی

بخواه جـــام و گلابی به خـــاک آدم ریـــز

پیـــاله بر کفنـــم بنـــد تـــا سحـــرگه حشـــر

به مـــی ز دل ببـــرم هـــول روز رستاخیـــز

فقیـــر و خسته به درگـــاهت آمدم رحمـــی

که جـــز ولای توام نیست هیچ دست‌آویـــز

بیـــا که هاتف میخـــانه دوش با مـــن گفت

که در مقـــام رضـــا باش و از قضـــا مگریـــز

میـــان عاشـــق و معشـــوق هیچ حایل نیست

تو خود حجاب خودی حافظ از میان برخیز

ئەی سەبا ئەمجارەت ئەر ڕێ کەوتە سەر چۆمی ئەرەس
هەڵمـژی کوڵمی تەڕی پڕپڕ لە عەتری کەی نەفەس
مەنزڵی دڵبەر سڵاوی مەی لە سەر بڕوانە چەن
پڕ لە ناڵەی کاروانی عەشقن و دەنگی جەرەس
ماچی بەر دەرکی بکەو ئیتر بە زاری پێی بڵێ
دەردی دووری کوشتمی وا وەرگەڕێ ئەی دیدەمەس
هەر وەکوو دەنگی روبابم هاتە گوێ پەندی کەسان
گوێچکەمی تا با نەدا عەشقت نەبووم حاڵی لە کەس
شەو بە شایی و مەی بژێ چونکوو لە شارێگەی ئەوین
شەوڕەوی عاشق لەگەڵ دارۆغە کەین‌وبەینی هەس
عەشقی بەژنی شۆخ، شۆخی نین و سەردانی دەوێ
کەس لە گۆی عەشقی نەدا هەرگیز بە گۆچانی هەوەس
گەرچی وەشیاران بە ئازادی دەژین ئەمما دەڵێن
پێشکەشی یاری نەکەی گیان و دڵ و دین سەرفی چەس
تووتیان خۆشن لە کۆشی نەیشەکەر شەککەرشکێن
دەستی حەسرەت هەر بە سەر خۆدا ئەدەن خێڵی مەگەس
نێوی «حافز» تاقەجارێ گەر بنووسێ دەسخەتت
بۆخەڵاتێ وا دەپارێمۆ لە کن سوڵتان و بەس
یا نە لانیکەم لە «کۆلیل»ـت بکەی یادێ بە خێر
مەسرەفێکی هەر هەیە ئاخر گوڵی من! خار و خەس

ای صبا گر بگذری بر ساحل رود ارس

بوسه زن بر خاک آن وادی و مشکین کن نفس

منزل سلمی که بادش هر دم از ما صد سلام

پرصدای ساربانان بینی و بانگ جرس

محمل جانان ببوس آن‌گه به زاری عرضه دار

کز فراقت سوختم ای مهربان فریاد رس

من که قول ناصحان را خواندمی قول رباب

گوشمالی دیدم از هجران که اینم پند بس

عشرت شبگیر کن می نوش کاندر راه عشق

شبروان را آشنایی‌هاست با میر عسس

عشق‌بازی کار بازی نیست ای دل سر بباز

زآن‌که گوی عشق نتوان زد به چوگان هوس

دل به رغبت می‌سپارد جان به چشم مست یار

گرچه هشیاران ندادند اختیار خود به کس

طوطیان در شکرستان کامرانی می‌کنند

وز تحسّر دست بر سر می‌زند مسکین مگس

نام حافظ گر برآید بر زبان کلک دوست

از جناب حضرت شاهم بس است این ملتمس

گوڵی کوڵمت لە گوڵستانی جەهــان بۆ مـە بەسە
لەم چەمەنـزارە شنــەی سـەروی رەوان بۆ مـە بەسە
خوا نە کــا دڵ لە گــەڵ ئەم خێڵـــە ریا هـــاوەڵ بێ
لە هەمـوو کــاری گران جــامی گـران بۆ مـە بەسە
بە عەمــەل کــاخی بەهەشتێ بە مەلا و شێخ ئەدەن
ئێمـــە رەندین و گــەدا، کۆخی موغـــان بۆ مـە بەسە
وەرە ســەیری گوزەری چەم تەمـەنئاسا کە دەچێ
واتە ئەم ســەیرە لە چــەرخی گوزەران بۆ مـە بەسە
وەرە بــازاڕی جەهـــان لێکــەوە قـــازانج و زەرەر
بەس ئە گـەر بۆ وە نەبوو سـەرف و زیان بۆ مە بەسە
یـــار وەختێ کە لە گــەڵمانە نیـــازێ نیـیە هیــچ
دەوڵەتی خزمـــەتی ئەو هاوەڵی گیـان بۆ مـە بەسە
تۆ خودا لــەم دەرە مەمنــێرە بەرەو بـاخی بەهەشت
چونکە کۆی تۆ لە مە کۆی کەونومە کان بۆ مە بەسە
گلـــەیی بێــخودە «حافز»! لە ســەراوی بەشی خۆ
غــەزەڵ و تەبعی وە کوو ئــاوی رەوان بۆ مـە بەسە
با نەبێ گفتی لە گــەڵ ئێمـــەیی «کۆلیـل» شــرین
چەن قســـەی تــاڵ لەسـەر لێوی ئەوان بۆ مـە بەسە

گلعـــذاری ز گلستـــان جهـان مـــا را بـس

زین چمن سایه‌ی آن سرو روان مـــا را بـس

من و همـصحبتی اهـــل ریـــا دورم بــــاد

از گرانـــان جهـــان رطـــل گران مـــا را بـس

قصـــر فـــردوس به پاداش عمـــل می‌بخشند

ما که رندیـــم و گـــدا دیر مغان مـــا را بـس

بنشیـــن بر لب جـــوی و گـــذر عمر ببین

کاین اشارت ز جهـان گـذران مـــا را بـس

نقـــد بازار جهـــان بنگـــر و آزار جهـــان

گر شما را نه بس این سود و زیان ما را بس

یـــار با ماست چه حاجت که زیـادت طلبیم

دولت صحبت آن مونس جـــان مـــا را بـس

از در خویـش خـــدا را به بهشتـم مفـرست

که سر کوی تو از کون و مکان مـــا را بـس

حافظ از مشرب قسمـت گله ناانصـــافی‌ست

طبع چون آب و غزل‌های روان مـــا را بـس

دلا! هەواڵی سەفـەر بەختـی هەمنەواتن هـەر
شەمـاڵی (باخـی مکـاییل)ـە ڕێـنماتن هـەر
نەکەی لە مەنزڵی گیانان ئەدی بچی دەروێش!
کە گەنجی مەعانی لە کونجی خانەقـاتن هـەر
ئەگەر غـەمێ لە دڵـت داسـەپی لە سووچێکۆ
حەریمی پیری موغـان خۆ حەرەمپەناتن هـەر
لە تەختـی مەیکەدە دانیشە خۆش بنۆشە ژەمێ
کە ئەم ئەنـازە لە مـاڵی جەهان سەفـاتن هـەر
تەمـاح کەم کەوە، ئاسـانی بگرە لەم دونیـا!
شەراب و گەوهەری لێوی ئەوین کەفاتن هەر
بە بێهـونەر فەلەک ئـاواتی دڵ ئەدات و بەس
هونـەرنووێنـی ئەوینـی کە تـۆ خەتـاتن هـەر
ئەوینـی خـاکی وڵات و بەڵێـنی یـاری قەدیم
لە ڕێـڕەوانی سەفـەرکەردە سەرپەنـاتن هـەر
بە ژێر بـاری منەت خۆ نەخـەی کە دوو دونیا
ڕەزای دڵبـــەر و ئیحســـانی پادشـاتن هـەر
نیـــازی دڵ بە موناجـــات ئەگەر ببێ «حافز»!
دوعـای نیوەشـەو و زیکری سوبحگـاتن هـەر
لە غـەم پـڕی پڕە «کۆلیـل»و ماتڵی سیحری
خەڵاتی لێوی سەحەرت و گوڵی دوعاتن هەر

دلا رفیــق سفــر بخت نیکــخواهت بس

نسیــم روضـــه‌ی شیــراز پیک راهت بس

دگر ز منــزل جانـــان سفر مکن درویش

که سیــر معنــوی و کنج خانقــاهت بس

وگر کمیــن بگشــاید غمی ز گوشه‌ی دل

حریــم درگه پیــر مغــان پنــاهت بس

به صــدر مصطبه بنشــین و ساغر می‌نوش

که این‌قدر ز جهان کسب مال و جاهت بس

زیــادتی مطلب کــار بر خود آســان کن

صــراحی می لعـل و بتی چو مــاهت بس

فلـک به مـردم نــادان دهد زمــام مــراد

تو اهــل فضلی و دانش همین گناهت بس

هــوای مسکن مألــوف و عهــد یــار قدیم

ز رهــروان سفــر کرده عــذرخواهت بس

به منت دگران خو مکــن که در دو جهــان

رضــای ایــزد و انعــام پادشــاهت بس

به هیــچ ورد دگر نیست حاجت ای حافظ

دعــای نیم شب و درس صبحگاهت بس

ژانــی عەشقــێ دوچــارمــن کە مەڵــێ!
ژاری هیجــرێ لە زارمــن کە مەڵـــێ!
پشـکنیـــمن جـەهـــان کە وا ئێستـــا
دلــڕفێنـــێک یـــارمـن کە مەڵـــێ
لە فیــــراق و ئەوینـــی خـــاکی دەری
شـــەتی خوێنـێ لە زارمن کە مەڵـــێ
لە دەمی دوێنەشـــەو شنـەفتم خـــۆم
گوڵـەباســێ لە کـــارمن کە مەڵـــێ
لێـو دەگـازێت لێـم مەڵــێ کە مژیت
لەعلی من، ئەونـە عـــارمن کە مەڵـــێ!
کۆخـــی دڵ پـــڕ لە ڕەنجی دووریتـــە
حەسرەتێ کۆڵــەبـارمن کە مەڵـــێ
وەکـــو «حافـــز» گەییمـە عەشقی دڵــێ
چەن بە مەیلی دەمــارمن کە مەڵـــێ
چەشنی «کۆلیــل» هەر ئـەوەن چەرخیش
شێـــتی بەژنـــی دڵارمن کە مەڵـــێ

درد عشقی کشیده‌ام که مپرس
زهر هجری چشیده‌ام که مپرس
گشته‌ام در جهان و آخر کار
دلبری برگزیده‌ام که مپرس
آن‌چنان در هوای خاک درش
می‌رود آب دیده‌ام که مپرس
من به گوش خود از دهانش دوش
سخنانی شنیده‌ام که مپرس
سوی من لب چه می گزی که مگوی
لب لعلی گزیده‌ام که مپرس
بی تو در کلبه‌ی گدایی خویش
رنج‌هایی کشیده‌ام که مپرس
همچو حافظ غریب در ره عشق
به مقامی رسیده‌ام که مپرس

ئەوەنم پێــن گلە لەو زولفـە رەشـەی گیان کە مەڵێـن
وا لە دەس چوو دڵ و دین و سەر و سامان کە مەڵێن
کەس بە ئــاواتی وەفــا خوایە دڵ و دینــی نەچێ
من لـە ئـەم مامــەڵە وا بوومـە پەشیمــان کە مەڵێن
بە قومــێ مەی کە کزەی هیچ کەسی نەبووە لە شوێن
ژاری رەنجێــك دەچێــژم لە نەزانــــان کە مەڵێن
زاهیــد ئەم کۆرە بە جێ بێڵــە، لە شەڕ لادە! شەراب
دڵ و دیــن وا دەرڕفێنـــێت بە تاڵـــــان کە مەڵێن
وتووێـــژێکە لە ئــەم رێگە کە دەتوێتــەوە گیــان
ئۆف‌ئۆفێـــکە نەپرســـی لــەم و لەویــان کە مەڵێن
هێــوری و خەڵــوەنشینی مەبــەسـم بوو گـــە بەڵام
کــاری وای کردوە پێم نێــر گزی مەستـان کە مەڵێن
تا وتــم بێـــژمە گۆی شیـنی فەلــەك چۆنی؟ وتی
زڵمی وای کردووە لێم هەڵمەتی گۆچان کە مەڵێن
پێم وت ئەو زولفتــە کێی کوشتـووە کــاڵۆزە؟ وتی
«حافــز»! ئەم باســـە درێــژانە بە قورئــان کە مەڵێن
گۆشـەیی چـاوی دڵی هەر منی «کۆلیل»ـی نەسووت
سووتمــانێکە لە کـۆی گۆشـــەنشینان کە مەڵێن

دارم از زلف سیاهش گله چندان که مپرس
که چنان زو شده‌ام بی‌سر و سامان که مپرس
کس به امید وفا ترک دل و دین مکناد
که چنانم من از این کرده پشیمان که مپرس
به یکی جرعه که آزار کسش در پی نیست
زحمتی می‌کشم از مردم نادان که مپرس
زاهد از ما به سلامت بگذر کاین می لعل
دل و دین می‌برد از دست بدان‌سان که مپرس
گفت‌وگوهاست در این راه که جان بگدازد
هر کسی عربده‌ای این‌که مبین آن‌که مپرس
پارسایی و سلامت هوسم بود ولی
شیوه‌ای می‌کند آن نرگس فتان که مپرس
گفتم از گوی فلک صورت حالی پرسم
گفت آن می‌کشم اندر خم چوگان که مپرس
گفتمش زلف به خون که شکستی گفتا
حافظ این قصه دراز است به قرآن که مپرس

دڵ تەنگــە هەمیســان وەرە سا هـاوەڵی گیان بە
مەحـرەم بە دەروونی منـی هــاوڕازی غەمـان بە
لەو لەعلــە لە نێـو مەیکــەدەیی عەشقـی دەنۆشن
چەن جــام لە ئەم کۆڕە بە عەشقی رەمــەزان بە
ئەو خەرقــە ریا لانــەتە یــا شێخ! کە ســووتان
هەولــێ بــدە پیــاوانە لە رەنــدانی زەمـــان بە
ئازیـــز کە فەرمـــوویە دڵــی بـــۆم نیگـــەرانە
فەرمـــوو بە سڵامــەت ئەوە هـاتم نیگـــەران بە
بەو لەعـــلە ژیـــانبەخشتــە دڵ گرتکی خوێنــە
ئەی کــانی کەرەم هەر بە هەمان مۆر و نیشـان بە
نەک تۆزە غەمــێ بێت و بنیشـــێ لە دڵــی یـــار
ئەی چـــاو! لە شوێن ئەم غەزەڵەی ئێمە رەوان بە
زوو بێــژە بە «حافز» کە هەوای جامی جەمی پێن
هەر لەحزە لە کۆی ئاسەف و جەمشیدی زەمان بە
«کۆلیــل»ــە کەسێ دوورە لە گولـزاری دیـارت
ئەی دڵ وەکو بولبــول لە غەمی بەژنی گوڵان بە

بـــازآی و دل تنگ مرا مونس جـــان بـــاش
وین سوختـــه را محـرم اســـرار نهـــان بـــاش

زان بـــاده که در میکـــده‌ی عشق فروشنـــد
ما را دو سه ســاغر بده و گو رمضـــان بـــاش

در خرقه چو آتش زدی ای عـــارف سالک
جهدی کن و سرحلقه‌ی رندان جهـــان بـــاش

دلـــدار که گفتـا به تـــوام دل نگـــران است
گو می‌رسم اینک به سلامت نگـــران بـــاش

خون شد دلم از حسرت آن لعل روان‌بخش
ای درج محبت به همان مهر و نشـــان بـــاش

تـــا بـــر دلش از غصـــه غبـــاری ننشینـــد
ای سیـــل سرشک از عقب نامه روان بـــاش

حافظ که هوس می کنـــدش جام جهـان‌بین
گو در نظـــر آصف جمشیـــد مکـــان بـــاش

ئەگەر هەواڵــی بە سۆزی، لە هەوڵی پەیمــان بی
رەفێــقی شـادی و شیــوەن بەهــار و زستــان بی
کە پێچـی پرچـی پەرێشــان ئەدەی بە دەستی بـا
کەمــێ بە خــاتر و یــادی منی پەرێشـــان بی
کە ئــارەزووتە لەگــەڵ خـزری دڵ ئەوینـــداری
نهێن لە چاوی سکەندەر وەک ئاوی حەیـوان بی
مەقـــامی عەشـق وتـن خۆ لە هــەر مەلـــێ نایێ
دەبێ بە بــووکی زەریفی مەلێکی خۆش‌خـان بی
بە ئێمــە رێ و رەوشــی خزمــەت و غـولامی، تۆ
خودا ببەخشـن و خۆشت سـەرۆک و سولتــان بی
دەخیـــلە! دی لە نەچیـری حەرەم مەکێشە کەوان
لە کـردەوەی لەمــە پێشــت بە دڵ پەشیمـــان بی
کە مۆمی مەجلیسی، بەس یەک‌زمان و یەک‌دڵ بی
لەبــەر خەیــاڵ و خەبـاتی پەپوولە خەنـدان بی
بە چـــاوی نـــاز روانیـــنە دلبــەری گشتـــی
نـەزەر بە نـــاز بکــە و بێ‌نەزیــری دەوران بی
شکـات قەت مەکە «حافز» لە یـار و وس کوت بە!
بە ئێـوە کێ وتی حەیــرانی بەژنــی یــاران بی
لە بەختـی خۆ وەکـو «کۆلیـــل» ماتـــم و حەیـران
بە خـاتری دڵـی کـــوردم لە فیکری حەیـران بی

اگر رفیــق شفیــقی درست پیمـــان بــاش
حـریف خــانه و گرمــابه و گلستــان بــاش

شکنــج زلف پریشــان به دست بــاد مـده
مگـو که خاطــر عشــاق گو پریشــان بــاش

گرت هـواست که با خضـر همنشیـن بـاشی
نهـان ز چشـم سکندر چو آب حیـوان بــاش

زبـور عشـق‌نوازی نه کــار هــر مرغـی‌ست
بیــا و نو گـل این بلبـل غــزل‌خـوان بــاش

طریــق خـدمت و آییــن بنــدگی کـردن
خــدای را که رهـا کن به ما و سلطــان بــاش

دگر به صیــد حرم تیــغ برمکش زنهــار
وزآن که با دل مـــا کـرده‌ای پشیمـــان بــاش

تو شمــع انجمنی یک زبــان و یکــدل شو
خیــال و کوشش پروانه بیـن و خنــدان بــاش

کمــال دلبری و حســن در نظــربــازی‌ست
به شیــوه‌ی نظــر از نــادران دوران بــاش

خمـــوش حافــظ و از جور یــار ناله مکن
تو را که گفت که در روی خوب حیران باش

لە وەرزی لالـــە شـــەرابێك و بێ‌ریـــا ژینـــێ
لە بـــۆنی گـوڵ نەفـــەسێك و لەگـــەڵ سەبـــا ژینـــێ
نەکـــەی کە ســاڵ هەموو هەر لە مـــەی‌پەرەستی بی
بەهـــــار مەیکـــەدە، بـــاقی لە خـــــانەقا ژینـــێ
کە پیـــری رێبـــەری عەشقت شـــەرابی دا وەی‌خـــۆ!
کە خۆشـــە ماتڵـــی رەحمـــی خـــودا وەهـــا ژینـــێ
تەمـــاتە گـــەر وەکـو جـەم تێـبگەی لە رازی نهێـــن
بە یـــادی خـــاوەنی جـامی جەهـــانومـــا ژینـــێ
ئەگەرچی دەرکی جەهان، چەشنی خونچە بەستووە لێت
سەبـــا بە تـــۆ! لە بەهـــاری گرێ‌گوشـــا ژینـــێ
وەفـــا لە کـــەس مەکـــە داوا لـە مـن بـبیـــسە دڵا!
مـــەڕۆ لە دوی مەلـــی سیمـــورغ و کیمـــیا ژینـــێ
موریـــد و عاشقـــی نەشنـــاسی رێ نەبـــی «حافـــز»!
بـــژێ بە هـــــاوەڵی رەنـــــدانی ئاشنـــا ژینـــێ
لەگـــەڵ بیـــانی ئەگـــەر وەك «عومـــەر» ببی ساتێ
دەبـــی لە مەحـــزەری عەشقـــا بە نـــاشنـــا ژینـــێ

به دور لاله قدح گیر و بی‌ریا می‌باش
به بوی گل نفسی همدم صبا می‌باش
نگویمت که همه ساله می پرستی کن
سه ماه می خور و نه ماه پارسا می‌باش
چو پیر سالک عشقت به می حواله کند
بنوش و منتظر رحمت خدا می‌باش
گرت هواست که چون جم به سرّ غیب رسی
بیا و همدم جام جهان‌نما می‌باش
چو غنچه گرچه فروبستگی‌ست کار جهان
تو همچو باد بهاری گره‌گشا می‌باش
وفا مجوی ز کس ور سخن نمی‌شنوی
به هرزه طالب سیمرغ و کیمیا می‌باش
مرید طاعت بیگانگان مشو حافظ
ولی معاشر رندان پارسا می‌باش

گوڵ بچنە سۆفی دەڵقی ریا کۆڵەوار کە!
ئەم زوهدە تام وشکە بە مەی تامدار کە
کەشفی درۆزنانە لە ڕێی چەنگ و نەی بنێ
تەزویح و شەپکە نەزری دییەی مەستی یار کە
زوهدی گران کە دلبەر و مەیگێڕ دژ بەون
چاری بە مێر گوڵان و نەسیمی بەهار کە
یاقووتی مەی رفانی دڵ ئەی میری عاشقان!
خوێنم حەلاڵی چاڵی چناکەی نیگار کە
تاوانی ئێمە خوایە ببەخشی لە فەسڵی گوڵ!
ئەم رەحمەتەت بە عەشقی گوڵاڵەی نسار کە
ئەی ئەو کەسەی کە کەوسەری ئاوات نۆش ئەکەی
لەم بەحرە یەک دڵۆپە لە زاری هەژار کە
شوکری ئەوەی نەکەوتییە بەر سیحری کوڵمی یار
دەرحەق بە ئێمە سۆفی! وەکوو کردگار کە
ساقی! کە شا سەبووحی ئەنۆشێ بڵێ خەڵات
جامێ بە «خاجە» شێخی شەوانە بێدار کە
«کۆلیل»! یار ژیرە، لە جێی ماچی لەعلی لێو
هەر باسی شەکرە سێو و شەراب و هەنار کە

صوفی گلی بچین و مرقع به خار بخش
وین زهد خشک را به می خوشگوار بخش
طامات و شطح در ره آهنگ چنگ نه
تسبیح و طیلسان به می و میگسار بخش
زهد گران که شاهد و ساقی نمی‌خرند
در حلقه‌ی چمن به نسیم بهار بخش
راهم شراب لعل زد ای میر عاشقان
خون مرا به چاه زنخدان یار بخش
یا رب به وقت گل گنه بنده عفو کن
وین ماجرا به سرو لب جویبار بخش
ای آن که ره به مشرب مقصود برده‌ای
زین بحر قطره‌ای به من خاکسار بخش
شکرانه را که چشم تو روی بتان ندید
ما را به عفو و لطف خداوندگار بخش
ساقی چو شاه نوش کند باده‌ی صبوح
گو جام زر به حافظ شب‌زنده‌دار بخش

باخـــەوان ئەر ســەردەمێکی هـــاودەمی گوڵ لازمە
سەبـری ئێشی دڕکی دووری چەشنـی بولبـول لازمە
قەت لە بەنـــدی زولفیــا ئەی دڵ! پەرێشــانی نەکەی
بۆ مەلـی وریـــا لە تـــۆی داوا تەحەممـــوڵ لازمە
کەی قەڵەندەر وا لە هەولّی موڵك و داهاتووی ژیان
بۆ ئـەوەی سوڵتـــانی خـاوەن تەختـە تامـــڵ لازمە
ڕۆژی عیـــلم و دیـــن بە قـــانوونی تەریقەت کافرین
ســـەد کەمـــاڵیشی ببـێ ڕێـــڕەو تەوەککـول لازمە
دەك قوزڵقــورد و حەرامـی بێ! نەزەربازی، کەسێ
جێ لە تۆ بێژی کە ڕوی گوڵ بۆنـی سومبـوڵ لازمە
نێـــرگزی مەستت دەبێ نـــازی بکێشـــم چونکە بـۆ
ئەو دڵـــەی مـات و مەلـوولم لوولـی کاکوڵ لازمە
دوو دڵی تا کـەی؟ ئەدی ساقی بە گەردش بێنە جام!
چون لە نۆبــەی عاشقــان دەوری تەسـەلسـول لازمە
کێیە «حافز» کێ؟! نەنۆشی مەی بە بێ ساز و سورروود
عاشقـی بێـــچارە کەی ئەونـــەی تەجەممـــوڵ لازمە
من کە شێتم، سۆزی سازی سینگی «کۆلیل»م دەوێ
تیـپی مووسیقـــا لە کـــۆڕی ژیـــر و عاقـــڵ لازمە

باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایـدش
بر جفـای خار هجران صبـر بلبل بایـدش

ای دل اندر بنـد زلفش از پریشـانی منـال
مرغ زیرک چون به دام افتد تحمل بایـدش

رند عالـم‌سوز را با مصلحت‌بیـنی چه کار
کار ملک است آن‌که تدبیر و تأمل بایـدش

تکیه بر تقوا و دانش در طریقت کافری‌ست
راهـرو گر صد هنـر دارد توکـل بایـدش

با چنـین زلف و رخش بادا نظربـازی حرام
هـر که روی یاسمین و جعـد سنبل بایـدش

نازهـا زان نرگس مسـتانه‌اش بایـد کشید
این دل شوریده تا آن جعد و کاکل بایـدش

ساقیـا در گردش سـاغر تعلـل تا به چنـد
دور چون با عاشقـان افتـد تسلـسل بایـدش

کیست حافـظ تا ننوشـد بـاده بی‌آواز رود
عاشق مسکین چرا چنـدین تجمـل بایـدش

فیکری بولبول هەر ئەوەن گوڵ لە چەمەن یـاریەتی
گوڵ سـەری گەرمـە کە چـۆن نـاز بکا بـاریەتی
دلڕفێنـی ئەوە نیـن گشتی کە عاشـق بکـوژی
دلبـەری گـەورە غەمـی مەڵهـەمی کڕیـاریەتی
حەقیـە یاقـووت شەپـۆلی غـەم و خوێنی لە دڵە
کاسـەکەل چونکە دژی ڕەونـەقی بـازاڕیەتی
کەرەمـی گوڵ کە نەبووبـایە چلۆن بولبـولی شەو
ئـەو هـەموو نـەزم و هـەوا خۆشـە لە نێو زاریەتی
ئەی ئەوەی دێی و لە کۆڵانی گوڵی مەت گوزەرە
خۆ لـەوێ لادە کە خوێنـین دەر و دیـواریەتی
ئەو سـەفەرکەردە کە سەد خێڵی دڵی چوو لەگەڵا
وا لـە هـەرجێگـە خوداوەنـد نیگـاداریەتی
باسـی دڵ هێـوری ئازیـزا! لە ژیـن خۆشـە بەڵام
هەرکە دەرد و غەمـی عەشقی نیـیە ژین بـاریەتی
هـەر بە دەورێک کلاوی فـڕەدا سۆفی ئەگـەر
نۆبـەتی بێتەوە نۆبـەی سـەری بیمـاریەتی
دڵی «حافـز» بە بەهـاری دییـەنت گـۆچ کـرا
مـەدە ئـازاری کەسێ بەستـە بە نـازاریەتی
بولبـولی بەژنی دیـارت لەوەتـا دوورە لە گوڵ
وەکـو «کۆلیـل» بـە دڵ ناڵـە و هـاواریەتی

فکــر بلبـــل همه آن است که گــل شــد یـــارش
گل در اندیشــه که چون عشــوه کند در کارش

دلـــربایی همـــه آن نیست که عاشـــق بکشـــند
خواجــه آن است که باشــد غــم خدمتگـــارش

جـای آن است که خـون مـوج زند در دل لعـل
زین تغـــابن که خــزف می‌شکنـــد بـــازارش

بلبـــل از فیــض گل آموخت سخن ور نه نبـود
این همـــه قـــول و غـــزل تعبـــیه در منقـــارش

ای که در کوچـــه‌ی معشوقـــه‌ی مـــا می‌گذری
بر حـــذر بـــاش که ســـر می‌شکنـد دیـــوارش

آن سفـــر کرده که صـــد قافله دل همـــره اوست
هر کجـــا هست خدایـــا به ســـلامت دارش

صحبت عـــافیتت گرچـــه خوش افتـــاد ای دل
جـــانب عشـق عزیـــز است فـــرومگـــذارش

صوفی سرخوش از این دست که کج کرد کلاه
به دو جـــام دگـــر آشفتـــه شود دستـــارش

دل حافـــظ که به دیـــدار تو خوگر شـــده بود
نـــازپرورد وصـــال است مجـــو آزارش

شـــەرابێکی وەهـــا تاڵـــم دەوێ رۆستـەمخەوێن زۆری
هەتـا ســاتێ نەبـم ئاگـا لە دونیـا و شـــەڕ و شـۆڕی
لەسەر سفرەی زەمانەی سپڵەپەروەر قەت نەبوو شەکرێ
بشـۆ ئەی دڵ تەمـاحی چەشتنی تـاڵ و مـەزەی شۆری
دە سا جامێ! لە چنگی ئاسمـان کەس دەرنەچوو ساقی!
چ زوهـرەی دەس بە چەنگی یا چ مەرڕیخـی سەلەحشۆری
کەمەنـدی راوی بـارامی فـڕێ دەن، جامی جەم بگرن!
کە من پێـــوامە ئەم چۆڵگـــا نە بـارامێ کە نا گـۆری
دەبێ! تـا رازی چەرخت بۆ لــە کولـمـی جـام بنوێنم
بە مەرجــێ نەینـووێنی بۆ هەموو بێزەوقـی دڵ کــۆری
لە دەروێشـان بە چـاوی گەورەیی هەر گەورە دەڕوانێ
سولەیمـــان بەو هەمـوو سامـــانە لوتفی بوو لەگەڵ مـۆری
کەمـانی دوو برۆی گیانـــانی «حافز» ســەر بە فەرمـانن
بەلامـێ پێکەنیـــنم دێ بە پەنجـــە و باســـکی بێزۆری
لە (مــانی) نایــە کێشـــانی کەمـــانی شــەوبرۆی ئەمما
لە ناخـی شیعـری «کۆلیـل»ـا خەمیداوە کـەم و زۆری

شــراب تلخ می‌خواهــم که مـردافکن بود زورش
که تا یکــدم بیاســایم ز دنیــا و شــر و شــورش
سمــاط دهــر دون‌پــرور نــدارد شهـد آسایش
مذاق حرص و آز ای دل بشــو از تلخ و از شورش
بیــاور مـی که نتــوان شد ز مکر آسمــان ایمن
به لعب زهــره‌ی چنگــی و مریــخ سلحشورش
کمنــد صیــد بهرامی بیفکــن جــام جــم بردار
که من پیمودم این صحرا نه بهرام است و نه گورش
بیــا تــا در مــی صــافیت راز دهــر بنمــایم
به شــرط آن‌کــه ننمایی به کج‌طبعان دل‌کــورش
نظــر کردن به درویشــان منــافی بزرگی نیست
سلیمــان با چنــان حشمت نظــرها بود با مــورش
کمــان ابروی جانــان نمی‌پیچــد ســر از حافـظ
ولیکن خنــده می‌آید بدیـن بــازوی بــی‌زورش

بەهەشتی خوایە شیراز و مەحالّی | کە یارەب قەت نەگا رۆژی زەوالّی
لە روکنابادی دەکێ چاوی چەپەڵ دوورا | کە عومری خزر ئەدا ئاوی زولاڵی
لە بەینی جافرئاوای و موسەللّا | لەگەڵ عەتری گولاّن دێ با شەماڵی
بە شیرازم وەرن تا رۆحی پاکی | بە دەس بێنن لە خەڵکی پڕ کەماڵی
نەبات و قەندی میسری شەرمەزارن | لە باخی شەکرە سێو و پرتەقاڵی
سەبا لەو دلّبەرەی سەرمەستی ئێمە | چەنێکت پێیە باس و چۆنە حاڵی
ئەگەر ئەو شۆخە بێ خوێنم برێژێ | دەڵێم وەک شیری داکی خۆی حەلاڵی
لە خەونم هەڵنەسێنی تۆ خودا چون | خەیاڵم وا لە خەڵوەتگەی خەیاڵی
کە ترست بوو لە دووری «حافز»ا بۆچ؟! | نەبوو شوکرت لە رۆژانی ویساڵی
منیش «کۆلیل»ی ناشوکریم کە دوورم | لە یاران و هەوالاّنی منالّی

***

منیش لام وایە کوردستان بەهەشتە | کە یارەب شیرنی کەی رۆژی تاڵی!
لە ئاوی چلچەمەی چاوی چەپەڵ دوور | کە خزر ئێستەش دەپرسێ هەر هەواڵی
لە شاهۆ تا بە زمزیران و حەمرین | لە قەندیل و سەکۆ تا چەمچەماڵی
هەوازۆ تا بە هەورامانی سەربەرز | بە زریان مۆڵەتێ نادا شەماڵی
کە نێوی دێتە گۆڕێ تەختی جەمشید | قەلاّی بەرزی کەرەفتوو وا لەپاڵی
وەرن بۆ سەققز و فێری هونەر بن | لە پەنجەی مێشکی خەڵکی هەر مەحاڵی

خوشـــا شیـــراز و وضع بی‌مثـــالش
خـــداونـــدا نگـــه‌دار از زوالـــش

ز رکن‌آبـــاد مـــا صـــد لوحـش الله
که عمـــر خضـــر می‌بخشـــد زلالـــش

میـــان جعفـــرآبـــاد و مصـــلا
عبـــیرآمیـــز می‌آیـــد شمـــالش

به شیـــراز آی و فیض روح قدسی
بجـــوی از مردم صـــاحب کمـــالش

که نـــام قنـــد مصـــری برد آن‌جـــا
که شیـــرینـــان نـــدادنـــد انفعـــالش

صبـــا زان لولی شنگـــول سرمست
چه داری آگهی چـــون است حـــالش

گر آن شیـــرین پسر خونـــم بریزد
دلا چـــون شیـــر مـــادر کن حلالش

مکن از خـــواب بیـــدارم خـــدا را
که دارم خلـــوتی خـــوش با خیـــالش

چرا حافـــظ چو می‌ترسیـــدی از هجـــر
نکـــردی شکـــر ایـــام وصـــالش

هەتا شکـانی سەبـا عەتـری زولفـی ڕێحـانی
لە هـەر شکـاو دڵی دا، گـرێ شکـا گیـانی
لە کوێیـە هـەمنەفەسـێ تا تـەواوی هەڵـڕێژم
کە دڵ لە گـوڵ چ دەکێشێت و جەوری هیجرانی
پـەڕی گوڵی وەکو کوڵمت زەمـانە تـا دەق دا
بە خونچـە کردی لە شـەرما قەتیس و زینـدانی
خەیاڵ و خەونە گەیشتن بە حەدد و مەرزی ئەوین
تەحـا لە دووریی ئـەم ڕێ کە حەشـرە پایـانی
گەلێـکی دڵ چـووە پێـدا لە دڕکی ئـەم چـۆڵە
دیـاری یـار مەگـەر بێ بگـا بە پاکـانی
بە ئەم چەمـاوە لە مـاڵی غەما کەسێ خەبـەری
نەدا لە یۆسفـی دڵـم و لە کوڵمـی ڕەخشـانی
شکـاتی جەوری دەکـەم لا عەداڵـەتی خاجـە
کە گیـانی «حافز»ی خنکـان بە فێڵـی زولفـانی
وەلێ شکـایەتی «کۆلیل» کورتە کەی بە غـەزەڵ
دەسێ دەگـا بە مەقـاماتی زولفـی پەخشـانی

چو برشکست صبـــا زلف عنـبرافشـــانش
به هـر شکسته که پیـوست تـازه شد جـانش

کجاست هم‌نفسـی تا به شـرح عرضـه دهم
که دل چــه می‌کشد از روزگـار هجــرانش

زمــــانه از ورق گـل مثــــال روی تو بست
ولی ز شــرم تو در غنچــــه کرد پنهـــانش

تو خفتـــه‌ای و نشد عشـق را کرانـه پدیـد
تَبـــارَكَ الله از این ره که نیست پـایـانش

جمــــال کعبه مگر عـــذر ره روان خواهـد
که جــان زنـده‌دلان سـوخت در بیـابـانش

بدیـن شکسته بیـت‌الحـزن کـه مـی‌آرد
نشـــان یوســف دل از چــه زنخـــدانش

بگیـرم آن سر زلف و به دست خواجه دهـم
که سوخت حافـظ بیـدل ز مکر و دستـانش

یارەب ئەم شاگوڵـە شـادانە لە کن مەی کە دەنی
دەیسپـێرم بە دەسـی ئێــوە لە بوخڵــی چەمــەنی
ئەو ئەگەرچی لە وەفـا دوورە بە بێ‌مـەرز و سنوور
دوور بێت ئافــەتی دەوران لە بەهــاری بــەدەنی
ئەی سەبا هەرچی گەیشتیت بە کۆی بـاخ و چەمەن
ســەد سـلاوم بکـە شابـاشی قــەدی نـارەوەنی
نــازی ئەو زولفــە رەشـانەی بکە ئەمما بە ئەدەب
چون گەلێ جەم دڵـی ئازیـزە لە موشکی خوتـەنی
بێــژە قەرزارە خــەت و خـاڵی بە پەیمــانی دڵم
حورمەتی فـەرزە لەسەر کاکوڵی سومبوڵشکـەنی
لەو مەقـامەی بە حەزی لێـوی لەسەر بـادە دەنێن
سپڵــە ئەو مەستــەیە ئاگـا لە سەرە و چۆن و چەنی
ســەر و سامــان لە دەری مەیکــەدە نـابێت و نیــیە
هەرکە لەو ئاویە نۆشــی سـەری چوو ماڵی چەنی
دڵ کە ترسا لە مەلــوولی، غـەمی عەشقی بە حەرام!
ســەری ئێمــە و قەدەمی مــاچ لە من لەو زەقـەنی
غەزەلی «خاجە» شەمی حیکمەتە شـابەیتە هەمووی
ئافــەرین بۆ غەزەلی دڵگـر و شەکری سوخــەنی
شیعــری «کۆلیل» بە گشتی شـەوی بەیتــول‌حەزەنە
غەمی هیجرانە هەموو فیکری دڵ و گیــان و تــەنی

یا رب این نوگل خندان که سپردی به منش

می‌سپارم به تو از چشم حسود چمنش

گرچه از کوی وفا گشت به صد مرحله دور

دور باد آفت دور فلک از جان و تنش

گر به سرمنزل سلمی رسی ای باد صبا

چشم دارم که سلامی برسانی ز منش

به ادب نافه‌گشایی کن از آن زلف سیاه

جای دل‌های عزیز است به هم برمزنش

گو دلم حق وفا با خط و خالت دارد

محترم دار در آن طرّه‌ی عنبرشکنش

در مقامی که به یاد لب او می نوشند

سفله آن مست که باشد خبر از خویشتنش

عرض و مال از در میخانه نشاید اندوخت

هرکه این آب خورد رخت به دریا فکنش

هرکه ترسد ز ملال انده عشقش نه حلال

سر ما و قدمش یا لب ما و دهنش

شعر حافظ همه بیت‌الغزل معرفت است

آفرین بر نفس دلکش و لطف سخنش

لە دڵ ئـــارامی بـــردم وەك لە ســـەر هـــۆش
گوڵی بێڕەحم و نەسرین کوڵم و رووخۆش
لەتیـــف و مـــانگڕوو مامـــز رەمـــۆکێ
کڵاوزەڕ شۆخ و چاوڕەش شەنگ و تەڕپۆش
لە تـــاوی ئاگـــری گـــەرمی ئەوینـــی
دەجۆشـێ سیـنە دایم چەشنـی حەوجۆش
دڵـــم هێـــور دەبـــێ عەینـــی کـــراسی
کـەوا ئاســـای ئەگـــەر بگـرم لە ئاغـــۆش
بهـــارێ ئاشـی گـــەردون پێشـــەکانـــم
لە گیـــانم عەشقـــی تۆ نـابێ فەرامـــۆش
دڵ و دینـــــی، دڵ و دینــــی رفـــــانـم
ســەر وکۆشی، ســەر وکۆشی، سـەر وکۆش
شفـــــا «حافـــــز» شفـــا «حافـــــز» شفـــایە
لە لێـوی مەی، لە لێـــوی مەی بکەی نـۆش
لە سیحـــری قـــامەتی حەیـــرانە «کۆلیـــل»
نمـــامی ســـەروە چی گرتوویە لیمـــۆش

ببـــرد از من قـــرار و طاقت و هوش

بت سنگیــن‌دل سیمیــن بنـــاگوش

نگـــاری چـــابکی شنـگی کلــه‌دار

ظــریفی مهــوشی ترکـی قبـــاپوش

ز تـــاب آتش ســـودای عشقــش

به‌ســـان دیگ دایم می‌زنـم جــوش

چو پیـــراهن شــوم آســوده خـــاطر

گرش همچـون قبـا گیرم در آغـوش

اگر پوسیـــــده گـــردد استخـــوانم

نگـردد مهـرت از جـانم فرامــوش

دل و دینــم دل و دینـم ببــرده‌ست

بر و دوشش بر و دوشـش بر و دوش

دوای تـــو دوای توســت حــافـــظ

لب نوشـــش لب نوشـــش لب نوش

سەحـــەر لە عــالەمی غەیبـم درا بە دڵ خەبــەرێ
کە دەوری شــاهـ شوجـاعە و شـەراب هاتـە بەرێ

بەســەر چـو ئەو دەمـە خـاوەن نەزەر هــەزار نـەزم
تەقــەڵ درابـو لە لێــوی کە نـم نــەدا نــەزەرێ

بە دەنـگی چەنـگی مەگــەر بێــژم ئەو هەمـوو رازە
کە مەنجـەڵی دڵ ئەجۆشـا لە سۆزی وا کەسـەرێ

شــــەرابی مـــاڵ دەترسـیــا لـە بــەردی دارۆغــە
هەرایـــە، نۆشـــە، ئەمێستا بە ئەمری بەختــەوەرێ

بە کــۆڵ موفتــیـی ئەم شـارەیان شـــەوی پێشـوو
لە ئەرکــی مەیکـــەدە عابـا لە کـۆڵ خستـە دەرێ

دڵا ریا مەکە، خۆ هەڵمەکێشــە قــەت بە گونــاح!
کە رێی نەجاتت ئەمەن هەر، لەهەر تەڵەی خەتەرێ

مەقــامی تــووری سنیـن، واتـە زەینـی رۆشنـی یـار
حوزووری وانت ئــەوێ دڵ بشــۆ لە هەرکـەدەرێ

نەکەی شکۆی کەمـــاڵی نەکەی بە زیکری دڵت
کە گیـانی مەحرەمە هۆشی، بە هەر سرۆشی ســەرێ

سەڵاحی مەملەکەت و خەڵکی، خوسرەوان بەڵەدن
بە خێــڵی خەڵوەنشین «خاجە»! نین وەها هونــەرێ

ئەمێستە هەرکەسە «کۆلیـل»ـی جەوری ناکەسـە وا
رژاوە خوێنـی هونــەر پڕ بە دەشتــی هەر دەوەرێ

سحر ز هاتف غیبم رسید مژده به گوش
که دور شاه شجاع است می دلیر بنوش

شد آن که اهل نظر بر کناره می‌رفتند
هزار گونه سخن در دهان و لب خاموش

به صوت چنگ بگوییم آن حکایت‌ها
که از نهفتن آن دیگ سینه می‌زد جوش

شراب خانگی ترس محتسب خورده
به روی یار بنوشیم و بانگ نوشانوش

ز کوی میکده دوشش به دوش می‌بردند
امام شهر که سجاده می‌کشید به دوش

دلا دلالت خیرت کنم به راه نجات
مکن به فسق مباهات و زهد هم مفروش

محل نور تجلی‌ست رای انور شاه
چو قرب او طلبی در صفای نیت کوش

بجز ثنای جلالش مساز ورد ضمیر
که هست گوش دلش محرم پیام سروش

رموز مصلحت ملک خسروان دانند
گدای گوشه‌نشینی تو حافظا مخروش

دوێنـــە لە مەیخـــانەوە دەنگــێ دەهـــات
بـــادە لە ســـەر نێ کە دەبەخشـــن گونـــات
مـــوژدە دەهێنـــێت فـریشتـــــەی پەیـــام
هـــەوری کـــەرەم پڕیـــە لە ئـــاوی حەیـــات
ئەو ســـەرە ســـەردەم بەرە مەیخـــــانە! تـــا
خوێنـــی بجـــۆشــێ بە شـــەرابی نەجـــات
هەرچـــی وزەت پێـــیە دلاّ بیـــخە کـــار!
گەرچی گەیشتـــن نە بە هەولّـە و خەبـــات
رەحمـــی خودا ســـەر لە گوناحـــانی مـــەن
وس بـــە! کە ئەم قوفلّـــە بە تۆ هەلّنەهـــات
گوێی من و حەلّقەی قژی تۆ، مـەی‌فرۆش!
رووومـــەتی ئێمـــە و کەرەمی خـــاکی پـــات
کەی وەکو یەک وایە هەلّـــەی «حافـــز» و
مـــەرحەمـــــەتی پادشــــەهی کائینـــات
حاکمـــی دیـــن شـــاهـ شوجـــاعێ کە وا
حەزرەتـــی جیبریـــل بە غولاّمی دەکـــات
دوور لە چــــاو و نـــــەزەری پیـــس بـــێ!
شـــای فەلەکول‌ئەتلّەسی هەر ســـەر بخـــات
هەرکەســـە «کۆلیـــل»ـی کەسێـــکە و منیش
شێـتی هەوای هەستـە (ئەوا رۆژ هـــەلاّت)

هاتفی از گوشه‌ی میخانه دوش
گفت ببخشند گنه می بنوش
لطف الهی بکند کار خویش
مژده‌ی رحمت برساند سروش
این خرد خام به میخانه بر
تا می لعل آوردش خون به جوش
گرچه وصالش نه به کوشش دهند
هر قدر ای دل که توانی بکوش
لطف خدا بیش‌تر از جرم ماست
نکته‌ی سربسته چه دانی خموش
گوش من و حلقه‌ی گیسوی یار
روی من و خاک در می فروش
رندی حافظ نه گناهی‌ست صعب
با کرم پادشه عیب‌پوش
داور دین شاه شجاع آن‌که کرد
روح قدس حلقه‌ی امرش به گوش
ای ملک العرش مرادش بده
وز خطر چشم بدش دار گوش

لێوانە جامی «حافز» و موفتی پیاڵە نۆش
چەن خۆشە دەوری شاهی خەتابەخش و عەیبەپۆش
سۆفی لە کونجی مەیکەدە کووپەی لە کۆش گرت
وەختێ کە دیتی موحتەسیبی شار خوم بە دۆش
قازی و شێخ بۆچیە وەک جوو نهێن دەخۆن
پرسیم سەحەر لە پیری ئەوین واتە مەیفرۆش
فەرمووی کە هێڵی سوورە وەڵامی هەواڵی وا
بێدەنگ بە، مەی بنۆشە، لە سەر لاوە فیکر و هۆش!
مەیگێڕ! وا بەهارە نەما زێڕی بادە، گەر
فیکرێ نەکەی لە گوێنی مەیم سینە هاتە جۆش
گەنجی و بەهار و عەشقە لە گیرفانی خاڵیا
کۆ بوونەتۆ، ببوورە لە تاوانی مەی پەرۆش
تا کەی زمانی چەور و قسەی گەرمی چەشنی شەم
وادەی گەیی پەپوولە، بە بێدەنگی بگرە کۆش!
ئەی سەروەری کەماڵ و جەماڵێ کە چەشنی تۆ
بە گوێی کەسێ نەهات و گلارێ نەبوو لە تۆش
عومری بە پیت و ئەفسەری بەختت لە سەر! هەتا
ئەو خەرقە شینە دەگری لە دەس چەرخی کۆنەپۆش
ئەو شاریارە «کۆلیل»! غەزەڵ حورمەتێ دەنێ
گوێبیستە بۆ وتاری قەڵەم، شیعری تاڵ و خۆش

در عهد پادشاه خطابخش جرم‌پوش
حافظ قرابه‌کش شد و مفتی پیاله‌نوش

صوفی ز کنج صومعه با پای خم نشست
تا دید محتسب که سبو می‌کشد به دوش

احوال شیخ و قاضی و شرب الیهودشان
کردم سال صبحدم از پیر می‌فروش

گفتا نه گفتنی‌ست سخن گرچه محرمی
درکش زبان و پرده نگه‌دار و می بنوش

ساقی بهار می‌رسد و وجه می‌نماند
فکری بکن که خون دل آمد ز غم به جوش

عشق است و مفلسی و جوانی و نوبهار
عذرم پذیر و جرم به ذیل کرم بپوش

تا چند همچو شمع زبان‌آوری کنی
پروانه‌ی مراد رسید ای محب خموش

ای پادشاه صورت و معنی که مثل تو
نادیده هیچ دیده و نشنیده هیچ گوش

چندان بمان که خرقه‌ی ازرق کند قبول
بخت جوانت از فلک پیر ژنده‌پوش

دوێنەشـەو فەرمـوی نهێنـی پێم حەکیمێ سەر بە هۆش
من لە ئێوەی چۆن وەشارم رەمز و رازی مـەیفرۆش
پێ وتم ئاسـان لەسـەر خۆ بگرە فەرمـان چـون سرشت
سەختی ئەگـرێ کار و باری مەردومانی سەخت کۆش
جا وەهـا جامێـکی پێـم بەخشـی لە شەوقا هەڵپەڕی
زوهرە کیژی ئاسمانی، کەف بە دەف دەیوت کە نۆش
بۆ دڵی خوێنین بزەی لێـو بێنە! وەک جامی شەراب
نەک بە زەربێ چەشنی چەنگ، ئامان و ناڵەی پڕخورۆش
ئاشنـا هەرکـەس نەبوو، لـەم پەردە رازێکـی نەبیست
چونکە نامەحـرەم نەبیسێ چـاکە دەنگی نەرم و خۆش
ئەی کـوڕم گوێ بگرە بۆم بۆ مـاڵی دونیا غـەم نەخۆی!
گەوهـەرن پەنـدی من ئـاخۆ چۆنی هەڵبگری ئەتۆش
مەجلیسـی دڵبـەر مەیـانی گفتـمـانی تۆ نیـیە
چون لەوێ ئازای ئەنامت هەر دەبێ چەم بێت و گۆش
خۆنـوێنـی کەی لـە کـۆڕی گـەورەیانـا ئاقڵـین؟
یا دەبێ لێـوت نەبـزوێ یا سـەرت پڕ بێ لە هۆش
ساقیـا مەی تێکـە! کەس نەیـزانی «حافز» چەندە رەند
غەیـری ئاسـەف دەس دڵی حاتـەم، دڵی تـاوانپۆش
تۆ کە سوڵتـانی بەهـاری لوتفـی، نازانـی مەگـەر
چەنـدە دڵ «کۆلیـل»ی بارانی سەخـاتانە و پەرۆش

دوش با من گفت پنهان کاردانی تیزهوش
وز شما پنهان نشاید کرد سرّ می‌فروش

گفت آسان گیر بر خود کارها کز روی طبع
سخت می گردد جهان بر مردمان سخت کوش

وانگهم در داد جامی کز فروغش بر فلک
زهره در رقص آمد و بربطزنان می گفت نوش

با دل خونین لب خندان بیاور همچو جام
نی گرت زخمی رسد آیی چو چنگ اندر خروش

تا نگردی آشنا زین پرده رمزی نشنوی
گوش نامحرم نباشد جای پیغام سروش

گوش کن پند ای پسر وز بهر دنیا غم مخور
گفتمت چون در حدیثی گر توانی داشت هوش

در حریم عشق نتوان زد دم از گفت و شنید
زآن‌که آن‌جا جمله اعضا چشم باید بود و گوش

بر بساط نکته‌دانان خودفروشی شرط نیست
یا سخن دانسته گو ای مرد عاقل یا خموش

ساقیا می ده که رندی‌های حافظ فهم کرد
آصف صاحبقران جرم‌بخش عیب پوش

ئەی لە سـەر تا بە قـەدەم قامـەتی رەعنـات خۆشـە
چ بـزەی لێـوی شەکـەربار، چ قـاقـات خۆشـە
عەینـی گوڵبـەرگی تـەڕ و تـازە هەمـوو ئوکسیژنی
چەشنـی سـەروی چەمـەنی سـەوزی، سەراپـات خۆشـە
شێـوەیی نـاز شـرین نـەرم و نیـان و نمـەکین
چـاو و ئەبـرۆ، خەت و خـاڵ و قەد و باڵات خۆشـە
هەم خەیاڵی سـەرە نەخشیـنە بە گوڵـزاری هـەوات
هـەم دەمـاغی دڵـە موشکین بە چلیـپات خۆشـە
سـەرەڕێی عەشقـی کە سێـڵاوی بەلاگـرتووە لێم
دڵ بە ئـاواتی گوڵـی بـاخی مولاقـات خۆشـە
چۆن سپـاسی بکـەم ئەو چـاوە نەخۆشـەت کە دەڵێ
ئەم نەخۆشیمـە بە دیـداری دو گۆنـات خۆشـە
خەتەری زۆرە لە چۆڵگەی حەزی تۆ گەرچی خەبات
«حافـز»ی عاشـق ئەدا هـەوڵ و بە هیـوات خۆشـە
نەشتـەری تیـژی دڕوی چۆڵـی ئەوین خۆشە لە پام
سـەری «کۆلیـل» دەمێ بیخـەیە ژێر پـات خۆشـە

ای همه شکل تو مطبوع و همه جای تو خوش
دلم از عشوه‌ی شیرین شکرخای تو خوش
همچو گلبرگ طری هست وجود تو لطیف
همچو سرو چمن خلد سراپای تو خوش
شیوه و ناز تو شیرین خط و خال تو ملیح
چشم و ابروی تو زیبا قد و بالای تو خوش
هم گلستان خیالم ز تو پرنقش و نگار
هم مشام دلم از زلف سمن‌سای تو خوش
در ره عشق که از سیل بلا نیست گذار
کرده‌ام خاطر خود را به تمنای تو خوش
شکر چشم تو چه گویم که بدان بیماری
می‌کند درد مرا از رخ زیبای تو خوش
در بیابان طلب گرچه ز هر سو خطری‌ست
می‌رود حافظ بیدل به تولّای تو خوش

چ خۆشن لێــوی چــۆم و سێــبەری بی، شیعر و یارێ خۆش
لەگەڵ شۆخی شــرین، دڵبــەر، لەگەڵ ســاقی، بەهارێ خۆش
ئەرێ ئەی بەختــەوەر، ئەی ئەو کەسـەی قەدری تەمەن دەگری!
بە نــۆشت شۆخــی و شــایی کە خۆشــی رۆژگــارێ خۆش
کەســێ تــۆزی غەمــی عەشقــی لە لێــوی خاتــرا بــاره
بسووتێــــنێ بلێــن ئەسپــەنەرێ بۆ حیفزی بــارێ خۆش
بە فیکــرێ تــازە هــەردەم بــووکی تەبعی خۆ دەخەملێــنم
لە دەستــی رۆژگــارم دەسکــەوێ بەڵکــوو نیگــارێ خۆش
شــەوی دیــدار تا رەخســا مــەرام و کــامی دڵ بگــره!
لە روخســاری چــراخانی، لە بــاخی لالــەزارێ خۆش
شــەرابێ وا لە جــامی چــاوی مەیگێــڕا کە ماشــەڵڵا
دەکـا مەستی لەگـەڵ ئەقــڵ و ئەدا حـاڵی خومــارێ خۆش
بەتاڵــی چوو تەمــەن «حافــز»! لەگەڵمــا بێـره مەیخــانە
کە شەنگۆڵانی خۆش‌ڕوو بەشکە فێرت کەن بە کــارێ خۆش
تەمــەن «کۆلیل»! هەرچــەن چوو بە فیــڕۆ، دەرفــەتێ مــاوە
لە مــافی کیــژی کوردستــان بڵێ شیعــر و وتــارێ خۆش

کنـــار آب و پـــای بیـــد و طبع شعر و یـاری خوش

معـــاشر دلبـــری شیـــرین و ســاقی گلعذاری خوش

الا ای دولتـــی طــــالع که قـــــدر وقت می‌دانـی

گوارا بادت این عشرت که داری روزگاری خوش

هر آن‌کس را که در خاطر ز عشق دلبری باری‌ست

سپـــندی گو بر آتش نه که دارد کار و باری خوش

عـــروس طبـع را زیـور ز فکـر بکـــر می‌بنـــدم

بود کز دست ایامـــم به دست افتـد نگاری خوش

شب صحبت غنیمت دان و داد خوشــدلی بستـــان

که مهتابی دل‌افروز است و طرف لاله‌زاری خوش

مـی‌ای در کاســه‌ی چشم است ساقی را بنامیـزد

که مستی می‌کند با عقل و می‌بخشد خماری خوش

به غفلت عمـــر شـد حافـظ بیا بـا ما به میخـــانه

که شنگولان خوش‌باشــت بیـاموزند کاری خوش

روومـــەتی مانگی پـڕە و کـانی کـەرەم شـاسەنەمە
بیـــدەیێ عەشــق و وەفـا خوایە کە هەر ئەویـە کەمە
نیـــیە تـاوانی بە شـۆخی بکـوژێ شـۆخ ئەگــەرم
چونکـــە نابالّقـــە وشـــرێ نییـــە ئـــازا لە غەمـــە
هەر ئـەوەم چـــاکە کە لــەو چـــاك دلّم ڕابگـــرم
ناشنـــــای ڕێگـــەیە ڕاگرتنـــی دلّ بـــۆی ستـــەمە
گەرچی بۆی شیـــر لە لێـــوی شەکەری دێت بەلاّم
ڕەوشـــی چـــاوی ڕەشـــی ڕشتـــنی خوێنـــی دییەمە
مـانگی من چواردە ســالّە و سـلّ و شیـرین، کە بە دلّ
سەد وەکوو مانگی چوواردەی لە کەنیـــزی حەرەمە
وێلّــە دلّ خـوایە لە شوێن ئەو گولّە شین تـازەبووەم
خەبـــەرێکم نیـــیە ئاخـۆ لە چەمـــەن یا لە چـەمـە
یـــاری ئازیـــزم ئەگـــەر قـەلبشکێنـێکی وەهـــان
زۆری پێـــناچێ کە پارێـــزەری جەمشیـــدی جەمـە
گیـــانی شیرین کەمە بۆ پێشکەشی ئەو گەوهەرە گەر
سینگی «حافــز» (لـەلـە) بێ بۆ سەدەفی ئەو سەنـــەمە
گیانی «کۆلیـل» پەپـوولەی شەمـی گۆنـاتە وەکوو
دلّـی دێوانـــەمە گیـانی بە شـەوی زولفـی شـەمـە

مجمع خوبی و لطف است عذار چو مهش

لیکنش مهر و وفا نیست خدایا بدهش

دلبرم شاهد و طفل است و به بازی روزی

بکشد زارم و در شرع نباشد گنهش

من همان به که از او نیک نگه‌دارم دل

که بد و نیک ندیده‌ست و ندارد نگهش

بوی شیر از لب همچون شکرش می‌آید

گرچه خون می‌چکد از شیوه‌ی چشم سیهش

چارده ساله بتی چابک شیرین دارم

که به جان حلقه به‌گوش است مه چاردهش

از پی آن گل نورسته دل ما یا رب

خود کجا شد که ندیدیم در این چند گهش

یار دلدار من ار قلب بدین‌سان شکند

ببرد زود به جانداری خود پادشهش

جان به شکرانه کنم صرف گر آن دانه‌ی دُر

صدف سینه‌ی حافظ بود آرامگهش

خەیـــاڵی وێڵـــە دڵـی غـــافڵی منی دەروێـش
کە ئەو نەچیـــرە هەراســـانە دوا بچـیێ یـــا پێـش
بە دڵ شەکـامەوە وەک بـی، لـە ترسـی ئیمـــانم
کە وا لە نێـــو کەمـــەنی کافرێکی ئیمـــان کێش
ســـەرم گومانی وەها بوو کە بەحـری سوور ئەگرێ
چ دوورە فیکـری دڵۆپێ ئەوەن مەحـاڵئەندێش
لەبـــەر مژۆڵی سڵامـــەتکوژ و دەلالـــی مـــرم!
شەپـۆل ئەدات کە نۆشی ژیان لە هەر سەری نێش
لە قـۆڵ و چـاوی حەکیمـان هەزار خوێن دەتکێ
کە بۆ موعـــایەنە دەستـێ بنێـــنە سەر دڵێ رێـش
دەڕۆمـــە مەیکـــەدە ئیـــدی خەجـاڵەت و گریـان
لە شـەرمی بەرهەمی خۆم و لە خۆفی دەرد و ئێـش
بە چەشنـی تەختـی سکەندەر تەواوە عومـری خـدر
شەڕی لەسەر مەکە! دەوران کە پووچە بۆ دەروێش
قەتی بە ئـەو ملـە ناچـێ دەسـی گـەدا «حـافـز»!
خەزانەیێ بخە دەس! سەر لە چەرخی خۆهەڵکێش
«عومـــەر» کە عەشقـی لە دڵـــدایە خـاوەنی گەنجـە
گـەدا مەگەر دڵی قـارون، کە ماڵ کردی پەرێش

دلم رمیده شد و غافلم من درویش
که آن شکاری سرگشته را چه آمد پیش

چو بید بر سر ایمان خویش می‌لرزم
که دل به‌دست کمان ابرویی‌ست کافرکیش

خیال حوصله‌ی بحر می‌پزد هیهات
چه‌هاست در سر این قطره‌ی محال‌اندیش

بنازم آن مژه‌ی شوخ عافیت‌کش را
که موج می‌زندش آب نوش بر سر نیش

ز آستین طبیبان هزار خون بچکد
گرم به تجربه دستی نهند بر دل ریش

به کوی میکده گریان و سرفکنده روم
چرا که شرم همی‌آیدم ز حاصل خویش

نه عمر خضر بماند نه ملک اسکندر
نزاع بر سر دنییّ دون مکن درویش

بدان کمر نرسد دست هر گدا حافظ
خزانه‌ای به کف آور ز گنج قارون بیش

کردوومە ئیمتیحانی گەلێ لێرە، بەختی خۆ
لەم گۆمە گێژە فەرزە دەرێنم کە رەختی خۆ
دەس خۆم ئەوەن گەزیوە بە ئاخی گەرم، گڕم
بەردا وەکوو گوڵاڵە لە هەر نەخت نەختی خۆ
دوێنێ شەوێ لە بولبولم ئەم خۆش نەوا دەبیست
گوێی گرتبوو شکۆفە لە شاخی درەختی خۆ
کەی دڵ! گوڵی کەنین بە، نە وەک یار توند و تیژ
چون هەرکە ترش و تاڵە دەتۆرێ لە بەختی خۆ
پێت خۆشە سەهل و سەختی جەهان خۆش بچێ لەبەر
پەیمان بە سووک مەگرە لەگەڵ گفتی سەختی خۆ
وەختی گەیی، لە دەردی فیراقا، بە سۆزی دڵ
ئاگر بدەم لە هەستی هەموو پوخت و نەختی خۆ
ئاوات و کام «حافز»! ئەگەر تا بە سەر دەبوو
جەمشیدی جەم دەماوە لەگەڵ تاج و تەختی خۆ
«کۆلیل»! تا هەتاوی تەمەن روونە رێکەوە
تاریکەشەو نزیکە مەفەوتێنە وەختی خۆ

ما آزمـــوده‌ایم در این شهـــر بخت خـــویش

بیـــرون کشیـد باید از این ورطه رخت خویش

از بـــس که دست می گـــزم و آه می کشـــم

آتش زدم چو گـــل به تن لخت لخت خویش

دوشـــم ز بلبـــلی چه خوش آمد که می‌سرود

گل گوش پهـــن کرده ز شاخ درخت خویش

کـــای دل تو شـــاد باش که آن یـــار تنـــدخو

بسیـــــار تنـــدروی نشیـــــند ز بخت خویـــش

خواهی که سخت و سست جهان بر تو بگذرد

بگذر ز عهد سست و سخن‌های سخت خویش

وقت است کز فـــراق تو وز ســـوز انـــدرون

آتش درافکنـم به همـــه رخت و پخت خویش

ای حافـــظ ار مـــراد میســـر شـــدی مـــدام

جمشیـــد نیـــز دور نمـــاندی ز تخت خویش

قەســـەم بە شەوکـــەتی یـاری دڵێـر و پڕدەسەڵات
لەســـەر کە نیمـــە ئەوینـی شـەڕی مەقـــام و بەرات
هەڤـــاڵی بـادە گـــەیی یـاری تۆبە خـــوا لەگەڵت!
شـــەرابی ماڵـی ئەدی بەس! کە لەعلی مەیکەدە هات
بە مەی بشـــۆرە عەبـــاکەم لەبەر خـــودا! چون من
لە چـــەرخی ناژنـــەوم بۆنی عەشـــق و خێر و خەڵات
کەسێ کە دەنگـی زوڵاڵـی لە ئێمـە کردە حـەرام
خورۆشـی چەنگ ئەشـا چۆن بە رەقسی فێر دەکات
بە عاشقـــان نـەزەرێکت سپـــاسی لوتفی خـــودان
کە من غوڵامـی کەمیـــن و کە تۆ ئەمیـــری وڵات
لە بەزمـــی ئێـــوە گوســـاخی جەســـارەتن ئەینـــا
قومێ لە لەعلـی شـــەرابت دڵـم لە تـــاو دەخات
تەوێـڵ و رووـمـــەتی «حافز» خودا لە خـاکی دەر و
ســـەرای گەورەیی شـــاهی دڵێـــر دوور نەکات!
بنێـــژە دارە دلیـــقێ! لە خـــاکی «کۆلیـــل»ـت
ببێ کە گیـر ئەگەرت بوو گوزەر، لە چاکی کەوات

قسم به حشمت و جاه و جلال شاه شجاع

که نیست با کسم از بهر مال و جاه نزاع

شراب خانگیم بس می مغانه بیار

حریف باده رسید ای رفیق توبه وداع

خدای را به می‌ام شست‌وشوی خرقه کنید

که من نمی‌شنوم بوی خیر از این اوضاع

ببین که رقص کنان می‌رود به ناله‌ی چنگ

کسی که رخصه نفرمودی استماع سماع

به عاشقان نظری کن به شکر این نعمت

که من غلام مطیعم تو پادشاه مطاع

به فیض جرعه‌ی جام تو تشنه‌ایم ولی

نمی‌کنیم دلیری نمی‌دهیم صداع

جبین و چهره‌ی حافظ خدا جدا مکناد

ز خاک بارگه کبریای شاه شجاع

سەرسبەینان کە لە نێو کاخی سرشتا شەمی نوور
گرشەئاوێژە لەسەر فەرشی زەوی چەشنی بلوور
فەلەك ئاوێنە لە نێو باخەڵی ئاسۆوە دەخات
کوڵمی دونیا بە هەموو رەنگەوە دێنێتە حوزوور
سازی ناهید دەکا ساز لەبەر شاهی فەلەك
کۆشکی کەیوان پڕە هەر سووچی لە هاواری سورور
جام قاقا بە کەنین دێت کە دارۆغە لە کوێن
چەنگ ئەڵێ دەنگی زلی نایە شوکور دژمنی سوور
سەیری ئەم گەردشی گەردوونە بکەو مەی بکە نۆش
حاڵەتێکی نییە چون گەردشی گەردون لەمە ژوور
داوی فێڵ و فەرەزن کاکوڵی دونیای دەلال
ئاشنایان لەسەر ئەم رشتە نە شەڕیانە نە شوور
خێری عالەم تەڵەبی توولی تەمەن بۆ شایە
کە وجوودێکە بەکەڵك و کەرەمە و خەڵکی شوعوور
چاوی ئاوات لە ئاسۆی شەوەقی لوتفی ئەزەل
خاوەنی عیلم و عەمەل رۆحی هەموو شاهی غەیوور
مەرگی هەرگیز نییە «کۆلیل»! کەسێ عەدڵ و سەخا و
حورمەتی بۆ قەڵەم و ئەهلی هونەر بێ کەلەپوور

بامـــدادان که ز خلوتــگه کــاخ ابــداع

شمــع خاور فکند بر همه اطـراف شعــاع

بر کشد آینه از جیب افــق چـرخ و در آن

بنمـــاید رخ گیــتی به هـــزاران انــواع

در زوایــای طرب‌خـــانه‌ی جمشید فلک

ارغنــون ساز کند زهره به آهنگ سمــاع

چنگ در غلغـــله آید که کجا شـد منکر

جــام در قهقــهه آید که کجـا شد منــاع

وضــع دوران بنگر ســاغر عشرت برگیر

که به هر حــالتی این است بهیـن اوضــاع

طـرّه‌ی شاهد دنیی همه بند است و فریب

عــارفان بر سر این رشتـه نجوینـد نــزاع

عمر خسرو طلب ار نفع جهـان می‌خواهی

که وجــودی‌ست عطـابخش کریم نفــاع

مظهـــر لطف ازل روشنــی چشــم امــل

جامع علم و عمل جان جهان شاه شجــاع

من لە نێو چاکان بە نێوبانگی ئەوینت وەک شەمم
بۆ ئەویندارانی رەند و شەونشینت وەک شەمم

خەو بە چاوی غەمپەرەستم نایە رۆژ و شەو ئەوەن
لەش بە باری دووری و دەردی گرینت وەک شەمم

بەندی جەرگی تاقەتم بڕیا بە میقرازی غەمت
گیانی گڕ دا بەرقی چەخماخەی بەتینت وەک شەمم

ئەسپی ئالی ئەشکی سەرکێشم نەبوو بایێ چلۆن
هەلدەبوو رازی من و شۆلەی برینت وەک شەمم

دڵ لە بەینی ئاگر و ئاوا بە یادی چاوی تۆن
وا لە شینی بێوچانی چاوی شینت وەک شەمم

بۆ شەوی دووری ئەگەر ئیزنی ویسالێکت نەگات
عالەمێ ئاور ئەدا بەرقی ئەوینت وەک شەمم

چەشنی شەو تاریکە رۆژم خۆری روخسارت نەبێ
روو لە نوقسانن کەمالی شەوقی دینت وەک شەمم

کێوی سەبرم نەرمە وەک مۆمێ لە نێو دەستی غەما
تا بە تاوی عەشقی کولمی ئاورینت وەک شەمم

وەک سوحم هەر یەک نەفەس پێماوە بۆ دیداری تۆ
دیدە گریانی دیار و پێکەنینت وەک شەمم

سەربلێندم کەن بە وەسلی خۆ، شەوێ نازارەکەم!
با دلی تاریک رۆشن کا جەبینت وەک شەمم

سۆزی عەشقی تۆی لەسەر وا ناوە «حافز» قەت بە چاو
ئاگری دڵ ناکوژێتسۆ چون لە شینت وەک شەمم

هەرکە «کۆلیل»ـی ئەوین بێ وەک وەلی دێوانەیە
بۆیە من شێتی گڕی سینگی خەمینت وەک شەمم

در وفـــای عشق تو مشهور خوبـانم چو شمـع
شب‌نشیـن کوی سربـازان و رندانم چو شمـع
روز و شب خوابم نمی‌آید به چشم غـم‌پرست
بس که در بیمـاری هجر تو گریـانم چو شمـع
رشتـه‌ی صبرم به مقـراض غمت ببـریده شد
همچنان در آتش مهــر تو سـوزانم چو شمـع
گر کمیت اشک گلـگونم نبـودی گـرم رو
کی شدی روشن به گیتی راز پنهانم چو شمـع
در میان آب و آتش همچنان سرگـرم توست
این دل زار نــزار اشک‌بـــارانم چو شمـع
در شب هجـران مرا پروانـه‌ی وصلی فـرست
ور نه از دردت جهـانی را بسوزانم چو شمـع
بی جمـال عالم‌آرای تو روزم چون شب است
با کمـال عشق تو در عین نقصـانم چو شمـع
کوه صبـرم نرم شد چـون موم در دست غمت
تا در آب و آتش عشقت گـدازانم چو شمـع
همچو صبحـم یک نفس باقی‌ست با دیدار تو
چهره بنمـا دلبـرا تا جان برافشـانم چو شمـع
سرفــرازم کن شبی از وصـل خود ای نازنیـن
تا منــور گردد از دیـدارت ایوانـم چو شمـع
آتش مهـر تو را حافـظ عجب در سر گرفت
آتش دل کی به آب دیـده بنشانـم چو شمـع

سەحەر بە عەشقی گوڵستان و عەتری دار و دەوەن
بە چەشنی بولبولی عاشق دەمێ کە چوومە چەمەن
وەکوو چرا لە شەوی تار سووورە گوڵ دەگڕا
کە دەمڕووانییە باخان و مێرگوڵانی وەتەن
وەها دەنازییە بەژن و جەماڵی بێحەدی خۆی
نەبوو لە مێشکی سەری، بولبولێ هەژار کە هەن
گلاری نێرگزی شەهلا لە ئاوی حەسرەتە پڕ
خەراجی لالە بە داخی دڵی نیگاری ئەسەن
دەمی وەتاکە شەقایەق، خەریکی فیتنەگەرین
زمانی لۆمەیی سۆسەن بە چەشنی تێغ و قەمەن
لە گوێنی بادەپەرستان گەلێک جام بە دەست
بەسانی ساقیی مەستان بڕێک جام ئەدەن
دەمی جووانییە «حافز»! بە جەژنی گوڵ خۆش بە
لە من پەیام گەیانن لە تۆ نیشاتی تەمەن
بەهارە شادییە باخی گلاری «کۆلیل»م!
بە تۆ شەرابی کریشمە و بە من گوڵاوی دییەن

سحر به بوی گلستان دمی شدم در باغ
که تا چو بلبل بیدل کنم علاج دماغ
به جلوه‌ی گل سوری نگاه می کردم
که بود در شب تیره به روشنی چو چراغ
چنان به حسن و جوانی خویشتن مغرور
که داشت از دل بلبل هزارگونه فراغ
گشاده نرگس رعنا ز حسرت آب از چشم
نهاده لاله ز سودا به جان و دل صد داغ
زبان کشیده چو تیغی به سرزنش سوسن
دهان گشاده شقایق چو مردم ایغاغ
یکی چو باده‌پرستان صراحی اندر دست
یکی چو ساقی مستان به کف گرفته ایاغ
نشاط و عیش و جوانی چو گل غنیمت دان
که حافظا نبود بر رسول غیر بلاغ

چــارە ئەگــەر مەدەد بکــا پێچــی قــژی بنێمە کەف
کێشی ئەکەم گەلێکە خۆش، کێشم ئەکا گەلێ شەرەف
ئەو دڵە پڕئومێـــدە قەت مەرحەمــەتی نەدی لە کەس
گەرچی غەزەڵ قســەی دڵ و سۆزمی بردە هەر تەرەف
هیــچ نەبوو زولفــی خەمی غەمی دەرون شکار کات
عومری عەزیـز چوو لەدەس، بۆ ئەمەلی پووچ ئەسەف
قەوسی برۆی ئەوین چلۆن دەستی خەیـاڵی وێ کەوێ
کەس بە کـەوانی وانی قەت تیری نەچوو بەرەو هەدەف
شۆخـن ئەگــەرچی دڵڕەقن، نیـنە بە بیـری بابی پیـر
چەندی بەخێـو کەم لە دڵ عەشقـی کـوڕانی ناخەلەف
کەوتــە ســەرم لە گۆشــەیێ سۆفیـیەتی بکــەم کەچی
بوو بە ملۆزمم عەجەب دەنگ‌خۆشێ بە چەنگ و دەف
شێـخ و مەلا بێـــخەبەرن، هیــچ مەڵێ، بخوێنـــە بـۆم!
مەستی ریـــایە موحتـەسیب تێکــە شـەرابێ (لا تَخَفْ)!
سۆفیــی شــار ئەشــا چەنێ تیکـــە لە دەم زەلام ئەنێ؟!
رەببی دریــژ بێ کــژووی پانـی ولاخی خۆش عەلەف
«حافـز»! ئەگــەر تەرێقـەتی ئــالی‌نـەبی لەبــەر گری
رێبـــەری رێتـە هیممەتی حاکـم و سـەروەری نەجەف
خوایە کە تۆ کەرەم نەکەی سوێل بە «کۆلیل»ـی رەجاڵ
دڕکی بیــاوانی خەتـەر نەشتــەری پێیە سەف بە سەف

طــــالع اگر مـدد دهـد دامنـــش آورم به کف
گر بکشـــم زهی طـرب ور بکشد زهی شرف
طرف کرم ز کس نبست این دل پر امیـــد من
گرچه سخن همی‌برد قصــه‌ی من به هر طرف
از خـــم ابروی تــوام هیـچ گشـایشی نشـد
وه که در این خیــال کج عمـر عزیز شد تلف
ابـروی دوست کی شود دستکش خیــال من
کس نزده‌ست از این کمان تیـر مراد بر هدف
چنـــد به نــاز پرورم مهـــر بتـان سنگـــدل
یـــاد پدر نمی‌کنـــند این پســـران نـاخلف
من به خیــال زاهدی گوشه‌نشین و طرفه آنک
مغبچه‌ای ز هر طرف می‌زنـدم به چنگ و دف
بی‌خبـــرند زاهــدان نقش بخـــوان و لا تَقُلْ
مست ریـاست محتسب بـــاده بده و لا تَخَفْ
صوفی شهر بین که چون لقمه‌ی شبهه می‌خورد
پـاردمش دراز بـــاد آن حیـــوان خوش علف
حافـظ اگر قـدم زنی در ره خـاندان به صدق
بدرقـــه‌ی رهت شـود همت شحنــه‌ی نجف

لەسەر زمانی قەڵەمدا نەبوو تەوانی فیراق

دەنا بەیانی ئەفەرموو پەژارەکانی فیراق

ئەسەف کە مۆڵەتی عومر و خەیاڵی جەژنی ویساڵ

گەیشتە ئاخر و ئاخر نەبوو زەمانی فیراق

سەرێ کە گەردنی گەردون دەبوو بە حورمەتی کەچ

بە راستان! کە خەوانم لە ئاستانی فیراق

چلۆن بە باڵی ئەوین هەڵفڕم بەرەو ژوانت

وەری کە شاپەڕی تەیری دەرون بە ژانی فیراق

نەماوە چارە ئەمێستاکە چون گەمی سەبرم

لە گێژی بەحرە، بە فەرمانی گەمیەوانی فیراق

شەپۆلی عەشقت ئەوەندەی نەماوە زەورەقی ژین

نوقم بکا لە پڕێکا لە بەحری (وان)ی فیراق

کەوێتە دەستم ئەگەر دەردی دووری ئەیکووژم

کە قڕ کەوێتە هەموو خێڵ و خانەدانی فیراق

هەڤاڵی خێڵی خەیاڵیم و هەمنشینی سەبر

رەفیقی ئاوری دووریم و هاونیشانی فیراق

بڵێم چلۆنم ئەویندارى وەسڵی تۆ، کە بە لەش

وەکیلی چارەم و دڵ زامنی خەمانی فیراق

لە یار دوورم و دڵ بۆ دیاری بوو بە کەباب

هەمیشە خوێنی جیگەر نۆش ئەکەم لە خوانی فیراق

فەلەک کە خستیە جەغزی ئەوین سەری کەسەرم

شکانی گەردنی سەبرم بە یەک تەکانی فیراق

بە پای شەوق ئەگەر ئەم رێ بەسەر دەچوو «حافز»!

نیشانی فیراقی نەدابوو کەسێ لە شانی فیراق

نەماوە ساغ بە «کۆلیل» جێگەیێکی مەگەر

مەزاری تیری مەراقن بە ژێکەوانی فیراق

زبـــان خامـــه نـدارد سـر بیـان فـــراق

وگـــرنه شـــرح دهـــم با تو داستـــان فـــراق

دریـــغ مدت عمـــرم که بر امیـــد وصـــال

به ســـر رسید و نیـامد به ســر زمـان فـــراق

ســـری که بر ســر گـــردون به فخـــر می‌سودم

به راستـــان که نهـــادم بر آستـــان فـــراق

چگونه بـــاز کنـم بـال در هـــوای وصـــال

که ریخت مـرغ دلـــم پر در آشیـــان فـــراق

کنـــون چه چـاره که در بحر غـــم به گردابی

فتـــاد زورق صبـــرم ز بادبـــان فـــراق

بسی نمـــاند که کشتـی عمـــر غرقـــه شود

ز مـــوج شـــوق تو در بحـــر بیـــکران فـــراق

اگر به دست من افتـــد فـــراق را بکشـــم

که روز هجر سیه بـاد و خـــان و مـــان فـــراق

رفیـــق خیـــل خیـالیـــم و همنشیـــن شکیب

قـــرین آتش هجـــران و هـــم قـــران فـــراق

چگونه دعوی وصلت کنم به جان که شده‌ست

تنـــم وکیـل قضـــا و دلـم ضمـــان فـــراق

ز سوز شـــوق دلم شـــد کبـــاب دور از یـــار

مدام خـــون جگر می‌خـــورم ز خـوان فـــراق

فلک چو دیـــد ســـرم را اسیـــر چنـبر عشق

ببست گـــردن صبـــرم به ریسمـــان فـــراق

به پـــای شوق گر این ره به ســـر شدی حافظ

به دست هجـــر نـدادی کسـی عنـــان فـــراق

عەجەب سەفـــایە کە! شوێنـی کەنار و یـاری شەفیق
که دەس بـدات گ‌ ڕۆژێ لەگەڵ شـەرابی رەحیـق
جەهان و ئیشی جەهان پووچە هیچە سەرجەمی هیچ
هەزار جـــاری سەر ئەم نوکتە داوە شەرحی عەمیق
درێـــغ و داخ کە تـا ئـــەم سەعـــاتە نەمـــزانی
کە (کیمیـــای سەعـــادەت) دەبێـتـه یـــاری شەفیق
کەنـــار بگـــرە بە هیچت ژیـــان لە کیس نەچێت
کە ڕێـــگران لە کەمیـنی تەمـەن فـــرەن لە تەریق
وەرن! کە تۆبــە لە ئاقێـــقی لێــو، بزەی دەمی جام
عەقـــڵ مەحـــاڵە تەسێقی بکـــا بە مێشکی وەسیق
ئەگەرچی مووکەمـەریت و شیاوی چەشنی مە نیت
وەلێ بە خـــاتری خۆشـی دەکـەم خەیاڵی دەقیق
لە حـەد بە دەر مەلــــەوانی خەیـــاڵی بۆ خنکـــا
شـــرینییێ کە لە چـــاڵی چنـــاکەتـــایە غەریق
لەبـەر ئەوەم وەکـو ئاقێـــق لەعلی سـووره سرشك
کە نەخشی خاتــەمی لێـوت نووانی چەشنی عەقیق
بە پێکـــەنین وتی «حافز»! غـــولامی نەزمی ئەتـۆم
ئەشـــاچ گێـــلم ئەنـــاسێ پـلاری زاری شەقیق!
وتـــم بە شیـــوەن و زاری رەجـــاڵم و «کۆلیـــل»
وتی لە سینگی روتـەب دیتە قەت دڵێکی رەقیق؟!

مقـــام امن و مـــی بی‌غش و رفیـــق شفیـــق
گرت مـــدام میســـر شـــود زهـــی توفیق

جهـان و کار جهان جمله هیـچ بر هیچ است
هـــزار بـــار من این نکتـــه کرده‌ام تحقیـــق

دریـــغ و درد که تـــا این زمـــــان ندانستـــم
که کیمیـــای سعـــادت رفیق بود رفیـــق

به مأمنـــی رو و فـــرصت شمـــر غنیمت وقت
که در کمینـــگه عمـــرند قاطعـــان طریـــق

بیـــا که توبه ز لعل نگـــار و خنـــده‌ی جام
حکـــایتی‌ست که عقلش نمی‌کند تصدیـــق

اگرچه موی میـــانت به چون منـــی نرسـد
خوش است خاطرم از فکر این خیال دقیـــق

حـــلاوتی که تو را در چـــه زنخـــدان است
به کُنـــه آن نرســـد صد هـــزار فکر عمیـــق

اگر به رنگ عقیقی شد اشک من چه عجب
که مُهـر خـــاتم لعل تو هست همچو عقیـــق

به خنـــده گفت که حافـــظ غلام طبع توام
ببیـــن که تا به چه حـــدم همی‌کند تحمیـــق

لە کوێ شـــەراب دەنۆشی قومـێ بڕێـژە لە خـــاک
کە لـەو گونـاحە نەسیـبێ بگـا بە غەیـرە چ بـاک

بخـۆ ئەوەی هەتـە! بێـخـۆ غـەم و پــەژارە مەخـۆ!
کە رۆژگـــار لە کوشتـــارە هەر بە شێـــری هـەلاک

بە خـــاکی پات قەسـەم سـەروی نازەنینـی ئەمن!
کە پـــام لێ‌نەبـڕی! لەش دەمـێ لە خـاکە کەلاک

درێغی لوتف و کـەرەم رەسمـــی ناکـەسانە فەقـەت
بە دینـی رەنـد و قەڵەندەر بە شەرعی کۆمـەڵ و تاک

وەهـایە شـەش تـەرەف ئەنـدازیاری چەرخی بەرین
تەنیـــوە لێـم کە نەمـا جێگـەیێ لەسـەر لەپی خاک

فریـــوی کیـژی ترێ رێ بە هۆشی ســەر دەگــرێ
خودایـە بەختی نەشێوێت و تەختی سەندەڵی، تاک!

بە عەشقی مەیکەدە «حافز»! چ خۆش لە دونیـا چوی
دوعـــای خەڵکی دڵت بێ بە هـاوەڵێ دڵپـاک!

گەرە کتـە زوڵمەتی شەوگـار شـەق بکەی «کۆلیل»!
چرایـــە هەڵکـە لە (ئەسرینی ئاڵ)و سینەیی چاک

اگر شراب‌خوری جرعه‌ای فشان بر خاک
از آن گناه که نفعی رسد به غیر چه باک
برو به هرچه تو داری بخور دریغ مخور
که بی‌دریغ زند روزگار تیغ هلاک
به خاک پای تو ای سرو نازپرور من
که روز واقعه پا وامگیرم از سر خاک
چه دوزخی چه بهشتی چه آدمی چه پری
به مذهب همه کفر طریقت است امساک
مهندس فلکی راه دیر شش جهتی
چنان ببست که ره نیست زیر دیر مغاک
فریب دختر رز طرفه می‌زند ره عقل
مباد تا به قیامت خراب طارم تاک
به راه میکده حافظ خوش از جهان رفتی
دعای اهل دلت باد مونس دل‌پاک

لە خێڵی دژمنی گیانی هەراسی چۆنە دڵم
که یار یاوەرە باکم چ بێ لە کۆڕی زڵم؟
منی، ئومێدی گەیشتن بە ئێوە هێشتووەتۆ
دەنا لە ترسی جودایی خزابو دڵ لە گڵم
نەفەس نەفەس لە سەبا نەشنەوم ئەگەر بۆنێ
بەرۆک چاک دەمادەم بە غەم بە چەشنی گوڵم
چ دوورە خەو لە دو چاوم لەبەر خەیاڵم و چەن
نەگونجە سەبری فیراقت لە سینگی پڕ لە چڵم
برینی خەنجەری تۆ چاترن لە مەڵهەمی خەڵک
بە ژەهری ئێوەیە خۆشم لە شەکری غەیرە سڵم
کە مانی دایمە مردن بە زەبری شمشێرت
چ خۆشە رۆح فیداکەم بە تۆ لە ناخی دڵم
مەڕۆ بە تاو کە تێغی برۆ سەریشم کات
درێژە بۆ سەری فیتراقی زین مەبەستی کوڵم
جەماڵتی نەزەری کێ لە کوێنە دی وەک هەی؟!
بە وەزنی دانشە میزانی دەرکی خاڵ و کوڵم
لە چاوی خەڵکی جەهان خۆشەویس ئەبێ «حافز»
هەتا لە خاکی دەرت پڕ لە خۆڵە روی خەجڵم
لە ئەشکی دیدە دڵۆپێ برێژی بۆ «کۆلیل»
دەبێتە شینگەیی نێرگز گڵ و دەروونی بڵم

هـــزار دشمنم ار می کنند قصـــد هـلاک
گرم تو دوستـی از دشمنـــان نـدارم بـاک

مـرا امیـــد وصـــال تـو زنـــده می‌دارد
وگرنه هر دمـم از هجـــر توست بیم هلاک

نفس‌نفس اگر از بــــاد نشنـــوم بویـــش
زمان‌زمان چو گل از غم کنم گریبان چاک

رود به خواب دو چشم از خیـال تو هیهات
بود صبـور دل انــدر فـراق تو حاشـاک

اگر تو زخـــم زنی بـه که دیگری مرهـــم
و گر تو زهـر دهی بـه که دیگری تریـاک

بِضَـرْبِ سَیْفِـکَ قَتْلِـی حَیـاتُنـا اَبَـــداً
لِأنَّ روحِی قَـــدْ طـابَ أنْ یَکُـونَ فِداک

عنـــان میپـــچ که گر می‌زنی به شمشیـــرم
سپـــر کنـم سر و دستت نـدارم از فتـراک

تو را چنـــان که تویی هر نظـــر کجا بیـند
به‌قـدر دانش خود هر کسی کنــد ادراک

به چشـم خلق عزیـــز جهــان شود حافظ
که بر در تو نهـــد روی مسکنت بر خــاک

ئەی نمەک پەروەری لێوت دڵی پڕپڕ لە برین
حەق بە جێ بێنە! خودا حافز ئەوا ئێمە دەچین
تۆ هەر ئەو پاک سرشتەی کە هەموو باسی مەلەک
زیکری خێر و کەرەمی تۆیە لەسەر عەرشی ئەوین
لە عەیارم ئەگەرت شک هەیە تاقیم کەرەوە
زێڕی خالیس کە مەحەک بردییە بازاڕی یەقین
وەعدی خۆتن «کە دەبم مەست و دوو ماچت ئەدەمێ»
وادە سەرچوو لە یەک و دوو خەبەرێ نین کە نین
با لە شک بێنە دەر ئەو خەڵکە سەبارەت بە دەمت
خونچەیی لێو کەوە، هەڵڕێژە وتاری شەکەرین!
تێکئەدەم چەرخ ئەگەری سەر بە مورادم نەگەڕێ
من کەسێ نیم کە بکێشم منەتی چەرخی بەرین
حەققی «حافز» کە نەبێ بۆن بکا باخ و بەری
لازمن دوور لە گوڵ بێت رەقیبی رەشە بین
سەیری نێو باخی ئەوینی دڵی «کۆلیل»ی نەکرد
دەرفەتی چونکە نەدا با زەمەنی ماتەم و شین

ای دل ریـــش مـــرا بـا لب تو حـــق نمـــک
حـــق نگـــه‌دار که من می‌روم الله معـــک

تویی آن گوهـــر پاکیـــزه که در عالم قـدس
ذکـر خیـــر تو بود حاصـــل تسبـــیح ملک

در خلـــوص منت ار هست شکـی تجربه کن
کس عیـــار زر خـــالص نشناسد چو محـک

گفته بودی که شوم مست و دو بوست بدهـــم
وعـــده از حد بشد و ما نه دو دیدیم و نه یک

بگشـــا پستـه‌ی خنـــدان و شکـــرریزی کن
خلـــق را از دهـــن خویش میـــنداز به شک

چـــرخ بر هـــم زنم ار غیـــر مـــرادم گردد
من نه آنـــم که زبونی کشـــم از چرخ فلک

چون بر حافـــظ خویشش نگـــذاری بـــاری
ای رقیـب از بر او یک دو قـــدم دور تـــر ک

خۆش خەبــەر بیت ئەی نەسیمی شەمــاڵ
کە ئـەدەی دەم لە کـات و جەژنی ویســاڵ
خـۆ قسـەی دڵ بــڕانەوەی نیــیە قـەت
لێــره بۆچــی زمــانی گـۆتنــە لاڵ؟!
ئێــستە جیــرانەکانی ئێــمە لە کوێــن
چۆنــە حـاڵی ئـەوین و کـۆڕی هەڤــاڵ
مــاڵ وێــرانە هــەر وەک ئــاوا بوو
بــەس بپــرسن لە مــاڵەچۆڵ هــەواڵ
بە کەمــاڵ و جەمــاڵ کـامــڕەوای
چــاوی بەد روو نەکا لە خەتتو لە خــاڵ
ئــەی دەلیــلی دڵان خــودا یــارت!
وەره خــۆش هــاتی ئەی شەماڵی عـەواڵ
سەحنــی شــایی دەمێــکە خاڵی بوون
لە حەریفــان و جــامی لەعلــی زولاڵ
ئێــستە شــەو سێــبەری فیــراقە لە سـەر
چــۆن بچــێ تا لە شــەوڕەوانی خەیــاڵ؟
بـۆ کەســێ شۆخمــان نــەبوو نــەزەرێ
کـام ئەوەن گەورە؟ کێ ئەوەنـدی کەماڵ؟
«خاجــە»! سەبــر و ئەویــن دژن، ئۆفــێ!
خۆشــە ناڵیــن لـە عـاشقــانی شــەلاڵ
لەوەتـــا ناڵــە ســـەردەخـــا «کۆلیــــل»
پــڕە پێخــەی لە لەعلــی سوور و میــداڵ

خوش خبـر بـاشی ای نسیـم شمـال
که بـه مـا می‌رسـد زمـان وصـال

قصَّـــةُ العِشْـــقِ لاَ انْفِصـــامَ لَهـا
فُصِمَـــتْها هُنـــا لِســـانُ الْقـال

مـــالِسَلْمَـی وَ مَـــنْ بِــذِی سَلَـمِ
أیْـنَ جیـــرانُنــا وَ کَیْـفَ الْحـال

عَفَتِ الــــدّارُ بَعْـــدَ عـــافِیَـــة
فَاسْـــألوا حـــالَهَا عَنِ الأطْـلال

فی جَمـــالِ الْکَمـــالِ نِلْتَ مُنـیً
صَـــرَفَ اللهُ عَنْکَ عَیْـنَ کَمـال

یـا بَرِیـــدَ الْحِمـی حَمَـــاکَ الله
مَرْحَبـــا مَرْحَبـــا تَعـــالْ تَعـال

عرصـــه‌ی بزمگـــاه خـــالی مانـــد
از حریفـــان و جـــام مـالامـال

ســایه افکنــد حالیــا شب هجــر
تــا چه بازنـــد شب روان خیـال

ترک مـــاســوی کس نمی‌نگــرد
آه از ایـن کبـــریـا و جـاه و جـلال

حافظـــا عشـــق و صـــابری تا چنـد
نالـه‌ی عاشقـــان خوش است بنـال

هەڵمژی نەفەسی عەشق و دیارە بەرقی ویساڵ
لە بەر هەوات مرم زوو بە ئەی نەسیمی شەماڵ!
لە ئێرە دابەزە ئەی سارەوانی ئازیزم!
نەما کە سەبری جەمیلم لە شەوق و زەوقی جەماڵ
شکایەتی شەوی دووری دەبێ لە یاد بەرین
شوکور کە پەردە وەلاچوو لە بەژنی ڕۆژی ویساڵ
وەرن لە حەو تەبەقی دیدە ئەشکی ڕەنگینم
خەریکی نەخشی خەت و خاڵتن بە دەستی خەیاڵ
کە عەزمی ئاشتییە و تاڵبی گوزەشتە ئەوین
ڕەوایە سەرفەنەزەر کەی لە دەرکەوانی چەپاڵ
کەسی نەبوو دڵی تەنگم مەگەر خەیاڵی دەمت
دڵی کەسێ وەکو من پڕ نەکا خەیاڵی شەلاڵ!
ئەگەرچی «حافز»ی بێکەس بە تیری عەشقی چوو
سەرێ بدا لە مەزارم هەزار خوێنی حەلاڵ
نەچیری زڵمی شەوارێکی وایە «کۆلیل»ت
نە بەرقی چاو دەبینێ نە خەونی پەرچەم و خاڵ

شَمَمتُ روح ودادٍ و شمتُ برق وصال
بیا که بوی تو را میرم ای نسیم شمال

اَحادِیا بِجَمال الحَبیب قِفْ و أنزل
که نیست صبر جمیلم ز اشتیاق جمال

حکایت شب هجران فرو گذاشته به
به شکر آن که برافکند پرده روز وصال

بیا که پرده‌ی گلریز هفت‌خانه‌ی چشم
کشیده‌ایم به تحریر کارگاه خیال

چو یار بر سر صلح است و عذر می‌طلبد
توان گذشت ز جور رقیب در همه‌حال

بجز خیال دهان تو نیست در دل تنگ
که کس مباد چو من در پی خیال محال

قتیل عشق تو شد حافظ غریب ولی
به خاک ما گذری کن که خون مات حلال

جەمشیدی زەمان، یاوەری دین، خوسرەوی عادڵ

یەحیا کوڕی سوڵتانی موزەففەر فەڕی کامڵ

ئەی ئەو کەسە بۆ گەل لەسەر ئەم خاکە شەو و ڕۆژ

دەرکی دڵ و گیان بازی بە عەشقی موتەقابڵ

فەرمانبەریی ئێوە لەسەر ئێمە هەموو فەرز

لوتف و کەرەمت کامڵە، بۆ هەرکەسە شامڵ

ڕەشتت بە قەڵەم ڕۆژی هەوەڵ خاڵ لەسەر مانگ

تا باز بە ئەو جەوهەرە بێ سەرجەمی موشکڵ

ئەو خاڵە ڕەشەی دی کە دییەی خۆر، وتی خۆزگا

ڕەش پێس غولامێکت ئەبوو لەو حەنە ماتڵ

چۆپی گری بەزمت فەلەکول ئەتلەسە گەورەم!

لەم گۆوەنە دەستی کچی شایی بنە سەر دڵ

حاتەم ڕەوش و بادە بە دەس بی! کە کەمەندت

زەنجیرە لە دەست و ملی کەچ باوەڕ و غافڵ

ئەم چەرخە هەموو کاری لە بەر عەدڵە دەسووڕێ

دڵخۆش بە کە زاڵم نییەتی ڕێگە بە مەنزڵ

«حافز»! قەڵەمی شاهی جەهان، بەشکەری ڕۆژین

بۆ ئەم بەشە مەعلوومە مەخۆ حەسرەتی باتڵ

هەر وایە بەشی ئێمەیی «کۆلیل»ـە غەمی تۆ

گوڵ قسمەتی با، شیوەن و گریانی بە بولبوڵ

دارای جهـــان نصــرت دیــن خســرو کامــل

یحیــی بــن مظـــفــر ملــک عـــالم عـــادل

ای درگـــــه اســـلام پنـــــاه تـــو گشـــاده

بـــر روی زمیـــــن روزنـــه‌ی جـــان و در دل

تعظیـــم تو بر جـــان و خـــرد واجب و لازم

انعـــام تو بر کون و مکـــان فایض و شامـل

روز ازل از کـــلک تو یک قطــــره سیــاهی

بر روی مـــه افتـــاد که شد حـل مســـائل

خورشیـــد چو آن خـــال سیه دید به دل گفت

ای کــــاج که من بودمــی آن هنـدوی مقبـل

شاهـا فلک از بـــزم تو در رقص و سماع است

دست طـــرب از دامـــن این زمزمـــه مگسـل

مـی نوش و جهان بخش که از زلف کمنـدت

شـــد گـــردن بدخـــواه گرفتـــار سلاســـل

دور فلـــکی یکســـــره بر منهـــج عـدل است

خوش بـــاش که ظـــالم نبرد راه به منـــزل

حافـــظ قـــلم شاه جهـــان مقسم رزق است

از بهـــر معیشت مکـــن اندیشـــه‌ی باطـــل

لە وەرزی گـــوڵ خەجلّـم تۆبــە داشکــا بە شـــەراب
ســـەری خەجـالّەتی کەس دانەخـا بە ئیشی خراب!
لـە ڕێـــگە داوی ریـــا پـــانە، مـن لە بـابـــەتی وا
نە ســـەربەژێـــری نیگـــارم نە ســاقی و نە جەنـــاب
دەبێ لە ئێمـــە نەڕەنجـــێ ئــەوین بە مەرحـــەمەتـی
مەلـــوول چون لە سوئالیـــن و شـــەرمەزاری جـەواب
خەجـــالّەتم لە رەفیـــقان کە دوێنـــەشـــەو تـا رۆژ
هەژانی خەونی هەموو ئەشک و خوێنی جەرگی کەباب
شیـــاوە نێـــر گزی مەس شـــەرمەزار و مل کـــەچ بێ
لە تـــاوی چـاوی خومارت لە کۆشی رەنج و عـــەزاب
ئەتۆ کە چـــاتری شـــو کری خودا گەلـــێ لە هەتـــاو
نە شـــەرمـــەزار لە خـــۆرم نە سەربـــەژێری خەتـــاب
لە پـــەردە مایـــەوە ئـــاوی ژیـــان خەجـــالّەتبار
بە شیعـــری «حافـــز»و تەبعی زولاڵ و کەوسـەری نـــاب
نووانی ســـەرگوڵی کولّمت عەقیـــقی خوێنـــی شـــەرم
لە گوێنـــی شیعـــری «عومەر» ئاڵ، عەینی بەژنی گولاب

به وقت گل شدم از توبه‌ی شراب خجل
که کس مباد ز کردار ناصواب خجل
صلاح ما همه دام ره است و من زین بحث
نیم ز شاهد و ساقی به هیچ باب خجل
بود که یار نرنجد ز ما به خلق کریم
که از سؤال ملولیم و از جواب خجل
ز خون که رفت شب دوش از سراچه‌ی چشم
شدیم در نظر رهروان خواب خجل
رواست نرگس مست ار فکند سر در پیش
که شد ز شیوه‌ی آن چشم پرعتاب خجل
تویی که خوب‌تری ز آفتاب و شکر خدا
که نیستم ز تو در روی آفتاب خجل
حجاب ظلمت از آن بست آب خضر که گشت
ز شعر حافظ و آن طبع همچو آب خجل

ئەگەر مەجالی گەیشتن ببێ بە حەزرەتی تۆ
یەقین دەگا دەسی وەسڵم بە ئەسڵی دەوڵەتی تۆ
قەراری سەندووە لێم ئەو دو دیدە جادووتە
دەمەق بە نێرگزی رەشتم، تەحا لە حیکمەتی تۆ!
بە هیچ جۆرە نەبوو جۆر کاتی روخسەتی من
کە بێنەوا نییەتی رێ بە دەرکی خەڵوەتی تۆ
بە کوێ بچم، چییە کارم، لە کوێنە چارم دێ؟
کە دڵ مەلوولی زەمانە و رەجاڵی رەحمەتی تۆ
ژیانە بۆ منی بێحاڵ و تێشکاو، دەمێ
کە شەق ببم بە دەبانی غەم و مەرارەتی تۆ
خراوەتر لە دڵی تەنگمی نەدی کە لەوێ
قەراری گرتووە گەنجی حەز و مەحەببەتی تۆ
دڵم بە گەوهەری عەشقت لە چەشنی جامی جەمە
لە ژەنگی وەسوەسە بێگەردە چەشنی روومەتی تۆ
خەتام چی بووە ئەی گیان و دڵ! بفەرموو پێم
کە تاعەتم نییە پەسنی حوزووری مینەتی تۆ
بە ئێشی عەشق بساچێنە «خاجە»! کەڵکی نییە
بە هەر حەکیم وتن راز و رەمزی حەزرەتی تۆ
کەسێ لە سینگییە کۆکۆ برین وەکوو «کۆلیل»
دەبێ لە دەردی ئەمن تێبگات و شەربەتی تۆ

اگر به کوی تو باشد مرا مجال وصول
رسد به دولت وصل تو کار من به اصول
قرار برده ز من آن دو نرگس رعنا
فراغ برده ز من آن دو جادوی مکحول
چو بر در تو من بی‌نوای بی‌زر و زور
به هیچ باب ندارم ره خروج و دخول
کجا روم چه کنم چاره از کجا جویم
که گشته‌ام ز غم و جور روزگار ملول
من شکسته‌ی بدحال زندگی یابم
در آن زمان که به تیغ غمت شوم مقتول
خراب‌تر ز دل من غم تو جای نیافت
که ساخت در دل تنگم قرارگاه نزول
دل از جواهر مهرت چو صیقلی دارد
بود ز زنگ حوادث هر آینه مصقول
چه جرم کرده‌ام ای جان و دل به حضرت تو
که طاعت من بیدل نمی‌شود مقبول
به درد عشق بساز و خموش کن حافظ
رموز عشق مکن فاش پیش اهل عقول

چم رەشتبێ خەت و خاڵ لەو کولمە نەخشی مانین
هەرکەس شنەفتی فەرمووی بە خوایە تەبعی زانیــن
دەرسی ئەوینـم ئـەووەڵ ئاسـان ئەهـاتە بەر چـاو
دڵ بوو بە کۆڵــە زانیـم سەخت و گرانی وا نیــن
خۆشــی دەوت لەســەر دار حەلـلاج ئـەم لەتیــفە
لا شافیـعی مەپرسـن فتــوای وا کـە چـا نیـن
پێم وت بە گیانی بێ‌هێز کەنگێ نەزەر دەفەرمووی
فەرموی دەمێ کە گیانت پەردەی حەرەمسەرا نین
بــردی دڵــم نیگــارێ عاشــق کوژ و عەیــارێ
خــاوەن خـدەی رەوان و کــانی سرشتی جوانیــن
وەك چاوی مەستی تۆ بووم بەینێ لە گۆشە گیری
ئێستاکە چەشنی ئەبرۆت خەمخۆری چاومەسانیــن
تۆفانی نووحە هەرچەن فرمێسکی دیدە هەر سات
کـاری لە مۆری عەشقت هەرگیز لە سینـەما نیــن
ئازیــز دەستــی «حافــز» رەببی لە گـەردنت بێ!
چون چــاوەزاری وا پاك بۆ گەردنـی وەهـا نیــن
ملوێنکی لەعلی «کۆلیل» گولچینی خەڵکی چاوە
چ بکــەم پەسـەندی ناکا دڵبەر کە رەحمی لا نیــن

هر نکته‌ای که گفتم در وصف آن شمایل

هر کو شنید گفتا لله درّ قائل

تحصیل عشق و رندی آسان نمود اول

آخر بسوخت جانم در کسب این فضائل

حلاج بر سر دار این نکته خوش سراید

از شافعی نپرسند امثال این مسائل

گفتم که کی ببخشی بر جان ناتوانم

گفت آن زمان که نبود جان در میانه حائل

دل داده‌ام به یاری شوخی کشی نگاری

مَرضِیَّةُ السَّجایا مَحْمودَةُ الْخَصائِل

در عین گوشه گیری بودم چو چشم مستت

و اکنون شدم به مستان چون ابروی تو مایل

از آب دیده صد ره طوفان نوح دیدم

و از لوح سینه نقشت هرگز نگشت زایل

ای دوست دست حافظ تعویذ چشم زخم است

یا رب ببینم آن را در گردنت حمائل

ئەی بە روو جەننەت بە لێو جۆگەی شەراب
حەوزی کەوسەر بۆ قومێکی دڵ کەباب
خەتتی سەوزی خاڵی دەوری دەم وەکوو
وردە مێروولەن لە سەرچاوەی گوڵاب
تیری دوو ئەبرۆ بە هەر شوێنێ دەڕۆی
چەشنی من کوژراوی زۆرن شێخ و شاب
یارەب ئەو سۆزی لە دڵ بەربوومە وەک
ئاگری دۆست لەگەڵیا بێ خیتاب!
بێحەدن هەرچەن جەماڵی گوڵ بەلام
دەرفەتی یاران! نەدا بەختی خراب
دوورە کۆی ئازیز و ئێمەش پێشکاو
دەستی کورت و قامەتی نەخلی جەناب؟!
وردە وەک مێروو لە ژێر پێی فیلدا
حەزرەتی «حافز» بە سەرپەنجەی خەزاب
تۆ بمێنی! خۆش لەگەڵ جامی مەی و
تەخت و بەخت و تاجی کەی چەنگ و روباب
عەشقی «کۆلیل»ی دنەی داوم، دەنا
دەستی دڵ ناگا بە بەژنی ئافتاب

ای رخت چون خلـــد و لعلت سلسبیل

سلسبیـــلت کـــرده جـــان و دل سبیـــل

سبـــزپوشـــان خطت بر گـــرد لب

همچـــو مورانـــــد گـــرد سلسبیـــل

نـــاوک چشـــم تـو در هـر گوشـــه‌ای

همچـــو مـن افتـــاده دارد صـــد قتیـــل

یـــا رب این آتش که در جـــان من است

سـرد کن زان‌سـان که کردی بر خلیـــل

من نمی‌یـــابم مجـــال ای دوستـــان

گرچـــه دارد او جمـــالی بس جمیـــل

پـــای ما لنـگ است و منـــزل بس دراز

دست مـــا کوتـــاه و خرمـــا بر نخیـــل

حافـــظ از ســـرپنجـــه‌ی عشق نگـــار

همچو مور افتـــاده شـد در پـــای پیـــل

شـــاه عـــالم را بقـــا و عـــزّ و نـــاز

بـــاد و هر چیـــزی که باشـد زین قبیـــل

خۆشە کاتی گەنجی و ژوان و شەرابێ وەک هەنار
کۆڕی یەکدڵ، نۆشی دایم، هاوپیاڵەی خۆش‌قەرار
خۆش‌سەدا گۆرانی‌بێژێک و شەکەر دەم ساقیێ
هاودەمێ خۆش ناونیشان و هاونشینێ بێ‌دەمار
شەنگ و شۆخێ، ئاوی ژین دڵ‌پڕ لە جامی گەردنی
دڵبەرێ شەوقی جەمالّی گیانی خۆر پڕ کا لە قار
جێگە بەزمێ دڵنشین وەک باخی فیردەوسی بەرین
مێرگولاّنێ دەوروبەر، باخی بەهەشتی کردگار
عاشقان دڵ سەربە مۆر و بادەنۆشان کام خۆش
خۆش‌مەنش دانیشتوان و خۆش‌ڕەوش خزمەتگوزار
جام تاڵ ئاقێقیێکی خۆش‌گەوار و توند و تیژ
نەقلّی یاقووتی دەمێ، نوقڵ و مەزەی لێوی نیگار
نازی ساقی تێغی کێشابێت بۆ تالاّنی هۆش
زولفی گیانان بۆ شکاری دڵ کەمەندی بێ لە کار
عالەم‌ئارایێ دەس و دڵ باز وەک حاجی قەوام
شۆخ تەبعێ نوکتەگۆ وەک «حافز»ی شیرین وتار
هەرکەس ئەم بەزمەی نەویست ئارامی دڵ نەگرێ لە کۆش
کۆڕی وا هەرکەس نەچێ دەک نۆشی گیانی ژاری مار!
ئاسمان! «کۆلیل»ـە دڵ، هیچی لە تۆ ناوێ مەگەر
یەک بزەی لێوی ئەوین و تیشکی دوو چاوی خومار

عشق‌بازی و جوانی و شراب لعل فام
مجلس انس و حریف همدم و شرب مدام
ساقی شکردهان و مطرب شیرین سخن
همنشینی نیک‌کردار و ندیمی نیک‌نام
شاهدی از لطف و پاکی رشک آب زندگی
دلبری در حسن و خوبی غیرت ماه تمام
بزمگاهی دل نشان چون قصر فردوس برین
گلشنی پیرامنش چون روضه‌ی دارالسلام
صف‌نشینان نیک‌خواه و پیشکاران باادب
دوستداران صاحب اسرار و حریفان دوستکام
باده‌ی گلرنگ تلخ تیز خوش خوار سبک
نقلش از لعل نگار و نقلش از یاقوت خام
غمزه‌ی ساقی به یغمای خرد آهخته تیغ
زلف جانان از برای صید دل گسترده دام
نکته‌دانی بذله‌گو چون حافظ شیرین سخن
بخشش آموزی جهان‌افروز چون حاجی‌قوام
هرکه این عشرت نخواهد خوشدلی بر وی تباه
وآن‌که این مجلس نجوید زندگی بر وی حرام

مەرحەبا خۆش قەدەم ئەی کۆتری گەردن بە پەیام
سەفـەرت خێـرا! لە دڵبەر چ خەبەر، مەنزڵی کام؟!
خوایــە! ئەم قافڵــەیەم دا بە دەسی حیفــزی ئەتۆ
کە بە ئەو دژ لە کەمەنــدە و دڵی ئــازیــزە بە کــام
عەشقــی دڵــدار و ئەمــن ئاخــری نایێت، لەبـەر
ئــەوە هەرچــی ئــەزەلن تــا ئەبــەدیشن بە دەوام
گــوڵ و سـەرون لە چەمـەن، ناز نووێن و بە دەمـار
چێـرە بنوێنــە خەرامــان نەفـەسێ دەرکــەوە لام!
گــاوری زولفــی ئەگەر، ئەمری بە زوننــارە بــڕۆ
وەکو سەنعان بکە ئەو خەرقە لەسەر شــان حــەرام!
مەلی گیــانم کە شنەی بـاڵی لەسەر سیدرە دەهات
حەبــەشی دانــەیی خــاڵت بەنی کردوون لە شــام
چــاوی خوێنیـــنی ئەمن لایـەقی نوستن نییە، کەی
خــەوی بۆ هاتووە؟! کوژراوی چڵی دەردی مـودام
پێــم وتی بۆ منــی عاشــق نییــە رەحمێکــی دڵــت
من شکاتم ئەمــەیە و تۆش ئەمە، چەرخیش لە پــام
مەیلی «حافــز» بە برۆی ئێــوە حەقی خۆیەتی چون
ســووچی میحــرابە مەکــانی وتنی دەرسی کـەلام
کەچـە رووگەی دڵی «کۆلیل» لەبەر قەوسی برۆت
قیــبلە کەچ کــردنی دڵ پڕیە لە ئــاوات و مــەرام

مرحبـــا طـــایر فـــرخ پی فرخنـــده پیـــام

خیـــر مقـــدم چه خبر دوست کجا راه کدام

یـــا رب این قافلـــه را لطف ازل بدرقـــه باد

که از او خصم به دام آمد و معشوقه به کـام

ماجـــرای من و معشـــوق مرا پـــایـــان نیست

هـــرچه آغـــاز نـــدارد نپذیـــرد انجـام

گـــل ز حـــد برد تنعـــم نفســـی رخ بنمـــا

سـرو می‌نازد و خوش نیست خدا را بخـرام

زلف دلـــدار چو زنّـــار همی‌فـرمـــاید

برو ای شیـــخ که شـــد بر تن ما خرقه حرام

مرغ روحم که همـی‌زد ز سر سدره صفیـــر

عـاقبت دانه‌ی خـــال تو فکنـــدش در دام

چشـــم بیمـــار مرا خواب نه درخـــور باشـــد

مَـــنْ لَـــهُ یَقْتُـــلُ داءٌ دَنَـفٌ کَیْـفَ یَنـــام

تـو ترحـــم نکنـی بر من مخلـص گفتـــم

ذاکَ دَعـــوایَ وَ هـا أنْتَ و تِلْکَ الأیّـــام

حافـــظ ار میـــل به ابـروی تو دارد شـــاید

جـــای در گوشه‌ی محراب کنند اهل کلام

عاشقی کوڵمی نمامێکە دڵم، خونچە دەمە
لە حەقی ویستووە دڵ دەوڵەتی ئەم تازە غەمە
بانگەشەی عەشق و نەزەربازی و ڕەندیم دەکەم
تا بزانی کە لە کۆی ئێمە هونەر کۆڕی جەمە
لە دەس ئەم خەرقە ڕیائیمە تریقم من ئەڵێم
کە سەدی پینە لە هەر سیحرە، ئەتۆ بێژە کەمە!
خۆش بسووتێ لە غەمی! ئەی شەم ئەمێستاکە منیش
کەمەرم بەستووە بەم کارە، سەراپام شەمە
نامە سەر غەم، ئەوە لە گیان و دڵم کەم بووەتۆ
وڕە واقم لە سەرم فام نەما، نام چەمە؟!
وەکو «حافز» بە خەرابات دەچم یێخە دڕاو
کەرەمێ بەڵکو بکا ئەو گوڵە ئاراستەمە
کێیە باوەڕ بە قسەی ئێمەیی «کۆلیل» نەکات؟
غەمی دڵدار لە دڵ، دەوڵەتی عورب و عەجەمە

عـــاشق روی جـــوانی خـــوش نوخـــاستـــه‌ام
وز خـــدا دولت این غـــم به دعـــا خواستـــه‌ام

عاشـــق و رند و نظربـــازم و می‌گویـــم فـــاش
تا بـــدانی که به چنـــدین هنـــر آراستـــه‌ام

شـــرمم از خـــرقه‌ی آلـــوده‌ی خود می‌آیـــد
که بر او وصلـــه به صـــد شعبـــده پیراستـــه‌ام

خوش بسوز از غمش ای شمع که اینک من نیـــز
هـــم بدیـــن کـــار کمـــربسته و برخـــاستـــه‌ام

با چنـــین حیـــرتم از دست بشـــد صـــرفه‌ی کار
در غـــم افـــزوده‌ام آنچ از دل و جان کاستـــه‌ام

همچـــو حافـــظ به خرابـــات روم جامـــه قبـــا
بو که در بـــر کشـــد آن دلبـــر نوخـــاستـــه‌ام

هەر بۆ خـودایە شوکـری گەلـی عاشقـان بە جـەم
مـوژدەم دەنـێ کە نوقمـی زەمـاوەندە زێدە کـەم
ئەو خۆش پەیـامە کـامە هــەواڵی زەفــەر بەون؟
تا گیـانی خۆمی چەشنی سکەی سوور پۆیلە کـەم
وا شـاریـار هــاتەوە نێـو کۆشـکی زەڕنیــگار
دژمـن دەبـێ بچێـتە سـەراپـەردەکەی عـەدەم
پەیمـانشکێن دوچـاری زەرەر دەستـی ئاخـرە
لە گرێوی عەهدە هەرکە، لەکن عەقڵی تاك و جـەم
هیــوای بوو لە هــەوری کەرەم رەحمــەتێ، بەڵام
هیچـی نـەدی بە غەیـری نمی چـاوی پڕ لە تـەم
گــەردون وتـی بە تــانە پەشیمــان هەلـی نەمـا
بێ کەڵکــە تــازە تۆبــە کە غـەرقی لە نیلی غـەم
ســاقی! کە یــاری شۆخ و شـرین ئەهلی راز بوو
«حافــز» شــەرابی نۆشـی و شێـخ و مەلاش هــەم
«کۆلیـل» گەرچـی لایــەقی لوتفـت نەبـوو وەلێ
هـەر عــادەتی بەهــارە هــەوا خـۆش و تـازە دەم

بُشْـــری إذِ السّـــلامة حَلَّتْ بِـــذِی سَلَـــم

لله حَـمْــــدُ مُعْتَـــرِفٍ غـــایة النِّعَـــم

آن خوش خبر کجاست که این فتح مژده داد

تا جــان فشــانمش چو زر و سیـم در قـدم

از بازگشت شــاه در این طــرفه منــزل است

آهنـگ خصــم او بـه ســراپـردهٔ عــدم

پیمــان‌شکن هرآینـــه گردد شکستــه حــال

إنَّ الْعُهـــودَ عِنْـــدَ مَلیـکَ النُّهـــی ذِمَـــم

می‌جست از سحــاب امـــل رحمتـــی ولـی

جــز دیــده‌اش معــاینه بیــرون نداد نـم

در نیـل غــم فتـاد سپهـرش به طنــز گفت

ألانَ قَـــدْ نَدِمْـــتُ وَ مـــا یَنْـــفَعُ النَّـــدَم

ســاقی چو یــار مــه‌رخ و از اهــل راز بود

حافــظ بخورد بــاده و شیـــخ و فقیــه هـم

مەیگێــڕ وەرگــەڕێ کە هــەواداری خزمەتــم
دەربــەس غــولامی دەم بە موناجاتی دەوڵەتــم

لەو جــێ کە لوتفی ئێــوە هەتــاوی سەعــادەتە
ڕێگــەی نەجـات کامە لە شـەوگاری حیرەتــم

هەر چەنــدە نوقمی بەحــری گونـاحانی بێحەدم
چون شــارەزای عەشقی ئەتۆم ئەهلی رەحمەتــم

سەرکوت بە عەیب و شۆرەتی رەندیم نەکا حەکیم
خۆ خــۆم دەسـم نـەداوە لە داهــات و قسمەتــم

مەی خــۆ! کە عەشقی سینە بە هەوڵ و خەبـات نین
ئـەم نیعمــەتەم خـەڵاتــە لە میــراتی فیتـرەتــم

تەرکی وەتـەن بە عەزمی سەفـەر قەت نەبوو لەسەر
بـۆ دیتــنت ئەمێستــە ئـەوینــداری غوربــەتــم

بەحــر و بــەڕم لە ڕێــن منی لاواز و دڵشــەکەت
ئەی خزری خۆش‌قەدەم وەرە موحتاجی هیممەتــم

دوورم لە مەحــزەرت، بە رواڵــەت لە لات نیــم
ئەممـا بە گیــان و دڵ لە پەنــادەستی حەزرەتــم

«حافــز» مورادی مەرگـە لەبـەر چـاوی مەستی تۆ
گەر مۆڵەتـم بـدا تەمــەنی کورتــە دەرفەتــم

دەردی گــرانی سینــگی ئەمــن بێدەوایــە، هەر
«کۆلیــل»و چــاو لە دەستی تەبیبی کریشمەتــم

بـــاز آی ساقیـــا که هـــواخـــواه خدمتـم
مشتـــاق بنـــدگی و دعـــاگـــوی دولتـم

زآن‌جا که فیض جام سعـادت فـروغ توست
بیـــرون شـدی نمـــای ز ظلمـات حیرتـم

هرچنـــد غـرق بحر گناهـــم ز صد جهت
تـا آشنـــای عشق شـــدم ز اهـل رحمتـم

عیبـــم مکن به رنـــدی و بدنـامی ای حکیم
کـــاین بود ســـرنوشت ز دیـــوان قسمتـم

می خور که عاشقی نه به کسب است و اختیار
این موهبـت رسیـــد ز میـــراث فطرتـم

من کـز وطن سفـــر نگزیدم به عمـــر خویش
در عشـــق دیـــدن تو هـــواخـواه غربتـم

دریـــا و کوه در ره و مـــن خستـــه و ضعیف
ای خضـــر پی خجستـــه مـدد کن به همتـم

دورم به صـــورت از در دولـت‌ســـرای تـو
لیکـــن به جـــان و دل ز مقیمـــان حضرتـم

حافظ به پیش چشـــم تو خواهـد سپرد جـان
در این خیـــالـم ار بدهـــد عمـــر مهلتـم

دوێنەشـــەو چـــاوی نەخۆشی دەری هێنا لە دەسـم
گیـــان، وەلێ مەرحـــەمەتی لێوی دەمانی نەفەســـم
عەشقی ئێـــمە و خـــەتی بـــۆنخۆشی ئەتۆ تازە نییە
رۆژگـــارێکە کـــە بـەم جـــامی هیلالیتە مەســـم
لە وەفـــاداریی خـــۆمم بە دڵ ئەم نوکتـــە خۆشـە
کە جەفـای ئێـوە گوڵـم خێـرە لە رێگەی مەبەســم
چـــاك بوونی منـی مەیخـــانەنشین لاوە لە ســـەر
تا بمێـــنم کەمەری خزمـــەتی رەنـــدان دەبەســم
پـــاش مەرگیش خەتەر زۆرە لە رێی عەشق، نەڵێی
کە نەجـــاتم بووە، عومری چووە تین و هەوەسـم!
لەمـــە بە دوا نیـــیە باکـــم لـە دژی تیـــراوێـــژ
چون کەوانی خەمی ئەبرۆت شوکور کەوتە دەسـم
مـــاچی ئاقێـــقی دەمت بۆیـــە حەلاڵـــی منە هەر
نەشکا مۆری حـەزی گەنجی ئەوینت بە کەســم
شەڕکـــەرێ شۆخ دڵی بردم و چوو، وای ئەگـەر
ئامیـــری هێـــز نەپـرسێت! وەکـــوو دادڕەســم
تێـــپەڕیبوو لە فەلـەك روتبەیی «حافز» بە هونەر
هاتە وێژەم غەمی شمـــشاڵی قەدت کردی پەســم
لە وڵاتی غەمـــی بەژنت بە عـــەداڵەت «عومـــەر»م
بـــا لەبەر چـــاوی رەقیبا نەتەوەی خار و خەســم

دوش بیمـــاری چشـــم تو ببـــرد از دستـم
لیـــکن از لطف لبت صورت جـان می‌بستـم
عشــق من بـا خط مشکیـن تو امروزی نیست
دیـــر گاه است کزیـن جـام هلالی مستـم
از ثبات خودم این نکته خوش آمد که به جور
در ســر کــوی تو از پـــای طلب ننشستـم
عـــافیت چشـــم مـدار از من میخـانه‌نشیـن
که دم از خــدمت رنـــدان زده‌ام تا هستـم
در ره عشق از آن سوی فنـا صد خطر است
تا نگویی که چو عمـــرم به سر آمـــد رستـم
بعد از اینـم چه غـم از تیـر کج‌انداز حسود
چون به محبوب کمان ابـــروی خود پیوستـم
بوســـه بر درج عقیــق تو حـلال است مرا
که به افســوس و جفـا مهـر وفـا نشکستـم
صنمی لشکریـــم غـــارت دل کــرد و برفت
آه اگر عـــــاطفت شــــاه نگیـــرد دستـم
رتبت دانش حافـــظ به فلک برشــده بـود
کرد غمخـــواری شمشــــاد بلنـدت پستـم

ئەریٚ! بەجـــیٚ لەوە، زانین و دیــن لە دەستم چوو
لە عەشقتــم مـــە گەر ئاخر شتــیٚ بە قسمــەت بوو
بە خـــاکی پـــات قەســـەم سەربەمـــۆرە دڵ بۆ تۆ
ئە گـــەرچی یـــادی غەمت عومرمی فەنـــا فەرموو
لە گـــەڵ هەتـــاو رەفیٚــقم بە عەشقی تیشکی رووت
بە چەشنی زەڕڕە ئە گەرچی بچووکم و کەمســـوو
شـــەراب تیٚــکە! کە عومریٚکە قـەت لە سووچیٚکۆ
نەبوو بە خـــاتری خۆشی، نەفەس لە هـات و چـــوو
نەسیٚحـــەتم مە کـــە واعیـــز! کە ژیـر و وەشیـــاری
قســـەت لە گـۆڕ مەنـــیٚ! بۆ منیٚ مەس و خەوتـــوو
کە هەڵنـــەهات لە دەستـــم شیـــاوی خزمـەتی تۆ
لە رووم نایـــە لە رووتـــا کەمـــیٚ هەڵیٚـــنم روو
بســـووت «حافـــز»و ئـــارامی دڵ لە یـــادی نەما
کـە مەڵهەمیٚـــکی بـــدا بۆ برینـــی خۆ کـــردوو
نەچیـــرە گـــەردنـی «کۆلیـــل»و داوە زولفـــی تـۆ
غـــەزەڵ لە ئیٚمـــە، لە پرچت شەرارەت و جـــادوو

به غیر از آن که بشد دین و دانش از دستم
بیا بگو که ز عشقت چه طرف بربستم
اگرچه خرمن عمرم غم تو داد به باد
به خاک پای عزیزت که عهد نشکستم
چو ذره گرچه حقیرم ببین به دولت عشق
که در هوای رخت چون به مهر پیوستم
بیار باده که عمری‌ست تا من از سر امن
به کنج عافیت از بهر عیش ننشستم
اگر ز مردم هشیاری ای نصیحتگو
سخن به خاک میفکن چرا که من مستم
چگونه سر ز خجالت برآورم بر دوست
که خدمتی به سزا برنیامد از دستم
بسوخت حافظ و آن یار دلنواز نگفت
که مرهمی بفرستم که خاطرش خستم

قــژ پەرێشـان مەکـە بۆ بـا! نـەبـەرێ بـا بـادم
نــازی ئــاوا مەکە! وێــران کە دەکــەی ئـابـادم
مەی لەگەڵ هەرکە مەخۆ! تا کو نەخۆم خوێنی جیگەر
مەکــە سەرپێــچی! ئەپێچێــتە فەلـەک فەریــادم
زولفــەکەت حەڵقــە نەکــەی بەڵکە نەکەی دڵگیرم
پێــچی کاکــوڵ مەدە! کــاول کە دەبــێ بنــیادم
ناشنــایان مەکــە دۆســت! کە لە خۆ غەیــرە دەبــم
غەمــی بێــگانە مەخــۆ بەڵکــو نەکەی ناشــادم
چێــرە بنوێنــە هەتــا دڵ لە پــەڕی گــوڵ زەدە بــێ
هەستـــە بەو بەژنــتە فەرمــووا! لە ســەرو ئــازادم
شـــەمی هەر کــۆڕ نەبی! گڕ بە دڵــم تا نەکـــەوێ
یـــادی هەر خێــڵ نەکەی! لێــڵ نەبــێ با یـــادم
شۆرەتی شـــاری هەتا، مەڵبــەنی من دەشت و چییـان
هەرچــی شیــرین بنوێنــی فــرەتر فـەرهــادم
دڵهــەژاری بەزەییـــتم وەرە فــریـــام کـــەوە!
با بە گوێــی ئاســەفی دەوران نەگــەیێ هــەی دادم
خوا نــەکا «خاجــە» لە بێــدادی ئەوین روو گەردان
چـونــکە ئــەو رۆژە لە زینــدانی ئەتــۆم، ئــــازادم
هەرکــە هــات و وتی من هــاوەڵی «کۆلیــل»ـەکەتم
پێــی بڵــێ گــوم بە! کە ئــەو سنجــووە من شمشـــادم

زلف بر باد مده تا ندهی بر بادم
ناز بنیاد مکن تا نکنی بنیادم

می مخور با همه‌کس تا نخورم خون جگر
سر مکش تا نکشد سر به فلک فریادم

زلف را حلقه مکن تا نکنی دربندم
طرّه را تاب مده تا ندهی بر بادم

یار بیگانه مشو تا نبری از خویشم
غم اغیار مخور تا نکنی ناشادم

رخ برافروز که فارغ کنی از برگ گلم
قد برافراز که از سرو کنی آزادم

شمع هر جمع مشو ور نه بسوزی ما را
یاد هر قوم مکن تا نروی از یادم

شهره‌ی شهر مشو تا ننهم سر در کوه
شور شیرین منما تا نکنی فرهادم

رحم کن بر من مسکین و به فریادم رس
تا به خاک در آصف نرسد فریادم

حافظ از جور تو حاشا که بگرداند روی
من از آن روز که دربند توأم آزادم

راشکـــاو ئێـــژم و لـەم روکـوتنـــەی خۆ شـــادم
حەڵقە بە گوێی غەمی دڵـم و لە دو کــەون ئـازادم
چۆن بکا بــاس لە دووری؟ مەلی گولزاری بەهەشت
چۆن بلێـــم بۆ چیـــە گیــرۆدەیی نێـو بێـــدادم؟
بابـــم ئـــاوا منـی هێـــناوەتـه ئـــەم وێـــرانه
من دەنا خەڵکی ئەویـن باخـی مەلـــەکئـــابادم
کەوسەر و سێبەری توبا، کچی چاو مەست و خومار
بە حـــەزی ئێـــوە هەمـــوو چوونە لە هۆش و یـــادم
پیـتی نێو دەفتـــەری دڵ ئەلفـی قـەد و قـامەتی تـۆن
فێـــری حەرفێ تری چبکـــەم کە نەکـرد ئوستـــادم
گەشی ئەستێـــرەشناسێک نـەدی، بەختـــی رەشـــم
داکـی گـــەردون منی چۆن دیوە؟ خودایــــا دادم!
لە دەری مەیــکەدە لەو ســاتەوە دڵ حەڵقە لە گوێـن
هەر خولـــەک تـــازە غەمێ دێتە موبــــارەکبـادم
خوێنی دڵ، خەڵکی دییـــەم هەرچی بنۆشێت رەوان
بە جیگەرگۆشـــەیی خەڵکـــی کە ئەوەن دڵشـــادم
ئەشکی سەر روومەتی «حافز» نەسرێ زولفـی رەشت
گورمی لافـــاوی غەمـت هەڵـــدەکەنێ بنیـــادم
پێ ئەسیـــری گڵی ئەســرینی دییــەی «کۆلیـل»ـم
بەش بــڕاوی گوڵی نەســرین و قــەدێ شمشـــادم

فاش می‌گویم و از گفته‌ی خود دل‌شادم
بنده‌ی عشقم و از هر دو جهان آزادم
طایر گلشن قدسم چه دهم شرح فراق
که در این دامگه حادثه چون افتادم
من ملک بودم و فردوس برین جایم بود
آدم آورد در این دیر خراب‌آبادم
سایه‌ی طوبی و دلجویی حور و لب حوض
به هوای سر کوی تو برفت از یادم
نیست بر لوح دلم جز الف قامت دوست
چه کنم حرف دگر یاد نداد استادم
کوکب بخت مرا هیچ منجم نشناخت
یا رب از مادر گیتی به چه طالع زادم
تا شدم حلقه به گوش در میخانه‌ی عشق
هر دم آید غمی از نو به مبارک بادم
می خورد خون دلم مردمک دیده سزاست
که چرا دل به جگر گوشه‌ی مردم دادم
پاک کن چهره‌ی حافظ به سر زلف ز اشک
ور نه این سیل دمادم ببرد بنیادم

که دەمبینی هەمـوو دەم، سـەر دەخەی سۆزی برینـانـم
که دەتبینم هەموو دەم زۆر ئەبێ هەست و حەزی گیـانم
بە دەردم شـــارەزای و نانووێنـــی هیـــچ دەرمـــانێ
له ســـەرتا چی ببـێ ئاخـــۆ که ناپـرسی له سامـــانم
هەوالێکم بپـــرسە و پێ له خـــاکی ڕێـت بێ دانـێ!
خـــودا هەڵناگــــرێ نەگـری سوراغێکی له ڕێمـانم
مەگەر مـــردن دەسـم بـەردا له داوێنت، ئەگەرچی باز
له گۆڕیشـا بە خـاکی گیـان و دڵ هەر دەستەدامـــانم
دەمـــارت لێ دەرێنـــام و کەچی ناڵێـــی دەرمهێـــنا
نەفەس گیــری غەمی عەشقم هەتاکەی تەفرە؟! نازانــم
له شوێنی دڵ شـەوێ ڕێـم کەوتە باخـی زولفی ڕێحانت
له سـەیری روومەتت جـامێ هیلالی هەڵمـژی گیـانم
له باوەشتم کوتوپڕ گرت و زولفت کەوتە پێـچ و تـاو
دڵ و گیـــانم فیـــدا کردی که لێـوت کەو له لێـــوانم
لەگــەڵ «حافز» دەمێ خۆش بـە و بە دژمن بێژە با بمـرێ
که تۆ گـــەرمی ببەخشی چیدەکا ســـەردی رەقیـبانم
بەهـــاری مەیلی ئێـوەی هەڵمـژیوە رۆحی «کۆلیـل»ـت
بە دیقـی چـــاوی پاییز و هەناسـەی سـەردی زستـــانم

مرا می‌بینی و هر دم زیادت می‌کنی دردم
تو را می‌بینم و میلم زیادت می‌شود هر دم
به سامانم نمی‌پرسی نمی‌دانم چه سر داری
به درمانم نمی‌کوشی نمی‌دانی مگر دردم
نه راه است این که بگذاری مرا بر خاک و بگریزی
گذاری آر و بازم پرس تا خاک رهت گردم
ندارم دستت از دامن بجز در خاک و آن دم هم
که بر خاکم روان گردی به گرد دامنت گردم
فرو رفت از غم عشقت دمم دم می‌دهی تا کی
دمار از من برآوردی نمی‌گویی برآوردم
شبی دل را به تاریکی ز زلفت باز می‌جستم
رخت می‌دیدم و جامی هلالی باز می‌خوردم
کشیدم در برت ناگاه و شد در تاب گیسویت
نهادم بر لبت لب را و جان و دل فدا کردم
تو خوش می‌باش با حافظ برو گو خصم جان می‌ده
چو گرمی از تو می‌بینم چه باک از خصم دم سردم

سـالێانێـکە هـەواداریی رەنـدان دەکـەم
بۆیە دێوی هەوەس و نەوس لە زینـدان دەکـەم
خۆ بە سـەرمەنزڵی سیمـورغ لە رێ نابەڵـەدم
قەتعی ئەم رێگـە لەگەڵ پەیکی سولەیمان دەکـەم
وەرە تـۆی ئەو دڵە زامـارمە ئەی گەنجی دەروون
ماڵـی خۆ چونکە لەبەر ئێـوەیە وێـران دەکـەم
حەیف ئەو تۆبـە لە مـاچی دەمی سـاقیم کە کرد
ئێستە لێـوم دەگەزم، هەی‌وەی و ئامـان دەکـەم
پێچـەوانەی ئەوە عـادەت کە دەڵـێ، داواکە!
من دڵم جەم بە قژی پەخش و پەرێشـان دەکـەم
نەخشی وەشیـاری و مەستی نە بە دەستی من و تۆن
ئەمری چۆن داوە ئەزەل، هەر بە وتەی وان دەکـەم
هەمە چـاوی کەرەمی باخـی بەرین هەر لە ئەزەل
هـات و چـۆی مەیکەدە هەرچەندە فراوان دەکـەم
بۆیە بەم پیـرییە یۆسف لەگـەڵم دەس لە ملـە
ئەشکی ئاڵـم بە شەمی کۆخی غەم و ژان دەکـەم
وەکو «حافز» کە سەحەرخێـزم و دڵخـوازی ئەوین
کاری خۆ پوختە لە سایەی گوڵی قورئـان دەکـەم
بۆیـە بەمجـۆرە لە دیـوانی غـەزەڵ سـالارم
چون گەلێ ساڵـە غولامی سەری دیـوان دەکـەم
دەسی «کۆلیـل» سەبـا بگرە! لە رێی عەشق و موراد
کە بە دڵ روو لە سەبا شاری دڵ و گیـان دەکـەم

سال‌ها پیروی مذهب رندان کردم
تا به فتویِّ خرد حرص به زندان کردم

من به سرمنزل عنقا نه به خود بردم راه
قطع این مرحله با مرغ سلیمان کردم

سایه‌ای بر دل ریشم فکن ای گنج روان
که من این خانه به سودای تو ویران کردم

توبه کردم که نبوسم لب ساقی و کنون
می‌گزم لب که چرا گوش به نادان کردم

در خلاف آمد عادت بطلب کام که من
کسب جمعیت از آن زلف پریشان کردم

نقش مستوری و مستی نه به دست من و توست
آن‌چه سلطان ازل گفت بکن آن کردم

دارم از لطف ازل جنت فردوس طمع
گرچه دربانی میخانه فراوان کردم

این که پیرانه سرم صحبت یوسف بنواخت
اجر صبری‌ست که در کلبه‌ی احزان کردم

صبح‌خیزی و سلامت‌طلبی چون حافظ
هرچه کردم همه از دولت قرآن کردم

گر به دیوان غزل صدرنشینم چه عجب
سال‌ها بندگی صاحب دیوان کردم

خەو چوو شــەوم لە دیدە بە سێلاوی سووری غـەم
سەر نەخشی خەتتی ئێوەی ئەکێشا بە ئەشکی چـەم
ئەبـرۆی یــار و خەرقــەیی سووتـاوی خۆم و بەس
سەرخۆشـی جـامی بـادە بە یـادی هیـلالی خـەم
دەمخستــە داوی زولفــی رەشت هـەر مـەلێ بکـــا
فیکــری فــڕین لە ناخی خەیـــاڵ و خـەتی قەڵـەم
روخســاری یـــار خــۆی ئەنــووان و لـە دوورەوە
ماچی دەکــرد کولّمی گوڵی مانگـــەشەو، دییـەم
چاوم لە بەژنی ساقی و گوێشل بە دەنگی چەنگ
ئـەم فـــاڵی چـــاو و گوێمە بە نوقلانە لێـــئەدەم
نەخشـی خەیـــاڵی روومەتی تۆم تا سەحـەر لە نێـو
مـۆزەی گـــلاری بێخـــەو ئـەکێشـــا لە خاتــرەم
ســاقی شــەرابی ئەم غـەزەڵەی پێشکەشـم دەکرد
یـــانی لە من سوروود و لە ئەو جامی بەزمی جـەم
خۆش بوو ژیـــانـی «حـــافز» و فـــاڵی دەگـرتـەوە
بۆ کــام و بەختی خـۆی و ئەویـنـــدارەکانی هــەم
«کۆلیـــل»ـی بەژنــی زێد و ئەوینم، بە سۆز ئەڵێم
دێـــوانە زۆری زۆرە وەلـێ هەر یەکێـکە شــــەم

دیشب به سیـــل اشک ره خـــواب مـــی‌زدم

نقشــی بـه یـــاد خـــط تو بـر آب مـــی‌زدم

ابـروی یـــار در نظـــر و خـــرقه سوختـــه

جـــامی به یـــاد گوشـه‌ی محـراب مـــی‌زدم

هـــر مرغ فکـــر کز سـر شـــاخ سخن بجست

بـــازش ز طـره‌ی تـو بـه مضـراب مـــی‌زدم

روی نگـــار در نظـــرم جلـــوه می‌نمـــود

وز دور بوســـه بـــر رخ مهتـــاب مـــی‌زدم

چشمم به روی ساقی و گوشم به قـــول چنگ

فـــالی به چشـــم و گوش در این باب مـــی‌زدم

نقـش خیـــال روی تو تـــا وقت صبحـــدم

بر کـــارگـــاه دیـــده‌ی بی‌خـواب مـــی‌زدم

ســـاقی به صـــوت این غزلـــم کاسه می‌گرفت

می‌گفتـــم این ســـرود و می نـــاب مـــی‌زدم

خوش بود وقت حافـــظ و فـــال مـــراد و کـــام

بر نـــام عمـــر و دولـت احبـــاب مـــی‌زدم

هەرچەند پیر و دڵشەکەتی دەرد و ژان بووم
هەرکات شەوقی ڕوومەتی تۆم دی جووان بووم
شوکری خودا ئەوەی کە لەوم ویستوون بە دڵ
تا دوا پلەی مورادی ئەوین کامەران بووم
ئەی دارەگوڵ! بخۆ بەری دەوڵەت کە من لە سای
خونچەی دەمت بە بولبولی باخی گوڵان بووم
نەمبوو لە ژێر و ژووری هەویری لەشم هەواڵ
لوتفی ئەوینی تۆیە، وەها نوکتەزان بووم
چارەم دەبا بە مەیکەدە، هەرچەن کە سەردەمێ
شێخی وڵات و زاهیدی خاوەن مەکان بووم
ئەو ڕۆژە دەرکی گەنجی حەقیقەت کراوە بۆم
کاشق بە خاکی بەر دەری پیری موغان بووم
لەو دەرکەدا گەیشتووە پێم تەخت و بەخت و جام
مەی‌نۆش وا بە کام و حەزی یاوەران بووم
لەو ڕۆژەوۆ گەیی شەڕی چاوت بە من، ئەدی
هێور لە دڵهوڕەی شەڕی ئاخر زەمان بووم
دڵ پیری مانگ و ساڵی نەبوو، یار بێ‌وەفان
تێپەڕ دەبێ بە چەشنی تەمەن، پیری وان بووم
مژدەی ئومێدی دا شەوی پێشوو کە بێرەوە
«حافز»! ئەمن هەمیشە بە لوتف و ئەمان بووم
پۆشای گوڵ کە ڕووبەنی «کۆلیل» تێگەیی
ڕەحمەت لە شوێنە هەور و هەلا، شادمان بووم

هرچند پیـــر و خستـه‌دل و ناتـوان شـدم
هر گــه که یـاد روی تو کردم جوان شــدم
شکر خـــدا که هرچه طلب کردم از خـــدا
بر مُنتهـــای همت خـود کـــامران شـدم
ای گلــبن جــوان بر دولت بخور که مـن
در ســایه‌ی تو بلبــل بـاغ جهـــان شـدم
اول ز تحت و فـــوق وجـــودم خبر نبـــود
در مکتب غـم تو چنـین نکتــه‌دان شـدم
قسمت حوالتـــم به خرابـــات می‌کنـــد
هرچنـد کاین‌چنین شدم و آن‌چنان شـدم
آن روز بر دلـــم در معنـــی گشـــوده شـد
کـز ساکنـــان درگــه پیـــر مغـــان شـدم
در شاهـــراه دولت ســـرمد به تخت بخت
با جـــام مـی به کـــام دل دوستـــان شـدم
از آن زمـان که فتنه‌ی چشمت به من رسید
ایمـن ز شـــر فتـــنه‌ی آخـر زمـان شـدم
من پیـر سـال و مـاه نیـــم یـار بی‌وفـاست
بر من چو عمـر می‌گذرد پیـر از آن شـدم
دوشـــم نویـــد داد عنـــایت که حـافظـــا
بـــازآ که من به عفـــو گناهت ضمان شـدم

ئەویـــن رەسمـــتی کێشـــا لـە خاتـــرەی دیبە کانـــم
نە دیتـــم و نە شنـەفتـم یە کـێ وە ک ئێـــوە جووانـــم
بەڵـێ لە شوێنـت ئەمـن شـانبەشـانی بـادی شەمـاڵم
بەڵام قـــەت نە گەیشتـــم بە بـەژنی ســـەروی رەوانـــم
نەمـــا لە رۆژی تەمەنما، ئومێـــدی زولفی شەوت وە ک
نەبـوو تەمـــاحی دەمت لا دەروونی کەیلـی غەمانـــم
لە لێـــوی بـــادەفـــرۆشت چ نـاز و عیشوە کە سەنـدم
بە شـــەوقی ئـــاوی ژیـانت چ ئەشکی گەش کە رژانـــم!
بە نـــاز بۆ دڵی خوێنـــین چ تیـــر چوو لە کـــەوانت
لە حەسرەتی شـەوی پرچـت چ باری غەم کە لە شانـــم
سەبـــا دە بێـــنە غوبـــارێ! لە دەرکـی یـــار کە بۆنـی
گوڵاوی جەرگ و دەرون دێ لە خـاکی دەرکی ئەوانـــم
خەتـــا لە چـــاوی رەشت بوون و گەردنـی وەکو جامت
کە چەشنی مامـزی کێـــوی لە تۆ رەمـۆک و رەوانـــم
بە چەشنی خونچـە نەسیمـــێ لە بۆی بەهـــاری کە هـاتن
دڵـــم لـە پـــەردەیی خوێنـــین بە دەرێنـــان و درانـــم
بە تیشکی دیـــدەیی «حافـــز» بە خـاکی پێت قەسـەم بێ
کە نـووری چاو لە کولـم و هەتـاوی ئێـــوە دەزانـــم
قەسـەم بە حەسرەتی «کۆلیـل»و هەم بە حـەزرەتی عەشقت
خەیـــاڵی بێ خـــەمی زولفت شـەوێ نەبوو لە ژیانـــم

خیال نقش تو در کارگاه دیده کشیدم

به صورت تو نگاری ندیدم و نشنیدم

اگرچه در طلبت همعنان باد شمالم

به گرد سرو خرامان قامتت نرسیدم

امید در شب زلفت به روز عمر نبستم

طمع به دور دهانت ز کام دل ببریدم

به شوق چشمه‌ی نوشت چه قطره‌ها که فشاندم

ز لعل باده‌فروشت چه عشوه‌ها که خریدم

ز غمزه بر دل ریشم چه تیرها که گشادی

ز غصه بر سر کویت چه بارها که کشیدم

ز کوی یار بیار ای نسیم صبح غباری

که بوی خون دل ریش از آن تراب شنیدم

گناه چشم سیاه تو بود و گردن دلخواه

که من چو آهوی وحشی ز آدمی برمیدم

چو غنچه بر سرم از کوی او گذشت نسیمی

که پرده بر دل خونین به بوی او بدریدم

به خاک پای تو سوگند و نور دیده‌ی حافظ

که بی رخ تو فروغ از چراغ دیده ندیدم

بەهۆی دەستی کوڵی خۆ شەرمەزارم
که ناگا قەت بە بەژنی بەرزی یارم

مەگەر بگرێ دەسم زەنجیری زولفی
دەنا شێتی پەتی، رسوا لە شارم

لە چاوی من بپرسن رازی گەردون
کە شەو تاکوو سەحەر ئەخترژمارم

لە سەر من نەزرە ماچی لێوی ساغەر
کە بەو ناسیمە رەمزی رۆژگارم

دوعایێ گەر بکەم بۆ مەیفرۆشان
چ‌بوو چون کوفری نیعمەت نەبوە کارم

کە هێزی مەردم‌ئازاری نەدا پێم
گەلێ مەمنوونی قۆلی گەل‌مەدارم

سەرێکم لایە خۆش وەک «حافز» ئەمما
سەرێ خۆش‌تر لە کۆی لوتفی بەهارم

ئەگەرچی موی سەرم رۆژی سپیمن
بە دڵ «کۆلیل»ی کاکۆڵی شەوارم

ز دست کوتـــه خـــود زیـــر بـــارم
کـــه از بـــالابلنـــــدان شـــرمســـارم

مگـــر زنجیـــر مویـــی گیـــردم دست
وگرنـــه ســـر به شیـــدایی بـــرآرم

ز چشـــم من بپـــرس اوضـــاع گـردون
کـه شب تـــا روز اختـــر می‌شمـــارم

بدیـن شکـــرانه می‌بوســـم لب جـــام
کـه کـــرد آگـــه ز راز روزگـــارم

اگـــر گفتـــم دعـــای مـــی فروشـــان
چـه باشـــد حـــق نعمـــت می گـــزارم

مـــن از بـــازوی خـــود دارم بسی شکر
کـــه زور مـــــردم‌آزاری نـــدارم

ســـری دارم چـو حـافـظ مست لیـــکن
بـه لطـــف آن ســـری امیـــدوارم

دڵ بە زولفــی لە گــرێ پڕپڕە هەرچــەند، بەڵام
چــاوەڕێم مەرحەمەتێ! تاقــە گوشــادێکە دەوام
کولـمی سوورم نە بە هۆی شادییە، خوێنی جیگەرە
کە نمایــانە لە روو چەشنی شــەرابی دڵی جــام
بە ســەراپەردەم ئەگــەر یــار بدا ئیزنی حوزوور
لە سەرم هۆش دەبا موتریبی خۆش دەنگ و مەقام
شــەو هەتــا رۆژ ئەدەم کێشکــی دڵ بەڵکە نەبێ
غەیری ئازیــز لە ئەو خەڵوە دنــەی فیکر و مەرام
منــم ئەو ســاحیرە زانــا کە بە ئەفسوونی غــەزەڵ
لە قەڵەم نــەی، شەکــەر و قەندم ئەچۆڕێ بە دەوام
چــاوی ئیقبــاڵ بە ئەفســانەیی چــاوی چووە خەو
خەوەرم کــاتەوە ئاخــۆ بە شنــەی پەرچەمی شام؟!
کــات و یــارا نییە، یــارا! لە گوزەر بتبیــنم
تۆ بلــێ چــۆنی بڵێــم رازی دڵ و رەمزی حەیام؟!
دوێشــەو ئەیــوت کە ریا پیشەیە «حافز» دژی دون
غەیری خــاکی دەری دۆسی نیـیە بــازاڕ بەڵام
شەرحی «کۆلیــل» لەسەر مەتنی قڕی سەختە کە وا
بە هەڵەی حاشیــە لێ کردوە، شــەوکوێری نەفام

گرچه افتاد ز زلفش گرهی در کارم
همچنان چشم گشاد از کرمش می‌دارم
به طرب حمل مکن سرخی رویم که چو جام
خون دل عکس برون می‌دهد از رخسارم
پرده‌ی مطربم از دست برون خواهد برد
آه اگر زآن که در این پرده نباشد بارم
پاسبان حرم دل شده‌ام شب همه شب
تا در این پرده جز اندیشه‌ی او نگذارم
منم آن شاعر ساحر که به افسون سخن
از نی کلک همه قند و شکر می‌بارم
دیده‌ی بخت به افسانه‌ی او شد در خواب
کو نسیمی ز عنایت که کند بیدارم
چون تو را در گذر ای یار نمی‌یارم دید
با که گویم که بگوید سخنی با یارم
دوش می گفت که حافظ همه روی است و ریا
بجز از خاک درش با که بود بازارم

گەردێ لە بـەری پێـی کە کـەرەم کات نیگارم
بەو سـورمـەیە خەتتێـک دەکێـشم لە گـلارم
بۆ عەتری کنـارت بووە دڵ غـەرق و بە هێـوام
ئەسـرین بە شەپۆلێـکی بخـا دڵ بـە کنـارم
فەرمـان کە بنێـرێتـە سـەرم گیـان بسپـێرم
خێـرا دەکوژێمـۆ وەکـو شـەم بۆ دڵی یـارم
سەرکـەش مەبن ئـەورۆ لە وەفـامان و بترسن
لەو نیوەشـەوەی دەستـی دوعـا بـەرزە لـە زارم
دوو زولفی رەشت بوو بە قـەراری دڵی هەمـوان
ئەممـا لە دڵ ئـەم کـارتە بـردوویە قـەرارم
ئەی سـروە نەسیمێکی موعـەتتـەر لە شـەرابم
بۆ بێـنە! کە بەو بۆنـە دەبـێ دەفعـی خومـارم
ئـازیـز! ئەگـەر زێـڕی دڵـم قەڵبـە عەیاری
فەرمـوو ئەوە فرمێسکی دیەی هـەژدە عەیـارم
ئەم عاشقـە خاکیـتە لە دەر دەر مەکە! چون پاش
مـردن لە دەرت ساکنـە هەر گـەرد و غوبـارم
«حافـز»! کە بـزەی لێـوی ئـەوم گیـانی شرینـە
ئەو سـاتە بە لێو گیـان دەگەیێ، فەسڵی بەهـارم
تا عەتـری بەرۆکت لە سـەرم چەتـری بەهـارە
«کۆلیل»ـم ئەگەرچی، لە فەلەک ژوورە هـەوارم

گر دست دهد خاک کف پای نگارم
بر لوح بصر خط غباری بنگارم

بر بوی کنار تو شدم غرق و امید است
از موج سرشکم که رساند به کنارم

پروانه‌ی او گر رسدم در طلب جان
چون شمع همان دم به دمی جان بسپارم

امروز مکش سر ز وفای من و اندیش
زان شب که من از غم به دعا دست برآرم

زلفین سیاه تو به دلداری عشاق
دادند قراری و ببردند قرارم

ای باد از آن باده نسیمی به من آور
کان بوی شفابخش بود دفع خمارم

گر قلب دلم را ننهد دوست عیاری
من نقد روان در دمش از دیده شمارم

دامن مفشان از من خاکی که پس از من
زین در نتواند که برد باد غبارم

حافظ لب لعلش چو مرا جان عزیز است
عمری بود آن لحظه که جان را به لب آرم

لە سەراپەردەیی شاییم بتێ تاجی سەرە
دڵ لەبەر کولم و قژی ناڵ لە کوورەی خەتەرە
سوور و بێباک دەڵێم ئاشق و مەیٚنۆشم و رەند
لەو پەریٚشێوەیە ئەم هەموو مەقامم لە سەرە
من بە ئاخی سەحەرت کەزیە پەرێشان دەکەم
تۆ کە بەم شێوە سزادانی منت پێ هونەرە
خەت و خاڵی ئەگەر ئازیز لە روو مێخەکییە
روومەتی زەردی ئەمن سوور بە خوێنی جیگەرە
قەدەمێ هەڵگری بۆ کۆخی سەفاخانەم ئەگەر
کیژی تاکم هەیە شیعری شەکەرینم لە بەرە
تیری ناز و کەمەنی زولفی بهێنی! کە لەگەڵ
دڵی زامار و جەفاکێشم ئەمن شۆر و شەڕە
هەر ئەوەم چاترە «حافز»! کە خۆش و شاد بژیم
چون غەم و شایی دونیا لە ژیان زوو گوزەرە
چاوی بارامت ئەگەر تیر و کەوانێکی هەیە
نازکێشی دەس و مێشی لە سەقز هەر «عومەر»ە

در نهانخانه‌ی عشرت صنمی خوش دارم
کز سر زلف و رخش نعل در آتش دارم
عاشق و رندم و می‌خواره به آواز بلند
وین همه منصب از آن حور پریوش دارم
گر تو زین دست مرا بی سر و سامان داری
من به آه سحرت زلف مشوش دارم
گر چنین چهره گشاید خط زنگاری دوست
من رخ زرد به خونابه‌ی منقش دارم
گر به کاشانه‌ی رندان قدمی خواهی زد
نقل شعر شکرین و می بی‌غش دارم
ناوک غمزه بیار و رسن زلف که من
جنگ‌ها با دل مجروح بلاکش دارم
حافظا چون غم و شادی جهان در گذر است
بهتر آن است که من خاطر خود خوش دارم

بەڵێنیکم بە گیانان داوە تا گیان و دڵم لایە
دڵ و گیانم لە پێناوی هەوادارانی ئەودایە
بە مۆمی ڕوومەتی جوانی خەتا، ڕۆشن دەبێ خاتر
بە شۆخانی خوتەن ڕووناکە دڵ، چاوم بە سۆمایە
دەبێ ترسم لە بەدوێژی چەپەڵ چی بێ لە هەر کۆڕێ
بە مەیلی خۆ کە وەختێ دڵ لە خەڵوەی لەیل تەنیایە
دەلالم سەروی باخێکە کە سایەی قامەتی بەرزی
نە چەشنی سەروی تەننازە نە شمشاڵی چەمەن وایە
کەمین بگرن دوسەد لەشکر لە شۆخان بۆ دڵم چی نین
بتێکی خواشوکور لەشکرشکێنم چون لەگەڵدایە!
دەشێ لافی سولەیمانی بە مۆری لێوی ئەو لێدەم
من ئیسمی ئەعزەمم پێ بێ لە دێوانم چ پەروایە
دەخیل ئەی شێخی فەرزانە مەڵێ عەیبم لە مەیخانە
کە تەرکی جامی پێوانە لە دەس پەیمانشکێن نایە
زەمانێ پاسەوان! تۆ بیوخودا ئەوشۆ لە یەك نێ چاو
نهێنی چون لەگەڵ خونچەی دەمی سەد دەفتەرم لایە
لە باخی وەسڵی دڵبەردا شوکور ئەورۆ خەرامانم
پەڕی نەسرین و ڕۆز و بۆی بەهارم پێ پەڕی کایە
بە ڕەندی نێوی «حافز» با بەرن لا هاوەڵان، ئەمما
کە لوتفی دڵبەرم لا بێ غەمی عالەم هەموو بایە
نە لەیلا چەشنی تۆ زولفی لە سەر شانی سەراوێزە
نە مەجنون وەك «عومەر» شێتی کەمەندی زولفی لەیلایە

مرا عهدی‌ست با جانان که تا جان در بدن دارم
هواداران کویش را چو جان خویشتن دارم
صفای خلوت خاطر از آن شمع چگل جویم
فروغ چشم و نور دل از آن ماه ختن دارم
به کام و آرزوی دل چو دارم خلوتی حاصل
چه فکر از خبث بدگویان میان انجمن دارم
مرا در خانه سروی هست کاندر سایه‌ی قدّش
فراغ از سرو بستانی و شمشاد چمن دارم
گرم صد لشکر از خوبان به قصد دل کمین سازند
بِحَمدِالله وَ الْمنة بتی لشکرشکن دارم
سزد کز خاتم لعلش زنم لاف سلیمانی
چو اسم اعظمم باشد چه باک از اهرمن دارم
الا ای پیر فرزانه مکن عیبم ز میخانه
که من در ترک پیمانه دلی پیمان‌شکن دارم
خدا را ای رقیب امشب زمانی دیده بر هم نه
که من با لعل خاموشش نهانی صد سخن دارم
چو در گلزار اقبالش خرامانم بحمدالله
نه میل لاله و نسرین نه برگ نسترن دارم
به رندی شهره شد حافظ میان همدمان لیکن
چه غم دارم که در عالم قوام‌الدین حسن دارم

چ کەسم من کە لە گوڵزاری خەیاڵت گوزەرم
لوتفی تۆم یاوەرە ئەی فیکری سەرت تاجی سەرم
کێ وتی گیانە بڵێ یادی غوڵامێک بکەی
لە رەقیبان بە یەقین سەختە کە ئەم فەیزە بەرم
دوورە چون مەنزڵی ئازیز و لە رێ نابەڵەدم
مەدەدێ ئەی مەلی قودسی بگە پێم نۆسەفەرم!
راگەیێنن کە غوڵامی ئەوم ئەی پەیکی سەحەر
تا خەڵاتێکی بەڕێ کا گوڵی شەوبۆی سەحەرم
خۆزگە بەو رۆژە لە ئەم مەرحەلەشا کۆچ دەکەم
هاوەڵان دێن و لە کۆی ئێوە دەپرسن خەبەرم
«حافز»! حەقمە کە زەریا لە دییەم بێنمە دی
گەوهەری یار لە ئەو بەحرە بە دەس بێ مەگەرم
دەسەڵاتی غەزەڵم گرتی کورەی خاک، بڵێن
بووکی زەریاش بدا باج بە سێحری هونەرم
شەکری سەر لێوتی «کۆلیل» مژیون لەوەتا
شیعری شیرین دەچۆڕێ لە دەمی نەیشەکەرم

من که باشـــم که بر آن خــاطر عــاطر گذرم
لطف‌ها می کنـی ای خـاک درت تاج ســـرم
دلبـــــرا بنــــده‌نوازیت کــــه آموخت بگـــو
که من این ظن به رقیـــبان تو هـرگــز نبـــرم
همتـــم بدرقـــه‌ی راه کن ای طـــایر قـــدس
کـه دراز اسـت ره مقصـــــد و مـن نوسفـــرم
ای نسیـــم سحـــری بنـــدگی من برســـان
که فرامـــوش مکـن وقـت دعـــای سحـــرم
خـــرّم آن روز کز این مرحلـــه بربنـــدم بـــار
وز ســـر کـــوی تو پرسنـــد رفیقـــان خبـــرم
حافظـــا شـــاید اگر در طلـب گوهـــــر وصل
دیــده دریا کنم از اشک و در او غوطه‌خـورم
پایـــه‌ی نظم بلنـــد است و جهـــان گیر بگو
تا کنـــد پادشــــه بحـــر دهــــان پرگهـــرم

جەوزا سەحەر حەمایەلّی دانا بەرابەرم
یانی لە ئەرکی شام و غولامی قەسەم خۆرم
مەیگێڕ زووبە زوو مەدەدێ! بەختە چارەساز
چم ویستبوو لە لوتفی خودا هاتە بەر دەرم
دووبارە تێکە بادە! لە خۆشی جەمالّی یار
بەم پیرییەش خەیالّی جووانی دەکا سەرم
کەم بیکە وەسفی ئاوی ژیانم لە لا! کە من
شەیدای جامی شام و ئەویندای کەوسەرم
قوربان ئەگەر بە عیلم و هونەر سەر بدەم لە عەرش
هێما غولامی تۆم و لە هەر شوێنی رێبەرم
من بادەنۆشی بەزمی چەنین سالّتم کەی ئەم
کانیاوە تەرک ئەبێ بە خدە و هەستی دلّ گەرم
گەر باوەڕت نەبوو بە قەسیدەی منی غولام
ئەم شیعرە هی کەمالّە لە تاریفی سەروەرم
(گەر عەشقی تۆم نەبێت و ئەگەر دلّ بە تۆ نەدەم
عەشقت بە کام کەس بدەم و دلّ بە کوێ بەرم)
(مەنسوور)ی کوڕ(موزەففەر)ی (غازی)مە چاوەزار
دژمنشکێنە ناوی ئەوم، وا موزەففەرم
رۆژی ئەزەل ئەوینی ئەوانم بەلّێن بوو
هەر بەو بەلّێن و عەهدە لە ئەم ژینگە دەگوزەرم
هۆنی فەلەک کە ملوونی پەروین بە ناوی شا
من چم لە چەرخ کەمترە، سەرتر کە هۆنەرم
من بازی چەشتی دەستی بەپیتی جەنابی تۆم
کەنگێ بە فیکری سەیدی قەل و قاژ و کەوتەرم
ئەی ئەو کەسەی کە شێرت شکارە مەگەر دەبێ
هێور نەبێ لە خاکی ئەتۆ تەبعی مەحشەرم

جوزا سحر نهاد حمایل برابرم

یعنی غلام شاهم و سوگند می‌خورم

ساقی بیا که از مدد بخت کارساز

کامی که خواستم ز خدا شد میسرم

جامی بده که باز به شادی روی شاه

پیرانه سر هوای جوانی‌ست در سرم

راهم مزن به وصف زلال خضر که من

از جام شاه جرعه‌کش حوض کوثرم

شاها اگر به عرش رسانم سریر فضل

مملوک این جنابم و مسکین این درم

من جرعه‌نوش بزم تو بودم هزار سال

کی ترک آبخورد کند طبع خوگرم

ور باورت نمی‌کند از بنده این حدیث

از گفته‌ی کمال دلیلی بیاورم

گر برکنم دل از تو و بردارم از تو مهر

آن مهر بر که افکنم آن دل کجا برم

منصور بن مظفر غازی‌ست حرز من

وز این خجسته نام بر اعدا مظفرم

عهد الست من همه با عشق شاه بود

و از شاهراه عمر بدین عهد بگذرم

گردون چو کرد نظم ثریا به نام شاه

من نظم دُر چرا نکنم از که کمترم

شاهین‌صفت چو طعمه چشیدم ز دست شاه

کی باشد التفات به صید کبوترم

ای شاه شیرگیر چه کم گردد ار شود

در سایه‌ی تو ملک فراغت میسرم

گرتم هـــەزار مەملـــەکەتی دڵ بە وەسفـــی تـۆ
ئێـــژی کـە شێـــری ئێـــوەیە شیعـــری دڵاوەرم
وەک ســروە تـا دەچـم بە گوڵستانی حەزرەتت
نە عەشقـی سـەوڵ لامـە نە شـەوقی سنـەوبەرم
دەمبیست بۆنـی وەرزی بەهـــار و بە یـــادی تۆ
دایـــان ساقیـــانی چـەمـەن یەک دو ساغـەرم
کەنگێ بە ئاوی چەن قلـە هەنگـوور مەس دەبم
من حـەو دەساڵـە پیـــری خەرابـــات پەروەرم
لێـم ناگـەڕێ هەسێـرەیی بەختـی رەشم دەمێ
ئیقبـاڵی عەدڵـی ئێـوە مەگـەر بێ بـە یـاوەرم
خوایـــا سپـاسی تۆ کە هەمیسـان لە کۆشکی یـار
سـەرداری عـەرش بیستی شکۆی دەنگی شاپەڕم
نێـوم خـودا لە دەفتـەری یـاران نەکـا رەقـەم!
عەشقێ بە غەیری عەشق و غەمت بێ لە سەر گەرم
بێچـووی شێـر کردی تەمـاحی شکـاری دڵ
من هەرچـی هەم نەچیـری پەلامـاری حەیدەرم
ئەی ئەو کەسـەی لە زەرڕەت ئەویندار زیاتـرن!
چۆن من دەگەم بە ئێـوە لە زەرڕەش کە کەمتـەرم
کێ مونکیـری جەمـاڵی گوڵێ؟ دەس‌نیشـانی کە
تا کوێـر کا گـلاری، نووکی شیعـری نەشتـەرم
تیشکی هەتـاوی سەڵتەنەتت کەوتە سەر، کە سـەر
ئێستـا کە بێ‌نیـــازە، لـە خورشیـدی خـاوەرم
قەستـم لە ئـەم موعـامـەلە بـازاڕ تیـژییـە
ئەینـا نە نـازسێـن و نە جـادووی قەشمـەرم
«کۆلیـل»ـی کیـژە کوردی وڵات و شنـەی قژی
پەخشـانی خۆرنیشـانی لەسـەر شانی ئەسمـەرم

شعرم به یمن مدح تو صد ملک دل گشاد
گویی که تیغ توست زبان سخنورم

بر گلشنی اگر بگذشتم چو باد صبح
نی عشق سرو بود و نه شوق صنوبرم

بوی تو می‌شنیدم و بر یاد روی تو
دادند ساقیان طرب یک دو ساغرم

مستی به آب یک دو عنب وضع بنده نیست
من سالخورده‌ی پیر خراباتپرورم

با سیر اختر فلکم داوری بسی‌ست
انصاف شاه باد در این قصه یاورم

شکر خدا که باز در این اوج بارگاه
طاووس عرش می‌شنود صیت شهپرم

نامم ز کارخانه‌ی عشاق محو باد
گر جز محبت تو بود شغل دیگرم

شبلُ الأسَد به صید دلم حمله کرد و من
گر لاغرم وگرنه شکار غضنفرم

ای عاشقان روی تو از ذره بیشتر
من کی رسم به وصل تو کز ذره کمترم

بنما به من که منکر حسن رخ تو کیست
تا دیده‌اش به گزلک غیرت برآورم

بر من فتاد سایه‌ی خورشید سلطنت
و اکنون فراغت است ز خورشید خاورم

مقصود از این معامله بازارتیزی است
نی جلوه می‌فروشم و نی عشوه می‌خرم

بەیـــانی ڕۆشنی تۆ، من شـــەمی بـەرەو سەحـــەرم
بە زەردەیـێکت ئەشا! گیان ئەچـێ چلۆن لە بـەرم
وەها لە نێـو دڵی من داخی زولفی سەرکەشی تۆن
وەنەوشـــەجاڕە کە مـــردم مـــەزار و خـاکی سـەرم
لە ئاستـــانی جەمــاڵت وەتـــاکە چـاوی ئومێــد
کە یەکێ نەزەر بکـــەی ئەمما قەپــات بوو نـەزەرم
سپاست ئەی غەمـی دڵ چۆن بکـەم (جَـزاکَ الله)
کە ڕۆژی بێکـەسـی ئەووەڵ کەسی لە دەور و بەرم
ئەمن غوڵامـــی گلێـــنەم ئەگەرچی قەلبــی ڕەشــە
لە سـۆزی ئێمــە هــەزاری ڕەوانە ئەشکـی گـەرم
لە چــاوی هەرکـەسـە جۆرێ نیگــار جیلوە دەکا
کەس ئەم کریشمەیە وەک من نەدی لە جیلوەگەرم
لە گـۆڕی «حافـز» ئەگەر یـــار تێـــپەڕێ وەک بـا
لە قەبـــری تەنگ بە شـــەوقی، گوڵێ ڕوواوە سەرم
جەمــاڵی یــار لە جــامی جەمـا بـەدی کە «عومەر»!
دەنــا حەقت نیـــیە بێـــژی کە عــاشقــی هونـــەرم

تو همچـو صبحـی و من شمـع خلوت سحرم
تبسمـی کن و جـان بیـن که چون همی‌سپرم
چنین که در دل من داغ زلف سرکش توست
بنفشـه‌زار شـود تربتـم چو درگـذرم
بـر آستـان مـرادت گشـاده‌ام در چشـم
که یک نظـر فکنـی خود فکنـدی از نظرم
چه شکـر گویمت ای خیـل غـم عَفاکَ‌الله
کـه روز بی‌کسـی آخـر نمـی‌روی ز سـرم
غـلام مـردم چشمـم کـه با سیـاه دلـی
هـزار قطـره ببـارد چو درد دل شمـرم
به هـر نظـر بت ما جلـوه می‌کنـد لیـکن
کس این کرشمـه نبیـند که من همی‌نگـرم
به خـاک حافـظ اگر یـار بگذرد چون باد
ز شـوق در دل آن تنـگنـا کفـن بـدرم

بە شمشێری برۆ بمکووژە مێرم!
منەتبارم، بکەی دڵ کون بە تیرم
بە قوربانی دەس و مێشی دو چاوت
کە هەر من بۆ مژۆڵانی نەچیرم
خەمی گەردون لە پامی خست و نەمدی
مەگەر ساغەر، کەسێ تر دەستگیرم
هەڵێ ئەی خۆری کازیوەی بەیانی!
کە شەوگاری غەمت کردی ئەسیرم
رەجاڵی کۆمەکم ساقی! بە جامێ
جووانۆ کەی لەشی لەرزۆك و پیرم
بە زولفی تۆ قەسەم خۆرم، لە مێژە
کە وەك ئەو سەر لە خاکی پات گیرم
لە ئەم خەرقەی ریا گڕ بەردە «حافز»!
کە ناسووتێ بە تەندووری تەویرم
هەتا «کۆلیل»ـی زولفی وەك شەوی تۆم
شەوەق دەڕژێتە ئاسۆی لێوی بیرم

به تیغم گر کشد دستش نگیرم
وگر تیرم زند منت پذیرم

کمان ابرویت را گو بزن تیر
که پیش دست و بازویت بمیرم

غم گیتی گر از پایم درآرد
بجز ساغر که باشد دستگیرم

برآی ای آفتاب صبح امید
که در دست شب هجران اسیرم

به فریادم رس ای پیر خرابات
به یک جرعه جوانم کن که پیرم

به گیسوی تو خوردم دوش سوگند
که من از پای تو سر برنگیرم

بسوز این خرقه‌ی تقوا تو حافظ
که گر آتش شوم در وی نگیرم

بە نـــازت دڵ مـەســـوو! ئـــاوا بــە زارم
کە من مـــــردوو بە دوو چـــاوی خومـــارم
جەمـــــاڵت بەژنـــی خەرمـــانی کەمـــاڵە
زەکـــاتێ مەرحەمـــەت فەرمـــوو! هـــەژارم
بە میـــوەی بـــاخ و شەکر و شیـــر تا کـەی
منـــاڵانەم دەکـــەی زاهیـــــد لە کـــارم
هـــەواری دڵ هەمـــــوو پڕ بـــوو لە دڵبـــەر
لە بیـــرم چوو کە خۆشـــم بێهـــــەوارم
بە ســـەر پیـــرم ئەگـــەرچی دڵ جـــووانم
پـــڕی کـــەن جام چون مەیگێـــڕە یـــارم
بەڵێـــنمدا بە کـــۆڕی مەیفـــرۆشـــان
کە ڕۆژی غـــەم لەگـــەڵ مەی بێ، قـــەرارم
نەنووســێ نووســـەری گـەردون لە چـــارەم
مەگـــەر مەی، موتریب و بـــەژنی نیگـــارم
لە ئەم ئـــاژاوە هەرچەن کەس لـە کەس نین
لە کن پیـــری موغـــان خزمـــەتگـــوزارم
خـــۆش ئەو ســـاتەی دەکا سامـــانی مەستی
بە ســـەر شـــاهـ و وەزیـــرا، شـــاریـــارم
من ئەو تەیـــرەم لەســـەر عەرشـــا دەبیسن
شەقـــەی شابـــاڵی هەر لەیـــل و نەهـــارم
وەکـــوو «حافـــز» لە سیـــنەم گەنجـــی یـــارە
لە چـــاوی دژمنـــا چـــووك و نـــەدارم
کە من «کۆلیـــل»ی ئێـــوەم سەربڵیـــندم
بە پەستـــم هـــەر بـــزانـــێ با نەیـــارم

مـــزن بر دل ز نـوک غمـــزه تیـــرم

که پیش چشـــم بیمـــارت بمیـــرم

نصـــاب حســـن در حـــد کمـــال است

زکـــاتـــم ده که مسکیـــن و فقیـــرم

چـو طفـــلان تـا کـی ای زاهـــد فریبـــی

بـه سیـب بوستـــان و شهـــد و شیـــرم

چنـــان پر شـــد فضـــای سینه از دوست

که فکـــر خویش گـــم شـد از ضمیـــرم

قـــدح پـر کن کـه مـن در دولـت عشـــق

جـــوان‌بخت جهـــانـم گرچـه پیـــرم

قـــراری بستـــه‌ام بـا مـی‌فـروشـــان

کـه روز غـــم بجـــز ســاغـــر نگیـــرم

مبـــادا جـــز حســـاب مطـــرب و مـی

اگـــر نقشـــی کشـــد کلـــک دبیـــرم

در این غوغـــا کـه کس کس را نپـرســـد

مـن از پیـــر مغـــان منـت پذیـــرم

خـوشـــا آن دم کـــز استغـــنای مستـی

فـــراغـت باشـــد از شـاه و وزیـــرم

من آن مرغـــم که هـــر شـــام و سحـــرگاه

ز بـــام عـــرش می‌آیـــد صفیـــرم

چـو حـافـــظ گنـــج او در سیـــنه دارم

اگـرچـــه مـدعـــی بیـــند حقیـــرم

کە نوێژی شـەو لە غەریبی دەکەم بە شین و گرین
لە شـەرح و باسـی غەریبـانەمایە سینگی بریـن
بە یـادی زێـد و ئەویـن شیـوەنێ بە زار دەکـەم
سـەفەر کە رەسمی نەمێـنێ لە سەرزەمینی بەریـن
من ئەهلی خاکی دلآرم نە خەڵکی شاری نەیار
خـودایە بمبـەوە بۆکـۆڕی دۆستـانی بەریـن
لەبەر خـودا کەرەمێ ئەی رەفێـقی رێگـە! هەتا
لە دەرکی مەیکەدە هەڵدەم بەیاخی دەوری وەرین
عەقـڵ بە پیـری نەناسیـوم ئەرێ! کە دیتمی بـاز
ئەسیـری نـازی منالێکـە دڵ، لە خێـڵی پەریـن
مەگـەر شەمـاڵ و سەبـا، هیچـکەس نەمیـناسی
بە غەیری بام نەبوو چون کەسێ لە ژووری سەریـن
سەبـا دەخیـلە نەسیمێ لە خـاکی شیـرازم
کە عەتـری مەنـزڵی ئازیـزمانە گیـانی قەریـن
زڕانی رازی غەمی دڵ سـرشکـی سوور لە دوور
لە کێ شکـات بکـەم، من دییـەم لە فیتنەگەریـن
لە چەنگی زوهـرە شنەفتم سەحـەر کە دەیفەرموو
غولآمی «حافـز»ی زاراوەخـۆشی خۆش‌هـونەرین
بە غەیری سـروە نەبێ مەحـرەمێ نەبوو «کۆلیـل»
لە بەژنی شـەمسـە کە دێـوانـەوێنە سوژدە بەرین

نمـــاز شـــام غریبـــان چو گریه آغـــازم

بـه مویـه‌هـــای غریبـــانه قصـــه پـــردازم

به یـــاد یـــار و دیـــار آن‌چنـــان بگریم زار

که از جهـــان ره و رســـم سفـــر براندازم

من از دیـــار حبیـــبم نـه از بـلاد غـــریب

مهیمنـــا بـه رفیـــقان خـود رســـان بـــازم

خـــدای را مـــددی ای رفیـــق ره تـا من

به کـــوی میکـــده دیگر علـــم برافـــرازم

خـــرد ز پیـــری من کی حســـاب برگیـرد

که بـاز با صنمـــی طفـــل عشـــق می‌بـــازم

بجـــز صبـــا و شمـــالم نمی‌شنـــاسد کس

عزیـــز من که بجـــز بـــاد نیست دمســـازم

هـــوای منـزل یـــار آب زنـــدگانی ماست

صبـــا بیـــار نسیمـــی ز خـــاک شیـــرازم

سرشکـــم آمد و عیبـــم بگفت روی به روی

شکـــایت از که کنـــم خانگی‌ست غمـــازم

ز چنگ زهـره شنیدم که صبحدم می گفت

غـــلام حـــافظ خوش لهجه‌ی خوش آوازم

دەستـــم بگـــەیێ گەر بە خـەمـی زولفـی شەواسات
چون گۆ ئەگەرم سەد سـەرە بـۆی دێنمە ژێر پـات
پرچت ئەمـــەلی عومـــری درێـــژی منـــە ئەمما
لەو عومـــرە درێـــژەم نیـیە یەک تالّی مولاقـــات
ئیـــزنم بدە ئەی شـەم! دەمـەوێ چەشنی شەم ئەوشۆ
لای ئێـــوە بسـووتێ دڵ و چـاوم گولّی پێبـات
نوێـــژم بکـــەن ئەو کـــۆڕە کە مەستن بە شـەرابت
ئەو لەحزە کە وەک جام بە یەک زەردە ئەجەل هـات
بەو هۆیـــە لە مەیخـــانە گـــڕ و سـۆزی هەمیشـەم
نوێـــژی منـــی ناپـــاک نەبوو لایـەقی سەوقـــات
ئەبـــرۆت لە نێـــو جـــامی خەیـــاڵ و سـەری زانـام
میحـــرابە لە مزگـــەوت و کەمانـــم لە خەرابـات
سەربـــەرز لەســـەر تۆپی جەهـــان چەشنی بەیـــانم
ڕۆشـــن کە بکـــەم تاقـەشەوێ خەڵوە بە گۆنـــات
وەختـــێ کە بە سـەر مومکیـــنە ســـەودای ئـەوینت
چون گیـــانی هەیـاسی منـی مەحموودە لە ڕێگـــات
لەم دەورە لە کن کێ غەمی خۆ «خاجە»! بەیـــان کەم
مەحـــرەم نیـیە خۆ غەیری سوراحی بەسـەرم کـات
«کۆلیـل»ـی پـەژارەی خـولـی دونیـــای خـــراوم
دەستـی من و داوێنـی بەزەی لێـوی شەکەرخـات

گر دست رسد در سر زلفین تو بازم
چون گوی چه سرها که به چوگان تو بازم
زلف تو مرا عمر دراز است ولی نیست
در دست سر مویی از آن عمر درازم
پروانه‌ی راحت بده ای شمع که امشب
از آتش دل پیش تو چون شمع گدازم
آن دم که به یک خنده دهم جان چو صراحی
مستان تو خواهم که گزارند نمازم
چون نیست نماز من آلوده نمازی
در میکده زان کم نشود سوز و گدازم
در مسجد و میخانه خیالت اگر آید
محراب و کمانچه ز دو ابروی تو سازم
گر خلوت ما را شبی از رخ بفروزی
چون صبح بر آفاق جهان سر بفرازم
محمود بود عاقبت کار در این راه
گر سر برود در سر سودای ایازم
حافظ غم دل با که بگویم که در این دور
جز جام نشاید که بود محرم رازم

بە خەرابـــات ئەگەر ئەمجـارە دەسـی دا گــوزەرێ
بەرهــەمی خەرقــە و بەرمـــاڵ لە دەس دێنــە دەرێ
ئەگــەر ئەورۆ وەکــو زاهیــد لە دەری تۆبــە بدەم
خازینــی مەیکــەدە ناکــاتەوە لێـم تــازە دەرێ
شەو لە دەوری شەمی کولـمت دەگەڕم تا بە سەحەر
چەشنی پەروانە بــدا دەس ئەگەرم بــاڵ و پــەڕێ
تاکــو نەخشــاوە جەمــاڵت لە خەیـالا، من ئەگەر
دەس لە مل حوور و پەری بم نییە هۆشـم لە سـەرێ
غەمـــی عەشقت لـە دڵ و سیـــنەمـە شــاراوە بەڵام
چـاوی داوێن‌تەڕە جاسووس لە کۆی هەر خەبەرێ
چەشنی چەنگم لە بەغـەڵ ناکەی ئەر ئارام دەرون
لانیــکەم لێو بنە لێـوم وەکو نەی لێمــدە سـەرێ!
کە هــەوایی وەکــو تەیرم لە قەفەس‌خانەیی خـاک
بەو هــەوایــەم کە بکـا چـاوی شەهێـنت نەزەرێ
داخ و دەردی دڵی خوێنین نەڵێم چـاکە بە کـەس
چونکــە هەر تێغی غەمت یـارمە بۆ هەر کەســەرێ
«حافــز» ئەر هـەر ســەرە موویێکی هەزارانی سەرە
خاکساری قــژی بەر پێــتە هەموو وەک هــونەرێ
مەمــی «کۆلیــل»ـی ئەوینـم، گەلی شۆفـار لە دوو
داخەکـەم کەس نیـیە هـاواری مە بۆ زیــن بەرێ

در خرابات مغان گر گذر افتد بازم
حاصل خرقه و سجاده روان دربازم
حلقه‌ی توبه گر امروز چو زهّاد زنم
خازن میکده فردا نکند در بازم
ور چو پروانه دهد دست فراغ بالی
جز بدان عارض شمعی نبود پروازم
صحبت حور نخواهم که بود عین قصور
با خیال تو اگر با دگری پردازم
سر سودای تو در سینه بماندی پنهان
چشم تردامن اگر فاش نگردی رازم
مرغ‌سان از قفس خاک هوایی گشتم
به هوایی که مگر صید کند شهبازم
همچو چنگ ار به کناری ندهی کام دلم
از لب خویش چو نی یک نفسی بنوازم
ماجرای دل خون‌گشته نگویم با کس
زآن‌که جز تیغ غمت نیست کسی دمسازم
گر به هر موی سری بر تن حافظ باشد
همچو زلفت همه را در قدمت اندازم

بــدە مزگێنــیی وەسڵـت کە بـدەم گیــان و ســەرم
داوی دونیــا دەپسێـــنم مەلــی عــەرشـی هونــەرم
ســەرەکی عــالــەمی بوونـم لە سەرا نین بە سەرت!
بە غـولاّمـیّ لە غـولاّمــانی دەرم کــەی ئەگــەرم
خوایــە ئـاوێك لە هــەوری کەرەمت بەر لـە ئـەوەی
چەشنــی یەك زررە بە دەم بــاوە لە خۆ دەربــەدەرم
بە مــەزارم وەرە رابـــوورە لە گــەڵ موتریب و مــەی
تا لە ئەڵحــەد وەدەریّ لــەش بە دنەی بۆنــی گــەرم
هەستــە بنوێنــە بەژن ئەی گوڵــی شیــرین بەر و بۆ
چەپڵەرێــژان کە لە گیــان هەستم و دەرچم لە سەرم
منی پیــرت لە بەغــەڵ بگرە گوڵـم تەنگ، شــەویّ
تـا جــووانی بەســەرم کــاتەوە کــاتی سەحـــەرم
نەفــەسیّ روخســـەتی دیــدارم ئەویّ رۆژی مەرگ
تا وەکوو «خاجە» لە گیان دەرچـم و خۆش بیّ سەفـەرم
گیــان لە مەیــدانی هــەوا تا وەکـو چەنگیّ لە بەغەڵ
ماتڵــی زەربــەتە «کۆلیـــل»ـی بە ئیخلاس و شــەرم

مژده‌ی وصل تو کو کز سر جان برخیزم

طایر قدسم و از دام جهان برخیزم

به ولای تو که گر بنده‌ی خویشم خوانی

از سر خواجگی کون و مکان برخیزم

یا رب از ابر هدایت برسان بارانی

پیش‌تر زان‌که چو گردی ز میان برخیزم

بر سر تربت من با می و مطرب بنشین

تا به بویت ز لحد رقص‌کنان برخیزم

خیز و بالا بنما ای بت شیرین حرکات

کز سر جان و جهان دست‌فشان برخیزم

گرچه پیرم تو شبی تنگ در آغوشم کش

تا سحرگه ز کنار تو جوان برخیزم

روز مرگم نفسی مهلت دیدار بده

تا چو حافظ ز سر جان و جهان برخیزم

مەگەر گونــاحە لە فیکری دیــاری خۆما بم

بیـم بە خـاك و لە دەرکی دلاری خۆمـا بـم

غەمی غەریبـی و دووری دەمێ کە هەڵنەگرم

چبوو کە حاکمی خـۆم و لە شاری خۆما بـم

چ بوو لە خەڵوەتی وەسڵی دلا کە مەحرەم بم

وە یا لە کۆڕی غولامـانی یــاری خۆمـا بـم

تەمــەن کە عاقیـــبەتی نـادیــارە ئەو چــاتر

لە کـاتی کۆچ لە خزمەت نیگاری خۆمـا بـم

لە دەستی بەختــی خەواڵووم و کاری شێواوم

شکایەتێکــم ئەگەر بوو لە کـاری خۆمـا بـم

بە غەیری رەندی و عەشقم نەدا بە ژین قەوڵێ

ئەشێ دوبـارە لە قـەوڵ و قــەراری خۆمـا بـم

مەگــەر بە لوتفی خــودا رێ پەیــا بکا «حافز»

دەنـا هەمیشـە دەبێ گوم لە عاری خۆمــا بــم

خودایە تا بە کەی ئاخر بە چەشنی«کۆلیل»ـت

لە فیکری بەنـدی ئەوینــی نەیاری خۆمـا بـم

چرا نه در پی عزم دیار خود باشم

چرا نه خاک سر کوی یار خود باشم

غم غریبی و غربت چو برنمی‌تابم

به شهر خود روم و شهریار خود باشم

ز محرمان سراپرده‌ی وصال شوم

ز بندگان خداوندگار خود باشم

چو کار عمر نه‌پیداست باری آن اولی

که روز واقعه پیش نگار خود باشم

ز دست بخت گران خواب و کار بی‌سامان

گرم بود گله‌ای رازدار خود باشم

همیشه پیشه‌ی من عاشقی و رندی بود

دگر بکوشم و مشغول کار خود باشم

بود که لطف ازل رهنمون شود حافظ

وگرنه تا به ابد شرمسار خود باشم

من هۆشیـــاری کوڵمی گــەش و زولفی دڵکــەشم
بێهــۆشی چــاوی مەست و شــەرابێــکی بێ‌غەشـم
فەرمـووتە عەهــدی رۆژی ئەلەستــی بڵێــم کە چیـن
نــابێ مەگــەر زەمــانێ ئەکا بــادە ســەرخۆشـم
من خەڵـکـی کـۆی بەهەشتی بەرینـــم ئەمێستــە وا
لەم خــاکە گیـری عەشقی کەنیشکـانی مەهوەشـم
ناچــار ئەبێ لە بەنـــدی ئەویـــن هەڵبکــەم بە سۆز
ترسی گڕم وەبــەر مەخــە من چەشنی شـەم گەشـم
شیـــرازە کانی گەوهــەری لێو، کەوشـــەنی جەماڵ
مـن لەعـل‌نـاس چونکــە هــەژارم خـــورا بەشـم
چـــاوی مەســـم ئەوەنـــدە لە ئـەم شـارە دیـوە من
بێ مـەی خومـار و مەستـی کریشمەی دییەی رەشـم
شارێکە پڕ لە نـــازی جووانـــان لە شـــەش تـــەرەف
نیمــن شتێ ئەگــەر نــە تەرەفـــداری هەر شەشـم
گەر یـــــار بێت بەخت و بـــەرەو یـــــار بێمـــەوە
زولفی پەریمە چەتری سەر و گەسـکـی جێگـەشـم
خۆش بووکی زەوقی«خاجە» حەزی جیلوەگەری بوو
جـــامێ نەبـــوو بە داخـــەوە بۆ زەوقــی دڵکەشـم
جـــامــی جەهـــان‌نوێنمــە «کۆلیـــل»! کوڵمــی یــار
بەو مەرجــە رووی نەبێ لە پــەرازیتـی قــەرقەشـم

من دوســـتدار روی خــوش و مــوی دلکشــم
مدهــوش چشــم مست و مـی صـاف بی‌غشــم
گفتـی ز ســرّ عهــد ازل یـک سخــن بگــو
آن گـه بگــویمت کـه دو پیمـــانه درکشــم
مـــن آدم بهشــتیــم امــا در ایـــن سفـــر
حـــالی اسیــر عشــق جــوانـان مهـوشم
در عـاشقـــی گزیـر نباشـــد ز ســاز و ســوز
استـــاده‌ام چو شمـــع متـرســـان ز آتشـم
شیـــراز معـــدن لب لعـل است و کـــان حســن
مـن جوهـــریّ مفلســم ایـــرا مشــوشـــم
از بس کـه چشـم مست در این شهــر دیــده‌ام
حقـــا که مـی نمی‌خـورم اکنون و ســرخوشـم
شهــری‌ست پر کرشمـه حـــوران ز شش جهت
چیـــزیم نیست ورنـــه خریـــدار هر ششـم
بخت ار مدد دهـد که کشم رخت سوی دوست
گیســـوی حـــور گــرد فشــــاند ز مفــرشـم
حافـــظ عـــروس طبـــع مـرا جلـوه آرزوست
آییـــــنه‌ای نـــدارم از آن آه مـی کشــــم

گوزەر دەکا کە خەیاڵت لە لالەزاری دییەم
لەبەر نەزارە دڵم دێتە نێو تەلاری دییەم
نەبوو شیاوی خەیاڵت کە مەنزڵێ لە جەهان
بە دڵ لەبەر ئەمە هێنامە تۆی گلاری دییەم
وەرن کە گەوهەر و دوڕ بۆ خەڵاتی بەر پێتان
لە کونجی سینە دەکێشم بەرەو هەواری دییەم
سەحەر بە عەزمی خراپێ ڕەوان بو ئەسرینم
شوکور کە خوێنی جیگەر گرتی پابناری دییەم
کە دیتی ڕۆژی هەوەڵ رووت دڵ بە حەق دەیگوت
بە من بگا خەتەرێ خوێن لە مل تەواری دییەم
بە بۆنی موژدەیی وەسڵت هەتا سەحەر دوێشەو
گڕا لە ڕێگەیی بادا شەمی دیاری دییەم
دەروونی «حافز»ی پڕ ئێش بەشقی دڵسۆزی!
مەبێژە دی بە مژۆڵان و تیرباری دییەم
بە خاتری دڵی «کۆلیل» و یادگاری دییەت
بنێژە دوو گوڵی نێرگز لە سەر مەزاری دییەم

خیال روی تو چون بگذرد به گلشن چشم

دل از پی نظـر آید به سـوی روزن چشـم

ســزای تکیــه گهت منظــری نمی‌بیــنم

منـم ز عالـم و این گوشــه معین چشـم

بیــا که لعل و گهر در نثـار مقـدم تو

ز گنـج خانه دل می کشـم به روزن چشـم

سحـر سرشک روانـم سر خـرابی داشت

گرم نه خـون جگر می گرفت دامن چشـم

نخست روز که دیــدم رخ تو دل می گفت

اگر رسـد خللـی خون من به گردن چشـم

به بـوی مژده‌ی وصل تو تا سحر شب دوش

به راه بـاد نهـادم چـراغ روشــن چشـم

بـه مردمــی کـه دل دردمنــد حافــظ را

مـزن به نـاوک دلـدوز مردم‌افکن چشـم

گڕمی وەك كووپـەیی مەی داوە دڵی پڕجۆشـم
مۆرە لێـوانم و خوێنـین جیگـەر و خـامۆشـم
تەمەعی لێـوی نیگـاران بە مەسـەل خۆكوژییە
سەیری من كـەن كە بە ئەم كارە چەنێ دڵخۆشـم!
من لە غـەم چۆن دەبـم ئـازا كە هەموو لەحزە بتێ
حەڵقە لە گوێم دەكا زولفی رەشـی خۆش‌خۆشـم
لەوە حـاشـا! كە نەبێ بـاوەڕی فەرمـانی خودام
هەر ئەوەنـدەی هەیە ژەم‌ژەم كەمەكێ مەی‌نۆشـم
رۆژی مەحشـەر هەمە هیـوا كە بە دیقـی دژمن
بە كـراسـی كەرەمـی گیـانی خەتـا داپۆشـم
باخـی فیـردەوسی بە دوو دەنكـە گەنم دا بـابـم
چۆن بە جۆیێكی ئەمن باخـی جەهـان نەفرۆشـم؟!
خەرقـەپۆشی نە نیشـانەی سـەری دینـداریمە
بەڵكوو ئەم پەردە لە سەد عەیبمە یەك سەرپۆشـم
پیـری مەیـخانەش ئەمـەی فەرمـووە گەر بیبیسم
وەك لە خـۆم عەهـدە دەبێ ساف نەبێ نەینۆشـم
سـاز ئەگەر سـاز بە ئەم شێـوە بكا موتریبی كـۆڕ
شیعـری «حافز» دڵ و گیان قەبزە دەكات و هۆشـم
تـاری ئێمەش لەسەر ئاهەنگی دڵم كۆكە و ئەڵێ
عاشقـی زولفت و «كۆلیـل»ـی خەمـی ئەبرۆشـم

من که از آتش دل چون خم می در جوشم
مهر بر لب زده خون می‌خورم و خاموشم
قصد جان است طمع در لب جانان کردن
تو مرا بین که در این کار به جان می کوشم
من کی آزاد شوم از غم دل چون هر دم
هندوی زلف بتی حلقه کند در گوشم
حاشَ لله که نیم معتقد طاعت خویش
این‌قدر هست که گه‌گه قدحی می نوشم
هست امیدم که علیرغم عدو روز جزا
فیض عفوش ننهد بار گنه بر دوشم
پدرم روضه‌ی رضوان به دو گندم بفروخت
من چرا ملک جهان را به جوی نفروشم
خرقه‌پوشی من از غایت دینداری نیست
پرده‌ای بر سر صد عیب نهان می‌پوشم
من که خواهم که ننوشم بجز از راوق خم
چه کنم گر سخن پیر مغان ننیوشم
گر از این دست زند مطرب مجلس ره عشق
شعر حافظ ببرد وقت سماع از هوشم

چۆن بە تــانە و تەشــەری خێڵــی نەیــاران پەکەرم
من کە بێباکی و مەستیم هونـەرە و تاجی ســەرم
ســەرفی بۆ تــازە قەڵەنــدەر هەیە پارێــزی ریــا
منی رســوا لە جەهان چیمـە لە ســەرف و زەرەرم
بۆیــە سولـتــانی پەشێــوی گەلــی بێســامــانم
چونکە عەشقم لەســەرایە و لە عەقــڵ بێخەبـەرم
بــا بــزانن کـە بـە قوربــانی ئەتــۆی بێدینـم
لە تــەوێڵت بــدە خــاڵێک لە خوێنی جیگـەرم
بە دڵــێ سافـــەوە تۆخــوا وەرە بۆ لام هـەتــا
نەبووە رۆشـن کە لە ژێر ئەم جبە چەن بێهونــەرم
شیعری خوێنینی من ئەی بــا! بەرە بۆ ئەو کەسە وا
بە مژۆڵی رەشــی کــون کردووە گیــانی کەســەرم
بــادەنۆشـــم من ئەگــەر یا نــە، دڵازار کـە نیـم
«حافـــز»ی رازی دڵ و کــاتشنــاسی سەحــەرم
منی «کۆلیــل» فەقــەت چاو لە دەسی مەیگێـڕم
مەحرەمێکی وەک ئەوم چونکە نەدی خوێن گەرم

گر من از سـرزنش مدعیـان اندیشـم
شیـوه‌ی مستی و رنـدی نرود از پیشـم
زهـد رنـدان نوآموخته راهی بدهی‌ست
من که بدنـام جهـانم چه صلاح اندیشـم
شـاه شوریده‌سران خوان من بی‌سامـان را
زآن‌که در کم‌خردی از همه عالم بیشـم
بر جبین نقش کن از خون دل من خـالی
تا بداننـد که قربـان تو کـافرکیشـم
اعتـقادی بنمـا و بگـذر بهـر خـدا
تا در این خرقـه ندانی که چه نادرویشـم
شعر خون‌بار من ای بـاد بدان یـار رسان
که ز مژگان سیـه بر رگ جـان زد نیشـم
من اگر بـاده‌خورم ورنه چه‌کارم با کس
حافظ راز خود و عـارف وقت خویشـم

دەبێ بە چاوبەسی گیانم تەم و مژی بەدەنم
خۆش ئەو دەمەی کە نەمێنێ غوبار و تۆزی تەنم

شیاوی من مەلی خۆش‌خوێن نەبوو وەها قەفەسێ
کە چەشتی گەشتی بەهەشت و زەماوەنی چەمەنم

لەبەر چ هاتم و لە کوێم؟ نەزان و بێ‌خەبەرم
گەلێ بە داخەوە غافڵ لە خۆم و هەم وەتەنم

چلۆن لە عالەمی پاکی بە باڵی دڵ بفڕم
هەتا لە مەڵبەنی خاکی قەتیس و تەختەبەنم

ئەگەر لە خوێنی دڵم دێ نەسیمی شەوق ئازیز!
عەجەب مەمێنە کە هەمخوێنی مامزی خوتەنم

لیباسی نەخشە لە زێرم مەبینە گەش وەکو شەم
کە زۆرە سۆزی نهێنی لە ژێر کراسی تەنم

لە «حافز»ت وەرە وەربگرە هەستی من منمی
کە وس ببێ لە حوزوورت زمانی چۆن و چەنم

ئەمن لە خزمەتی یارا لەخۆ نەچوومە دەرێ
کە وا زەلیلم و «کۆلیل» لەش مەزار و گەنم

حجاب چهره‌ی جان می‌شود غبار تنم
خوشا دمی که از آن چهره پرده برفکنم

چنین قفس نه‌سزای چو من خوش‌الحانی‌ست
روم به گلشن رضوان که مرغ آن چمنم

عیان نشد که چرا آمدم کجا رفتم
دریغ و درد که غافل ز کار خویشتنم

چگونه طوف کنم در فضای عالم قدس
که در سراچه‌ی ترکیب تخته‌بند تنم

اگر ز خون دلم بوی شوق می‌آید
عجب مدار که همدرد نافه‌ی ختنم

طراز پیرهن زرکشم مبین چون شمع
که سوزهاست نهانی درون پیرهنم

بیا و هستی حافظ ز پیش او بردار
که با وجود تو کس نشنود ز من که منم

چل ساڵ و ئەندی تەختە دەڵێم من لە کەمترین
دەروێشەکانی پیری موغانم لە کۆی ئەوین

خاڵی نەبوو قەتم لە هەتاوی شەراب جام
چون لوتفی پیری بادەفرۆشم لەگەڵ دەژین

هێنامیانە ژوور و سەکۆی بەرزی مەیکەدە
سوڵتانی عەشق و دەوڵەتی رەندانی پاکبین

خاوێنە دامەن ئەرچی کراسم مەیاوییە
لەم تڵتنۆشە زڵمە گومان و پلاری قین

شاهێنی دەستی شاهم ئەبێ چۆن بەرم لە بیر
شەوقی دیاری یار و وەتەن مەڵهەمی برین

خۆشدەنگ بولبولێ وەکو من حەیفە بۆ قەفەس
وەک سوێسنەم زمانی شرین لاڵ و دڵ خەمین

شیراز ئاو و خاکی گەلێ سپڵە پەروەرە
هاوڕێ لە کوێن کە خێوە لە ئەم شارە هەڵکەنین

«حافز»! کەمی وەشارە لە تۆی پەردە جامەکەت
تاکوو نەڵێم بە خاجە لە ژێر ئەو عەباتە چین!

خاجەی موبارەکێ کە کەمەندی سەخاوەتی
تەوقی تەلای ملمە هەتا رۆژی واپەسین

بازی سپین تەبعی «عومەر» سەختە گرتنی
مەر شاخەوانی تیشکی بزەت دابنێ کەمین

چل سال بیش رفت که من لاف می‌زنم
کز چاکران پیر مغان کمترین منم
هرگز به یمن عاطفت پیر می فروش
ساغر تهی نشد ز می صاف روشنم
از جاه عشق و دولت رندان پاکباز
پیوسته صدر مصطبه‌ها بود مسکنم
در شأن من به دردکشی ظنّ بد مبر
کآلوده گشت جامه ولی پاکدامنم
شهباز دست پادشهم این چه حالت است
کز یاد برده‌اند هوای نشیمنم
حیف است بلبلی چو من اکنون در این قفس
با این لسان عذب که خامش چو سوسنم
آب و هوای فارس عجب سفله‌پرور است
کو همرهی که خیمه از این خاک برکنم
حافظ به زیر خرقه قدح تا به کی کشی
در بزم خواجه پرده ز کارت برافکنم
تورانشه خجسته که در من یزید فضل
شد منت مواهب او طوق گردنم

عومرێ بەسەرچوو بۆ ئەوین هەردەم مەقامێ تەی دەکەم
ڕێگەی تەمەننا هەر خولەک بۆ ڕێگەفامێ تەی دەکەم
بێ خۆر و مانگی رووی ئەوم چون سەخت ئەچێ ڕۆژ و شەوم
جارجارە داوێ دادەنێم بێچارە تەیرێ سەیدەکەم
(ئەوڕەنگ)و(گوڵچێرە)ی لەکوێن کوا نەخشی عەشق و کوا بەڵێن
ئێستاکە من نەرد و قومار بۆ چاوی مەستی مەی دەکەم
تاکوو بزانم سەروی ناز چەتری شکۆی لە کوێیە باز
بۆ هەر خەرامانێ لە باخ ناڵینی چەشنی نەی دەکەم
هەرچەن دەزانم کامی دڵ نادات پێم ئارامی دڵ
ڕەسمی جەماڵی بۆ خەیاڵ وەک نەخشی مانی هەی دەکەم
پێموایە غەم دەرکا لە دڵ، رازی دەرون سەر خا لە دڵ
ئەو ئاخە خوێنینەی کە من هەر سوبح و ئێوارەی دەکەم
وەک «حافز» ئەرچی دوور مام تۆبەم لە مەی کردوون و جام
گاوەختە لا ڕۆحانییان یەک دوو سوراحی پەی دەکەم
«کۆلیل»و مەستی چاوتم شاهێنی بەزمی راوتم
چنگم لە سینگی دڵ کوتا، ها پێشکەشی ئێوەی دەکەم

عمری‌ست تا من در طلب هر روز گامی می‌زنم
دست شفاعت هر زمان در نیک‌نامی می‌زنم
بی‌ماه مهرافروز خود تا بگذرانم روز خود
دامی به راهی می‌نهم مرغی به دامی می‌زنم
اورنگ کو گلچهر کو نقش وفا و مهر کو
حالی من اندر عاشقی داو تمامی می‌زنم
تا بو که یابم آگهی از سایه‌ی سرو سهی
گلبانگ عشق از هر طرف بر خوش‌خرامی می‌زنم
هرچند کان آرام دل دانم نبخشد کام دل
نقش خیالی می‌کشم فال دوامی می‌زنم
دانم سر آرد غصه را رنگین برآرد قصه را
این آه خون افشان که من هر صبح و شامی می‌زنم
با آن‌که از وی غایبم و از می چو حافظ تایبم
در مجلس روحانیان گه‌گاه جامی می‌زنم

بێ شنــەی قـــامەتی ڕەعنـــات لە گوڵــزارم چی
لە قــژی سومبوڵ و ڕووی سۆسـەنی بۆن‌دارم چی
وەی کە ڕووتــم بە توانجی گەلی شۆفـــار نەدی
جــامی ئاســن کە نەبێ ڕووم لە هـــاوارم چی
جـــامی گەردوونە لە دەستــم کە دەبێ بیـنۆشـم
چەشنـی تۆ واعیــزی کـەمفـــام لە ئینکـــارم چی
بەرقی غەیبــی لە کەمیـن‌دا کە وەهــا تیژ و تونـە
تــۆ بفەرمــــوو منــی پۆڵــــوو لە پەلامـــــارم چی
شـــاهی تووران دڵی بێژەنـمی لە چا خستووە گەر
لوتفی ڕۆســـەم لەگــەڵم بێت لـە ئەغیـــارم چی
پێکـــەنێ بۆم کە هەتا ئـاوری کۆی توور لە دوور
ڕون دەبێ وادیی ئەیمـــەن لە شــەوی تــارم چی
مـــاڵە بـــابی منـــە «حافــز»! کە بەهەشتی شایی
لـەم ســـەرا کاولــە مەڵبـــەندی عــەزادارم چی
خەمی زولفت کە کەمەندی ملی«کۆلیل»ـە ئــەدی
لە وزەی تیـــری مـژۆڵ و غەمـــی تیمـــارم چی

بی تو ای سرو روان با گل و گلشن چه کنم
زلف سنبل چه کشم عارض سوسن چه کنم

آه کز طعنه‌ی بدخواه ندیدم رویت
نیست چون آینه‌ام روی ز آهن چه کنم

برو ای ناصح و بر دردکشان خرده مگیر
کارفرمای قدر می‌کند این من چه کنم

برق غیرت چو چنین می‌جهد از مکمن غیب
تو بفرما که من سوخته خرمن چه کنم

شاه ترکان چو پسندید و به چاهم انداخت
دستگیر ار نشود لطف تهمتن چه کنم

مددی گر به چراغی نکند آتش طور
چاره‌ی تیره شب وادی ایمن چه کنم

حافظا خلد برین خانه‌ی موروث من است
اندر این منزل ویرانه نشیمن چه کنم

من نە ئەو رەنـدەم کە تەرکی مەی لە گەڵ دڵبـەر بکـەم
شەرتـە ئەم کـارەم وەکـوو دارۆغە تا مەحشـەر بکـەم

من کە لۆمـەی تۆبەکـارانم بە تـەرکی مـەی دەکرد
تۆبە کاتی گوڵ مەگـەر شێـتم لە کۆی ساغـەر بکـەم؟!

عەشقـی دڵ مـرواری و مەیـخانە زەریـا، مـن غـەواس
خۆم لە بەحـری سوور خست ئاخۆ کە ڕێگـا دەربکـەم

مەستـە نێـرگز، لالە مەیگێـڕ و کەچـی رسـوا منــم
لەم هەموو بێـدادە یـاڕەب روو لە چـەن داوەر بکـەم

تون مەڕۆ ئەی شارشێوێن شۆخی چاوڕەش! تا بە رووی
زەرد و ئەشکی ئـاڵ، ڕێگەت پڕ لە لەعل و زەڕ بکـەم

من کە گەنجی لەعـل و یاقـوتم لە ئەسـرین بێ‌حـەدە
چۆن لە چاوی خۆر ئەشێ سواڵی دوڕ و گەوهەر بکـەم

نـەرمـە بـارانی لەتیـفی سـروە وا گوڵـزاری شت
روم نەبـوو چـاوێ لە نەزمـی جوانـی نێـو دەفتـەر بکـەم

عەهـد و پەیمـانم لە گـەڵ جـام و شەرابا بۆیە بەست
چون فەلـەك پەیمـان و عەهـدێکی نەبوو بـاوەڕ بکـەم

من بە سامـانی هـەژاری سـەر لە جەمشیـد و کەیـم
بۆ دەبێ داوا لە دەوری چـەرخـی پەس‌پـەروەر بکـەم

نـاخ وشکی فەقـرم ئەرچـی شـەرمـەزاری هیممـەتم
گەر لە چەشمەی خـۆری ئیحسـانی منەت لێو تەڕ بکـەم

گەر پەسـەندی لوتفـی تـۆن ئـاور لە گیانم وەر بـدەم
پێـنـەزانـم گەر نـەزەر بۆ زەمـزەم و کەوسـەر بکـەم

دوێنەشـەو لێـوی لە گـەڵ «حافز» بـزەی نـازی نوواند
من وەلـێ بـاوەڕ بە رازی لێـوی ناشـێ هـەر بکـەم

قامـەتی دیـوانی ئەشعـاری منـی «کۆلیـل»ـە چـی
سەیـری ئەم دیـوانە ئێـژن کوفرە تـاوێ گەر بکـەم!

من نه آن رندم که ترک شاهد و ساغر کنم
محتسب داند که من این کارها کمتر کنم

من که عیب توبه‌کاران کرده باشم بارها
توبه از می وقت گل دیوانه باشم گر کنم

عشق دردانه‌ست و من غواص و دریا میکده
سر فروبردم در آن‌جا تا کجا سر برکنم

لاله ساغرگیر و نرگس مست و بر ما نام فسق
داوری دارم بسی یا رب که را داور کنم

بازکش یک دم عنان ای ترک شهرآشوب من
تا ز اشک و چهره راهت پرزر و گوهر کنم

من که از یاقوت و لعل اشک دارم گنج‌ها
کی نظر در فیض خورشید بلنداختر کنم

چون صبا مجموعه‌ی گل را به آب لطف شست
کج‌دلم خوان گر نظر بر صفحه‌ی دفتر کنم

عهد و پیمان فلک را نیست چندان اعتبار
عهد با پیمانه بندم شرط با ساغر کنم

من که دارم در گدایی گنج سلطانی به دست
کی طمع در گردش گردون دون‌پرور کنم

گرچه گردآلود فقرم شرم باد از همتم
گر به آب چشمه‌ی خورشید دامن تر کنم

عاشقان را گر در آتش می‌پسندد لطف دوست
تنگ‌چشمم گر نظر در چشمه‌ی کوثر کنم

دوش لعلش عشوه‌ای می‌داد حافظ را ولی
من نه آنم کز وی این افسانه‌ها باور کنم

چییه عەشقت گوڵی من! بێژه چ تەدبیر بکەم
تا کەی و چەن له غەمت ناڵەیی شەوگیر بکەم
دڵی شێتم لەوه دەرچوو بە قسەی ئێمە بکا
مەگەری باز له کۆی زولفتی زەنجیر بکەم
ئەو غەم و حەسرەتە کێشامە له دووریت، قەڵەم
جەوهەرێ وایە نەبوو بۆتی کە تەحریر بکەم
کوا مەجالێ کە پەرێشانیی دڵ زۆر و کەمی
بۆ سەری زولفی پەرێشانتی تەقریر بکەم
ئارەزوی دیدەنی گیانم کە له سەر بێت، دەبێ
نەخشی کولمت له خەیاڵ ئەو دەمە تەسویر بکەم
گەر بە دین دێیە کەنارم دڵ و دین هەردو ئەدەم
بەڵکە سوودێك لە ئەم مامەڵە نێچیر بکەم
بەسیەتی وەعزی درۆ لێم گەڕه واعیز، بە سەرت!
من کەسێ نیم کە بە گوێی مێشکی ریا بیر بکەم
نییە هیوایە بدا «خاجە» له تەنگانە نەجات
چارەنووسم ئەمە بوو هەرچەنی تەدبیر بکەم
بەختی «کۆلیل» بەڵێ خزمە لەگەڵ زولفی، بەڵام
چۆن دەبێ چەشنی یەك ئەم دوو شەوە تەفسیر بکەم

صنمـا با غـم عشق تو چه تدبیـر کنـم
تا به کی در غـم تو ناله‌ی شبگیـر کنـم
دل دیـوانه از آن شـد که نصیحت شنود
مگرش هـم ز سـر زلف تو زنجیـر کنـم
آن چه در مدت هجر تو کشیدم هیهات
در یکی نامه محال است که تحریر کنـم
با سـر زلف تو مجمـوع پریشـانی خـود
کو مجـالی که سراسر همه تقریـر کنـم
آن زمـان کـآرزوی دیـدن جانم باشـد
در نظر نقش رخ خوب تو تصویـر کنـم
گر بدانـم که وصـال تو بدین دست دهد
دین و دل را همه دربازم و توفیـر کنـم
دور شـو از برم ای واعظ و بیهوده مگوی
من نه آنم که دگر گوش به تزویـر کنـم
نیست امیـد صـلاحی ز فسـاد حافـظ
چون که تقدیر چنین است چه تدبیر کنم

چەم بە زەریـا دەکەم و سەبـری بە سەحـرای دەخەم
دڵـی خۆ، یـانی بە ئەم کـارە بە زەریـای دەخـەم
لە دڵـی تەنگـی گـونـابـار هەڵێـنم ئـاخـێ
گـڕی ئـاگر لە خەتای ئـادەم و حـەووای دەخـەم
قاتـە لەو شوێنـە کە ئەو بێ غـەمی دڵ، هەر بۆیـێ
تێـدەکۆشـم کە بنـەوبـاری دڵـم لای دەخـەم
بـاخـی سینـگی کە بە دەر خـا گوڵی زێڕین کەوا
سـەری سەودام وەکوو زولفی لە بەر پـای دەخـەم
بەنـدی جێ‌تیـری فەلەک شەرتە بە مەستی بچـڕم
تیـری چون گیرە لە گیـانم پەکی جەوزای دەخـەم
دەپڕێنـم لە زەمیـن، تەختـی رەوان، لەعلی شـەراب
گومەزی شین بە چڕەی چەنگ بە ئەی وای دەخـەم
«حافـز» ئەم چـەرخە لەگەڵ کەس کە وەفـادار نەبوو
شێتم ئەم گۆوەنە یەک چرکە، بەر و دوای دەخـەم؟
وەرە «کۆلیـل»! ئەمـەوێ رازی دەرون هەڵـڕێـژم
دڵ وەکـوو سفـرە یەکاڵا دەکـەم و رای‌دەخـەم

دیــده دریــا کنــم و صبــر به صحــرا فکنــم

و انــدر این کــار دل خویش به دریــا فکنــم

از دل تنــگ گنهکــار بــرآرم آهــی

کــآتش انــدر گنــه آدم و حــوا فکنــم

مایه‌ی خوشدلی آن‌جاست که دلدار آن‌جاست

می‌کنــم جهــد که خــود را مگر آن‌جا فکنــم

بگشــا بنــد قبــا ای مــه خورشیــد کــلاه

تــا چو زلفت سـر ســودازده در پـا فکنــم

خــورده‌ام تیــر فلــک بــاده بده تا سـرمست

عقــده دربنــد کمــر ترکش جــوزا فکنــم

جرعــه‌ی جــام بر ایـن تخت روان افشــانم

غلغــل چنــگ در ایـن گنــبد میــنا فکنــم

حافظــا تکیــه بر ایــام چو سهو است و خطا

من چــرا عشــرت امــروز به فــردا فکنــم

سەر وتــم دوێشەو بە عەشقی کولمی رون تا کەی بکـەم
دڵ وتی پێــوەن لە کوێـن تا چـاری ئەم شێتەی بکـــەم

تـا وتــم بەژنی بەڕێکــی ســەروە لێــم ئاڵــۆز بوو
زیــزە ئـازیــزم بە راســی هــاوەڵان چۆن ئەی بکـــەم؟

عیشــوەیێ فەرمــوو کە تەبعــم بێــتە ســەر خۆ نازەنیــن!
چونکە تەشبیهـم بە سـەروێ کردوی خوێن قـەی بکـــەم!

رەنــگ زەردی تەبعــی ناسکـــیانم ئەرچــی بێ‌خەتــام
بێـــنە سـاقی بـــادە تا روو سوور چەشنی مـەی بکـــەم

ئەی هـــەوایێ وا لە کـــۆی لەیــلاوە دێــی تـۆ بی و خــودا!
مــاڵوێــرانی بە جەیحـون بێــژە پێـم تا کـەی بکـــەم

من کە گەنجی جوانی بێ‌پـایــانی تۆم بێ، سەهلـــە بـۆم
سـەد هـــەزاری چەشنی خۆ دارا بە چەشنـی کـەی بکـــەم

ئەی هەتـــاوی بەختـــەوەر هەڵبێ! لە سەر «حافــز» هەتــا
بــۆ دەوامـــی دەولـــەتی بـــەرزت دوعـــا بێ پـەی بکـــەم

تۆ شــوکــور خــاوەن هەنــار و باخـــی سێــوی بۆیە مـن
چەشنی «کۆلیل»ـــت بە رەنگی زەرد ئەبێ هەی بەی بکـــەم

دوش سـودای رُخـش گفتم ز سر بیـرون کنـم
گفت کو زنجیـر تا تدبیـر این مجنـون کنـم

قـامتش را سـرو گفتم سر کشید از من به خشم
دوسـتـان از راست می‌رنجد نگـارم چون کنـم

نکتـه‌ی ناسنجیـده گفتـم دلبـرا معـذور دار
عشـوه‌ای فـرمای تا من طبع را مـوزون کنـم

زردرویی می کشـم زان طبـع نـازك بی گنـاه
ساقیـا جـامی بـده تا چهره را گلگون کنـم

ای نسیـم منـزل لیلـی خـدا را تـا به کـی
رَبـع را بر هـم زنـم اطـلال را جیحـون کنـم

من که ره بـردم به گنـج حسن بی‌پایان دوست
صد گدای همچو خود را بعد از این قارون کنـم

ای مـه صـاحب‌قران از بنـده حافـظ یـاد کن
تا دعـای دولـت آن حسـن روزافـزون کنـم

به قەستی تۆبە سەحەر عەزمی ئیستیخارە دەکەم
بەهاری تۆبەشکین بێ چلۆنی چارە دەکەم
قسەی دڵم هەر ئەمەن: نامەوێ لە کۆڕێ بم
کە نۆشی بادە دەکا مەست و من نەزارە دەکەم
بە یادی مەجلیسی شاهانە چەشنی خونچە بە شەوق
پییاڵە دەگرم و یێخەی کراس پارە دەکەم
لە وەرزی لالە نەخۆشم دەبێ عەلاجم کەن
ئەگەر لە گۆوەنی گوڵدا لە مەی کەنارە دەکەم
گوڵی موڕادی مە پشکووت چون بە دیدارت
دەلاڵەتی سەری دژمن بە بەردە هارە دەکەم
هەژاری مەیکەدەم ئەمما لە کاتی مەستی‌دا
فەخر لەسەر فەلەک و مەحکەمەی هەسارە دەکەم
منێ کە نەمبووە دووری لە هەر حەلاڵ و حەرام
چ عارە غەیبەتی مەی‌نۆشی خەو غەوارە دەکەم
بە تەختی گوڵ سەنەمێ دادەنێم و دەیکەمە شا
کە پاوەنی لە سەمەن، شەوبەنی لە سارە دەکەم
مەلوولە «خاجە» لە نۆشینی مەی بە ترس و دزە
بە دەنگی عوود و دەف و نەی حیجابی پارە دەکەم
قەسەم بە دەردی دەروونی خەمین و «کۆلیل»م
کە زینی بەرقی غەزەڵ بۆ سەفی پەژارە دەکەم

به عـزم توبه سحر گفتم استخاره کنـم

بهـار توبه‌شکن می‌رسد چه چاره کنـم

سخـن درست بگویـم نمی‌توانـم دیـد

که مـی خورند حریفان و من نظاره کنـم

چو غنچه با لب خنـدان به یاد مجلس شاه

پیـاله گیرم و از شوق جامه پـاره کنـم

به دور لالـه دمـاغ مـرا عـلاج کنـید

گر از میـانه‌ی بـزم طـرب کنـاره کنـم

ز روی دوست مرا چون گل مراد شکفت

حواله‌ی سر دشمن به سنگ خـاره کنـم

گـدای میکـده‌ام لیک وقت مستی بین

که نـاز بر فلـک و حکـم بر ستـاره کنـم

مرا که نیست ره و رسـم لقمـه‌پرهیـزی

چـرا مـلامت رنـد شـراب‌خـواره کنـم

به تخت گـل بنشـانم بتی چو سلطـانی

ز سنبل و سمنش ساز طوق و یـاره کنـم

ز بـاده‌خوردن پنهـان ملول شـد حافـظ

به بانگ بربط و نی رازش آشکاره کنـم

حاشا بلێم لە وەرزی گولا تەرکی مەی دەکەم
سەرگەنجی دەرک و هۆشە من ئەم کارە کەی دەکەم
نەیژەن لە کوێن کە بەرهەمی زانین و زوهدی خۆ
خەرجی سەدای چەنگ و نەوای عوود و نەی دەکەم
زۆرم لە دەرسی مەدرەسە گیراوە حاڵی دڵ
یەک سەردەمێک مەشقی خەت و خاڵ و مەی دەکەم
کەی بوویەتی زەمانە وەفا، جام بێنە بۆم!
تا من حەکایەتی جەم و دارا و کەی دەکەم
ترسم لە رۆژی حەشر و لە نامەی رەشم نییە
سەد دەفتەری وەها بە شکۆی رەحمی تەی دەکەم
لە کوێن سەبا کە من گلەکانی شەوی فیراق
هەر بۆ ئەوانی بەختەوەر و نیکپەی دەکەم
گیانی ئەمانەتێ کە بە «حافز» گەیی لە یار
رۆژێک رووی ئەبینم و پێشکەش بە خۆی دەکەم
«کۆلیل»! جەژنی بەژنی بەهارە و شەرابی ناب
تەبعی حاتەمی شیعر و غەزەڵ وەقفی تەی دەکەم

حاشا که من به موسم گل ترک می کنم
من لاف عقل می‌زنم این کار کی کنم
مطرب کجاست تا همه محصول زهد و علم
در کار چنگ و بربط و آواز نی کنم
از قیل و قال مدرسه حالی دلم گرفت
یک چند نیز خدمت معشوق و می کنم
کی بود در زمانه وفا؟ جام می بیار
تا من حکایت جم و کاووس کِی کنم
از نامه‌ی سیاه نترسم که روز حشر
با فیض لطف او صد از این نامه طی کنم
کو پیک صبح تا گله‌های شب فراق
با آن خجسته طالع فرخنده پی کنم
این جان عاریت که به حافظ سپرد دوست
روزی رُخش ببینم و تسلیم وی کنم

چوو ژیانێك و لە مەیخانەی ئەوین خزمەت دەکەم
با هەزارم کاری دارا، خاوەنی دەوڵەت دەکەم
تا لە تۆڕی وەسڵی مەیلی خەم خەرامان دلبەری
ماتڵی کاتم مڵاسم داوە کەی فرسەت دەکەم
قەت قسەی راسی لە دەم دەرنایە واعیز، ئەڵبەتە
غەیبەتی ناکەم لە خزمەت خۆشی وا سوحبەت دەکەم
نەرم و ئەسپایی لەگەڵ سروەی دەچم بۆ مێرگوڵان
بەس لە یارانی تەریقەت چاوەڕێی هیممەت دەکەم
زەحمەتی ناڵەم پتر خاکی دەرت هەڵناگری
لوتفی زۆرت بوو گوڵم! بێڵانە کەم زەحمەت دەکەم
زولفی خاوی داوی رێ، نازی وەکوو تیری بەڵا
هۆشی خۆت ئەی دڵ ببێ بۆ تۆ بە دڵ وەسیەت دەکەم
چاوی بەدبین با نەبینێ ئەی دڵاوا راز پۆش!
عەیب و تاوانێ کە خۆمی پێ لە خەڵوەت لەت دەکەم
«حافز»ی قورئان لە کۆڕێك و لە کۆڕێ بادەنۆش
سەیرە چەن دووڕووم و چۆن شۆخی لەگەڵ ئوممەت دەکەم
داوی مەکری هەرکەسێ جۆرێك دانا، وا منیش
وەك «عومەر» سەدجۆرە باسی زولف و خاڵ و خەت دەکەم

روزگاری شد که در میخانه خدمت می‌کنم
در لباس فقر کار اهل دولت می‌کنم

تا کی اندر دام وصل آرم تذروی خوش‌خرام
در کمینم و انتظار وقت فرصت می‌کنم

واعظ ما بوی حق نشنید بشنو کاین سخن
در حضورش نیز می‌گویم نه غیبت می‌کنم

با صبا افتان و خیزان می‌روم تا کوی دوست
و از رفیقان ره استمداد همت می‌کنم

خاک کویت زحمت ما برنتابد بیش از این
لطف‌ها کردی بتا تخفیف زحمت می‌کنم

زلف دلبر دام راه و غمزه‌اش تیر بلاست
یاد دار ای دل که چندینت نصیحت می‌کنم

دیده‌ی بدبین بپوشان ای کریم عیب‌پوش
زین دلیری‌ها که من در کنج خلوت می‌کنم

حافظم در مجلسی، دُردی‌کشم در محفلی
بنگر این شوخی که چون با خلق صنعت می‌کنم

تەرکی حەزی نیگار و سوراحیم لە سەر نییە
تۆبەم چەنێک کرد و لە هیچم خەبەر نییە
کۆشکی بەهەشت و سێبەری تووبا و باخ و کیژ
بۆ من شکۆی خاکی لەبەر پێتی هەر نییە
حاڵی بە رەمزی دیدە دەبن خەڵکی دڵ، منیش
کردم ئیشارە چونکە ئەوین بێ‌نەزەر نییە
دەستی نەداوە بۆم کە لە خۆمم خەبەر بێ
تا سەر نەدەم لە مەیکەدە هۆشم لە سەر نییە
واعیز وتی بە تانە بڕۆ تەرکی حەز بکە
ناکەم جەناب! کاری وەها خێرە، شەڕ نییە
پارێزی من ئەوەن کە لە کۆی دەلالانی شار
نازی لەسەر مینبەر و کریشمەم لەبەر نییە
«حافز»! سەرای پیری موغان کۆشی رەحمەتە
هەرکەس لەم ئاستانە بچێ بەختەوەر نییە
«کۆلیل» گوێ بە زەنگی موناجاتی بەیانە
دەرمانی دەردی ئێمە مەگەر ئەی سەحەر نییە

من تــرک عشق شاهد و ساغر نمی‌کنـم
صد بــار توبه کـردم و دیگـر نمی‌کنـم
بـــاغ بهشت و سایه‌ی طوبی و قصر و حور
با خــاک کـوی دوست بــرابــر نمی‌کنـم
تلقیــن و درس اهل نظر یک اشــارت است
گفتـــم کنـــایتـی و مکـــرر نمی‌کنـم
هـر گـــز نمی‌شـود ز سـر خـود خبـر مرا
تــا در میـــان میـــکده سـر برنمی‌کنـم
ناصح به طعن گفت که رو ترک عشق کن
محتــاج جنگ نیست بـــرادر نمی‌کنـم
این تقویـــم تمـــام که با شـــاهدان شهـر
نــاز و کرشمـــه بر ســر منــبر نمی‌کنـم
حافظ جنـاب پیـر مغان جای دولت است
من تــرک خــاک‌بوسی این در نمی‌کنـم

مژۆڵــی دڵڕەشت رەخنــەی ئەوەن کردون لەسـەر دینم
دەڵێـم بـەو چاوە بیمـارەت فیـداکەم گیـانی بێ‌تیــنم
ئەرێ ئـەی هــاونشینی دڵ! کە یــارانت لە بیـرۆ چـوو
بە بێ یــادی ئەتۆ یـاڕەب نەفــەس‌بڕ بێ دەمـی ژیــنم!
جەهان ئەی زاڵی بێ‌بونیــاد هەی فەرهــاد کوژ هەی داد!
کە مەکر و فێڵــی تـۆ کردی وەڕەز لە گیــانی شیریــنم
لە تــاوی ئـاوری دووری وەکوو گوڵ نوقمی ئارەق بووم
نەسیمی سـروە! کوا عەترێ لە دەسرەی بۆ عەرەق‌چیــنم
بە قــوربانی بـرۆی سـاقی دەکەم حــەو تـاق و مابــاقی
تەماشــایێکی ئەو نــادەم بە تۆپـی چەرخــی چاوشیــنم
بە جێگــەی من کەسێ‌تر هەڵبژێرێ گەر ئەوین، یـاڕەب!
نەمێــنم گیــان ئەگەر دانـم لە جێـی ئازیــزی مێژیــنم
سبەینــێ‌باشــی وت بولبول، مەنوو ساقی لە خەو هەستە!
لەسەر غەوغا دەکـا خەونـێ کە دوێشـەو هـاتی بۆ دیــنم
شەوی کۆچم لە جێ‌مەرگۆ دەچم بۆ کۆشکی چاومەستان
لـە کـاتی گیــان کەنشتا، تۆ ئەگەر شــەم بـی لـە باڵیــنم
قســەی دڵمان و تامــەزرۆی ئەوینـێ سـەبتـە لەم شیعـرە
بەڕاسـی بێ‌هەڵە و نەقســە کە «حافـز» کـردی تەڵقیــنم
لە شەوگــاری رەشی بێ‌ئێــوەییدا چەشنی «کۆلیـل»ـت
لەســەر نەزمێکی وا پەخشــانە لەعلی نەسـری ئەسریــنم

به مژگـــان سیـــه کردی هـــزاران رخنـه در دینـم
بیـــا کز چشـــم بیمـــارت هـــزاران درد برچیـــنم

الا ای همنشیـــن دل که یـــارانت برفـت از یـــاد
مـرا روزی مبـــاد آن دم که بی یـــاد تو بنشیـــنم

جهان پیر است و بی‌بنیاد از این فرهادکش فریـــاد
که کرد افسـون و نیرنگش ملول از جـان شیرینـم

ز تـــاب آتش دوری شـدم غرق عـرق چون گـل
بیـــار ای بـاد شبـگیری نسیمـی زان عـرق‌چیـــنم

جهـــان فـــانی و باقـی فـــدای شـــاهد و ســـاقی
کـه سلطـــانی عـــالم را طفیـــل عشـق می‌بیـــنم

اگر بر جـای من غیری گزیند دوست حاکم اوست
حـــرامم باد اگر من جان به جای دوست بگزینـــم

صَبـاح الخَیـــر زد بلبـل کجـایی ساقیـا برخیـــز
که غوغـــا می‌کنـد در سر خیـال خواب دوشیـــنم

شب رحلت هــم از بستـــر روم در قصـر حورالعیـن
اگر در وقت جـــان دادن تو باشـــی شمـع بالیـــنم

حـــدیث آرزومنـــدی که در این نـــامه ثبت افتـــاد
همـــانا بی‌غلـــط باشـــد که حافـظ داد تلقیـــنم

چوونی بۆ مەیکـەدەم ئێستـاکە گەلێ مەسڵەحەتە
تـا لەوێ خۆش بحەسێمـۆ کە فـرەم دڵ شەکەتە
دوور لەم خێـڵە ریاکـارە دەبم جـام بە دەست
واتـە لەم عـالـەمە هەر پاکـدڵیم رەسـم و خەتە
تا لە دونیـا بە حەریفـانی دەغـەڵ تووش نەبم
هەر لەگـەڵ یـار و شـەراب و غەزەڵم پێ رەحەتە
هەڵیـدێنم سـەری سـالار لە نێـو بـاخ وەکوو
سـەرو ئەگـەر مەیلـی جەهانم لە سەرا بێ قەوەتە
شەرمـەزارم لە حوزووری مەی و مەیگێـڕ گەلـێ
بـەم عەبـا شـۆڕەوە هـەر ئەونـەمە لافـی غەڵەتە
سینگی تەنگی من و باری غەمی ئەو دوورە لە یەك
پیـاوی ئەم بــارە نە بێچـارە دڵـی پڕخەفەتە
من ئەگەر مەست لە مەیـخانەم و یا شێـخ لە شار
وەك دەبینی ئەمە کاڵامە کە هەر خـەوش و چەتە
سـەروەرم ئاسـەفی دەورانە لـەوم لا مـەدە رێ
لێـو کە تەڕ کەم، لە فەلـەك تۆڵە گرم ئەو فەقەتە
دڵ لە گەردی ستەمم پڕ بووە یـاڕەب کە نەکەی
لێـڵ ئەو جـامی ئەوین ئاینـە لـەو مەملـەکەتە
ماڵـی وێـرانە، نەبـێ ئەو دڵـە «کۆلیل»ـی برۆت
مـاڵت ئـاوا بە بـرۆی ئێـوە دڵی ئێمـە لەتە

حـالیـا مصلحـت وقـت در آن مـی‌بیـنم
که کشم رخت به میخـانه و خـوش بنشیـنم
جـام مـی گیـرم و از اهـل ریا دور شـوم
یعنـی از اهــل جهــان پاکـدلی بگزینـم
جز صــراحی و کتــابم نبود یــار و ندیـم
تا حریفــان دَغــا را به جهــان کم بیـنم
ســر به آزادگی از خلـق برآرم چون سـرو
گر دهد دست که دامن ز جهان درچیـنم
بس که در خرقـه‌ی آلوده زدم لاف صـلاح
شرمســار از رخ ســاقی و مـی رنگیـنم
سیــنه‌ی تنـگ مـن و بـار غــم او هیهات
مـرد این بــار گــران نیست دل مسکیـنم
من اگر رنــد خرابــاتم و گر زاهــد شهـر
این متاعــم که همی‌بیــنی و کمتر زینـم
بنــده‌ی آصف عهــدم دلـم از راه مبــر
که اگـر دم زنـم از چـرخ بخواهد کیـنم
بر دلـم گـرد ستــم‌هاست خـدایــا مپسند
کـه مکـدر شــود آیینــه‌ی مهـرآییـنم

ئەگەر هەستێ لە دەس بەختم کە دانیشم لەگەڵ ژینم
لە لێوی لەعلی مەی‌نۆشم، لە باخی وەسڵی گوڵچینم
رەگ و ریشەم دەسووتێنێ شەرابی تاڵی سۆفی کوژ
لە لێوت ساقیا ماچێ لەباتی گیانی شیرینم
دەکا شێتم یەقین فیکری پەرێشانێ، کە شەو تا رۆژ
لەگەڵ مانگم وتووێژە و بە خەو پۆلی پەری بینم
بە مەستان شەکری دا لێوت بە مەی‌نۆشانی مەی چاوت
منم بێبەش لە هەر دوو لا نە شیرین و نە نۆشینم
وەکوو هەر خاک با هێنای و لوتفێکت نەسیبی بوو
لەمەش یادێ بفەرموو چونکە خزمەتکاری دێرینم
نە هەرکەس هۆنیۆ بەیتێ ئەدیبە و نەزمی دڵگیرە
منم کەوگیری شیعری تازە چون چالاکە شاهینم
بە پێنووسی منی کێشاوە مانی نەخشی وێنووسی
بڕوا! بڕوا ئەگەر ناکەی بە کۆی سوورەتگەری چینم
لە هەرکەس نایە حەقبێژی، وەفاداری، ئەمن بۆیە
غولامی ئاسەفی دووهەم شکۆی دونیا و هەم دینم
بە واعیز گوێ نەدەی! من رەندی و مەستی دەزانم چین
کە من هەر شەو حەریف و هاوپیاڵەی مانگ و پەروینم
لە زستان و کرێوەی بێ‌وەفاییدا گەلێ دامان
وەکوو «کۆلیل» بۆیێ هەر لە فیکری تینی هاوینم

گرم از دست برخیزد که با دلدار بنشینم
ز جام وصل می‌نوشم ز باغ عیش گل چینم

شراب تلخ صوفی‌سوز بنیادم بخواهد برد
لبم بر لب نِه ای ساقی و بستان جان شیرینم

مگر دیوانه خواهم شد در این سودا که شب تا روز
سخن با ماه می‌گویم پری در خواب می‌بینم

لبت شکر به مستان داد و چشمت می به می‌خواران
منم کز غایت حرمان نه با آنم نه با اینم

چو هر خاکی که باد آورد فیضی برد از انعامت
ز حال بنده یاد آور که خدمتگار دیرینم

نه هر کو نقش نظمی زد کلامش دلپذیر افتد
تذرو طرفه من گیرم که چالاک است شاهینم

اگر باور نمی‌داری رو از صورتگر چین پرس
که مانی نسخه می‌خواهد ز نوک کلک مشکینم

وفاداری و حق‌گویی نه کار هر کسی باشد
غلام آصف ثانی جَلال الحقّ و الدّینم

رموز مستی و رندی ز من بشنو نه از واعظ
که با جام و قدح هر دم ندیم ماه و پروینم

لە سەکـــۆی مـەیکەدە شەو نووری خودا دێتـە نـەزەر
سـەیـــرە لەکوێــوە کە نوورێکی وەهـــا دێتــە نــەزەر
نـــاز مەفرۆشـــە بە مـن قافلـــەســـالاری حەجـاج!
کە لە تـــۆ مـــاڵ و لە مـــن دیـارە بەنـــا دێتــە نــەزەر
بـەو هـەوایەم لە گــرێ بـــاز بکەم زولفـــی ئــەویــن
فیکــری دوورێکە ســەد ئەڵبـەتە خەتـا دێتــە نــەزەر
سۆزی دڵ، گەوهەری چاو، ئاهی سەحەر، ناڵەیی شەو
گشت ئەمـــانەم نـــەزەری ئێـــوەیــە وا دێتــە نــەزەر
هــەردەم ئەگــرێ دەمــی رێگـــا بە خەیـاڵم جـۆرێ
کـــێ دەزانـــێ کە لە تـــۆی پەردە چـها دێتــە نــەزەر
کەس لە میسکی خوتـــەن و مامــزی ماچیـــنی نـەدی
بۆنی خۆشێ کە سەحـەر خۆش لە سەبـا دێتــە نــەزەر
عەشقــی «حـــافــز» بە بتـــێ عەیب مەزانـــن یـــاران!
چونکە وەک عاشقــی ئێــوەی بەوەفـــا دێتــە نــەزەر
هەر کە مەجنــوونی قـــەد و قـــامەتی لەیـلایە «عومەر»!
خۆی خـدر، عەشقی وەکوو ئاوی بەقـــا دێتــە نــەزەر

در خرابـــات مغـــان نـور خـــدا می‌بیـــنم

این عجب بین که چه نوری ز کجا می‌بیـــنم

جلوه بر من مفروش ای ملک الحاج که تو

خـــانه می‌بیـــنی و من خـــانه خـــدا می‌بیـــنم

خواهـــم از زلف بتـــان نـافه گشـــایی کردن

فکـــر دور است همـــانا که خطـــا می‌بیـــنم

ســـوز دل اشک روان آه سحر ناله‌ی شب

این همـــه از نظـــر لطف شمـــا می‌بیـــنم

هـــر دم از روی تو نقشی زنـــدم راه خیـــال

با که گویم که در این پرده چه‌ها می‌بیـــنم

کس ندیده‌ست ز مشک ختن و نافه‌ی چین

آن‌چه من هر سحـــر از بـــاد صبـــا می‌بیـــنم

دوستـــان عیب نظـــربازی حافـــظ مکنـــید

کـــه مـــن او را ز محبـــان شمـــا می‌بیـــنم

غـەمـی زەمـــانە کـە هیچـی کەنـــار نـابیـــنم
شـــەرابی سوور نەبـێ چـاری کـار نـابیـــنم
مەحـــاڵە حەزرەتی پیـری موغــان بەجـێبێڵم
کە تەرکی خزمـــەتی هەرگیز لە بـار نـابیـــنم
بە خۆری جـام مەسەنجێـنە عەیش و ئەنـدازەی
کە بەختـی کــات لە دەوری مــەدار نـابیـــنم
نیشـانی دۆسـی خودا عەشقە، بەس دەبێ بت بێ
کە ئەم نیشـــانە لەگـەڵ شێخی شـــار نـابیـــنم
هەزار داخـی گـــران بۆ دو چـــاوی حەیـــرانم
کە بـەو دو ئـایـــەنـە رووی ئاشکـــار نـابیـــنم
لە جۆیـــباری دییـــەم سـەروی قـامەتی تا چوو
بە غـەیـری ئەشـکی پڕەنـگی گـلار نـابیـــنم
کەسێ قومێـــکی شـەرابی بە ئەم خومــارە نەدا
ئەشـا! لە خەڵکی جەهان کەس بە یـار نـابیـــنم
لە من مەپرسە نیشـــانی بە چەشنی موو کەمـەری
لـــەوێ کە خـــۆ بە دەبیـــری دیـار نـابیـــنم
ئەدی من و دوڕی زەریای «خاجە» چونکە لەوێ
نەبێـت گەنجـی قســەی زەڕنیگـــار نـابیـــنم
دڵـم لە حەســرەتی زولفـی شـەواری «کۆلیل»ـە
کـە وا شـــەوارەمـە بەژنـــی بەهـــار نـابیـــنم

غــم زمـانه که هیچش کــران نمی‌بیــــنم
دواش جز مــی چون ارغــوان نمی‌بیــــنم
به ترک خدمت پیــر مغان نخواهم گفت
چـرا که مصلحت خود در آن نمی‌بیــــنم
ز آفتــاب قــدح ارتفــاع عیش بگیــر
چــرا که طالع وقت آن‌چنان نمی‌بیــــنم
نشــان اهل خــدا عاشقی‌ست با خود دار
که در مشــایخ شهر این نشان نمی‌بیــــنم
بدین دو دیــده‌ی حیران من هزار افسوس
که بـا دو آینــه رویش عیــان نمی‌بیــــنم
قــد تو تـا بشــد از جویبــار دیده‌ی من
به‌جــای سرو جز آب روان نمی‌بیــــنم
در این خمــار کسم جرعـه‌ای نمی‌بخشد
ببــین که اهــل دلی در میــان نمی‌بیــــنم
نشــان موی میــانش که دل در او بستم
ز من مپرس که خود در میان نمی‌بیــــنم
من و سفیــنه‌ی حافظ که جز در این دریا
بضــاعت سخــن دُرفشــان نمی‌بیــــنم

خۆشــە ئەو ڕۆژە لە کۆی مەنــزڵی وێــران دەڕۆم
گیان دەبێ راحەت و لەشوێن گوڵی گیانان دەڕۆم
با دەزانــم کە لە رێ نابەڵــەدن خێــڵی غــەریب
من بە بــۆنی ســەری دوو زولفــی پەرێشــان دەڕۆم
دڵ مەلــوولی هەڕەشــەی بەندی سکەندەر بووە وا
ئــارەزوم کۆچــە، بەرەو (تەختی سلێمــان) دەڕۆم
وەک سەبــا با ئــەوە بیمــارم و بێ تــاقــەتــە دڵ
بە حــەزی ســەروی رەوان بەژنی خەرامــان دەڕۆم
وەک قەڵەم گەر بە ســەریشم بووە بۆ لای دەچــم
بە دڵی زەخمــی و کڵپــە و کوڵــی گریــان دەڕۆم
نەزری سەرشــانمە گەر لەم غەمــە رۆژێ بەدەرێم
تا دەری مەیکەدە سەرخــۆش و غەزەڵخــان دەڕۆم
لە ئەوینــی وەکــو یەک زەڕڕە بە دەم رەقســەوە تــا
کانی گەورەی کەرەمی خۆری درەخشــان دەڕۆم
لە عەرەب نایــە غەمی بــاری گرانی گەل و تــاک
بێــنە مەیدان کوڕەکــانی عەجــەم ئاســان دەڕۆم
لە بیــاوان وەکــو «حــافــز» ئەگــەرم رێگە نەبرد
نیــیە باکــم لە پەنــای ئاســەفی دەوران دەڕۆم
خوڕڕەم ئەو ڕۆژە لە کۆی (ئــاویــەر)ی ســەربەرزم
پاک وەک (کانی شفا) روو بە (سنە)ی جوان دەڕۆم

خرم آن روز کز این منزل ویران بروم
راحت جان طلبم وز پی جانان بروم
گرچه دانم که به جایی نبرد راه غریب
من به بوی سر آن زلف پریشان بروم
دلم از وحشت زندان سکندر بگرفت
رخت بربندم و تا ملک سلیمان بروم
چون صبا با تن بیمار و دل بی‌طاقت
به هواداری آن سرو خرامان بروم
در ره او چو قلم گر به سرم باید رفت
با دل زخم کش و دیده‌ی گریان بروم
نذر کردم گر از این غم به در آیم روزی
تا در میکده شادان و غزل‌خوان بروم
به هواداری او ذره صفت رقص کنان
تا لب چشمه‌ی خورشید درخشان بروم
تازیان را غم احوال گران‌باران نیست
پارسایان مددی تا خوش و آسان بروم
ور چو حافظ ز بیابان نبرم ره بیرون
همره کوکبه‌ی آصف دوران بروم

گەر لە ئەم مەنزڵە وێرانە بەرەو یانە بڕۆم
شەرتە شێتی کە نەکەم لەو حەنە فەرزانە بڕۆم
بە وەتەن لەم سەفەرەم گەر بە سلامەت بگەیێم
نەزری سەرشانمە یەکسەر کە بە مەیخانە بڕۆم
تا بڵێم بەرهەمی ئەو سەیر و سولووکەم چ بووە
جوانە بۆ تەکیە لەگەڵ نەی، دەف و پەیمانە بڕۆم
ئاشنایانی ئەوین با بمژن خوێنیشم
ناکەسم بۆ گلەش ئەر لا کەس و بێگانە بڕۆم
بەندی زولفی وەکو زەنجیری لەمە و پاشمە جێ
تا کەی و چەندە لە شوێن ئەو دڵە دێوانە بڕۆم
دیم ئەگەر تاقی برۆی هەر وەکو میحرابی دەبێ
شوکری جێبێنم و بێ‌ڕۆح لە شوکرانە بڕۆم
خۆزگە بەو ڕۆژە کە وەك «خاجە» بە دۆسی سەری تۆ
مەس لەگەڵ دۆس لە مەیخانەوە بۆ یانە بڕۆم
مەستی بادەی خەسی دوو چاوتە «کۆلیل» دڵێ
تۆ بی و چاوی مەسی خوایە! کە مەستانە بڕۆم

گر از این منـــزل ویـــران به ســـوی خـــانه روم
دگـر آن‌جـــا کـه روم عاقـــل و فـــرزانه روم
زین سفـــر گر به ســـلامت به وطـــن بـــاز رسم
نـــذر کـــردم کـه هـــم از راه بـه میـــخانه روم
تا بگویم که چه کشفم شد از این سیر و سلوک
بـه در صـومعـــه بـا بـــربـــط و پیمـــانه روم
آشنایـــان ره عشق گـــرم خـــون بخـــورنـــد
نـاکســـم گـر به شکـــایت ســـوی بیگـــانه روم
بعـد از این دست من و زلف چو زنجیـر نگـار
چنـــد و چنـــد از پی کـــام دل دیـــوانه روم
گر ببیـــنم خـــم ابـروی چو محـرابش بـاز
سجـــده‌ی شکـر کنـــم و از پی شکـــرانه روم
خـــرم آن دم که چـو حافـظ به تـولای وزیـر
ســرخوش از میـــکده با دوست به کاشـــانه روم

خۆشە پامـاڵی جەفاتم وەکـو خـاکی سـەرە ڕێت
ماچ ئەکەم خاکی دەرت زەحمەتی کێشاوە کە پێت
من نە ئەو کەسمـە لە دەس ئێـوە بنـاڵم هەرگیز
دەوڵەتی تۆیـە مەرامـی ئەمنی حەڵقـە لە گوێت
بە خەمـی زولفـی درێـژت هەیە هیـوام گەلێ
خوانەکا کورت وەکا دەستی مەبەستی، دڵی شێت
زەڕڕە خاکێکم و جێم خۆشە لە بەر دەرکی موراد
هـەر لە بـا ترسمـە ئەی دۆس لە نـاکـاو کە بێت
پیـری مەیخـانە سەحـەر بۆیـە دڵـی دام جـەلا
تێـبگەم تا لە پلـەی حوسنی خـودادادو بەجێت
زاهیـدی سـافی مـزەوتی سـەرەووم، ئێستە بەڵام
مەیـکەدەم جێگـەیە لەو شوێنە دڵم دادەکەوێت
لەگـەڵ ئەم خـاکنشینەت وەرە بۆ مەیـکەدە تا
حورمـەتی ئێمـە بزانیت لەوێ چەنـدە دەچێت
مەست ڕۆیشتـی و نەتبـوو نـەزەرێ بـۆ «حافـز»
خوانـەکا ئاگـری ئاخـم لە پڕێ خـۆش بگرێت
شاهی خاوەر لەوە فەرموی کە سەحەر خۆشم هات
مەیلی شاییـم نییە من خزمـەتی توورانـم ئەوێت
ملـوەنی سـوور لە مـرواریی ئەسـرینی «عومـەر»
بـۆ مـل و گـەردنی بەرزی کچـی ئێـران دەشێت

آن‌که پامال جفا کرد چو خاک راهم

خاک می‌بوسم و عذر قدمش می‌خواهم

من نه آنم که ز جور تو بنالم حاشا

بنده‌ی معتقد و چاکر دولت‌خواهم

بسته‌ام در خم گیسوی تو امید دراز

آن مبادا که کند دست طلب کوتاهم

ذره‌ی خاکم و در کوی توام جای خوش است

ترسم ای دوست که بادی ببرد ناگاهم

پیر میخانه سحر جام جهان‌بینم داد

وندر آن آینه از حسن تو کرد آگاهم

صوفی صومعه‌ی عالم قدسم لیکن

حالیا دیر مغان است حوالتگاهم

با من راه‌نشین خیز و سوی میکده آی

تا در آن حلقه ببینی که چه صاحب جاهم

مست بگذشتی و از حافظت اندیشه نبود

آه اگر دامن حسن تو بگیرد آهم

خوشم آمد که سحر خسرو خاور می گفت

با همه پادشهی بنده‌ی تورانشاهم

دیـداری بوو بە قسمـەت و مـاچ و کەنـار هـەم　　پێمن سپاسی بەخت و خولی رۆژگار هـەم
سۆفـی بـڕۆ کـە خـۆری ئەوینـم ئـەوا هـەڵات　　جامی مەیم لەدەست و شەوی زولفی یار هەم
عەیبی کەسێـک ئێمـە بە نۆشینی مـەی نەکـەیـم　　لەعلی شـەراب خۆشـن و لێوی نیگـار هەم
بگرن سـوراغی دڵ کە گـوم‌وگـۆڕە موحتـەسیب　　پڕپڕ لە مەی جەهان‌و مەزەی خۆشگەوار هەم
خـاتـر بـە دەستـی تەفـرەقە نـادا بلیمـەتێ　　بەس کۆوەبن بە شیعر و بە بادەی هەنار هەم
یەک قـوم لە لەعلـی لێـوی بڕێـژن لەسـەر گڵـم　　تا خاک بێ بە سوورەگوڵ و موشکبار هەم
چوو ئەو دەمەی کە چاوی چەپەڵ گرتبوی کەمین　　دژمن نەما لە بەیـن و سرشکـی گـلار هـەم
چون کـائینات پـاکی بە ئوکسێـژنت دەژێـن　　تیشکێک ئەی هەتـاوی ژیان بۆ هـەژار هەم
باخـی گوڵان لە فەیزی جەمـاڵت بە رەنگ و بـۆن　　هـەوری کـەرەم بگیـرە! کەمێ بۆ کەنار هـەم
لە خـوا بترسـە! «حافـز» ئەسیـری کـەزێت بوو　　عـەرزەم هەتـا نـەداوە بە عـالیتەبسار هـەم
(بورهان)ـی موڵک و دین کە لە ئیقباڵی ئەو زەمان　　کانی کـەرەم بەڕاسـی چەپـی بەحـروار هـەم
سوبح ئاسمـان بەیادی گەشـەی فیکـری رۆشنـی　　گیانی فیـدا دەکات و هەسارەی نیسار هەم
تۆپی زەوینـە گۆی قـەفی گۆچـانی عـەدڵی ئـەو　　ئاسمـانی شین و بەرزی گومەز بەرقـەرار هەم
بۆ عەزمی رۆحسـووکی دەبێ بێتە گەرد و خـول　　نوختـەی مـەداری چەرخ و بنەی پایەدار هەم
تا ئەو دەمـەی لە سووڕی فەلـەک دێتـە ئاڵ‌وگـۆڕ　　یەعنی کە ساڵ و مانگ و خەزان و بەهار هەم
خـاڵی نەبێت کـۆشـکی جـەلالی لە گـۆوەن و　　مەیگێڕ و سەروی ناز و قەدی گوڵعوزار هەم
بێبـەش نەبێ لە مـاچی خەت و خاڵ و شیعـری تەڕ　　«کۆلیـل»و کۆڕی کیژ و کوڕی دڵپەژار هەم

دیدار شد میسر و بوس و کنار هم — از بخت شکر دارم و از روزگار هم

زاهد برو که طالع اگر طالع من است — جامم به دست باشد و زلف نگار هم

ما عیب کس به مستی و رندی نمی‌کنیم — لعل بتان خوش است و می خوشگوار هم

ای دل بشارتی دهمت محتسب نماند — وز می جهان پر است و بت می‌گسار هم

خاطر به‌دست تفرقه دادن نه زیرکی‌ست — مجموعه‌ای بخواه و صراحی بیار هم

بر خاکیان عشق فشان جرعه‌ی لبش — تا خاک لعل‌گون شود و مشکبار هم

آن شد که چشم بد نگران بودی از کمین — خصم از میان برفت و سرشک از کنار هم

چون کائنات جمله به بوی تو زنده‌اند — ای آفتاب سایه ز ما برمدار هم

چون آب روی لاله و گل فیض حسن توست — ای ابر لطف بر من خاکی ببار هم

حافظ اسیر زلف تو شد از خدا بترس — وز انتصاف آصف جم اقتدار هم

برهان ملک و دین که ز دست وزارتش — ایام کان یمین شد و دریا یسار هم

بر یاد رای انور او آسمان به صبح — جان می‌کند فدا و کواکب نثار هم

گوی زمین ربوده‌ی چوگان عدل اوست — وین برکشیده گنبد نیلی حصار هم

عزم سبک عنان تو در جنبش آورد — این پایدار مرکز عالی‌مدار هم

تا از نتیجه‌ی فلک و طور دور اوست — تبدیل ماه و سال و خزان و بهار هم

خالی مباد کاخ جلالش ز سروران — وز ساقیان سروقد گلعذار هم

هەر بە یارە دەرد و دەرمانیش هەم
دڵ بە قوربانی دەکەم گیانیش هەم
ئەو شتەی ئێژن لە جوانی سەرترە
پڕ کەماڵە دڵبەر و جوانیش هەم
قەستی گیانی کردم ئەو یادی بەخێر
تا شکانی قەول و پەیمانیش هەم
نوکتەیێ ئێژم عەزیزان سەر بە مۆر
وەک دەبێ ڕۆژێ بە گۆرانیش هەم
هەروەها سەرچوو شەوانی وەسڵی ئەو
دەگوزەرێ ڕۆژانی هیجرانیش هەم
دین و دونیا پەڕتەوێکی ڕوومەتی
پێم وتی بە زمان و بە گیانیش هەم
باوەڕی پێناکرێ دونیا پەسە
با بڵێم گەردوونی گەردانیش هەم
بێنە مەی عاشق! لە قازیم باک نین
وەک لە باس و خواسی دیوانیش هەم
موحتەسیب زانی کە «حافز» عاشقە
ئاسەفی زانا، سولەیمانیش هەم
خەڵکی کەرکووکم لەگەڵ «کۆلیل» و دڵ
هەر وەکوو ئامێد و بۆتانیش هەم

دردم از یـــار است و درمـــان نیـــز هم

دل فـــدای او شـــد و جـــان نیـــز هم

این که می گوینـد آن خوش‌تر ز حسـن

یـــار مـــا ایـــن دارد و آن نیـــز هـم

یـــاد بـــاد آن کـو به قصـد خـون ما

عهـــد را بشکست و پیمـــان نیـــز هـم

دوستـــان در پـــرده می گـویـم سخـن

گفتـــه خواهـد شد به دستـان نیـز هـم

چـون سـر آمد دولت شب‌هـای وصـل

بگـــذرد ایـــام هجـــران نیـــز هـم

هـــر دو عـــالم یک فـروغ روی اوست

گفتمـــت پیـــدا و پنهـــان نیـــز هـم

اعتمـــادی نیســت بـر کـــار جهـــان

بلـــکه بـر گـــردون گـــردان نیـــز هـم

عـــاشق از قـــاضی نتـــرسد می بیـــار

بلـــکه از یرغـــوی دیـــوان نیـــز هـم

محتسب دانـــد کـه حافـظ عاشـق است

و آصـف ملـک سلیمـــان نیـــز هـم

سەرخـــۆش و بێپـــەژارە دەژێ دڵ بە یـــادی یـــار
مەحرەم بە عەشق و هاونەفەسی جامی خۆش گەوار
گیانـــان هەتـــا لە کـــاری مـــە ئەبرۆ گوشـــا دەکەن
زۆرێ کـــەوانـــی لۆمـــە دەکێشـــن گەلـــی نەیـــار
وەک لالـــە دڵ بە داغـــەوە لەم بـــاخـــە من رووام
تۆ دوێنەشـــەو بە داغـــی سەبووحیـــتە دڵپـــەژار
وەستـــاوین ئێمـــە بێـــژە لە کۆی عوزری مەیکەدە
دڵگیـــری تۆبەمـــانە ئەگەر پیـــری مـــەیمـــەدار
تۆ کار چـــاکی ســـا مـــەدەدێ ئەی لە رێ بەڵـــەدا!
ئینســـاف ئەدەم کە کەوتە لە رێگام و هەرزەکـــار
وەک لالـــەمان مەنـــاسە کە جـــامێ لە مەی پڕین
داغـــی دەرون بەدی کە لە تۆی جەرگی کۆڵـــەوار
فەرمووتـــە مەیـــکە «خاجـــە»! خەیـــاڵاتی جۆرجۆر
نەخشی غەڵەت مەکێشە کە دڵ پـــاکە عەینی یـــار
«کۆلیـــل» تۆبـــەکـــاری بەهـــاری کریشمـــەتە
مەزرای ئەوینـــی دوورە لە خێـــڵی چەت و بـــژار

ما بی‌غمان مست دل از دست داده‌ایم
همراز عشق و همنفس جام باده‌ایم
بر ما بسی کمان ملامت کشیده‌اند
تا کار خود ز ابروی جانان گشاده‌ایم
ای گل تو دوش داغ صبوحی کشیده‌ای
ما آن شقایقیم که با داغ زاده‌ایم
پیر مغان ز توبه‌ی ما گر ملول شد
گو باده صاف کن که به عذر ایستاده‌ایم
کار از تو می‌رود مددی ای دلیل راه
کانصاف می‌دهیم و ز راه اوفتاده‌ایم
چون لاله می مبین و قدح در میان کار
این داغ بین که بر دل خونین نهاده‌ایم
گفتی که حافظ این همه رنگ و خیال چیست
نقش غلط مبین که همان لوح ساده‌ایم

عومرێکە رێگــەپێـوی غەمت چەشنی کۆچـەرین
بێ‌مەکـر و بێ‌ریـا لە ئـەوەی فێـڵە بێـوەرین
میحـراب و دەرسی حوجرە، وتووێژی مەدرەسـەم
دۆڕا بە چـاوی سـاقی و مـەی چون هونەروەرین
هـەم دڵ ئـەدەم بە دەستی دو زولفی رەشـی بە دڵ
هەم گیـان بە ئەو دو چـاوە فریوکارەی ئەسپـەرین
عومرێکـە چـاو لە گۆشـەیی ئەبرۆیە بەو هـەوا
خۆش بێ بە یەک ئیشارە دڵی عومری غەم قەرین
تەختی حوکوومەتی مە لەسـەر زڵـم و زۆر نیـن
شـاهی وڵاتـی ئەمنی بە بێ‌فـەوج و لەشکـەرین
دڵ مەیلی نـازی چـاوی فریـوی دەکـا، مەگەر
سیحـری بـرۆی دوبارە لە سینگی شڕ مشتـەرین؟!
چەشنی وەنــەوشە سەر بە سەر ئەژنـۆ دەبێ بنێین
بێ زولفی سەرکەشی ئەو ئەشێ چۆن بەسەر بەرین
چـاو چاوەڕێیە چەشنی تەماشـاگەرانی مـانـگ
دڵ گۆشـەگیـری بەژن و هیـلالی بـرۆی پەرین
پرسیـتە لێـم کە «خاجە»! دڵی عاشقت لە کوێن؟
خۆزگەم بە خۆی ئەڵێ کە لە تۆی پرچی دڵبەرین
نووکی قەڵـەم بە شێـری برۆی تیژ ئەکا «عومەر»
بـۆیـێ ئـەوەن بە زات و دەرون پڕ لە جەوهـەرین

عمـــری‌ست تا به راه غمت رو نهاده‌ایـــم

روی و ریـای خلق به یک سو نهاده‌ایـــم

طـاق و رواق مدرســه و قـال و قیـل علـم

در راه جـام و سـاقی مــه‌رو نهاده‌ایـــم

هم جـان بدان دو نرگس جادو سپرده‌ایـم

هـم دل بـدان دو سنبل هنــدو نهاده‌ایـــم

عمـــری گذشت تـا بـه امیـــد اشـــارتی

چشمی بـدان دو گوشه‌ی ابرو نهاده‌ایـــم

مـا ملک عافیـت نـه بـه لشکـر گرفتـه‌ایم

مـا تخت سلطنـت نه بـه بـازو نهاده‌ایـــم

تا سحـر چشـم یار چه بازی کنـد که باز

بنـیاد بر کرشمـــه‌ی جـادو نهاده‌ایـــم

بی زلف سرکشش سر ســودایی از مـلال

همچـــون بنفشـه بر سـر زانـــو نهاده‌ایـــم

در گوشـــه‌ی امیـــد چو نظـارگان مــاه

چشـــم طـلب بر آن خم ابـرو نهاده‌ایـــم

گفتی که حافظا دل سرگشته‌ات کجاست

در حلقــه‌های آن خــم گیسو نهاده‌ایـــم

لەبـەر ئەو دەرکە نەکـەوتوومە لەبەر شۆرەت و نام
بۆ پەنـا هـاتووم ئاخـر فەلـەك ئـالاوە لە پام
لە سنـووری عەدەمـۆ تا دەوەر و شـاری وجـوود
ئەو هەموو رێگەیە بۆ عەشقی گوڵی رووتە کوتـام
هەڵێکەنـدم چەمەنی رووت لە گوڵزاری بەهەشت
بە خەتی سـەوزی ئەویـن تا بحەسینۆ بە مـەرام
لە گـەڵ ئەم عەشقـە کە بەرپرسییە جبریلی ئەمیـن
ئەوە هـاتوومـەتە بەر ماڵی شەهەنشـاهـ و گـەدام
بێ گومـانم کە لە دیـوانی جـەزا چـارەڕەشم
داکـە ئەی هەوری خەتاپۆش هەتا نەچوە حەیـام!
لەنگەری بەخششت ئەی کەشتیی ئیحسان لەکوێـن
من کە بەمجۆرە لە نێو بەحری کەرەم نوقمی گونام
«حافـز»! ئەم کۆنە عەبـا لاوە لەسـەر شـانی درۆ
چون لە شوێـن قافڵـە وێڵین بە نـاڵە و گڕی زام
فـوو لە پۆلۆی دڵی «کۆلیـل» وەکوو زولفی بکەن
شـەوی تـاوان لەسـەر رێگەمە، موحتاجی چـرام

ما بدین در نه پی حشمت و جاه آمده‌ایم

از بد حادثه اینجا به پناه آمده‌ایم

رهرو منزل عشقیم و ز سرحدّ عدم

تا به اقلیم وجود این همه راه آمده‌ایم

سبزه‌ی خط تو دیدیم و ز بستان بهشت

به طلبکاری این مهر گیاه آمده‌ایم

با چنین گنج که شد خازن او روح امین

به گدایی به در خانه‌ی شاه آمده‌ایم

لنگر حلم تو ای کشتی توفیق کجاست

که در این بحر کرم غرق گناه آمده‌ایم

آبرو می‌رود ای ابر خطاپوش ببار

که به دیوان عمل نامه سیاه آمده‌ایم

حافظ این خرقه‌ی پشمینه مینداز که ما

از پی قافله با آتش آه آمده‌ایم

پیـــری مەیـــخانە وتـــوویانە لەســـەر قـــەولی قـــەدیـــم
مـــەی لە ئـــەو شوێنـــە حـــەرامن کە نەبێ یـــار نەدیم
شرشڕ ئاخـــر دەکـــەم ئەم خەرقـــە کە پڕپڕ لە ریـــان
سوحبـــەتی رۆح لەگـــەڵ جنسی وەها سەختە حەکیم
بەو هـــەوا لێـــم بپـــڕژێنێت قومێ لێـــوی ئـــەوان
ئەوە چـــەن ســـاڵە لە کۆی مەیکـــەدە ماتلم و موقیم
رەنگـــە ئەو خزمـــەتی چەن ساڵەمی چووبێت لە یاد
ســـروە ئامـــانە! وەبیـــری خەوە پەیمـــانی قەدیـــم
پاش سەد ســـاڵ لەســـەر گۆڕم ئەگەر کەی گوزەرێ
شیـــن بە شەوقت لە گڵا، بێشک ئەبێ ئێسکی رزیـــم
دڵ بە ســـەد وادەیـــی دیـــدار دەبـــا دڵبـــەر ئەرێ
بۆنی قـــەولـــی دەمـــە، دایم گوڵی بـــۆنداری سەخیم
خونچـــە دڵتەنـــگ بڵـــێ قـــەت لە گرێی زار نەبێ
کە دەگـــا کۆمەکی سروەی سەحەر و لوتفی نەسیم
مـــن برینـــداری ئەوینـــم چیـــیە کـــارم بە تەبیب
بە دەســـی چـــاوتە دەرمـــانی دڵی شێـــتی پەتیـــم
گەوهەری دین و ئەوین دەسخە! لەگەڵ خۆتی ئەبەی
کە بەشـــی خەڵکییە ســـامـــان و تەلار و زەڕ و سیم
داوی فێـــڵ و فـــەرەزی سەختە مەگەر لوتفی خودا
حەزرەتـــی ئـــادەمی لەغـــزاندووە شەیتـــانی رەجیم
شوکـــری زۆری هـــەیـــە «حافز» لەوە ســـامـــانی نییە
کێ وەکوو ئەو هەیـــەتی شیعـــری تەڕ و تەبعی سەلیم
گیـــانی «کۆلیـــل» دەســـی داوەتـــە شمشـــێری برۆت
داوی دانـــاوە لـــە ریمـــان کـــە ئیبلیســـی خەنیـــم

فتوی پیر مغان دارم و قولی‌ست قدیم
که حرام است می آن‌جا که نه یار است ندیم

چاک خواهم زدن این دلق ریایی چه کنم
روح را صحبت ناجنس عذابی‌ست الیم

تا مگر جرعه فشاند لب جانان بر من
سال‌ها شد که منم بر در میخانه مقیم

مگرش خدمت دیرین من از یاد برفت
ای نسیم سحری یاد دهش عهد قدیم

بعد صد سال اگر بر سر خاکم گذری
سر برآرد ز گلم رقص‌کنان عظم رمیم

دلبر از ما به صد امید ستد اول دل
ظاهرا عهد فرامش نکند خلق کریم

غنچه گو تنگدل از کار فروبسته مباش
کز دم صبح مدد یابی و انفاس نسیم

فکر بهبود خود ای دل ز دری دیگر کن
درد عاشق نشود به به مداوای حکیم

گوهر معرفت آموز که با خود ببری
که نصیب دگران است نصاب زر و سیم

دام سخت است مگر یار شود لطف خدا
ور نه آدم نبرد صرفه ز شیطان رجیم

حافظ ار سیم و زرت نیست چه شد شاکر باش
چه به از دولت لطف سخن و طبع سلیم

وەرە بۆ مەیکەدە دۆعـای گوشـادێك بکـەین
ماتڵـی دۆس لە ڕێ، یـادی مـورادێك بکـەین

نییە تۆشـەی سەفـەرێ بۆ حـەرەمی وەسڵی ئەبێ
ڕوو لە مەیخـانە لەبەر تۆشـە و زادێك بکـەین

بە ڕیـا تێکـەڵە چون ئەشکـی ڕەوانـم، وەرە با
تەڵـەبی نامەبـەرێ وەك پەریـزادێك بکـەین

بە قوزوڵقـوردی دەرون بێت غەمی عەشقت ئەگەر
جێ لە بێـدادی ئەتـۆ یـاد لـە دادێك بکـەین

نوختـەیی خاڵی ڕەشت، نایـەتە سەر لەوحی دییەم
مـەر لـە بیلـبیلە تەمـەننـای میـدادێك بکـەین

دڵ وتی گیـان بە ئیشـارەی لەبی شیـرینت ئەدەم
بە بزەی شەکـری وتی چۆنە مـەزادێك بکـەین

تا دەمـێ عەتـرە دەوا بـۆ دڵـی دێـوانـە، مەگەر
لەو خـەت و خـاڵتە داوای سـەوادێك بکـەین

چون دڵـی خۆشـە فەقەت دەفری غەمی یار، وەرن
بە ئومێـدی غەمی، دڵ خـۆش بە یادێك بکـەین

«خاجـە»! دانیشتنی بەر مەدرەسـە تا چەنـدە ئەرێ
هەستـە مەیـخانە هەتـا بـازە جیهـادێك بکـەین

شـەش‌دەری گـرتووە «کۆلیـل»! حەریفت وەرە تـا
لە دڵـی مـۆرە تەقـازای گوشـادێك بکـەین

خیـــز تـا از در میخـــانه گشـــادی طلبـــیم

به ره دوسـت نشینـــیم و مـــرادی طلبـــیم

زاد راه حـــرم وصـــل نـداریـــم مگـــر

بـه گـــدایی ز در میـــکده زادی طلبـــیم

اشـــک آلـودهٔی مـا گرچـه روان است ولـی

به رســالت سوی او پـاک نهـادی طلبـــیم

لـــذت داغ غمــت بـر دل مـا بـاد حـــرام

اگـــر از جـــور غـــم عشق تو دادی طلبـــیم

نقطـــهٔی خـــال تو بر لـــوح بصـــر نتـوان زد

مگـــر از مردمک دیـــده مـــدادی طلبـــیم

عشوه‌ای از لب شیرین تو دل خواست به جـان

به شکـــرخنـده لبت گفـت مـزادی طلبـــیم

تـا بـود نسخـــهٔی عطـــری دل ســودازده را

از خـــط غـالیـــه‌سـای تـو ســوادی طلبـــیم

چون غمــت را نتـوان یافت مگر در دل شـاد

مـا به امیـــد غمت خاطـر شــادی طلبـــیم

بـر در مـدرســه تـا چنـــد نشیـــنی حـافـــظ

خیـــز تـا از در میخـــانه گشـــادی طلبـــیم

بوو لە یاران چاوی یاریمان زۆر
بیر و بۆچوونێ هەڵەی بوو زەینی کۆر

تا نمامی خۆشەویستی بەر بدا
ئێستە دڵ تۆوێکی چاند و چوو لە کۆڕ

دابی دەروێشی خوتە و بۆڵەی نییە
سەردە نا سەدها گلەی پێن جۆرجۆر

نازی چاوت شەڕفرۆشە و فێڵەواز
ئێمە پێمان ئاشتین و عەشق و شۆر

نووری روخسارت ئەوەن رۆشن نەبوو
هیممەتی شیعرم سەری خستون لە خۆر

کەس لە دەس جەورت شکاتێکی نەکرد
دەغڵی رێزم پاکە بێخەوشە و مورۆر

پێمی وت «حافز» دڵت پێم داوە خۆت
کەی لە سینگی تۆم کوتا من دەستی زۆر

تا نەبی رسوا وەکوو «کۆلیل»ـی شار
کێ وتی بشکێنە گەنجی سەر بە مۆر

ما ز یـــاران چشـــم یـــاری داشتـــیم

خود غلـــط بود آن‌چـه ما پنـــداشتـــیم

تـــا درخـــت دوستـــی بـر گـــی دهـــد

حـــالیـــا رفتـــیم و تخمـــی کاشتـــیم

گفـت‌وگـــو آییـــن درویشـــی نبـــود

ور نـــه بـا تـو مـــاجـــراهـــا داشتـــیم

شیـــوه‌ی چشمت فریب جنـگ داشت

مـــا غلط کردیـــم و صلـح انگاشتـــیم

گلبـن حسنـت نه خـود شـد دل‌فـــروز

مـــا دم همـــت بـــر او بگمـــاشتـــیم

نکتـــه‌ها رفت و شکـــایت کس نکرد

جـــانب حرمـــت فـــرونگـــذاشتـــیم

گفت خـــود دادی بـه مـــا دل حافظـــا

ما محصـــل بر کســـی نگمـــاشتـــیم

لە من پارێز نایێ چونکە مەستانم سەلا فەرموو
لە نۆبەی نێرگزی مەستت لە گیانم ئەلویدا فەرموو
بکەی بڕوا بە من یا نا دەڵێم هەر وەک وتوومانە
کە نەیبوو خانەقا کەڵکێ دەری مەیخانە وا فەرموو
خراوی چاوتم ساقی! ئەگەرچی دڵ پەیامی دا
کە هەر دەردێ لە دڵبەر بێ هەزاری مەرحەبا فەرموو
پەشیمانۆ دەبی رۆژێ ئەگەر ئەورۆکە نەمبەخشی
فەرامۆشی نەکەی! کەی پێم وتی لوتفێ عەتا فەرموو
وتم شمشاڵە بەژنت شەرمەزارم بوختیانم کرد
زمانم لاڵ بێ وەختێ قیاسێکی خەتا فەرموو
وەکوو ئاسکی خوتن نێوکی دڵی خوێنینە کێ وەک من
بە جێگەی زولفی چین‌چینی قسەی چینم خەتا فەرموو
کەلامت ئاورن «حافز»! وەلێ ئازیز دڵسەردە
لە بەدقەولی گوڵت لام وایە بۆ بادی سەبا فەرموو
وتم «کۆلیل»! کێ لە کوێ وتی مەی ئاوی حەیوانە
وتی پیری موغان دوێنەی لە حەوشی خانەقا فەرموو

صلاح از ما چه می‌جویی که مستان را صلا گفتیم
به دور نرگس مستت سلامت را دعا گفتیم
در میخانه‌ام بگشا که هیچ از خانقه نگشود
گرت باور بود ور نه سخن این بود و ما گفتیم
من از چشم تو ای ساقی خراب افتاده‌ام لیکن
بلایی کز حبیب آید هزارش مرحبا گفتیم
اگر بر من نبخشایی پشیمانی خوری آخر
به خاطر دار این معنی که در خدمت کجا گفتیم
قدت گفتم که شمشاد است بس خجلت به بار آورد
که این نسبت چرا کردیم و این بهتان چرا گفتیم
جگر چون نافه‌ام خون گشت کم زینم نمی‌باید
جزای آن که با زلفت سخن از چین خطا گفتیم
تو آتش گشتی ای حافظ ولی با یار درنگرفت
ز بدعهدی گل گویی حکایت با صبا گفتیم

سەرفی مەی و مەیخانە هەموو دەرسی سەحەر بوو
دەسکەوتی دوعا نوقمی ئەوین تووشی خەتەر بوو
خەرمانی دوسەد زاهیدی فەرزانە دەسووتێ
بەو داغە لەسەر ئەم دڵە شەیدامە کە بەر بوو
سوڵتانی ئەزەل خازینی گەنجی غەمی کردین
بەم مەنزڵە وێرانمە تا عەزمی سەفەر بوو
ڕێگەی نییە شۆخێ بە دڵم شۆری لەمە و پاش
ئەم گەنجە بە مۆری حەزی تۆ شەقڵی لە سەر بوو
دی بەسمە لە ژێر ئەم جبە پەشمینە دوڕەنگی
ڕەندانە ژیان بۆمە کە سەردێڕی هونەر بوو
کەشتی تەمەن ئەڕوات بەرەو کوێ کە سەرەنجام
گیانم لەسەر ئەو گەوهەرە تاقانە هەدەر بوو
سەد شوکری خودا هەر وەکو من بێ دڵ و دین بوو
ئەو ئاقڵ و فەرزانە کە لەم عالەمە سەر بوو
ڕازی بە خەیاڵێکە لە تۆ دڵ وەکو «حافز»
یارەب چ نەیارن دڵ و چەن سووکنەزەر بوو
بنوێنە وتم ڕوو کە بکەم باسی خەت و خاڵ
فەرموی لەسەر ئەم مەتنە فەقەت شەرحی «عومەر» بوو

ما درس سحر در ره میخانه نهادیم
محصول دعا در ره جانانه نهادیم

در خرمن صد زاهد عاقل زند آتش
این داغ که ما بر دل دیوانه نهادیم

سلطان ازل گنج غم عشق به ما داد
تا روی در این منزل ویرانه نهادیم

در دل ندهم ره پس از این مهر بتان را
مهر لب او بر در این خانه نهادیم

در خرقه از این بیش منافق نتوان بود
بنیاد از این شیوه‌ی رندانه نهادیم

چون می‌رود این کشتی سرگشته که آخر
جان در سر آن گوهر یکدانه نهادیم

اَلمِنةُ لله که چو ما بیدل و دین بود
آن را که لقب عاقل و فرزانه نهادیم

قانع به خیالی ز تو بودیم چو حافظ
یا رب چه گداهمت و بیگانه نهادیم

بێـــلا لـە ڕێ و شەقـــامی خەرابـــات نەگوزەرین
چۆنکـــە هەموو ڕەجاڵی قومێ ئاوی کەوســەرین
لافی قەڵەندەریم کە ئـەزەل بوون و مـافی عەشـق
گەنجـی ئەوین بە مۆرە ئەمێســتەش قەڵەنــدەرین
لەو شوێنە تەخت و بەختی کەی و جەم جەمۆکران
گەر غــەم دەنۆشـن ئێــوە، لە مەی ئێمە مشتــەرین
دەستـــم هەتــا دەچێـــتە ملی چەشنــی ملـوەنێ
خـەملاوی خوێنـی دڵ وەکو یاقووتی ئەحمــەرین
لێــواوی ڕێـی ئەویـن مەکـە واعیــز نەسێــحەتێ
فیــردەوس هیچــە بۆ مـە کە حەیرانی ئەسمــەرین
چون سۆفیــان بە ڕەقســی ڕیــا بــوونە پێشــەوا
دەستــی درۆ هەڵێــنە کە شـاگــردی ڕێبــەرین
وا خـــاك بوو بە کــانی جەواهیــر لە جــامی تـۆ
بێــچارە خێـڵی ئێمــە کە لەو خـاکە کەمتــەرین
«حافــز» حەساری بەرزە کە کۆشکی دیـاری یـار
ناچـار ئەبێ بە خــاکێ لە بەر دەرکی سـەر بــەرین
«کۆلیــل» چـــاوەڕێتـە لە ئاســۆ وەدەرکـــەوی
بۆ چــاری شـەو، ڕەجـاڵی بزەی لێوی ئەختــەرین

بگـــذار تا ز شـــارع میـــخانه بگـذریم

کز بهـر جرعـه‌ای همه محتـاج این دریـم

روز نخست چـون دم رنـدی زدیم و عشق

شرط آن بود که جز ره آن شیـوه نسپریـم

جـایی که تخت و مسند جـم می‌رود به باد

گر غم خوریم خوش نبود به که می‌خوریم

تا بـــو که دست در کمـــر او تـــوان زدن

در خـــون دل نشستــه چو یاقـوت احمریـم

واعــظ مکن نصیحت شـوریـــدگان که مـا

با خاک کوی دوست به فـردوس ننگریـم

چون صوفیـان به حـالت و رقصنـد مقتـدا

ما نیـــز هــم به شعبـــده دستـی برآوریـم

از جرعـه‌ی تو خـاک زمیـن دُر و لعل یافت

بیچـــاره ما که پیش تو از خـاک کمتریـم

حافـظ چو ره به کنگره‌ی کاخ وصل نیست

بـا خـــاک آستـــانه این در بـه سـر بریـم

هەستە وا خەرقەیی زاهید بە خەرابات دەبەین
ئەم وڕ و واجییە بۆ خێڵی خورافات دەبەین

وەرە بەرماڵی ریا دەڵقی درۆ هەر دو بەلای
خەرقەناسانی قەڵەندەر وەکو سەوقات دەبەین

بگرن ئەم خەلوەنشینانە هەتا جامی سەحەر
سوبحی زوو چەنگ بەرەو پیری موناجات دەبەین

ئەو قەرارەی لەگەڵ ئێوەم کە لە (أیمَن) بووە زوو
چەشنی مووسا (أرنی)بێژ، بە میقات دەبەین

دەکوتین تەپڵی شکۆتان لەسەر عەرشی بەرین
پەرچەمی عەشق بە سەربانی سەماوات دەبەین

خاکی بەرپات بە سەحرای قیامەت بە دڵ و
گیان هەمووماندا لەبەر حورمەتی بەر پات دەبەین

رێگەش ئەر پڕ لە درووی تانە بکا شێخی ریا
ئەو لە گوڵزارەوە بۆ بەندی موکافات دەبەین

بەم عەبا پەشمییە تێکەڵ بە گوناهانە دەبێ
دارِزین دەم لە هونەر ناوی کەرامات دەبەین

ئەی دڵ ئەر رێزی وەخت نەگری و کارێک نەکەی
شەرمەزاری فرە بۆ بەرهەمی ئەوقات دەبەین

پیری مەیخانە پەنایێ! کە دەزانیت لە ژێر
میچی رەنگینی فەلەک تاڵ بە سەر، کات دەبەین

لە بیاوانی فەنا تا بە کەی ئاخر گوم و گۆڕ
تا نەپرسین مەگەر رێگە بە بالات دەبەین؟

ئاورووڕێژییە «حافز»! لە سەرای سپلە گوزەر
ئێمە بۆ یار فەقەت حاجەت و ئاوات دەبەین

ئێمە «کۆلیل»ی خەتا، دۆس خەتاپۆشە هەتا
رادەیێ دەستی سکاڵا بە مولاقات دەبەین

خیــز تا خرقـه‌ی صوفی به خرابـات بریـم
شطـح و طامــات به بـازار خرافـات بریـم

ســوی رنــدان قلنـــدر بـه ره‌آورد سفــر
دلـق بسطـامی و سجـاده‌ی طامـات بریـم

تا همـه خلوتیــان جـام صبـوحی گیرنــد
چنگ صبحـی به در پیــر مناجـات بریـم

با تو آن عهــد که در وادی ایمــن بستــیم
همچو موســی ارنـی گوی به میقـات بریـم

کوس نامــوس تو بر کنگـره‌ی عرش زنیم
علــم عشـق تـو بـر بــام سمـاوات بریـم

خـــاک کـوی تو به صحـرای قیامت فـردا
همــه بر فــرق سر از بهـر مباهـات بریـم

ور نهــد در ره مـا خــار مــلامت زاهــد
از گلستـــانش به زنــــدان مکافـات بریـم

شرممــان بــاد ز پشمیـنه‌ی آلوده‌ی خویش
گر بدیـن فضـل و هنـر نام کرامـات بریـم

قــدر وقت ار نشنـــاسد دل و کـاری نکنـد
بس خجالت که از این حاصل اوقـات بریـم

فتـنه می‌بــارد از این سقف مقرنس برخیـز
تا به میـــخانه پنـاه از همــه آفـات بریـم

در بیابـــان فنـــا گـم‌شـــدن آخــر تـا کـی
ره بپـرسیـــم مگـــر پـی بـه مهمـات بریـم

حافـــظ آب رخ خــود بر در هر سفلـه مریز
حاجت آن بـه که بـر قاضی حاجـات بریـم

وەرن میچی فەلەک لابەین و تەرحێ تازە بەرپا کەین
گوزەرگەی یار گوڵفەرش و لە مەی پڕ جامی مینا کەین
ئەگەر غەم لەشکری بێنێ کە خوێنی ئێمە بڕژێنێ
من و ساقی دەبێ خۆی و سپاکەی تەفروتوونا کەین
گوڵاوی قەمسەری تێکەڵ بە بادەی ئەرخەوانی بوو
لە مەنگەڵ با شەکەر خەین و موعەتتەر دەشت و سەحرا کەین
هەتا سازت لە دەستا سازە، موتریب لێدە ئاهەنگێ!
بە چەپڵە و شیعر و هەڵپەڕکێ کە ئێمەش بۆتی مەعنا کەین
سەبا بڕفێنە بۆ شۆخ ئاستانی، خاکمان بەڵکوو
بە دڵ چاوێ لە سوڵتانی هەموو شۆخانی دونیا کەین
دەنازێ یەک بە عەقڵ و یەک دەڕاوێنێ لە رازی غەیب
وەرن تا لاف و مافی وا حەواڵەی زاتی زانا کەین
بەهەشتی جاویدانت گەر دەوێ مەیخانە هۆکارە
لە پێی کووپەی مەیا هەرتا نەبی کەوسەر عەتا ناکەین
لە شیرازا قسەی خۆش و نەسەقبازاڕی بێشەوقە
وەرن تا مشتەری «حافز» لە شارێ دیکە پەیدا کەین
وتی «کۆلیل»! کوردستان بەجێبێڵین با بەینێ
وتم هەڵخەن پەتیشم، تا ئەبەد کوفرێکی وا ناکەین

بیا تا گل برافشانیم و می در ساغر اندازیم
فلک را سقف بشکافیم و طرحی نو دراندازیم
اگر غم لشکر انگیزد که خون عاشقان ریزد
من و ساقی به هم تازیم و بنیادش براندازیم
شراب ارغوانی را گلاب اندر قدح ریزیم
نسیم عطر گردان را شکر در مجمر اندازیم
چو در دست است رودی خوش بزن مطرب سرودی خوش
که دست‌افشان غزل خوانیم و پاکوبان سر اندازیم
صبا خاک وجود ما بدان عالی‌جناب انداز
بود کان شاه خوبان را نظر بر منظر اندازیم
یکی از عقل می‌لافد یکی طامات می‌بافد
بیا کاین داوری‌ها را به پیش داور اندازیم
بهشت عدن اگر خواهی بیا با ما به میخانه
که از پای خمت روزی به حوض کوثر اندازیم
سخندانی و خوش‌خوانی نمی‌ورزند در شیراز
بیا حافظ که تا خود را به ملکی دیگر اندازیم

یا شێخ! بێ کە دەڵقی ریا پارەپارە کەین
ئەم نەخشە پڕ لە رەنگی فەن و فێڵە چارە کەین
ئەم خەرقە با لە ئاوی خەرابات هەڵژەنین
خێری مزەوت خەرجی شەرابی حەوسارە کەین
پێمان ئەگەر نەدەن لە قیامەت بەهەشت ئەشێ
غیلمان لە باخ و حۆری لە جەننەت غەوارە کەین
سەرمەست پڕ ئەدەینە مەکۆی بەزمی سۆفییان
تاڵان هەموو شەراب و لە باوەش نیگارە کەین
خۆش رابوێرە! وەرنە غەم و دەرد ئەمانکوژێ
رۆژێ کە لەم جەهانە بەرەو گۆڕ بارە کەین
رەمزی خودا بە مەستی لە ژێر پەردە دەردەخەین
کوڵمی گەشی لە گۆشەیی غەیب ئاشکارە کەین
هەر دەرکەوێ هیلالی برۆی چەشنی مانگی نۆ
گۆی ئاسمان ئەسیری خەمی زولفی یارە کەین
«حافز»! سنوورمان نییە لاف و گەزافی وا
پێ ئەونە رامەکێشە کە خۆ شەرمەزارە کەین
میوانی کۆی گرینم و «کۆلیل»ی بەرقی چاو
ئاژین خوێنی سینە، لە بەژنی گلارە کەین

صوفی بیا که خرقه‌ی سالوس برکشیم
وین نقش زرق را خط بطلان به سر کشیم
نذر و فتوح صومعه در وجه می‌نهیم
دلق ریا به آب خرابات برکشیم
فردا اگر نه روضه‌ی رضوان به ما دهند
غلمان ز روضه‌ی حور ز جنت به درکشیم
بیرون جهیم سرخوش و از بزم صوفیان
غارت کنیم باده و شاهد به بر کشیم
عشرت کنیم ور نه به حسرت کشندمان
روزی که رخت جان به جهانی دگر کشیم
سرّ خدا که در تتق غیب منزوی‌ست
مستانه‌اش نقاب ز رخسار برکشیم
کو جلوه‌ای ز ابروی او تا چو ماه نو
گوی سپهر در خم چوگان زر کشیم
حافظ نه حد ماست چنین لاف‌ها زدن
پای از گلیم خویش چرا بیشتر کشیم

کـــاتـی گـولّ لازمـــه یـــاران هونـــەری مـەی‌نۆشیـــن
ئەمـــه فەرمـــایشی ئەهلـــی دڵـــه بـــا تێکۆشیـــن
نیـیەتی کـەس کەرەمێك و دەمـی خۆشیـش دەچـێ
هـەر ئـــەوەن چـــارە کە بەرمـــاڵ به مـــەی بفرۆشیـــن
خـــورڕەم و خـۆشـــه هـــەوا، خـوایـــه بنێـــریت بتـێ!
کە سـوراحـی بە حـــەزی چـــاوی مەسـی دادۆشیـــن
زوهـــرە ئەو ئۆرگ‌ژەنـــەی چەرخـــه، لەگەڵ بێ‌هونەرە
چۆن نەنـاڵیـــن لە دەست ئەم غـەمـه، بۆ نەخـرۆشیـــن
گوڵی کێشـا گـــوڵ و لێمـــان نەپـــڕژان ئـاوی شـەراب
کە بە گـــرپە و گـــڕی دڵ داغ وەکـــوو حـەوجۆشیـــن
بـــادەنۆشیـــن لە خەیـــالا بە پیيـــالەی گـــوڵی ســـوور
چاوی دژ کوێرا! کە بێ موتریب و مەی سـەرخۆشیـــن
بـــاوەڕی کەس نیـــیە بەم حـــاڵەته «حافـز»! کە بلێین
بولبـولانێکی لە نێـــو بـــاخ و چـــەمـــەن خامۆشیـــن
بە حەزی حەزرەتی گوڵ هەر وەکو «کۆلیـــل»ـی هەژار
قـــڕوقـــەپ، لاڵ، لە ســـامی ســـەنـــەمێ تـەڕپۆشیـــن

دوستان وقت گل آن به که به عشرت کوشیم

سخـــن اهـل دل است این و به جـان بنیوشیـــم

نیست در کس کـرم و وقت طـرب می‌گـذرد

چـاره آن است که سجـاده به مـی بفروشیـــم

خوش هـــوایی‌ست فـرح‌بخش خدایا بفرست

نازنیـــنی که به رویـش مـی گلـگون نوشیـــم

ارغنـــون ســاز فلک رهــزن اهل هنــر است

چون از این غصــه ننـــالیم و چرا نخروشیـــم

گل به جـوش آمد و از مــی نزدیمـش آبـی

لاجــرم ز آتش حرمـــان و هوس می‌جوشیـــم

می‌کشیـــم از قـــدح لالــه شـــرابی موهـــوم

چشم بد دور که بی مطـرب و می مدهوشیـــم

حافظ این حال عجب با که توان گفت که مـا

بلبـــــلانیم کـه در موســـم گـل خـاموشیـــم

سەحەری دەست هەڵێنین و دوعایێک بکەین
چاری ئەم حەسرەتی هیجرانە بە راییک بکەین
دڵی زەخمی لە دەسم چوو ئەوە، یاران مەدەدێ!
تا دەگا دوکتوری ئەم دەردە دەواییک بکەین
کێ دڵی دام لە تێغ و بە دڵێشانەوە چوو
ئێوەن و خوا وەریگێڕن کە سەفاییک بکەین
شادمانی گوڵی بێ‌ئاوە خەراباتە لە کوێن
بەڵکە لەو ئاو و هەوا نەشئونومایێک بکەین
مەگەر ئەی دڵ مەدەدی پیری موغان بێت، دەنا
کار ئەوەن سەختە کە ناشێت خەتاییک بکەین
مەلی بێ‌حەوسەڵە بێ‌سێبەرە، شابالی نییە
تەڵەبی چەتری موبارەک لە هومایێک بکەین
دڵ پەرێشانە، بڵێن «حافز»ی خۆش‌خوێن لە کوێن
کە بە دەنگ و غەزەڵی ساز هەواییک بکەین
وەرە بۆ مەیکەدە «کۆلیل»! دەڵێن یار لەوێ
دوێنە فەرموویە دەبێ فیکری گەداییک بکەین

ما شبی دست برآریم و دعایی بکنیم
غم هجران تو را چاره ز جایی بکنیم
دل بیمار شد از دست رفیقان مددی
تا طبیبش به سر آریم و دوایی بکنیم
آن که بی‌جرم برنجید و به تیغم زد و رفت
بازش آرید خدا را که صفایی بکنیم
خشک شد بیخ طرب راه خرابات کجاست
تا در آن آب و هوا نشو و نمایی بکنیم
مدد از خاطر رندان طلب ای دل ورنه
کار صعب است مبادا که خطایی بکنیم
سایه‌ی طایر کم‌حوصله کاری نکند
طلب از سایه‌ی میمون همایی بکنیم
دلم از پرده بشد حافظ خوشگوی کجاست
تا به قول و غزلش ساز نوایی بکنیم

ئێمە نیمانە دەمی تۆمەت و ناهەق نییەکەیم
ڕەش کراسی کەس و شین پەستەکی ڕەونەق نییەکەیم
زۆر و کەم غەیبەتی سوڵتان و گەدا هەق نییە هەر
کاری ناهەق نە هەمیشە و نە تەقولەق نییەکەیم
لە کتێبی هونەرا ڕەسمی غەڵەت ناکێشین
تێکەڵاوی زەڕی خالیس مس و مەفرەق نییەکەیم
خڵتی ڕەندانی ئەگەر شاهـ بە بێزۆ نۆشی
مەیلی پاڵێوتە و ساف و خەسی موتڵەق نییەکەیم
غاری دونیا بە دڵی هیممەتی چاکان ئەدەین
فیکری ئەسپی ڕەش و ڕەختی لە زەڕی زەق نییەکەیم
ئاسمان کەشتیی خێڵی هونەری زۆر شکان
بۆیە متمانە بە زەریای موعەللەق نییەکەیم
کە ڕەفێقێ دڵی ئێشا بە دنەی فیتنە بڵێن
خۆش بە چون ئێمە بە گوێی ناکەس و ئەحمەق نییەکەیم
دژمن ئەر «خاجە»! هەڵەی کرد و وتی دەیبەخشین
وەر قسەیشی هەقە ئینکاری قسەی هەق نییەکەیم
بە قسەی هەق وەکو «کۆلیل» گەلێ گۆڕ و گومن
بۆیە دی روو لە قسەی بەرهەق و نەستەق نییەکەیم

مـا نگویـیم بـد و میـل به نـاحق نکنـیم
جـامه‌ی کس سیـه و دلق خود ازرق نکنـیم
عیب درویش و توانگر به کم و بیش بـد است
کـار بـد مصلحت آن است که مطلق نکنـیم
رقـم مغلـطه بـر دفتـر دانـش نـزنیـم
سـرّ حـق بر ورق شعبـده ملـحق نکنـیم
شـاه اگر جرعـه رندان نه به حرمت نوشـد
التفـاتـش بـه مـی صـاف مـروّق نکنـیم
خـوش برانیـم جهـان در نظـر راهـروان
فکـر اسب سیـه و زیـن مغـرّق نکنـیم
آسمـان کشتی اربـاب هنـر می‌شکنـد
تکیـه آن بـه که بر این بحـر معلّـق نکنـیم
گر بـدی گفت حسودی و رفیـقی رنجیـد
گو تو خوش باش که ما گوش به احمق نکنیم
حافـظ ار خصـم خطـا گفت نگیـریم بر او
ور به حق گفت جـدل با سخن حـق نکنـیم

دەڵێـم بە دەنگی زوڵاڵ و بە رۆحی سەرخۆشم
کە هـەر نەسیمـی سوراحی حەیـاتە بۆ هۆشـم
نەبـوو تەوێڵـی خومـارێ کە مۆنی زوهدی ریا
غوڵامـی خڵتـەبنۆشـانی رەنـد و رووخۆشـم
حەکـایەتم نە فەقەت چوو بە رەنـدی و سووکی
رفانی هەم خەمی گۆچانی زولفی چون گۆشـم
کە پیری مەیکەدە دەرکم لە روو نەکاتەوە بەس
بە کـام دەر بچـم و عەشق و کـام نەفرۆشـم؟
نە من لە بـاخ و چەمەن شیـن لە خۆوە بووبێـتم
لە باخـەوانمە چەتـری سـەر و بـەر و بۆشـم
خودام شـایەتە هـاورێی ئـەوم لە هـەر حـاڵا
چ رەنـدی مەیکەدە یا خۆ چ خەرقـە بەردۆشـم
غوبـاری رێگوزەری کیمیـای خۆشبەختیـم
غـوڵامی حەزرەتی گیانان و خاکی ئەو کۆشـم
لە شـەوقی نێـرگزی مەست و سنەوبەری بەژنی
قـەدەح گری لچی جـۆ، لالە گوێن و خامۆشـم
گەرەکمـە رەنگـی ریـا لابەرم لە نـاخی دڵ
بە قەولی «حافز» ئەشێ مـەی لە کووپە دادۆشـم
وتـم گوناحە مەگەر پرس‌وجۆ لە «کۆلیـل»ـێ
وتـی مەحـاڵە کە رەنـدێ ببـێ فـەرامۆشـم

سرم خوش است و به بانگ بلند می گویم
که من نسیم حیات از پیاله می‌جویم
عبوس زهد به وجه خمار ننشیند
مرید خرقه‌ی دردی کشان خوش‌خویم
شدم فسانه به سرگشتگی و ابروی دوست
کشید در خم چوگان خویش چون گویم
گرم نه پیر مغان در به روی بگشاید
کدام در بزنم چاره از کجا جویم
مکن در این چمنم سرزنش به خودرویی
چنان که پرورشم می‌دهند می‌رویم
تو خانقاه و خرابات در میانه مبین
خدا گواه که هر جا که هست با اویم
غبار راه طلب کیمیای بهروزی‌ست
غلام دولت آن خاک عنبرین بویم
ز شوق نرگس مست بلندبالایی
چو لاله با قدح افتاده بر لب جویم
بیار می که به فتوی حافظ از دل پاک
غبار زرق به فیض قدح فروشویم

زۆرم ئەم نوکتە بەیـان کردووە ئەمجارەش ئەڵێم
که نه لەم رێ منی شەیـدا قەدەمی خـۆم دەنێم
لە بەر ئـاوێنه وەکـوو تـووتی ئەکەن فێری قسـەم
هەر ئەوەم پێیە کە بەخشنـدە هـەوەڵ داویە پێم
پەیکوڵم من ئەگە یا گـوڵ لە چەمـەن عیشوەنووێن
باخـەوان چۆنی بپێـوێ بە گەزی ئـەو دەڕووێم
دۆستـان لۆمـەیی ئەم بێـدڵە حەیـرانە مەکەن!
گەوهـەرێکم هەیە بۆ لەعـل‌شنـاسێ دەگەڕێم
بەم عەبـا کۆنـەوە مەی عـارە بنۆشیـن، بەڵام
لە ریـا رەنگ دەسێنێت حـەزی کیـژی ترێم
پێکەنیـن و غـەمی من خەڵکـی وڵاتێـکی‌ترن
کە غەزەڵخوێنی شەوم، شینە سەحەرناڵە لە جێم
کە وتی «خاجە»! نەکەی خاکی دەری مەیکەدە بۆن
بێژە بمبوورە بە بۆی موشکی خوتەن چونکە دەژێم
خـاکی مەیـخانە کلـی چـاوی فریشتە و پەرییە
منـی «کۆلیـل» لە شێتیـمە ئەویـنداری ئەوێم

بـارهــا گفتــه‌ام و بــار دگر می‌گویــم
که من دل‌شـده این ره نـه به خود می‌پویــم

در پس آینـــه طـوطی صفتـم داشتــه‌اند
آن‌چــه استــاد ازل گفـت بگـو می‌گویــم

من اگر خــارم و گر گل چمن‌آرایی هست
که از آن دست که او می‌کشدم می‌رویــم

دوستــان عیب من بیــدل حیــران مکنـید
گوهــری دارم و صـاحب‌نظری می‌جویــم

گرچه با دلـق ملمّـع مـی گلگون عیب است
مکنــم عیب کــز او رنگ ریــا می‌شویــم

خنــده و گریه‌ی عشــاق ز جایی دگر است
می‌ســرایم به شب و وقت سحـر می‌مویــم

حافـظم گفت که خــاک در میـخانه مبوی
گو مکن عیب که من مشک ختن می‌بویــم

ئێمە با رایەت و غولامی شەهین
شاریارانی سوبحی خۆشنیگەهین
سینە پڕ گەنج و کیسە پڕ لە هەوا
جامی دونیا نووێن، غوباری رەهین
هۆشیاری حوزوور و مەستی غورور
خوا بە یەک ناس و نوقمی هەر گونەهین
دڵبەری بەخت ئەگەر کریشمە بکات
جامی بەر بووکی کوڵمی چەشنی مەهین
هەر شەوێ پاسەوانی بەختەوەری
یاری بێدار بەخت و کەچکولەهین
سوحبەتی ئێمە بێژە دەرفەتە بۆت
تۆ لە خەو ئێمە مۆمی دیدگەهین
روو لە هەرکوێ بکات هیمەتمان
شا دەزانێ بە سانی چەن سپەهین
کفنی دژمن لە خوێنی سوور دەکەین
وەک بە خوێن ئاوەدێری باخی شەهین
رەنگی نەیرنگ ئێمە ناناسێ
شێری سوور، ئەژدەهایەکی سیەهین
قەرزی «حافز» بڵێ ئەدا فەرموون!
وەعدی خۆتانە ئێمەشت گەوەهین
گیانی «کۆلیل» بیدی مەجنوونە
بۆیە سەرشۆڕی بەژنی سەروی سەهین

گرچه ما بندگان پادشهیم
پادشاهان ملک صبحگهیم
گنج در آستین و کیسه تهی
جام گیتی نما و خاک رهیم
هوشیار حضور و مست غرور
بحر توحید و غرقه‌ی گنهیم
شاهد بخت چون کرشمه کند
ماش آیینه‌ی رخ چو مهیم
شاه بیدار بخت را هر شب
ما نگهبان افسر و کلهیم
گو غنیمت شمار صحبت ما
که تو در خواب و ما به دیده گهیم
شاه منصور واقف است که ما
روی همت به هر کجا که نهیم
دشمنان را ز خون کفن سازیم
دوستان را قبای فتح دهیم
رنگ تزویر پیش ما نبود
شیر سُرخیم و افعی سیهیم
وام حافظ بگو که بازدهند
کرده‌ای اعتراف و ما گوهیم

هــاتییه ســەر گلّم گولّــم فــاتیحــەیێ کە هەدیــەمان!
لێــو کەوە! من شەهیــدی تــۆم بمدەوە سەر لە نۆ ژیــان
ئەو کەســە لێمی پرسی و خۆنــدی دوعا لە سەرم و چوو
بێــژە دەمێ مــەڕۆ هەتــا رۆحی لە شوێن دەکــەم رەوان
ئەی ئــەوە دوکتــوری دلّــی شێــتمــی بڕوانــە بە دلّ
دووکەلّی سینگ و باری غەم چەندە وەکۆن لەسەر زمــان
عەشقی ئەویــن بەلّــێ گــڕی لــەرزی لە ئێسکما بڕی
بە چەشنی تێ وەلّــی کە چوو بوو بە گــڕێ لە ئێسکمــان
دلّ وەکــو خــالّی رەش لەســەر ئاگری روومــەتت موقیم
دیــدە بە تیــری چــاوی گەش زەخمیه دینی پێ نەمــان
دابــەزێنی تــاوی دلّ بەلّکو بە ئــاوی چــاوی خۆت
نەبــزی دەســم بگــرە بــزا هیــچ لە ژیــن ئــەدا نیشـــان
شووشــه شــەرابی پێــم ئەدا ئەو کەسە بەلّکو شــاد بــم
چۆنــە بە کــن تەبیب ئەبــا شووشــەیی من بە ئیمتحـــان
شــەربەتی ئــاوی ژینی پێــم نۆشییه «خاجــە»! شیعری تۆ
فەحسی تەبیب هیچــە هەر، هەر غــەزەلّت لە دلّ دەوان
وەسفی کولّی «عومەر» وەکوو چەپکــە گولّێکە هەر دەنا
دەستی غــەزەلّ چلــۆن دەگا گیــانە بە بەژنــی ئاسمـــان

فاتحه‌ای چو آمدی بر سر خسته‌ای بخوان
لب بگشا که می‌دهد لعل لبت به مرده جان

آن که به پرسش آمد و فاتحه خواند و می‌رود
گو نفسی که روح را می‌کنم از پی‌اش روان

ای که طبیب خسته‌ای روی زبان من ببین
کاین دم و دود سینه‌ام بار دل است بر زبان

گرچه تب استخوان من کرد ز مهر گرم و رفت
همچو تبم نمی‌رود آتش مهر از استخوان

حال دلم ز خال تو هست در آتشش وطن
چشمم از آن دو چشم تو خسته شده‌ست و ناتوان

بازنشان حرارتم ز آب دو دیده و ببین
نبض مرا که می‌دهد هیچ ز زندگی نشان

آن که مدام شیشه‌ام از پی عیش داده است
شیشه‌ام از چه می‌برد پیش طبیب هر زمان

حافظ از آب زندگی شعر تو داد شربتم
ترک طبیب کن بیا نسخه‌ی شربتم بخوان

زۆرم غــــەمــی دڵ وت بــۆ تــەبیـــبان
رێ نـابــەڵەد بــوون چەشنـی غـەریبـــان
ئەی گــوڵ کە هــەردەم بــایێ لە گەڵتن
بـۆ عیشـــوە ناکـــەی بـۆ عەنـدەلیـــبان
خـــوا روخســـەتێ بـــا دیســـان ببیـــنی
چـــاوی دڵاران، کولـمـــی حەبیـــبان
گەنجـــی دڵاری شــەقڵـــی شکـــاوە
یـــارەببـی بشکێ ئەستـــۆی رەقیـــبان!
ئەی حـــاتەم ئاخـــر تا کەی لە سفـرەی
ئیحســـان بەدەر بـــم وەك بێنەسیـــبان
«حافـــز» کە وێڵـــی شـــەوگـاری لیڵـــە
فـــووی کرد لە مۆمی لەعلـــی ئەدیـــان
«کۆلیـــل»ی ئێـــوەش حـــاڵی شپـــرزە
شـــەڵڵا کە ژینگـــەی پەستـــی نەدیـــان

چنـــدان که گفتـم غـــم با طبیـــبان

درمــــان نکـــردند مسکیـــن غریبـــان

آن گـل که هـــر دم در دست بـادی‌ست

گـــو شـــرم بـــادش از عنـــدلیـــبان

یـــا رب امــــان ده تـــا بـــازبیـــند

چشـــم محبـــان روی حبیـــبان

درج محبـــت بر مهـــر خـــود نیست

یـــا رب مبـــادا کـــام رقیـــبان

ای منعـــم آخـــر بر خـــوان جودت

تـــا چنـــد باشیـــم از بـــی‌نصیـــبان

حافـــظ نگشتـــی شیـــدای گیـــتی

گـــر می‌شنـــیدی پنـــد ادیبـــان

مـردم لە دەردی دووری، دەوری وەفـــا وەگێـــڕە!
بــۆ دڵ بـەڵایە دووریت، یـــاڕەب بەڵا وەگێـــڕە!
مـانگی فەلــەک بە نـازۆ ئەسپی کەوەی دەگێــڕێ
با هەڵگلــێ لە شەرمـــا ڕەخشی سەفـــا وەگێـــڕە
زولفی خەمین پەرێشـــان فەرموو لە داخی سومبوڵ
دەوری روخت بخـــووریّ چەشنی سەبا وەگێـــڕە
تەشریف بێنە سەرمەست بۆ عەقڵ و دین بە نـــازۆ
گۆشـــەی کڵاو لادە و چـەتـری کـــەوا وەگێـــڕە
ئەی نووری چـــاوی مەستـــان چـاوم لە ڕێتە جامێ!
لەعلــی بلــوور بێـــنە و چەنگ و نـەوا وەگێـــڕە
دۆعـــایە سـەوزی نووسی دەوران لە دەوری لێـوی
یـاڕەب لە چارەنووسی گوڵ جەوری بـــا وەگێـــڕە
«حافز»! لە کۆڕی شۆخان هەر ئەمتە بوو بە قسمەت
رازی ئەگەر بە بەش نیت حوکمی قـــەزا وەگێـــڕە
فەرمـــانی یـارە «کۆلیـل»! دڵ چوو بە چای چناکەی
جەژنی وەفـــا لە چـــاڵی(قالــوو بــەلا) وەگێـــڕە

می‌سوزم از فراقت روی از جفا بگردان

هجران بلای ما شد یا رب بلا بگردان

مه جلوه می‌نماید بر سبز خنگ گردون

تا او به سر درآید بر رخش پا بگردان

مر غول را برافشان یعنی به‌رغم سنبل

گرد چمن بخوری همچون صبا بگردان

یغمای عقل و دین را بیرون خرام سرمست

در سر کلاه بشکن در بر قبا بگردان

ای نور چشم مستان در عین انتظارم

چنگ حزین و جامی بنواز یا بگردان

دوران همی‌نویسد بر عارضش خطی خوش

یا رب نوشته‌ی بد از یار ما بگردان

حافظ ز خوبرویان بختت جز این قدر نیست

گر نیستت رضایی حکم قضا بگردان

یارەب ئەو مامزە بۆ دەشتی خوتەن بێنەوە باز
سەروی خۆش قامەت و بالا بە چەمەن بێنەوە باز
بە نەسیمێ بکە دەرمانی دلی مات و مەلوول
واتە گیانی لە بەدەن چوو بە بەدەن بێنەوە باز
مانگ و خۆر چۆن دەگەیێنیت بە سەرمەنزلی خۆ
مانگی ئێمەش بە شکۆی بەحری عەدەن بێنەوە باز
چاوەکانم بە حەزی لەعلی یەمانی بووە خوێن
خوایە ئەستێرەیی تابان بە یەمەن بێنەوە باز
ئەی موبارەک مەلی خۆش‌لاجە بەرەو شاهی مەلان
خەبەری دال و قەلی رووڕەش و گەن بێنەوە باز
خەبەری بۆ بەرە نیمانە کە بێ ئێوە ژیان
خەبەرێ خۆش و وەلامێکی پەسەن بێنەوە باز
ئەوکەسەی چاوی سەری «حافز»ی یارەب وەتەنە
بە دلی خۆی لە غەریبی بە وەتەن بێنەوە باز
خوایە ئەو عومرە «عومەر» سەرفی غەمی قامەتی کرد
بۆ خەمی پەرچەم و دوو زولفی بە تەن بێنەوە باز

یا رب آن آهوی مشکین به ختن بـازرسـان
وان سهی سرو خرامـان به چمن بـازرسـان
دل آزرده‌ی مـا را بـه نسیمـی بنـواز
یعنی آن جـان ز تن رفتـه به تن بـازرسـان
ماه و خورشیـد به منـزل چو به امر تو رسند
یـار مـه‌روی مرا نیـز به مـن بـازرسـان
دیـده‌ها در طلب لعـل یمـانی خون شد
یا رب آن کوکب رخشان به یمن بازرسـان
بـرو ای طـایر میمـون همـایون آثـار
پیـش عنقـا سخن زاغ و زغـن بـازرسـان
سخن این است که ما بی تو نخواهیم حیات
بشنـو ای پیک خبـر گیر و سخن بـازرسـان
آن‌کـه بـودی وطنش دیـده‌ی حافظ یا رب
به مـرادش ز غریبـی به وطـن بـازرسـان

مەچۆ تۆ خوا لەگەڵ پەشمینەپۆشان!
نەپۆشی روو لە حاسبی خڵتەنۆشان
لە ژێر ئەو دەڵقە هەر مەکر و ریایە
چ خۆشە لۆی کراسی مەیفرۆشان
لە کۆڕی سۆفییان نەمدیوە سافێ
گەوارا بێت لێڵی دڵپەرۆشان
تەبێعەت ناسکی تۆ ناکرێ پێت
لەگەڵ تەبعی گرانی خەرقەپۆشان
کە مەستت کردووم روو دامەپۆشە
بە ئێشت مەمکوژە نۆشت لە کۆشان
تەماشا چەن بە مەکر و فێڵی زاهید
سوراحی دڵ بە خوێنەو نەی خورۆشان
لە ئاخی ناخی «حافز» بێ بترسە
کە دەکوڵێ سینگی وەك قازانگی جۆشان
مەگەر شاهی زەحاکی، رۆحی «کۆلیل»!
کە دوو ماری رەشت دایم لە دۆشان

خدا را کم نشین با خرقه‌پوشان
رخ از رندان بی‌سامان مپوشان
در این خرقه بسی آلودگی هست
خوشا وقت قبای می فروشان
در این صوفی‌وشان دردی ندیدم
که صافی باد عیش دردنوشان
تو نازک طبعی و طاقت نیاری
گرانی‌های مشتی دلق پوشان
چو مستم کرده‌ای مستور منشین
چو نوشم داده‌ای زهرم منوشان
بیا و از غبن این سالوسیان بین
صراحی خون دل و بربط خروشان
ز دلگرمی حافظ برحذر باش
که دارد سینه‌ای چون دیگ جوشان

سەری شمشاڵقەدان، سەروەری خۆش گفت و زمان
به مژۆڵان که سەفی سەفشکەنانی گک شکان
نەزەری بوو بە هەژار و گوزەرا مەست و وتی
ئەی له کۆڕی شوعەرا چاو و چرای هەست و بەیان
کیسه خاڵی له زەڕ و سیم هەتاکەی؟ وەره تا
به غولامت کەم و بەشدار له کۆی سیملەشان
سەر له زەڕڕەی له ئەوین دانەبەزی! سەرکەوه تا
دەچیه نێو خەڵوەتی خۆری گەشی زێڕین کەوان
مەکە باوەڕ بە جەهان تا هەیه جامێکی شەراب
چزی لێ نێ به خۆشی رووی گوڵی رووسووری جەهان
پیری مەینۆش که شا بێت، رەوانی بە بەهەشت!
مەبه فەرمووی بە رەفێقی گوڵی سەد وادە ئەمان!
دژ له خۆ دوورکه تون بگره به دەس دامەنی دۆس!
پیاوی ئەو بی نییە باکت له فەن و فێڵی دژان
سوح له نێو باخی گوڵاڵەم به سەبا وت که هەموو
ئەم کفن سوور به خوێنانه شەهیدانی جەفان
وتی «حافز»! من و تۆ مەحرەمی ئەم رازه چ نین
هەر له مەی بدوه لەگەڵ نوقڵ و مەزەی لێوشەکەران
ئەشکی ئاڵ و روخی زەردی وەکو «کۆلیل»ـم ئەوێ
گەنجی بێ گەوهەر و زێڕی که له بیر نایه زەمان

شاه شمشاد قدان خسرو شیرین‌دهنان

که به مژگان شکند قلب همه صف‌شکنان

مست بگذشت و نظر بر من درویش انداخت

گفت ای چشم و چراغ همه شیرین‌سخنان

تا کی از سیم و زرت کیسه تهی خواهد بود

بنده‌ی من شو و برخور ز همه سیم‌تنان

کمتر از ذره نه‌ای پست مشو مهر بِوَرز

تا به خلوتگه خورشید رسی چرخ‌زنان

بر جهان تکیه مکن ور قدحی می داری

شادی زهره جبینان خور و نازک‌بدنان

پیر پیمانه کش من که روانش خوش باد

گفت پرهیز کن از صحبت پیمان شکنان

دامن دوست به دست آر و ز دشمن بگسل

مرد یزدان شو و فارغ گذر از اهرمنان

با صبا در چمن لاله سحر می گفتم

که شهیدان که‌اند این همه خونین کفنان

گفت حافظ من و تو محرم این راز نه‌ایم

از می لعل حکایت کن و شیرین‌دهنان

بەهـــارە گـــوڵ بە کەنیـــنیٚ شکـــانی تۆبـەکەمـــان
غەمـــیٚ نەمـــا لە دڵا عەشقـــی گوڵ لە گیانی جەمان
گەیـــی نەسیمـــی سەبـــا خونچـــە چوو بە پێشـــوازی
لە ســـەر چ هۆش و لەبـــەر تیکەیێ کراســـی نەمـــان
لە بەژنـــی ســـەروی چەمـــەن، بگرە دابـــی سەربەرزی
بـــە ئـــاوی رۆشنـــی دڵ ریٚ بنـــاســـە! وەک دییەمـــان
سەبـــا بە کەیفی هونـــەر کاکـــوڵی گوڵـــی لە دەســـا
دەمیٚ کە پەرچەمی سومبوڵ لە سەر چەمەن دەچەمان
بە چەشنـــی بووکی بەخت خونچە هاتە دەر لە حەرەم
کە دڵ ببـــات لەبـــەر چـــاو و دیـــن بنێـــتە زەمـــان
ســـەدای بولبـــولی شەیـــدا خورۆشی تەیـری سەحەر
لە عەشقـــی گوڵ بە دەراتن لە نـــاخ و نووکی خەمـــان
قســـە و حەکـــایەتی ئازیز و جامی مـــەی خۆش کەن
بە شیعـری «حافز»و قەولی بە هێـزی پیـری زەمـــان
لە تیـــری نـــاز و کـــەوانی بـــرۆ مەڵـــیٚ «کۆلیـــل»!
کە رۆحی دەوڵـــەتی بـــارامی گـــۆر دێتـــە ئەمـــان

بهـــار و گل طـرب‌انگیز گشت و توبه‌شکـن
به شــادی رخ گل بیـــخ غـــم ز دل بـرکـن

رسیـــد بـــاد صبـــا غنچـــه در هـــواداری
ز خود بـــرون شـد و بر خـود درید پیـراهـن

طـریق صـــدق بیـــاموز از آب صـــافی دل
بـه راستـی طلـب آزادگـی ز ســرو چمـن

ز دستـــبرد صبـــا گـــرد گل کُـــلاله نگـــر
شکنـــج گیسـوی سنـبل ببین به روی سمـن

عـروس غنچـه رسید از حـرم به طـالع سعـد
بـعینـــه دل و دیـن می‌بــرد به وجـه حسـن

صفیـــر بلبـــل شـــوریده و نفیـــر هـــزار
برای وصـــل گل آمـــد بـرون ز بیت حـزن

حــدیث صحبت خوبـان و جـام بـاده بگو
به قـــول حافـظ و فتــوی پیـر صاحب فـن

گوڵئاسا تا بە دامەن بێخە پارە
دەکەم هەردەم بەهۆی عەشق و پەژارە
کراسی گوڵ وەکوو مەستان دڕیوە
لە باخان بەژنی دیوی وا دیارە
دڵت راحەت رفان و سەختە رۆحیش
نەبا خێڵی غەمت وەك ئەو هەژارە
نەبێ یارەب کەسێ دژمن بە دۆسی
وەکوو یارم لەگەڵ کۆڕی نەیارە
لە نوقرەی سینەدا دڵ چەشنی پۆڵا
لە جامی جامەلەش چون مەی دیارە
کە رۆشن بوو لە خەڵکی سۆزی گیانت
لە چاو ئەی مۆمی فرمێسك ببارە
مەکەن! ئەینا لە ناخم ئاخی دڵسۆز
وەدەر دێ وەك لە تەندووری شەرارە
دڵم مەشکێنە، پێشێلی مەفەرموو!
کە ماڵ و مەنزڵی زولفی شەوارە
دڵی «حافز» کە بەستەی پەرچەمی تۆن
بە سووکی مەگرە، جێگەی ئیفتیخارە
مەگەر کافر دەبی جارێ بە «کۆلیل»
لە چاوت مەرحەمەتکەی یەك ئیشارە؟!

چو گل هـــر دم به بـویت جـامه در تـن

کنـم چـــاک از گریبـــان تـــا به دامـن

تنـــت را دیـــد گل گویـــی که در بـــاغ

چـو مستـــان جـــامه را بـدریـــد بر تـــن

من از دست غمـــــت مشکـــل برم جـــان

ولـــی دل را تـــو آســـان بـــردی از مـــن

به قـــول دشمنـــــان برگشتـــی از دوست

نگـــردد هیــــچ کس دوســـت دشمـــن

تنـــت در جـــامه چـــون در جـــام بـــاده

دلـــت در سیـــنه چـــون در سیـــم آهـــن

ببـــار ای شمـــع اشک از چشم خونیـــن

کـه شـــد ســـوز دلت بر خلـــق روشـــن

مکـــن کـز سیـــنه‌ام آه جگـــرســـوز

بـــرآیـــد همـــچـو دود از راه روزن

دلـــم را مشکـــن و در پـــا میـــنداز

کـه دارد در ســـر زلـــف تـو مسکـــن

چـو دل در زلـــف تو بستـــه‌ست حافـــظ

بدیـــن‌ســـان کـــار او در پـــا میفکـــن

خێــوەتــی سولـّتــانی گوڵ هەڵـّـدا لەسـەر سەحنی چەمــەن
هاتنــی یــارەب موبــارەک بێ لـە ســەرو و یاسەمــەن
ئەم نزوولــی خوســـرەو ئاســایەت گەلـێ شیــرین بــوو
چون دەناسـێ هەرکـە شوێنی خۆ لـە کۆڕ و ئەنجومــەن
بۆ نگینـی جـەم بـەرن مــوژدەی سەرەنجـامی بـەخێــر
ئیسمـی ئـەعــزەم وا نەجــاتی دا لـە دەستــی ئەهریمــەن
تـا ئـەبــــەد ئەم مـاڵـــە ئـاوا بێ کە دێنـێ هەر نـەفـــەس
عەتر و بۆی رەحمان لە ئەو مـاڵەم، شەمـاڵی کۆی یەمــەن
شـەوکـەت و تێغــی جەهــانگیری کـوڕی ئەفـراسیاب
بوو بە شـانــامە و حەکـایـەت، فەخـری لاوانـی وەتــەن
ئەسپــی توند و تیـژی چەرخت چون لە ژێر زین رامە، ئەی
شـاسوواری لاوی مەیــدان گۆی دڵـم فەرموو پەســەن!
ئــاوی رووبــاری رەوانی مەملـەکەت شمشێــری تـۆن
وا نمــامــی عــەدڵ ئەبێ شیــن، زلـمـی زالـم ریشـەکـەن
شک نەکەی ئیــدی ئەگــەر بێــژم لە بـۆی خۆشی خدەت
دەشتــی (ئیــزە)م بوو بە کــانی موشکی تـاتـار و خوتــەن
چــاوەڕێی جیلـوەی جەمــاڵی تـۆم لە سووچێکا، دەسـا
لادە رووبــەنـد و کڵاوی کــەچ لەسـەر ئەبــرۆ مەخــەن!
پرســی عەقڵـم کــرد ئەڵێ ئـــاوی ژیــان کیـژی ترێـن
تێکـە مــەی ســاقی بە «خاجە»و عەقڵ ئەگەر باوەڕ دەکـەن
ئەی سەبـا عــەرزم بە مەیگێــڕی (ئـەتـابـەک) بێــژە تـا
پێــم بــدا لەو جامە زێڕینــەی قومێ سینگـم خــەفــەن
پـڕ بـە دڵ «کۆلیــل»ـەکەی ســالاٚنم و ســالاری غــەم
چـون وەکــوو جــاران پەلامــاری دڵـم عەشقت ئــەدەن

افسـر سلـطان گل پیـدا شد از طـرف چمـن
مقـدمش یـا رب مبـارک باد بر سرو و سمـن
خوش به جای خویشتن بود این نشست خسروی
تـا نشیـند هرکسـی اکنـون به جـای خویشتـن
خاتـم جـم را بشـارت ده به حسن خـاتمت
کاسـم اعظـم کرد از او کوتـاه دست اهرمـن
تا ابـد معمـور باد این خانـه کز خـاک درش
هر نفـس با بـوی رحمـان می‌وزد بـاد یمـن
شـوکت پـور پشنگ و تیـغ عـالم گیـر او
در همـه شهنـامه‌هـا شـد داستـان انجمـن
خنـگ چوگـانی چـرخت رام شد در زیر زین
شهســوارا چـون به میـدان آمـدی گویی بـزن
جویبـار ملـک را آب روان شمشیـر تـوست
تو درخـت عـدل بنشـان بیخ بدخـواهان بکـن
بعـد از این نشکفت اگر با نکهت خلق خوشت
خیـزد از صحـرای ایـذج نافه‌ی مشک ختـن
گوشـه گیران انتظـار جلوه‌ی خوش می کنـند
برشکـن طـرف کـلاه و برقـع از رخ بـرفکـن
مشورت با عقـل کردم گفت حـافظ می بنوش
سـاقیـا مـی ده به قـول مستـشار مؤتمـن
ای صبـا بر سـاقی بـزم اتـابک عرضـه دار
تا از آن جـام زرافشـان جرعه‌ای بخشد به مـن

خۆش‌تر ئەی گوڵ لە مەی و جام لە ئەم ژینگەیە چین
کێ دەزانێ کە سەرەنجام لە ئەم ژینگەیە چین

غەمی دڵ چەندە بنۆشین کە ئەییام نەما
گەر نە دڵ بێت و نە ئەییام، لە ئەم ژینگەیە چین

غەمی خۆی بێ! مەلی بێ‌حەوسەڵە، فەرموو کە بەزەی
ئەوە دەیخاتە ملت دام لە ئەم ژینگەیە چین

مەی وەخۆ چاکە نە غەم وەعزی نەزان مەژنەوە هەی!
بیر و بڕوا بە قسەی خام لە ئەم ژینگەیە چین

بەرهەمی کار وەها چاکە بکەی سەرفی بە کام
خەرجی دەس‌ڕەنج بە ناکام لە ئەم ژینگەیە چین

دوێنەشەو پیری موغان حەو خەتی جامی حەل‌ئەکرد
مەبەسی ئەووەڵ و ئەنجام لە ئەم ژینگەیە چین

بردم ئاخر بە دەف و عوود و غەزەڵ، «خاجە» لە ڕێ
تۆڵەم ئاخۆ کە لە ئاکام لە ئەم ژینگەیە چین

جێ لە خاڵ و خەت و خاڵی لە خەیاڵ و غەمی تۆ
منی «کۆلیل» تەمەننام لە ئەم ژینگەیە چین

خوش‌تر از فکر می و جام چه خواهد بودن
تا ببینم که سرانجام چه خواهد بودن
غم دل چند توان خورد که ایام نماند
گو نه دل باش و نه ایام چه خواهد بودن
مرغ کم‌حوصله را گو غم خود خور که بر او
رحم آن کس که نهد دام چه خواهد بودن
باده خور غم مخور و پند مقلد منیوش
اعتبار سخن عام چه خواهد بودن
دست‌رنج تو همان به که شود صرف به کام
دانی آخر که به ناکام چه خواهد بودن
پیر میخانه همی‌خواند معمایی دوش
از خط جام که فرجام چه خواهد بودن
بردم از ره دل حافظ به دف و چنگ و غزل
تا جزای من بدنام چه خواهد بودن

بڕوا کە بەخت و سامان روخساری یار دینە
دانانی تاجی شایی بە سوالّی کۆی ئەوینە
ئاسانە گیانی شیرین دەرچێ لە لەش، بەلاّمێ
بڕیان لە دۆسی گیانی دژوار و ناشرینە
پێم خۆشە بچمە گولّزار دلّتەنگ چەشنی خونچە
بدڕم کراسی پاکی وەختی کەوا بڕینە
گا پەی دەبەم بە رازی ژوانی مەلی بەیانی
گا وەک نەسیم بۆ گولّ ئەسرار دەربڕینە
ئەووەلّ بکەی لە لێوی لەعلی نیگار ماچێ
ئاخر دەنا پەشیمان هەر کاری لێوگەزینە
دیداری گولّ لە دەستت با دەرنەچێ، کە دەرچوو
ئەم چۆلّە دوو گوزەرگا بڕیاری یەکنەدینە
هەر وەک لە یادی شاهم چووبێت یادی «حافز»
یارەب وەبیری لوتفی بێنا! کە ئێمە بینە
یارەب لە (گوێزەکان)و (بالوول)ی(شەمسە) باسێ
«کۆلیل» چون بە چەشنی دێوانە گەرمی شینە

دانــی که چیست دولت دیــدار یار دیــدن
در کــوی او گــدایی بر خسروی گزیــدن
از جــان طمـع بریــدن آســان بود ولیکن
از دوستــان جــانی مشکل تــوان بریــدن
خواهـم شدن به بستان چون غنچه با دل تنگ
وآن‌جـا به نیـک‌نــامی پیــراهنی دریــدن
گه چــون نسیــم بـا گل راز نهفتــه گفتــن
گه سـرّ عشـق‌بــازی از بلبــلان شنیــدن
بوسیــدن لب یــار اول ز دست مگــذار
کآخر ملـول گردی از دست و لب گزیــدن
فرصت شمــار صحبت کز این دوراهـه منـزل
چون بگـذریم دیگر نتـوان به هـم رسیــدن
گــویی برفت حافــظ از یــاد شــاه یحیـی
یــا رب به یــادش آور درویـش پروریــدن

منـــم کە شـۆرەتی شـارم بە عەشـق و دڵـــداری
منـــم کە پـــاکە گـــلارم لە خڵتی گـەن کـــاری
وەفـــا دەکـەم بە بەڵێـن و مەلوولی مەلامەت نیـــم
بە دینـــی ئێمـــە لە دڵبـەر کە کوفـــرە بێـــزاری
لە پیـــری مەیـــکەدە کـردم سوئالی رێگەنەجـات
وتـی پییـــاڵە بـەدەس: تەرکـی شوغڵـی شۆفـــاری
بە دەستی خەڵکی دیبەم گوڵچنین لە روخســـارت
مورادی دڵمـــە لە باخـــی جەهـــان و گولـــزاری
بە مـــەی‌پەرەستـــی ئەدەم نەخشی خۆ بە ئاوا، چـون
لە خۆپـــەرەستـــی ئەشـــۆمـــۆ دەروونـی رزگـــاری
دڵـــم بە کۆمـــەکی زولفـت مەگەر بگـا بە مـەرام
خەبـــاتی ئەو چـیـیە ئەم گـەر نەکا گرفتـــاری
دەرۆمـــە مەیـــکەدە ئەم کـــۆڕی وەعـزە جێ‌دێڵـم
لـە بێ‌عـــەمـــەل کە دەبیســـم وتـــاری مـــۆژاری
لە دەوری روومـــەتی دڵبـــەر لە مەشقـی دایـەرەدام
بە عەشقـی خـــاڵییە فێـــرم بە دەوری روخســـاری
لە لێـــوی ســـاقی و جـــامی بچێـــنە «حافز»! مـــاچ
نە دەستـی زاهیـــدی تەقـــوافـرۆشـی نێوشـــاری
نە ژێـــری ســـەرجەمە «کۆلیـــل» یا نە شێـــتی پەتـی
موریدی ئەهلـــی تـەریقـــم نە شێخـــی دەربـــاری

منـــم که شهـره‌ی شهـرم به عشق ورزیـــدن
منـــم که دیـــده نیـــالـودم به بـد دیـدن
وفــا کنـیم و مــلامت کشیم و خوش باشیم
که در طریقـت مـا کافــری‌ست رنجیـــدن
به پیـــر میکـــده گفتم که چیست راه نجـات
بخواست جـام مـی و گفت عیب پوشیـــدن
مراد دل ز تمـاشـــای بـاغ عـــالـم چیست
به دست مردم چشـــم از رخ تـو گل چیـــدن
به مـی پرستـی از آن نقـش خود زدم بـر آب
که تا خـــراب کنـــم نقش خود پرستیـــدن
بـه رحمــت ســـر زلـف تـو واثقـــم ورنـه
کشش چو نبود از آن سو چه سود کوشیـــدن
عنـان به میـــکده خواهیـم تافت زین مجلس
که وعـظ بی‌عمـــلان واجب است نشنیـــدن
ز خـط یـار بیـــاموز مهـــر با رخ خـوب
که گرد عارض خوبان خوش است گردیـدن
مبـــوس جـز لب ســاقی و جام مـی حافـظ
که دست زهـــدفروشان خطاست بوسیـــدن

ئەی کوڵمی چەشنی مانگی ئەتۆ نۆبەهاری حوسن
خـاڵ و خەتت هەواری جەمـاڵ و مەداری حوسـن
سیحـر و فوسـون رووا‌وە لە چـاوی خومـارتـان
لـەو زولفـە بێقـەرارە پەیـا بوو قـەراری حوسـن
وەك تـۆ لـە ئاسمـانی ئەویـن ڕۆژ هەڵنـەهـات
بـالای هەڵنـەچوو وەکو بەژنت چنـاری حوسـن
شیـرین بەهـۆی جووانی ئەتـۆ دەوری دڵبـەری
ڕۆشـن بە لوتفی شەوقی بزەت ڕۆژگـاری حوسـن
داوی کەزیـت و دانـەیی خـاڵت لـە هـەر وڵات
چی تەیری دڵ بو کردی بەجارێ شکاری حوسـن
پەروەردە ئێـوە داکـی تەبیعـەت ئـەکـا بـە نـاز
دایـم بە سۆزی گیانی، لە کۆش و کەناری حوسـن
ئـاوی حەیـاتنۆشـە وەنـەوشـەت لە دەوری لێو
وا شیـن و شـادمـانە لەسـەر جۆیبـاری حوسـن
پێـت وا نەبێ کە «خاجـە» دەلالێـکی چەشنی تـۆ
پەیـدا بکـا لە عـالـەمی بـوون و دیـاری حوسـن
«کۆلیـل» و سیحری شیعـر و بەیان و شنەی غەزەڵ
لاڵن لە کۆی بەیـانی شکـۆی شاسوواری حوسـن

ای روی مـــاه منـــظر تـو نـوبهـــار حُســن

خـال و خـط تو مرکز حسن و مـــدار حُسـن

در چشـــم پرخمـــار تو پنهـان فسون سحـر

در زلـف بیـــقرار تـو پیـــدا قـــرار حُسـن

مـــاهی نتـافت همچو تو از بـــرج نیکـویی

سروی نخاست چون قدت از جویبـار حُسن

خـــرم شـد از مـــلاحت تو عهـد دلبـری

فـــرخ شـد از لطـــافت تو روزگـار حُسـن

از دام زلـف و دانـه‌ی خـال تو در جهـان

یک مرغ دل نمـــاند نگشتـه شکـار حُسـن

دایـم به لطـف دایـــه‌ی طبع از میـان جـان

می‌پـرورد بـه نـــاز تـو را در کنـار حُسـن

گـرد لبت بنفشـــه از آن تـــازه و تـر است

کآب حیـــات می‌خـورد از جویبـــار حُسـن

حافـــظ طمـــع بریـد که بیـند نظیـــر تـو

دیـــار نیست جز رخت انـدر دیـار حُسـن

روومەت نهێن بە سومبولی بۆنخۆش و خاو کە!
داپۆشـە واتـە کولـّم و جەهـانێ خـراوکە
ئـارەق لە روو بڕێـژن و گولزاری رووت وەک
شووشـەی گـلاری ئێمە شـەواوی گولاوکە
رۆژانی گـولّ بە چەشنی تەمەن چوو بە تاو، تۆش
مەیگێـڕ زوو بـە جامـی گولێن پڕ لە تـاوکە
هەلبێـنە چـاوی مەست و خومـارت بە ناز و جا
چـاوی حەسوودی نێرگزی فیـزن رەچـاوکە
هەلبمژە بۆی وەنەوشە، لە دەس بگرە زولفی یار!
بڕوانـە رەنگـی لالـە خەیـالێ شـەراوکە
داب و نەریتی ئێوە کە عاشق‌کوژیـن، قـەدەح
پـڕپـڕ لە مـەی‌کە! بۆ دڵ و جەرگـم کـەواوکە
بخشێـنە چەشنی تۆقلـە لەسـەر جـام چاوی دڵ
بنچیـنـەی ئـەم جـەهـانە حوبـابێ حەسـاوکە
«حافـز» لە ڕێی دوعاوە دەکـا مەیلی وەسلەتێ
یـاڕەب رجـای خەستـەدلان خۆش جـوواوکە
«کۆلیـل»ـی تۆوی عەشقـە زەمیـن و گلێ دلّم
بۆ بەرهـەمێ پتـر بە شـەراوی کەشـاوکە

گلبرگ را ز سنبل مشکین نقاب کن
یعنی که رخ بپوش و جهانی خراب کن
بفشان عرق ز چهره و اطراف باغ را
چون شیشه‌های دیده‌ی ما پرگلاب کن
ایام گل چو عمر به رفتن شتاب کرد
ساقی به دور باده‌ی گلگون شتاب کن
بگشا به شیوه‌ی نرگس پرخواب مست را
وز رشک چشم نرگس رعنا به خواب کن
بوی بنفشه بشنو و زلف نگار گیر
بنگر به رنگ لاله و عزم شراب کن
زآن‌جا که رسم و عادت عاشق‌کشی توست
با دشمنان قدح کش و با ما عتاب کن
همچون حباب دیده به روی قدح گشای
وین خانه را قیاس اساس از حباب کن
حافظ وصال می‌طلبد از ره دعا
یا رب دعای خسته‌دلان مستجاب کن

ســـاقی بەیـــانە هەستـــە قـــەدەح پـڕ گــولاو کە
گەردون لە سووڕە زوو بـە! تەمەن خۆش تەواو کە
زووتــر لــەوەی کە عــالەمی خــاکی خــراو بێ
بەو جــامە گــوڵ جەمیـــنە دەروونــم خـــراو کە
هەڵچــوو لە خۆرهــەڵاتی سوراحی هەتـاوی مەی
خەو بەستـــە هەستـــە بۆ مـەزە گیـــانم کــەواو کە
ڕۆژێ کە چــەرخ ئەکــا بە کەل‌وپەل کەلاکمــان
کاسـەی ســـەرم دەخیـــلە بە کووپەی شـــەراو کە
من ئەهلــی وەرع و تۆبــە لە گولـــزاری راز نیـــم
وەک عاشقــی شــەرابــی خۆلاســـەم حەســـاو کە
کـــاری ســــەواو بـــادە لەســــەر نــــانە «حافز»ا!
ســـا هەستـــە قەستی کار و مەبەستــی ســـەواو کە
«کۆلیـــل»! ئەشکــی ئێــوە لە نەسڵــی شــەرابە وا؟
دڵبـــەر دەڵـــێ کە مەست و خــراوم بە چـــاو کە

صبح است ساقیا قدحی پرشراب کن
دور فلک درنگ ندارد شتاب کن
زان پیش‌تر که عالم فانی شود خراب
ما را ز جام باده‌ی گلگون خراب کن
خورشید می ز مشرق ساغر طلوع کرد
گر برگ عیش می‌طلبی ترک خواب کن
روزی که چرخ از گل ما کوزه‌ها کند
زنهار کاسه‌ی سر ما پرشراب کن
ما مرد زهد و توبه و طامات نیستیم
با ما به جام باده‌ی صافی خطاب کن
کار صواب باده‌پرستی‌ست حافظا
برخیز و عزم جزم به کار صواب کن

لە حەوشـە بێـرە سـەر و شەوسـەرا مونەووەر کە
دەماخی مەنـزڵی رۆشـن‌دڵان مـوعـەتـەر کە
مـەلا نەسێحـەتی کرد ئەر، نەکەی کە عاشق بی!
پییـاڵەیێ بـدە پێـی و بڵـێ دەمێ تـەڕ کە
لە تـاقی دیـدەیی گیـانانە من دڵ و گیـانم
دە زووبـە زوو وەرە! سەیرێکی تاق و مەنـزەر کە
هەسارەکەم شەوی دووری گزینگ و نووری نەما
هەتاوی روو بکە رۆشن لە کۆشک و شەو دەرکە
بە دەرکەوانـی بەهەشتـێ بڵـێ کە خـاکی مە
بە رەسمـی هەدیە لە جەنئەت بە عوود و عەمبەر کە
لە ئـەم کڵاو و عەبـا کـۆنە یـاس و دڵتەنـگـم
بـە ئـەو کریشمـەیە شۆخـانەتم قەڵـەنـدەر کە
کە شۆخـەکانی گوڵستـان کەنیـزی جـوانیتن
ئیشـارە بۆ سەمـەن و نـاز بۆ سنـەوبـەر کە
فـزوول‌مـایە حەکـایەت گەلێ دەکـا مەیگێـڕ!
لە دەستی خۆت نەدەی کار و مەی لە ساغـەر کە
عەقـڵ بە نووری جەمـاڵت بڕا تروسکـی لە چاو
دە هەستـە خێـوەتـی خـۆری دییەم مونەووەر کە
تەمـاحـی قەنـدی ویسـاڵت لە شانی ئێمە کە نین
دڵـم حەواڵـە بە دوو لێـوی کـانی شـەککەر کە
لە لێـوی جـام بنێ مـاچ و جـا بە مەستان مـەی
بـە ئـەم لەتیفـە حەرێفـان دەمـاخ گوڵبـەر کە
بەجێ لە مەجلیسـی نـۆش و ئەوینـی نـازاران
دەرون لە جەوهـەری «حافز» بە کانی گەوهـەر کە
دڵـم بە بـاوەڕی عەشقـت گەییـوە چون «کۆلیل»
کـە نیـتە بـاوەڕی عـەشقـم دڵـت بـە داوەر کە

ز در درآ و شبستان ما منور کن
هوای مجلس روحانیان معطر کن
اگر فقیه نصیحت کند که عشق مباز
پیاله‌ای بدهش گو دماغ را تر کن
به چشم و ابروی جانان سپرده‌ام دل و جان
بیا بیا و تماشای طاق و منظر کن
ستاره‌ی شب هجران نمی‌فشاند نور
به بام قصر برآ و چراغ مه بر کن
بگو به خازن جنت که خاک این مجلس
به تحفه بر سوی فردوس و عود مجمر کن
از این مزوّجه و خرقه نیک در تنگم
به یک کرشمه‌ی صوفی‌وشم قلندر کن
چو شاهدان چمن زیردست حسن تواند
کرشمه بر سمن و جلوه بر صنوبر کن
فضول نفس حکایت بسی کند ساقی
تو کار خود مده از دست و می به ساغر کن
حجاب دیده‌ی ادراک شد شعاع جمال
بیا و خرگه خورشید را منوّر کن
طمع به قند وصال تو حد ما نبود
حوالتم به لب لعل همچو شکّر کن
لب پیاله ببوس آنگهی به مستان ده
بدین دقیقه دماغ معاشران تر کن
پس از ملازمت عیش و عشق مه‌رویان
ز کارها که کنی شعر حافظ از بر کن

ئەی نووری چاوم ئەم قسە وەك دورڕ لە گۆش کە
تا جـــام پڕ شـــەرابە لەگـــەڵ یـــاری نـۆش کـە
دێـوی فریـــو زۆرە ئەگـــەرچی لە ڕێـی ئەویـن
کۆڵ هەر نەدەیت و گوێ لە کریشمەی سرۆش کە
بەرگی تەمــەن شـڕی شڕ و ســازی ژیـانە کپ
ئەی چەنگ خۆش بناڵە لەگەڵ دەف خورۆش کە
تەزوێــح و خەرقــە قودرەتـی مەستیت نـادەنێ
چـــاوی مـەدەد لە دەستی وزەی مەیفـرۆش کە
پیـــران وەکوو وتـــوومە دڵاوان و خـۆشبەیـــان
پیـــر بی ئەتـۆش ڕۆڵە لە گوێ پەندی خـۆش کە
سامـــان و گەنـــج حەیفـــە درێغـــی لە دۆستـــان
سەد گیـــان فیـدات گیانە! قسەی من لە گۆش کە
زولفـی ئەویـــن کەمەنـــدی سـەری هۆشیـــار نین
پێـت خۆشە کەویە داوی، لە سەر تەرکی هۆش کە
ســاقی هەمیشە جـامی دەست پڕ لە لەعلی ساف!
چـــاوی سەخـــاوەتێ لـە منـی خڵتـەنـۆش کە
تەڕپۆش و مەست، خێـرە بە لاما کە دێـی دەڕۆی
مــاچـێ خەڵاتـی «حافـــز»ی پەشمینـەپـۆش کە
«کۆلیـــــل» و زامـــداری بـــزەی لێـوەکـانتـم
خەڵکی شـاری هەڵەبجـەیە دڵخۆشی جۆش کە

ای نور چشـم من سخنی هست گـوش کن
چون سـاغرت پر است بنوشـان و نوش کن
در راه عشـق وسـوسـه‌ی اهرمن بسی‌ست
پیش آی و گوش دل به پیـام سـروش کن
برگ نـوا تبـه شـد و ساز طرب نمانـد
ای چنگ ناله برکش و ای دف خروش کن
تسبیح و خـرقه لـذت مستی نبخشـدت
همت در این عمل طلب از مـی فـروش کن
پیـران سخن ز تجـربه گوینـد گفتمت
هـان ای پسر که پیر شوی پند گوش کن
بر هوشمنـد سلسلـه ننهـاد دست عشـق
خواهی که زلف یار کشی ترک هوش کن
با دوستـان مضـایقه در عمر و مـال نیست
صـد جـان فـدای یـار نصیحت‌نیـوش کن
سـاقی که جـامت از مـی صافی تهی مبـاد
چشـم عنـایتی به مـن دُردنـوش کن
سرمست در قبـای زرافشـان چو بگـذری
یک بوسـه نـذر حافـظ پشمیـنه‌پـوش کن

کریشمەیێ بکە بــێ! سیحر و ساحیری جەم کە

به نــاز ڕەونەق و نێــوبانــگی سامیری جەم کە

کڵاو کــەچ کــە بــە ئـاییـنــی گــەورەیی واتــە

کە، لارەپێــچی جـووانی بە دڵبـــەری جەم کە

بە زولـف بێـــژە کە شێـــوازی ســەرکەشی دانێ

بە عیشــوە بێـــژە سپــاهی ستەمگــەری جەم کە

بـە نـــاز دەرکــەوە بڕفێـــنە گــۆ بە ســالاری

لە ڕوو فریشتــە بەرە و حورمەتی پــەری جەم کە

بە مامـــزی دییــە شێــری هەتـــاو بگرە گوڵــم

خەمێ بە جووتە بڕۆ خەو کەوانی مشتەری جەم کە

کە عەتری پەرچـەمی سومبول سەبـا دەکات بڵاو

دەم و دوکانی بە دوو زولفـی عەمبـەری جەم کە

فەخـر دەکا بە فەساحەت کە بولبول ئەی «حافز»!

ئەتۆ بە شیعری دەری قەدری گەوهەری جەم کە

غــەزەڵ لە بەژنـی ئەبـارێ دەخیـلە سا «کۆلیل»!

لە ســەر خەیاڵ و دنەی شیعـر و هۆنەری جەم کە

کرشمه‌ای کن و بازار ساحری بشکن
به غمزه رونق و ناموس سامری بشکن
به باد ده سر و دستار عالمی یعنی
کلاه گوشه به آیین سروری بشکن
به زلف گوی که آیین دلبری بگذار
به غمزه گوی که قلب ستمگری بشکن
برون خرام و ببر گوی خوبی از همه‌کس
سزای حور بده رونق پری بشکن
به آهوان نظر شیر آفتاب بگیر
به ابروان دوتا قوس مشتری بشکن
چو عطرسای شود زلف سنبل از دم باد
تو قیمتش به سر زلف عنبری بشکن
چو عندلیب فصاحت فروشد ای حافظ
تو قدر او به سخن گفتن دری بشکن

باڵای بەرز و نازی گوڵی فێڵسازی من
کۆتای کرد باسی لە مێژینە رازی من
ئەی دڵ ئەشا لە کاتی کەنەفتیم و عیلم و دین
چم پێدەکات چاوی ئەوین، شۆخ بازی من
ئیمانچوونە ترسی دەروونم، دەبات چون
قەوسی برۆی، مەبەستی نوێژی نیازی من
خەرقەی ریا وتم کە دەپۆشێ ئەوینی دڵ
جاسووسی چاوە لابەری پەردەی حیجازی من
ئازیز مەستە فیکری کەسانی لە سەر نییە
یادی بەخێر ساقییە هەر، کەسنەوازی من
کەی سروە بێ خودایە کە بۆی لوتفی بێتە
عەتری دەماغ و چارەگەر و کارسازی من
ئەشکی ریا دەرێژم ئەمێستاکە شینمە
تا کەی ببێ بە یاری حەقیقەت مەجازی من
وەک شەم بە پێکەنینەوە شیوەن دەکەم بزا
چۆن نەرم ئەکات قەلبی رەقت سۆز و سازی من
زاهید کە نوێژی ئێوە نەبوو چارەسازی کار
بردی پەنا بە بادە شەوانی نیازی من
«حافز» بە شین تواوە، خەبەر با سەبا بەرێ
بۆ شاریاری یار و نەیاران گودازی من
وەک سەقری (بازیان) و هەڵۆی (بەردە قارەمان)
دژمنڕفێنە چاوی شەهێنی بەنازی من

بـــالابلنـــد عشـــوه‌گر نقـــش‌بـــاز مـن
کوتـــاه کـرد قصـــه‌ی زهـــد دراز من

دیـــدی دلا که آخر پیری و زهد و علم
با من چه کرد دیـــده‌ی معشوقه‌بـــاز من

می‌ترســـم از خـــرابی ایمـــان که می‌برد
محـــراب ابـــروی تو حضـــور نمـــاز من

گفتـــم به دلـــق زرق بپوشـــم نشان عشق
غمـــاز بود اشک و عیـــان کـــرد راز من

مست است یـــار و یـــاد حریفان نمی‌کنـد
ذکرش به خیـــر ســـاقی مسکیـن‌نواز من

یـــا رب کی آن صبـــا بوزد کز نسیم آن
گردد شمـــامه‌ی کرمش کـــارســـاز من

نقشی بر آب می‌زنـــم از گریـــه حالیـــا
تا کـــی شـود قریـــن حقیقت مجـــاز من

بر خود چو شمع خنده‌زنان گریه می‌کنم
تا با تو سنگ دل چه کند سوز و ســـاز من

زاهـــد چو از نمـــاز تو کـــاری نمـی‌رود
هـــم مستـــی شبـــانه و راز و نیـــاز من

حافظ ز گریه سوخت بگو حالش ای صبا
با شـــاه دوست‌پـــرور دشمن گـــداز من

خاکـی بەر پـێ و دامەنیشـی بم لە من بێزارە هـەر
گەر بلێـم بۆ دڵ سەفـایـێ ئەو جەفا بڕیارە هـەر
چەشنـی گـوڵ کولـمی نیگارینی دەبینێ هەر کەسێ
گەر بلێـم بیپۆشـە دەیپۆشێ لە ئەم بێـچارە هەر
وتمە چـاوی خـۆ، بە جارێ تێـر بکەن سەیری! وتی
چۆمـی خوێن جاری لە چاوانم دەکا ئەمجارە هەر
ئـەو بە ژینـم دژمن و من لێـوی ئـاوی ژیـنمە
فەخرە بۆم رێکەوتی هەر کامێ لە ئەم دوو کارە هەر
چـەشنی فەرهادم بە تاڵی گیان بەدەر بێ خۆشە چون
داستانـی عەشقـی شیـرینم لە شوێـن تۆمـارە هەر
گەر وەکوو مۆمـی لەبـەر بمرم کەنینی گوڵ دەکـا
وەر بکـەم ئۆفـی لە دەس رەنجاوە لێم دووبارە هەر
بۆ دەمـی رۆحـم عەزیـزان داوە بڕوانن کە چـەن
خـۆش دەشارێتۆ گوڵـی زاری لە ئەم کڕیارە هـەر
«حافـز»ا هێـور بە! دەرسـی غەم ئەگەر بەم شێوە بێ
دەفتـەری عەشقـم حەکایەتبێژی لادێ و شارە هەر
داستانـی عەشق و ریسوایـی دڵـی «کۆلیل»ـی من
ئێستـە شـانامە و (ئەلیف لەیلا) لە هەر گۆڤارە هەر

چون شوم خاک رهش دامن بیفشاند ز من
ور بگویم دل بگردان رو بگرداند ز من

روی رنگین را به هر کس می‌نماید همچو گل
ور بگویم بازپوشان بازپوشاند ز من

چشم خود را گفتم آخر یک نظر سیرش ببین
گفت می‌خواهی مگر تا جوی خون راند ز من

او به خونم تشنه و من بر لبش تا چون شود
کام بستانم از او یا داد بستاند ز من

گر چو فرهادم به تلخی جان برآید باک نیست
بس حکایت‌های شیرین باز می‌ماند ز من

گر چو شمعش پیش میرم بر غمم خندان شود
ور برنجم خاطر نازک برنجاند ز من

دوستان جان داده‌ام بهر دهانش بنگرید
کو به چیزی مختصر چون باز می‌ماند ز من

صبر کن حافظ که گر زین دست باشد درس غم
عشق در هر گوشه‌ای افسانه‌ای خواند ز من

وەی کە چەن دڵگیرە نوختەی خاڵی خۆری رووی ئەشا!
گیـــان و عەقڵـــم بەند و زنجیرن لـە داوی مووی ئەشـــا
وتمە دڵ تا کــەی وەها شــــەیدای و سەرگەردان وتی
چاوی نازی شێرگیر و رەوتــــی وەك ئاهــووی ئەشـــا
جەغــــزی دوو زولــفی تەماشاخانە بۆ سروە و شەمـــاڵ
داوی هــەر خاوەن دڵێـــکە پەرچەمی جادووی ئەشـــا
خۆرپەرستـــان بــێ گومـــان غافــڵ لە رووین تۆخـودا
لـۆمەچی لەو رووگە روو وەرگێڕە! قیبلەی رووی ئەشـــا
پێـــچی زولفی دڵ دزی پێـــچا لە مل سروەی ســەحەر
بۆ هەواداراني خۆی ئەفســــوونی دوو هێندووی ئەشـــا
سەخت و چۆڵێ من بە دوویا گیان بە کەف پێوامە، کەس
نیـــن و نـــابێـــتیش ئـــاوا سەخت کۆشـــی دووی ئەشـــا
گەر لە میحرابـــــی ئەویـــــــــن «حافز» دەناڵێنێ رەوان
واعیـــزا تۆ بی و خودا! ئەبرۆی خەمی، گێســووی ئەشـــا
ئەی فەلەك هەرگیـــــز لە ئەمری شاریـــارم دەرنەچـــی
زەربی شمشێـــری تەماشـــا! قودرەتـــی بازووی ئەشـــا
ئـــاوری تێــــچوو دڵــی «کۆلیـــل» ساقـــی ئـــاورێ!
دووکەڵـی ئاخـــم لە داخی چاوی نیوخەتووی ئەشـــا

نکته‌ای دلکش بگویم خال آن مه رو ببین
عقل و جان را بسته‌ی زنجیر آن گیسو ببین
عیب دل کردم که وحشی وضع و هرجایی مباش
گفت چشم شیر گیر و غنج آن آهو ببین
حلقه‌ی زلفش تماشاخانه‌ی باد صباست
جان صد صاحب‌دل آن‌جا بسته‌ی یک مو ببین
عابدان آفتاب از دلبر ما غافلند
ای ملامتگو خدا را رو مبین آن رو ببین
زلف دل‌دزدش صبا را بند بر گردن نهاد
با هواداران رهرو حیله‌ی هندو ببین
این که من در جست‌وجوی او ز خود فارغ شدم
کس ندیده‌ست و نبیند مثلش از هر سو ببین
حافظ ار در گوشه‌ی محراب می‌نالد رواست
ای نصیحتگو خدا را آن خم ابرو ببین
از مراد شاه منصور ای فلک سر برمتاب
تیزی شمشیر بنگر قوّت بازو ببین

شـــەرابی سوور بنۆشـــە و لە کولّمی دۆ بڕوا!
لە داخـــی مەزهـەبی زاهیـــد لە شۆخی خۆ بڕوا

ئەشـــا کە ئەم کولّـــەبالّانە چەن درێـــژدەسن!
لە لۆچـــی کۆنـەعـەبـــا بۆ گەلـــی درۆ بڕوا

دەســـێ درێـــژ لە خەرمانی دوو جەهـان ناکـــا
دەماری گولّچـــنی جاڕی ئەویـــن شکۆ بڕوا

لە بێـــحی نیـــوە نیـــگایەک هەزار گیانت ئـەوێ
نیـــازی عاشـــق و نـــازی گـــلاری تۆ بڕوا

بە بـادی سەڕسەڕی دا قیمـــەتی بەلّێـــن و چوو
بەلّێـــنی ئێمـــە بەلّامێ بە چەشنـــی کۆ بڕوا

لە بەند بوونـــی ئەوینـــم، مەگـــەر بە داد بگـات
دەروونی رۆشن و خۆش‌فیکر و غەیب‌گۆ بڕوا

لە گیانی «حافز»ی لێلّی نەهێشت کەوسـەری یار
سەفـــای زەمزەمـــی پاکـــانی پـــاک‌بۆ بڕوا

لە چـــاوی بازی و شابازی نازی ئەو «کۆلیـــل»!
لە ترســـی تەیـری دلّ و هەلّمـەتی هەلّـــۆ بڕوا

شراب لعل کش و روی مه جبینان بین
خلاف مذهب آنان جمال اینان بین

به زیر دلق ملمّع کمندها دارند
درازدستی این کوته‌آستینان بین

به خرمن دو جهان سر فرو نمی‌آرند
دماغ و کبر گدایان و خوشه‌چینان بین

بهای نیم کرشمه هزار جان طلبند
نیاز اهل دل و ناز نازنینان بین

حقوق صحبت ما را به باد داد و برفت
وفای صحبت یاران و همنشینان بین

اسیر عشق شدن چاره‌ی خلاص من است
ضمیر عاقبت‌اندیش پیش‌بینان بین

کدورت از دل حافظ ببرد صحبت دوست
صفای همت پاکان و پاک‌دینان بین

گیانە بۆ کۆمەڵــــی رەندان نەزەرێ! سەر لە مە بێ
لە دەری مەیکەدە فەرمــوو گوزەرێ سەر لە مە بێ
لوتفــی لێــوت فــرە شیــرینە لەگەڵ ئێمە، بەڵام
کەمە خوێـــنم شەکەری با قـەدەرێ سەر لە مە بێ
بەو کەسەی قوفڵــی جەهان باز دەکا فیکری، بڵێن
بـۆم بنێـــرێ بە سەبــادا خەبــەرێ سەر لە مە بێ
وتی واعیـــــز هونەری هەر غەمە ئەم عەشقە، وتم
وس بـە وس! کوا هەیە عاقڵ هونەرێ سەر لە مە بێ
دڵ لە ئەو رۆڵەیی ئازیــزە مەگــەر هەڵــدەکەنم
داکی گەردون کە نەزا یەک بەشەرێ سەر لە مە بێ
تا وتم بـــادە بنــۆشە و دەمـــی ساقی بکە ماچ
لێــمی وەربگـرە! کە ناشێ گوهەری سەر لە مە بێ
قەڵـــەمی «حافز»ە هەر، دارە بەری شەکر و نەبات
نیـیەتی باخـــی ئەدەب نەیشەکەرێ سەر لە مە بێ
چەشنــــی «کۆلیل» ئەگەر هەڵچنی ئەو میوەیە بـم
نامەوێ قـەت لە ژیــانا ســـەمەرێ سەر لە مە بێ

می‌فکن بر صف رندان نظری بهتر از این
بر در میکده می کن گذری بهتر از این
در حق من لبت این لطف که می‌فرماید
سخت خوب است ولیکن قدری بهتر از این
آن که فکرش گره از کار جهان بگشاید
گو در این کار بفرما نظری بهتر از این
ناصحم گفت که جز غم چه هنر دارد عشق
برو ای خواجه‌ی عاقل هنری بهتر از این
دل بدان رود گرامی چه کنم گر ندهم
مادر دهر ندارد پسری بهتر از این
من چو گویم که قدح نوش و لب ساقی بوس
بشنو از من که نگوید دگری بهتر از این
کلک حافظ شکرین میوه نباتی‌ست به چین
که در این باغ نبینی ثمری بهتر از این

به گیـانی پیری موغان و به شه‌کری سوحبه‌تی ئه‌و
له سه‌ر که نیمه هه‌وایـــــێ به غه‌یری خزمه‌تی ئه‌و

بەهەشت ئه‌گه‌رچی نه‌جێـــگه‌ی شـــه‌راب‌خۆرانه
پییالـــه پڕ که! که دڵ گه‌رمه هه‌ر به هیممه‌تی ئه‌و

رمی بروسکـــه‌یی ئه‌و هه‌وره خوایه رون! که له نێو
دڵ و ده‌روونمـــــی خست ئاگری مه‌حه‌ببـه‌تی ئه‌و

له ده‌رکـــی مه‌یکه‌ده بینیت ئه‌گـــه‌ر سه‌رێ که‌وتوو
وه‌بـه‌ر شـــه‌قی نه‌ده‌ی! ئه‌ی بێ‌خه‌به‌ر له نییه‌تی ئه‌و

وه‌رن که دوێنه‌شه‌وێ مـــــژده هات بۆ مه‌ستــــێ
له پشتی په‌رده که بۆ گشته لوتف و ره‌حمـه‌تی ئه‌و

به چاوی سووک مه‌فه‌رموو نه‌زه‌ر له ئێمه‌ی مه‌ست
که خێـــر و شه‌ڕ نییه، نابێ، مه‌گه‌ر به قودره‌تی ئه‌و

له زوهـــد و تۆبه ئه‌گـه‌رچی دڵـــم مه‌لـــووله به‌ڵام
به ناوی خاجه له هه‌وڵام و عه‌شقـــی ده‌وڵه‌تی ئه‌و

هه‌میشه خه‌رقه‌یـــی «حافز» له ره‌هنـــی مـه‌ی‌دایه
ده‌ڵێـــی له نه‌سڵـــی خراباته خاك و فیتره‌تی ئه‌و

به یـــادی چاویه «کۆلیـل»! ئه‌ڕۆمـــه مـــه‌یخانه
که نیمه روخســـه‌تی دیدار و رێ به خه‌ڵوه‌تی ئه‌و

به جان پیر خرابات و حق صحبت او
که نیست در سر من جز هوای خدمت او

بهشت اگرچه نه جای گناهکاران است
بیار باده که مستظهرم به همت او

چراغ صاعقه‌ی آن سحاب روشن باد
که زد به خرمن ما آتش محبت او

بر آستانه‌ی میخانه گر سری بینی
مزن به پای که معلوم نیست نیت او

بیا که دوش به مستی سروش عالم غیب
نوید داد که عام است فیض رحمت او

مکن به چشم حقارت نگاه در من مست
که نیست معصیت و زهد بی مشیت او

نمی‌کند دل من میل زهد و توبه ولی
به‌نام خواجه بکوشیم و فرّ دولت او

مدام خرقه‌ی حافظ به باده در گرو است
مگر ز خاک خرابات بود فطرت او

فەرموی کە چوویە سەیری کەوانی هیلالی نـــۆ
شـــەرمت نەبوو لە مانگـــی برۆکانی ئێمـە بۆ؟
عومرێـــکە دڵ لە خێڵی ئەسیـــرانی زولفی مەن
هەی هەی لە خەتتی کۆڕی هەواڵان بەدەر مەچۆ
مەفرۆشە عەتری سادە بە کاکۆڵـــی چـارەڕەش
موشکی خوتەن هەزاری، لەوێ هەر لەتێـکە جۆ
لەم کۆنە کێڵـــگە تۆوی وەفـا، میهر، ئەبێ عەیان
دروێنە ئەو دەمەی کە دەکەن عومری خۆم و تۆ
مەیگێـــڕ بادە بێـنە! هەتا روونی کـــەم لە تۆش
رازی هیلال و رەمـــزی هـەسارەی لە هات و چۆ
شێـــوەی هیـلالی رەمزە لە تاجـــی (سیامەك)و
تەرکـــــی کڵاوی زێـــڕی هیلالی نیشانی (زۆ)
هەر ئاستانی پیـــری موغان «خاجە»! کۆی وەفان
هەر لەو ببیسە دەرسـی حەدیس و ئـەوینـــی نۆ
«کۆلیل»! دوێ لە مـــەیکەدە مەستێ وتی دوعای
مەستـان قوبووڵە لێـــرە وەکوو جام، دەم کەرۆ!

گفتا برون شدی به تماشای ماه نو

از ماه ابروان منت شرم باد رو

عمری‌ست تا دلت ز اسیران زلف ماست

غافل ز حفظ جانب یاران خود مشو

مفروش عطر عقل به هندوی زلف ما

کآن‌جا هزار نافه‌ی مشکین به نیم جو

تخم وفا و مهر در این کهنه کشته‌زار

آن‌گه عیان شود که بود موسم درو

ساقی بیار باده که رمزی بگویمت

از سرّ اختران کهن‌سیر و ماه نو

شکل هلال هر سر مَه می‌دهد نشان

از افسر سیامک و ترک کلاه زو

حافظ جناب پیر مغان مأمن وفاست

درس حدیث عشق بر او خوان و زو شنو

داسی مانگی فەلەك و كێڵگەیی سەرسەوزی لە شەو
بانگـەشەی كاری فـەلای عومرن و ئەنجـامی درەو
وتم ئـەی بەخت هەموو خەوتی و خۆر كەوت، وتی
هەر بە هیـــوا بی ئەبـــێ شۆرەتی بەخشەندەیە ئەو
پاك و بێخەوشی ئەگەر دەچیە سەرێ چەشنی مەسیح
نووری روخســارت ئەباتــۆ لە گوڵــی خۆر گرەو
دڵ بەم ئەستێـــرە عەیارەی دەزی شـــەوگارە نەدی
چونكە جامـــی جەمـــی برد و كەمەری كەیخوسرەو
خۆشـە گوارە و گوڵی زێڕین لە دڵی گوێچكە بەڵام
لێمـــی وەربگـرە كە خـۆشی گوزەرانـن وەكو خەو
چـاوی دژ دوور لە خاڵت! كە لە شەترەنجی جەمـاڵ
كش‌ومـاتن بە روخت خـۆر بە رۆ مـانگ بە شـــەو
ئـاسمـــان نـــاز نەكـا با، كە لـە بـــازاڕی ئەویـن
مانگ خەرمانـی بە گاڵـێ گوڵی پەروین بە دو چەو
زوهدی تێـــكەڵ بە ریا بەرهەمی دیـــن ئاور ئەدات
«حافـز» ئەو خـــەرقە لە كۆڵت كەوە دەرچۆ بە بدەو
بێـــژە «كۆلیـــل» نەبا نێـــوی جبـەی ئێمە دەنـــا
دژمنـــی شێـخ و مـەلا و دیـن وەكو شمقاڕە بە كەو

مزرع سبـز فلـک دیـدم و داس مـه نـو
یـادم از کشتـه‌ی خویش آمد و هنگام درو
گفتم ای بخت بخفتـیدی و خورشید دمیـد
گفت با این همـه از سابقـه نومیـد مشـو
گر روی پاک و مجـرد چو مسیحـا به فلک
از چـراغ تو به خورشیـد رسـد صـد پرتو
تکیـه بر اختـر شب‌دزد مکـن کـاین عیار
تـاج کـاووس ببـرد و کمـر کیخسـرو
گوشـوار زر و لعل ارچه گران دارد گـوش
دور خـوبـی گـذران است نصیحت بشنـو
چشم بد دور ز خـال تو که در عرصه حسن
بیـدقی رانـد که برد از مه و خورشید گرو
آسمان گو مفروش این عظمت کاندر عشق
خرمن مه به جوی خوشه‌ی پروین به دو جو
آتش زهد و ریا خرمن دین خواهد سوخت
حافـظ این خرقـه‌ی پشمینه بینـداز و برو

ئەی خۆری گەش وەک ئایەنەداری جەماڵــی تۆ
ئەی موشکی رەش بوخووری بەلاگێڕی خاڵی تۆ
شوشتی ســەرای دیــدە سرشــکم بەڵام حەیف
ئەم گۆشە چووکە بۆ گەلی خێڵــی خەیاڵی تۆ
ئەی شــاریاری تــەختی دەلالی لە دونــدی نــاز
یــاڕەب هەتــا هەتـایە نەبیـــنم زەواڵـــی تۆ!
جوان‌تر لە نەخشی کوڵمی وەکوو مانگتی نەبەست
کێــشای هەرکە نەخشـــی بـرۆی پڕکەماڵـی تۆ
ئەی‌دڵ لە چیــنی پەرچــەمی چۆنی کە وا ســەبا
شێـــواو بوو لە شــــەرحی پەریشانی حاڵی تۆ
گوڵ بۆی بڵاوە یــەعنـی ئەبێ مەیل تــازە کەین
ئەی ئەو کەسەی بەهاری مە دوو چاوی کاڵـی تۆ
بنوێـــنە نازی قەوســــــی برۆ تاکـــــو ئاسمان
فەرمان بەرێ لە ئێـــمە بە خۆشـــــی هیلالی تۆ
تـا بچمە کۆشکی بەختــم و تەبریکـی پێ بڵێــم
کوا مژدەیــــێ لە هاتنی جێـــژنی ویساڵی تۆ
نوختەی رەشـــێ کە نووری بــەهاری گـلارمن
عەکسێــکە هەر لە خـاڵی بە چەشنی زوخاڵی تۆ
بۆ شاریار کامــــــە شکاتـــــی دەرون بڵێـــم
شــەرحی نیــازی خۆمە هەوەڵ یا مــەلالی تۆ
«حافز»! لە بەندی زولفی سەری سەرکەشان فرەن
خـاڵـی کە سەر لە فیکری خەیــاڵی مەحاڵی، تۆ
«کۆلیل» وس بە! شەقڵی ئـــەوین ناشکێ بە لێـو
کێ گوێ ئەدا بە شیـــعری کەڕ و زاری لاڵی تۆ

ای آفتـــاب آینـــه‌دار جمـــال تـو

مشک سیـــاه مجمـــره گردان خـــال تو

صحن ســـرای دیـده بشستم ولی چه سود

کاین گوشـه نیست درخور خیـل خیـــال تو

در اوج نـــاز و نعمتـی ای پـادشـــاه حسن

یـــا رب مبـــاد تـــا به قیـــامت زوال تو

مطبـــوع‌تر ز نقـش تو صورت نبست بـاز

طغـــرانویس ابـــروی مشکیـــن مثـــال تو

در چیـــن زلفش ای دل مسکین چگـــونه‌ای

کآشفته گفت بـاد صبـــا شـــرح حـــال تو

برخـــاست بـوی گـل ز در آشتـی درآی

ای نوبهـــار مـــا رخ فرخنـــده فـــال تو

تـا آسمـــان ز حلقـــه‌به‌گوشـــان مـا شود

کـو عشـوه‌ای ز ابـروی همچـون هـــلال تو

تـــا پیـش بخت بـــازروم تهنیت‌کنـــان

کـو مژده‌ای ز مقـــدم عیـــد وصـــال تو

ایـن نقـطـه‌ی سیـــاه کـه آمـد مـدار نور

عکسی‌ست در حدیقـه‌ی بینش ز خـال تو

در پیش شـاه عرض کدامیـــن جفـا کنـم

شـــرح نیـــازمنـــدی خود یا مـــلال تو

حافظ در این کمند ســرّ سرکشان بسی‌ست

ســودای کج مپـز که نبـاشـد مجـال تو

ئەی وشری نێوکی مـــامزی چین! خـاکی دامەنت
ئەی خۆر مووچەخۆری جوقەی تـاجی کەچبەنت
بنوێـنە روو! کە نێرگزی مەس دەرنەچێ لە خـۆی
ئەی من فـەدای چـاوی رەش و کولّمی سۆسەنت
خوێــنم برێــژە! چون دلّــی نایـێ فریشتـەیێ
هەر ئەونە جوانـــی خوێنــی ئەمن خـاتە گەردەنت
تۆ هـۆی قـەراری گیـانی هەموو خەلّکی عالـەمی
پەوکـێ بە دلّ، بە دیــدە، رەجالّــم بە دیــدەنت
دەدوم هــەموو شـــەوانە لەگەلّ هەر هەسـارەیێ
بۆ مانـگی رووتە حەسرەتـم و شـەوقی دیمەنت
یـــارانـی هــاوپییالّە هەمـــوو هەلّبـــڕان لە یەک
ئێمـــەین و ئاستـــانی شکۆی خاکی کەوشەنت
«حافــز»! ئەوینـی لوتفی لە سـەر دامەنــێ هەتـا
ئـاور دەخـاتە خـەرمـەنی غــەم سۆزی شیوەنت
«کۆلیـل»! تیــری چـاوی ئەگەرچی خەتـای نین
دلّ داکـە بۆ نیشـانەی بــرۆی دەســمە دامـەنت

ای خون‌بهـــای نافـه‌ی چین خـاک راه تو
خورشیـــد ســـایه‌پرور طـــرف کـــلاه تو
نرگس کرشمه می‌برد از حـد برون خـرام
ای من فـــدای شیـــوه‌ی چشم سیـــاه تو
خونم بخور که هیچ ملک با چنان جمـال
از دل نیـــایـــدش که نویســـد گنـــاه تو
آرام و خواب خلق جهـــان را سبب تویی
زان شـد کنـــار دیـده و دل تکیه‌گـــاه تو
با هر ستـــاره‌ای سر و کار است هر شبـم
از حســـرت فـــروغ رخ همچـــو مـــاه تو
یـــاران همنشین همـه از هـم جـــدا شدند
مـــاییـــم و آستـــانه‌ی دولت پنـــاه تو
حافـــظ طمع مبـــر ز عنـــایت که عاقبت
آتش زنـــد به خرمـــن غـــم دود آه تو

ئـــەی کراســـــی ســــەروەری بــڕیــا بــە بەر بـالاّی تۆ

فەڕڕی تـــاج و مۆری سولّتـانی، لە سـای ئـــالاّی تۆ

هــەردەمێ خـــۆری زەفەر جۆرێ لە ئاســـۆ سەردەخا

مـانگی روخســـارت، لە ژێـــر تاجـــی سلێمانسای تۆ

تەیــــری خۆشبەختــــی دەکا هێـــلانە لەو جــێ رادەخا

سێــبەرێ بـالّـــی هــــوما، چەتــــری فەلەک والاّی تۆ

شــەرحی شــەرع و فەلســـەفەش بەو هەموە بۆچوونانەوە

گەنجــە ســــەر پاکـــی لـە گـەنجینـەی دلّــی زانـای تۆ

ئاوی ژیــن دەتکێ لە نووکی تەیری خۆش‌لاجەت رەوان

کانــــی شەکــرە یانی پێنووســـی شەکـــەر سەودای تۆ

نـووری چــاوی عـــالەمن هەرچەن هەتــاوی ئـاسمــان

چــاوی ئــەو رۆشــــن بە سورمەی خاکی سەر رێگای تۆ

ئــاوەژینێــکی سکـــەندەر ویستـــی و دەستـــی نەکەوت

هەر دلّــۆپــێ بــوو لە ئـــاوی سافــی نێـو مینــای تۆ

نامــــــەوێ راز و نیــــازی خـــۆ لە مەحـــزەرتا بلّێـــم

چــون هەمــوو رازێ دەبــێ رۆشـــن بـە بیـــر و رای تۆ

ســـەروەرم! بەو پیــرییەش «حافز» جووانــــــی گەر دەکا

خـۆش خەتــا بـرِفێـــنە بەخشینــــی فەلـەک بـالاّی تۆ

پــێ لە سەحنی عەرشـــی ئــازادی دەنــم «کۆلیــل»وار

گەر بخـــەم وەک زولفەکـانت سەر لە ژێر دوو پـای تۆ

ای قبـــای پادشـــاهی راست بـر بـــالای تو
زینت تـــاج و نگیـــن از گوهـــــر والای تو
آفتـــاب فتـــح را هـــر دم طلـــوعی می‌دهـد
از کلاه خســـروی رخســـار مـه سیمـــای تو
جلـــوه‌گاه طـــایر اقبـــال باشـــد هرکجـــا
ســـایه اندازد همـــای چتـر گردون‌ســـای تو
از رســـوم شرع و حکمت با هـــزاران اختلاف
نکتـــه‌ای هرگز نشـــد فـوت از دل دانـــای تو
آب حیـــوانش ز منقـــار بـلاغت می‌چکـــد
طوطی خوش‌لهجـــه یعنی کلک شکّرخـــای تو
گرچه خورشید فلک چشم و چـراغ عـالم است
روشنـــایی‌بخش چشـــم اوست خاک پـــای تو
آن‌چه اسکنـــدر طلب کرد و نـدادش روزگـــار
جرعـــه‌ای بود از زلال جـــام جان‌افـــزای تو
عرض حاجت در حریم حضرتت محتـاج نیست
راز کس مخفـی نمـــانـد بـا فـــروغ رای تو
خسروا پیـــرانه ســـر حافـظ جوانی می‌کنـــد
بر امیـــد عفـــو جـــان‌بخش گنه‌فرســـای تو

بوغڵــی وەنەوشـە جۆش ئەدا کاکوڵی موشکبێنــی تۆ
چـاک یەخەی خونچــە دەکا زاری خەفـەتڕەوێنی تۆ
ئەی گوڵی بۆنخۆشی ئەمن گڕ مەدە ناخــی بولبـولت!
چونکە بە دڵ هەموو شـەوێ هەر ئەوە خۆش خوێنی تۆ
من کە تەنانەت نەفەســی حوور و پەری وەڕەزم ئەکات
تـۆمــەتی عالــەمــم بەسـەرهــاتووە بۆ بەڵێـــنی تۆ
هیممەتی عەشقـی تۆ ئەڵێ هەڵــدە لە تەخت و تاجی شا
فـەخـرە شکۆی هەژاری بەر دەرگەهی شــانووێنــی تۆ
پێـــکەوە جۆر ئەگەر چ نین جامی شەراب و خەرقەکەم
نـەخشــە دەکێــشــم لەگڵ لا بـۆ دڵـی دڵــڕفێنـــی تۆ
عـەشقی شەراوی لێوی تۆم ئەو دەمە دەردەچێ لە ســەر
کـەو سـەرە پڕ لە تاسـەیەم خاکە لە کـۆی کەلێـــنی تۆ
شاهـ نشینـــی چاوی من خەلــوەتە بۆ خـەیاڵی رووت.
شوێـــنی دوعاتە وا کـــەسم رێگــە نەدا بە شوێنی تۆ
خۆش چەمەنێــکە روومەتت وەرزی بەهــاری جوانییە
بولبـولی شاگوڵــی چەمەن «حافـز»ی خۆشدووێنی تۆ
قافـیـەوانـی شیعــری من قــامەتی تۆیـە وا «عومــەر»
هـەڵدەفڕێ بەرەو ئــەوین وەک مەلی دەستەڵێنی تۆ

تـــاب بنفشـــه می‌دهـــد طـره‌ی مشک‌ســای تو
پــرده‌ی غنچــه می‌درد خنـــده‌ی دلگشـــای تو
ای گل خوش نسیـــم من بلبـــل خویش را مسوز
کز سر صـــدق می‌کنـــد شب همه شب دعــای تو
مـن کـه ملـــول گشتمـــی از نفـس فرشتگـــــان
قـــال و مقـــال عالمـــی می‌کشـــم از بـــرای تو
دولت عشق بین که چـون از سـر فقـــر و افتخــار
گوشـــه‌ی تـــاج سلطنت می‌شکنـــد گـــدای تو
خرقـه‌ی زهـد و جـام مـی گرچه نه درخور همند
این‌همــه نقش مـی‌زنـــم از جهت رضـــای تو
شـــور شـراب عشـق تو آن نفســم رود ز ســـر
کـاین ســر پرهوس شـود خـــاک در ســرای تو
شـــاهنشین چشـــم من تکیـــه‌گه خیـــال توست
جــای دعـــاست شاه من بی تو مبـــاد جـــای تو
خوش چمنی‌ست عارضت خاصه که در بهار حسن
حافـــظ خـــوش‌کلام شـــد مرغ سخن‌ســـرای تو

بڵابا چـاوی خوێـــن‌بـــارم بە تـیرێـــکی کـەوان‌ئەبـــرۆ
جـەهــان پڕ کا لە خوێنی گەش، لە من دیـدە و لـەوان ئەبـرۆ
غـولامی چـــاوی ئەو شۆخەم لە شیرین خـــەونی مـەستی‌دا
کە کولـمی بـاخی ریـزوانە و شـەواری سایـەبان ئەبـــرۆ
بە غـــەم خـــەم بوو لەشـــم ئاخۆ لە گەڵ نەخشی بـرۆی چۆنی
لە روو هەڵـــدێ کە بنوێـــنێ هیـلالی ئاسمــــان، ئەبـــرۆ
رەقیبـــان غافڵـــن دیـــدە و تەوێـــڵی بۆ مە هەر ساتـــێ
هـــەزاران نـامە دەسپێـرن بە دەستـــی دەرکـەوان ئەبـــرۆ
شکـۆی گوڵـزارە بۆ گیـانی گەلـی خەڵوەت‌نشین هەنیـەی
لە گۆشـــەی یاسەمـەن‌دا چون بە کـەیفی دڵ چەمـان ئەبـــرۆ
ئەوەن شـۆخ و چەلـەنگی کەس بە حـۆری یا پەری ناڵـــێ
کە ئەمیـــان چـاوی وەک تۆ ئەو لە چەشنت رێنمان ئەبـــرۆ
بە بێ‌رەحمـــی لەسـەر روو پـەرچەمت لادا هــەتـا لادەن
لە رووگــەم، تـاقی میحـراوی کەچی دو قیبلـەتان ئەبـــرۆ
لە راوگەی عەشق ئەگەرچی «خاجە» وەک بازی سپی سەر بوو
شـــکاری تیـــری نـازی کردوون چـاوی کـەوان‌ئـــەبرۆ
لە رۆژێـــکۆ بـــرۆی هانـــداوە لەم «کۆلیـــــل»ـە زامــــارە
لە جـــەرگم خوێن دەچۆڕێ چونکە زامی بێ‌دەوان ئەبـــرۆ

مرا چشمی‌ست خون‌افشان ز دست آن کمان‌ابرو
جهان بس فتنه خواهد دید از آن چشم و از آن ابرو

غلام چشم آن ترکم که در خواب خوش مستی
نگارین گلشنش روی است و مشکین سایبان ابرو

هلالی شد تنم زین غم که با طغرای ابرویش
که باشد مه که بنماید ز طاق آسمان ابرو

رقیبان غافل و ما را از آن چشم و جبین هر دم
هزاران گونه پیغام است و حاجب در میان ابرو

روان گوشه‌گیران را جبینش طرفه گلزاری‌ست
که بر طرف سمن‌زارش همی‌گردد چمان ابرو

دگر حور و پری را کس نگوید با چنین حسنی
که این را این‌چنین چشم است و آن‌را آن‌چنان ابرو

تو کافردل نمی‌بندی نقاب زلف و می‌ترسم
که محرابم بگرداند خم آن دلستان ابرو

اگرچه مرغ زیرک بود حافظ در هواداری
به تیر غمزه صیدش کرد چشم آن کمان‌ابرو

خــەتتی کەناری لێــوی کە خۆر گیر ئەکات لەو
جەغزێکە خۆش ئەگەرچی کەسێ دەرنەهات لەو
رووگــەی مراد و بــەختە بــرۆی دۆس بێ گومـان
رووومـەت بســاوە خاکـــی نیـــاز و بـــەرات لەو
مەیئۆشی کۆڕی حەزرەتی جەم سینە چا بە! چون
ئـاوێـــنەیێــکە جـــامـــی دەبینـــێ هەوات لەو
کرداری خەڵــکی مزگتە کردوومی مەی بە کەف
ئــەم دووکەڵەی ببیـــنە کە روم رەش هەڵات لەو
سوڵتـــانی غــەم لە دەستی چ نایــێ ئەدی بڵــێ
بردوومە چون بە مـــــەیکەدە نامـــەی شکات لەو
مۆمی شـــەراب ساقی لەسەر رێـــی هەتاو نێ!
فەرموو کە هەڵکە شۆلە! سەحەر هەرکە هات، لەو
تـــاوێ لە رۆژنامـــــە سیاکــەم ببـاره خۆش
پیـتی گونــاحشۆرە دڵــۆپــێ خـــەڵات لەو
«حافــز» کە کۆک ســازی مەقاماتی عەشق ئەکات
خاڵــی نەبــێ مەیـــانی بەهـــاری نیشات لەو!
بەو عـــەشقە وا لەسەریەتی دەروێشی شاری حەز
ئاخـــــۆ دەبـــێ کە لوتفی ئەوین سەر بدات لەو
لام وایـــە نایـــە ئەو دەمە «کۆلیـل»ـی کەفتە کار!
ماچــێ عەتا لە لێـــوی بکـا وەک زەکـــات لەو

خط عـــذار یـــار که بگـــرفت مـــاه از او
خوش حلقه‌ای‌ست لیک به در نیست راه از او

ابروی دوست گوشـه‌ی محـراب دولت است
آن‌جـا بمـــال چهـره و حاجت بخـواه از او

ای جرعـــه‌نوش مجلس جـــم سینه پاک دار
کآیینـــه‌ای‌ست جـام جهـان‌بیـن که آه از او

کـــردار اهـــل صـومعـــه‌ام کرد می پرست
این دود بیـــن که نامـه‌ی من شد سیـاه از او

سلطـــان غـــم هر آن چه توانـــد بگو بکن
من بـــرده‌ام به بـــاده‌فروشـــان پنـــاه از او

ســـاقی چـــراغ مـــی بـه ره آفتـــاب دار
گـــو برفـــروز مشعلـــه‌ی صبحـــگاه از او

آبـی به روزنـــامه‌ی اعمـــال مـا فشـــان
باشـــد توان ستـــرد حـــروف گنـــاه از او

حافظ که ســـاز مطرب عشـاق ســاز کرد
خـــالی مبـــاد عرصـه‌ی این بزمگـــاه از او

آیـا در این خیـــال کـه دارد گـــدای شهـــر
روزی بـود کـه یـــاد کنـــد پادشـــاه از او

گـــوڵ ئەوە هـــاتە پێــــکەنین نێــر گزی لا نسار کوا؟!
بـــۆی نەفەسی بەهارە دێ شەربەتی خۆش گـەوار کوا
هــــەر گوڵەتـازەیێ دەسی کردە ملی گوڵێ وەلــێ
گــوێی قســەبیس کامەن و چــاوی ئەوین مـەدار کوا
کـــۆڕی زەماوەن و بـــەزم بۆنی مورادی لـێنەهات
ئـەی نەفـەسی پاکی سەحەر سومبوڵی زولفی یار کوا
عیـشوەنوواڵـدنی گوڵـم سەختە لە لا سەبـــا! دڵــم
خوێــنیـــیە تۆبیت و خودا وسکوتی چاو خـومار کوا
خـــۆری بەیانیـــان ئەڵێــــن لاف لە ڕوومـــەتت ئەدا
زوانـی درێــژە دژ ئـــەرێ خـەنجـــەری ژاردار کوا
یـــار وتـــی لە لـەعلـــی من ماچتە ئـارەزو؟ وتــــم
کوشتـــمی ئەم هـــەوا وەلــــێ دەرفەت و ئیختیار کوا
«حافــز» ئەگەر چ خەزنــەداری غەزەڵە و هونەرپـەژۆ
تـەبعـــی ڕەوان لەگـەڵ غــەم و مەینەتی ڕۆژگار کوا
لا بدە پەرچەمی ڕەش و گیانی«عومەر» بە خۆری ڕوو
گـڕ بــدە! با نەڵــێن ورە و ســۆزی هەژاری شار کوا

گلبن عیش می‌دمد ساقی گلعذار کو

باد بهار می‌وزد باده‌ی خوشگوار کو

هر گل نو ز گل‌رخی یاد همی کند ولی

گوش سخن‌شنو کجا دیده‌ی اعتبار کو

مجلس بزم عیش را غالیه‌ی مراد نیست

ای دم صبح خوش‌نفس نافه‌ی زلف یار کو

حسن فروشی گلم نیست تحمل ای صبا

دست زدم به خون دل بهر خدا نگار کو

شمع سحرگهی اگر لاف ز عارض تو زد

خصم زبان دراز شد خنجر آبدار کو

گفت مگر ز لعل من بوسه نداری آرزو

مُردم از این هوس ولی قدرت و اختیار کو

حافظ اگرچه در سخن خازن گنج حکمت است

از غم روزگار دون طبع سخن‌گزار کو

ئــەی پەیـكی عاشقـــان خەبەرێ دڵنـەوا بڵێ!
عەشقی گوڵان بە تەیری گەروو خۆش‌سەدا بڵێ
من شـــــارەزای رازی ئـەوینـــم غــەمت نەبێ!
بۆ ئاشنــــا مەترســـە قســـەی ئاشنـــا بڵـــێ
دو زولفـــــی موشك‌بێـــنی پەرێشان بە كۆڵێـۆ
بۆ مـــەی لەســەر چ بوو چ بە خـــاتر خودا بڵێ
هــەركەس وتی كە خاكی سەكۆی یار سورمەیە
تاقـــــی كەنـــۆ بە چاوی من ئـەم تووتیـا بڵێ
هــەركەس كە لۆمەی ئێمە بە مەیـخانە چون دەكا
بۆ مـــەی‌فرۆش بێـــژە قسە و باســـــی وا بڵێ
جارێكی دی عوبوورت ئەگەر بوو سەبـا! بە كۆی
دوا پێشـــكەشی گوڵاوی سڵاو و دوعـــا بڵێ
تۆ گـــەورەكـەم ببوورە لە تاوانی چووكی خۆت!
شایـــانە شێــوە سروە! گوناحـــی گـــەدا بڵێ
لای ئــەم هەژارە نامـــە لە شانامە خوێـــنەوە
بۆ ئــەم گـــەدا حەكـــایەتی ئەو پادشـــا بڵـێ
وەختـــێ بە داوی پەرچەمی عاشق دەخاتە خاك
گـــۆڕی غــــەریبی ئێمە لە كوێن ئەی سەبا بڵێ
گیـــان‌پەروەرن حــەكایەتی یـارانی رێ‌بەڵــەد
رازێ هەوەڵ ببیـــسە لــە لێـــویان جـــا بڵێ
«حافــــز» لە كۆی ئەوانت ئەگەر جێیە تــۆ خودا
مـــەی نۆشی گیان و تـــەركی فریو و ریا بڵـــێ
بـــەم پەیكە عاشقانەیە «كـــۆلیل» ســـەر ئەدات
گــەر وەك پەپـوو لە تەختـــی وڵاتی سەبا بڵـــێ

ای پیک راستان خبر یار ما بگو
احوال گل به بلبل دستان‌سرا بگو
ما محرمان خلوت انسیم غم مخور
با یار آشنا سخن آشنا بگو
برهم چو می‌زد آن سر زلفین مشکبار
با ما سر چه داشت ز بهر خدا بگو
هر کس که گفت خاک در دوست توتیاست
گو این سخن معاینه در چشم ما بگو
آن کس که منع ما ز خرابات می‌کند
گو در حضور پیر من این ماجرا بگو
گر دیگرت بر آن در دولت گذر بود
بعد از ادای خدمت و عرض دعا بگو
هر چند ما بدیم تو ما را بدان مگیر
شاهانه ماجرای گناه گدا بگو
بر این فقیر نامه‌ی آن محتشم بخوان
با این گدا حکایت آن پادشا بگو
جان‌ها ز دام زلف چو بر خاک می‌فشاند
بر آن غریب ما چه گذشت ای صبا بگو
جان‌پرور است قصه‌ی ارباب معرفت
رمزی برو بپرس حدیثی بیا بگو
حافظ گرت به مجلس او راه می‌دهند
می نوش و ترک زرق ز بهر خدا بگو

بــە دڵ چ خۆشە نەسیمــی شەمــامە شەوبــۆمان
ســەحەر بە عەشقی جەمـــاڵت کە هاتە ئاســۆمان
نیشـــانمی بدە رێ ئـــەی هـــومای رێگە نووێن!
بە شـەوقی خاکی لە دەرکی دییـەم کە بێ‌ســۆمان
لە مـــانگی یەک‌شـــەوە بڕوا! دەمــێ لە ئاســـۆدا
بە یادی پـــەیکەری زاری پـــەژارە دڵ‌جــۆمان
منـــم هەنـــاسە بە بێ تۆ ئـــەدەم کە وا خەجڵـــم
مـــەگـــەر سەخاوەتـی عەفـوت بکا تکـا بــۆمان
ســەحەر بە عەشقی موریـــدانی تۆ حیجابی ڕەشـی
دڕی بە شێـــــری ســـــەبا شەو بڕا لە شانــۆمان
لە عەشقی ڕوومەتت ئەو ڕۆژە لەش بە خاک دەبەم
گوڵاڵەســووره فەقەت شیـن دەبـێ لە گڵکــۆمان
کە دوێنە «خاجە» وتـــی سەر لە ڕێـــتە، بیسمیــللا
مــەخــەن بە خـــاتری ناسک مەلالی ئـــەوڕۆمان
دەمێـــکە بێــکەسە «کۆلیـــل» و دڵ لە بـێ‌تـۆیی
نەبـــێ بە قسمەتـــی هەردوو دەمێ بە بێ تۆ مـان

خنک نسیم مُعنبر شمامه‌ای دلخواه

که در هوای تو برخاست بامداد پگاه

دلیل راه شو ای طایر خجسته لقا

که دیده آب شد از شوق خاک آن درگاه

به یاد شخص نزارم که غرق خون دل است

هلال را ز کنار افق کنید نگاه

منم که بی تو نفس می‌کشم زهی خجلت

مگر تو عفو کنی ورنه چیست عذر گناه

ز دوستان تو آموخت در طریقت مهر

سپیده‌دم که صبا چاک زد شعار سیاه

به عشق روی تو روزی که از جهان بروم

ز تربتم بدمد سرخ گل به‌جای گیاه

مده به خاطر نازک ملالت از من زود

که حافظ تو خود این لحظه گفت بسم‌الله

مـــەستی هـــەمیشـــەم بەو لێـــوە ئاڵـــە
خـوایـا سپـاسـت! عەشقـم لـە پاڵـــە
ئەی بەختی سـەرکێش دەستی لە مل کـە!
گـا ماچـی لێـوی گـاگـا پیـیاڵـــە
زەنـگی زڕانیـن دوو خێـڵی رسـوا
شێـخی لە رێ گـوم پیـری منـاڵـــە
ئەستەغفیـروڵڵا عـابیـد لە کـارت
تـۆبەی وەکـوو تـۆم سـۆفی مەحاڵـــە
بێـژم چلـۆنم گیـانا لـە دووریت
چاو بەحری سوورە و دڵ مەوجی نـاڵـــە
کـافر نەکێـشێ ئەو دردە کێشـای
بۆ بـەژن و بـۆتان سـەرو و هەڵاڵـــە
دەرسی شـەوانە و زیـکری بەیـانی
سـەندۆ لە «حافـز» ئەو دیـدە کاڵـــە
سـا چون لە «کۆلیـل» ئاڵـۆزی ئازیـز!
فەرموو بە ئەبـرۆت خوێـنم حەڵاڵـــە

عیشـــم مـــدام است از لعـل دلخـــواه

کـــارم بـه کـــام است الحمـــدلله

ای بخت ســـر کِش تنگش به بـــر کِش

گه جـــام زر کِش گه لعـل دلخـــواه

مـــا را بـه رنـــدی افســـانه کردنـــد

پیـــران جاهـــل شیخـــان گمـــراه

از دست زاهـــد کردیـــم تـوبـــه

وز فعـــل عـــابـد استـغـفـــرالله

جانـــا چه گویـــم شـــرح فـــراقت

چشمـیّ و صـد نـم جـانیّ و صـد آه

کافـــر مبیـــناد این غـــم که دیـدهست

از قـــامتت ســـرو از عـــارضت مـاه

شـــوق لبت بـــرد از یـــاد حـــافظ

درس شبـــانه ورد ســحـــر گـــاه

خـــەنجـەر ببـــارێ ســــەر هــەر لــە رێتـە
گـەردن لە حوكمــی گـەردوون و وێتــە
ئاییـنی پارێــــز ئێــــمەش دەزانیــن
چ بكـــەم كە بەختـــی گومـــڕا لە پێـتە
شێـــخ و مـەلاكـان كەمتــــر دەناسیـن
یـــا بـــادە بێـــــنا یـــا وس بــە شێــــتە!
مـــانگی گولاَن و تۆبـــەی منی رەند؟!
ســـــەد تـــۆبە یـــارەب لەو تـــۆبە وێتــە
شـــەوقێ لە جـامی رووتی نـــەدی رووم
وەی لـــەو دەروونـەی مـەرمـەڕ هەوێتـــە
وەختێ سەبووری تـــاڵە و تەمــەن هیـــچ
خۆزگەم دەزانـــی كەی جێـم لە جێـــتە
گـــوڵ گـــوێ گرانن «حافـــز» لە ناڵیـــن
ئەو كـاتە حاڵیـــن خوێـن خانـەخوێــتە
فـــــەرموو بە «كۆلیــــل» بـاوانەكەی دڵ
(من هـەولێ تـۆمە تۆ هـەولێ كێـــتە؟!)

گر تیــغ بــارد در کــوی آن مــاه

گــردن نهــادیــم اَلحُــکــمُ لله

آیــن تقــوا مــا نیــز دانیــم

لیکــن چه چــاره با بخت گمــراه

ما شیــخ و واعــظ کمتــر شناسیــم

یــا جــام بــاده یــا قصه کوتــاه

من رنــد و عاشــق در موســم گل

آن گــاه تــوبــه أستَغْفِــرُالله

مهــر تــو عکسی بــر مــا نیفــکنــد

آییــنه رویــا آه از دلــت آه

اَلصَّبْــرُ مُــرٌّ وَ الْعُمْــرُ فــان

یــا لَیْــتَ شِعْــرِی حَتّــامَ اَلقــاه

حافــظ چه نالــی گر وصــل خواهی

خون بایــدت خورد در گــاه و بیگــاه

گەیشتن بەو، ژیانێ بێ نەمانە
خودایا پێمی بەی ژینی کەوانە!
وەبەر شمشێری دام و وسکوتم کرد
لە دژمن رازی دۆسی دڵ نەهانە
بە داخی بەندەگی مردن لە رێتا
بە سەر تۆ! سەر لە سوڵتانی جەهانە
بپرسن ئێوەن و خوا لەو حەکیمەم
کە کەی دەرمان ئەکا ئەم دەردمانە
گڵێ پامالی سەروم بۆگە بێشک
گەلێ چاتر لە خوێنی ئەرخەوانە
بەهەشت و کۆشکی پێشکەش بێ بە سۆفی
کە چالی سەر چەنەی بۆ من جیانە
هەزاری دەرکی ئەو ئەی دڵ دەزانی؟!
سەرۆکی هەر هەمیشەی سەروەرانە
وتەی پیران بە دڵ وەر بگرە جوانا!
کە بیری پیرە رۆحی بەختی جوانە
شەوێ دەیوت وەک ئەو مرواریەی گوێم
لە چاوی کێ لە دونیادا رەوانە؟!
بە شیراز، ئەسفەهان ناگا بە بالا
ئەگەرچی (زینده روود) ئاوی ژیانە
لە زاری هاوەڵان شیرینە راوێژ
قسەی «حافز» گەلێ شەکری لە بانە
وتەی تاڵت نەباتی گیانی «کۆلیل»
ئەگەرچی بۆ رەقیبان قەندی گیانە

وصـــال او ز عمــــر جـــاودان بـه

خـداونـــدا! مـــرا آن ده کـــه آن بـه

به شمشیـــرم زد و بـــا کس نگفتـــم

کـــه راز دوست از دشمـــن نهـــان به

بـه داغ بنـــدگی مــــردن بـر ایـــن در

به جـــان او کـه از ملـــک جهـــان بـه

خـــدا را از طبیـــب من بپرسیـــد

که آخـــر کـــی شود این ناتـــوان به

گلـــی کـــان پایمـــال ســـرو ما گشت

بـود خـــاکش ز خـــون ارغـــوان بـه

به خلـــدم دعوت ای زاهـــد مفـــرما

که این سیـــب زنـــخ زان بوستـــان به

دلا دایـــم گـــدای کـــوی او بـــاش

بـه حکـــم آن کـــه دولت جـــاودان بـه

جوانـــا ســـر متـــاب از پنـــد پیـــران

کـه رای پیـــر از بخت جـــوان بـه

شبـــی می‌گفت چشـــم کس ندیـــده‌ست

ز مــــروارید گوشـــم در جهـــان بـه

اگرچـــه زنـــده‌رود آب حیـــات است

ولـــی شیـــراز مـــا از اصفهـــان بـه

سخن انـــدر دهـــان دوست شکـــر

ولیکـــن گفتـــه‌ی حـــافظ از آن بـه

رووبــەنت وا لە پــڕا نــاوەتە لا یانـــی چی؟
دێیە دەر مەست لە تۆی پەردەسەرا یانـــی چی؟
گـــوێ بە فەرمانی دڕ و زولف لە نێو دەستی سەبا
لەگەڵ ئەو عالــەمە دەمســازی وەها یانـــی چی
شــای جووانــانی و مەقسوودی هــەژارانی بڵــێ
رێــزی ئەم نیعمەتە گەورەت نییە لا یانـــی چی
سەری زولفت بە دەسی خۆت هەوەڵ خستە دەسم
ئێــستە خستوومــتە ژێر پێ بە جەفا یانـــی چی
دەم وتم گفت و کـــەمەر خەنجەرە نیشانی ئەدەی
ساوی شمشێرت ئەدەی بۆم لە جەزا یانـــی چی
هەرکە سەرقاڵە بە یەک شێوە لە نەردی غــەمی تۆ
شــەش‌دەرن گشتــی لە تاسی هەوەڵا یانـــی چی
خەبەرت بوو لە دڵــی تەنگت ئەویـــن دادەبەزێ
«حافز»! ئەو غەیرە لە کۆی ماڵەکەتا یانـــی چی
زولفی مەعنا مەکە «کۆلیـل»! لە لای ئـەم دڵە چون
خــۆم وەرم گــرتووە زووتر لە سەبا یانـــی چی

ناگهـــان پرده برانداختــه‌ای یعنـــی چـه
مست از خانه برون تاختــه‌ای یعنـــی چـه

زلف در دست صبا گوش به فرمان رقیب
این‌چنین با همه درساختــه‌ای یعنـــی چـه

شـاه خوبـانی و منظـور گـدایان شده‌ای
قـدر این مرتبـه نشناختــه‌ای یعنـــی چـه

نه سـر زلف خود اول تو به دستـم دادی
بـازم از پـای درانداختــه‌ای یعنـــی چـه

سخنت رمز دهـان گفت و کمر سرّ میـان
وز میـــان تیغ به ما آختــه‌ای یعنـــی چـه

هر کس از مهره‌ی مهر تو به نقشی مشغول
عاقبت با همه کج باختــه‌ای یعنـــی چـه

حافظا در دل تنگت چو فـــرود آمد یـار
خانــه از غیـــر نپرداختــه‌ای یعنـــی چـه

درابىو دەرکی مـوغان گەسک و دەم بو عەتر و گوڵاب
خــەڵاتی مورشیــدی مــەیخانەدا بە شێخ و شــەباب
غــوڵامی خزمــەتی گشتی قەدەح بە دەست و هــەموو
کـلاویان سـەر و سێـبەر لەسەر حوبــابی سـەحاب
گزینگــی جــام لە مــانگی پـڕی، جەمــاڵ بــڕی
لە تــاوی روومــەتی ســاقی هەتـاو چوو بە نـیقاب
بە ســەد کریشمە لە ئەو بەزمە بـووکی پەردە چ شـەنگ
خــەمێکی دابـوە ئەگریجە وەک لە کولمی گــوڵاب
لە دەستی گرتووە جــامی بـەزم کەنیشکی سەحــەر
بە لــەعلی لێــوی فریشتەی ئەدا گوڵاوی شــەراب
لە قیـــژ و واژی جووانـانی شـــۆخ و شیـرین لێــو
شـــەکەر شکا ســەمەن ئاوارە گۆشەگیرە روبــاب
ســڵاومی بـە کەنیـــن پیــــر دا وەڵام و وتـــی
کە ئـەی خـوماری هەژار و زەدەی شەراب و خـەراب
چ کەس دەکا ئەوە کردت بە هێــزی مێشـکی کزت
لە گـــەنج و ماڵی دەرێ بۆ ئــەوینی خێوە حوبــاب
گــەییــن بە دەوڵەتی وەسڵت گـرانە چون دەخـەوی
هــەموو لە باخەڵی بەختــی خەفـۆکی دوورە مەئــاب
وەرن بە مــــەیکەدە «حـافــــز» هەتـا نیشـانت دەم
هــەزار و یەک سەفی دۆعا رەوا، لە عـەرشی جــەواب
فــەلەک لەگەڵ مەلەکــا بۆ ســەرۆک (نەسرەتەدین)
یەکی لە ئـەسپـــــی دەکا زین و ئەو تری لە ریکــاب
ســورووشی غەیبی عەقڵ هاتە سـەر کە بۆ بەرەکـەت
بکا زیارەتــی خــاکی شـەرەف لە دەرکی جەنــاب
لە خــاک و مەڵبــەنی کــوردم بنێژە وەک «عومەر»ت
بە مـــاچ نایـــە تەسەللای گیــانی پڕ تەب و تـاب

در ســـرای مغـــان رفتــه بــود و آب‌زده
نشستــه پیـــر و صـــلایی به شیـخ و شاب زده

سبـــو کشان همه در بنـــد گیش بستــه کمـــر
ولـــی ز تـــرک کلـه چتـــر بر سحـاب زده

شعـــاع جـــام و قـــدح نور مـــاه پوشیـــده
عـــــذار مغبچگـــــان راه آفتـــاب زده

عـــروس بخت در آن حجلـه با هـــزاران نـاز
شکستـه کسمـــه و بـر برگ گل گـــلاب زده

گرفتــه ســاغر عشـــرت فرشتــه‌ی رحمت
ز جرعـــه بر رخ حـــور و پری گـــلاب زده

ز شـــور و عربـــده‌ی شاهـــدان شیـرین کار
شکر شکستــــه سمـن ریختــــه ربـــاب زده

ســـلام کردم و با مـن به روی خنـــدان گفت
کـه ای خمـــار کش مفـلس شـــراب زده

که این کنـد که تو کردی به ضعف همت و رای
ز گنـج خـانه شـــده خیمـه بر خـــراب زده

وصـــال دولت بیـــدار تـرسمت نـدهنـد
که خفتـــه‌ای تو در آغـوش بخت خـــواب زده

بیـــا به میـــکده حافظ که بر تو عرضـه کنـم
هـــزار صف ز دعـــاهـــای مستجـــاب زده

فلـــک جنیبـه کش شـــاه نصـــره‌الدین است
بیـــا ببـین ملکـــش دست در رکـــاب زده

خـــرد که ملهم غیب است بهـــر کسب شـــرف
ز بـــام عرش صـــدش بوسـه بر جنـــاب زده

ئـــەی ئەوەی بەو شـــەوی یەڵـــداتەوە بازاتیـیەوە
بە تـــەمـــەن بـــی! بە دڵـــێ شێـــتنەوازاتیـــیەوە

نـــاز مەفرۆشـە سەعاتێـک و لە عـــادەت وەرە دەر!
تۆ کـە بـــــۆ خـاتـــری یـــارانـــی نیـــازاتیـــیەوە

لەبـــەر ئەو بەژنتـــــە بمـــرم لە شـــــەڕ و ئاشتیـــیا
وەکـــو یەک هەر بە قەد و قامـــەتی نـــازاتیـــیەوە

تێـــکەڵی کـــردوە لێـــوت بە یەکا ئاگـــر و ئـــاو
چـــاوی ناپـــاک دەرێ! شـــەعبەدەبـازاتیـــیەوە

مەرحەبـــا لەو دڵە نـــەرمەت! کە بە ئیحسانی برۆ
بۆ سـەر ئـەم کوشتـە بە نـازەت بە نمـــازاتیـــیەوە

وەرعی من سووکە لە حـاست کە بە تالانی دڵـــم
مەست و ئاڵـــۆز بە خەڵـــوەی گوڵـــی رازاتیـــیەوە

وتی «حافز»! بە مەی ئالودە جەبەی، رەنگە لە کۆی
تەکیـــە بازشتـــی کە بۆ مەیـــکەدە بـــازاتیـــیەوە

بێـــژە «کۆلیـــل»! چ قەومـــاوە هەمیســـان کە وەها
گـــەرمـــەشینت بە کوڵی سـۆز و گـــودازاتیـــیەوە

ای که با سلسله‌ی زلف دراز آمده‌ای

فرصتت باد که دیوانه‌نواز آمده‌ای

ساعتی ناز مفرما و بگردان عادت

چون به پرسیدن ارباب نیاز آمده‌ای

پیش بالای تو میرم چه به صلح و چه به جنگ

چون به هرحال برازنده‌ی ناز آمده‌ای

آب و آتش به هم آمیخته‌ای از لب لعل

چشم بد دور که بس شعبده‌باز آمده‌ای

آفرین بر دل نرم تو که از بهر ثواب

کشته‌ی غمزه‌ی خود را به نماز آمده‌ای

زهد من با تو چه سنجد که به یغمای دلم

مست و آشفته به خلوتگه راز آمده‌ای

گفت حافظ دگرت خرقه شراب‌آلوده‌ست

مگر از مذهب این طایفه باز آمده‌ای

دوێنەشـــەو چوومە خەراباتەوە خەو پڕ لە ســـەرێ
تەڕ بە مـەی دامـەن و بەرمــاڵ و عەبـا کۆنی بـــەرێ
خـــازنی مـــەیکەدە هــات و بە تووانجێکـــۆ وتـــی
زوو بە زوو ڕاپەڕە ئەی ڕێبەری خۆش‌خەو هونـەرێ!
خۆ لە خۆ پـــاك وەشـــۆ جا لە خـــەرابات خـــزێ
تاکـــو ئالـــوودە نەبێ تەکیـــە بە هەر بێ خەبـــەرێ
گـەوهەری گیـــان مەدە یاقـــووتە تراوێ بە هـەوای
لێـــوی شیرین شەکەر و نوقڵی بزەی موو کەمـــەرێ
چووە تـەشـــــریفی جووانی مەکە پیـــریت چەپـەڵ
تۆشـە لەم مەنـــزڵە هـــەڵبگرە سەفـــەر وا لە بـــەرێ
چون سەفایێـــــکی نەدا ئاوی گڵ‌ئاڵـــوو بە کەســـێ
ڕۆشـن و ساف لە نێو بیـری جـــەهان وەرنـــە دەرێ
وتـــم ئەی گیـــانی هەموو دەفتـــەری گوڵ قـــەی‌ناکا
لە بەهـــــارا کە بە مـــەی سوور بکـــا بەختـــەوەرێ
مەلەوانـــانی عەشـــق چـــوونە بن ئەم بەحـــــرە بـەڵام
تەڕ نەبوو دامەنی کەس، کەس نەبو تووشـــی زەرەرێ
وتی مەفـــرۆشە ئەدەب «خاجە»! بە یـــــارانی ئەدیب
ئـــاخ لەم لوتفـــە سەراســـەر هەڕەشـــەی لێ‌دەوەرێ
نە بە ئەبجـــــەد لە موعەممـــای ئـــــەوین بـــازە گرێ
نە بە «کۆلیـــــــــــل» کوڵ و کۆی غەمی دڵ دادەمرێ

دوش رفتـــم به در میـــکده خواب‌آلـوده

خرقـــه تـر دامــن و سجـاده شراب‌آلـــوده

آمد افسوس کنـــان مغبچـــه‌ی بـــاده‌فروش

گفت بیـــدار شو ای رهـــرو خواب‌آلـــوده

شست‌وشویی کن و آن‌گه به خرابات خـــرام

تـــا نگـــردد ز تو این دیـــر خـــراب آلـــوده

به هـــوای لب شیرین پســـران چنـــد کنی

جوهـــر روح به یاقـــوت مـــذاب آلـــوده

به طهارت گـــذران منـــزل پیـــری و مکن

خلعت شیب چو تشـــریف شبـــاب آلـــوده

پـــاك و صافی شو و از چاه طبیعت به درآی

که صفـــایی ندهـــد آب تـــراب آلـــوده

گفتم ای جـان جهان دفتـــر گل عیبی نیست

که شود فصـــل بهـــار از می نـــاب آلـــوده

آشنایـــــان ره عشـــق در این بحـــر عمیـــق

غرقـــه گشتنـــد و نگشتنـــد به آب آلـــوده

گفت حافـــظ لغز و نکتـــه به یـــاران مفـروش

آه از این لطف به انـــواع عتـــاب آلـــوده

تۆخوا لە من مەتــــۆرە کە نووری گـلاری تۆ
ئارامـی گیـــان و یـــاری منی بێــقەراری تۆ
وەک هەر کەسێ دەسی مە بە داوێنی ئێوە بێ
دڕیا کراســی ســـەبر و قـــەراری هەژاری تۆ
وەشیـــــار بی نەکەویە کەمینــــی نیینی خۆت!
چون بێ حـــەد و ئەنـــازە دەلال و نیـگاری تۆ
لۆمـەم لە عەشقـی ئەو مەکە زاهید! هەتا منیش
لۆمـــەت نەکـەم کە چۆنە لەوێ نادیـاری تۆ
«حافـز» مەگەر لە حەد بە دەرت پێ درێژ کرد
دلـبــەر کە وا تووانجی دەکا هەر نیســاری تۆ
دژمانی یـــــار بۆ منی «کۆلیـــــل»و هیچی کە
دونیـا هەموو خەلاتی تەمــاحی نەیـــاری تۆ

از من جـــدا مشو که توام نـور دیـــده‌ای
آرام جـــان و مـــونس قلب رمیـــده‌ای
از دامـــن تـــو دست ندارنـــد عاشقـــان
پیـــراهن صبـــوری ایشـــان دریـــده‌ای
از چشم بخت خویش مبادت گزند از آنک
در دلبـــری به غـــایت خوبی رسیـــده‌ای
منعـــم مکن ز عشـــق وی ای مفتی زمـــان
معـــذور دارمت که تـــو او را ندیـــده‌ای
آن ســـرزنش که کرد تو را دوست حافظا
بیش از گلیـــم خویش مگر پـــا کشیـــده‌ای

وا خۆش دەچوو تەلاریز کراسی خزی لە بەر دا
یێخەی کەتانی مانگی بۆ چاک ئەبوو لە سەر دا
ئارەق بە ئاگری مەی تکتک لە روو بە چەشنی
شەونم لەسەر پەڕەی گوڵ بڕژێ بە دەور و بەردا
شیرین کەلام و شیوا، قامەت بلیند و ئازا
چاوڕەش خومار کولمی تانەی لە مانگ و خۆر دا
شمشاڵ قەد خەرامان نازار و نازپەروەر
لێوی کەنیشکی لوتفی ئاوی ژیانی دەر دا
ئەو لەعلە دلڕفینەی ئەو زەردە غەمڕەوێنەی
ئەو رێگەچوونە خۆشەی بڕوا! لە باخی وەر دا
ئەو دیدە شۆخ و مەستەش دەرچوو بە لەز لە داوم
یاران بکەن تەویرێ! دڵ دایە کێو و هەردا
وەشیار بی کە ئەهلی دڵ قەت نەکەی پەرێشان!
دونیا کە نووری چاوم ئەورۆیە تاکو فەردا
ئەو چاوە دڵفریوەت بۆ دەمکوژێ بە قاری
تاقانەکەم بە نازێ تاقیم کەرۆ لە بەر دا
رەنجاوە گەر لە «حافز» بووکی شکۆی خەیاڵت
بێرۆ کە تەف لە هەرچی بیستم، وتم، لە دەر دا
بێحەد دەکەم سپاسی لوتفت ئەگەر بە دەس بێ
میوەی گەییوی باخی ئێوەم لە هەر گوزەر دا
هیجرانی تۆ لە سینگی «کۆلیل» زۆری هێنا
چاوم کە وا پولوسکی بەردا بە دار و بەردا

دامن کشـــان همی‌شـــد در شـــرب زر کشیده
صـــد ماه رو ز رشکش جیب قصب دریـــده
از تـــاب آتش مـی بر گرد عـارضش خـوی
چون قطره‌هـــای شبنم بر برگ گل چکیـده
لفظی فصیـح شیـــرین قـــدی بلنـد چـابک
رویـی لطیف زیبـا چشمـی خـوش کشیـده
یاقـوت جـــان‌فـــزایش از آب لطـــف زاده
شمشاد خوش‌خـرامش در نـــاز پروریـــده
آن لعل دلکشش بین وآن خنـده‌ی دل‌آشوب
وآن رفتن خوشش بیـــن وآن گام آرمیـــده
آن آهوی سیـــه‌چشم از دام ما بـــرون شـــد
یـــاران چه چـــاره سازم با این دل رمیـــده
زنهـــار تا تـــوانی اهـــل نظـــر میـــازار
دنیـــا وفـــا ندارد ای نور هـــر دو دیـــده
تا کی کشـــم عتیبت از چشـــم دل‌فـریبت
روزی کرشمـــه‌ای کن ای یـــار برگزیـــده
گر خاطر شـــریفت رنجیـــده شد ز حافـظ
بـــازآ که توبه کردیـم از گفتـــه و شنیـــده
بس شکر بـــازگویم در بنـــدگی خواجـــه
گر اوفتـــد به دستـــم آن میوه‌ی رسیـــده

نامەم لە خوێنی دڵ بوو، بۆ سەروی سەوز قامەت
دیتم لە دەردی دووریت ڕۆژی ڕەشی قیامەت
چاوم لە دەردی دووری سەد جۆری پێن نیشانە
ئەسرینی ئاڵم ئاخۆ نابێ بە یەک عەلامەت
کەڵکی نەبوو چەنێکم تاقی بە دڵ کە کردۆ
تاقی کراوە بوو ئەو من گێژ بووم و نامەت
پرسیم لە حاڵزانێ نیسبەت بە گوڵ، وتی پێم
دووری لە یار دەردە و دیداری کۆی سەلامەت
پرسیم دەبم نزیکی لۆمەم دەکەن لە دوورۆ
فەرموی نەماندی وەڵڵا عەشقی بە بێمەلامەت!
بۆیێ ئەدا بە جامێ گیانی شرینی «حافز»
گاهەس قومێ بنۆشێ شیرین لە جۆی کەرامەت
نەیکردە بۆ لە ژینا «کۆلیل» گوڵ لە باخێ
سەرتر لە عەتری زولفت خۆش‌تر لە بۆی شەمامەت

از خون دل نوشتم نزدیک دوست نامه

إنّی رَأیْتُ دَهراً مِنْ هِجرِك القِیامة

دارم من از فراقش در دیده صد علامت

لَیسَتْ دُموعُ عَیْنی هذا لَنا العَلامة

هرچند کآزمودم از وی نبود سودم

مَنْ جَرَّبَ الْمُجَرَّب حَلَّتْ بِهِ النَّدامة

پرسیدم از طبیبی احوال دوست گفتا

فی بُعدِها عَذابٌ فی قُربِها السَّلامة

گفتم ملامت آید گر گرد دوست گردم

وَ اللهِ ما رَأیْنا حُبّاً بِلا مَلامة

حافظ چو طالب آمد جامی به جان شیرین

حَتّی یَذوقَ مِنهُ کَأسَاً مِنَ الْکرامة

که شــەوقی روومـەتی تۆ رۆژی کردە پەروانــە
ســـەرم بە ئێـــوەیە ئــاوا، لە ئێـــمە وێرانــە
عەقڵ کە شێتی ئەوینــی دەخستە کۆی زەنجیــر
لە بەنـدی پرچــی رەشتــدا بە چەشنی دێوانــە
بە بۆنی زولفت ئەگـــەر سەر بەهــا بــدەم هیچە
هـــەزار گیــانی عەزیــزم نیســاری گیانـانــە
لە حەسرەتا دڵی وێڵـم کەوت لە پـا دوێشــەو
کە دیــم دەلال و گوڵــی خۆ لە دەستی بێگانــە
چ فێـڵ و نەخشە کە کێشام و ئـاوی دڵمی نـەدا
فســوونی ئێــمە لە لای ئەو گــەڕایە ئەفســانــە
لەسەر گڕی روخی کێ دی بە جێگەی ئەسپەنەر
بە غەیــری خاڵــی رەشی تۆ، ببــێ بە شادانــە؟!
لە مۆمی رووتی کە شەم پێگەیی شەمــاڵە گڕێ
ژیــــانی دا بە سەبــــا یەکنەفـــەس لە مژدانــە
لە وەرزی دەوڵـــــەتی لێوت لە سەرمە پەیمانێ
نەبــەم کە نــاو لە هیچــێ مەگــەر لە پەیمانــە
نەکەی لە مەدرەســـە یا خانەقــا قســە و باســـێ!
کە گیانی پڕیەتی «حافـز» لە عەشقی مەیــخانــە
ئــەدی چ مەرگتە «کۆلیـــــل» گەرمـەناڵێنت؟!
تەنــووری داغـــی ئەوینت لە سینــگی ناڵانــە

چـــراغ روی تو را شمـــع گشت پـــروانه
مرا ز حـــال تو با حـــال خویش پروا نــه

خـــرد که قیـــد مجانین عشق می‌فرمـــود
به بـــوی سنـــبل زلف تو گشت دیـــوانــه

به بوی زلف تو گر جان به باد رفت چه شد
هـــزار جـــان گرامـی فـــدای جـــانانــه

من رمیـــده ز غیـــرت ز پا فتـــادم دوش
نگـــار خویش چو دیـــدم به دست بیگانــه

چه نقشه‌ها که برانگیختیم و ســود نداشت
فســـون مـــا بر او گشتـــه است افســانــه

بر آتش رخ زیبـــای او به‌جـــای سپنـــد
به غیـــر خـــال سیاهش که دیـــد به دانــه

به مژده جـــان به صبا داد شمـــع در نفسی
ز شمـــع روی تـــواش چون رسیـــد پروانــه

مـــرا به دور لب دوست هست پیمـــانی
که بر زبـــان نبـــرم جـــز حـــدیث پیمانــه

حـــدیث مدرسه و خانقه مگـــوی که بـــاز
فتـــاد در ســـر حافظ هـــوای میـــخانــه

سەحـەر هێـشتا سـەرم مەستی شـەوانە
من و مـەی عـوود و قـانوون و تـەرانە
بە عـەقڵم بـادە بۆ تۆشـەی سەفـەردا
لە شـاری بوونییـم فـەرموو ڕەوانـە
جووانی مـەیفرۆشـم چـاوی قرتـان
نەمـا ترسـم لە ئەفسـوونی زەمـانە
لە مەیـگێڕی کەوانئەبـرۆ شنـەوتم
کە ئەی بۆ تیـر و تـانە و خـەم نیشـانە
کەمەربەنـدی قـەدی دڵبـەر کەسێکـە
کە خـۆ گوم کات و وس بێ لەم دوانـە
بـڕۆ ئـەم داوە دانێ بۆ قـەل و داڵ!
کە سیمـورغ ئاشیـانی کاکەشـانە
دەبـێ کێ دەستـی وەسڵی گا بە شایێ
کە هەر خۆی عاشق و مەعشووقە گیـانە
هـەواڵی موتریب و سـاقی ئـەون ئـەو
خـەیاڵی ئـاوگڵ پەڵپـە و بەهـانە
بە من بسپێـرە کەشتـی مەی کە تەی کەم
بە مەستـی بەحـری ناپەیـداکەرانـە
وجـوودی ئێـمە رازێ سـەر بە مۆرە
کە لێـکۆڵیـنەوەی «حافـز»! گرانـە
سپـی «کۆلیـل»! چـاوی عەقڵـە لەم ڕێ
شـەوارەی خێـڵی زانـا و نەزانـە

سحرگاهان که مخمور شبانه
گرفتم باده با چنگ و چغانه
نهادم عقل را ره توشه از می
ز شهر هستیش کردم روانه
نگار می فروشم عشوه‌ای داد
که ایمن گشتم از مکر زمانه
ز ساقی کمان‌ابرو شنیدم
که ای تیر ملامت را نشانه
نبندی زان میان طرفی کمروار
اگر خود را ببینی در میانه
برو این دام بر مرغی دگر نه
که عنقا را بلند است آشیانه
که بندد طرف وصل از حسن شاهی
که با خود عشق بازد جاودانه
ندیم و مطرب و ساقی همه اوست
خیال آب و گل در ره بهانه
بده کشتی می تا خوش برانیم
از این دریای ناپیداکرانه
وجود ما معماییست حافظ
که تحقیقش فسون است و فسانه

مەیگێڕ بێ کە لالە پیالەی پڕن لە مەی
لاف و گەزاف چەند و خورافات تا بە کەی؟!

ناز و غورروور لاوە کە دیتوویە رۆژگار
چینی کەوای قەیسەر و گۆشەی کڵاوی کەی

وەشیار بی کە تەیری چەمەن مەستی مەستە شەو
بێدار بی کە خەونی هەمیشەت لە پێشە هەی!

چەن خۆش بە نازی تازە خەرامان دەچی بە رێ
نەتبێ خەزانی سەرد و هەناسەی سەهۆڵی دەی!

هاوار بۆ کەسێ کە فەلەک پێکەنێ لە رووی
باوەڕ بە لوتفی چەرخ و بزەی لێوی هەی نەکەی!

سەیزوو شەرابی کەوسەر و چاوڕەش کچان ئەدەن
ئەورۆش لوتفی ساقی و دوو چاوی پڕ لە مەی

دێنێتە یاد بادی سەبا ژینی لاوەتیم
مەی بێنە غەم رەوێنە ئەیا لاوی بێ لە وەی!

چاوت نەبێ لە سەڵتەنەتی گوڵ، خەزان کە بێت
زریان بە یەک هەناسە ئەساسی دەکات پەی

بێنا بە یادی حاتەمی تەی مەی! مەنێ، هەتا
نامەی رەش و رەجاڵی بەغێلان بکەین تەی

لەو بادە وا جەماڵ و شکۆی دا بە ئەرخەوان
لەو بادە بوو بە شەونمی سەر کوڵمی کاڵەبەی

خێوەت لە باخ هەڵدە کە ئامادە خزمەتن
سەروی سەوزە کراس و کەمەر بەستە شەکرە نەی

«حافز»! فریوی سیحری حەلاڵت گەیی بە رۆم
تێپەڕ لە میسر و چین بو سەمەرقەندی گرت و رەی

چەشنی هەواری خاڵییە «کۆلیل» دەورە چۆڵ
ئەی وەی لە جەوری چەرخ و وزەی دەوری ئاشەکەی

ساقی بیا که شد قدح لاله پر ز می
طامات تا به چند و خرافات تا به کی

بگذر ز کبر و ناز که دیده‌ست روزگار
چین قبای قیصر و طرف کلاه کی

هشیار شو که مرغ چمن مست گشت هان
بیدار شو که خواب عدم در پی است هی

خوش نازکانه می‌چمی ای شاخ نوبهار
کآشفتگی مبادت از آشوب باد دی

بر مهر چرخ و شیوه‌ی او اعتماد نیست
ای وای بر کسی که شد ایمن ز مکر وی

فردا شراب کوثر و حور از برای ماست
و امروز نیز ساقی مه‌روی و جام می

باد صبا ز عهد صبی یاد می‌دهد
جان دارویی که غم ببرد دردِه ای صُبَی

حشمت مبین و سلطنت گل که بسپرد
فراش باد هر ورقش را به زیر پی

دردِه به یاد حاتم طی جام یک منی
تا نامه‌ی سیاه بخیلان کنیم طی

زان می که داد حسن و لطافت به ارغوان
بیرون فکند لطف مزاج از رخش به خوی

مسند به باغ بر که به خدمت چو بندگان
استاده است سرو و کمر بسته است نی

حافظ حدیث سحرفریب خوشت رسید
تا حد مصر و چین و به اطراف روم و ری

بە دەنــگی بولبــول و قومـــری دەبێ بنـۆشی مــەی
دەنــا بە داغتــە دەرمـــان بە من کە گــوێ نـــادەی
لە ڕەنــگ و بۆنــی بەهـــاری جەمۆکە تۆشــە! دەنا
دەگا لە پڕ ڕەشەمـەی ڕووڕەش و چەتەی وەک دەی
کە گوڵ حیجـابی فــڕێدا، کە مــەل وتی هوو هوو
لە دەس پییاڵە نەدەی! فیکری چی دەکەی هەی هەی!
حـەزی حوکوومەت و گەنجی بە کەس نەمـا تا ســەر
لە تەختــی جەم قســە هەر ماوە وەک لە تـاجی کــەی
خـــەزێنەواینیـــی میـــــراتخۆرەکـــان کوفــــرە
بە شەرعی موتریب و ســاقی بە ئەمـری عوود و نــەی
فـــەلەک خـەڵاتی بە کێ بێـــژە دا کە نەیسەنـدۆ؟!
لە سپڵـــە نـایە سەخـــاوەت کە تاڵـــە هەڵـــواکەی
ڕەقــــەمکراوە لە هەیـــــوانی جەننەتـــا خەتتـــێ
کە عیشوەسێنـــی جەهـــان وەی بە حـاڵی پەیتاپـــەی!
سەخـــا نەمـــاوە غەزەڵ تەی دەکەم دە تێکـە شەراب!
بە یـــادی ڕۆح و ڕەوانـی کەریمـــی خێـــڵی تــەی
بەغێـــڵ گوێ کـــەڕە «حافـــز»! لە بەزمی خوانـــاسان
کـەرەم کە جورمی لەسـەر من، بنۆشــە جامێ مــەی!
دڵــت چ فەرقــی لەگەڵ ناڵی ئەسپــە هــەی هـــاوار
لە چاڵـــی گەردنی ئەر وەک «عومەر» نەبێ جەزبـەی

به صوت بلبل و قمری اگر ننوشی می
علاج کی کنمت آخرالدواء الکی
ذخیره‌ای بنه از رنگ و بوی فصل بهار
که می‌رسند ز پی رهزنان بهمن و دی
چو گل نقاب برافکند و مرغ زد هوهو
منه ز دست پیاله چه می‌کنی هی هی
شکوه سلطنت و حسن کی ثباتی داد
ز تخت جم سخنی مانده است و افسر کی
خزینه‌داری میراث‌خوارگان کفر است
به‌قول مطرب و ساقی به فتوی دف و نی
زمانه هیچ نبخشد که بازنستاند
مجو ز سفله مروت که شیئه لا شی
نوشته‌اند بر ایوان جنّةالمَأوی
که هر که عشوه‌ی دنیا خرید وای به وی
سخا نماند سخن طی کنم شراب کجاست
بده به شادی روح و روان حاتم طی
بخیل بوی خدا نشنود بیا حافظ
پیاله گیر و کرم ورز و الضّمان علی

هەنــــاری لێـــوی دەمـــژم بۆ مـــەزەی مـــەی
بە ئـــاوی خـــزری زینـــدوم بـــردوون پـــەی
نـــە دەتـــــوانم ببیـــــنم کـــەس لەگـــــەڵ ئـــەو
نـــە دەتـوانـــــم بڵێـــــم رازێ لـــەبـــــارەی
ســـوراحی خوێـــن لە دڵ، لێـــوی دەکا مـــاچ
دەبیـــنی کوڵـمـــی گوڵ عـــارەق دەکا هــــەی
لە فیـــکری جـــەم گـــەڕێ مەیگێڕ جـــامێ!
چوزانـــم من کە جەم کەی بوون و کەی کەی؟!
لە باخـــەڵ بگرە چەنـگ ئـــەی موتریبی شـۆخ!
رەگـــی بخورێنـــە بـــۆم تا بێمـــە وەی وەی
لە خەڵـــوەت کەوتـــە رێ گوڵ بۆ چەمـــەنزار
ئەســـاسی وەرع ئەبێ وەک خونچـە بێ تـــەی
وەکـــوو چـــاوی مـــەهێلا نێـــوە مـــەستێ
بە یـــادی لێـــوی مـــەی بێـــنا پەیـــاپەی
جودا لەو پەیـــکەرەم گیـــان چۆن دەبێ چـۆن
کە خوێنی جـــامی مـــەی دەتکێ لە هەنیـــەی
زمـــانت بســـرەوێ «حافـــز» زەمـــانێ
زمانـــی بێزمانـــان بێـــڵە بـــۆ نـــەی
وتـــاری رێبـــەنانـــی زاری «کۆلیـــل»
هـــەموو نـــابێ بە تـاوێـــکی هەناســـەی

لبش می‌بوسم و در می‌کشم می
به آب زندگانی برده‌ام پی
نه رازش می‌توانم گفت با کس
نه کس را می‌توانم دید با وی
لبش می‌بوسد و خون می‌خورد جام
رخش می‌بیند و گل می‌کند خوی
بده جام می و از جم مکن یاد
که می‌داند که جم کی بود و کی کِی
بزن در پرده چنگ ای ماه مطرب
رگش بخراش تا بخروشم از وی
گل از خلوت به باغ آورد مسند
بساط زهد همچون غنچه کن طی
چو چشمش مست را مخمور مگذار
به یاد لعلش ای ساقی بده می
نجوید جان از آن قالب جدایی
که باشد خون جامش در رگ و پی
زبانت درکش ای حافظ زمانی
حدیث بی‌زبانان بشنو از نی

نێـومەستی جامـی عەشقـم مەیگێـڕ بادە با بێ!
مەی تێکە هەی کە مەجلیس بێ مەی سەفـای نـابێ
تاریفـی مانگـی کولـمـی ئاهەنگی سـاز نایـێ
(هەی‌نـار) بێـژە (زیـرەک)! مەیگێڕ سا شـەرابێ
بـالاّم بوو بە حەلّقـەی دەرگات تـا غـولاّمـان
راوم نەنـن لە ئـەرکت بۆ دەرکـی هـەر جەنـابێ
ئێـمە و فریوی نـازت تێکـەڵ خەیـاڵ و خـەونێ
ئێـمە و هـەوای بەژنت بەڵکو لەگەڵ مـە رابـێ
نێومـەستی ئەو دو چـاوەم ئاخۆ لە کوێن جـامێ
بیمـاری ئەو دو لێـوەم کەنگێ ئەدەن جـەوابێ
بۆ دلّبـەنی خەیالّی شۆخـانی؟ «خاجە»! هـەی داد
تینوو بە بـەرقی وشکی تراویلکە چـۆن دەوا بێ
مەجنـون لە زولفـی لەیـلا «کـۆلیـل»! گیرە عەقلّی
کێ عەقـڵ و عەشقـی بینی پێکۆ لە یەک سـەرابێ

مخمور جــام عشقــم ســاقی بـده شــرابی
پر کن قـدح که بی مـی مجلس ندارد آبـی

وصف رخ چو مــاهش در پرده راست ناید
مطـرب بـــزن نوایـی ســاقی بـده شــرابی

شد حلـقه قــامت من تا بعـد از این رقیبت
زین در دگر نرانـــد مــا را به هیــچ بــابی

در انتـــظار رویــت مـــا و امیـــدواری
در عشـوه‌ی وصــالت ما و خیــال و خوابـی

مخمور آن دو چشمـم آیا کجاست جــامی
بیمـــار آن دو لعلـــم آخر کـــم از جوابـی

حافظ چه می‌نهی دل تو در خیــال خوبــان
کی تشنــه سیـــر گردد از لمعـه‌ی ســرابی

ئەی ئەوەی پەردەی رەشی کێشا لە کولـمت زولفی خـاو
سایـەبانێکت لە پەرچـەم سـاز فەرمـوو بۆ هـەتـاو

تـا بزانـم ئـاوی روخسـاری لەگەلـمـا چـی دەکـا
نەخشی دلگیری چ خـۆش کێشا لە روو رۆشن وەک ئـاو

شـاد بن چون گـۆی جووانیتـان لە خانبـالـغ رفانـد
جامـی کەیـخوسرەو بنـۆشن تێشکا ئەفراسیـاو

هـەرکەسێ جـۆرێ بە مۆمـی رووتـی دانا نەردی عەشق
وەک پەپـوولەی ئێمە بـالـی هەستی کێ سووتا تـەواو

ئەو دلـەی وێـرانمت تـا کردە گەنجیـنەی ئەویـن
چەتری هەلـدا سێوەری بەختت لەسەر گۆشەی روخـاو

وەی کە لێـوی وشکی شێـران تەڕ بە ئـاوی روومەتت
قـەت نەبوو، خێلـی سکەنـدەر بۆ نمێکـی دڵ کـەواو

خـەونی بێـدارانی بەست ئەمڕا بە فـەرمانی خەیـاڵ
تومـەتـی سازان، سپای شـەورەو کە خەویـان نـاوە ڕاو

تـا لـە مەیـدانی جەمـالا یەک نـەزەر کولـمت نـووان
چوونە تۆی پەردەی حەیا حۆری، پەری دەرچوو لە نـاو

مـەی بە جامی جـەم بنۆشی چون لەسەر تەختـی جەمـا
رووبـەنت لادا لەسـەر روخسـاری کیـژی ئافتـاو

مەکری چـاوی نیـوەمەست و فێـلی لێوی مـەیپەرست
«حافـز»ی خەلوەتنشینی خستە نێو گۆمی شـەراو

بۆ نەچیـری دڵ قـژت ئـالانە دەوری گـەردنـم
هـەر غولامێ حەققی ئاغەی وا لـە ئەستۆ بێ حەسـاو

شـاریاری دادگـەر ئەی ئەو کـەسـەی تاجـی سـەری
کردە شاباشت بە گیـان و دڵ هەتـاوی گەرمـەتـاو

نەسـرەدین یەحیـا کەسێکـی وا بریقـەی خەنجـەری
دژمنـی گڕ دا دڵ و گیـانی لەگـەڵ مێـشکی رزاو

هەر ئەوەن ئازیـزەکەم! «کۆلیـل»و خەستەی هیجری تۆم
دڵ لە دووریت ئەنجنئەنجن بوو وەکوو کۆتەی قەسـاو

ای که بر مـــاه از خط مشکیــن نقـاب انـداختـی

لطف کـردی سایـــه‌ای بر آفتـــاب انـــداختـی

تا چه خواهـــد کرد با مـــا آب و رنگ عـــارضت

حالیـا نیـرنگ نقشی خـوش بر آب انـــداختـی

گوی خوبـی بردی از خوبـــان خلّخ شـــاد بـــاش

جـــام کیخسـرو طلب کـــافراسیاب انـــداختـی

هـرکسی با شمـع رخسـارت به وجهی عشق باخت

زآن میـــان پـروانه را در اضطـراب انـــداختـی

گنـــج عشـق خود نهـــادی در دل ویـــران ما

ســایه‌ی دولت بر این کنـج خـراب انـــداختـی

زینهـــار از آب آن عـــارض که شیـران را از آن

تشنـه‌لب کردی و گـردان را در آب انـــداختـی

خـواب بیـــداران ببستی و آنگــه از نقش خیـــال

تهمتـی بر شبـــروان خیــل خــواب انـــداختـی

پـرده از رخ برفکنـــدی یک نظـــر در جلـوه‌گاه

و از حیـا حور و پری را در حجـــاب انـــداختـی

بـــاده نوش از جـام عالم بین که بر اورنگ جـــم

شـــاهد مقصـود را از رخ نقـــاب انـــداختـی

از فـریب نرگس مخمـــور و لعـــل مـــی پـرست

حافـظ خلوت‌نشیـــن را در شـــراب انـــداختـی

وز بـرای صیـــد دل در گردنـــم زنجیـــر زلف

چون کمنـــد خســـرو مالک رقــاب انـــداختـی

داور دارا شکـــوه ای آن‌کــه تـــاج آفتـــاب

از ســر تعظیــم بر خـــاک جنـاب انـــداختـی

نصـــرةالدین شـــاه یحیـی آن‌که خصـــم ملک را

از دم شمشیـــر چـــون آتـش در آب انـــداختـی

ئەی دڵ! نەبێت ساتێ خاڵی لە عەشق و مەستی
هەر وایە رێی خەلاست ئاخر لەماڵی هەستی
تا ئاخرین هەناسەت فەرمانبەری ئەوین بە
لەم رووگە رووکەی ئەیکەی حاشا لە خۆپەرەستی
چەشنی نەسیم هەرچەن لاوازی هەڵسوکەوتی
خۆش بی! بەوەی نەخۆش و بێ‌هێزی بەژنی هەستی
رێگەی گەیین بە ئیقباڵ چالاکی و خەباتە
ئایینی ئێمە ئێژێ پیلانی کوفرە سوستی
یەک نوکتە با بڵێم پێت مەنوێنە عەقڵ و زانین
خۆبین قەتیسە هەرگیز ناگا بە کۆی مەبەستی
بۆ ئاستانی گیانان بڕوا! نەک ئاسمانت
تا فەخری سەربڵیندی نەتخاتە خاکی پەستی
ئێشی دڕوو هەتاکوو گوڵ چاوی لێتە سەهلە
شیرینە مەی بە تاڵی بۆ حاڵ و زەوقی مەستی
زاهید شەراب‌نۆشە و «حافز» پیباڵەپارێز
ئەی خێڵی فێڵ‌پۆشان تا کەی درێژدەستی؟!
«کۆلیل» دەرکی هەستی هەر ئاوەڵا لە تۆ بۆ
پیلانی خەستی سۆفی و ئۆفی بە مەکری بەستی

ای دل مباش یکدم خالی ز عشق و مستی
وآنگه برو که رستی از نیستی و هستی

گر جان به تن ببینی مشغول کار او شو
هر قبله‌ای که بینی بهتر ز خودپرستی

با ضعف و ناتوانی همچون نسیم خوش باش
بیماری اندر این ره بهتر ز تندرستی

در مذهب طریقت خامی نشان کفر است
آری طریق دولت چالاکی است و چستی

تا فضل و عقل بینی بی‌معرفت نشینی
یک نکته‌ات بگویم خود را مبین که رستی

در آستان جانان از آسمان میندیش
کز اوج سربلندی افتی به خاک پستی

خار ار چه جان بکاهد گل عذر آن بخواهد
سهل است تلخی می در جنب ذوق مستی

صوفی پیاله پیما حافظ قرابه پرهیز
ای کوته‌آستینان تا کی درازدستی

رازی ئـەوین و مەستـــی بۆ موددەعی مەفـــەرموون
با خۆپـــەرس نەمێنێ و بمرێ کە دەردیسـەر بـوون
عاشـــق بە! وەرنە ڕۆژێ دونیـــا دەچێت و نەتخـــۆند
ئەو نەخشـــە پێتی ئەسپـــارد لەم کارگایە گـــەردوون
دوێشـــەو چ خۆشی فەرمـــوو دڵبەر لە کۆڕی بەزمـا
کارت بە کافـران چیـــن بوتـــخانە گەر بەســـەرچوون
کەوتـــوومە داوی زولفت ئـەی شاریـــــار تۆخـوا!
چـــەندێ درێـــژدەستی تا کەی جەفـــا دەفەرمـــوون
داب و نەرێتـــی مـــەستی تا فێـــر ئەبـم لە چـاوت
چۆنـــم دەبێ لە سووچێ هەڵکەم بە بێخەتەربـــوون
ئـەو ڕۆژە دیتبـــوم ئـەم غـەوغـــایە ئێستە بەرپـان
بێـــزت کە لێم دەکردۆ، لەم شێخە بەرحەزەربـــوون
«حـــافز» ئـەدا بە دەستـــی تۆفـــان ئەوینـــی ئێـــوە
پێت وا نـــەبێ وەکوو برق لەو گێژەڵێوە دەرچـــوون
کافـــر نـــەبێ بە حاڵی «کـــۆلیـــل»ی کـــوردەواری
هەڵخا لە گوێنی دینام ناخی، لە تۆی جیگەرخـــوون

با مدعـــی مگوییـد اســرار عشــق و مستــی

تـــا بی‌خبـــر بمیـــرد در درد خودپـــرستی

عاشـــق شو ار نـــه روزی کار جهـــان ســرآید

ناخوانـــده نقـش مقصــود از کارگـــاه هستی

دوش آن صنم چه خوش گفت در مجلس مغانم

با کافـــران چه کـــارت گر بت نمی‌پرستـــی

سلطـــان من خـــدا را زلفت شکست مـــا را

تا کـــی کنـــد سیـــاهی چنـدین درازدستـــی

در گوشـــه‌ی سلامت مستـــور چـون توان بود

تا نرگس تـــو بـا مـــا گویـــد رمـــوز مستـــی

آن روز دیـــده بودم این فتـــنه‌ها که برخـــاست

کز سرکشـــی زمـــانی بـــا مـــا نمی‌نشستـــی

عشقت به دست طوفـــان خواهد سپـــرد حافـظ

چون برق از این کشـــاکش پنـداشتی که جستی

خەتتێکی ئەنووسی ئەگەر ئەو خۆش‌خەت و خاڵە
گەردون وەرەقی وا نەدەکردم بە نەواڵە
هەرچەندە کە هیجران بەری دیدار ئەدا کاش
جووتێری فەلەک نەیدەوەشان ئەم تووە تاڵە
خاوەن بەشی نەختینە مرۆڤێکە لە دونیا
قەسرێکی بەهەشتی هەیە شۆخێکی مناڵە
هەرگیز لە سەکۆی مەیکەدەیی عەشق نەکەی ناز!
پاڵشتی پەڕم بۆچییە خشتم کە لە پاڵە
مەفرۆشە بە باخی ئیرەم و سەروەتی شەدداد
ماچێکی دەمی یار و گوڵاوێکی پیاڵە
تا کەی کەسی دونیای پەسی ئەی دڵی وەشیار!
جوانی وەکو تۆ حەیفە لەگەڵ ئەم ژنە زاڵە
کوا رێڕەوی ئەهلی دڵ و دڵپاک بفەرمێ
ئالوودە کە عالەم بە جبەی شێخی بەتاڵە
«حافز» کە سەری زولفتی بەردا نە بە خۆی بوو
فەرمانی فەلەک وابو کە فەوتانی مەحاڵە
پەنگاوی بزەت بۆ وە دەبێ خۆر دەمی لێنێ
«کۆلیل» بلێ چی، کە نەسیبی قەل و داڵە

آن غالیــه خط گر سوی ما نامه نوشتی

گــردون ورق هستــی ما درننــوشتــی

هرچنـد که هجـران ثمر وصـل برآرد

دهقــان جهان کاش که این تخم نکشتی

آمرزش نقـد است کسی را که در این‌جا

یاری‌ست چو حوری و سرایی چو بهشتی

در مصطبه‌ی عشق تنعّــم نتــوان کرد

چون بالش زر نیست بسازیــم به خشتی

مفــروش به بــاغ ارم و نخوت شــدّاد

یک شیشه می و نوش لبیّ و لب کشتی

تـا کـی غــم دنیــای دنی ای دل دانـا

حیف است ز خوبی که شود عاشق زشتی

آلودگی خرقــه خــرابی جهــان است

کو راهــروی اهل دلــی پــاک‌سرشتی

از دست چــرا هشت سر زلف تو حافظ

تقدیــر چنین بود چه کردی که نهشتی

ئەی بۆی بەهەشت و باخی لە لێوت حەکایەتێک
شەرح و بەیانی جوانی لە کوڵمت ریوایەتێک
عیسادەم و نوفووسی لە زارت زەرافەتێ
ئاوی خزر لە لەعلی شرینت کینایەتێک
هەر پارەیێ لە جەرگی ئەمن دەفتەرێ لە غەم
هەر خەت لە دەفتەری رەوشت رەحمەت ئایەتێک
کەی گوڵ لە کۆڕی ئەهلی دڵا عەتری گوڵیئەکرد
گەر نەیدەبوو عەبیری هەناسەت ریعایەتێک
مردم بە عەشقی خاکی لە بەر دەرکی ئەی سەبا!
زۆرێ گلەم لە تۆشە، کە نەتبوو حیمایەتێک
زانست و عومرت ئەی گوڵی من چوو بە هیچ و پووچ
سەرمایە بوو لە دەست و نەبوو هەوڵ و غایەتێک
پڕ بوو جەهان لە بۆنی کەبابی دڵ و دەکات
ئەم ئاگری دەروونە بە ئێوەش سیرایەتێک
دەس با خەیاڵی روومەتی ئەو گەر لە نێو گڕیش
شایەت بە ساقی! نیمە لە ئاگر شکایەتێک
بێژم مەبەستی «خاجە» لە ئەم دەرد و خوسپە چین
نازێ لە چاوی ئێوە لە سوڵتان عینایەتێک
«کۆلیل» کوێر و نابەڵەدی رێیە هەر مەگەر
لوتفی دەمت بدا لە تریقەی هیدایەتێک

ای قصـه‌ی بهشت ز کـویت حکایتـی
شـرح جمـال حـور ز رویت روایتـی
انفـاس عیسـی از لب لعلت لطیفـه‌ای
آب خضـر ز نـوش لبـانت کنـایتی
هر پـاره از دل من و از غصـه قصـه‌ای
هر سطری از خصال تو و از رحمت آیتـی
کی عطرسای مجلس روحانیـان شـدی
گـل را اگر نه بـوی تو کردی رعـایتـی
در آرزوی خـاک در یـار سوختیـم
یـاد آور ای صبـا که نکردی حمایتـی
ای دل به هـرزه دانش و عمرت به باد رفت
صـد مـایه داشتی و نکـردی کفایتـی
بـوی دل کبـاب من آفـاق را گرفت
این آتش درون بکنـد هـم سرایتـی
در آتش ار خیـال رخش دست می‌دهـد
سـاقی بیـا که نیست ز دوزخ شکایتـی
دانی مـراد حافظ از این درد و غصه چیست
از تـو کرشمـه‌ای و ز خسـرو عنایتـی

به دوو زولفـی ســـەراوێـزی رفـانی
دڵـم ئازیـز و گیـانم نەوحـەخـانی
کە ئـەی بـاوانەکەم بێـدڵ ببەخشه!
بـدەن کامێ بە کوێـری دژمنـانی
دڵ ئەستـووری بـەزەی پەروەردگـارین
لە بـازاڕی غەمت ئەی یـاری گیـانی
ئەرێ ئەی لۆمـەچی عەشقـم بە لەیلا
دەبـێ وەک من ببیـنی بەژنی جوانـی
هـەتا وەک من دڵت نوقمـی ئەوین بێ
لە بەحری خۆشـەویستی چـاوەکانی
لەسەر یەک پێ دەوەستـم بۆ غەرامـەت
ئـەگەر سووچ و گوناحێـکم دەزانـی
غـەمی ئەو دڵمه ناچـاری بچێـژێ
دەنـا هەرچی نەشێ هەڵـدێ لە شـانی
دڵی «حافز» بە چیـنی پەرچـەمت چوو
شـەوێ تاریکه خـوا رێ با نیشـانی!
پەرێشان چەشنی زولفت بەختی «کۆلیل»
لە سەر تەختـی ئـەوینم قـەل قـڕانی

سَبَتْ سَلْمی بِصُدْغَیْها فُؤادِی

وَ رُوحی کُلَّ یَوْمٍ لی یُنادی

نگارا بر من بیدل ببخشای

وَ واصِلْنی عَلی رَغْمِ الأعادِی

حبیبا در غم سودای عشقت

تَوَکَّلْنا عَلی رَبِّ الْعِبادِ

أمَنْ أنْکَرْتَنی عَنْ عِشْق سَلْمی

تز اوّل آن روی نهکو بوادی

که همچون مُت ببوتن دل وای ره

غَریقُ الْعِشق فِی بَحْرِ الْوَدادِ

بپی ماچان غرامت بسپریمن

غُرت یک وی روشتی از امادی

غم این دل بواتت خورد ناچار

و غر نه او بنی آنچت نشادی

دل حافظ شد اندر چین زلفت

بَلیْلٍ مُظْلِمٍ وَاللهُ هادی

دیم دوێنەشەو بە خەو کە پەژارەم بەسەر دەهات
مانگێکی پڕ لە گرشە، لە ئاسۆ وەدەر دەهات
نێزیکە واتە یاری سەفەرکەردە بێتەوە
خۆزگا لە دەر ئەمێستە شنەی سروە هەر دەهات
مەیگێڕی خۆش قودوومی ئەمن یادەکەی بە خێر!
دایم بە جامی لەعلی مەی و خۆش‌خەبەر دەهات
خۆزگا دەهاتە خەونی دیار و هەرێمی خۆی
تا یادی ئێمەشی لە خەوێکا وەبەر دەهات
ئاوی ژیان نەسیبی سکەندەر دەبوو هەوەڵ
لوتفی خودا بە زەبری زەڕ و زۆر ئەگەر دەهات
چەن خۆشە ئەو دەمانە کە هەردەم لە یارەوە
دەسخەتتی خۆش‌بەیان و قەنی نەیشەکەر دەهات
هەرگیز مەجالی جەوری رەقیبی نەبوو ئەگەر
عاشق شەوێ بە دەرکی ئەتۆی دادگەر دەهات
نامۆیەکانی دەردی ئەوین بێخەبەر لە رێن
پیری موغان نەترس و دلاوا بو ئەر دەهات
کێ دەرسی دڵڕەقی بە دڵت داوە خۆزگە هەر
بەردی رەقی وەک ئێمە بە بەر پێ و سەر دەهات
تەبعی رەوانی «حافز»ی بێگانە گەر دەبوو
دڵگیری تەبعی ئێوە، غولامی هونەر دەهات
زەوقی رەوان لە مێژە کەسی مشتەری نییە
ئەینا گوهەر بە شیعری «عومەر» نرخی دەردەهات

دیـــدم به خواب دوش که مـــاهی برآمـدی
کز عکس روی او شب هجـران سر آمـدی
تعبـــیر رفت یـــار سفـــر کرده می‌رســـد
ای کـــاج هرچـــه زودتـــر از در درآمـدی
ذکرش به خیـــر ســـاقی فرخنـــده فـــال من
کز در مـــدام با قـــدح و ســـاغر آمـدی
خوش بودی ار به خواب بدیدی دیـار خویش
تا یـــاد صحبتش ســـوی مـا رهبـــر آمـدی
فیـــض ازل به زور و زر ار آمـــدی به دست
آب خضـــر نصیبـــه‌ی اسکنـــدر آمـدی
آن عهـــد یـــاد بـــاد که از بـــام و در مرا
هر دم پیـــام یـــار و خـــط دلبـــر آمـدی
کی یافتـــی رقیب تو چنـــدین مجـــال ظلـم
مظلـــومی ار شبـــی بـــه در داور آمـدی
خامـــان ره نرفتـــه چه داننـــد ذوق عشـق
دریـــادلی بجـــوی دلیـــری سرآمـدی
آن کـــو تو را به سنگـــدلی کرد رهنمـــون
ای کاشـــکی که پـــاش به سنگی برآمـدی
گر دیگری به شیـــوه‌ی حافظ زدی رقـــم
مقبـــول طبـــع شـــاه هنـــرپرور آمـدی

سەحەر بۆ بـــام ئەوت باسی دەروون و ئارەزوومەنـــدی
سورووشـــێ پێمی وت ماتڵ بە بۆ لوتفی خوداوەنـــدی
کلێلی گەنجی ئاواتت، بە شـــەو ناڵە و سـەحەر سۆزێ
بە ئەم شێوازە کێ سەرکا، لەگەڵ دڵـــداره پێوەنـــدی
قـەڵـــەم زاری لە گۆ ناکا بڵـــێ تـــا رازی دڵـــداری
لە نووسیـــن و وتن نایـــێ بەیـــان و باســـی دڵبەنـــدی
ئەرێ ئەی یۆسفی میسری کە مەستی تەخت و سامـــانی!
لە کەنعان چاوەڕێتن کوا ئەوینی بـــاب و فەرزەنـــدی
سرشتـــی عالـــەمی کـــۆنی فریـــواوی بـەزەی کـــوانێ
بە عەشق و هیممەتی پەستی مەنازە و بەزم و گۆڤەنـــدی
هومـــایێ بەرزەفـــڕ وەک تۆ تەماحی پێشـــە ناکا حەیف
کە هەڵدێ چەتری پیرۆزت لەسەز هەر ناکەس و گەندی
خودایـا بمـــدەیـــێ سامـــانی دەروێشـی وە خۆشحـاڵی!
کە ئەم بـازاڕە قـازانجـی بە دەروێشیـــن و خورسەنـــدی
بە نەزمی شیعـــری «حافز» چۆپی ئەگرن، نـــاز دەفرۆشن
کچـــانی چاوڕەشی کشمیر و شۆخـــانی سەمەرقەنـــدی
مەڵێ «کۆلیـــل» هیچێکی لە دەس نایـــێ، منیـــش ئازیز!
بە عەشقـــی تـۆ لە قەندیلـــۆ دەناڵـــم تا دەماوەنـــدی

سحـــر با بـــاد می‌گفتـــم حـدیث آرزومنـــدی

خــطاب آمــد که واثــق شو به الطاف خداونـــدی

دعـــای صبح و آه شب کلیـــد گنـــج مقصود است

بدیـــن راه و روش می‌رو که با دلـــدار پیونـــدی

قلـــم را آن زبـــان نبود که ســـرّ عشق گوید بـــاز

ورای حـــد تقـــریـــــر است شـــرح آرزومنـــدی

الا ای یوسف مصـــری که کردت سلطنت مغـــرور

پـدر را بـــازپرس آخر کجا شـــد مهـــر فرزنـــدی

جهـــان پیـــــر رعنـــا را ترحّـــم در جبلّت نیست

ز مهـــر او چه می‌پرسی در او همت چه می‌بنـــدی

همـــایی چون تو عالیـــقدر حرص استخوان تا کی

دریغ آن ســایه‌ی همت که بر نااهـــل افکنـــدی

در این بازار اگر سودی‌ست با درویش خرسند است

خدایـــا منعمم گردان به درویشـــی و خرسنـــدی

به شعـــر حافظ شیـــراز می‌رقصنـــد و می‌نـــازند

سیـــه چشمـــان کشمیری و ترکـــان سمرقنـــدی

چ بوو ئەگەر دڵی ئەو شۆخە میهرەبان بوایێ
نەیارمان نەبو ئاوا کە یارمان بوایێ
نەسیمی کاکوڵی دۆسم دەوت کە چەن دێنێ
ئەگەر لە هەر سەرە مووما هەزار گیان بوایێ
خودایە لوتفی دڵێ شاد بۆمە چی بو ئەگەر
لە مەکر و جەوری زەمانی خەتی ئەمان بوایێ
ئەگەر زەمانە عەزیزی دەکردم و سەربەرز
دەبوو کە خاکی دەرت تەختی عەرزەمان بوایێ
چ بوو لە پەردە وەک ئەسرین دەهاتە دەر، تاکوو
لەسەر وڵاتی دیبەم حوکمی ئەو رەوان بوایێ
ئەگەر ئەوین وەکو جەغزێ دەبوو بە رێگری گشت
چ بوو کە «خاجە» وەکوو خاڵی نێو مەیان بوایێ
چ بوو ئەگەر دڵی «کۆلیل» وکەیلی پڕ لە نەوا
لە باوەشی گوڵی شەوبۆ شەوێ کەمان بوایێ

چه بـودی ار دل آن مـاه مهـربان بـودی

که حـال ما نه چنـین بودی ار چنان بودی

بگفتمی که چـه ارزد نسیـم طرّه‌ی دوست

گرم به هر سر مـویی هـزار جـان بـودی

برات خوشـدلی ما چه کم شـدی یا رب

گرش نشـان امـان از بـد زمـان بـودی

گـرم زمـانه سرافـراز داشتـی و عزیـز

سریـر عزتـم آن خـاک آستـان بـودی

ز پرده کاش برون آمـدی چو قطره‌ی اشک

که بر دو دیـده‌ی ما حکـم او روان بـودی

اگـر نـه دایـره‌ی عشـق راه بـربستـی

چو نقطـه حافـظ سرگشته در میان بـودی

ئەگەر لەسەر دەسی من بوایە گیان بە گیانی ئەو
دەبوو بە پێشکەشە چووکێکی ژێردەسانی ئەو
ئەگەر ژیانی گرانمایە هەر دەبوو دەموت
کە قیمەتی چەنە گەردێ لە دەرک و بانی ئەو
دەمی ئەدا لە کەنیزی قەدی بەنازی، سەرو
لە گۆینی سۆسەنی ئەر بوایە سەد زمانی ئەو
تەنانە نایەتە خەونم هەتا دەگا بە حوزوور
لە خاڵی کە نیمە خەتێ، خەونی مە و ژووانی ئەو
دڵم ئەگەر نەدەبوو پێ لە داوی کاکۆڵی
نەبوو لە ماڵەڕەشی خاکیا مەکانی ئەو
بە روومەتی وەکو خۆری فەلەك لە عالەمە تاك
دڵی وەلێ نییەتی حەیف! شەوقی جوانی ئەو
درێت خوایە لە دەرگاوە چەشنی تیشکی هەتاو
هەتا بزێتە دییەم حوکمی گرشەکانی ئەو
لە سینگی «خاجە» چلۆن ناڵە سەردەکەوت ئەگەر
نەبن مەلاتی سەحەر هاوەڵی شەوانی ئەو
رفانی وەقرە لە سەبری دەروونی «کۆلیل»ـم
کەمینی تیری مژۆڵانی نێوکەوانی ئەو

به جان او که گرم دسترس به جان بـودی

کمیـــنه پیشـــکش بنـــدگانش آن بـودی

بگفتمی که بهـــا چیست خـــاک پایش را

اگر حیـــات گران‌مـــایه جـاودان بـودی

به بنـــدگی قـــدش ســـرو معترف گشتی

گرش چـو سوسـن آزاده ده زبـان بـودی

به خواب نیز نمی‌بینمش چه جای وصـــال

چو این نبـود و ندیـدیم باری آن بـودی

اگر دلـــم نشـــدی پـای‌بنـد طـرّه‌ی او

کی‌اش قـرار در این تیره خاکدان بـودی

به رخ چو مهر فلک بی‌نظیـر آفـــاق است

به دل دریـــغ که یک ذره مهربان بـودی

درآمـــدی ز درم کاشکی چو لمعه‌ی نور

که بر دو دیـده‌ی ما حکم او روان بـودی

ز پرده نالـــه‌ی حافظ بـرون کی افتـــادی

اگرنه همـدم مرغـان صبح‌خـوان بـودی

ئەگەر بچی نەفەسێ عەینی گوڵ بە گوڵزارێ
لە بوغڵی روومەتت ئەڕوێ لە هەر گوڵێ خارێ
لە زولفی کافری تۆ هەر خەمێ شەڕ و شۆڕێ
لە سیحری ساحیری چاوت چ شوێنە، بیمارێ
بە چەشنی بەختی من ئەی چاوی مەستی یار بە خەو
مەچۆ! کە وێڵە لە هەر جێگە ئۆفی بێدارێ
نیساری خاکی بەری پێتە زێڕی گیان، هەرچەن
کە سووکە بەختی رەوان بۆ نیساری مێقدارێ
بە عەشقی زولفی نیگاران نەنازی ئەی دڵ قەت!
کە هەڵگەڕاوە شەوێ بەخت، کێ دەکا کارێ
بە سەر نەهات دەمێ کاری عەشق و رۆیی سەر
دڵم نەچیرت و نەتبوو غەمی گرفتارێ
بە چەشنی نوختە وتم چۆنە کەویە دایەرەکەم
بە پێکەنین وتی «حافز»! چ شۆخ پەرگارێ؟!
لە لەعلی تۆ کە دەچۆڕێ کریشمەیێ، دەردێ
لە تاڵی هەر رەگی «کۆلیل» دەنگی سێ تارێ

چو سرو اگر بخرامی دمی به گلزاری

خورد ز غیرت روی تو هر گلی خاری

ز کفر زلف تو هر حلقه‌ای و آشوبی

ز سحر چشم تو هر گوشه‌ای و بیماری

مرو چو بخت من ای چشم مست یار به خواب

که در پی است ز هر سویت آه بیداری

نثار خاک رهت نقد جان من هرچند

که نیست نقد روان را بر تو مقداری

دلا همیشه مزن لاف زلف دلبندان

چو تیره رای شوی کی گشایدت کاری

سرم برفت و زمانی به سر نرفت این کار

دلم گرفت و نبودت غم گرفتاری

چو نقطه گفتمش اندر میان دایره آی

به خنده گفت که ای حافظ این چه پرگاری

هەرتەبعی شۆخە شار و هەر شوێنە چاوخوماریێ
یاران! ئەوین دەفەرمێ زوو بن درەنگە کاریێ
شیرین‌تری نەدیتون لەم شۆخە پیری گەردون
دەستی کەسێ نەکەوتون لەم چاک‌تر نیگاریێ
کێ دی لەشێ کە تێکەڵ تەنیا لە رۆح و گیان بێ
یارەب لە خاکی ئێمەی هەرگیز نەگا غوباریێ!
وەک ئێمە دڵشکاوێ چۆن دەردەکەی لە باخت
خۆ ئەوپەڕی تەمەننام سێوێکە یا هەناریێ
تا خۆشە کات و لەعلی بێ‌غەش لە نێوە، جامێ
کێ پێتی وت دەبینی دووبارە نەوبەهاریێ
وەک لالە بادەنۆشان هەر یەک لە باخ جامێ
زێڕین لە دەستی هەست و مەستی کەنینی یاریێ
چۆن ئەم گرێیە بازو چۆن رازی دڵ وەدەرخەم
دەردێکی گیان‌تەزێنە و بەحرێکە بێ کەناریێ
هەر موورەگێکی «حافز» شەوگێڵی زولفی شۆخێ
بۆ دڵ مەحاڵە دەس‌بات لەم شارەدا قەراریێ
هەرکەس لە شاری سەققز عاشق نەبێت مردوون
زووتر لە قەبری رۆنێ! با بۆ نەخاتە شاریێ

شهـری‌ست پرظریفـان و از هر طـرف نگـاری
یـاران صـلای عشق است گر می‌کنیـد کـاری

چشـم فلک نبینـــد زین طرفـــه‌تر جـوانی
در دست کس نیفتـــد زین خــوب‌تر نگـاری

هرگز که دیـــده باشد جسمـی ز جـان مرکب
بر دامنـش مبـــادا زیـن خـاکیـــان غبـاری

چـون مـن شکستــه‌ای را از پیش خـود چه رانی
کـم غــایت توقـع بوســی‌ست یا کنــاری

می بی‌غش است دریاب وقتی خوش است بشتاب
ســال دگــر کـــه دارد امیـــد نوبهــاری

در بوستـــان حـریفـــان ماننـــد لاله و گـل
هر یک گرفتـــه جـامی بر یــاد روی یــاری

چون این گره گشایـــم ویـــن راز چون نمایـــم
دردی و سخت دردی کـــاری و صعب کـاری

هــر تــار موی حافظ در دست زلف شوخـــی
مشکل تـــوان نشستن در این‌چنیـــن دیـــاری

که لەم جـــەهانه مـــورادی هەموو جەهـــانته جـــەم
لەسەر سـوراغی شـــەوی خێـــڵی بێ‌بەیانتـــه جـــەم؟
بسێـــــــنه زوو دڵ و گیـــانی غولامی خۆت! که تۆ
لەسەر رەوان و دڵـــم حیکمـــەتی رەوانتـــه جـــەم
ئەتۆ که نیـــته کەمـەر سەیـــره گەنجی دەس به کەمەر
له نەسڵی حۆر و پەری پڕ له دەرك و بانتـــه جـــەم
نـــــەبوو نیـــــازی به نەخش و نیگار کولـمی سپیت
که نەخشی خاڵی وەنەوشی سەر ئەرخەوانتـــه جـــەم
بنۆشه مەی! که دەکا سینه سووك و لەش به چەمەن
تەنانەت ئەو دەمە وا غـــەم له ناخی گیانتـــه جـــەم
لەگەڵ دڵـــم بەسـه جەور و ستەم! که ناشـــــێ پێت
ئـەوەی که لایـــەقی تـۆ بـــێ له چاوەکانتـــه جـــەم
ئەگەر له حەد بەدەرت تیـری زڵـــم و زۆره هەمـووی
به قەستـــی گیـــانی هیلاکم له نێو کەوانتـــه جـــەم
بچـــێژه جـەوری رەقیبـــان لەگەڵ جەفـــای بەغێـــڵ!
ئەگەر وەفـــا له دڵـــی یـــاری میهرەبانتـــه جـــەم
به وەسڵی یـــار ئەگەرت دەس بـــدا فەقـــەت نەفەسـێ
برۆ که مەیـــل و مـــەرامی هەموو جەهانتـــه جـــەم
که دامەنـــێ پڕ ئەبـەی گوڵ له باخـــی عەشق و موراد
چ غەم که «خاجه»! له گوێ‌دەنگی باخەوانتـه جـــەم
وتـم که ســـەوزه مەڕۆ سەوزەگیـان! وتـی «کۆلیـــل»
هەوا بگۆڕه که زەردی خـــەزان له ژوانتـــه جـــەم

تو را که هرچه مراد است در جهان داری
چه غم ز حال ضعیفان ناتوان داری
بخواه جان و دل از بنده و روان بستان
که حکم بر سر آزادگان روان داری
میان نداری و دارم عجب که هر ساعت
میان مجمع خوبان کنی میان‌داری
بیاض روی تو را نیست نقش درخور از آنک
سوادی از خط مشکین بر ارغوان داری
بنوش می که سبک‌روحی و لطیف مدام
علی‌الخصوص در آن دم که سر گران داری
مکن عتاب از این بیش و جور بر دل ما
مکن هر آن‌چه توانی که جای آن داری
به اختیارت اگر صد هزار تیر جفاست
به قصد جان من خسته در کمان داری
بکش جفای رقیبان مدام و جور حسود
که سهل باشد اگر یار مهربان داری
به وصل دوست گرت دست می‌دهد یکدم
برو که هرچه مراد است در جهان داری
چو گل به دامن از این باغ می‌بری حافظ
چه غم ز ناله و فریاد باغبان داری

سەبا بە تۆیە لە ئەو زولفە موشکبارە بەرێ
کە یادگاری گوڵت پێیە دەبیە تاجی سەرێ
دڵم کە جامی جەمی رازی عەشق و جوانیتە
ئەدەم بە دەستت ئەگەر جوانی لێ بکەی نەزەرێ
بەهەشتی دڵگرە روخساری ئێوە حەیف بەڵام
کەمۆنە کوڵمی رەقیبانت و درن قەدەرێ
قوبووڵی خاترت ئەی گوڵ کە دەنگی قشقەرە بێ
لە سۆزی بولبول و ئاهەنگی نێتە قەت خەبەرێ
لە جامی ئێوە دەنۆشم، بە نۆشی گیانت بێ!
لە کام کۆپە سەحەر مەی دەزێتە جامت ئەرێ؟
مەنازە قامەتت ئەی سەروی سەوزی لێوی جۆ!
ئەگەر بگەی بە حوزووری دەبیتە خاکی دەرێ
وەکوو هەتاوە رەوا، فەرڕی تۆ لە موڵکی جەماڵ
لە رێت مانگ و هەسارەن دەڕۆیە هەر دەوەرێ
کراسی نازفرۆشی شیاوی تۆیە فەقەت
کە پێتە چەشنی بەهاران لە رەنگی هەر هونەرێ
لە کانی لەعل ئەگەڕی «خاجە» خەڵوە جێ بێڵا!
لە خانەقا نییە ئاخر بە مەیلی دڵ گوهەرێ
ئەوین هونەر نییە «کۆلیل»! یادی عەشقە هونەر
بە ئاوی حەسرەتی دڵ دارە بەر ئەدا سەمەرێ

صبـــا تـو نکهت آن زلـف مشکبـــو داری
بـه یادگـــار بمـــانی که بـــوی او داری
دلم که گوهر اسرار حسن و عشق در اوست
تـــوان به دست تو دادن گرش نکـــو داری
در آن شمـــایل مطبوع هیـــچ نتـــوان گفت
جـز این‌قـــدر که رقیـــبان تنـدخـــو داری
نـــوای بلبلت ای گل کجـــا پسنـــد افتـــد
که گوش و هوش به مرغـان هرزه‌گـــو داری
به جرعـه‌ی تو سرم مست گشت نوشت بـاد
خود از کدام خم است این که در سبو داری
به سرکشی خود ای ســـرو جویبـــار منـاز
که گر بـــدو رسی از شـــرم سر فـــروداری
دم از ممـــالک خوبـــی چـو آفتـــاب زدن
تو را رســـد که غـــلامـان مـــاه‌رو داری
قبـــای حسن فروشـــی تو را بـــرازد و بـس
که همچـــو گل همه آیین رنگ و بـــو داری
ز کنج صومعـــه حافظ مجـــوی گوهر عشق
قـــدم برون نه اگر میـــل جست‌وجـــو داری

له دڵ بــێ دەرکـــه کینـــه و دی مەتــۆره!
لەســەر من حەققـــی مێـــژینت کـه زۆره
نەسێحەت بگــره گــوێ چون گەوهەری مه
گەلــێ چاتـــر له گەنجــی ســەر به مۆره
له بەرچـــی روو به رەنـــــدان نانوێـــنی
که تـۆ ئـاوێنـەدارت مانـــگ و خـــۆره
مەکەن ئەی شێـــخی زانــا مەنعی رەندیـــم!
که فـــــەرمانی خــــوداوەنـــدی بـه زۆره
لەگەڵ گرپـــەی دەروونـــم خـۆت ئەزانـــی
چەنــێ ئەو خەرقه کۆنـــەت بەینی جـــۆره
شـەرابی دوێنـــەشەو گەر مــــاوه تۆخـــودا
غـــەمی گیـانی هــــەژاری پێ بشـــۆره!
به قـــــورئانێ له سینگت کـــۆیه «حافـــز»!
له نەزمت تەبعـــی گەردون مووچەخـــۆره
له دیـــوانی ئـــــەوینتدایه «کــۆلیـــــل»
که دەغڵی شیـعری بێخـــەوش و مـــرۆره

بیـــا با مـــا مَـــوَرز این کیـــــنه داری

که حـــــق صحبـــت دیرینـــــه داری

نصیحت گوش کن کـــاین در بسی بـــه

از آن گوهـــــر کـه در گنجیـــــنه داری

ولیـــــکن کی نمـــایی رخ به رنـــدان

تو کز خورشیـــــد و مـــه آییـــنه داری

بـد رنـــدان مگو ای شیـــخ و هُـش دار

که با حـــکم خـــدایی کیـــنه داری

نمـــی‌تـــرســـی ز آه آتشیـــــــنم

تو دانـــی خـرقـــه‌ی پشمیـــنه داری

به فریـــــاد خمـــــار مفلســــان رس

خـــــدا را گـر مِـی دوشینـــــه داری

ندیـــدم خـــوش‌تر از شعـــر تو حافظ

به قـــــرآنی که انـــــدر سیـــــنه داری

ئـەی ئەوینـــێ کە لە مەیـــخانە مەقـــامت هەیە بـاز
جەمی ئەم سەردەمە هەر خۆتی کە جـامت هەیە بـاز
ئەی ئەوەی رۆژ و شەوت یـارە لەگەڵ زولف و روخی
کات خۆش بی! کە رەفێقی سوح و شـامت هەیە بـاز
مـــاتڵن ســوو تەدڵان ســـروە! لە رێــگات و ئەڵێـــن
خۆش لە یـــاری سەفەری ئێمـــە پەیـــامت هەیە بـاز
خـــاڵی سەرســـەوزی ئەتـۆ دانەیـی شـــادین بەڵام
داوی زولفت لە چـــەمەن پەخشە مـــەرامت هەیە بـاز
بۆنـــی گیانـــم لە بـــزەی لێـــوی قەدەح بیستــوە تۆش
خاجـــە لێـــم بژنەوە گەر هەستی مەشـــامت هەیە بـاز
گـــەرچی پەیمـــــان و بەڵێنت بە وەفـــا هیـــچ نەبوو
بـــاز جێـــی شوکرە جەفـــاکەی بە دەوامت هەیە بـاز
گـــەر غـــەریبێ لە پەناتـــــا بیـــەوێ کـــام چ بوو؟
چونکە لەم شـــارە هەموو شۆرەت و نـــامت هەیە بـاز
هاوەڵـــی گیانتە ویـــردی ســـەحەری «خاجـــە» کە تـۆ
لە ســـەحەر زاری دوعـــابێـــژ و غوڵامت هـــــەیە بـاز
گیـــانی «کۆلیـــل» لە شـــەونوێژی هەواتـــا بە هـــەزار
شێـــوە تەمرینی بە کۆی بەژنـــی نمـــامت هەیە بـاز

ای که در کــوی خرابـــات مقـــامی داری

جـــم وقت خودی ار دست به جـــامی داری

ای که با زلف و رخ یـــار گذاری شب و روز

فرصتت بـــاد که خوش صبحی و شامی داری

ای صبـــا سوختـــگان بر ســـر ره منتظـــرند

گر از آن یـــــار سفـــر کرده پیـــامی داری

خـــال سرسبز تو خوش دانه‌ی عیشی‌ست ولی

بر کنـــــار چمنـــش وه کـــه چه دامـــی داری

بوی جـــان از لب خنـــدان قـــدح می‌شنـــوم

بشنو ای خواجـــــه اگر زان که مشـــامی داری

چون به هنگام وفـــــا هیچ ثبـــاتیت نبـــود

می کنـــــم شکر که بر جـــــور دوامـــی داری

نـــــام نیک ار طلبـــــد از تو غریبـــی چه شود

تویـــــی امروز در این شهـــــر که نامـــی داری

بس دعـــــای سحرت مونس جان خواهد بود

تو که چـــون حافظ شب‌خیـــز غلامی داری

ئەی ئەوەی مەیلی فیراقی گەلی دڵدار دەکەی!
عێلی شەیدا بە جەفا دوور لە گوڵزار دەکەی
منی تینووت لە ئەم چۆڵە بە جامێ بکە سەر
تۆ کە بەم شێوە ورەی مەرحەمەتی یار دەکەی
ئەو دڵی شێتمە بردووتە حەلاڵت ئەگە بەو
نەکەی ئەو کارە کە دەرحەق منی سەد جار دەکەی
لێو لە جامی مە رەقیبێ لەمە بەو لاوە نەدات
گەرچی ئەم زڵمە گەلێ جار بە ناچار دەکەی
لانی عەنقا نییە ئەی مێش مەیانی وزەوز!
ئابڕوی خۆ دەبەی و مێشکی مەش ئازار دەکەی
تۆ بە تاوانی گوناحت لە حەرەم بێبەشی خۆ
لە دەسی کامە دەناڵێت و لە کێ قار دەکەی
بە پلەی خزمەتە هەرکەس کە حوزوورێکی هەیە
«خاجە»! تۆ چۆن هەوەسی گوڵشەنی دیدار دەکەی؟!
تاکو رسوا وەکو «کۆلیل» لە بازاڕ نەبی
چۆن قسەی دەردی دڵ و جەرگی لەت و پار دەکەی

ای کــــه مهجــوری عشـــاق روا می‌داری

عاشقــان را ز بــــر خویش جــــدا می‌داری

تشنـــه‌ی بـــادیه را هم به زلالی دریـــاب

به امیـــدی که در این ره به خـــدا می‌داری

دل ببـــردی و بحل کردمت ای جـــان لیکن

بـه از ایــن دار نگاهـــش که مـــرا می‌داری

ساغـــر ما که حریفـــان دگر می‌نوشنـــد

مـــا تحمـل نکنیــــــم ار تـــو روا می‌داری

ای مگس حضرت سیمرغ نه جولانگه توست

عرض خود می‌بـری و زحمت مـــا می‌داری

تو به تقصیر خود افتـــادی از این در محروم

از که می‌نـــالی و فریـــاد چـــرا می‌داری

حافـــظ از پـــادشهان پـــایه به خدمت طلبند

سعـی نابــــرده چه امیـــد عطـــا می‌داری

مـــاوەیێ زۆرە پەرێشـــان گەلی شەیـــدات ئەکەی
وەکو بێـــگانە نـــەزەر بـــۆ منـــی رســـوات ئەکەی
نـەزەری مـەرحەمەتی لێـم نەبـو چـاوت کەرەتێ
رێـــز بۆ ئـەهلی دڵ ئـاوا بە دڵ ئـــاوات ئەکەی؟
بۆ خەنـەی دەست ئەگەرت لازمە خوێنـی جیـگەرم
قـــۆڵ داپۆشـە کە شاهـــی دڵەکەم مــات ئەکەی
گوڵ کراســـی درِی و شیـــوەن ئەکا بولبولی بـاخ
هەرکە چەشنێك خەمینی قـەد و بـــالات ئەکەی
ئەی ئەوەی ماتڵی دیـــداری بە لـۆی دەڵقی ریـــا!
لە شەوی رەش تەڵەبی کەشف و کەرامات ئەکەی؟!
تاقـە تۆی نێـرگزی باخـی نەزەر ئەی نووری دیـەم!
چییە مەنعـــم لە بەر و بۆی گوڵی گۆنـــات ئەکەی
جـامی جـــەم گـەوهەری روونـــاکی ولاتیـــکی ترە
لە قـــورِی هـــەورِ گەران چـۆنی مولاقـات ئەکەی
خاوەن ئەزمـــوونی دڵا! سـەیرە کە بـاوەرِ بە وەفـا و
میهری شۆخانێ کە شەختـەن لە سەراپـات ئەکەی
لەعـل و ئاڵتـوونت ئـەشێ پـاك بـدۆرِێنی ئەگـەر
ئـەم تەماحـــانە لە زێـوینبەدەنـــان زات ئەکەی
مەستـی و رەنـدییە هەرچەنـدە خەتـای ئێمـە وەلێ
عاشقێ خۆش وتی تـــۆم روو لە خەرابـات ئەکەی
رۆژی شـایی مەدە سەر «خاجە»! بە لۆمـەی ئەم و ئەو
تەڵـەبی چی لە جەهـــانی گوزەران کـات ئەکەی
کێیە «کۆلیـل» مەگـەر؟! وا بەدنـەی چـاو و بـرۆ
هەر دەم و کـات بە جۆرێکی موجـــازات ئەکەی

روزگـــاری‌ست که مـــا را نگـــران می‌داری
مخلصـــان را نه به وضــع دگـــران می‌داری
گوشـه‌ی چشم رضـــایی به منت بـــاز نشـد
این‌چنیــن عــزت صاحب‌نظـران می‌داری
ساعد آن بـه که بپوشی تو چو از بهر نگـار
دست در خـــون دل پـرهنــــران می‌داری
نه گل از دست غمت رست و نه بلبل در بـاغ
همه را نعــــره‌زنـان جـامـــه‌دران می‌داری
ای که در دلق ملمّـع طلبـی نقـــد حضـور
چشـــم سـرّی عجب از بی‌خبـران می‌داری
چون تویی نرگس بـاغ نظر ای چشم و چـراغ
سـر چــرا بر من دل‌خستــــه گران می‌داری
گوهـــر جـــام جم از کان جهانی دگر است
تـــو تمنـــــا ز گل کــــوزه‌گـــران می‌داری
پـــدر تجـــربه ای دل تویـی آخر ز چه روی
طمع مهـــر و وفــــا زین پســـران می‌داری
کیســـه‌ی سیم و زرت پـــاک ببـاید پرداخت
این طمـــع‌ها که تـو از سیمبـــران می‌داری
گرچه رنـــدی و خرابــــی گنه ماست ولـی
عاشقـــی گفت که تو بنـــده بـر آن می‌داری
مگـــذران روز ســـلامت به مـــلامت حافظ
چـه توقـــع ز جهـــان گـــذران می‌داری

گەردون کە دەستی گــرتی لە کاتی شەڕ و خەبات
چۆنی دەکەی سپــاس و بە گەل چی دەکەی بەرات
بێـــــژن بەوەی کە کەوت و خودا دەستی دایە ژێر
بۆ کەوتـووان لە گیــانی بچێنــێ غــەمی نەجــات
سامــــانی شاریـاری بە پووشــێ لە کـۆی ئەویـن
حەڵقەی عەشق لە گوێ کە! شکۆی شایەتی دەگات
مەیــگێڕ! بگـــرە موژدەی ئـــــەوێن و لە دەر دەرێ
تا یەک نەفــەس پــەژارە لە دڵ دەربکا هـــەوات
زۆری خـــەتەر لە کۆشـــە شەقامی مەقــام و ڕێـــز
ئەم دووره ڕێ مەپێوە وەکوو من لە پات ئەخــات
دەروێش و سینگی هێـــور و گەنجـی قـەڵەندەری
سوڵتــان و یــادی تــاج و سپــا، ڕەنجی خاتــرات
ئەم نوکتە سۆفیـانە لەســەر ئیزنی خۆت ئەڵێـــــم
هـەر سوڵح چاکە نووری دییەم تا شەڕ و شـــکات
دەستت لە مل موراده بە گوێــرەی مــەدەد لە یــــار
گوڵ چاندنێ بە تـۆیە لەسەر خــوایە بـــەر بــدات
«حافـــز»! مەشـۆرە گەردی قەناعەت لە ڕوو کە ئەم
تـۆزەت گەلــێ چاتـــرە لەسـەرتۆپـــی کائینات
ئەسرینی دیــدە ڕوومەتی «کـــۆلیل»ـی بۆیە شت
ناکەس دەبـێ بە خاکـی حەرەم تەیەمموم نەکـات

خوش کرد یاوری فلکت روز داوری
تا شکر چون کنی و چه شکرانه آوری

آن کس که اوفتاد خدایش گرفت دست
گو بر تو باد تا غم افتادگان خوری

در کوی عشق شوکت شاهی نمی‌خرند
اقرار بندگی کن و اظهار چاکری

ساقی به مژدگانی عیش از درم درآی
تا یکدم از دلم غم دنیا به در بری

در شاهراه جاه و بزرگی خطر بسی‌ست
آن به کز این گریوه سبکبار بگذری

سلطان و فکر لشکر و سودای تاج و گنج
درویش و امن خاطر و کنج قلندری

یک حرف صوفیانه بگویم اجازت است
ای نور دیده صلح به از جنگ و داوری

نیل مراد بر حسب فکر و همت است
از شاه نذر خیر و ز توفیق یاوری

حافظ غبار فقر و قناعت ز رخ مشوی
کاین خاک بهتر از عمل کیمیاگری

بە لوتفـی عەشقــە لە نێــون چ ئادەمــی چ پــەری
موریــدی ئەو بی ئـەگەر بۆ هــەمیشە بەختــەوەری

خەلاتی دڵ بکــە گـەورەم بە رەنــج، گەنجی ئـەوین
غولامی چون نەکـرێ کەس بە عـەیبـی بێهونــەری

شـەرابی سوبــح و خــەوی خۆشی بەربەیــان تـا کەی
بجــۆشە نیـوەشــەوێ بۆ سـەخـاوەتی ســەحەری

ئەتـۆ چ شـۆخە سووارێکی ئـەی شریــن حەرەکـات!
کـە ون لە چــاوی ســەریت و بە دڵ لەبەر نـــەزەری

هـــەزار گیـانی موبــارەک بە حەسرەتی ئەمە سووت
کە مۆمـی رۆشنـی هەر سوبــح و شـامی دەور و بەری

بــەرن بە مــەحزەری ئاســەف پــەیامی من! بەڵکــوو
بە وەزنـی ئێــمە بهــۆنی دو نیــوە نـــەزمی دەری

وەرن لە چــاوی منـۆ سـەیری چەرخــی دونیــا کـەن!
بــەری لە غـــــەم کە دەبین و لە مەی ئەدەینــە بـەری

کڵاوی سەڵتـــەنەتت هـــەر بێ لە فەرقـــی جـەمـاڵ
کە فەرڕی بەخت و ســـزاواری تەخت و تاجی ســەری

بە عـەشقــی پەرچـەم و کوڵمت هەمیشە دێــن و دەچــن
ســەبا بە بێــنی گــوڵ و گــوڵ بە نـاز و جیلوەگەری

کە نیــتە زەوقی نەزەر دەم لە وەسڵــی یــار مـــەدە!
بە جــامی جـــەم چ دەبیــنی دەمــێ کە بێبەســەری

دوعـــای گـــۆشەنشینان قــــەزاوەگێــڕە کە یـەک
نـــەزەر بە گــۆشەیی چــاوت لە دڵ دەبــا کەســەری

لە ئێـــمە دەوڵــەتی دڵ بگــرە! بێ بە گەنجـی جـەمـاڵ
نــەبی لە مـامــەڵـە غافــڵ کە حـەیف بـۆ زەرەری

چ پڕ مەترسیـیە رێـــگەی ئـــەوین پەنسـا بە خــوا!
ئەگەر بە مـــــەنزڵی دڵبــەر نەگەیت و رێ نەبەری

مەگەر بە هیمـمــەتی «حــافز» دوبـــارە مانگەشــەوێ
بکــەم حەکـایەتی خـۆ بـۆ نیگــار و خاکــی دەری

ئـــەگەر گــراوی گرینـــی شـەوانە «کۆلیــل»ـی
وەگەر بەرینـــە برینت سوحـــانە وەک «عومـــەر»ی

طفیـــل هستـــی عشـــق‌اند آدمـی و پـری
ارادتـــی بنمـــا تـــا سعـــادتی ببـــری

بکـوش خواجـه و از عشق بی‌نصیب مبـاش
که بنـده را نخـرد کس به عیب بی‌هنـــری

مـی صبـوح و شکرخـواب صبحـدم تا چنـد
به عـــذر نیـم شبی کـوش و گریـه‌ی سحـری

تو خـود چه لعبتـی ای شهسـوار شیـرین کار
که در بـرابـر چشمـــی و غـایب از نظـــری

هـــزار جـان مقـدس بسوخت زین غیـرت
که هر صبـاح و مسـا شمـع مجلس دگـری

ز مـن به حضـرت آصف کـه می‌بــرد پیغـام
که یـاد گیـر دو مصـرع ز من به نظـم دری

بیـا که وضـع جهـان را چنـان که من دیـدم
گر امتحـان بکنی مـی خوری و غـم نخوری

کلاه سـروریت کج مبـاد بر سـر حسـن
که زیب بخت و سـزاوار ملك و تـاج سـری

به بـوی زلف و رخت می‌رونـد و می‌آینـد
صبـــا به غالیـــه‌سایی و گل به جلـــوه‌گری

چـو مستعـد نظـر نیستی وصـال مجـوی
که جـام جـم نکنـد سـود وقت بی‌بصـری

دعـای گوشـه‌نشیـنان بـلا بگـــرداند
چـرا به گوشـه‌ی چشمـی به ما نمی‌نگـری

بیـا و سلطنت از ما بخـر به مـایه‌ی حسـن
و زین معاملـه غافـل مشـو که حیف خـوری

طریـق عشق طریقـی عجب خطرنـاك است
نعـوذبـالله اگر ره به مقصـدی نبـری

به یمـن همت حافـظ امیـد هست که بـاز
أرَی أُسـامِـرُ لَیْـلایَ لَیْلَـةَ الْقَمَـرِ

ئـەی ئـەوەی خـۆنـووێن مەغـرووری!
سەر کە خالّی لە عەشقی، مەعــزووری
خـــۆ لـــە دێـــوانە کـــانی دڵ لادە!
تۆ بە فــەرزانەســـــەر کە مەشهـــووری
نییە مەستــــی ئەویـــــن، ســەری تۆ خۆ
لاوە! هـەر مەستـی ئـاوی هەنگـــووری
رووومــەتی زەرد و ئاخی ســـەردە نیشان
بۆ ئەوینـــــداری رەنــد و رووســــووری
شـۆرەت و نـــاو نـەنگە «حافــز»! بۆت
جـــام بخـــوازە تۆ کە مەخمــــووری
کەس بە«کۆلیل»ـی چەشنی لێوی نەوت
دەرسی گیانسۆزی عەشق و کولتووری

ای که دایــــم به خویــــش مغــــروری

گــر تــــو را عشــــق نیست معــــذوری

گــــرد دیوانگــــان عشــــق مگــــرد

کـه به عقــــل عقیلــــه مشهــــوری

مستــــی عشــــق نیست در ســــر تــــو

رو کــــه تــــو مســـت آب انگــــوری

روی زرد اســــت و آه دردآلــــود

عــــاشقــــان را دوای رنجــــوری

بگــــذر از نــــام و ننــــگ خود حافــظ

ســــاغر مــــی‌طلــــب کــــه مخمــــوری

شەماڵی خۆشی نەورۆزی هەناسەی عەمبەری هێنا
شەمی دڵ هەڵکرا ئەم با کە مژدەی دلبەری هێنا
وەکوو گوڵ تۆ خودا ئەو پووڵەکانەت سەرفی خۆشی کە
کە قارون زێڕی با بردی هەتا چو زێوەری هێنا
شەرابی ئەرخەوانی بولبولی سەرخۆش جۆرێ کرد
کە سۆزی(تەختی پیرۆزە)ی لە چەرخی شین سەری هێنا
بڕۆ بۆ باخ تا فێری غەزەڵبێژی لە بولبول بی!
بچۆ بۆ سەیری سەحرا! گوڵ کە بۆ غەم لەشکەری هێنا
کە ئەو هەیوانە پیرۆزەی فەلەک تا سەر نەبوو بۆ کەس
لە دەست ئەی دڵ نەدەی دەم لێوی ساقی کەوسەری هێنا
لە خۆ دەرچوونە ڕێگەی کامی دڵ، هەرکەس لەبەر دلبەر
کلاوی گەورەیی فڕدا نیشانی سەروەری هێنا
نهێنی پێت ئەڵێم ئەی گوڵ تەلاری خونچە جێ بێڵا
کە حوکمی میری نەورۆزی دەوامی سێبەری هێنا
مەگەر قومری وەکوو من باخی عومری هەرگوڵی غەم بێ
بە جۆباران کە ناخێ گەرمەشین و هونەری هێنا
شەرابێ ساف وەک ڕۆحم هەیە و سۆفی دەڵێ خڵتە
خودایا بەختی کەس وەک من نەبێ یەکسەر شەڕی هێنا
بە تەنیا سەرکە! ئەی شەم یاری شیرینت ئەوا ڕۆیی
بسازێ با نەسووتی، ئاسمان گەر داوەری هێنا
بە زانایی لە شایی خۆ نەکەی! مەیگێڕ سا جامێ
کە باخی بەختی سەرپل بەر لە زانایان بەری هێنا
لە نەورۆزی جەلالی، مەی لە بەزمی ئاسفی سەر نێ
قومێ لەو جامە سەد نەورۆزی بۆ کۆی کیشوەری هێنا
دوعاگۆی (خاجە توورانشاهـ)ـە «حافز» وەک هەموو لایێ
لە نەورۆزانەدا لوتفی شەراب و شەککەری هێنا
بڕۆی هەیوانەکەی میحرابی دیدە و گیانی دڵداران
تەویلی بۆ سەحەرخێزان تولووعی ئەختەری هێنا
شەرابی لێوەکەت یارەب هەناری بێ هەتا مەحشەر
کە بۆ «کوڵیلە»ی کوردستان گوڵاوی قەمسەری هێنا

ز کـــوی یـــار می‌آیـــد نسیـــم بـــاد نـــوروزی
از این بـــاد ار مـــدد خواهـــی چـــراغ دل برافروزی

چو گل گر خرده‌ای داری خدا را صرف عشرت کن
که قـــارون را غلط‌هـــا داد ســـودای زرانـــدوزی

ز جـــام گل دگـــر بلبـــل چنان مست می لعل است
که زد بر چـــرخ فیـــروزه صفیـــر تخت فیـــروزی

به صحـــرا رو که از دامـــن غبـــار غـــم بیفشانی
به گلـــزار آی کز بلبـــل غـــزل‌گفتـــن بیـــاموزی

چو امکـــان خلـــود ای دل در این فیروزه ایوان نیست
مجـــال عیش فرصت دان به فیـــروزی و بهـــروزی

طریـــق کـــام‌بخشی چیست ترک کـــام خود کردن
کـــلاه ســـروری آن است کز این تـــرک بـــردوزی

سخن در پرده می‌گویـــم چو گل از غنچه بیـــرون آی
که بیش از پنـــج روزی نیست حکـــم میـــر نوروزی

ندانـــم نوحـــه‌ی قمـــری به طرف جویبـــاران چیست
مگر او نیـــز همچـــون من غمـــی دارد شبـــان‌روزی

می‌ای دارم چو جان صافی و صوفی می‌کند عیبش
خدایـــا هیچ عاقـــل را مبـــادا بخت بـــد روزی

جـــدا شد یـــار شیرینت کنون تنهـــا نشین ای شمع
که حکـــم آسمان این است اگر ســـازی و گر سوزی

به عُجب علـــم نتـــوان شـــد ز اسباب طرب محروم
بیـــا ســـاقی که جاهـــل را هُنـــی‌تر می‌رســـد روزی

مـــی انـــدر مجلس آصف به نـــوروز جلالـــی نـــوش
که بخشـــد جرعـــه‌ی جـــامت جهان را ســـاز نوروزی

نه حافـــظ می‌کنـــد تنهـــا دعـــای خواجـــه توران‌شاه
ز مـــدح آصفی خواهـــد جهـــان عیدی و نوروزی

جنـــابش پارســـایان راست محـــراب دل و دیـــده
جبینش صبـــح‌خیـــزان راست روز فتـــح و فیـــروزی

تەمەنــم چوو بە هەوەس‌بازی و ســەر بێــخەبەری
هەر بــژی رۆڵە شــەرابــێ بدە سەرد و تەگەری!
چییە لەم شــارە چ قەندێــکە کە شابازی سپــی
وەکو مێشێکی دەبیــنم لە کەنــاری شەکــەری
شــەوی پێشوو کە لەگەڵ خێڵی غولامانی دەچووم
وتی تۆ کێ و بە کێ عــاشق و دێــوانەســەری؟
نـاوی دەرچوو لە جەهان هەرکە بە خۆش‌بۆ نەفەسێ
بۆنی وەك نێوکی مامز، خۆشــە خوێنی جیگەری
دیـم لە کـۆی توور ئەدرەوشێتەوە بەرقێك لە دوور
بۆتی بێـنم قــەدەرێ بەڵکو لە پشکـۆی قــەدەری
کــاروان رۆیی و تۆ خــەوتی و سەحــراش لە پێش
لەو هەموو زەنگ و هەرا، وەی کە چەنێ بێخەبەری!
هــەڵفڕە و بێــژە لەسـەر شـالقی تــووبا غــەزەڵێ!
حەیفە وەك ئێوە مەلێ بەنـدی قەفەس بێ، هونەری
تا دەمــێ دامــەنی دلبــەر وەکو مەنگــەڵ بگرم
گیانــمان نا لە ســەر ئاگر بە حــەزی ئەسپــەنەری
خــوا بـەرەو تۆ لەبەرم رێگـەبڕین کــورتەوە کات!
تا بە کەی «خاجـە» لە عەشقت بچەشــێ دەربەدەری
لە دلــی ئادەمیــان نایــە کە بــۆنی بەزەیــی
دەستــی «کۆلیــل» بە داوێنــی بزەی لێــوی پــەری

عمـــر بگذشت به بی‌حاصلـــی و بوالهـــوسی
ای پســـر جـــام مـــی‌ام ده که به پیری برسی
چه شکرهاست در این شهر که قانـــع شده‌اند
شـاهبـــــازان طـــریقت به مقـــام مگســـی
دوش در خیـــل غـــلامان درش می‌رفتـــم
گفت ای عاشق بیـــچاره تو بـــاری چه کســی
با دل خون‌شـــده چون نافـــه خوشش باید بود
هر که مشهـــور جهان گشت به مشکین نفســی
لَمَـــعَ الْبَـــرْقُ مِـــنَ الطُّـــورِ و آنَسْتُ بِـهِ
فَلَـــعَلّـــی لَـــکَ آتٍ بِشِهـــابٍ قَبَـــسِ
کاروان رفت و تو در خواب و بیابان در پیش
وه کـــه بس بی‌خبـــر از غلغل چندین جرســی
بـــال بگشا و صفیـــر از شجـــر طوبـــی زن
حیف باشـــد چو تو مرغـــی که اسیر قفسی
تا چـــو مجمـــر نفســـی دامن جانـــان گیرم
جـــان نهادیم بر آتـــش ز پـــی خـــوش‌نفسی
چنـــد پویـــد به هـــوای تو ز هر ســو حافـــظ
یَسَّـــرَ اللّهُ طَریقـــاً بِـــکَ یـــا مُلْتَمَسِـــی

وەرزی لالە و گوڵە تێکۆشە کە خۆش‌دڵ بی گوڵم!
دێ دەمێ شینــەکە دیسان گوڵ و تۆ گڵ بی گوڵم
من چ بێژم کە لەگەڵ کێ بی و چی نۆش بکـــەی
خـۆت ئەبێ تێبگەی و زیرەک و ئاقــڵ بی گوڵم
لە دەمـی چەنگ هەر ئــەم وەعــزە دەبیسیت بـەڵام
ســووچی ئەو کاتە دەبێ پەنــد کە قابــڵ بی گوڵم
بـەرگی هەر گوڵ لە چەمەن دەفتـەری نەزمێکـــی‌ترە
لەو هەموو دەفتەرە چەن حەیفە کە غافــڵ بی گوڵم
گەوهەری عومرت ئەبا خوسپەیی ئەم ژینگە بە هیــچ
بێت و دایــم لەگەڵ ئـەم مامــەڵە ماتــڵ بی گوڵم
رێـــگە هەرچەندە هەتا خـــزمەتی دڵبـەر خەتـەرە
سەهلە تەی‌کردنی گەر مەحرەمی مەنــزڵ بی گوڵم
یـــــار بێ «حافــز»! ئەگەر بەختی بڵێـندت چ دەبێ
بە نەچیری بتـی خۆش‌قامەت و کاکــڵ بی گوڵم
مەرگی خوێنینی «عومـەر» لوتفی خوداوەندە ئـەگەر
تۆ بە شمشێـری دو ئەبـــرۆتی بە مێــمڵ بی گوڵم

نوبهار است در آن کوش که خوش‌دل باشی
که بسی گل بدمد باز و تو در گِل باشی

من نگویم که کنون با که نشین و چه بنوش
که تو خود دانی اگر زیرک و عاقل باشی

چنگ در پرده همین می‌دهدت پند ولی
وعظت آن گاه کند سود که قابل باشی

در چمن هر ورقی دفتر حالی دگر است
حیف باشد که ز کار همه غافل باشی

نقد عمرت ببرد غصه‌ی دنیا به گزاف
گر شب و روز در این قصه‌ی مشکل باشی

گرچه راهی‌ست پر از بیم ز ما تا بر دوست
رفتن آسان بود ار واقف منزل باشی

حافظا گر مدد از بخت بلندت باشد
صید آن شاهد مطبوع شمایل باشی

فرەم بە دڵ چووە حەسرەت کە یاری من بی هەر
خەفەتڕەوێنی دڵی بێقەراری من بی هەر
شەمی کەناری شەوی بێخەوی گلارم بی
رەفێقی خاتری هیواهەواری من بی هەر
کە خوسرەوانی جووانی لە نۆکەران رازین
لە نێو ئەمانە ئەتۆ شاریاری من بی هەر
لە لێوی ئاڵ کە خوێنینە دڵ لە نازی چ بوو
شکایەتێ بکەم ئەر رازداری من بی هەر
لەسەر چەمەن کە گوڵێ دەستی عاشقێ دەگرێ
ئەگەر لە دەستت ئەخێزێ نیگاری من بی هەر
شەوێ بە ماڵی غەمی عاشقان چ بوو بێی و
بە دڵ هەواڵی دڵی داغداری من بی هەر
شکاری سەهلە لە کن ئێمە کارمامزی خۆر
کە تۆ بە مامزی شەنگ و شکاری من بی هەر
بەراتی من کە لە دوو لێو قەرار بوو سێ ماچ
ئەگەر ئەدای نەکەی قەرزداری من بی هەر
کەی ئەو مرادمە جێ بێ گوڵم لە نیوە شەوێ
کە جێنشینی سرشکی کناری من بی هەر
ئەگەرچی «حافز»ی شارم بەلام بێنرخم
مەگەر بە زێڕی کەرەم تۆ عەیاری من بی هەر
لە لوورەلووری زەلانی هەناسەکانی «عومەر»
دەبێ شەماڵی ئومێدی بەهاری من بی هەر

هزار جهد بکردم که یار من باشی
مرادبخش دل بی‌قرار من باشی
چراغ دیده‌ی شب‌زنده‌دار من گردی
انیس خاطر امیدوار من باشی
چو خسروان ملاحت به بندگان نازند
تو در میانه خداوندگار من باشی
از آن عقیق که خونین دلم ز عشوه‌ی او
اگر کنم گله‌ای غمگسار من باشی
در آن چمن که بتان دست عاشقان گیرند
گرت ز دست برآید نگار من باشی
شبی به کلبه‌ی احزان عاشقان آیی
دمی انیس دل سوکوار من باشی
شود غزاله‌ی خورشید صید لاغر من
گر آهویی چو تو یکدم شکار من باشی
سه بوسه کز دو لبت کرده‌ای وظیفه‌ی من
اگر ادا نکنی قرض‌دار من باشی
من این مراد ببینم به خود که نیم‌شبی
به‌جای اشک روان در کنار من باشی
من ارچه حافظ شهرم جوی نمی‌ارزم
مگر تو از کرم خویش یار من باشی

ئەی دڵ! ئەو کاتە کە وێرانی بە بادەی گوڵگون
ئەو دەمەت چاترە سەد را لە خەزێنەی قارون
لە مەقامێ کە دەبەخشن بە هەژاران دەوڵەت
هەمە هیوا لە پلەت سەر بخەوێنێ گەردون
لە مەترسی پڕە ڕێی مەنزڵی لەیلێ مەگەر ئەو
کەسە هەڵنێ قەدەمی ئەووەڵی هەر وەك مەجنون
مەرکەزی جەغزی ئەوین بێت و نەناسیت، هەتا
چاو هەڵێنی، لە سکەی دایەرە دەتکەن تەفرون
کاروان چوون و ئەتۆ کڕخەوی، سەحراش لە پێش
چ دەکەی چۆنی لە کێ ڕێگە دەپرسی کەی چون؟
گەورەیی گەوهەری تابانی سرشتی گەرەکە
نە لە نەسڵی کەی و جەمشید و فەرەیدوونی بون
تا کەی و چەن دڵی خوێنین بەهۆی جەوری فەلەك
نۆش جامێ بکە جامێ بدە چەرخی بێچون!
شیعر ئەگەر وایە، نەناڵی بە هەژاری «حافز»!
بەمە دڵخۆش نییە کەس ئێوە بمێنن مەحزون
دڵەڕاوکێمە کە «کۆلیل» نەچێ بۆ شوێنێ
کە لەوێ کیژی غەزەڵ زەخمیئەکەن بێحەوسون

ای دل آن دم که خراب از می گلگون باشی
بی زر و گنــج به صد حشمت قــارون باشی
در مقــامی که صــدارت به فقیــران بخشنـد
چشــم دارم که به جــاه از همه افــزون باشی
در ره منـــزل لیلــی که خطــرهاست در آن
شــرط اول قــدم آن است که مجنــون باشی
نقطــه‌ی عشق نمــودم به تو هــان سهو مکن
ور نــه چون بنگــری از دایــره بیــرون باشی
کاروان رفت و تو در خواب و بیابان در پیش
کی روی ره ز که پرسی چه کنی چون باشی
تــاج شاهی طلبــی گوهــر ذاتی بنمــای
ور خــود از تخمــه‌ی جمشید و فریدون باشی
ساغــری نوش کن و جرعــه بر افلاک فشان
چنــد و چنــد از غــم ایــام جگرخون باشی
حافظ از فقــر مکن ناله که گر شعر این است
هیچ خــوش‌دل نپسندد که تو محزون باشی

ئەو خاڵ و خەتتە شەنگە لە روخساری دەکێشی
خەتتی نەبوونە رەنگــە! لە گوڵــزاری دەکێشی
فرمێسکی خەڵوەکێشی حەرەم حورمەتی دییەم
رسوا لە حەوت پــەردە بە بــازاڕی دەکێشی
هێدیڕەوێکی چەشنی سەباشت بە بۆنی زولف
هەرچەنــدە مل بە کۆتە بە سەر کاری دەکێشی
هەر دەم بە یادی نێرگزی مەست و شــەرابی لێو
شێــخ و مەلا بە مــەنزڵی خەمماری دەکێشی
فەرمووتە سەر لە تەرکەبەنم بەند ئەکەی دەڵێم
پێم خۆشە تۆ کە زەحمەتی سەرباری دەکێشی
تیماری دڵ مــەحاڵە لە بەر چــاوی دوو برۆت
وەی لەم کــەوانی چــاوە لە بیــماری دەکێشی
بێـــرۆ کە چاوەزاری گوڵی رووتە نــەونمــام
گیانم، کە تۆ بە وەزنی خەس و خاری دەکێشی
«حافـز» چ خەلعەتێکی کە، داوا لە چەرخ ئەکەی
مــەی نۆشی گیان و کاکوڵی دڵداری دەکێشی
«کــۆلیل» وەک هیــلالی برۆکەت چــەمایەوە
پێــم خۆشە ئەو کەوانە لە شۆفــاری دەکێشی

زین خوش‌رقم که بر گل رخسار می کشی
خط بر صحیفه‌ی گل و گلزار می کشی
اشک حرم‌نشین نهانخانه‌ی مرا
زان سوی هفت پرده به بازار می کشی
کاهِل روی چو باد صبا را به بوی زلف
هر دم به قید سلسله در کار می کشی
هر دم به یاد آن لب میگون و چشم مست
از خلوتم به خانه‌ی خمار می کشی
گفتی سر تو بسته‌ی فتراک ما شود
سهل است اگر تو زحمت این بار می کشی
با چشم و ابروی تو چه تدبیر دل کنم
وه زین کمان که بر من بیمار می کشی
بازآ که چشم بد ز رخت دفع می کند
ای تازه گل که دامن از این خار می کشی
حافظ دگر چه می‌طلبی از نعیم دهر
می می‌خوری و طرّه‌ی دلدار می کشی

لە رۆژێکۆ ئەوین چوو بۆ عەراقی   دەچێژم دەردی بێدادی فەراقی

دەزانی سارەوان دڵ بۆ کەژاوە   نشینانی دەچێژێ چەن مەراقی

عەقڵ هەڵڕێژە سیروان، مەی بنۆشە!   بە سۆز و دەنگی لاوانی عەراقی

لە ژێر چەتری خودا بێ رۆژی دیدارا!   بەهاری ژینە چون کاتی تەلاقی

بە کاسەم بۆ بهێنا ساقیا مەی   خودا تۆنگێ پڕت پێ‌با لە باقی!

جووانیم بیر ئەخاتۆ دەنگی چەنگ و   جووانی هەڵپەڕین و چاوی ساقی

چەنێ مەی ماوە بۆم بێنن کە سەرخۆش   بە چاوت پێشکەشی کەم عومری باقی

نەمان بۆ رۆژگارانی جودایی!   دڵم پڕخوێنە بۆ ئەبرۆی و تاقی

لە دووتان ئەشکی چاوم سووک نەگرن   بە چەن چۆمێکە زەریا تەمەتەراقی

لەگەڵ یاران چ خۆشە موتەفیق‌بوون   کە خێری زۆرە کاری ئیتیفاقی

بلێ ئەی (زیرەکی) خۆش دەنگ و ئاواز   بە کوردی خۆش مەقامێکی عەراقی

چ بووکێکی جووانی ئەی کچی تاک   وەلێ جارجارە بەرداری تەڵاقی

لە دونیا دوورە چون عیسا، دەشێ بۆی   کە تاقی چەرخی چارم بێ‌رەواقی

بە قسمەت چون نەبوو دیداری یاران   بە شین سەرگەرمە «حافز» هەر مەزاقی

وەکوو«کۆلیل»ـە هەرکەس لێی دەپرسی   زوخاوی چەرخی دون گیرایە ناقی

سُلَیْمی مُنْذُ حَلَّتْ بِالْعِراقِ
أُلاقی مِنْ نَواها ما أُلاقی

الا ای ساروان منزل دوست
الی رُکبانِکم طالَ اشْتِیاقی

خرد در زنده‌رود انداز و می نوش
به گلبانگ جوانان عراقی

رَبیعُ الْعُمْرِ فِی مَرْعی حِماکُمْ
حَمَاکَ‌اللهُ یا عَهْدَ التَّلاقی

بیا ساقی بده رطل گرانم
سَقاکَ اللهُ مِنْ کَأْسٍ دِهاقِ

جوانی باز می‌آرد به یادم
سماع چنگ و دست‌افشان ساقی

می باقی بده تا مست و خوش‌دل
به یاران برفشانم عمر باقی

درونم خون شد از نادیدن دوست
اَلا تَعْساً لأیّامِ الْفِراقِ

دُموعی بَعْدَکُم لا تَحْقِروها
فَکَمْ بَحْرٍ عَمیقٍ مِنْ سَواقی

دمی با نیک‌خواهان متفق باش
غنیمت دان امور اتفاقی

بساز ای مطرب خوش‌خوان خوش‌گو
به شعر فارسی صوت عراقی

عروسی بس خوشی ای دختر رز
ولی گه‌گه سزاوار طلاقی

مسیحای مجرد را برازد
که با خورشید سازد هم وثاقی

وصال دوستان روزی ما نیست
بخوان حافظ غزل‌های فراقی

وتــــم حەکایەتی عەشـــق و دو دیـــدە شیـــوەن ئەکات
مـــەڕۆ! کە کوشتمـــی ئاخـــر پـــەژارەکانی هـــەوات
لە تاســـەتا فـــرە جـــارم لە چـــاوی خـــۆ پرســـی
ئـەرێ کەژاوەیـی حـەز! کوا گوڵی کـەژاوە خەڵات؟
چ پێـــش هـــات و چ رووداوەیێـــکی سەیـــرە کە من
رژاوە خوێنـــم و قاتـــڵ کەچـــی دەکـــات شـــکات!
دڵۆپی شەونمـــی پـــاکیت ئەتۆ لەســـەر پەڕی گـــوڵ
چ پیســـە هـــــەرکە لە داوێـــنی ئێـــوە تانـــە ئەدات
لە بـــوونی ئەو دەمـــە دەمـــدا قەڵـــەم، لە وشک و تەڕی
کە چـاوی نێـــرگزی ســـاوی لە چاکی پاکی کەوات
هـــەوا لە عـــەتری سەبـــا کەیلـــە ساقیـــا هـــــەستە!
بە خـۆری پاک و نەفەس‌خۆشی مەی کەرەم‌کە حەیات!
لە تەمبەڵـــی بکە دووری بە ســـەرفە، پیـــر دەڵـــێ
خۆراکـــــی رێـــڕەوە چـالاکی و دەوامـــــی خەبات
مەگەر خــــەیاڵی جــــەماڵت، نەمـــا لە من ئەســـەرێ
حەیاتـــی خۆ کە دەبینـــم لە کوڵمـــی پڕ لە حەیـــات
چلـــۆنی «خاجـە»! دەکـــەی وەسفـــی قامـــەتی جـــوانی
لە دەست‌کـــردی خـــودایی کە کورتە مـەدح و سەنـات
مەگەر بە پەرچـــەمی دەر بێ «عومـــەر» لە چاڵی چەنـەی
دەنـــا مەحـــاڵە تەویـــــری عەقـــڵ بە دادی بگـــات

کَتَبْتُ قصَّـــةَ شَــوْقی وَ مِدْمَعـــی باکـی

بیـــا که بی تو به جـــان آمــدم ز غمنـــاکی

بسا که گفتـه‌ام از شـوق با دو دیـده‌ی خـود

أیا منـــازلَ سَلْمـــی فَـــأیْنَ سَلْمـــاكِ

عجیب واقعـــه‌ای و غـــریب حادثـــه‌ای

أنَـــا اصْطَبَـــرْتُ قَتِیـــلاً و قاتِلـــی شـــاکی

که را رســـد که کنـــد عیب دامــن پـاکت

که همچو قطره که بر برگ گل چکـد پاکی

ز خـــاك پای تو داد آب روی لالـــه و گل

چو کلك صنـــع رقـــم زد به آبی و خـاکی

صبـــا عبیرفشـــان گشت ســـاقیا برخیـــز

وَ هـــاتِ شَمسَـــةَ کَـــرْمٍ مطیَّبٍ زاکـــی

دع التّکـــاسل تغنـــم فقـــد جـــری مثـــل

که زاد راهـــروان چُستی است و چـالاکی

اثـــر نمانـــد ز من بـــی شمـــایلت آری

أرَی مَآثِـــرَ مَحیـــایَ مِـــنْ مُحَیّـــاكِ

ز وصف حسن تو حافظ چگـــونه نطق زنـــد

که همچـــو صنـــع خـــدایی ورای ادراکـــی

ئەی ئەو دەمــەی بە کانــی گەوهەر دەکەن میسالّی
چەن جوانە خوایە خەتتی سەر لێوی وەک هیـــلالی

هەی هەی خەیالّی وەسلّت چەن خۆشە پێــم فریوی
تا چم بە سەر دەرێنــێ نەخشــی خــەیالّی خـــالّی

بۆم تێکە مەی! کە هەرچەند نـوقمی گوناحــم ئەمما
هــەر گەرمە دلّ بە هیـــوای ئیحســـانی بێزەوالّی

مەیگێــڕ! بێـــنە جامــێ بمهێنـــە دەر لـە ژووری
با وێــلّ و دەربـــەدەر بم، بـــێعـــار و لائـوبالی

وەشیار و زیرەکی گەر لە چـــوار شت نەکەی سـلّ
یـــار و شــەرابی نــاب و ئەمن و مەکانی خالّـــی

گـەردون رەها کە «حافز»! ئێستا کە مەی دەنۆشیـــن
دەوران بە هیـــچ حالّــێ یەکســان کە نین حالّـــی

جامــــی دەرون زولاڵ و سافــن لە دەوری دلّبـــەر
پێـــمی بنۆشـــە ساقــی لەعلــی زولاڵ و ئالّـــی

سەربـــەرزی کۆی خـەبات و ئیقبالّی بەرزی زێـدم
یـــاڕەببی هەر نـەشێــوێ داب و نـەرێتـــی مالّـــی!

هـۆکاری مولّک و میللەت (بوونەسر)ی پایەبــەرزە
مانـــگی گەشــی ولاتــە و کانــی شکـۆ کــەمالّی

«کۆلیــل»! بێــژن ئێــوەش یــاڕەب کە بەفـری زالّم
قــڕ کەی بە هێــزی تانگ و تۆپخانەکەی شــەمالّی

یا مَبْسِمـاً یُحـاکی دُرْجـاً مِنَ اللّـآلی
یا رب چه درخور آمد گردش خط هلالی
حالی خیـال وصلت خوش می‌دهد فریبـم
تا خود چه نقش بـازد این صورت خیـالی
می ده که گرچه گشتم نامه سیـاه عـالم
نومیـد کی تـوان بود از لطف لایـزالی
ساقی بیـار جـامی و از خلوتـم برون کش
تـا دربـه‌در بگردم قـلاش و لاابـالی
از چـار چیز مگـذر گر عاقلی و زیـرک
امن و شراب بی‌غش معشوق و جای خالی
چون نیست نقش دوران در هیچ حال ثابت
حافظ مکن شکایت تا می خوریم حـالی
صافی‌ست جام خاطر در دور آصف عهـد
قُـمْ فَاسْقِنی رَحیقـاً اَصْفـی مِنَ الـزُّلالِ
اَلْمُـلْکُ قَـدْ تَبـاهی مِنْ جَـدِّهِ و جِـدِّه
یا رب که جاودان باد این قدر و این معالی
مسنـدفروز دولت کان شکـوه و شوکت
برهـان ملک و ملت بونصـر بوالمعالی

سڵاوی خوا هەتا چەرخن گەڕاڵێ هەتا ژێتارەکانی عوود ئەناڵێ
لە سەر دۆڵی (ئەراك)و کێ لەوێ بێ لە رملی هەر تەپۆلکە و بەژنی ماڵێ
لە دونیا تا دوعابێژێ غەریبم دەکەم دۆعا شەو و رۆ، مانگ و ساڵێ
لە هەر جێ گوڵ کە دەڕوێ خوا بکێشێ بە سەریا چەتری لوتفی بێ‌زەواڵێ
لە داوی زولفی ئەی دڵ! قەت نەناڵی لەوێ کۆڕێ پەرێشان چون دەناڵێ
بگا عومرت بە سەد ساڵی هەتاوی! کە خەتتت سەد جەماڵی دا بە خاڵێ
کە سایەی تۆ لەسەر بێ سەهلە بۆمان لەدەس‌چوونی مەقام و رێز و ماڵێ
هیلالی کێ لە دەوری مانگت ئالا هەزاران ئافەرین لەو نەخشە ئاڵێ!
ئەوینت راحەتی رۆحم هەموو کات هەواڵی یادمی هەردەم بە حاڵێ
هەتا مەحشەر دڵم پڕ بێت یارەب! لە شەوقی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵێ
منێکی سووك و رسوا بێ سەر و پا چلۆنم بێ لەگەڵ شایێ ویساڵێ
دەزانێ خوا مەبەستی «خاجە» بۆیێ قەناعەت بەو دەکەم بۆ هەر سوئاڵێ
کە رازی دڵ لە «کۆلیل»ێ دەپرسم فەقەت سەر سووڕ ئەدات و هیچ ناڵێ

سَــلامُ اللهِ مــا کَــرَّ اللَّیــالی | وَ جاوَبَتِ الْمَثانِی وَ الْمَثالی

عَلَی وادِی الأراکِ وَ مَنْ عَلَیْها | وَ دارٍ بِاللِّوی فَوْقَ الرِّمالِ

دعاگوی غریبان جهانم | وَ اَدْعُوا بِالتَّواتُرِ وَ التَّوالی

به هر منزل که رو آرد خدا را | نگه‌دارش به لطف لایزالی

منال ای دل که در زنجیر زلفش | همه جمعیت است آشفته حالی

ز خطت صد جمال دیگر افزود | که عمرت باد صد سال جلالی

تو می‌باید که باشی ور نه سهل است | زیان مایه‌ی جاهی و مالی

بر آن نقاش قدرت آفرین باد | که گرد مه کشد خط هلالی

فَحُبُّکَ راحَتی فِی کُلِّ حینٍ | وَ ذِکْرُکَ مُونسی فِی کُلِّ حالِ

سویدای دل من تا قیامت | مباد از شوق و سودای تو خالی

کجا یابم وصال چون تو شاهی | من بدنام رند لاابالی

خدا داند که حافظ را غرض چیست | وَعِلْمُ اللهِ حَسْبی مِنْ سُؤالِ

وەک عەشقــی من جەماڵت کانــی کەماڵە کاڵــێ
دڵخۆش بە دی! کە هەر دوو دوورن لە هەر زەواڵێ

ڕێـــــکەوتی جوانی ئاوا عـــــەقڵەن مەحاڵە هەرگیز
بڕوێ لە باخــی میسکێ دەر بــێ لە تۆی خـــەیاڵێ

ئـەو ســاتە وا لەگەڵ تۆم ســاڵێک ئــەچێ بە تاوێ
کاتــێ لە ئێـــوە دوورم ساتێـک ئەبێـــتە ســـاڵێ

چۆن بێـــتە خەونم ئازیـــــز! ئاخۆ خەیاڵی کوڵمت
چاوم لە خەو نەبینـــێ وەختـــێ مەگەر خەیـــاڵێ

هەڵبێنە چاوی ڕەحمت! چون عـەشقی بەژنی جوانت
باریک و چــەوتی کردووم چەشنی کەوان و تاڵــێ

وەسڵت ئەگەر ســـەعاتێ بـــۆم دەس بـــدا لە ژینــا
ژینـــم هەموو بە خۆشی ڕەخســـاوە بۆی مەجاڵــێ

دیدارە گەر مەرامت «حافـــــز»! شکاتـــــی نـــاوێ
بێســـەبری دەردی دووری کێ عەشقی هاتە پاڵــێ

«کۆلیل»! ئەڵێن کە مەجنوون ڕۆژێ بە عەشقی لەیلا
خۆش خۆشی مــاچ ئەفەرموو قاچ و قولی گەماڵــێ

بگرفت کار حسنت چون عشق من کمالی

خوش باش زآن‌که نبود این هر دو را زوالی

در وهم می‌نگنجد کاندر تصور عقل

آید به هیچ معنی زین خوب‌تر مثالی

شد حظّ عمر حاصل گر زآن‌که با تو ما را

هرگز به عمر روزی روزی شود وصالی

آن دم که با تو باشم یک سال هست روزی

وآن‌دم که بی تو باشم یک لحظه هست سالی

چون من خیال رویت جانا به خواب بینم

کز خواب می‌نبیند چشمم بجز خیالی

رحم آر بر دل من کز مهر روی خوبت

شد شخص ناتوانم باریک چون هلالی

حافظ مکن شکایت گر وصل دوست خواهی

زین بیش‌تر بباید بر هجرت احتمالی

کازیـــوەیێ دەچـوومە چەمـەن هەڵچنـــم گوڵێ
بە گوێـــی دڵـــم گـــەیی لە پڕ ئـــاوازی بوڵبوڵێ
بێــــچارە وەک من ئاشقــی بەژنــــی گوڵێ ببوو
خسبوویە نێــو چەمەن چ چریــکە و چ غوڵـغوڵێ
پیاســـەم لە بـاخ ئەکــرد و سەرنجـم ئەدا گەڵێ
هەردەم بە دەنگــی بولبـول و فیـزی زلی گوڵـــێ
گـــوڵ دەس لە مل جووانی و بولبول ئەوین لە دڵ
ئەمیـــــان نە نەزمی گۆڕی و ئـــەویان نە واوڵـــێ
ســۆزی دەروونی بولبـول ئەوەن دڵـمـی داتـە کان
هیچـــم نەمـــا لە سیـــنە نە ســـەبر و نە تاملـــێ
لەم باخـــەدا گەلـــێ گوڵ ئەپشکـــێ وەلێ دریـغ
هەرکەس چنـــی گوڵێکی لە جەرگی چەقی چلێ
هیـــوا مەبەستە «خاجـــە»! بە گەردون گوشـایشێ
چاکــــەی لە دەست نـــایە هـــەزارانی موشکڵـــێ
«کۆلیل» چون لە نەردی فەلەک بەختی شەش‌دەرە
دوو شـەش بە کاری نایە! لە شەش‌خانی مێملـــێ

رفتم به باغ صبحدمی تا چنم گلی
آمد به گوش ناگهم آواز بلبلی
مسکین چو من به عشق گلی گشته مبتلا
و اندر چمن فکنده ز فریاد غلغلی
می‌گشتم اندر آن چمن و باغ دم به دم
می‌کردم اندر آن گل و بلبل تأملی
گل یار حسن گشته و بلبل قرین عشق
آن را تفضلی نه و این را تبدّلی
چون کرد در دلم اثر آواز عندلیب
گشتم چنان که هیچ نماندم تحملی
بس گل شکفته می‌شود این باغ را ولی
کس بی بلای خار نچیده‌ست از او گلی
حافظ مدار امید فرج از مدار چرخ
دارد هزار عیب و ندارد تفضلی

ئەم دەڵقمە ئەو چـــاتر لە گرێـوی شـەرابت بـێ
ئـەو دەفتـــەرە رسـوایەم با نـوقمــی گوڵابت بـێ
چون چوو بە هــەدەر عومـــرم وا چــاترە تا دەمرم
کەوتوو لە خەراباتـــا سەرمەست و خـــرابت بێ
دەروێش کە ئاییــنی بێخــەوشــە لە خـــۆبیــنی
خـۆش‌تر کە دڵ و دیـــدەم پڕ ئــاگر و تـابت بـێ
قەت رازی ریـــابازی سـۆفی بە کەســێ ناڵێـــم
وا باشـــە ئەگەر بێـــژم دەم‌ســازی روبـابت بـێ
وا ســەرفمــە تا گـەردون بەم شێوەیە شێـــوا بێ
دڵ پێشکەشی ساقی کەم سەرخۆشی شەرابت بـێ
دڵ نـــادەمە دڵـــدارێ وەک تۆم کە ببـــێ یـــارێ
هەر پووشە لە سەر شـــانم بــارێ لە جەنـابت بـێ
مەیـخانە بەجێ بێــڵا، تۆ پیـــری ئـەدی «حافـــز»!
قەللاشی و رەنـــدی با بۆ کـــۆڕی شـــەبابت بێ
دوێنــێ بە تەشەر فەرموی «کۆلیـــل»! دەکەم بۆنــێ
پێـــم‌وایە کە هی جەرگی بـرژاوی کەبـابت بـێ

این خرقه که من دارم در رهن شراب اولی

وین دفتر بی‌معنی غرق می ناب اولی

چون عمر تبه کردم چندان که نگه کردم

در کنج خراباتی افتاده خراب اولی

چون مصلحت‌اندیشی دور است ز درویشی

هم سینه پر از آتش هم دیده پرآب اولی

من حالت زاهد را با خلق نخواهم گفت

این قصه اگر گویم با چنگ و رباب اولی

تا بی سر و پا باشد اوضاع فلک زین دست

در سر هوس ساقی در دست شراب اولی

از همچو تو دلداری دل برنکنم آری

چون تاب کشم باری زان زلف به تاب اولی

چون پیر شدی حافظ از میکده بیرون آی

رندی و هوسناکی در عهد شباب اولی

لەو شـــەرابی دڵــە وا پوختــە دەكا هەر خامــێ

ساقیـــا با رەمەزانـیشە نەپوختـــم، جامـــێ!

گوزەرا رۆژ و شـــەوم دەستی نەگرتم نەفەسێ

قۆڵـــی زێوینـی كەسێ پەرچەمی گوڵئەندامێ

رەمـــەزان با ئـــەوە میـــوانە گوڵـــم ئازیـــزە

بوونی یەك نیعمـــەتە چوونی كـــەرەم و ئەنعامێ

نافـــڕێ ئێستـــە لە بەر تەكیـــە مەلێـــكی زیرەك

چون لە هـەر مەجلیسی زیكرێكی، دەناسێ دامێ

گلــە ناكەم لە ریاكاریی زاهیـد كە لە شوێـــــن

هەر بەیـــانانی دەخـا گـــەردشی دەوران، شامێ

كە خـــەرامان دەگەڕێ یار لە نێو بـاخ و چەمەن

لە منـی پێـبگەیێنێت ســـــەبا پـــەیغـــامێ

ئەو حەریفەی كە لە پاڵێوتە دەنۆشێ شـەو و رۆژ

یـــاد ئـــەكا خڵتەبنۆشێـكی بكا تـەڕكامێ؟!

دادی دڵبــەر مەگـەر ئـارام بكـا «خاجـە»! دڵت

وەرنــە دژوارە بە خـــۆكـامە بـــگا ئـارامـــێ

نییە بۆ ســەبری دڵــی عاشقــی «كۆلیـل» شوكور

لە گوڵستـــانی غـــەمی بەژنـــی گوڵت ئەنجامێ

زان مـی عشق کز او پخته شود هر خامی

گرچه ماه رمضـان است بیـاور جـامی

روزها رفت که دست من مسکین نگرفت

زلف شمشادقدی ساعد سیم‌اندامی

روزه هرچند که مهمان عزیز است ای دل

صحبتش موهبتی دان و شدن انعامی

مرغ زیرک به در خانقه اکنون نپرد

که نهاده‌ست به هر مجلس وعظی دامی

گله از زاهد بدخو نکنم رسم این است

که چو صبحی بدمد در پی‌اش افتد شامی

یار من چون بخرامد به تماشای چمن

برسانش ز من ای پیک صبا پیغامی

آن حریفی که شب و روز می صاف کشد

بود آیا که کند یاد ز دردآشامی

حافظا گر ندهد داد دلت آصف عهد

کام دشوار به دست آوری از خودکامی

لە منــی گـــەدا بە سولّتــان چ کەســێ دەبـا پەیـامێ
کە لە کۆڕی مەیفرۆشـان جەم و کەی ئەدەن بە جـامێ
هەمە بـا بە رەنــد و رســوا چووە شـۆرەتم، ئومێـدێ
کە بگـەم بە کۆمەکـی دۆس، بە کەرامـەت و مەقــامێ
لە مســی دڵی مـە، فەرمــوو نــەزەری تـەڵاگەریتـان
کە بە ئەو نــزارییەش دڵ هەیەتــی لە سیـــنە دامــێ
وڕ و واقـی لوتفـی ئێــوەم کە وەفایەکی نەفەرمـــوو
نە بە لەعلــی لێــو هەواڵـــێ نە بە ســروەدا پەیـــامێ
ئەگەر ئەم شــەرابە خلّتــەو وەگەر ئەو حەریفـە پوختــە
لە هـــەزار پوختــە چـاتر بە هـــەزار جـۆرە خامــێ
مەکە رێ لە من گوم ئەی شێخ بە فریوی ریش و تەزوێح
لە ملــی مەلێـــکی زیرەک نییە داوی هــەر نەفـامــێ
کە بە لوتفـی خۆ کرێمت مەکە مەیلی قـەت فرۆشـم!
وەکو ئێمـە کەم بە دەس دێ سـەری کـا بە پێ غـولامێ
بـــکەم ئەو شکاتە لە کـوێ، بەرم ئەو هــەواڵە بۆ کـێ؟
دەمت ئــاوی ژینــی ئێــمە و نەبو ئاخـری دەوامـــێ
بتەقێـنە تیری ئـــەبرۆت و بڕێــژە خوێنـــی «حــافز»
کە لە خوێـــن ڕژێ وەکـــوو تۆ نییە بۆ کەس ئینتقامـــێ
ئەوە کێــیە چـەشنی «کۆلیل» سەر و ماڵ و دین و دونیای
بە ئەوینـــی لەعلـــی لێـوت لە گرێوی تاقـە جامــێ؟!

که بـرد به نـزد شـــاهان ز من گـــدا پیـــامی
که به کوی مـی فروشان دو هزار جم به جامـی

شــدهام خــراب و بدنــام و هنوز امیــدوارم
که به همت عزیـــزان برســم به نیـکنامـی

تو که کیمیافــروشی نظـری به قلب مــا کن
که بضــاعتی نـداریــم و فکنــدهایم دامـی

عجب از وفــای جانــان که عنایتــی نفرمـود
نه به نامــهی پیــامی نه به خامــهی سلامـی

اگر این شراب خام است اگر آن حریف پخته
به هــزار بار بهتـــر ز هــزار پخته خامـی

ز رهــم میفکــن ای شیـخ به دانههای تسبیـح
که چو مرغ زیـرک افتــد نفتــد به هیچ دامـی

سر خــدمت تو دارم بخــرم به لطف و مفروش
که چو بنـده کمتـر افتد به مبــارکی غـلامـی

به کجــا برم شـکایت به که گویم این حـکایت
که لبت حیــات مــا بود و نـداشتـی دوامـی

بگشــای تیــر مژگان و بریــز خـون حافــظ
که چنــان کشنــدهای را نکنـد کس انتقامـی

لە کۆشکی یارەوە دێ بۆنی عوود و دڵ حەزی دەم بوو
نیساری خاکی بەری پایەکەم گڵی دڵی پۆڵوو
سڵاوی دۆس شنەفتن سەعادەتە و رەحەتی لەش
سڵاوی من بە سوعادەم، سەبا! دەسا بەرە زوو زوو
وەرن شەوانە تەماشا کەن ئەشکی ئاڵی غەریبان!
لە گوێنی خوێنی شەرابێ لە جامی شامییە جەم بوو
دەمێ کە تەیری ئەوینێ لە (زیل ئەراك) ئەگمێنێ
نەبێ لە ناڵە جودا کۆتری چەمەن وەکو پێشوو
کەمێکی ماوە بەسەرچێ زەمان و کاتی جودایی
دیارە چون لە چیاکانی یار خێوەتی مێژوو
چ خۆشە ئەو دەمە وادێ و من دەڵێم بە سڵامەت
چ هاتنێکی بەخێر و چ خێرە زەحمەتی فەرموو
لە تۆیە دوورە دەسم بۆیە وەك هیلالی برۆتم
ئەگەرچی مانگی تەواوی روخت لە بەختی مە داچوو
بەهەشتم ئەر بدەنێ تا وەفا نەکەم بە بەڵێنم
نە خەو بە دیدە دەچێت و نە گیانە مایلی مینوو
بە ئەو ئومێدە کە زووتر بە ئەو دو چاوە ببینم
کە ئێوە شاهی وڵات و منم کە نۆکەری هەر دوو
پڕەنگە شیعری ئەتۆ «خاجە»! چەشنی رشتەیی یاقووت
گرەو دەباتەوە گاهێ لە نەزمی شیرنی خاجوو
لە تەختەنەردی ئەوینت لە مێژە شەشدەرە «کۆلیل»
نە شیعری مل کەچی ئێمە و نە سێحری نێرگزی جادوو

أَتَتْ رَوائِحُ رَنْدِ الْحِمی وَ زادَ غَرامی
فدای خاک در دوست باد جان گرامی

پیام دوست شنیدن سعادت است و سلامت
مَنِ المُبَلِّغُ عَنّی اِلی سُعادَ سَلامی

بیا به شام غریبان و آب دیده‌ی من بین
به‌سان باده‌ی صافی در آبگینه‌ی شامی

إذا تَغَرَّدَ عَنْ ذِی الأراکِ طائِرُ خَیرٍ
فَلا تَفَرَّدَ عَنْ رَوضِها أنِینُ حَمامی

بسی نماند که روز فراق یار سر آید
رَأیْتُ مِنْ هَضَباتِ الْحِمی قِبابَ خِیامٍ

خوشا دمی که درآیی و گویمت به سلامت
قَدِمْتَ خَیْرَ قُدومٍ نَزَلتَ خَیْرَ مَقامٍ

بَعِدتُ مِنْکَ وَ قَدْ صِرْتُ ذائباً کَهِلالٍ
اگرچه روی چو ماهت ندیده‌ام به تمامی

وَ إن دُعِیتُ بِخُلدٍ و صِرْتُ ناقِضَ عَهْدٍ
فَما تَطَیَّبَ نَفْسی وَ ما اسْتَطابَ مَنامی

امید هست که زودت به بخت نیک ببینم
تو شاد گشته به فرماندهی و من به غلامی

چو سلک در خوشاب است شعر نغز تو حافظ
که گاه لطف سبق می‌برد ز نظم نظامی

سیـــنە لێـــوان لێـــوی زامی سەختە یـاڕەب مەڵهەمـێ!
گیـان لە تەنیـــایی گەیشتە لێـــوی دڵ بۆ هەمـــدەمێ
کـێ لە ئـەم گەردوونـــی گەردانــە دەروونـــی هێـــورە
بێـنە ساقـــــی جامەکەت تا دڵ لە غــــەم دەربێ کەمێ
وتمـە وەشیـارێ ئەشـا چۆنـم، کەنـی فەرمـوی عەجەب
ڕۆژگـــارێ ســـەخت و دونیایێـــکی پڕ پێچ و خەمـێ!
بێـــژەنی ســـەبرم لە چـــای ئەشقی مەنیجا ســووتیا
بێـــخەبەر خوســرەو لە حـــاڵم تا بنێـــرێ ڕۆســـەمێ
ئەمـــن و ئاســـایش لە ڕێـــی دڵـــداریيا دەرد و بـەلاَن
دڵبـــرین بـــێ کێ لە دەردی تۆ بخـــوازێ مەڵهـــەمێ!
کـــۆی ئەوینـــداران نە جێـــگەی نەوســـن و نـــازاوییە
ڕێـڕەوی ئەم ڕێـــگە هەستی گڕدەرە و پوختـەی غـەمێ
ئادەمـــــێ دەس ناکەوێ ئێستا لە خاکـــــــی عـالەمـــا
عـــــالەمێ‌تر ســــەر لە نۆ پێویستـــــە بێت و ئادەمـــێ
سـا وەرن دڵ بەینـە کیـژی چاورەش و شۆخی (ســەقز)!
چون لەوێ بۆی عەتری دەشتی (موکریان) دێ هەر دەمێ
شیـــوەنی «حافـــــز» لە لا بەرزی دەماخـی ئێـــوە چیـــن
تۆ کە حەو زەریـــا لە کن سامانـی عـەشقت شـــەونەمێ
خـــاکی کوردستـانی «کۆلیـل»ـت هەوێنـــی عاشقین
شیـــرن و فــەرهاد ئەڵێن ئـەم بەڵگە بۆ زیـــن و مـــەمێ

سینـــه مـالامـال درد است ای دریغـــا مرهمی
دل ز تنهـــایی به جـــان آمد خـــدا را همـــدمی
چشـــم آســـایش که دارد از سپهـــــر تیـــزرو
ساقیـــا جـــامی به من ده تا بیاســـایم دمـــی
زیرکی را گفتم این احوال بین خنـدید و گفت
صعب روزی بوالعجب کاری پریشـان عـالمی
سوختـــم در چـاه صبر از بهـر آن شمـع چگل
شـــاه ترکان فـــارغ است از حال ما کو رستمی
در طریق عشق‌بـازی امـن و آسایش بـــلاست
ریش باد آن دل که با درد تو خواهـد مرهمـی
اهل کـام و نـاز را در کـوی رنـدی راه نیست
رهـروی باید جهـان‌سوزی نه خامـی بی‌غمـی
آدمـــی در عـــالم خـــاکی نمی‌آیـــد به دست
عـــالمی دیگر ببـــاید ســاخت وز نو آدمـــی
خیــــز تا خـــاطر بدان ترک سمرقنـــدی دهیم
کز نسیمش بـوی جـوی مولیـــان آیـد همـــی
گریه‌ی حافظ چه سنجـد پیش استغنـــای عشق
کانـــدر این دریـــا نمـــاید هفت دریا شبنمـــی

لە یـــار کێ دەگەیێـنێ سەخـــاوەتی قەڵــەمێ
لە کوێیە سـروە ئەگەر مـەرحەمەت دەکا کەرەمێ
گەیشتـووم بەمە کاری عەقڵ لە رێگـەی ئەویـــن
چما بە شـــەونمە نووسینی خەت لە کوڵمی چەمێ
ئەگەرچی خـەرقە لە رەهنی مەیـــم سەرێ بدە لێم!
بـــزا لە ماڵـــی وەقـف وا لە ماڵـــما درەمـێ
قسـەی لەبەر چی و بۆچی فەلەک نەکەی ئەی دڵ!
پیاڵە بگرە دەمـێ! خۆش لە عومری خۆ بە ژەمـێ
بـڕۆ مەسیـح دەمـێ دەس‌خـە ئەی دەرون مردووا!
حـەکیمی خـاک‌نشین دەردی عەشقی نەبوە دەمـێ
دڵم لە گەنــــدی نهێـــن و زمـــانی چەور پـڕە
لە دەرکی مەیـکەدە وا چـاکە هەڵبـدەم عەلەمـێ
وەرن! کە کـــات‌شناسان ئەدەن هـــەموو عالــــەم
بە یەک پیاڵە شـــەراب و دەمـــێ لەگەڵ سەنەمێ
نە عەیش و نۆشە هەموو هەر نیشانی عەشق و ئەوین
رەفێـقی ئێمـەی ئەگەر، بێ بچێـژە نێشی غەمێ!
لە هـــەوری رەحمـەتی یـارم نەبوو شـکات بەڵام
نەبوو لەگەڵ دڵـی تینـوو کەرەم‌نمێــکی دەمێ
چ بوو بە یەک زەلی کەس ناکڕێ؟! کەسێکی وەها
کە کانی شەکری دەرێنـاوە هەر لە زەل قەڵەمـێ
شیـاوی خزمەتـی شا، «خاجە» دەستی خاڵییە هــەر
مەگەر دوعـا لە شەوێـک و بەیـانی زیل و بەمـێ
نە هەرکە لایەقـە «کۆلیـل»! وەک پەپـوولە بکات
مەگەر هەتا بە سەحـەر زەڕ بدا لە شـــەوقی شەمێ

ز دلبرم که رساند نوازش قلمی
کجاست پیک صبا گر همی کند کرمی

قیاس کردم و تدبیر عقل در ره عشق
چو شبنمی است که بر بحر می کشد رقمی

بیا که خرقه‌ی من گرچه رهن میکده‌هاست
ز مال وقف نبینی به نام من درمی

حدیث چون و چرا دردسر دهد ای دل
پیاله گیر و بیاسا ز عمر خویش دمی

طبیب راه‌نشین درد عشق نشناسد
برو به دست کن ای مرده دل مسیح دمی

دلم گرفت ز سالوس و طبل زیر گلیم
به آن که بر در میخانه برکشم علمی

بیا که وقت‌شناسان دو کون بفروشند
به یک پیاله می صاف و صحبت صنمی

دوام عیش و تنعم نه شیوه‌ی عشق است
اگر معاشر مایی بنوش نیش غمی

نمی‌کنم گله‌ای لیک ابر رحمت دوست
به کشته‌زار جگرتشنگان نداد نمی

چرا به یک نی قندش نمی‌خرند آن کس
که کرد صد شکرافشانی از نی قلمی

سزای قدر تو شاها به دست حافظ نیست
جز از دعای شبی و نیاز صبحدمی

شوکری حەق دابی هەموو دادە وەتەن، سولتانی
واتە ئەحمەد کوڕی وەیسی حەسەنی ئێلخانی
خاوەنی شان و شکۆ سەروەری سالارنەسەب
ئەو کەسەی پێی دەکەوێ گیانی جەهانی دانی
ئافەرین ئەی ئەوە وا لوتفی خودا بۆ گەلی گشت
دیدە نەیدیوی کەچی نوور لەسەر چاوانی
گەر بە بێ ئێوە هیلالێ بە دەرێ دوو لەت ئەبێ
بە سەرئەنگوشتی (موحەممەد)، مەدەدی سوبحانی
شەوقی ئیقبالی ئەتۆ دلبەری هەر شاهـ و گەدان
چاوی دژ کوێر! کە هەم گیانی و هەم گیانانی
شەوی کاکۆلی رەشت شەق کە! کە نێوچاوی ئەتۆ
بە خەبات ئەسکەنەرین و بە کەرەم خاقانی
پڕ لە یادت مەی و مینایە ئەگەرچی دوورین
وەک یەکن دوور و نزیکی سەفەری رۆحانی
خونچەیێکم بە دەمۆ پێنەکەنی شیرازی
مەرحەبا بۆ شەتی بەغداد و بزەی رێحانی
رازی عاشق کە لە بەر دەرکی ئەوین خاک نەبێ
کەیە ئازا لە غەم و مەینەتی سەرگەردانی
ئەی سەبا! بێنە لە بەر دەرکی عەزیزم گەردێ
تا بە ئەو خاکە دلی «خاجە» ببێ نوورانی
ئێستە سولتان ئەوەنی زۆرە، گەلی «کۆلیل»ـم
فەلەکول ئەتلەسی کەڕ کردووە ئەل ئامانی

اَحْمَدُ اللهَ عَلَی مَعْدِلَةِ السُّلْطانِ

احمد شیخ اویس حسن ایلخانی

خان بن خان و شهنشاه شهنشاه نژاد

آن که می‌زیبد اگر جان جهانش خوانی

دیده نادیده به اقبال تو ایمان آورد

مرحبا ای به چنین لطف خدا ارزانی

ماه اگر بی تو برآید به دو نیمش بزنند

دولت احمدی و معجزه‌ی سبحانی

جلوه‌ی بخت تو دل می‌برد از شاه و گدا

چشم بد دور که هم جانی و هم جانانی

برشکن کاکل ترکانه که در طالع توست

بخشش و کوشش خاقانی و چنگزخانی

گرچه دوریم به یاد تو قدح می گیریم

بُعد منزل نبود در سفر روحانی

از گل پارسیم غنچه‌ی عیشی نشکفت

حبّذا دجله‌ی بغداد و می ریحانی

سر عاشق که نه خاک در معشوق بود

کی خلاصش بود از محنت سرگردانی

ای نسیم سحری خاک در یار بیار

که کند حافظ از او دیده‌ی دل نورانی

کـات و پێ غەنیمـەت بێ تا دەمـــێ کە دەتوانی
چونکە بەرهەمی ژیـن ئەی گیان دەمێـکە دەڕوانی

کـام ئەگەر عەتـا کا گەردون ژیـان ئەسێـنێ لێت
بەس نەکەی کە زایەی کەی حەققی ژین بە هەرزانی

باخـــەوان کە من مالّـم لێــــرە چوو حـەرامت بێ
گەر لە جێگەما ســـەروێ غەیــری دلّبـــەرم دانی

زاهیــدی پەشیمــانی مەیــلی بــادە ئاخر کوشت
کـاری وا نەکەی عاقـــلّ! بتکوژێ پەشیمـــانی

موحتـەسیب چ نازانــــێ ئەو هەموویە هەن سۆفـی
جنسی خەلّـوەتی، چەشنی لەعلی سووری رومانی

پووچی مەگرە ئەی شەککەردەم هەواری شـەونالّان
ئیسمی ئەعزەمـی پێیـە و خاتــەمی سـولەیمانی

پەنــدی عـاشقان گوێ بە و لێـدە تەپڵی ئازادی!
چونکە ئەونە نـاژی دلّ بەی بە عالەمـــی فانـــی

یـۆسفی عەزیــزم چوو ئەی برادەران رەحمـــێ!
دلّ غـەمیـــن ئەبیــــنم بۆ رۆلّە بابی کەنعـــانی

لافـــی رەندی لا سۆفـــی لێنـەدەی کە ناوترێ
بۆ حــــەکیمی نامەحــرەم رازی دەردی پەنهـانی

تون مەڕۆ دەترســــم من گیانەکەم! کە مانـدوو بی
هەی لە رێـگە بە مژۆلّان خەلّکێ ئەکەی بە قوربـانی

با لە تیـری دوو چـاوت شێـــردمۆ دلّ، ئەبرۆتـــان
ئەو کــــەوان بە دەستی گوستاخە چوو دەری هـانی

جـــەم کە ئەم پەرێشانی «حافــز»ەت بە خێری خۆ
ئەی خـــەمی کەزێکانت هەر هەمـــوو پەرێشـانی

ئەی دەلالی مـەڕمـەڕ دلّ! گەر نەپرســـی ئەحوالّم
وا دەبـــەم شـکاتـی خـۆ بۆ سکەنـدەری سـانی

لێم گەڕن وەکوو «کۆلیــل» ئەو دلّـەم ئەوەن کەیلـە
نووحـی دیـــدە هەمدیســـان وا بەڕێـوە تۆفـانی

وقت را غنیمت دان آن قدر که بتوانی
حاصل از حیات ای جان این دم است تا دانی

کام بخشی گردون عمر در عوض دارد
جهد کن که از دولت داد عیش بستانی

باغبان چو من زین‌جا بگذرم حرامت باد
گر به جای من سروی غیر دوست بنشانی

زاهد پشیمان را ذوق باده خواهد کشت
عاقلا مکن کاری کآورد پشیمانی

محتسب نمی‌داند این قدر که صوفی را
جنس خانگی باشد همچو لعل رمانی

با دعای شب‌خیزان ای شکردهان مستیز
در پناه یک اسم است خاتم سلیمانی

پند عاشقان بشنو و از در طرب بازآ
کاین همه نمی‌ارزد شغل عالم فانی

یوسف عزیزم رفت ای برادران رحمی
کز غمش عجب بینم حال پیر کنعانی

پیش زاهد از رندی دم مزن که نتوان گفت
با طبیب نامحرم حال درد پنهانی

می‌روی و مژگانت خون خلق می‌ریزد
تیز می‌روی جانا ترسمت فرومانی

دل ز ناوک چشمت گوش داشتم لیکن
ابروی کماندارت می‌برد به پیشانی

جمع کن به احسانی حافظ پریشان را
ای شکنج گیسویت مجمع پریشانی

گر تو فارغی از ما ای نگار سنگین‌دل
حال خود بخواهم گفت پیش آصف ثانی

دەروون ئەی گیـــان ئەزانـــی پڕ لە عەشقی تۆیە پەیمـــانی
که هەم نەدیـــار ئەبیـــــنی هەم نەوتـــــراوی دەرون زانـی
چوزانێ لـــۆمەچی ئاخـــر لە نێـــوانی من و تـــۆ چیـــن
سپـــی چاوێـــکی بێـدڵ کەی دەبیـــنێ رازی پـــەنهـــانی
کەزێ فـــــەرموو پەرێشان! وشکەسـۆفی بێـــنە رەقسێ تا
هـــەزاران بت لە هەر پیـــنەی کـەواکەی بێـــنە سەیـــرانی
گرێ لابەر لە گیانی عـــــاشقان ئەو دڵـــگر ئەبڕۆیـــەن
دەمـــێ دانیشـــە تۆخـــوا بـێ گرێ چینـــێ لە پێشـــانی!
لە ســـوژدەی ئادەمـــا قـەستی مەلەك پابۆسی تۆ بوو چون
لە تۆ یەك خاڵـی دی سـەرتر لە خاڵ و خەتتی ئینسـانی
کە عــەتری پرچی گیـــانان روون ئەکا چـاوانمان یـارەب!
نەشێـــوێ بەزمـــی ئـەم کـۆڕەت بە زریـــانی پەرێشـــانی
خەوی سوح دەرفەتی شایـی شەوی سەد حەیف لـێ سەنـدم
نەبوو قــەدری دەمـت ئەی دڵ! مەگەر هەر کاتی رامـــانی
لە دەستی هاوەڵانی رێ، پەشێـــوی شێـــوەیێ چـا نیـــن
بە گیـــانی بکـــرە ســەختی رێ بە یـــادی دەوری ئاســانی
خەیـــاڵی لوولـی زولفـــی «حافـــز»!! داوی فریـوە و بەس
دەبێ فیکـــری دەقولبـــابێ مەحـــاڵـی وا لە سـەر دانـــی
«عـــــومەر» ئەو کاتە چەرخی چـاوەکانت بێقــەراری کرد
کە چەرخـــــی کردە ئاشـــێ هەر بە نازێـــکی برۆکانـــی

هواخـواه تـوام جانـا و می‌دانـم که می‌دانـی
که هم نادیـده می‌بیـنی و هم ننوشته می‌خـوانی
ملامت‌گو چه دریـابد میـان عـاشق و معشـوق
نبیـند چشـم نابیـنا خصـوص اسـرار پنهـانی
بیفشـان زلف و صوفی را به پـابـازی و رقـص آور
که از هر رقعـه‌ی دلقـش هـزاران بت بیفشـانی
گشاد کار مشتـاقان در آن ابـروی دلبـند است
خـدا را یک نفس بنشیـن گره بگشا ز پیشـانی
ملک در سجـده‌ی آدم زمیـن بوس تو نیـت کرد
که در حسن تو لطـفی دیـد بیش از حد انسـانی
چـراغ افـروز چشـم ما نسیـم زلف جانـان است
مبـاد این جمـع را یـا رب غـم از باد پریشـانی
دریغا عیش شبـگیری که در خواب سحر بگذشت
ندانی قـدر وقت ای دل مگر وقتـی که درمـانی
ملـول از همـرهان بودن طریـق کاردانی نیست
بکش دشـواری منـزل به یـاد عهـد آسـانی
خیـال چنبـر زلفش فـریبت می‌دهـد حافـظ
نگـر تا حلقـه‌ی اقبـال نـاممکـن نجنبـانی

چـی خەڵـکە وتوویانە بە تۆ یۆسفـی سـانی
کردوومـە بە دڵ سـەیرت و سـەرتر لە ئـەوانی

شیـرین‌تری بەو شەکری کەنیـنەت لەوە بێـژم
کەی خوسـرەوی شیـرینم ئەتۆ شەکری زەمـانی

بێ‌جێـیە بە خونچـەی بچووێنـم دەمی چووکت
کەی خونچە وەها تەنگە دەمـی گفت و بەیانی

سـەد جـارە وتت لەو دەمە ماچێکی ئەدەم پێت
وەک سوێـسنە بۆچی کە بە سەد جۆرە زمـانی

فـەرمووتە ئەگەر کامت ئەوێ گیانـم ئەوێ لێت
ترسـم هەیە ئەویان بکـەی ئەمیـانە وەلا نی

چاوت سپـەری گیـان کون ئەکا تیـری تەماشـای
کـێ دی لە نەخۆشێـک ئەوەن هێـزی کەوانی

هەرکەس نەفەسێـکی لە نـەزەر دوور بفـەرمووی
دەتکێ وەکـو ئەسـرین لە دیـەی خـزم و بیـانی

پـەنگاوی بزەت خۆر دەمـی لـێ‌نـاوە دەزانـم
چـەن سەختە کە «کۆلیـل» وەکـوو زەڕڕە نەزانی

گفتند خلایق که تویی یوسف ثانی
چون نیک بدیدم به حقیقت به از آنی
شیرین‌تر از آنی به شکرخنده که گویم
ای خسرو خوبان که تو شیرین زمانی
تشبیه دهانت نتوان کرد به غنچه
هرگز نبود غنچه بدین تنگ‌دهانی
صد بار بگفتی که دهم زان دهنت کام
چون سوسن آزاده چرا جمله زبانی
گویی بدهم کامت و جانت بستانم
ترسم ندهی کامم و جانم بستانی
چشم تو خدنگ از سپر جان گذراند
بیمار که دیده‌ست بدین سخت‌کمانی
چون اشک بیندازیش از دیده‌ی مردم
آن را که دمی از نظر خویش برانی

به ئەو نیشانه شەماڵی دەمی بەیان! که دەزانی
بڕۆ به خزمەتی یارم له هەر زەمان که دەزانی

له ڕێته چاوی دڵ ئەی نامەبەر به خەڵوەتی ڕازی!
به هێوری، به لەتافەت، وەها ڕەوان که دەزانی

بڵێ که گیانی شرین تۆ بی و خودا! له دەسم چوو
کەرەم له لێوی مەسیحی بکا، هەمان که دەزانی

وەهامه نووسییه ئەم نامه من که غەیره نەزانێ
وەهایه تۆش وەخوێنی به لوتفتان که دەزانی

ئەوینی تێغی ئەتۆ بۆ مه چەشنی ئاون و تینوو
بکووژه دیلی دەسی خۆ! وەها گران که دەزانی

چلۆن کەمەربەنی زێڕت بگا به دەستی ئومێدم
لەتیفەیێکه نیگارا! لەوێ نیهان که دەزانی

یەکێکه «خاجە»! زمانی ئەوینی عورب و عەجەم، بەس
ئەوین‌دوێنی دڵت بی! به هەر زمان که دەزانی

نەبی له خزمەتی شەم گەر وەکوو پەپووله «عومەر» قەت
نەدەی له مەزهەبی ئەو دەم له گفتمان که دەزانی

نسیم صبح سعادت بدان نشان که تو دانی
گذر به کوی فلان کن در آن زمان که تو دانی

تو پیک خلوت رازی و دیده بر سر راهت
به مردمی نه به فرمان چنان بران که تو دانی

بگو که جان عزیزم ز دست رفت خدا را
ز لعل روح‌فزایش ببخش آن که تو دانی

من این حروف نوشتم چنان که غیر ندانست
تو هم ز روی کرامت چنان بخوان که تو دانی

خیال تیغ تو با ما حدیث تشنه و آب است
اسیر خویش گرفتی بکش چنان که تو دانی

امید در کمر زرکشت چگونه ببندم
دقیقه‌ای‌ست نگارا در آن میان که تو دانی

یکی‌ست ترکی و تازی در این معامله‌ی حافظ
حدیث عشق بیان کن بدان زبان که تو دانی

دو یـــاری قەشمــەر و وریـــا، شـــەرابی کۆنـــە مـەنـــێ
دلێـــکی خـــۆش و کتێبێك و سەرچـــەم و چەمــەنێ
من ئەو هــــەل و دەمـــە ناگـــۆڕمۆ بە هەر دو جەهـــان
بکەونـە شوێـــــنم ئەگـەرچی هەموو دەم ئەنجومـــەنێ
کەســێ کە کونجــی قەناعەت بـدا بە گەنجی جەهـــان
یەقیـــــن کە یـــــۆسفی میســری ئـەدا بە تـالە بەنـێ
وەرن لە رەونەقـــی گـــەردون کە هیـــچ کــەم نــابێ
بە زوهـدی وشــکی ئەتۆ یا گـــوناحی ئێمــە، پەنـێ
لە گەردەلوولــی زەلانــــی زەمانــــــە نـایەتە چـاو
کە بوو لە بـــاخ و چەمـــەن هەر گولێك و یاســەمەنـێ
ببینـە نەخـش و نیـــگاری حـــەرەم بە جامــی دەرون
کەســـێ لە بیـــری کە بەمـــجۆرە نـایە، بـــا زەمەنـــێ
لە ئەم گ ژەهـــرە کە زریـــان لە مێـــر گولانی پـژان
عەجەب کە مـــاوە گولـــێ بـۆی و رەنگی نەستــەرەنێ
سـەبــر لە دەس مـــەدە ئــەی دڵ! کە کلـــکەوانەی وا
گـــران، خـــودا بەدەرێنـــێ لە دەستـــی دێـــوەگـەنێ
خەیــــــالی پەرتـــە فەلـــەك بەم بەلایە «حافز»! ئەرێ
لە کوێیە هۆشی (تەبیب)ـێك و (رای) و (بەرهەمەن)ـێ
وەرە و لە بـــا رەشـــی پاییــــز ئەمێستــە بڕوانـــە
کە چۆن لە گـــوڵ، گـەل و «کۆلیـل» و باخ رادەچەنێ

دو یــار زیـرک و از بـاده‌ی کهن دو منی
فراغتــی و کتــابی و گوشــه‌ی چمنــی

من این مقــام به دنیــا و آخــرت ندهــم
اگرچه در پــی‌ام افتنـــد هــر دم انجمنی

هر آن‌که کنــج قنـاعت به گنج دنیـا داد
فروخت یوسف مصری به کمتـرین ثمنـی

بیـا که رونـق این کارخـــانه کــم نشـود
به زهـد همچو تویی یا به فسق همچو منـی

ز تنـــدباد حــوادث نمی‌تـــوان دیـــدن
در این چمــن که گلی بوده است یا سمنـی

ببیــن در آینــه جــام نقش‌بنــدی غیب
که کس به یــاد ندارد چنیــن عجب زمنـی

از این سمـوم که بر طرف بوستان بگذشت
عجب که بوی گلی هست و رنگ نسترنی

به صبر کوش تو ای دل که حق رهــا نکند
چنــین عزیــز نگیــنی به دست اهــرمنـی

مــزاج دهــر تبــه شــد در این بـلا حافـظ
کجـــاست فکر حکیـــمی و رای برهمنـی

مەیلـی فەرمووا جـامی لەعلی یەك مـەنی
تـا لە دڵ ریشـــەی غەمــی پێ هەڵكـەنی
وەك سوراحــی دەركی دڵ با تــاك بــێ
چەشنی كووپەت سەر بە قـوڕ بون تا چەنی؟!
هەڵقوڕێنـــی ئـــاوی بێخۆیـــی كە زۆر
كـەم لە لافـــی مــنمنـی خۆتـــا بـەنی
پێ بە جێ هەر وەك چیا بی نەك وەك ئاو
ڕەنگ ئەگــۆڕێ ئـەو كە بۆ تــەڕدامـەنی
دڵ بە مـــــەی ڕەنــــدانە بسپێــرن هەتـــا
تێشــكێ زوهــدی ریــایـــی گــەردەنی
زوو بە وەك «حافـــز» خەبــاتێ بەڵكە خۆ
خەیتە بەر پــێ و خاكی چەشنی گوڵشـەنی
دوێ وتـــم «كــــۆلیل»ـی بالآتم وتــــی
عاقیـــبەت بۆ بەژنـــی من ســـەر دادەنی

نـــوش کن جـــام شـــراب یک منـــی
تا بــــدان بیـــخ غـــم از دل بـــر کنـی
دل گشـــاده دار چـــون جـــام شـــراب
ســـر گرفتـــه چنـــد چـــون خـــمّ دنـــی
چون ز جـــام بیـــخودی رطلـــی کشی
کـــــم زنـــی از خـــویشتـــن لاف منی
سنگ‌سان شـــو در قـــدم نی همچو آب
جملـــه رنـــگ‌آمیـــزی و تـــردامنـــی
دل بـه مـــی دربنـــــد تـــا مـــردانـــه‌وار
گـــردن ســـالوس و تقـــوا بشـــکنی
خیـــز و جهـــدی کن چو حافظ تا مگر
خویشتـــن در پـــای معشـــوق افـــکنی

ئاوەنــگی سوبحە ئەشکی دییەی هەوری رێبــەنان
ســاقی سەبووحــی ئێمــە بە لیــوانە گــەورە کان!
نوقمم لە بــەحری خۆپەســەنی، تێکە بۆم شــەراب!
چون ئەم گــەزاف و لافـە شەرابـی فەقەت دەوان
نۆشیـــنی خوێـــنی پیـــاڵە حەڵاڵە و رەوا بەهـۆی
عەشقی دو چاوی مەستـی کە شایانە هەر لە شــان
وریـا بە ساقیــا کە کەمیـــــنی خـــەمم لە رێن!
موتریب هەر ئەو نەوایە کە پەنجەت لەسەر خـزان
مەی بێنە ســاقـی! سەر لە بنـا گوێمـە چەنگ ئەڵێ
خــۆش رابوێـــرە، بژنەوە لەم پیـــرە کۆمــەتان
مەی تێکە! چونکو موتریب ئەڵێ دەوڵەمەندە یار
ساقـــی قەســـەم بە تەبعی بڵێـندی قــەڵەندەران
تۆ بیت و چاوی مــەستی لە کەس بێ‌نیازی خۆت
مەیــخانە کەت نەبەستی لە «کۆلیـل» و بێکــەسان

صبـــح است و ژالـــه می‌چـــکد از ابـــر بهمنی
برگ صبـــوح ســـاز و بـــده جـام یک منـــی

در بحـــر مـــایی و منـــی افتـــاده‌ام بیـــار
مـــی تا خـــلاص بخشـــدم از مـــایی و منـــی

خـــون پیاله خـــور که حـــلال است خـــون او
در کار یـــار بـــاش که کـــاری‌ست کردنـــی

ســـاقی به دست باش که غـــم در کمین ماست
مطـــرب نگـــاه‌دار همیـــن ره کـــه می‌زنـــی

می ده که سر به گوش من آورد چنگ و گفت
خـــوش بگـــذران و بشنـــو از این پیـــر منحنـــی

ســـاقی بـه بی‌نیـــازی رنـــدان که مـــی بـــده
تـــا بشنـــوی ز صـــوت مغنّـــی هُـــوَالْغَنـــی

ئەی ئەوەی خوێنی مە دەڕژێنی و مەودات نییە

سەرف و سەرمایە دەسووتێنی و پەروات نییە

دەردەدارانی بەلا ژاری هەلاهەل بە دەسن

قەستی ئەم خێڵە خەتەرناکە نەکەی! هات نییە

کە دەکا گۆشەیی چاوت دڵی ئەو خەڵکە دەوا

ئەمە کەی دادە کە ئینسافی موداوات نییە

چاوی ئەم کۆرە کە زەریا بە دنەی وەسڵتە بۆچ

عەزمی سەیرانی شەپۆل و لچی زەریات نییە

چی دەکەن نەقڵی خراپی لە خەدەی جوانی ئەتۆ

قین و بوغزی دژە، تۆ قەت ستەمی وات نییە

کەڕەتێ زاهیدا! ئەگەر مانگی مە هەڵبێت لە تۆ

لە خودا غەیری مەی و لێوی تەمەننات نییە

«حافز»! سوژدە لە ئەبرۆی وەکو میحرابی بەرە

لەسەر ئەو تاقە نەبێ تۆ کە دوعا لات نییە

لەوەتا سوژدە لە چاوت دڵی «کۆلیل» دەبا

لە گوڵی نێرگزی قەت زەوقی مولاقات نییە

ای که در کشتن ما هیچ مدارا نکنی
سود و سرمایه بسوزی و محابا نکنی

دردمندان بلا زهر هلاهل دارند
قصد این قوم خطا باشد هان تا نکنی

رنج ما را که توان برد به یک گوشه‌ی چشم
شرط انصاف نباشد که مداوا نکنی

دیده‌ی ما چو به امید تو دریاست چرا
به تفرج گذری بر لب دریا نکنی

نقل هر جور که از خلق کریمت کردند
قول صاحب‌غرضان است تو آن‌ها نکنی

بر تو گر جلوه کند شاهد ما ای زاهد
از خدا جز می و معشوق تمنا نکنی

حافظا سجده به ابروی چو محرابش بر
که دعایی ز سر صدق جز آن‌جا نکنی

لە غـــەم ئازادی کە بە گوێی منی ئـازادە بکــەی
خوێنـی دڵ خۆری کە داوا بەشی بێوادە بکــەی
دەستـی ئاخـر گڵی بەردەستی گەلی گۆزەگـەری
کووپەیێ ئێستــە دەبێ پڕ لە شــەمی بادە بکــەی!
گەر لەوانـەی کە بە ئاواتـــی بـەهشتـــی هەر ئەشێ
بـادەنۆشی لەگـەڵ ئەم خێـــڵە پەریـزادە بکــەی
نەکوتـی دەم لە کـــەراماتی گەلـی گەورە بە لاف!
مەگە مـاف و کەرەسـەی گەورەیی ئامادە بکــەی
خێرت ئەی خوسرەوی شیـــرین‌دەمەکان سەد لا بێ!
نەزەرێ گەر بە کـەرەم لەم دڵە فەرهـــادە بکــەی
خاتـرت دوورە لە هــــەڵگرتنی نەخشـی کەرەمــێ
لەوحی دڵ لەو هەمـو نەخشـانە مەگەر سادە بکــەی
بە کـەرەم کاری دەرون «حـافـــز»! ئەگەر بسپێـری
هەر وەکوو دەس لە مل ئیقباڵی خـودادادە بکــەی
ئەی سـەبا خـــاکی دەری خاجە جـەلالەددین بـە!
تا جەهـــان پڕ لە گوڵ و سۆســەنی ئـازادە بکــەی
شەکرە ژەهـری دەسی تۆ بۆ دڵی «کۆلیـل» وەکوو
دادە بـــۆ ئەو کە بە ئەو زولفـە چ بێـــدادە بکــەی

بشنو این نکته که خود را ز غـم آزاده کنی
خــون‌خوری گر طلب روزی ننهاده کنی

آخــرالامر گل کوزه‌گـران خواهـی شـد
حالیــا فکر سبــو کن که پر از بـاده کنی

گر از آن آدمیــانی که بهشتت هوس است
عیـش با آدمـی‌ای چنـد پــری‌زاده کنی

تکیه بر جـای بزرگان نتــوان زد به گزاف
مگر اسبــاب بزرگـــی همـه آمــاده کنی

اجرهــا باشـدت ای خسرو شیـرین‌دهنــان
گر نگـاهی سوی فرهــاد دل‌افتــاده کنی

خاطرت کی رقـــم فیض پذیـرد هیهات
مگر از نقـش پراگنـــده ورق ســاده کنی

کار خــود گر به کرم بـاز گـــذاری حافظ
ای بسـا عیــش که با بخت خـداداده کنی

ای صبــا بنـدگی خواجه جلال‌الـدین کن
که جهـــان پرسمـن و سوســن آزاده کنی

ئەی دڵ! بە کـۆی ئەوین چییە ناکەی گوزەر دەمـێ
هەوڵێک نادەی ئەرچی جەم و جۆری وەک جەمێ
چـەوگان بە دەستی ئەمـری کەچی نەترِفـاند گـۆ
بـــازی سپیت زۆر و شـــکارت نەبـوو کەمـــێ
ئەم خوێنـــە وا شـــەپۆلی لە تـۆی جەرگتایە بۆچ
ناکەی بە رەنگ و بـۆنی دەلالێ، گوڵێ، شەمـێ؟
تا وەک ســەبا لە کەوشـەنی ئـازیز سـەر نەدەی
بۆنێـــکی خۆش لە کـۆشی سرشتت چ نادەمـــێ
تاکوو نەچێـــژی ژاری درِوویـــێ، لە مێـــر گوڵان
پرِ باخـــەڵێ گـوڵاڵە دەترســـم نەکـەی جەمـــێ
گەنجـن لە گیـانی باخەڵەتا بێنی مـوشک و هیچ
نادەی لە کاکوڵی رەش و زولفـی شـەکەر دەمـێ
لێـــوانی لوتفـە جـامت و قلمـۆ ئەدەی شـــەراب
نیـتانە چون لە دەردی خـوماریێ کەمـــێ غەمـێ
لەم عـــاشقانە «حافـــز»! ئەبێ دوور بی، کــــە وان
کەوتـون لە دەرکی مەحـــرەم و تۆ نیتە مەحرەمـێ
هەرکەس غوڵامی ئەرکی ئەوین وەک «عومەر» نەبێ
بێسانی عومـــری چۆڵە لە هەر جـۆرە بەرهەمـــێ

ای دل به کوی عشق گذاری نمی‌کنی
اسباب جمع داری و کاری نمی‌کنی
چوگان حکم در کف و گویی نمی‌زنی
باز ظفر به دست و شکاری نمی‌کنی
این خون که موج می‌زند اندر جگر تو را
در کار رنگ و بوی نگاری نمی‌کنی
مشکین از آن نشد دم خلقت که چون صبا
بر خاک کوی دوست گذاری نمی‌کنی
ترسم کز این چمن نبری آستین گل
کز گلشنش تحمل خاری نمی‌کنی
در آستین جان تو صد نافه مدرج است
وآن‌را فدای طُرّه‌ی یاری نمی‌کنی
ساغر لطیف و دلکش و می افکنی به خاک
و اندیشه از بلای خماری نمی‌کنی
حافظ برو که بندگی پادشاه وقت
گر جمله می‌کنند تو باری نمی‌کنی

بەیـانــــیَ ریَــرەویَــــکی رازبینـــــیَ
بە هاورِیَــــکەی دەوت نوکتـــەی شرینیَ

کە مـــەی ئەو کاتــە مەست و سافـە سۆفی!
لە کۆشــکی شووشـــەدا بـــیَ ئەرِبەعینـــیَ

خـــودا بیَــــزارە لەو عابـــایە ســـەد جـار
کە هـــەر قۆلَیَــکی بۆ ســـەد بت کەمینیَ

ئەگـــەرچی بـــاوی جوامیَـــری نــەمـاوە
بە جـــیَ بیَــــنا نیــــازی نازەنینـــــیَ!

دەزیَ خەرمــانت ئەی خـاوەن (جـەز)و(کـۆ)
بەزەت بــیَ ئەر بە حالَـــی خۆشــەچیـنیَ

نە روخســـاری مرۆڤـــیَ شــاد ئـــەبینم
نە دەردی دیــن، نە هــــەتوانی برینــــیَ

دەرون تاریــــکە گشتـــی مـەر لە غــەیبـۆ
چـرایـــــیَ هـــــەلَبکا خەلَــوەتنشینیَ

گەر ئـــەنگوستـــی سلَیمــــانی نەبـــوو پیَت
دەبـــیَ کەلَـــکی چ بیَ نـــەخشی نگینیَ

بەلَیَ دابی گـــورۆی شـــۆخانە تونــــدی
چ بوو هیَـــور بی جـــاریَ بۆ غــــەمینیَ

بلَـــیَ پیَـــم ریَی موغان تاکوو بـەدی کەم
ســــەرەنجـامم لە فالَـــی تالَـــەبینیَ

نە «حــافز» دەرســی خەلَوەی دلَ دەبیَ فیَـر
نە زانـــا ریَـــــگەزانی کـــۆی یـــەقینیَ

وەکوو «کــــۆلیل» یـــارەبی نەبیَ کـەس
لە شــــەو نالَـــەی جودایی بیَ ئـــەوینیَ

سحـــــر گه رهـــروی در ســـرزمینی
همـــی گفت این معمـــا با قـرینـــی
که ای صوفی شـراب آن‌گـه شود صاف
کـه در شیـــشه بـــر آرد اربعیـــــنی
خـــدا زان خرقـــه بیـــزار است صد بـار
که صـــد بت باشـــدش در آستیـــــنی
مـــروت گرچه نـــامی بی‌نشـــان است
نیـــازی عرضـــه کـن بـر نازنیـــنی
ثـــوابت باشـــد ای دارای خـــرمـــن
اگر رحمی کنـی بر خـــوشـه‌چیـــنی
نمی‌بیـــنم نشـــاط عیـــش در کس
نـــه درمـــان دلـی نـــه درد دینـــی
درون‌هـــا تیـــره شد باشـــد که از غیب
چـراغـــی بر کنـــد خلـوت‌نشیـــنی
گر انگشـــت سلیمـــانی نباشـــد
چه خـــاصیت دهـــد نقـش نگیـــنی
اگرچـه رسـم خوبـــان تنـــدخویی‌ست
چـــه باشـــد گر بســـازد با غمیـــنی
ره میـــخانه بنمـــا تـــا بپـــرســـم
مـــآل خویـــش را از پیـــش‌بیـــنی
نـه حافـــظ را حضـــور درس خلـــوت
نـــه دانشمنـــد را علـــم الیقیـــنی

مەیلــی نیشتن لە بەر ئاوێنـــە نەبێ گەر لە ســەرت
خۆت ئەبینـــی کە چ غەوغایێ هەڵەستێ لە سـەرت
تۆ ئەوەی ســەروەری کردی بە غــولامی لە دەری!
کە کەســـی‌تر مەنە جێـی پیرە غولامێـکی دەرت
گەوهـەری عەشقە هونەرمان و هەوەس بێ‌هونـەرین
خـزە رێـگا، نەکەوی! گـــەردنی دەشکێ هونەرت
سەروەری عێلی جووانانی بەهۆی شـەرم و حـــەیا
ئافـــەرین بۆ ئەدەبی سەر لە خـدە و خـوی بەشەرت
بە رواڵـــەت ئـەوە چـاتر بو بە تـۆ ئەی گوڵی من
کە نەکا ئەم دەمە لوتفـــــێ لەگەڵم سەروی تەڕت
چـــارە بۆ عاشقی بێـــچارە فەقەت سـەبرە لەســـەر
جەور و بێـــدادی رەقیبـــانی دەر و دەور و بـــەرت
بە هـــەوای ئێـــوە لە گوڵـــزارەوە هەستـاوە سـەبا
کە نەبوو نەستەرەن و گـوڵ وەکو زولفی چەمــەرت
نەفەسێ پـــێ بنە ســـەر دیـــدەم و بڕوانە کە چۆن
رەقسی ئەشـــکم لە چەپ و راسەوە دەمژن نەزەرت
خـۆشەویستی کە لە بەرچـــاوی حەقیـــقەت‌بینان
بێ‌نـــەزەر بژنـــەوە رازێ لە منـــی خـــۆش‌خەبەرت
نازەنینـــــێ وەکو تۆ پـــاک وەهـــا چـاکە نەبێ
چـاوی پیسی کەسی ناپاک لە کـــۆی موعتەبەرت
گوڕمی لافـــاوی دییەم سەبـــری دڵی «حافز»ی برد
گەییە ئاخـــر وزەم ئـــەی بیلبیلە بەس بێ گوزەرت!
تۆ بە ئەم شۆخـــی و بێ‌بـاکییە ئەی مانـــگی پـــڕم
هەر مەگـــەر خاجـە بکا هـــاڵە لە دەوری قەمەرت
دڵ بە شەوگاری قـژت، کوێـرە لە دیـــداری چەمەن
شەوەقێ هەڵکە لە کوڵمی سەحەری بۆ «عومـەر»ت

تو مگـــر بـر لب آبــی به هـــوس بنـشینــی

ورنــه هر فتـــنه که بیـــنی همــه از خــود بیــنی

به خـــدایی که تویـــی بنــــده بگزیــدهی او

که بـر این چــاکر دیرینـــه کسـی نگزینــی

گر امـــانت به ســلامت ببـــرم باکــی نیست

بیدلـــی سهـــل بود گر نبـــود بیدینـــی

ادب و شـــرم تو را خســـرو مهرویـــان کرد

آفریــن بر تو که شایستـــهی صـد چندینــی

عجب از لطف تـــو ای گل که نشستی با خـــار

ظـــاهـــرا مصلحت وقـــت در آن میبینـــی

صبـــر بر جـــور رقیبت چه کنـم گر نکنـــم

عاشقــــان را نبـــود چـــاره بجـز مسکینـــی

بـــاد صبحی به هـــوایت ز گلستـــان برخـــاست

که تو خـــوشتر ز گل و تـــازهتر از نسرینـــی

شیشـه بازی ســرشکم نگـــری از چپ و راست

گـر بـر ایـن منـــظر بینـــش نفـــسی بنشینـــی

سخنـــی بیغـــرض از بنـــدهی مخلص بشنو

ای کــه منظـــور بزرگـــــان حقیـقتبینـــی

نازنیـــنی چو تو پاکیـــزه دل و پـــاک نهاد

بهتـــر آن است کـه بـــا مـــردم بـــد ننشینـــی

سیـــل این اشک روان صبـــر و دل حافـظ برد

بَلَـــغَ الطّـــاقـةُ یا مُقلَـــةَ عَیْـــنی بِیـــنی

تو بدیـــن نازکی و ســرکشی ای شمـــع چگل

لایـــق بنـــدگی خواجــه جـــلالالدینـــی

ساقیا چەتری سەرت هەوری بەهارە و سەری جۆ
با نەڵێم چی کەمە، گەر ئەهلی دڵی نۆبەتە تۆ
نایە لەم خەرقە شنەی بۆنی برایی، وەرە ئەم
دەڵقە ناپاکتە سۆفی لە شەتی بادە وەشۆ!
مەکە باوەڕ بە جەهان و کەرەمی سپڵەیە چون
ئەی جەهانبین غەمی ئەم سپڵە جەفا شوغڵە مەخۆ
بژنەوی گەر لە من ئەم دوو قسە سەد گەنج دەژی
دەرکی خۆشی مەژەنە و دوو، دەمی تۆمەت مەکەرۆ
لە سپاسی ئەوە دووبارە گەیشتی بە بەهار
بەر و بۆی چا بدە! کەچ ڕێگە نەکەی چاکە لە خۆ
نانوێنێ ڕوخی گیانان کە نەبێ دڵ وەکو جام
نالی ئەسپێ نییەتی وەک گوڵ و نەسرین بەر و بۆ
گوێ لە بولبول گرە! دەگریت و دەڵێ گەورەم ئەمان
نەفەسی گوڵ بمژە و بەر مەدە یێخەی کوڵ و کۆ
خۆش وتت بۆنی ریا دێ لە دەمی «حافز»ی شار
ئافەرین! چاکی دەناسی نەفەسی خێڵی درۆ
چەشنی «کۆلیل» کەسێ ئێستە ریاکار نەبێ
مەسەلێ باوە دەڵێن: (باڵت ئەوێ یاکو چەقۆ)

ساقیـــا ســـایه‌ی ابر است و بهار و لب جوی
من نگویم چه کن ار اهل دلی خود تو بگوی
بوی یک‌رنـگی از این نقش نمی‌آیـد خیـــز
دلق آلــوده‌ی صــوفی به مـی نـاب بشــوی
سفله طبع است جهان بر کرمش تکیــه مکن
ای جهان‌دیـده ثبـات قــدم از سفله مجــوی
دو نصیحت کنمت بشنـو و صـد گنـج ببـر
از در عیـــش درآ و بـــه ره عیـب مپـــوی
شـــکر آن را که دگربـــار رسیدی به بهـار
بیـــخ نیکی بنشـــان و ره تحقیــق بجــوی
روی جانـــان طلبـــی آینــه را قابـــل ســـاز
ور نه هرگز گل و نسرین ندمد ز آهن و روی
گوش بگشای که بلبل به فغـــان می‌گویـــد
خواجــه تقصیر مفرمـا گل توفیـق ببـــوی
گفتی از حافـــظ ما بـــوی ریـــا می‌آیـــد
آفرین بر نفست باد که خـوش بردی بـــوی

دوێشەو لە کۆشی ژاڵە بە ئاهەنگی پەهلەوی
دەرسی مەلی سەحەر بو مەقاماتی مەعنەوی
یانی وەرن کە ئاگری مووسا نووانی گوڵ
گفتی ئەوین لە دارەگوڵێ بەڵکە بژنەوی
بولبول تەرانەسازە لە باخ و لەتیفەبێژ
تا خاجە مەستی مەی بن و ئەشعاری مەسنەوی
جەمشید هەر حەکایەتی جامی دەڵێن و بەس
عاشق بە تاج و تەختی جەم و بەختی ئەو نەوی!
ئەم داستانە سەیرە لە شەنسی شەڕم کە یار
کوشتی ژیانی ئێمە بە ئیعجازی عیسەوی!
خۆزگەم بەوەی دەکا خەوی شایی لەسەر حەسیر
ئەم ژینە کەی شیاوە لەسەر تەختی خوسرەوی
وێرانە ماڵی خەڵکی بە نازێ لە چاوەکەت
نەتبێ خومار چاکە کە تا مەستی خوشڕەوی
جووتێری پیر چەندە وتی خۆش بە کوڕ شەوێ
هەرچی بچێنی نووری دیەم هەر وە دەدرەوی
مەیگێڕ زۆری داوە بە «حافز» شەراب وا
شێواوە پێچی مێزەر و کاکۆڵی مەولەوی
«کۆلیل» شەو بە ناڵە دەخا گڕ بە ئاسمان
ڕۆژۆ دەبێ دەبێتە چەت و خەوشی سەر زەوی

بلبـل ز شاخ سـرو به گلبـانگ پهلـوی

می‌خوانـد دوش درس مقامـات معنـوی

یعنی بیـا که آتش موسـی نمـود گل

تا از درخت نکتـه‌ی توحیـد بشنـوی

مرغان باغ قافیـه سنجنـد و بذلـه گوی

تا خواجه می خورد به غزل‌هـای پهلـوی

جمشید جز حکایت جـام از جهـان نبرد

زنهـار دل مبـند بر اسبـاب دنیـوی

این قصه عجب شنـو از بخت واژگـون

مـا را بکشت یـار به انفـاس عیسـوی

خوش وقت بوریا و گـدایی و خواب امن

کاین عیش نیست درخور اورنگ خسروی

چشمت به غمزه خانه‌ی مردم خراب کرد

مخموریت مبـاد که خوش مست می‌روی

دهقـان سالخورده چه خوش گفت با پسر

کای نور چشم من بجز از کشته نـدروی

سـاقی مگر وظیفـه‌ی حافظ زیـاده داد

کآشفته گشت طـرّه و دستـار مولـوی

ئەی بێخەبەر لە خۆ وەرە دەرا! خۆش‌خەبەر دەبی
ڕێ‌بڕ بە نیوەشەو بە! بە ڕێبەر سەحەر دەبی
ئەی کوڕ ئەگەر لە مەکتەبی عەشق و ئەدەب نەبی
دوارۆژ چۆن بە بابی ئەوین و هونەر دەبی
مەردانە دەس بشۆ لە مسی لەش لە کۆی ئەوین
بەو کیمیایە چونکو بە گیانی گوهەر دەبی
لەش‌پەروەری لە ڕێز و پلەی خۆتی دابڕی
وەختێ دەگەی بە خۆ کە لە خەون و لە خۆر دەبی
گرشەی کە کەوتە گیان و دڵت نووری عەشقی پاک
وەڵڵا گەلێ لە خۆری فەلەک ژوور و سەر دەبی!
تاوێک نوقمی بەحری خودا بەو نەکەی خەیاڵ
هەرگیز بە حەوت بەحری جەهان موویە تەڕ دەبی
سەر تا بە پێ لە نووری ئەوین غەرقی ئەو دەمە
کە بۆ بەژنی بەسامی بە بێ پێ و سەر دەبی
روخساری جوانی دڵبەرە گەر دیمەنی نەزەر
دەڕوا گومان، بە ئەهلی یەقین و نەزەر دەبی
کاتێ کە ژێر و روویە دەبێ هەستی تۆ تەواو
خۆفت نەزێتە سینە کە ژێر و زەبەر دەبی
«حافز»! بە خاکی دەرکی هونەروەر ئەگەر ببی
بڕوا کە پێم بە وەسڵی ئەوین بەختەوەر دەبی
دڵ بێ بە (فووجیامە)، بە (کانی‌نووا) دییەت
پێت وا نەبێ کە چەشنی شەوانی «عومەر» دەبی

ای بی‌خبـــر بکـوش که صـاحب‌خبـــر شـــوی
تـــا راهـــرو نبـــاشی کـــی راهبـــر شـــوی

در مکتـــب حقـــایق پیـــش ادیـــب عشـــق
هـــان ای پســـر بکوش که روزی پـــدر شـــوی

دست از مس وجـــود چـــو مـــردان ره بشـــوی
تا کیمـــیای عشـــق بیـــابی و زر شـــوی

خـــواب و خـــورت ز مرتبـــه‌ی خویش دور کرد
آن‌گه رسی به خویش که بی‌خواب و خور شـــوی

گر نـــور عشـق حـــق به دل و جـــانت اوفتـــد
بـــالله کز آفتـــاب فـــلک خـــوب‌تر شـــوی

یکـــدم غریـــق بحر خـــدا شـــو گمـــان مبـــر
کز آب هفت بحـــر به یک مـــوی تـــر شـــوی

از پـــای تا ســـرت همه نـــور خـــدا شود
در راه ذوالجـــلال چـــو بی پـــا و ســـر شـــوی

وجـــه خـــدا اگر شـــودت منـــظر نظـــر
زین پس شکی نمانـــد که صاحب‌نـــظر شـــوی

بنیـــاد هستـــی تو چـــو زیـــر و زبـــر شـــود
در دل مـــدار هیـــچ که زیـــر و زبـــر شـــوی

گر در ســـرت هـــوای وصـــال است حـــافظا
بایـــد که خاک درگـــه اهـــل هنـــر شـــوی

پیری مـــەیخانە لە رووی لوتفەوە کاتی سەحـەرێ
وتی بێــــــرۆ کە لە مێـــژینمی دەربـانی دەرێ
نووری ئەو جامی جەهان‌بینــتە رازی دو جەهـــان
دەر دەخـا گەر وەکو جەم جامی ئەمن بنیە سـەرێ
رەند و دەروێـــشی وەها وا لە دەری مـەیکەدەمان
تاجـی شایــی دەرفێـنن لە سـەرێ بۆ دیگەرێ
سەر لەسەر خشت و لەسەر (حـــەوتەوەنان) پایـانە
لەم هــەموو قودرەت و سامانە عـەقڵ گێژە، ئەرێ!
سەری ئێــــمە و دەری ئــەو مەیکەدە وا سەربانی
لە فەلەک بانــە لە دیـواری کەچـی دەچیە سەرێ
رێــگەی ئەم مەنزڵە بێ خزری بەڵەد نەگرییە پێش
شـەوەزەنگە و پڕە هەر شوێنی لە ترس و خەتەرێ
تەختی دەروێشی و خۆشیت ئەگەر ئەی‌دڵ بدەنێ
دێنە ژێر پەرچەمی تۆ بەحر و بەڕ و مانگ و خۆرێ
بەزمی تووران‌شەهی و تەختی وەزارەت بەسە بۆت
دەم لە سامانـــی هـەژاری مەدە وەک بێــخەبەرێ
ئەمەلت «خاجـــە» کە فیردەوسە بفەرموو عەمەلت!
تەمەعـــی خاوەنەکەی! چاکە حـــــەیا بۆ بەشەرێ
دەردی «کـۆلیل» گەلێ کارییە یـــاڕەب کەرەمێ!
بە گەدایــی ئـەوە هـــاتۆتە دەرت دەربـــەدەرێ

سحـــرم هـــاتف میـــخانه به دولتخـــواهی
گفت بـــازآی که دیرینـــه‌ی این درگـــاهی
همچو جم جرعه‌ی ما کش که ز سر دو جهـان
پرتـــو جـــام جهان‌بیـــن دهـــدت آگـــاهی
بر در میـــکده رنـــدان قلنـــدر باشنـــد
که ستاننـــد و دهنـــد افســـر شاهنشـــاهی
خشت زیر ســـر و بر تـــارک هفت اختر پای
دست قـــدرت نگر و منصب صاحب جـــاهی
ســـر ما و در میـــخانه که طرف بـــامش
به فـــلک بر شـــد و دیوار بدیـــن کوتـــاهی
قطـــع این مرحله بی همـــرهی خضـــر مکن
ظلمـــات است بتـــرس از خطـــر گمـــراهی
اگـرت سلطنـــت فقـــر ببخشنـــد ای دل
کمتـــرین ملک تـــو از مـــاه بود تا مـــاهی
تـــو دم فقـــر ندانـــی زدن از دســـت مـــده
مسنـــد خواجـــگی و مجلس توران‌شـــاهی
حافظ خـــام طمـــع شرمی از این قصه بـــدار
عملت چیست که فـــردوس برین می‌خـــواهی

ئـەی ئەو کەسـەی لە چێـرەت ئاکـاری شاریـاری!
فیکـرت خەزێنـەوانی گـەنجی نهێـنی بـاری
سـەد کانیـاوی ژینـی بۆ دیـن و گـەل قەڵەمتـان
تـۆقان بە رەش‌دڵـۆپێ سـەد مەرحـەبا لە کـاری
هـەڵنایە خۆری ئیسمی ئەعـزەم لە دێوی ناپـاک
تۆ شای نگین و موڵـکی سـالاری ئـەمر و کـاری
کـێ حیـکمەتی سـلێمان بـاوەڕ نەکا بە عەقـڵ و
زانیـنی، دێـنە قـاقـا بـێ‌زار و زارداری
جارجارە بـاز ئەگەرچـی تاجێ لە سـەر دەنێ کەچ
سیمورغـی قـاف ئەزانـێ ئاییـنی شـاریاری
شێـرێ کە بەرقـی فەیـزی گـەردوونی بێ لە گەڵـدا
بێ خـەرج و باجـی قۆشـەن، دونیـا دەکا مەهـاری
فـەرمانی تۆ چ دڵگیـر گیـان‌بەخـش و دڵـڕفێـنە
وەک چـاوەزار و سیحـرن بۆ یـار و هـەر نـەیاری
ئەی خـوڵقی تۆ لە خـاکی سـەربەرزی و شـەرافەت
وەی بـەختی سەربڵێـندی! پـاکی لە عەیب و عـاری
بەڵـکوو لە فیـزی مزگـەوت بەر ماڵـەکەم بشۆمۆ
ساقـی! لە کـۆی خەرابـات جـامێ دەکات چاری
عومرێـکە شـاریارا خاڵـی لە مـەی سوراحیـم
هـەر وەک لە وەزعـم ئاگـان دارۆغـە، شێخی شاری
وەک پەرِی‌کایـە رەنگ و روخساری سووری یاقووت
بێـت و بخـەی لە کانـی شەوقێـکی تیغـی کـاری
گەر حاڵی ئەو غـولامەت سـرووەی سەحـەر بفـەرمێ
لام وایـە دڵتەسووتـێ بۆ شـەونشینـی زاری
لەو جـێ کە بـەرقی تـاوان پێـکایە بـاوەگەورەم
من کێـم بڵێـم کە پاکـم نەمبوو لە رێـگە لاری
«حافـز»! کە نـاوت ئێنـێ جـارجـارە شـاریـارت
بێـرۆ بە تۆبەکـاری، بۆ کۆشـی بـەختـیاری
یـاڕەب بە حەققی عەشقـی رەنجـاوی گیانی «کۆلیل»
بمبەخشە خوێنـی پـاکی ئەنفـالـی کـوردەواری

ای در رخ تـو پیـــدا انـــوار پـادشـــاهی
در فکـــرت تـــو پنهـــان صـد حکمـت الهی

کلک تـو بـــارک الله بـر ملـــک و دین گشـــاده
صـد چشمــه آب حیـوان از قطـره‌ی سیـاهی

بر اهـــرمن نتـــابد انـــوار اســم اعظـــم
ملـــک آن توست و خاتـم فرمـای هرچه خواهی

در حکمت سلیمـــان هر کس که شـک نمـــاید
بر عقـــل و دانش او خندنـــــد مرغ و مـــاهی

بـــاز ار چـه گاهـگاهی بر ســر نهـد کـلاهی
مرغـــان قـــاف داننـــد آییـــن پادشـــاهی

تیغـــی که آسمـــانش از فیـض خود دهـد آب
تنهـــا جهـــان بگیـــرد بی منـت سپـــاهی

کلک تو خـــوش نویسد در شـأن یـار و اغیـــار
تعویـــذ جان‌فـــزایی افســـون عمـر کـــاهی

ای عنصـــر تو مخلـــوق از کیمیـــای عـــزت
و ای دولت تو ایمـــن از وصمـــــت تبـــاهی

ســـاقی بیـــار آبـی از چشمـــه‌ی خرابـــات
تا خرقـــه‌ها بشوییـــم از عجب خانقـــاهی

عمـری‌ست پادشـاها کز می تهی‌ست جـــامم
اینـــک ز بنـــده دعـوی و از محتسب گـــواهی

گر پرتـــوی ز تیغـــت بر کـــان و معـــدن افتـد
یاقـــوت ســـرخ‌رو را بخشنـــد رنگ کـــاهی

دانـــم دلت ببخشـــد بر عجـــز شب‌نشینـــان
گر حـــال بنـــده پرســـی از بـــاد صبحـگاهی

جـــایی که بـــرق عصیـــان بـر آدم صفـــی زد
مـــا را چـــگونه زیبـــد دعـــوی بی گنـــاهی

حافـــظ چو پادشـــاهت گهـــگاه می‌برد نـــام
رنجـــش ز بخت منمـــا بـــازآ به عـــذرخـــواهی

نییە وەک من لە هەموو مەیکەدەیێ دڵ بە غەمێ
خەرقە لە گرێوی مەی و دەفتەری شیعرم سەنەمێ
دڵ کە ئاوێنەیی شاییمە غوباری لەسەرە
ئەی خودا! هەمنەفەسێ سینە وەکوو جامی جەمێ
تۆبەمی داوە بتێ، جام فرۆشێ، کە نەخۆم
بادە، مۆم و گوڵی مەجلیس کە نەبێ خونچە دەمێ
نێرگز ئەر خۆ وەکو چاوت دەنوێنێ مەبە زیز!
کوا بەدوی کوێر ئەکەون خەڵکی نەزەر بۆ کەرەمێ
زات و زاری نییە پەروانە بکا شەرحی ئەوین
مەگەر ئەم باسە ببیسی لە دەمی گەرمی شەمێ
جۆگەلەم بەستووە زۆرێک لە کۆشم کە بێن
سەوڵ بالایێ لە پالم بەر و بۆ تازە دەمێ
جامی لە گوێنی گەمی بێنە کە وا بێ گوڵی روت
بوو بە بەحرێ لە غەمی سینە هەموو گۆشە چەمێ
مەکە باسی کەسیتر بۆ منی ئازیز پەرست!
کە بە غەیری ئەو و جامم نییە بۆ غەیرە غەمێ
قسەی ئەو گاورە چەن خۆش بوو کە دەیوت بە نەوای
دەف و نەی خۆش لە دەری مەیکەدە کازیوە دەمێ
ئەگەر ئەم ئیشە موسوڵمانییە «حافز» هەیەتی
وەی ئەگەر بێنە قەزاڵی لە قیامەت گ ژەمێ
ئەسڵی ژین عەشقی زولاڵی دڵی «کۆلیل»ـە بە تۆ
کوردی، فورسی، لوڕی، تورکی، عەرەبی یا عەجەمێ

در همه دیـــر مغـــان نیست چو من شیـــدایی
خرقــه جــایی گرو بـــاده و دفتـر جـــایی

دل که آیینـــه‌ی شـــاهی‌ست غبـــاری دارد
از خـــدا می‌طلبـــم صحبت روشـــن‌رایی

کرده‌ام توبـــه به دست صنـــم بـــاده‌فروش
که دگر مـــی نخـــورم بی رخ بـــزم‌آرایی

نرگس ار لاف زد از شیـــوه‌ی چشـــم تو مرنج
نرونـــد اهـــل نظـــر از پی نابینـــایی

شـــرح این قصه مگر شمـــع برآرد به زبـــان
ور نــه پروانـــه نـــدارد به سخـــن پـــروایی

جوی‌ها بستـــه‌ام از دیـــده به دامـــان که مگر
در کنـــارم بنشاننـــد سهـــی بـــالایی

کشتـــی بـــاده بیـــاور که مرا بی رخ دوست
گشت هر گوشه‌ی چشم از غـم دل دریـــایی

سخـــن غیـــر مگـــو با من معشـــوقه‌پرست
کز وی و جـام مـی‌ام نیست به کس پـروایی

این حدیثم چه خوش آمد که سحرگه می‌گفت
بـر در میـــکده‌ای با دف و نـــی تـرســایی

گر مسلمـــانی از این است که حافـــظ دارد
آه اگـر از پـی امـــروز بـــود فـــردایی

له دوو دییه‌م خه‌مه‌ قــه‌وسی هیلالی روو قه‌مه‌ریٚ
خــه‌یاڵی سه‌وزه له جێیێ عوزاری مووکه‌مه‌ریٚ
خــودا بکات! که فــه‌رمانی عــه‌شقی من بگه‌یێ
به وه‌سڵــی مۆری که‌وانی ره‌شی وه‌کوو هونــه‌ریٚ
ســه‌رم نه‌ما ده‌ســه‌ڵاتی، دییه‌م تروسکی سووت
به عــه‌شقی نێرگزی سه‌رویٚ سه‌فا به کۆڕ ده‌ریٚ
دڵــم تــه‌م و مــژه گڕ به‌ر ئه‌ده‌م له ده‌ڵــقی ریا
وه‌رن به ســه‌یر و بزانن شیــاوه بۆ نــه‌زه‌ریٚ؟!
به داره‌تــه‌رمی چنــارم بــه‌رن به گــۆڕستــان
به لــه‌رزی قامه‌تی به‌رزی له خۆ که چوومه ده‌ریٚ
له‌غاوی دڵ، منی ده‌روێش ئه‌ده‌م به ده‌ستی کــه‌سیٚ
که چاوی ده‌وڵه‌تی حوسنی نه‌بوو له دڵ که‌سه‌ریٚ
له جێگه‌یــێ که ده‌لالان به عیشوه جه‌رگ ئه‌بڕن
عه‌جه‌ب مه‌مێنه له به‌ر پێت ئه‌گه‌ر بــڕاوه ســه‌ریٚ
منـــیٚ که رۆشنه ماڵــم به مانگی رووم‌ه‌تی ئه‌و
مه‌گه‌ر به نووری هه‌ســاره‌م نه‌زه‌ر ده‌بیٚ قه‌ده‌ریٚ؟!
له فیکری مه‌یلی ئه‌وین بی! نه فه‌سڵ و وه‌سڵی ئه‌وان
که حه‌یفــه غه‌یری مه‌رامی ئه‌وت له سه‌ر گوزه‌ریٚ
سه‌فــه‌ر بکا غــه‌زه‌ڵی «خاجــه» گه‌ر به زه‌ریایێ
خــه‌ڵاتی گه‌وهه‌ر ئه‌ده‌ن ماسیان له هه‌ر ده‌وه‌ریٚ
وتم که ماچــی ده‌مت ســه‌ر له هه‌ر خــه‌ڵاته وتی
مه‌گه‌ر که‌ســیٚ هه‌یه «کۆلیــل» بێت و به‌خته‌وه‌ریٚ

به چشم کرده‌ام ابروی ماه سیمایی
خیال سبزخطی نقش بسته‌ام جایی
امید هست که منشور عشق‌بازی من
از آن کمانچه ابرو رسد به طغرایی
سرم ز دست بشد چشم از انتظار بسوخت
در آرزوی سر و چشم مجلس‌آرایی
مکدّر است دل آتش به خرقه خواهم زد
بیا ببین که که را می‌کند تماشایی
به روز واقعه تابوت ما ز سرو کنید
که می‌رویم به داغ بلندبالایی
زمام دل به کسی داده‌ام من درویش
که نیستش به کس از تاج و تخت پروایی
در آن مقام که خوبان ز غمزه تیغ زنند
عجب مدار سری اوفتاده در پایی
مرا که از رخ او ماه در شبستان است
کجا بود به فروغ ستاره پروایی
فراق و وصل چه باشد رضای دوست طلب
که حیف باشد از او غیر او تمنایی
دُرر ز شوق برآرند ماهیان به نثار
اگر سفینه‌ی حافظ رسد به دریایی

سـلاوێ بە چەشنـی بـەر و بـۆی برایـی
لە خـەڵکی دوو چـاوم وزەی رۆشنـایـی
درووديـكی رون وەك دڵـی شـارەزاكان
بە تۆ شاچـرا خـەڵوەتی شـارەزایـی
لە یـاران کەسێـکم بە بەرچـاو نـایـێ
دڵـم خوێنـە سـاقی بە ناڵـەی جـودایی
لە مەیـخانە روو وەرنەگێـڕی! لەوێ چـون
گەلـێ گەرمـە بـازاڕی موشـكڵ گوشـایـی
لە غایـەت بەدەر بوو كـی دونیـا جـووانە
لە غایـەت بەدەر وەك دەكـا بـێوەفـایی
دڵـم هیممـەتی ساغـە، چـاتر شكابـێ
هـەتا دڵـڕەقانی بكـەن مـۆميـایی
شـەرابێـكی سـۆفیخەوێـن تێـكە بۆ من!
كە دەردم گـرانن لـە ریشـی ریـایـی
رەفێـقان وەهایان شـكان قـەوڵ و پەیمـان
كە وەك هـەر نەبـووبێ بەلێـنی برایـی
بـەرۆكم ئەگەر نەگری ئەی نەوسـی قـارون
دەكـەم حوكمـی شـایی لە تەختـی گەدایـی
دەكـەم ئاشنـاتان بە گـەنجـی سـەعـادەت
لە گـەڵ خێـڵی ناكـەس مەكـەن ئاشنـایـی
شكايەت لە زڵمـی فەلەك «خاجـە»! بەس كـەی
كەڕ و كوێـرە هەركەس لە كـاری خـودایـی
بە «كۆليـل»ـی پيـری موغـان وت بەيـانێ
سـەحەر يانـی دەرچـون لە تاريـكرايـی

سلامی چو بوی خوش آشنایی

بدان مردم دیده‌ی روشنایی

درودی چو نور دل پارسایان

بدان شمع خلوتگه پارسایی

نمی‌بینم از همدمان هیچ بر جای

دلم خون شد از غصه ساقی کجایی

ز کوی مغان رخ مگردان که آن‌جا

فروشند مفتاح مشکل‌گشایی

عروس جهان گرچه در حد حسن است

ز حد می‌برد شیوه‌ی بی‌وفایی

دل خسته‌ی من گرش همتی هست

نخواهد ز سنگین‌دلان مومیایی

می صوفی‌افکن کجا می‌فروشند

که در تابم از دست زهد ریایی

رفیقان چنان عهد صحبت شکستند

که گویی نبوده‌ست خود آشنایی

مرا گر تو بگذاری ای نفس طامع

بسی پادشایی کنم در گدایی

بیاموزمت کیمیای سعادت

ز همصحبت بد جدایی جدایی

مکن حافظ از جور دوران شکایت

چه دانی تو ای بنده کار خدایی

ئـەی سـەروەری سـالاران! هـاوار لە تەنیـایی
ویـرانە دڵم بێـرۆ ئەی گیانـی دلاوایی

تا سـەر گوڵی ئەم باخـەت هـەروا تـەڕ و خۆشبۆ نیـن
هـەتوان کە گـەڵی نەتوان ئێـستا کە تووانایی

بۆ بـای سەحەرم دوێشـەو تا وت لە شـەڕی زولفـی
فـەرموی کە هەڵـەی، دەرچـۆ لەم فیکرە! مـن ئاسـایی

سـەد سـروە لە زەنجیـرێ ئـەو پرچـە دەڕەقسێنێ
ئـاوایە حـەریف ئـەی دڵ! بـەس کەن هەوەسـی بـایی

لـەم دوورەوە تامـەزرۆی دیـدارت ئـەوەن دامـام
پێـم وایـە لە پێ دەردێـن سـەبری دڵ و بینـایی

یـارم لە هەموو جێیە و چی بـەژنی بە کەس نەنـوان
ئەم نوکتە بە کێ بێـژم یـاڕەب منی هەرجـایی!

ساقـی! نییەتی ڕەنـگێ گوڵـزار و چەمەن بـێ ڕووت
لەنجـەی قـەدی شمشـاڵت با بێـتە گوڵئارایـی

ئەی مەڵهەمـی زامـانی نێـو جێـگەیی ناشـادیم
وەی یـادی ئەتـۆ هـاوەڵ بۆ خـەڵوەتی تەنیـایی

من خـاڵـی ڕەزامـەندی تۆی جەغـزی بەسـەرهاتـم
فـەرمان هەر ئـەوەن بێـدەی فیکرت کەرەمی شـایی

خـۆویستـن و خـۆڕایی کوا دابـی ئەوینـدارین
لەم مەزهەبـەدا کوفـرن خۆویستنـی خـۆڕایی

خوێنینـە لە دەس چەرخی مینـا جیگەرم، کـوا مـەی
موشـکڵ مـەگەرم حەل کا چەن ساغـەری مینـایی

«حافز»! شەوی دووری چوو بۆی عەتـری حوزووری دێ
ئەم جێـژنە لە تۆ پیـرۆز ئەی خوسرەوی شەیـدایی

هـەیـهۆ لە کەیێکـۆ دڵ «کۆلیـل»ـی تـەماشـاتە
بنوێنـە قـەدی شمشـاڵ ئـەی سـەروی تەماشـایی

ای پادشه خوبان داد از غم تنهایی
دل بی تو به جان آمد وقت است که بازآیی
دایم گل این بستان شاداب نمی‌ماند
دریاب ضعیفان را در وقت توانایی
دیشب گِله‌ی زلفش با باد همی کردم
گفتا غلطی بگذر زین فکرت سودایی
صد باد صبا این‌جا با سلسله می‌رقصند
این است حریف ای دل تا باد نپیمایی
مشتاقی و مهجوری دور از تو چنانم کرد
کز دست بخواهد شد پایاب شکیبایی
یا رب به که شاید گفت این نکته که در عالم
رخساره به کس ننمود آن شاهد هرجایی
ساقی چمن گل را بی روی تو رنگی نیست
شمشاد خرامان کن تا باغ بیارایی
ای درد توام درمان در بستر ناکامی
و ای یاد توام مونس در گوشه‌ی تنهایی
در دایره‌ی قسمت ما نقطه‌ی تسلیمیم
لطف آن‌چه تو اندیشی حکم آن‌چه تو فرمایی
فکر خود و رای خود در عالم رندی نیست
کفر است در این مذهب خودبینی و خودرایی
زین دایره‌ی مینا خونین جگرم می ده
تا حل کنم این مشکل در ساغر مینایی
حافظ شب هجران شد بوی خوش وصل آمد
شادیت مبارک باد ای عاشق شیدایی

ئەی دڵ کە لە نێــو زنجـی چەنەی گیان بـەدەراتــی
هەر لایـە کە چــوی کردە پەشیمـــان بـەدەراتــی
گەر گوێ لە قســە و هۆشی ئەقڵ بگری وەک ئـادەم
بێــبەش لـە بەهــەشت و لـە گوڵستـــان بـەدەراتــی
جێـی خۆیـەتی گــەردون کە قومـێ ئـاو نـەدا پێت
تینـــوو کە لە سەرچـــاوەیی حەیــوان بـەدەراتــی
بۆ دیتـــنی تۆ چەشنـــی سەحــەر گیـــانم ئـەدەم گەر
یەک چرکە وەکوو خــۆری درەخشـــان بـەدەراتــی
هـەر ئەونە وەکـوو سـروە بە هیممــەت دەشنێـم بۆت
لەو خونچـەتە شایـــەت گوڵی خەنـدان! بـەدەراتــی
تاریــــکەشــــەوی دووری ئــەوا کوشتمـــی ئاخــۆ
کەنــگێ بڵێـــم ئۆخـەی مەهی تابان بـەدەراتــی
بەستــوومە لە دوو دیـدە دو سـەد جــۆگە لە ڕێگات
وەک سەروی ڕەوان هـــات و خەرامـــان بـەدەراتــی
«حافـــز»! غەمی یۆسف بەســە ئەو مانــگە کە هــاکا
دەرهـــات و لە کۆی شیـــوەن و گریـــان بـەدەراتــی
بەستەی دەری گوڵزاری عـەزەڵ بـوم وەکـو «کۆلیـل»
تا تــۆ وەکـو وێنـوسی دڵ و گیـــان بـەدەراتــی

ای دل گر از آن چـاه زنخـدان به در آیی
هـر جـا کـه روی زود پشیمـان به در آیـی
هُش‌دار که گر وسوسه‌ی عقل کنی گـوش
آدم‌صفـت از روضـه‌ی رضـوان به در آیـی
شایـد که بـه آبـی فلـکت دست نگیـرد
گر تشنـه‌لب از چشمه‌ی حیـوان به در آیـی
جان می‌دهـم از حسرت دیـدار تو چون صبح
باشـد که چو خورشید درخشان به در آیـی
چنـدان چـو صبـا بر تو گمـارم دم همت
کز غنچه چو گل خرم و خنـدان به در آیـی
در تیـره شب هجـر تو جانـم به لب آمـد
وقت است که همچون مـه تـابان به در آیـی
بر رهگذرت بستـه‌ام از دیـده دو صد جوی
تا بو که تو چـون سرو خرامـان به در آیـی
حافـظ مکن اندیشـه که آن یـوسف مـه‌رو
بـازآیـد و از کلبـه‌ی احـزان به در آیـی

چت داوە لە گەردوون تا خاوەن گوڵ و هەم بادەی
گوڵ ئەمیە سەحەر فەرموو بولبول نەزەرێ دادەی!
فەرموو بە گوڵستان! تا ماچی دەمی دڵبەر کەی
گوڵ بێن و بنۆشی مەی زولفی چەمەری لادەی
ڕەوتی قەدی شمشاڵت بڕژێنە چەمەن بەشکەم
ئازا وەکو بەژنت بێ سەروی تەڕ و ئازادەی
ئەی تۆوی گوڵی والآ بۆ کێ دەڕوێی ئاخۆ
لێو خونچەیی پشکووتوو بۆ کام ئەکەی ئامادەی
فریا کەوە تا گەنجی، گەنجی کەرەمێ ڕۆ نێ!
پێش ئەو دەمە سامان و سەرمایە بە دەس با دەی
زووتر هونەرێ فەرموو ڕۆشن لە شەمی جوانی
مۆمت کە لە ڕێی بایە و وا باش گەیی وادەی
ئەو پەرچەمە هەر چینی سەد نافەیی چین دێنێ
چەن خۆش بو کە بیبایێ ڕوی خۆش و خەدەی سادەی
هەر مەل بە هەوایێ دێ بۆ گوڵشەن و باخی شا
بولبول بە گەروی سازی، «حافز» بە غەزەڵ بادەی
چەن دوورە گوڵی ماچێ بگرێ لە دەمت «کۆلیل»
من کۆخ و لە گەل جێماو تۆ شۆخ و پەریزادەی

می خواه و گل افشان کن از دهر چه می‌جویی
این گفت سحر گه گل بلبل تو چه می گویی
مسند به گلستان بر تا شاهد و ساقی را
لب گیری و رخ بوسی می نوشی و گل بویی
شمشاد خرامان کن و آهنگ گلستان کن
تا سرو بیاموزد از قد تو دلجویی
تا غنچه‌ی خندانت دولت به که خواهد داد
ای شاخ گل رعنا از بهر که می‌رویی
امروز که بازارت پرجوش خریدار است
دریاب و بنه گنجی از مایه‌ی نیکویی
چون شمع نکورویی در رهگذر باد است
طرف هنری بربند از شمع نکورویی
آن طره که هر جعدش صد نافه‌ی چین ارزد
خوش بودی اگر بودی بوییش ز خوش‌خویی
هر مرغ به دستانی در گلشن شاه آمد
بلبل به نواسازی حافظ به غزل گویی

«دیکەی بەرهەمەکانی کۆلیل»

❖ بەرهەمە چاپ و بڵاوکراوەکان:

- له هەر چیمەنێ دیمەنێ (١٣٦٣ هـ.)
- گوڵی خوێناوی (١٣٦٦ هـ.)
- دووبەیتی‌یەکانی کۆلیل (١٣٦٧هـ.)
- ئەسرینی ئاڵ (١٣٧٢ هـ.)
- چاوی خوێنینی شەوەق (١٣٧٨ هـ.)
- عەزیز و تەکش (١٣٨٤ هـ.)
- تاڤگەی ئەوین (١٣٩٠ هـ.)

❖ بەرهەمە بێنازکەوتوو و چاپنەکراوەکان:

- ◇ ئاوایە بەزمی عاشقان (وەرگیراو لە یۆسف و زلێخای جامی)
- ◇ وەرگێڕانی قەسیدە عەرەبییەکانی سەعدی
- ◇ فەرهەنگی گژ و گیا
- ◇ خاک و خۆڵ، یا نوختە خەتێکی‌تر
- ◇ کۆکردنەوەی هەندێ چیرۆکی کوردی بە لێکۆڵینەوە
- ◇ بیرەوەرییەکانی کۆلیل

سەرچاوەکان

- دیوان حافظ. تصحیح علامه قزوینی، مقدمه دکتر خلیل خطیب رهبر، انتشارات سعیدنو، ۱۳٦۳.
- سودی بوسنوی، محمد: شرح سودی بر حافظ(٤جلد)، ترجمه دکتر عصمت ستارزاده، نگاه زرین، تهران، ۱۳۷۲.
- دیوان حافظ شیرازی با شرح ابیات. به اهتمام ناهید فرشادمهر، پاکتاب، ۱۳۸۵.
- شێخ موحەممەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موحەممەدی، سەقز ۱۳٦٦.
- شرفکندی، عبدالرحمن (هەژار): هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی-فارسی). انتشارات سروش، تهران ۱۳٦۹.
- مردوخ‌کردستانی، شیخ محمد: فرهنگ مردوخ. انتشارات غریقی، سنندج ۱۳٦۲.
- موکریانی، گیو: فەرهەنگی کوردستان. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ۱۹۹۹.
- مدرس، عبدالکریم: تفسیر نامی للقران الکریم. الوطن العربی، بغداد ۱۹۸۰.
- مردوخ روحانی، ماجد: فرهنگ فارسی-کردی دانشگاه کردستان (۳ جلدی). چاپ اول ۱۳۸۵.
- احمد حبیب، بدران: فەرهەنگی زاراوە (عەرەبی-کوردی). وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ۲۰۰۲.